Zakho Centre
for Kurdish Studies

# ژ ئێکگرتنێ بۆ ژێکڤەبوونێ

## ڕۆلێ عـەشیرەتان ل کوردستانێ ١٥١٤ - ١٩١٤

# مـن الوحدة الى التجزئـة

## دور العـشائـر في كـردسـتـان ١٥١٤ - ١٩١٤



کۆمەکا ڤەکۆلەران
مجموعة باحثين

©2024

UNIVERSITY OF ZAKHO
زانكويا زاخو

Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

# ژ ئێککگرتنێ بۆ ژێکڤەبوونێ

## ڕۆلێ عەشیرەتان ل کوردستانێ ١٥١٤ – ١٩١٤

Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

# ژ ئێکگرتنێ بۆ ژێکڤەبوونێ

## رۆلێ عەشیرەتان ل کوردستانێ ١٥١٤ – ١٩١٤

کۆمەکا ڤەکۆلەران

Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

## سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی


| | |
|---|---|
| پەرتووک | ژ ئێکگرتنێ بۆ ژێکڤەبوونێ<br>رۆلێ عەشیرەتان ل کوردستانێ<br>١٥١٤ — ١٩١٤ |
| ژنڤێسینا | کۆمەکا ڤەکۆلەران |
| دیزاینا ناڤەرۆکێ | وارهێل عەبدولباقی کامل |
| دیزاینا بەرگی | جەگەرخوین جەمیل ئەمین |
| رێکخەر | پالە عیسا |
| ISBN | ٩٧٨-٩٩٢٢-٦٦١-٤٠-٧ |
| ژمارەیا سپاردنێ | D- / ٢٢١١ / ٢٤ |



مافێ چاپێ یێ پاراستیە بۆ ©
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی


zcks@uoz.edu.krd +964 (0) 751 536 1550
Iraq-Kurdistan Region, Zakho- Univesity of Zakho

## Pêşkêşkirin | پێشکێشکرن

Nizar Eyub Hesen | نزار ئەیووب حەسەن

خەلیل عەلی موراد
جبار قادر غفور
عماد أحمد عبدالصاحب (عماد الجواهري)
عیسی لیتیم
پەخشان سابیر حەمەد شوانی
آزاد احمد علي
ابوبكر دێوانە حمد بالەكی
دڵشاد محمود عبدالرحمن
سەلام عەبدولکەریم عەبدولا
علي صالح حمدان
نیژیار نعمان نعمان
العربي غانم
بەختیار مصطفی هومر
سامان مستەفا ڕەشید
بژار عوسمان ئەحمەد
دلزار صالح صادق
صلاح احمد عثمان
نعمەت شەهاب حاجی
عەلی مستەفا سالح (عەلی ئۆرەماری)
اكرم بخشی
كاروان صالح ویسي
ولید احمد عبدالرزاق
رزگار عەبدولکەریم محەمەد

هێرش کەمال یاسین
نذیر حسن علي
فاتیح مستەفایی
پیروز عبدالله بشار
حمزه محمد صالح
طیبه ادریسی
جەمیل محەمەد ئەنوەر (جەمیل شێلازی)
ڕزگار تەیب محەمەد (ڕزگار جەباری)
علي شیخو برازي
Fuad JOMMA
Anita ADAMZCYK
Mahmut KAYA
Mehmet Emin ÜNER
Keivan Farhad Simko
Kenan BOZKURT
Irfan YILDIRIM
Orhan ÖRS
Muzaffer BİMAY
Mehmet Emin GÜLER
Mustafa GÜLER
Nevzat EMİNOĞLU
Abdurrahman IBRAHİMOĞLU
Seher KARAK
Mehdi Zana KARAK
Ayhan YILDIZ
Eyüp KIRAN
Baroj Hashim Abdi



Zakho Centre
for Kurdish Studies

پشتی هەلبژارتنا ڤەکۆلینان ژلایێ لیژنەیا زانستیڤە، لیژنەیا ژێرێ ب کارێ سەرپەرشتی و ئامادەکرنا ڤەکۆلینان ژ پێخەمەت دیزاینکرن و بەلاڤکرنێ ڕابوو. لیژنە ژ ئەڤان بەڕێزان پێکهاتییە:

١. هوگر طاهر تەوفیق
٢. فاخر حەسەن یوسف
٣. نزار ئەیووب حەسەن
٤. عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدوللا
٥. ماجد محەمەد یونس
٦. حسێن ئوسمان عەبدولرەحمان



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ئەڤ پەرتووکە (ژ ئێکگرتنێ بۆ ژێکڤەبوونێ ڕۆلێ عەشیرەتان ل کوردستانێ ١٥١٤ – ١٩١٤) کۆمەکا ڤەکۆلینان ب خوەڤە دگریت، کو بۆ هەشتەمین کۆنفرانسێ ناڤدەولەتییێ سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی یا سەر ب فەکولتییا زانستێن مرۆڤایەتی ل زانکۆیا زاخۆ، ل ڕۆژێن ٢٩ و ٣٠ێ نیسانا ٢٠٢٤ێ هاتینە پێشکێشکرن. ڤەکۆلینێن گەهشتینە کۆنفرانسی ژ لایێ لیژنەیا زانستیڤە هاتینە هەلسەنگاندن و ڤەکۆلینێن هەژی بۆ بەلاڤکرنێ هاتینە دەستنیشانکرن. لیژنەیا زانستیا کۆنفرانسی ژ ئەڤان بەڕێزێن ل خوارێ پێکدهێت:

**لیژنەیا زانستی:**

| ژ | ناڤ | زانکۆ | وەلات | لیژنە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | پ.د.هوگر طاهر توفيق | زاخۆ | هەرێما کوردستان/ عیراق | سەرۆکێ کۆنفرانسی |
| ٢ | پ.د.عبد السلام نجم الدين عبد الله | زاخۆ | هەرێما کوردستان/ عیراق | سەرۆکێ سەنتەری |
| ٣ | پ.هـ.د.فاخر حسن يوسف | زاخۆ | هەرێما کوردستان/ عیراق | سەرۆکێ لیژنەیا زانستی |
| ٤ | پ.د.خليل علي مراد | سەلاحەدین | هەرێما کوردستان/ عیراق | ئەندام |
| ٥ | پ.د.حسين عثمان عبد الرحمن | زاخۆ | هەرێما کوردستان/ عیراق | ئەندام |
| ٦ | پ. هـ. د. نزار أيوب حسن | زاخۆ | هەرێما کوردستان/ عیراق | ئەندام |
| ٧ | پ.هـ.د.ديار عبد الكريم سعيد | زاخۆ | هەرێما کوردستان/ عیراق | ئەندام |
| ٨ | پ.هـ.د.ماجد محمد يونس | زاخۆ | هەرێما کوردستان/ عیراق | ئەندام |
| ٩ | پ.د.عبد الباسط سيدا | ئوبسالا | سوید | ئەندام |
| ١٠ | أ. د. جبار قادر غفور | ئەکادیمیای کوردی | هەرێما کوردستان/ عیراق | ئەندام |
| ١١ | د.نجاتی عبدالله | ئەکادیمیای کوردی | هەرێما کوردستان/ عیراق | ئەندام |
| ١٢ | پ.د.شێرزاد زكريا محمد | زاخۆ | هەرێما کوردستان/ عیراق | ئەندام |
| ١٣ | پ.هـ.د.غسان وليد مصطفى | زاخۆ | هەرێما کوردستان/ عیراق | ئەندام |
| ١٤ | پ.هـ.د.طارق احمد شيخو | زاخۆ | هەرێما کوردستان/ عیراق | ئەندام |
| ١٥ | د.خەلات موسى يوسف | زاخۆ | هەرێما کوردستان/ عیراق | ئەندام |
| ١٦ | پ.هـ.د.نيزار نعمان نعمان | زاخۆ | هەرێما کوردستان/ عیراق | ئەندام |
| ١٧ | پ.هـ.د.میهڤان محمد حسين | زاخۆ | هەرێما کوردستان/ عیراق | ئەندام |
| ١٨ | پ.هـ.د.نوزت احمد عثمان | زاخۆ | هەرێما کوردستان/ عیراق | ئەندام |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٩ | پ.هـ.د.سلوا فريق صالح | زاخۆ | هەرێما کوردستان/ عیراق | ئەندام |
| ٢٠ | د.ژيروان سعيد حاجى | زاخۆ | هەرێما کوردستان/ عیراق | ئەندام |
| ٢١ | پ.هـ.د.محمد عبد القادر حسين | زاخۆ | هەرێما کوردستان/ عیراق | ئەندام |
| 22 | Abdullah DEMİR | Bingöl | Turkiye | Endam |
| 23 | Asst. Prof. Dr. Ercan ÇAĞLAYAN | Mu  Alparsian | Turkiye | Endam |
| 24 | Asst. Prof. Dr. Metin ATMACA | Ankara Sosyal Bilimler | Turkiye | Endam |
| 25 | Asst. Prof. Dr. Hakan KAYA | Ağrı İbrahim Çeçen | Turkiye | Endam |
| 26 | Asst. Prof. Dr. Zülküf ERGÜN | Mardin Artuklu | Turkiye | Endam |
| 27 | Asst. Prof. Dr. Sacha ALSANCAKLI | Universität Münster | Fransa | Endam |
| 28 | Asst. Prof. Dr. Birgül AÇIKYILDIZ | Harran | Turkiye | Endam |
| 29 | Asst. Prof. Dr. Bedrettin BASUĞUY | Bingöl | Turkiye | Endam |
| 30 | Asst. Prof. Dr. Serdar ŞENGÜL | Kırşehir Ahi Evran | Turkiye | Endam |
| 31 | Asst. Prof. Dr. Veysel BAŞÇI | Batman | Turkiye | Endam |
| 32 | Asst. Prof. Dr. Mehmet Mekin MEÇİN | Batman | Turkiye | Endam |
| 33 | Asst. Prof. Dr. Yaşar KAPLAN | Hakkari | Turkiye | Endam |
| 34 | Dr. Mikail BÜLBÜL | Mardin Artuklu | Turkiye | Endam |

## لیژنەیا ئامادەکار:

| ژ | ناڤ | زانکۆ | وەلات | لیژنە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | پ.هـ.د ماجد محمد يونس | زاخۆ | هەرێما کوردستان/ عیراق | سەرۆك |
| ٢ | د.شورشفان عادل احمد | زاخۆ | هەرێما کوردستان/ عیراق | ئەندام |
| ٣ | د.کاوان اسماعيل خليل | زاخۆ | هەرێما کوردستان/ عیراق | ئەندام |
| ٤ | م.وارهيل عمر إسماعيل | زاخۆ | هەرێما کوردستان/ عیراق | ئەندام |
| ٥ | م.کاروان صالح ويسي | زاخۆ | هەرێما کوردستان/ عیراق | ئەندام |
| ٦ | م.هژار عبد الله حسين | زاخۆ | هەرێما کوردستان/ عیراق | ئەندام |
| ٧ | م.محمد عباس حميد | زاخۆ | هەرێما کوردستان/ عیراق | ئەندام |
| ٨ | م.سليمان شفيق توفيق | زاخۆ | هەرێما کوردستان/ عیراق | ئەندام |
| ٩ | م.خورشيد محمد رشيد احمد | زاخۆ | هەرێما کوردستان/ عیراق | ئەندام |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٠ | م.جمعه محمد قادر | زاخۆ | هەرێما كوردستان/ عيراق | ئەندام |
| ١١ | م.دلێر كەمال ئەحمەد | زاخۆ | هەرێما كوردستان/ عيراق | ئەندام |
| ١٢ | م.پاله عيسى جبۆ | زاخۆ | هەرێما كوردستان/ عيراق | ئەندام |
| ١٣ | م. مجاهد عزيز عبدالرزاق | زاخۆ | هەرێما كوردستان/ عيراق | ئەندام |
| ١٤ | م. وارهێل عەبدولباقى كامل | زاخۆ | هەرێما كوردستان/ عيراق | ئەندام |
| ١٥ | م. جەگەرخوين جەميل ئەمين | زاخۆ | هەرێما كوردستان/ عيراق | ئەندام |
| ١٦ | م.محمد حجي حميد | زاخۆ | هەرێما كوردستان/ عيراق | ئەندام |

Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

## ناڤەرۆک


| | | |
|---|---|---|
| پێشگۆتن | پ. هـ. د. نزار ئەیووب حەسەن | ١ |
| پێوەندیی میرنشینە کوردییەکان لەگەڵ دەوڵەتی سەفەوی لە دەرکەوتنی سەفەوییەکانەوە تا پەیماننامەی ئاشتی زەهاو (١٥٠١- ١٦٣٩) | فاتیح مستەفایی | ٥ |
| ڕۆڵی سیاسی و سەربازیی خێڵ و هۆزەکانی ویلایەتی کرماشان لە پێوەندی نێوان ئێران و عوسمانیدا (١٧٢٩-١٧٤٧) | پ. د. خەلیل عەلی موراد<br>د. نعمەت شەهاب حاجی | ٤٣ |
| هەڵوێست و سیاسەتی عوسمانییەکان بەرامبەر بە کێشەی ناوخۆیی عەشیرەتەکانی باشووری کوردستان (١٨٨٠ . ١٩٠٥). | پ. هـ. د. ابوبکر دێوانە حمد بالەکی<br>د. صلاح احمد عثمان | ٧١ |
| پێکهاتا هۆزایەتی یا کوردی ل گۆرەیی دیتنا گەرۆکێن بریتانی ل چەرخێ نۆزدێ دا ١٨٠٠-١٩١٤ | ولید احمد عبدالرزاق | ١٠١ |
| کۆمەڵگەی کوردی لە کوردستانی ئێران، لەدیدی ئەفسەری فەرەنسی گاسپار درۆڤیل لەماوەی ساڵانی (١٨١٢ — ١٨١٣) | د. دلزار صالح صادق | ١٢٩ |
| ڕۆڵی سیاسی و سەربازی هۆزی ئاکۆ لە کوردستانی ژێردەستی عوسمانیدا ١٨١٣ - ١٩١٨ | د. بژار عوسمان احمد | ١٦٣ |
| رۆل و کاربدەستییێن سەرۆك عەشیرەتێن بەهدینان د کارگێرییێن عوسمانی دا ١٨٤٢ _ ١٩١٤ | هێرش کەمال یاسین | ٢٠١ |
| رێکخستنا ئەردی ل کوردستانێ و دەرکەفتنا هێزا شێخ و ئاغاێن هۆزان د یاسا ئەردی یا ئوسمانیان دا ١٨٥٨ | کاروان صالح ویسي | ٢٣٧ |
| پرۆسەی نیشتەجێکردنی جافەکان لەسەردەمی حەمە پاشای جاف (١٨٦٩-١٨٨١) لە بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی عوسمانیدا | د. سامان مستەفا ڕەشید | ٢٧٥ |
| سیاسەتی دەوڵەتانی عوسمانی و قاجاری بەرانبەر بە ململانێی هۆزەکانی ئێلی بلْباس (١٨٨١-١٩١٤) | د. بەختیار مصطفی هومر<br>پ. هـ. د. دلْشاد محمود عبدالرحمن | ٢٩٧ |




Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

| | | |
|---|---|---|
| کوردو سوارەی حەمیدیە(١٨٩١-١٩٢٣)<br>"لێکۆڵینەوەیەک لەپەیوەندی نێوان ئایین و ناسیۆنالیزم و خێڵ" | پ. هـ. د. سەلام عەبدولکەریم عەبدوڵا<br>م. هـ. رزگار عەبدولکەریم محەمەد | ٣٣٣ |
| ئۆرەمار: گوند و عەشیرەت<br>خواندنەکا: میژوویی، جڤاکناسی | عەلی مستەفا سالح (عەلی ئۆرەماری) | ٣٧٧ |
| عەشیرەتا سندی ل دەڤەرا زاخۆ ل سەردەمێ دەولەتا عوسمانی<br>خواندنەکا مێژووی | م. هـ. پیروز عبدالله بشار | ٤١٥ |
| عەشیرەتە کوردییەکانی کوردستانی باکوور لە ڕوانگەی زیا گۆیکاڵپەوە | م. هـ. حمزه محمد صالح | ٤٤٥ |
| سیماکانی ناسنامەی عەشیرەت لە ئاوێنەی مێژوو و بابەتەکانی فۆلکلۆردا | پ. د. پەخشان سابیر حەمەد  شوانی | ٤٧٩ |
| هۆزی هەمەوەند لەنێوان شیعری کوردی و فارسیدا شیعری کلاسیکی کوردی و (مەسعوودنامە) وەک نموونە | ڕزگار تەیب محەمەد (ڕزگار جەباری) | ٥١٩ |
| کاریگەرییا هزرێن عەشیرەتگەری دناڤ دیاردێن جڤاکیدا و ڕەنگڤەدانا وان د فۆلکلۆریدا (حەیرانۆک وەک نموونە) | جەمیل محەمەد ئەنوەر (جەمیل شێلازی) | ٥٥١ |
| المقدمة | أ. م. د. نزار أيوب حسن | ٥٩١ |
| العشائر الكردية في التاريخ الحديث، مواقف متباينة وأدوار مزدوجة | أ. د. جبار قادر غفور<br>أ. د. عماد أحمد عبدالصاحب (عماد الجواهري) | ٥٩٥ |
| العثمانيون والنظام العشائري في كردستان (١٥١٤-١٨٨٠) | أ. د. عيسى ليتيم<br>د. العربي غانم | ٦٣٧ |
| التحالفات العشائرية الكوردية في غرب كوردستان في العهد العثماني ١٥١٦ - ١٩١٤ | علي شيخو برازي | ٦٧٧ |
| الدور السياسي و العسكري للعشيرة البرازية (١٨٣٠-١٨٥٠) | أ. م. د. نيژيار نعمان نعمان | ٧٠٩ |
| العشائر الكوردية بين التجوال الموسمي والاستقرار الاضطراري (عشيرة ميران انموذجا) | ا. م. د. علي صالح حمدان | ٧٢٥ |

| | | |
|---|---|---|
| عشيره الزيبار في ضوء السالنامات الدولة العثمانية ١٣٠٨هـ ،١٨٩٠-١٨٩١م | نذير حسن علي | ٧٥٧ |
| الدور الاجتماعي والسياسي للحلف القبلي الملي | د. آزاد احمد علي | ٧٩٩ |
| تأثير انقلاب مشروطه بر وضعيت اجتماعی و سياسی ايلات و عشايركرد در ايران | طيبه ادريسى | ٨٣٣ |
| بررسى طرح و نقش قالى هاى كردى شمال خراسان بر اساس ايل زعفرانلو و طوايف وابسته به آن | اكرم بخشى | ٨٦٣ |

| | | |
|---|---|---|
| Pêşekî | Assist. Prof. Dr. Nizar Eyûb Hesen | 891 |
| Di Berhemên Mark Sykes da Eşîrên Kurdan û Taybetmendîyên Wan | Doç. Dr. Kenan BOZKURT | 895 |
| Di Serdema Osmanî de Eşîr û Taybetmendiyên Eşîra Şirnexê | Doç. Dr. Irfan YILDIRIM | 921 |
| Koçberiya Eşîrên Kurd ên Rewanê ya Beriya Şerê Cîhanê û Bicihbûna Wan a li Mûşê | Dr. Öğr. Nevzat EMİNOĞLU | 945 |
| Rola Dewleta Osmanîyan di Yekhevî û Parçebûna Eşirên Kurdan de (Nimuneya Eşîrên Hekarîyê) | Abdurrahman IBRAHİMOĞLU | 959 |
| Eşira Alikan û Du Edîbên Vê Eşîrê | Seher KARAK<br>Mehdi Zana KARAK | 989 |
| Rista Begên Kurdan di Îstîqrara Civakî ya Eşîran de: Mînaka Balokan | Ayhan YILDIZ | 1021 |
| Ajotina Şopa Eşirên Kurd | Eyüp KIRAN | 1055 |

| | | |
|---|---|---|
| Bir Modernleşme Tecrübesi Olarak Aile ve Aşiret Dernekleri | Prof. Dr. Mahmut KAYA | 1081 |
| Aşiret Yapısı ve Aşiret Liderinin Devlet Otoritesi İle İlişkileri | Prof. Dr. Mehmet Emin ÜNER | 1111 |
| Aşiret ve Aşiretçilik Bağlamında Kürt Aşiretlerinin 19. Yüzyılda Sosyo-Politik, Sosyo-Ekonomik ve Sosyo-Kültürel Yapisi | Doç. Dr. Orhan ÖRS | 1143 |
| Merkeze Entegrasyon ve Kimlik Oluşumu Bağlamında Hamidiye Alayları ve Aşiret Mektebi | Doç. Dr. Muzaffer BİMAY | 1191 |
| 1891-1914 Döneminde Hamidiye Alayları ve Osmanlı'nın Bölgesel Politikası Bağlamında Kürt Milli Aşiret Konfederasyonu | Dr. Mehmet Emin GÜLER<br>Mustafa GÜLER | 1221 |
| The Life of Shepherds in the Nomadic Kurdish Clans | Prof. Dr. Fuad Jomma<br>Prof. Dr. Anita Adamczyk | 1257 |
| Nomadic Resilience: Investigating the Social Infrastructure of Kurdish Societies during the 1851-1914 | Assist. Prof. Dr. Keivan Farhad Simko | 1279 |
| The Concept of Revenge in "The Tale of Suto and Tato" by Basil Nikitin and Ely Bannister Soane | Baroj Hashim Abdi | 1323 |

# پێشگۆتن

پ. هـ. د. نزار ئەیووب حەسەن

عەشیرەت ئێك ژ یەكەیێن سەرەكییێن جڤاكا كوردستانێ ل هەمی سەردەمێن مێژوورییدا پێك هینایە و گەلەك جاران ئەڤ عەشیرەتە بوویە ئێكەم پێناسە بۆ پشكەكا مەزن ژ كوردان. هەروەسا گەلەك جاران كۆمەك ژ ئەڤان عەشیرەتان ژبەر هندەك ئەگەرێن سیاسی- جڤاكی یان ژی ئابووری خوە داینە ئێك و شیاینە بناخەیێ هندەك یەكەیێن سیاسی دابنن كو د پاشەڕۆژێدا بوونە میرنشینێن بهێز و بەرفرەهـ.

ل سەردەمێ نویدا میرنشینێن كوردی نوونەراتییا پێناسەیا مللەتێ كورد د سنوورێن كوردستانێدا دكرن، لێ د ناڤخوەیا خوەدا ئەڤ میرنشینە ل سەر چەندین عەشیرەتان دابەشكری بوون و ئەڤان عەشیرەتان ڕۆلێ مەزن د بهێزبوون و لاوازییا میرگەهاندا هەبوویە، لەوڕا میرێن كوردان نەچار بوون كو سەركردەیێن ئەڤان عەشیرەتان د بڕیار و پێڕابوونێن خوەدا هەڤپشك بكەن، لێ سەرەڕای ئەڤێ چەندێ دەولەتێن زلهێزێن دەڤەرێ ب تایبەتی هەر دوو دەولەتێن عوسمانی و ئیرانێ ب ڕێیا میران سەرەدەری ل گەل ڕەوشا كوردستانێ دكرن و هەر ل دەستپێكا سەدەیێ ١٦یێ هەتاكو ناڤەڕاستا سەدەیێ ١٩یێدا میرێن كورد شیابوون هەتا ڕادەیەكێ مەزن سەركردەیێن عەشیرەتان بكێشنە ژێر ڕكێفا خوە و ڕۆل و هەژموونا ئەوان ل سەر سیاسەتا ناڤخوە و دەرەكییا میرنشینێن خوەدا سنووردار بكەن.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەكولینێن كوردی

ل ناڤەڕاستا سەدەیێ ١٩یێ سیستەمێ سیاسی و ئابووری و جڤاکییێ کوردستانێ تووشی گوهۆڕینەکا مەزن بوو، ئەو ژی دەمێ دەولەتا عوسمانی دەستدایە ژناڤبرنا میرنشینێن کوردی، ئەو میرنشینێن بۆ سەدان سالان نوونەراتییا سیستەمێ کلاسیکی ل کوردستانێ کرین و بووینە پشکەك ژ هەست و تێگەهشتنا گشتییا مللەتێ کورد، هەتا ڕادەیەکی کو ئەڤ مللەتە ل گەل حوکم و یاسا و فەرمانێن ئەوان ڕاهاتبوو و ئەو ب تشتەکێ پیرۆز ل قەلەمددا، د ڕاستیدا ئەڤ میرنشینێن دەرەبەگی دکارین ل پاشەڕۆژێ ببنە بنەمایەك بۆ ئاڤاکرنا دەولەتەك یان چەند دەولەتۆکێن کوردی.

وەکی مە گۆتی، ل ناڤەڕاستا سەدەیێ ١٩یێ میرنشینێن کوردان هاتنەهەلوەشاندن و ئەڤە وەکو بیڤەلەرزەکێ بوو بۆ جڤاکێ کوردی و ب توندی هەژاند و کوردستان ئەوا دابەشکری ل سەر کێمتر ژ ٤٠ میرنشین و سەردارنشینان بۆسەدان یەکەیێن بچووك هاتەدابەشکرن و ئەڤ یەکەیە ژی عەشیرەت بوون.

د ڕاستیدا گوهۆڕینەکا ئێکجار مەزن بوو، حوکم ژ میری بۆ ئاغای هاتەڤەگوهاستن، سەنتەرێ بڕیارێ ژ باژێڕان بۆ گوندان هاتەڤەگوهاستن، سەرایا میری بۆ کۆچکا ئاغای و یاسایا میرنشینێ (کو هەمان شەریعەتێ ئیسلامی بوو) بۆ یاسایا دارستانێ کو تێدا دڕندە و زلهێز لاواز و بێدەستهەلاتان دخۆن! و هەمی ئەو پێشکەڤتنێن د ناڤ پایتەختێن میرنشیناندا ب جارەکێ بوونە هەلم و پاشکەڤتن و نەزانینێ ب سەر کوردستانێدا گرت .

د ڕەوشەکا هوسادا عەشیرەتێن کورد- نەخاسمە ئەو عەشیرەتێن بچووك- و ئەو پشکا جڤاکێ کوردی کو ژلایێ میرانڤە دهاتنەپاراستن وەکی کەلەخەکێ مرار کەڤتنە بەر دلۆڤانییا بالندەیێن مەزن لەوڕا نەچار بوون ئێك ژ ئەڤان دوو ڕێیان هەلبژێرن: یان ل گەل هندەك عەشیرەتێن دی یەکبگرن و فیدراسیۆنەکا عەشیرەتی پێك بهینن یان ژی خوە بئێخنە ژێر خزمەتا عەشیرەتێن مەزن و ب هێز و ببنە (کرمانج) و خۆڤەگرتییێن ئەوان!

ل کوردستانێ سەردەمێ د ناڤبەرا ناڤەڕاستا سەدەیێ ١٩یێ هەتا شەڕێ جیهانییێ ئێکێ ب ڕاستی سەردەمێ عەشیرەتانە، و هەر بزاڤ و گوهۆڕینەکا د ئەڤان سالاندا ڕوودابیت پشتبەستنەکا ئێکسەر ل سەر عەشیرەت و سەرۆکێن عەشیرەتان کرینە، چونکە - هەر وەکی مە گۆتی- عەشیرەت بوونە سەنتەرێن بڕیاردانێ، و پشتی ژناڤچوونا

میرێن كورد ئێدی سەركردەیێن ئەڤان عەشیرەتان – كو پتریا ئەوان نەخواندەوار و نەزان بوون-  بوونە نوونەرێن كوردان د دانوستاندن و بڕیاردانێ ل هەمبەر دەولەت و دەستهەلاتدارێن ل دەرڤەی سنوورێ كوردستانێ، هەروەسا كوردستان د ناڤبەرا هەڤركی و شەڕێن د ناڤبەرا ئەڤان عەشیرەتاندا نقۆم بوو و ئەڤێ چەندێ وەكر وێنەیەكێ زێدە كرێت و نەشرین ژ جڤاكێ كوردی نیشا جیهانێ بدەت، ئەڤ چەندە ب ساناهی د بەرپەڕێن ئەوان پەرتووك و نڤیسینێن گەریدە و ڤەكۆلەرێن بیانیدا دهێتەدیتن!

سەرەڕای ئەڤا مە گۆتی، سەردەمێ عەشیرەتان ئەو تاریستانە ژی نەبوو كو چ تیرۆژكێن ڕۆناهێ هندەك ژ كونج و قولاچێن ئەوێ ڕوهن نەكربن، بەلكو سەرەڕای هەمی ئەوان نەهامەتییێن كوردستانێ ل سەردەستێ عەشیرەتان دیتی، لێ هندەك خالێن ئەرێنی ژی ل ئەڤی دەمی دهێتەدیتن ژ ئەوان؛ د ئەڤی سەردەمیدا هەژمارەكا مەزن ژ هۆزانڤان و نڤیسەرێن كورد پەیدا بوون كو بەرهەمێن خوە ب زمانێ كوردی نڤیسینە، هەروەسا فۆلكلۆرێ كوردی – كو زمانێ عەشیرەتان- ل ئەڤی دەمیدا پێشڤەچوونەكا مەزن ب خوەڤە دیت و هەژمارەكا مەزن ژ ستران و بەیتێن كوردی پەیدا بوون كو تێدا بەحس ل عەگیدی و مێرخاسییا كوردان یان سەرۆك عەشیرەتێن كوردان دكەت.

ڕۆلێ عەشیرەتان ل ئەڤی سەردەمی پێشڤەچوونەكا دی یا بالكێش ب خوەڤە دیت، چونكە عەشیرەتێن كوردی ئەوێن بەری ئەڤی دەمی د چوارچووڤەیێ سنوورێن میرگەهێدا هاتنوچوون دكرن ژ نشكەكێڤە خوە ل هەمبەری كەتوارەكێ نوو دیتن كو تێدا ڕۆلێ سەركردایەتییا جڤاكی كەڤتییە سەر ملێ ئەوان، ڤێجا ئەوان عەشیرەتان جهێ هێزێن چەكدار و ڕێڤەبەرییێن كارگێڕی ل كوردستانێ گرتن، ئەڤ ڕۆلێ ئەوان ب ئاشكەرایی د شەڕێ ڕووسی- عوسمانیدا یێ سالا ١٨٧٧ دیار بوو، پاشی چ پێڤە نەچوو دەمێ سولتان عەبدولحەمیدێ دوویێ (١٨٧٦-١٩٠٩)  شیا بالا ئەڤان عەشیرەتان بۆ لایێ خوە بكێشیت و ئەوان د شەڕێن ل دژی رووسیا و بەرسینگگرتنا ئارمانجێن نەتەوەییێن ئەرمەنان بكار بهینیت، هندەك ژ عەشیرەتان مفا ژ ڕەوشا نوو وەرگرت و شیان قەوارەیەكێ سیاسی و جڤاكی وەكی میرگەهێن كوردی ل نیڤا ئێكێ ژ سەدەیێ نوزدەیێ دابمەزرینن و پارچەیێن بەرفرەه ژ كوردستانێ بێخنە ژێر ڕكێفا هەژموونا خوە وەكی عەشیرەتێن جەلالی و مللی و حەیدەران...، لەوڕا ژی ب ڕاستی دكارین ناڤێ (سەردەمێ عەشیرەتان) بۆ كوردستانا د ناڤبەرا سەردەمێ كەڤتنا میرگەهاندا هەتا شەڕێ جیهانییێ ئێكێ دابنین.

ژ ئەنجامێ ئەڤا ل سەری هاتییە دیارکرن دێ گەهینە ئەوێ ئەنجامێ کو خواندنا دیرۆکا کوردستانێ ل سەردەمێ نوودا بێی خواندن و ڤەکۆلینا دیرۆکا عەشیرەتان و دانەنیاسینا ئەوان دێ کارەکێ لەنگ و نەتەماموبیت، لەورا سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی سەر ب کولیژا زانستێن مرۆڤایەتی ل زانکۆیا زاخۆ بڕیاردا کو هەشتەمین کۆنفرانسێ ناڤدەولەییێ خوە ل سەر عەشیرەتێن کوردان و سەردەمێ عەشیرەتان ل کوردستانێ بگێڕیت و ڕۆلێ ئەوان د بیاڤێن سیاسی و ئابووری و ڕەوشەنبیریدا بەرچاڤ بکەت.

ئەڤ پەرتووکا بەردەستێ هەوە ژمارەیەکە ژ ڤەکۆلینێن زانستی و ئەکادیمی کو ژلایێ کۆمەکا مامۆستاییێن بسپور ل کوردستانێ و چەندین وەلاتێن دیڤە هاتینەنڤیسین، هێڤیدارین ئەو زانیارییێن د ناڤ بەرپەڕێن ئەوێدا هندەك لایەنێن تاڕی ژ دیرۆکا کوردستانێ ل سەردەمێ عەشیرەتاندا ڕۆهن بکەت و ببیتە بناخەیەك بۆ پتر ڤەکۆلین و خواندنا ئەڤی سەردەمی ژ دیرۆکا وەلاتێ مە.

# پێوەندیی میرنشینە کوردییەکان لەگەڵ دەوڵەتی سەفەوی

# لە دەرکەوتنی سەفەوییەکانەوە تا پەیماننامەی ئاشتی زەهاو (١٥٠١- ١٦٣٩)

فاتیح مستەفایی

ئەنجومەنی فەرهەنگی - ئەدەبی مەریوان- کومیتەی مێژوو- مەریوان/ ئیران

**پوختە**

یەکێ لەو ڕووداوانەی کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر سیاسەت، فەرهەنگ، کۆمەڵگای کوردی و چارەنووسی میرنشینە کوردییەکان داناوە، دەرکەوتنی ئیمپراتۆریی سەفەوی بوو. دەرکەوتنی ئەم دەوڵەتە توند ئاژۆیە توانی ئاقار و ڕەوتی خێڵ و هۆزەکانی کورد بگۆڕێ و میرنشینەکانی بەرەو هەڵدێر پاڵ پێوە بنێت. لەم توێژینەوەیدا، بە شێوەی مێژوویی - شیکاریی لە ڕووی بەڵگەنامە وکتێبی مێژووییەوە، بە وردی بەدواداچوون بۆ بەستێنی درووستبوونی سەفەوی، پێوەندی و کارتێکەرییان لەسەر میرنشینە کوردییەکان و چارەنووسی سیاسی، کارگێڕی و فەرهەنگی کوردستان دەکرێت.

بە گوێرەی درئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە، دەرکەوتنی ئەم دەوڵەتە کە لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژیی جیاواز لە کوردان و خەڵکی ناوچەکەی هەبوو، تا گەیشتن بە لووتکەی دەسەلات، هەوراز و نشیوی زۆری هەبووە و بە تەواوی پێگە و چارەنووسی نە تەنیا میرنشینەکانی بەڵکوو گشت کوردی گۆڕی و تا ئێستاش کورد باجی درووستبوونی ئەو دەوڵەتە دەدات.

**پەیڤێن سەرەکی:** *کلیل وشە: کورد، میرنشینە کوردییەکان، سەفەوی، عوسمانی، پەیماننامەی زەهاو.*

## پێشەکی

بەگوێرەی گەڕانەوە بۆ مێژوو، لە سەر خاکی کوردستان زۆر ڕووداوی گەورە ڕوویداوە وەک هاتنی عەرەبی موسڵمان، درووستبوونی میرنشینە کوردییەکان و هەروەها



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

دەرکەوتنی دوو ئیمپراتۆریی عوسمانی و سەفەوی بە ئایدیۆلۆژیای تایبەتی خۆیانەوە، کە هەرکام لەمانە کاریگەریی خۆی لە سەر کورد و **میرنشینە کوردییەکان** داناوە و تا ئەمرۆش کورد بەو ئازارەوە دەتلێتەوە. بەشێک لەو ڕووداوانە لە پەراوێزدا ماونەتەوە و وەک ئەوەی چاوەڕوان دەکرێت، باسیان لێنەکراوە و گرنگییان پێنەدراوە.

هەڵکەوتەی جوگرافیای کوردستان ئەم خاکەی کردووە بە ناوەندی ململانێ و پێکدادان. کوردیش نەخوازراو تێوەگلاوە. خێڵ و هۆزە کوردکان بوون بە بەشێ لە ململانێکان. میرانی کورد بە پێی پێویست و ڕادەی تێگەیشتن و ئاستی ڕووداوەکان هەڵسوکەوتیان لە گەڵ دەراوسێکاندا کردووە. بەڵام بە پێی توێژینەوە و بەدواداچوونەکانی ئەمڕۆ ئەوەمان بۆ دەرئەکەوێت کە میرنشینەکانیش لەم شەڕ و ململانێیەدا کاریگەر بوون و هەروەها شەڕەکانیش لەسەر ئەمان کارتێکەر بووە. بۆیە لەم توێژینەوەدا "پێوەندی میرنشینەکوردەکان لەگەڵ دەوڵەتی **سەفەوی**" لە دەرکەوتنی سەفەوییەوە تا پەیماننامەی **ئاشتی زەهاو** (١٥٠١-١٦٣٩ز) دەخەینە بەرباس و لێکۆڵینەوە. ئەم تەوەرە نەخوازراو، بۆ لای عوسمانیش پاڵمان پێوە دەنێت.

مەبەست لەم لێکۆڵینەوەیە، دۆزینەوەی وڵامی ئەم پرسیارانەیە کە:

- چ پەیوەندییەک لە نێوان دەوڵەتی سەفەوی و میرنشینە کوردییەکاندا هەبووە؟ ئاقار و چارەنووسی هۆزەکانی چۆن گۆڕیوە؟ و...

پێویست بە ئاماژەیە کە پێش‌تریش توێژەران و لێکۆڵەرانی دیکەی مێژووی کورد، لە ڕوانگە و ڕەهەندەی‌ترەوە ئەم باسەیان هێناوەتە ئاراوە وەکوو: قوباد مەنسوور بەخت، د. مودەڕیس سەعیدی لە ژێر ناوی" تأثیرات تنش میان صفویه و عثمانی بر جایگاه امیرنشین اردلان"، هەروەها توێژینەوەی بەڕێزان "سیاوەش یاری"، "مورتەزا ئەکبەری"، "تالب خەزان" لە ژێر ناوی "واکاوی علل و عوامل سیاست جا بە جایی کردها در دوره شاه عباس اول" ئەنجام دراوە. سەرەڕای ئەمانەش لەم وتارەدا کەڵکم لە ڕێنموونی بەڕێزان د.مودەڕیس سەعیدیی و مامۆستا شەهریار شەریفزادە وەرگرتووە، مەمنوونیان هەم.

جیاوازی ئەم توێژینەوە لەگەڵ توێژینەوەکانی‌تردا لەوەدایە کە سەرەڕای کەڵکوەرگرتن لە زانیاری و ئەنجامی لێکۆڵینەوەی لێکۆڵەرانی‌تر، بە شێوەی شیکاری قووڵ تیشک دەخاتە سەر کێشە لەبن نەهاتووەکانی گەلی کورد و پیشانی خوێنەران (و ئامادەبووان) دەدرێت.

١- كوردستان لە سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی سەفەویدا:

لە دوای نەمانی دەسەڵاتی سەلجوقییەکان(٧٠٨ -٩٣٩ک/١٠٧٧-١٣٠٨ز) و هەڵوەشانەوەی حکوومەتی ئێلخانەکان(٦٣٦-٧٣٦ ک/١٢٥٦-١٣٥٦ز) قۆناغێک لە ئاڵۆزی و شێواوشێوی دەستپێکرد کە تایبەتمەندیی بەرچاوی، دروستبوونی بۆشایی دەسەڵات و سەرکێشی ئەو هێزە خێڵەکییەکانە بوو کە پێشتر و بە شێوەی کاتی لە هەرەتی دەسەڵاتداری ئەو حکوومەتانەوە سەرکوت و کونترۆڵ کرابوون. "بەم بۆنەوە سەرۆک خێڵ و هۆزەکان بە خۆیاندا هاتنەوە. لەم دۆخە کە دەکرێت پێی بڵێین سەردەمی گەشانەوە، برێ لە هۆز و تیرەکان، بە تایبەت تورک و مەغوڵ، بۆ پاراستنی شوناس و بوونێتی خۆیان، بە پشتبەستن بە هێزی سەربازی و خێڵەکییەوە،کەوتنە چالاکی و هێزیان لە خۆ کۆکردەوە و دەرکەوتن. (حسن‌زادە، ١٣:١٣٧٩)

لە نەبوونی دەوڵەتێکی بەهێز و بەردەوام و سەقامگیری ناوەندی، دوای هەرەس‌هێنانی ئێلخانەکان تا دامەزرانی دەوڵەتی سەفەوی(لە ساڵی ٧٣٦-٩٠٧ک/١٣٣٦-١٥٠٧ز)، میرنشین و دەسەڵاتە بچکۆلە خۆجێیەکان بووژانەوە و گەشەیان کرد. ئەگەرچی لەم سەردەمەدا تەیموورە شەل دەسەڵاتی(٧٣٦- ٩٠٧ک/ ١٣٣٦-١٤٠٥ز) بە دەستەوە گرت، بەڵام لەبەر رەوتی کاتی و پەرتەوازەبوونی مەودای قەڵەمرەوەکەی، ئەوندەی نەخایاند و دەسەڵاتی خێڵ و میرنشینەکان وەک خۆی مایەوە و لە کوردستانیش بە شێوەی جیدی پێشی پێنەگیرا و بە گوێرایەڵیی دەسەڵاتدارە خۆجێیەکان رازی بوو. لە سەردەمی دەسەڵاتی جێگرەوەکانی تەیموریشدا، ئەگەرچی ئەوانیش دەسەڵاتێکی بەردەوام و راستەوخۆیان بە سەر کوردستاندا نەبوو، هەروەها تورکمانەکانیش کە یەکێتیەکی ناکۆجێ و لەرزۆکی خێڵەکان بوون، بەو بۆنەوە هەلی گونجاو بۆ گەشەی میرنشین و هێزە خێڵەکییەکانی کورد رەخسا. (شامی،١٣٦٣: ١٥٧)( بدلیسی، ١٣٤٣: ج١، ٣٧٢- ٣٧٣)(سعیدی،١٤٠٢: ٦٣١).

لە سیستەمی دەسەڵاتداری خێڵەکیدا، سەرۆک ئێڵ و خێڵەکان وەکوو نوێنەری دەسەڵاتی ناوەندی، کاروباری ناوچەی خۆیان بەڕێوە دەبرد و لە پێناو هەوڵدان بۆ سەرخستنی یەکێتیەکەدا، بەشی خۆیان هەڵدەگرت. "برێ لە هۆزەکانی کورد وەک سلێمانی و زەرقی[1]، خۆیان بە یەکێتی قەرەقویونلووە[2] بەستەوە و سەرەرای پاراستنی ئیمتیازی پشتاوپشتی و سەربەخۆیی خۆیان، لە دەس‌کەوتەکانی یەکێتیشدا بەشیان بەرکەوت (حسن‌زادە، ٩٦:١٣٧٩). لە فێدراسیۆن و دەسەڵاتی ئاققویونلووشدا برێ لە خێڵەکانی کورد وەک پازووکی، چگنی، چەمشگەزک و ئەکیل... رۆڵی چالاکیان گێراوە (هەمان، ل٧٨).


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی

تەنیا لە سەردەمی ئوزۆن حەسەن(٨٢٣-٨٧٨ک/ ١٤٢٤-١٤٧٨ز)، ئەمیری دەسەڵاتداری ئاققویونلوو[3]دا بوو کە هەوڵی جیدی درا بۆ دروستکردنی ڕادەیەک ناوەندخوازی لە ئیدارەی کاروباری وڵات و کۆنترۆڵکردنی میرانی کوردستان. قەڵا و ناوچەکانی ڕۆژئاوای کوردستانی یەک لە دوای یەک گرت و ساڵی ٨٦٦ ک(١٤٦١ز)ئەمیر خەلەفی کوشت و کۆتایی بە دەسەڵاتی یەکێک لە لقە کۆنەکانی بنەماڵەی ئەیوبی حەسەن کیف هێنا. دوای ئەوەش لە ساڵی (٥٨٧ک/١٥٢٤ز) هەرەسی بە دەسەڵاتی فەرمانڕەوایانی جزیرە، بدلیس، سەعرد، هەکاری، تەرجیل و چەمشگەزک هێنا و بە تەواوی کوردستانی گوێڕایەڵی خۆی کرد. سەرەڕای ئەم سەرکەوتنانە، لە ساڵی (٨٧٨ک/١٤٧٣ز)دا، ئوزۆن حەسەن لە سوڵتان محەممەدی فاتح شکستی خوارد و ئەم پرۆسەیە تووشی وەستان هات. ئەم شکستە خاڵی دەستپێکی دابەزین و داکشانی حکوومەتەکەی ئاققۆیۆنلوو و هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ لە نێوان ئەندامانی بنەماڵەی دەسەڵاتدار بوو. دوای کۆچی دوایی ئوزۆن حەسەن، بە تایبەت لە کۆتایی ڕۆژانی سەردەمی ئاققۆیۆنلووەکاندا، شەڕی ناوخۆ لە نێوان ئەندامانی بنەماڵەکەیان بەردەوام بوو تا دواجار ڕێگەی بۆ شائیسماعیلی سەفەوی(٩٠٧-٩٣٠ک/١٥٠١-١٥٢٣ز) بۆ داگیرکردنی ناوچەکە خۆش کرد.

"هەروەها ماوەی نێوان شکستی ئۆزۆن حەسەنی ئاققۆیۆنلوو لە عوسمانییەکان و هەتا هاتنە سەرکاری شائیسمایلی یەکەم سەردەمی برەوی میرنشینە کوردییەکاندا. لەو ماوەیەدا میرنشینە کوردییەکان بە کەڵکوەرگرتن لەو بۆشاییەیدەسەڵاتە کە لە ناوچەکەدا سەریهەڵدابوو، تا ڕادەیەکی زۆر سەربەخۆیی و ئۆتۆنۆمی ناوخۆییان بەدەستهێنا و تەنانەت ئەوانەی لە سەردەمی دەسەڵاتی تورکمانەکاندا لەناو چووبوون، دیسان بووژانەوە(بدلیسی، ١٣٤٣: ٣٧٣).

لە باشووری گۆلی ورمێ، کە ئێستا بە ناوچەی موکریان ناسراوە، میرێک بە نێوی سەیفالدین، کۆمەڵێک خێڵی کوردی لە دەوری خۆی کۆکردەوە و لە دژی تورکمانەکان شۆڕشیان کرد. لە سەردەمی ئوزۆن حەسەندا، میرنشینی بدلیسیش بۆ ماوەی بیست ساڵ تێکەڵ بە خاکی ئاققۆیۆنلووەکان کرا، بەڵام لەگەڵ لاوازیی حوکمڕانییان، میرشامحەممەد، فەرمانڕەوای عەشیرەتی ڕۆژەکی، موڵک و ماڵی میراتی لە تورکمانەکانەوە ئەستاندەوە.(ڕوژبیانی، ١٣٨١: ٥٥)

بارودۆخی ناوچەکانی تری کوردستانیش هاوشێوە بوو. زۆرێک لە میرانی کورد لە تورکمانەکان یاخیبوون و لە ناوچەکانی خۆیان دەریان کردن، وەکوو میرشەرەف



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی

کوڕی میربەدر لە جزیرە و مەلیکخەلیلئەیوبی لە سیرت و حەسەنکەیف و شێخحەسەن لە چەمشگەزک. هەروەها میرنشینی ئەردەڵان، کە لە قۆناغی دوای ڕووخانی ئیلخانان لە شارەزوور و بەشێک لە ناوچەکانی ناوەڕاستی کوردستان پێکهاتبوو، لەم قۆناغەدا گەیشتە ئەوپەڕی پانتایی و سەربەخۆیی خۆی و فەرمانڕەواکەی واتە مەئموونبەگی یەکەم (٨٦٢-٩٠١ک/١٤٥٧-١٤٩٥ز) توانی ناوچەکانی کۆی، هەریر و هەولێر کە لە سەردەمی یەکێک لە حاکمەکانی پێشوودا داگیرکرابوون، سەر لە نوێ بخاتەوە ڕکێفی دەسەڵاتداریی ئەردەڵان.(بدلیسی، ١٣٤٣: ٨٤-٩٥-٣٦٩-٣٧٣)

بە هۆی شەرەفنامەوە وێنەیەکی تاڕادەیەک ڕوونمان لە دۆخی سیاسی کوردستان لە بەرەبەیانی سەرهەڵدانی سەفەویدا هەیە. گوایە ناوچە کوردنشینەکان لە نێوان دەیان میر و سەرۆک هۆزی کورددا دابەش ببوو کە لە کۆتایی سەدەی نۆهەم و سەرەتاکانی سەدەی دەی کۆچیدا، بە شێوەی میراتگیری حوکمڕانیی ناوچەکەی خۆیانیان دەکرد. "بدلیسی بە دیاریکراوی باسی ٣٢ میری بچووک و گەورە دەکات کە سەفەوییەکان لە کاتی پێشڕەوییان لە ناوچە کوردنشینەکاندا پەیوەندییان لەگەڵیاندا بووە. وا دیارە ژمارەی ڕاستەقینەی میرنشینەکان لەوە زیاتر بووبێت، چوونکە زۆربەیان و بەتایبەت میرەگەورە و بەدەسەڵاتەکانیتر، چەند میر و سەرۆکهۆزی بچکۆلەتریان لەژێر فەرمانی خۆیاندا هەبوو". (بدلیسی، ١٣٤٣: لل ٥٨٦-١١٧) ئەولیا چەلەبی گەشتیاری تورک کە لە نیوەی دووەمی سەدەی دەیەمی کۆچیدا سەردانی میرنشینی بدلیسی کردووە، سەبارەت بە ئەبداڵخان حاکمی بدلیس دەڵێت کە: "لەو سەردەمەدا ٧٢ ئێل و هۆز هۆگر و شوێنکەوتووی بوون، یەکێکیان ناوی عەلیبەگ لە هۆزی مۆدەکی بە تەنیا ٧٠٠ تفەنگچی لە خزمەتدا بووە" (چلبی، ٩٥:١٣٦٤). لەهەمان کاتدا چەلەبی ژمارەی دانیشتوانی بدلیس لەسەردەمی ابدال خان دەخاتەروو کە بە ٤٠ هەزار کەس مەزندەی دەکات و دەیانگەڕێنیتەوە بۆ هۆزی پازووکی.

**٢- کوردستان لە نێوان بەربەرەکانێی سەفەوی و عوسمانی**

خاکی کوردستان بە هۆی شوێنە جوگرافییەکەی و هەڵکەوتنی لەسەر ئەو ڕێگایانەی کە ئێران و خاکی ڕۆژهەڵات بە ئەنادۆڵ (ئاناتوولی) و ئەورووپاوە دەبەستنەوە، لەمێژە خاڵی پەڕینەوەی نەتەوە جۆراوجۆرەکان بووە و لە پەیوەندییە دوژمنکارانە یان دۆستانەکانیاندا، چ پەیوەندیی بازرگانی و چ کولتووری و چ لە شەڕ و ململانێکان ڕۆڵی هەبووە. لە سەردەمی کۆندا ئەو خاکەی کە دواتر بەگشتی ناوی کوردستانی لێنرا، شوێنی ڕووبەڕووبەنەوەی دوو هێزی گەورە واتە ئیمپراتۆریەتی ئێران و ڕۆم بوو. لە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینی کوردی

سەردەمی ئیسلامیشدا، بە هۆی بوونی مەکۆ و ناوەندەکانی دەسەڵات لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای خاکی کوردستان، ئەو ناوچانە گۆڕەپانی پێکگەیشتن و پێکدادانی بەرژەوەندییەکانیان بوو. لە سەردەمی ئومەویدا ئەو ناوەندانەی کە باسمان کرد لە شام و خوراسان بوون و دوایین تێکهەڵچوونیان لە گوێی ڕووباری زابیگەورە لە کوردستان ڕوویدا (٧٥٠/١٣٢ز).( ابن اثیر،١٩٦٥: ٥٠-٦٥)

لەگەڵ هاتنی تورکەکان بۆ ئەنادۆڵ، سەرەتا دەسەڵاتی سەلجووقییەکانی ڕۆم و دواتر ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دروست بوو و جێگەی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمی ڕۆژهەڵاتی گرتەوە. هاوکات ئێرانیش وەک یەکێک لە ناوەندە سەرەکی و کۆنەکانی دەسەڵات لە ناوچەکەدا بووژایەوە. ئیرانیش لەگەل دروستبوونی دەولەتی سەفەوی لەسالی(٩٠٦ن/ ١٥٠١ ز) و راگەیاندنی دەولەتی سەفەوی لەلایەن شا ئیسماعیلی یەکەم، دیارە ناوبراو لە هەموو لەشکرکێشییەکانیدا لە هەر چوار لای قەڵەمڕەوەکەیدا لە ماوەی چەند ساڵێکی کەمدا توانی ئیمپراتۆریەتییەکی فراوان دابمەزرێنێت کە سنوورەکەی دەگەیشتە سنووری کۆنی ئیمپراتۆریەتی ساسانی، ئەمەش بووە هەڕەشەیەکی مەترسیدار لەسەر دەوڵەتی عوسمانی.

لە سەرەتای سەدەی ١٠ی کۆچیدا، جارێکیتر دوو زلهێزی گەورە و لێکدژ واتە حکوومەتی سەفەوی لە ئێران و پەرەسەندنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە ئاسیای بچووک، کە جیاوازییە ئایینی و ئایدۆلۆژییەکانیان پاڵنەر بوو بۆ بەدەستهێنانی باڵادەستی لە ناوچەکەدا، لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ناوچەکوردنشینەکان دەرکەوتن. (منصوربخت و سعیدی، ١٣٩٣: ١٢٥-١٣٣)

هەرچەند لە سەرەتای ئەو سەردەمە و لە تەنیشت ئەو دوو زلهێزەیەدا، زۆرێک میرنشینی خۆجێی کوردی (کە پێش سەردەمی سەفەوی لە کوردستان جێگیر ببوون وەکوو شارەزوور، دینەوەر، هەکاری، ئامێدی، فەزلەویە، لوڕستان، جزیرە، ساسۆن، ئەردەڵان، برادۆست، بابان، سۆران، موکری، تەرگەوەڕ، میافارقین، دونبولی، ماییدەشت، بدڵیس، گەڵباخی و زۆریتر) بۆ پاراستنی سەربەخۆیی و بوونی خۆیان بەربەرەکانێی تەواویان کرد، بەڵام وێڕای ئەوە، گرژی و ململانێ و دواجار سەقامگیربوونی هاوسەنگیی هێز لە نێوان ئەو دوو دەسەڵاتەش لە کوردستان، بوو بە هۆی ئەوەی بەتەواوی نەبنە ژێرچەپۆکەی ئەوان. (هەمان: ١٤١-١٤٢)

هەڵکەوتنی جیۆپۆلەتیکی کوردستان و بەلادا نەکەوتنی ململانێی سیاسی- چەکداری ئەم دوو هێزە، و درێژەکێشانی شەڕ و تێهەڵچوون، کوردی لە چەند سەرەوە تێوەگلاند:


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

١. هەردوو دەوڵەت هەوڵیان دەدا بە هەموو چەشنێک دەس بەسەر کوردستاندا بگرن، خوازراو یان نەخوازراو گەورە و میرانی کوردیان ملکەچ و گوێڕایەڵی خۆیان ئەکرد. ئەیانکردن بە گژی یەکتریدا تەنانەت ئەندامانی یەک خێزانیان ئەکرد بە دوژمنی یەک.

٢. بەشێکی زۆری هێزی سەربازی هەردوولا لە شەڕەکاندا کورد و ئێڵەکوردەکان بوون.

٣. کوردستان ببووە گۆڕەپانی شەڕ و تێهەڵچوونی زۆری لە شەڕەکانی ئەم دوو لایەنە کە هیچکام بۆ ئەویتر نەیئەخەواند. هەروەها ڕێگای ستراتێژی و لەشکرکێشانی ڕۆم و ئێران بوو. ئەمەش سەروەت و سامانی کوردستانی بە تەواوی بە فیرۆ ئەدا و کورد دەستی لەبن هەوانەکەوە دەردەچوو.( نوایي، ١٣٥٠: ١٥-١٦)

ئەگەری سوودوەرگرتنی میرنشینەکوردییەکان لە ململانێی نێوان سەفەوی و عوسمانی بەرهۆی دوو هۆکار بوو:

١) ئەو ڕۆڵەی کە میرانی کورد دەیانتوانی لە شەڕی نێوان هەر دوو لادا بیگێڕن.
٢) ترسی هەردوو زلهێز کە میرەکوردەکان پەیوەندی بە کەمپی بەرامبەرەوە بکەن.

لە پەیوەندی لەگەڵ فاکتەری یەکەمدا پێویستە بگوترێ کە عەشیرەتەکوردەکان سەرچاوەی دابینکردنی شایستەترین جەنگاوەران بوون و هەر حکوومەتێک دەیویست هێز و دەسەڵاتی ئەوان بۆ بەرژەوەندیی خۆی بەکاربهێنێت و بەو پێیەی سەرۆک عەشیرەت و هۆزەکانی ناوچەکە، لە ڕێگەی پەیوەندییەکۆمەڵایەتییەکانەوە توانای کۆکردنەوەی ئەم هێزانەیان هەبوو، سەرەتا عوسمانییەکان و دواتر سەفەوییەکان هەوڵیاندا پشتیوانی ئەوان لە بەرامبەر دانان بە ڕادەیەک لە سەربەخۆیی ناوخۆیی و مافەپێشووەکانیان بۆ حوکمڕانی بەسەر ناوچەکانی خۆیاندا لە شەڕی دژلایەنی بەرامبەردا بەدەست بهێنن. پاڵپشتیەک وا بە هۆی ناسین و شارەزاییان لە جۆگرافیا و ڕێگاکانی هاتوچۆی ناوچەکە کە مەیدانی سەرەکی شەڕەکان بوو، زۆر گرنگ بوو.

هاوکات میرانی کورد و بەتایبەتی ئەوانەی کە لە هێڵەکانی بەرکەوتنی یاریی ئەو دوو لایەنەدا هەڵکەوتبوون، کاتێ بەرژەوەندییەکانیان دەیخواست یان کاتێک کە لە لایەن حکوومەتی ناوەندییەوە زەختی زیاتریان لێدەکردن، ئەگەری هەڵوێست گۆڕینیان هەبوو کە بچنە کەمپ و لایەنی بەرامبەرەوە. ئەم دیاردەیە (زۆر گۆڕانی هەڵوێستی بەشێک لە میرانی کورد لە نێوان سەفەوی و عوسمانیدا) کە بەهۆی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی

بارودۆخی تایبەتی میرنشینانی کوردەوە بووە، لە چاوی مێژوونووسانی کۆنیش شاراوە نەبووە

کاتێ باسی کەڵکوەرگرتنی میرنشینەکوردییەکان لە تێکهەڵچوون و ململانێی نێوان ئیمپراتۆریەتی سەفەوی و عوسمانی دەکەین، نابێ لە دیوەکەیتری کەیسەکە غافڵ بین، ئەویش ئەوەیە کە کوردستان بۆ ماوەی چوارسەد ساڵ، گۆڕەپانی شەڕی سەفەوی و عوسمانی بووە و نزیکەی ٢٤ تێکهەڵچوون و لەشکرکێشی دوولایەنەی بینیوە. ڕەنگە یەکەم کەس کە گرنگی بەم بابەتە دابێت، شاعیری کورد ئەحمەدی خانی بووبێت: (١٠٦١-١١١٩ک/١٦٥٠-١٧٠٧ز)

بفکر ژ عەرەب حەتا ڤە گورجان

کورمانجییە بوویە شوبهێ بورجان

ئەڤ ڕووم و عەجەم ب وان حەسارن

کورمانج هەمی ل چار کەنارن

هەردوو تەرەفان قەبیلێ کورمانج

بۆ تیرێ قەزا کرینە ئامانج

ئەڤ قولوزمێ ڕووم و بەحرێ تاجیک

هندی کوو بکن خرووج و تەحریک

کورمانج دبن بە خوون مولەتتەخ

ڤان ژێک ڤە دکەن میسالی بەرزەخ

(خانی، ٢٠٠٨:٤٤)

تێپەڕینی سوپای شەڕکەر بە ناوچە کوردنشینەکاندا، کاریگەریی وێرانکەری لەسەر ئابووری کە لەسەر بنەمای ئاژەڵداری و کشتوکاڵ ڕاوەستاوە هەبووە. بەدەم ڕێگاوە بەشێکی سەرەکی لە پێداویستییەکانی دابین‌دەکرد، ئەوە باو بوو لەم دۆخانەدا هەر عەشیرەتێک دەبوو پشکێکی دیاریکراو لە پێداویستییەکانی سوپا دابین بکات. بێگومان سەرۆکهۆزەکان ئەو فشارەی کە بەهۆی ئەم پابەندبوونە دروستبووە، بۆ جووتیاران و خەڵکی سادەی کۆچەرییەکانیان دەگواستەوە و دەسکەوتی خەڵکیان پێشکەش دەکرد بۆ ئەوەی لە حکوومەت و پاشا نزیک ببنەوە یان خراپەکارییەکەی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

کەم بکەنەوە. (وابزانم ئەوە لە شـــەڕدا شـــتێکی ڕوون و ئاشـــکرایە و  پێویســـتی بە سەلماندن نییە)

لایەنی وێرانکەری دیکەی پرسەکە، کە دۆست و دوژمنی نەدەناسی، سیاسەتی زەویی سووتاو[4] و لە ناوبردنی سامانی ناوچەکە بوو، بە مەبەستی پەکخستنی پێشڕەوی ســـوپای نەیار. شـــائیســـماییل ســـەفەوی، بۆ بەرپەرچدانەوەی لەشـــکرکێشـــییەکانی سـولتانسلێمانی قانوونی، چەندین جار ئەم شێوازەی بەکارهێناوە. شاتەهماسبیش(٩٣٠-٩٨٣ک/١٥٢٤ – ١٥٧٦ز)  هەر ئەو ســـیاســـەتە واتە زەویی ســـووتاوی ڕەچاو کرد و بۆ بەربەســـتکردنی هێرشـــی ســـوپای عوســـمانی بۆ ســـەر ئێران، فەرمانی دا "تەواوی ناوچەی نێوان تەورێز و سنووری عوسمانی بەشێوەیەک لە ناوببرێت کە ئاسەواری دانەوێڵە و چڵێ پووش نەمێنێتەوە. دانیشتوانی تەورێز چاوەگەی کارێزەکانیان پڕکردەوە بۆ ئەوەی ئاوی خواردنەوە نەدۆزرێتەوە" (ســـیوری، ٦١:١٣٧٨). هەروەهـا کـە محەممەد ئەمین ڕیـاحی لە پەڕتووکی "تاریخ خوی" ئاماژە پێداوە کە گوایە لە ســـەفەرنامەی ڕۆژهەلاتناســـانیشـــدا باسی زەوی سووتاو وەک دەسەلاتی شا لەو سەردەمەدا کراوە:

*"دەسەلاتی شا لەوەدایە، کە بووە هۆی ئەوەی ئەو گوندانەی کەوتوونەتە هەردوو دیوی سنووری ئێران و عوسمانی، بە ڕێگایەکی ٦ ڕۆژە وێران بکرێن، و هەموو قەلایەک کە لەوێیە وێران بکرێت، تا بەم شێوەیە خۆی لە دژی تورکەکان بەهێزتر کردبێت، ئەوانیش ئارەزووی گرتن و داگیرکردنیان نابێت"(ریاحی، ١٠٢:١٣٧٩).*

### ٣- پەیوەندی نێوان دەولەتی سەفەوی و میرنشینە کوردییەکان (لە سەردەمی شا ئیسماعیلی یەکەم)

ئیســـماعیلی یەکەم ئەو مێرمنـدالەی بوو کە دوای مردنی بـاوکی(٨٩٣ک/١٤٨٨ز) و لە تەمەنی حەوت سالێدا بە پلان و بڕیاری حوسێن بیگولا[5]، پیاوە نهێنییەکەی پشـت پەردەی دەســـەلاتی قزلباشـــەکان و لە ســـەرکردەکانی ئەوان، لەپاش کۆچی دوایی ڕۆســـتەمبەگی ئاق قوینلۆ(٨٩٧-٩٠٢ک/ ١٤٩٧-١٤٩٢ز)، بە کەســـایەتی پێبەخشـــین و بەرزکردنەوە و ناســـاندنی بە ســـەید و داتاشـــینی ئاینێکی نوێی ڕووتین و بێبنەمای مێژوویی، دەســـەلاتی بەدەســـتەوە گرت. بە گرتنەبەری شـێوازی پڕتوندوتیژی و هەڕەشـە و تۆقاندن، مەزهەبی شیعەی کردە مەزهەبی ڕەسمی ئێران. دەیگوت: "من لە کەس ناترسم ئەگەر خەلکی یەک قسەبکەن بە دلم نەبێ، ئەوسا خۆم بە تەنیا لێیان دەدەم و یەک کەسیان ناهێلم" (مشکور، ٢٦٧:١٣٩٩).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

سیاسەتی کوردیی شائیسماییل لە سەر ٣ کۆچکە دامەزرا بوو:

١. نەهێشتنی دەسەڵاتی سەرداره خۆجێییەکانی کورد و دانانی سەرانی قزڵباش بە خۆیان و هۆزەکانیانەوە لە جێگەی ئەوان

٢. ناچارکردنی خەڵکی ناوچە داگیرکراوەکانی کوردستان بۆ دەستهەڵگرتن لە ئایینزای سوننی و چوونەسەر ئایینزای جەعفەری.

٣. بە کارهێنانی ئەوپەڕی توندوتیژی بۆ چاوترساندنی خەڵک و سەرکوتکردنی بێبەزەییانەی هەموو جۆرە بەرهەڵستی و ملنەدانێ.(مستەفا ئەمین،٢٠٠٥: ٢٦)(قمی،١٣٥٨: ج١، ١٣٥) (شەمسی،٢٠٠٩: ٧) (بیگ منشی،١٣٥٠: ج١، ٣٣)

سەرەڕای ئەوەی کە خاکی کوردستان دەراوسێی ئازەربایجان کە ئاخێزگە و ناوەندی دەسەڵاتی سەفەوییەکان بوو، بەڵام تا ساڵی ٩١٠ی ک.م هیچ ڕاپۆرتێک لە سەرچاوەکاندا نییە کە ئاماژە بە مامەڵەی جیدی شائیسماییل لەگەڵ میرانی کورد و یان ئیرادەی شائیسماییل بۆ داگیرکردنی کوردستان بکات. ئەگەری ئەوە هەیە کە ڕەوتی ڕووداوەکان بە ئاقارێکدا چووبێت کە شائیسماییل تا ئەو کاتە دەرفەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ کاروباری کوردستاندا نەبووبێت. "چوونکە مورادمیرزا، دوای شکستەکەی لە ئاڵمەقولاقی هەمەدان، هەڵهات بۆ شیراز و شولستان و هەوڵی دا لەو ناوچانەدا بەدواداچوون بۆ جەوجووڵەکانی دژی شائیسماییل بکات" (نوایی و غفاری‌فرد، ١٣٨١: ٦٥) و ئەمەش لە پلەی یەکەمدا یارمەتی‌دەر بوو بۆ یەکلاکردنەوەی کاروباری عێراقی‌عەجەم و هەروەها پەرژانە سەر ناوچەکانی ناوەندیی ئێران کە زۆرتر هەست بە پێویستی دەکرا. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانە، بە چەند هۆ تێکهەڵچوونی سەفەوییەکان لەگەڵ کورد حەتمی بوو:

١. ناوچە کوردنشینەکانی دەراوسێی ئازەربایجان، ناوەندی دەسەڵاتی سەفەوییەکان بوون و درەنگ یان زوو دەبوایە ڕووبەڕووی ئەو دەسەڵاتە ڕوو لە گەشەکردنەیە ببنەوە کە لەوێ سەری‌هەڵدا و دەستی بەسەر دەوروبەریدا دەگرت.

٢. کوردستان پێش‌تر، نە بە شێوەی کۆچێ و گشتی، بەڵام وەک یەکێک لە ناوچە سەرەکییەکانی ژێر دەسەڵاتی ئاققۆیۆنلووەکان ئەژمار دەکرا. شائیسماییل، وەک میراتگر و جێگرەوەی ئەو حکوومەتە، زاڵبوون بەسەر ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پێشووی ئەو حکوومەتەی بە شتێکی سروشتی و پێویست و بە مافی خۆی دەزانی،

٣. زۆرێک لە هۆزەکانی قزڵباش کە پشتیوانیی سەفەوییەکانیان دەکرد، لە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

ناوچەکانی ئەنادۆڵدا دەژیان و بەو پێیەی کە ناوچە کوردییەکان لە ڕووی جۆگرافییەوە لە نێوان ئازەربایجان و ئەنادۆڵدا هەڵکەوتوون، زاڵێتی بەسەر کوردستان مەرجێکی پێویست بوو بۆ بەستنەوەی حکوومەتی سەفەوی بە لایەنگرانی پێداگر و سەرسەختیەوە. (اسکندر بیگ منشی، ١٣٥٠، ج١، ١٣٥٠: ٣٣) (بدلیسی، ج١، ١٣٤٣: ٢٠٥)

بەڵام لەوە بەدواوە لەو لەشکرکێشیانەی کە شائیسماییل بە ناو کوردستاندا لە ئەرزەنجانەوە بۆ دیاربەکر و لەوێوە بۆ مووسڵ و بەغدا و لوڕستان کردی، دەستی لە هیچ جۆرە زەبروزەنگێ نەپاراست. ژێردەستەیی کوردستان لە میرنشینی موکریەوە دەستی پێکرد وا ناوچەیەکە لە باشووری گۆلی ورمێ و هاوسێی نزیکی ئازەربایجان بوو. لەم کاتەدا شیرسارمی کوڕی ئەمیرسەیفەدین دامەزرێنەری ئەم میرنشینە بە پاڵپشتیی هۆزە کوردە هاوپەیمانەکانیەوە، دەسەڵاتێکی بەرچاوی خولقاندبوو کە بۆ شائیسماییل وا بانگەشەی حوکمڕانی بەسەر هەموو ناوچەکەدا دەکرد، وەک "نافەرمانی" و "یاخیبوون" چاوی لێدەکرا. "لە ساڵی (٩١١ک/ ١٥٠٥ز)دا بۆ سەرکوتکردنی سارمبەگ بەچەند جار هێز نێردرا بەڵام هەر شکستی دەهێنا" (زکیبیگ، ٢٥٢:١٣٨١). "لە ساڵی ٩١٢ی کۆچیدا کە سوپای شائیسماییل لە خوی بوو، چەند کەسێک لە فەرماندە بەناوبانگەکانی قزڵباش بە هێزێکی گەورەوە چوون بۆ سەرکوتی سارێمبەگ. ئەم هێزەش بە توندی تێکشکاو و چەند فەرماندەیەکیشی کوژران".

قازی ئەحمەد قومی، مێژوونووسێکی لایەنگری سەفەوییەکان، لەبارەی دەرئەنجامی ئەم شەڕەوە دەڵێت:

*"... ژمارەیەکی زۆر خەڵک لە هەر دوو لاوە کوژران". لە نێو فەرماندە بەناوبانگەکاندا، عەبدیبەگیشاملو و سارۆعەلیمۆهرداری تەکەلۆ کوژران، بایرامبەگیقارەمانلو و خەلفابەگ بۆ ناو سوپای هومایونی گەڕانەوە"(هەمان، ل٨٨)*

میرشەرەفخانی بدلیسی بە ڕوونی سارم بەگ بە براوەی ئەم شەڕە دەزانێ. سەرەڕای ئەمەش سارێمبەگ کە هێز و دەسەڵاتێکی زۆری لەدەستدابوو، بەهۆی بەردەوامیی زەختی سەربازکانی سەفەوییەوە نەیتوانی موڵک وماڵی خۆی بپارێزێت. "هەرچەندە شائیسماییل سەرکەوتوو نەبوو و دەستیشی بەو ڕانەگەیشت، دوای ماوەیەک سارێمبەگ، چووە ئەستەنبوڵ و لەوێ گوێڕایەڵی سوڵتانی عوسمانی بوو" (زکیبیگ، ٢٥٢:١٣٨١).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی

هێشـــتا "شـــائیســـماییل لە خوی بوو ئاگادار کرایەوە کە ســـوڵتان مورادی ئاققۆیۆنلوو دوای هەلهاتن لە بەغداوە  لە ناوچەی ژێر دەســـەڵاتی عەلائودەوڵەی زولقەدردا بینراوە و بە زاواییێتی پەنایان پێداوە" (نوایی و غفاریفرد، ١٣٨١:٦٩). ســـەرەتای ســـاڵی ٩١٣، شـــائیســـماییل بە ســـەرۆکایەتیی ســـوپایەک بۆ دوورخســـتنەوەی مەترســـی ئەو دوانە کە یەکانگیر بوون، چوو بۆ شـەڕ دژی عەلائولدەولە. "هەرچەندە لەم هەڵمەتەدا، دەســـتەیەک لە ســـوپای قزڵباش لەگەڵ کۆمەڵێک لە زولقەدرەکان لە ژێر فەرماندەیی ســـاروقپلان - کە یەکێـک لە کورەکـانی عەلائودەولە بوو- تێکهەڵچوون و هەنـدێـک زیـانیـان پێگەیاند، بەڵام "خودی عەلائەلدەولە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاســـتەوخۆ لەگەڵ ســـوپای ســـەرەکیی شـــائیســـماییل خۆی بوارد. شـــائیســـماییل دوای تاڵانکردن و ســـووتاندنی ناوچەکان میرنشـــینی مەرعەش، گەڕایەوە بۆ خوییَ " (قمی، ١٣٥٨: ٩٠). ئەم ڕووداوە بۆ یەکەمجار بەشـــێوەیەکی جێددی میرنشـــینە کوردییەکان و هێزە خۆجێییەکانی ڕووبەڕووی دەسەڵاتی سەرهەڵداوی سەفەوییەکان کردەوە و سەرەتای دەستێوەردانی جێددی ئەوان لە ناوچە کوردییەکان بوو. "هەر لە نێوەندی ئەم لشـــکرکێشـــییەی، ئەمیرخانی موســـڵووی حـاکمی تورکمـانی دیـاربەکر کە پێشتر گوێڕایەڵی ئـاقۆیۆنلوو بوو، دەسبەجێ چووە لای شـــائیســـماییل و گوێڕایەڵیی خۆی ڕاگەیاند" (هەمان، ل٩٠). بەڵام شـــائیســـماییل "حکوومەتی دیاربەکری تەســـلیمی یەکێک لە خزمەکانی بە ناوی محەممەدخان ئۆســـتاجلوو کرد" (هەمان، ل٩١). لە ڕێگای ئەخلات و بدلیســـەوە بۆ ڕابواردنی زستان گەڕایەوە. "کاتێک سوپای شائیسماییل گەیشتە سنوورەکانی ئەخلات، شـــەرەفخـانی میری بـدلیس بەپەلە هـاتە خزمەتی و بە ڕاگەیـانـدنی گوێڕایەڵی لە میرنشینی بەتلیس مایەوە (بدلیسی، ١٣٤٣: ٥٣٠ و ٥٣١). هەروەها "لە هەمان کاتدا هەندێ لە میرانی کورد بۆ لای شائیسماییل هاتن و بە دەربڕینی وەفا و دڵسۆزی بۆی، لە جێگەی خـۆیـان دانـرانەوە. وەکـوو غـازیقـران مـیـری بـرادۆســـــت کە بەڵـگەنـامەی ناوچەبەمیراتماوەکانی بنەماڵەیی خۆی بریتی لە ناوچەی تەرگەوەڕ و سۆما لە ڕۆژئاوای ورمێ وەرگرت" (هەمان، ل٣٨٣).

ســـەرەڕای ئەم ســـیاســـەتە، مانەوەی میرەکوردەکان درێژخایەن نەبوو. قۆناغی دووەمی ڕووبەڕووبوونەوەی ســـەفەوییەکان لەگەڵ فەرمانڕەواکانی باکووری کوردســـتان، دوای سەقامگیربوونی تەواوی محەممەدخان ئۆستاجلوو لە حکوومەتی دیاربەکر دەستی پێکرد.

پێشتر شائیسماییل لە کاتی هەڵمەتی دژی عەلائەدەولەی زولقەدر، محەممەدخان ئۆستاجلووی کردبووە حاکمی دیاربەکر. بەڵام سەرەڕای ئەمەش و سەرەڕای ملکەچبوونی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی

خۆبەخشانەی ئەمیرخانی موسڵوو حاکمی پاشماوەی سەردەمی ئاققۆیۆنلوو، دامەزرانی محەممەدخان ئۆستاجلوو لە دیاربەکر ئاسان نەبوو. "بە پێچەوانەی ئەو، قەیتمیس بەگ، برای حاکمی پێشوو، ڕەتی کردەوە قەرەحەمید (ئامەد)، شاری سەرەکیی ناوچەی دیاربەکر، ڕادەستی نوێنەری شائیسماییل بکات و لەگەڵ کوردانی دیاربەکر دژی محەممەدخان یەکانگیر بوو" (قمی، ١٣٥٨: ٩١).

ئەو کاتەی کە محەممەدخانی ئوستاجلو زۆر بە ئەستەم توانی بە سەر کوردەکانی دیاربەکردا سەرکەوێت، عەلائولدەولەی زولقەدر، کە لە گەڵ سەفەوییەکاندا دوژمنایەتی هەبوو و شائیسماییلش جارێ بۆ سەرکوتی چووبوو، هێزێکی بە سەرپەرەشتی دوو کوڕی خۆی واتە "قاسم بەگ" و "ئەردەوان بەگ" بۆ یارمەتی بەرگریکارانی دیاربەکر نارد. (هەمان، ل٩٢). "دوای شەڕێکی ئەستەم قزڵباش سەرکەوت و هەردوو کوڕی عەلائولدەولە بەدیل گیران و سەرەڕای بەڵێنی سلامەتی کە پێی دابوون، محمدخان ئۆستاجلوو هەردووکیانی کوشت و سەریانی نارد بۆ شائیسماییل کە لە خوی ئۆردووگای لێدابوو (٩١٣ ک/ ١٥٠٧ز)" حسینی استرآبادی، ١٣٦٤: ٤١)

لە ماوەی ئەو شەڕانەدا هۆزە کوردەکان بە هۆی دوژمنایەتیی ناوخۆیی و ڕکابەریی خێڵەکییەوە بە شێوەیەکی سەرەکی لە هەردوو دیوی ململانێکاندا ئامادە بوون. تەنانەت هەندێک لە خێڵە کوردەکان بە شێوەیەکی چالاکانە هاوکاریان لەگەڵ سیاسەتی نەگۆڕی محەممەدخانی ئۆستاجلوو بەرامبەر بە فەرمانڕەوا ڕەسەنەکان کرد. "لە نێویاندا میردیادین(میر زیائەددین) سەرۆکی خێڵی سولەیمانی، کوردانی سولەیمانی نارد بۆ یارمەتیدانی قزڵباش لە سەردەمی شەڕی نێوان خانمحمدئۆستاجلوو و کوڕەکانی عەلائولدەولە، کە بە گوتەی شەرەفنامە ڕۆڵێکی کاریگەریان هەبووە لە شکستی زولقەدرەکان" (بدلیسی، ١٣٤٣:٣٤٣).

بدلیسی هۆکاری لێڕوانینی دوژمنکارانەی شائیسماییل بەرامبەر بە میرەکوردەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ "کاریگەریی محمدخانیئستجانلو، فەرمانڕەوای دیاربەکر، کە بەڵێنیدا خۆی ببێ بە حاکمی کوردستان ئەگەر بێتوو لە میرەکوردەکان دەس نەپارازێت" (هەمان، ل٥٣٢).

"شائیسماییل پێشتر محەممەدخانیئۆستاجلوو و نوورعەلی خەلیفەی ڕوملوی ڕاسپاردبوو بۆ سەرکوتکردنی کۆچەرییەکان لە ناوچەکانی دیاربەکر و ئەرزەنجان و ئەوانیش بە توندوتیژی و سەرسەختی ئەم کارەیان کرد" (مستەفائەمین، ٢٤:٢٠٠٥).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی

شائیسماییل کاتێک له خوی بوو، "دوازده کەس له میرانی ناوداری کوردستان، له وانه میرشەرەفخان حاکمی بدلیس و مەلیکخەلیل میری حەسەنکیف و شاعەلیبەگ بەختی حاکمی جزیره و عەلیبەگی ساسۆنی و میرداود خیزانی، به ئەگەرەوه بۆ وەرگرتنی گەرەنتی بۆ حکوومەت، لەسەر ناوچه میراتییەکانیان و ڕزگاربوون له کۆنترۆڵ و فشاری فەرمانڕەواکانی قزڵباش، به کۆمەڵ چوونه لای و دڵسۆزی و خزمەتی خۆیان بۆ ڕاگەیاند. بەڵام شائیسماییل، له ژێر کارتێکەری و فریودانی محمدخانی ئُستجانلو، هەموویانی تەنانەت ئەمیر شەرەفبدلیسی که پێشتر له حکوومەتی بدلیسدا هێشتبوویەوه و مەلیکخەلیل به بۆنەی ئەوەی هاوسەرگیری کچی شێخ حەیدەری سەفەوی و زاوای شائیسماییل هەژمار دەکرا" (بدلیسی، ۱۳٤۳:۲۰۵)، "دەستبەسەر و زیندانی کرد" (هەمان، ۱٦۸). لەم ناوەدا تەنیا دووکەس زیندانی نەکران عەلیبەگی ساسۆنی و میرشامحەممەد میریکوردیشیروان. وێدەچێت ڕاگەیاندنی شیعەگەری کاریگەری هەبووبێت لەسەر ئەو مامەڵه جیاوازەی که لەگەڵیان کراوه. چوونکه بدلیسی دەڵێت: "میرشامحمد جلی قزڵباشی لەبەردا بووه" (هەمان، ل۳۱). سەرەڕای ئەمەش هیچکام له میرنشینانی خۆیان نەیانهێشتنەوه.

به مەبەستی ملکەچکردنی هەموو کوردستان و داگیرکردنی ئەو ناوچانەی که میرەکانیان گیرابوون، چەندین لەشکرکێشی ئەنجام درا. دەتوانین ئاماژه بدەین بەو هێزەی که به فەرماندهیی چایان سوڵتان ئۆستاجلوو بەرەو بدلیس ڕۆیشتن و دیۆسولتانڕوملو، یاکانبەگ تەکەلۆ، عەبدیخان هاوکات ساروقولی مۆرداری شاملووش ڕاسپێردرابوون بۆ هێرشکردنه سەر ناوچەکانی هەکاری و جزیره و هۆزەکوردەکانی موکری و مەحموودی له ڕۆژئاوای دەریاچەی ورمێ(عالم آرای صفوی، ۱۳٤٦: ۱۰۸). "هەروەها محەممەدخان ئۆستاجلوو ناوچەی ئەکیلی به زۆر له میرەکەی ناسراو به لەلەقاسم گرت" (بدلیسی، ۱۳٤۳:۲۳۸).

حاجی ڕۆستەمبەگ، حاکمی میرنشینی چەمشگەزک نزیکی ئەرزەنجان، که به گوتەی بدلیسی، "هەندێک جار بەهۆی قەباره و شکۆی میرنشینەکەیەوه به تایبەتی به کوردستان ناودەبرا (هەمان، ل۲۱۵)، لەگەڵ بیستنی هەواڵی نزیکبوونەوەی نوورعەلیخەلیفه، بەپەله چووه لای و بەبێ هیچ بەرەنگارییەک کلیلی میرنشینەکەی ڕادەستی ئەو کرد و خۆی گەیانده لای شائیسماییل. "سەرەڕای ئەمەش، سەرکردەی ناوبراو تەحەمولی میرنشینەکەی نەکرد و ژمارەیەکی زۆر له ئاغاکانی "مەلکیشی" که عەشیرەتی دەسەڵاتداری چەمشەگەزک بوون، کوشت و سەرکردایەتییەکەی به فەرماندەکانی قزڵباش سپارد" (زکیبیگ، ۱۳۸۱:۲٤۲).

حکوومەتی ناوچەکانی دیکەش ڕادەستی حاکمی تورک و قزڵباش کرا: "لە نێویاندا، میرنشینی جزیرە بۆ ئۆلاشبەگی برای محەممەدخانی ئۆستاجلوو و میرنشینی ئەکیل بۆ مەنسووربەگ، و میرنشینی بدلیس سەرەتا بۆ کوردبەگ و دواتر بۆ عەیوەزبەگ تەرخان کرا" (شمسیمحمد، ٢٠٠٩:٩٩).

**٤- هاوپەیمانیی کورد و عوسمانی:**

سەرهەڵدانی حکوومەتی سەفەوی لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژیای ئایینی شیعەی دوانزە ئیمامی لە ئێران و مەیلی فراوانخوازانەی لە باکووری کوردستان و ئەنادۆڵ، ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم حکوومەتەی لەگەڵ دەسەڵاتی فراوانخوازی دیکەی ئەو سەردەمە، واتە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، حەتمی کرد. بەتایبەتی ئەمە بووە هۆی ئەوەی شیعەکانی ئەنادۆڵ چالاک بن و ببنە هەڕەشەیەکی جیدی بۆ سەر ئیمپراتۆریەتی عوسمانی.

ساڵی ٩١٨ ، یاقوز سەلیم ( ٩١٨-٩٢٦ک / ١٥١٢-١٥٢٠ز) دوای لەکارلابردنی باوکی، سوڵتان بایزیدی دووەم، لەسەر تەختی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دانیشت و مامەڵەکردن لەگەڵ هەڕەشەکانی قزڵباشی کردە یەکەمایەتی خۆی. "ساڵی ٩١٩ک/١٥١٣ز) فەرمانی بە فەرمانڕەوای ئەرزەنجان کرد کە چەند هەزار شوێنکەوتووی سەفەوی لە ئەنادۆڵ بنێرێتە ئێران. پاشان نزیکەی ٤٠ هەزار شیعەی ئەنادۆڵی بە بیانووی لادان لە ئایینی ڕاستەقینە لە سێدارە دا" (نوایی و غفاریفرد، ١٣٨١: ٩٤-٩٣). وێدەچێ ئەم ژمارە ناڕاست بێت و زیادەڕوویی تێدا وەدی دەکرێت.

ساڵی(٩٢٠ک/١٥١٤) کۆچی سوڵتانسەلیم خۆی لە ئەستەنبووڵەوە بە سەرۆکایەتیی سوپایەکی گەورە بە مەبەستی شەڕکردن لەگەڵ شائیسماییلی سەفەوی بەرەو ڕۆژهەڵات بەڕێکەوت. سوڵتانی عوسمانی گرینگیی پشتیوانی عەشیرەتە کوردەکان بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ سەفەوییەکانی دەزانی. بەتایبەت ئەوەی کە زۆربەی حاکم و بنەماڵەکانی کورد وەک خۆیان سوننە بوون و ئەم لێکچوونە دەیتوانی هۆکاری یەکرێزییان بێت لە ژێر ئاڵای عوسمانیدا دژی سەفەویە شیعەکان. بۆیە حەکیم ئیدریس بدلیس[٦] بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی میرەکوردەکان ڕەوانەی کوردستان کرا. لە ئەنجامی هەوڵ و بەڵێنەکانی حەکیم ئیدریس بدلیسی، زۆرێک لە فەرمانڕەواکانی باکووری کوردستان کە لە سیاسەتی شائیسماییل تووڕە بوون، بەڵێنی هاوکاریان بە عوسمانیەکاندا. (شمسیمحمد، ٢٠٠٩:١٠٠).

پێشتر میرانی کورد بە ڕاگەیاندنی گوێڕایەڵی و چوونە لای شائیسماییلی سەفەوی، ئامادەیی خۆیان بۆ هاوکاری لەگەڵ سەفەوییەکان نیشاندابوو و دواتریش لە


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی

سەردەمی جێنشینەکانی شائیسماییلدا، بەشێکیان سەرەڕای ئایینەکەیان چالاکانە هاوکاریی سەفەوییەکانیان دەکرد. بەڵام لەم سەردەمەدا توندوتیژی شائیسماییل لە کوردستان و بەتایبەتی سیاسەتی لابردنی سەرۆکعەشیرەتە ڕەسەنەکانی کورد و ڕادەستکردنی میرنشینەمیراتییەکانیان بە قزڵباشەکان، ڕێگەی بۆ زۆرینەی عەشیرەتە کوردەکان خۆش کرد بۆ ئەوەی لە سەفەوییەکان دوور بکەونەوە.

"سوڵتان سەلیم بەر لە سەفەری چاڵداران، لە ئۆردووگای ئاماسیەوە، چەند جارێک مەولانا ئیدریس بدلیسی نارد بۆ ناو هۆز و میرەکانی کوردستان" (زکی‌بیگ، ۱۳۸۱:۱۲۷) و دڵنیای کردنەوە کە لە بەرامبەر هاوکاری دژ بە سەفەوییەکاندا، ئیمتیازاتی میراتی و سەربەخۆیی ناوخۆییان دەپارێزرێت. "لە ئەنجامی هەوڵەکانی ئیدریس بدلیسی، لەم کاتەدا زیاتر لە ۲۰ میری کورد نامەیان بۆ سوڵتانسەلیم نووسی و ئامادەیی خۆیان بۆ پشتیوانیکردن لە سوڵتانسەلیم ڕاگەیاند" (شمسی‌محمد، ۲۰۰۹:۱۰۰).

لە کاتی شەڕی گرنگ و چارەنووس‌سازی چاڵداراندا (۹۲۰ک /۱۵۱٤ز) کە بووە هۆی شکستی یەکلاکەرەوەی شائیسماییلی سەفەوی و داگیرکردنی تەورێزی پایتەختی سەفەوی لەلایەن سوپای عوسمانییەوە، کورد ڕۆڵێکی بەرچاو و کاریگەری بینی بۆ بەرژەوەندیی عوسمانییەکان. "بەپێی هەندێک زانیاری، ٤٦ ئەمیری کورد لە ئۆردووگای سوڵتان لەگەڵ هێزەکانیان شەڕیان دەکرد" (هەمان، ل۱۰۰). شائیسماییل دوای شەڕی چاڵداران سەرەتا بەرەو تەورێز هەڵات و دوای پێشڕەوی هێزەکانی عوسمانی بەرەو ئەم شارە، هەڵات بۆ دەرگەزین (نزیک هەمەدان) و دوایی چوو بۆ تەورێز، "سوڵتانسەلیم هەموو دیلەکانی سەربازی کوشت و چەندین سەرکەوتننامەی جۆراوجۆری بۆ سولەیمانی کوڕی و سەرکردەکانیکورد نارد" (نوایی و غفاری‌فرد، ۱۳۸۱: ۹۹).( لەبەر ئەوەی بابەتەکە لێرە لەسەر هۆزە کوردییەکان نەبووە و لە پەراوێزی باسەسەرەکیەکان بووە، لە جێێ سەرچاوە، لە توێژینەوە کەڵک وەرگیراوە....)

**لەدەستچوونی کوردستان:**

یەکەمین دەرئەنجامی شەڕی چاڵداران، لێژبوونی پێگەی سەفەوییەکان لە باکووری کوردستان بوو. "لەو شەڕەدا زەبرێکی گرنگ لە سوپای سەرەکی قزڵباش درا و ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردەکانی وەکوو: محەممەدخانیئستجانلو حاکمی دیاربەکر کوژران (حسینی استرآبادی، ۱۳٦٤: ٤۹)

لە لایەکی دیکەوە هێزێکی گەورەی عوسمانی لە ناوچەکەدا هەبوو کە لەلایەن هۆزە کوردە هاوپەیمانەکانەوە پاڵپشتی دەکرا. جگە لەوەش "ئەو فەرمانده


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکولینێن کوردی

کوردانەی کە لە لایەن شائیسماییلەوە زیندانی کرابوون، دوای شەڕی چاڵداران ئازاد و بەیعەتیان بۆ عوسمانییەکان ڕاگەیاند و میرنشینەکانیان لە پاشماوەکانی قزڵباش سەندەوە. لە نێویاندا دەتوانین ئاماژە بە "شاعەلیبەگ میری جزیرە" و "قاسمبەگ میریئەکیل" و "مەلیکخەلیل میری ئەیووبی لە حەسەنکیف" (بدلیسی، ١٣٤٣: ٥٣٢-١٦٨) بکەین. بەڵام میرشەرەفخان، میریبدلیس، تەنانەت پێش شەڕی چاڵدارانیش توانی لە زیندانی شائیسماییل دەربچێت و خۆی گەیاندە ناو عەشیرەتی ڕۆژەکی و هەوڵیدا وڵاتی باوباپیرانی لە ژێردەستی قزڵباش دەربهێنێت.

بدلیسی باس لە ڕۆڵی محەممەدبەگی پازووکی دەکات کە یەکێک لەو ئاغا کوردانە بووە کە لە شکستی باپیری خۆی بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی میرنشینەکە لەم سەردەمەدا خزمەتی سەفەوی کردووە (هەمان، ل٥٣٥-٥٣٦). "دوای ئەوە میرشەرەف لەگەڵ ٢٠ میری کورد گوێڕایەڵیی خۆی بۆ سوڵتانسەلیم ڕاگەیاند و لەگەڵ شائیسماییل و سەفەوییەکان لە شەڕی چاڵداران بەشداری کرد" (هەمان. ل٥٣٨). "دوای شکستی سەفەوییەکان لە چاڵداران، بە کەڵکوەرگرتن لە پێگەی لاوازی سەفەوییەکان، توانی دەسەڵات و سەروەری خۆی بە وەدەرنانی بریکارە سەفەوییەکانی بدلیس، وەک میرانی جزیرە و حەسەنکیف و ئەکیل و چەمشگەزک وەربگرێتەوە" (زکیبیگ، ١٣٨١: ١٢٨).

دوای گەڕانەوەی سوڵتانسەلیم لە تەورێزەوە بۆ ئەنادۆڵ، حکوومەتی سەفەوی هەوڵێکی چڕی بۆ پاراستنی پێگەی خۆی لە باکووری کوردستان لە نەبوونی سوپای سەرەکیی عوسمانی دا. بۆ ئەم مەبەستەش قەرەخان برای محەممەدخانی ئۆستاجلوو، حاکمی پێشووی دیاربەکر، کە لە شەڕی چاڵدارانداا کوژرا، وەک فەرمانڕەوای نوێی ئەم ناوچەیە دەستنیشانکرا و ڕاسپێردرا کە وەکوو سەرپەرەشتی سوپایەکی پێنجهەزار کەسی کە لە ئامەد، پایتەختی ویلایەتی دیاربەکر جێگیر ببێت. "بەڵام عەشیرەتە کوردەکانی دیاربەکر کە ئێستا لەگەڵ عوسمانییەکان یەکگرتوو بوون بەرهەڵستی بوونەوە و نەیانهێشت بچێتە ئامەد و ناچار بوو بچێتە ماردین لە باشووری دیاربەکر(شەمسیمحەمەد، ٢٠٠٩). مێژوونووسێکی سەفەوی ئەم ڕووداوە بەم شێوەیە دەگێڕێتەوە:

*"خەڵکی شاری ئامەد کە بە قەرەحەمید ناسراوە، بێوەفاییان کرد و ڕۆمیەکانیان هێنا، شارەکەیان پێدان، قەرەخانیش لە ماردین بۆی دەرکەوت کە بەڵای ڕۆمیەکانی لە مل بۆتەوە*(بیگ منشی، ١٣٥٠: ٤٣).

*قەرەخان بۆ ماوەی دوو ساڵ* (تا ساڵی ٩٢٢ک/١٥١٦ز) بە بۆنەی پەرژین و دیواری

پتەوی شـــاری ماردین خۆڕاگری کرد و لەو ماوەیەدا چەندین جار لەگەڵ هێزەکوردییەکانی دڵسـۆزی عوسـمانی تێکهەڵچوون. "بەڵام دواجار بە ناردنی هێزی یاریدەدەر لە لایەن سـوڵتانسـەلیمەوە، بە تەواوی شـکستی هێنا و خۆی لە شـەڕەکەدا کوژرا" (هەمان، ل٤٣). ڕووخانی ماردین بە مانای لەدەسـتدانی دوا بنکەی سـەفەویەکان لە باکووری کوردسـتان بوو. شـەڕی چاڵداران خاڵی دەسـتپێکی ململانێی درێژخایەن و خوێناوی بوو کە بە درێژایی سـەدەی دەهەم و نیوەی یەکەمی سـەدەی یازدەهەم بە پشوویەکی کورت بەردەوام بوو.

بە مەبەسـتی دڵنیابوون لە هاوکاریی بەردەوامی کورد بۆ پشـتگیریی عوسـمانییەکان دژ بە سـەفەوییەکان و بۆ پاراسـتنی ئەو پێگەیەی لە دوای شـەڕی چالداران بەدەسـتیان هێنابوو، سـوڵتانسـەلیمی یەکەم بڕیاری دا میکانیزمێکی سەقامگیر لە پەیوەندیی نێوان حکوومەتی عوسمانی و میرنشینە زۆرەکانیی کوردستان دابمەزرێنێت. ئەمجارەش حەکیمئیدریس بدلیسی، زانای کورد کە پشتیوانی کوردی بۆ هاریکاری عوسـمانییەکان لە چاڵدەران بەدەسـت هێنابوو، ڕۆڵێکی گرنگی گرتە ئەسـتۆ. بۆ ئەو مەبەسـتەش بە نوێنەرایەتیی لە سـوڵتانەوە گفتوگۆی لەگەڵ میر و سەرۆکعەشیرەتەکانی کوردستان (باکوور) کرد. خاڵی سەرەکیی ئەم ڕێککەوتنە دانپێدانان بە ئۆتۆنۆمیی ناوخۆیی و حوکمڕانیی میراتیی میرنشـینە کوردییەکان بوو لە بەرامبەر پابەندبوونیان بە یارمەتیدانی عوسمانییەکان لە شەڕی سەفەویدا.[7]

ئەو پەیماننامەیەی کە لە نێوان دەسـەڵاتدارانی کورد و عوسـمانیدا بەسـترا، ژمارەیەکی زۆر لە میرنشـینانی کوردی گرتەوە. بەتایبەتی ناوچەکانی باکووری کوردستان، کە لە سەرەتای شەڕەکانی ئێران و عوسمانییەوە لە ناوەندی ململانێکاندا بوون. "سەرەڕای ئەمەش بەشێک لە میرنشینەکوردییەکان وەک میرنشینەکانی سۆران و بادینان (عمادیە) و شەمزینان (هەکاری) بۆ ماوەیەک لە دەرەوەی هەر هاوپەیمانییەکی فەرمی لەگەڵ عوسـمانییەکان یان سـەفەوییەکان مانەوە. ئەم میرانە لە ڕێگەی هاوسـەنگی لە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەو دوو ئیمپراتۆریەتەدا هەوڵی پاراسـتنی سەربەخۆیی و ئیمتیازاتەکانیان دەدا" *(بیگ منشی، ٢٠٠٥: لل ٨٥-٨٤).*

سـالانی دواتردا زۆرێـک لە میرەکانی کورد گونجاو لەگەڵ زیاد و کەمبوونەوەی دەسڕۆیشتوویی حکوومەتی سەفەوی لە قووڵایی ناوچە کوردنشینەکاندا، گوێڕایەڵی یان سـەرپێچییان بۆ ئەم حکوومەتە دەرئەبڕی. جگە لەوەش "بەشـێک لە عەشـیرەت و خێڵانی کورد لە ناوچەکانی ناوەڕاسـتی ئێران و دەرەوەی کوردسـتان بە

هۆکارگەلێ وەک کۆچ و دوورخرانەوە (وەک پازووکییەکان و سیامەنسوورەکان و زەنگەنەکان، کە بدلیسی وەک "کوردی ئێران" باسیان لێوەدەکات" (بدلیسی، ١٣٤٣:لل ٤٢٣-٤٢٥) و دواتریش خەڵکی چەمشگەزک و... کە بۆ خۆراسان دوو خرابوونەوە)، ڕۆڵێکی گرنگ و سەقامگیریان لە پێکهاتەی سیاسی و سەربازیی *حکوومەتی سەفەوی و تەنانەت لە ململانێکانی لەگەڵ عوسمانییەکاندا هەبوو.*

**٥- کوردستان لە سەردەمی شاتەهماسبی یەکەمی سەفەویدا**

هاتنە سەرکاری تەهماسب‌میرزای کوڕە گەورەی شائیسماییل، سەرەتای قۆناغێکی ئاژاوە و نائارامی بوو. لەم ماوەیەدا،(٩٣٠-٩٣٩ک/ ١٥٢٤ تا ١٥٣٣ز) کە بەماوەی سەرانی قزلباش دادەنریت بەهۆی بالادەست بوون، سەرانی قزڵباش خوازیاری بەشی زۆرتر لە دەسەڵات و بەدەستەوەگرتنی پۆستی جێگرەوەی شا بوون کەوتنە ململانێ. (سیوری، ١٣٧٥: ٤٩) ڕۆڵی حکوومەتی سەفەوی لە کاروبار و هاوکێشەکانی ناوچە کوردستانییەکان بۆ نزمترین ئاست دابەزی. زۆربەی میرنشینەکانی باکووری کوردستان لە دوای شەڕی چاڵداران و دوای ڕێککەوتنی میرانی‌کورد و سوڵتان‌سەلیم، لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی‌عوسمانیدا بوون و ئەوانەش کە لە دەرەوەی دەسەڵاتی عوسمانی مانەوە، بە بۆنەی لاوازیی سەفەوییەوە جۆرێک لە خودموختاری و سەربەخۆییان هەبوو.

میرنشینی ئەردەڵان بە باشی نوێنەری ئەم دۆخە دواییە بوو. "ئەم حکوومەتە کە ناوچەیەکی بەرفراوانی بە ناوەندێتیی شارەزوور لە ژێر ڕکێفدا بوو، بە هۆی شوێنی جوگرافیایی و دووری لە گۆڕەپانەکانی شەڕی سەفەوی و عوسمانی لە سەردەمی شائیسماییلدا — کە بە شێوەیەکی سەرەکی ناوچەکانی باکووری کوردستانی لە خۆگرتبوو - توانی نەچێتە ناو ململانێکان و سەربەخۆیی پاراست" (شەمسی‌موحەممەد، ٢٠٠٩:١٠٠). "لە دەیەی یەکەمی سەردەمی شاتەهماسبدا، هەرچەندە ئەردەڵانەکان بە قۆناغێکی لاواز و ململانێی ناوخۆییدا تێدەپەڕین، بەڵام سوودیان لە لاوازی و ئاژاوەی سەرەتای دەسەڵاتی ئەم پاشایە لە لایەک و گرفتاریی سوڵتان‌سلێمانی قانوونی لە شەڕگەی ڕۆژئاوا لە لەلایەکی‌ترەوە وەرگرت و سەربەخۆ *مانەوە" (کجباف و دیگران، ١٣٩٠).*

**مشتومڕ لە سەر ناوچەی ژێر دەسەلات لە کوردستاندا:( ٩٤٠-٩٦٠ک/١٥٣٥-١٥٥٥ز)**

ساڵی ٩٤٠ کۆچی، لەگەڵ لەشکرکێشی، سوڵتان‌سلێمان(٩٢٦- ٩٧٣ک/١٥٢٠-١٥٦٦ز)خولێکی نوێی ململانێ دەستی‌پێکرد کە دیسان پێی کوردی بۆ نێو ململانێی ئەو دوو ئیمپراتۆریە کردەوە. پێویستە ئاماژە بەوە بدرێت کە لەم کاتەدا ئێمە شاهیدی

پەرەسەندنی سیاسەتی سەفەویین لە کوردستان لە ئایدیالیزمی سەردەمی شائیسماییلەوە بۆ پلەیەک لە ڕیالیزم. حکوومەتی سەفەوی بەو ئەزموونەی لە شەڕی چاڵداران و لەدەستدانی باکووری کوردستان هەیبوو، جەختی لە گرنگیی ڕاکێشانی هاریکاری سەرۆکە خۆجێیەکانی کورد کرد. بە هۆگەلێ وەک دابینکردنی هێزی مرۆیی شەڕکەرانی خێڵەکان و شارەزاییان لە ڕێگاکانی هاتوچۆی دەڤەرەکە.

"لە سەردەمی شاتەهماسب و لە چوارچێوەی ڕوانگەی ڕیالیستی نوێدا، زۆرێک لە فەرمانڕەوا و میرەڕەسەنەکانی کوردستان، بەمەرجی بەشداریکردنیان لە شەڕی دژی عوسمانییەکان، ئەو هەلەیان بۆ ڕەخسا کە لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی سەفەویدا، درێژە بە حوکمڕانی پشتاوپشتی خۆیان بدەن" (بیگمنشی، ١٣٥٠:٥١). لە لایەکیتریشەوە سوڵتانسلێمان بە لەبیرکردنی بەشێک لەو ڕێککەوتنانەی کە بە دەستپێشخەریی مەلا ئیدریسی بدلیسی لەگەڵ میرەکوردەکاندا کرابوو، گوشاری خستە سەر بەشێک لە میرانیکورد و ناکۆکی لە نێوانیاندا دەستیپێکرد. بۆیە لە ناوەڕاستی سەدەی ١٠ی کۆچیدا، هەردوو ئیمپراتۆریەتی سەفەوی و عوسمانی لە کوردستان بە کردە، یەک سیاسەتییان پەیڕەو دەکرد کە تا ڕادەیەک مەیداندان بە حکوومەتە خۆجێیەکان و کەڵکوەرگرتن بوو لە تواناکانیان لە دژی یەکتر و لە هەمانکاتدا فشار و سەرکوتکردنیان لەکاتی گونجاودا.

یەکەم نیشانەکانی ئەو دۆخە نوێیە لە پێوەندیی لەگەڵ میرنشینی بدلیس دەرکەوت. لە سەروبەندی دەستپێکردنی شەڕ لەگەڵ شاتەهماسب، سوڵتانسلێمان پەنایدا بە یەکێک لە سەرکردە سەرەکییەکانی قزڵباش کە ناوی ئولامە سوڵتانی تەکەلۆ بوو کە لە حکوومەتی سەفەوی یاخی ببوو و بە ڕادەستکردنی حکوومەتی بدلیس بەو، دەیویست پلانەکانی داهاتووی خۆی لە دژی شا تاقی بکاتەوە و سوودی لێوەربگرێت. "داوایان لە میرشەرەف، حاکمی کوردی بدلیس (باپیری میرشەرەفخان، نووسەری کتێبی شەرەفنامە) کرد بە قازانجی ئۆلامە کەنار بگرێت. کاتێک دژایەتیی ئەم فەرمانەی کرد، لەشکرێک بە فەرماندەیی ئۆلامەسوڵتان و فیلپاشا چووە بدلیس و شەرەفخانی کوشت و ئەم میرنشینەی داگیرکرد (٩٣٩ی ک/١٥٣٢ز)" (هەمان، ل٦٦). "دوای ئەم ڕووداوە شەمسەدینبەگ کوڕی شەرەفخانی کوژراو پەنای بۆ دەرباری شاتەهماسب برد" (حسینی استرآبادی، ١٣٦٤:٨٢).

ململانێکان لە سەردەمی شائیسماییلدا تەنیا ئازەربایجان و باکووری کوردستانی لەخۆ گرتبوو، بەڵام لەم قۆناغەدا بەهۆی فراوانبوونی مەیدانی ڕووبەڕووبوونەوەکان، بۆ بەشەکانی باشووری کوردستان و میزۆپۆتامیاش تەنییەوە. بەشێ



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

زۆرتر لەو میرنشـــینەکوردانە کە پێشتر دوورەپەرێز بوون وەک ئەردەڵانەکان، تێوەگلان و ناچاربوون هەڵوێست بگرن و لایەنگری لایەنێکیان بکەن.

## خولی یەکەمی تێکهەڵچوونەکانی شاتەهماسب وسوڵتان سلێمان:

ســـاڵی ٩٤٠ کۆچی، ســـوپای عوســـمانی کە بەشـــێکی لە هێزی عەشـــیرەتە کوردەکان بوو، بە فەرماندەیی ئیبراهیم پاشای سەرۆکوەزیر و بە هاوکاری ئۆلمەسوڵتان تەکەلۆ، لە ڕێگەی کوردســـتانەوە هێرشـــی کردە ســـەر ئازەربایجانی ژێر دەســـەڵاتی سەفەوییەکان و تەورێزی پێتەختی گرت. "پاشان، سوڵتانسلێمان خۆی بۆ چەسپاندنی ئەم ســـەرکەوتنە ڕووی لە ئازەربایجان کرد" (موســـتەفائەمین، ٢٧:٢٠٠٥). بەڵام هاتنی سوڵتان بۆ تەورێز هاوکات بوو لەگەڵ زستانی سەختی ئەو ساڵە و نەبوونی تفاق و ئاڵف بۆ سوپا. هەر بۆیە دەرەتانی ئەوەی نەبوو لەوێ بوەستێت و ""لە ڕێگەی شارەزوور و ناوچەی ژێر دەســـەڵاتی میرنشـــینەکانی ئەردەڵانەوە دەچێتە میزۆپۆتامیا، محەممەدخانی تەکەلۆ حاکمی ســـەفەوی بەغدا لە کار لائەدا و لەو گەرمێنە دەمێنێتەوە" (نوایی و غفاریفرد، 1١١٨:١٣٨). ئەسکەندەربەگی تورکمان دەنووسێت:

"ســوڵتان سلێمان دەرفەتی مانەوەی لە عێراق نەبوو. لەبەر قاتوقڕی نەیتوانی لە ئـازەربـایجـانەوە بگەڕێتەوە، لە ڕێگەی شـــــارەزوورەوە گەڕایەوە کە ئـاوەدان بوو..." (بیگمنشی، ٦٨:١٣٥٠).

لەم هەلومەرجەدا ئاوەدانی شـــــارەزوور لەم کاتەدا چەســـپێنەری گریمانەی بێلایەنی و دووربوونی میرنشـینی ئەردەڵان لە ململانێکانی پێشـووی ئێران و عوسـمانیە. سـەرەڕای ئەمەش کاتێک سـوپای سـوڵتانسـلێمان بە خاکەکەیاندا تێپەڕی، تێوەگلان. هەرچەندە ســـەرچاوەکان باس لەم بابەتە ناکەن، بەڵام ســـرووشـــتییە کە بگەبەگی، حـــاکمی ئەردەڵان (٩٠٠-٩٤٢ ک/ ١٤٩٤-١٥٣٦ز) لێرەوە، بە جیـــدی لە دابینکردنی پێداویسـتیی سـوپای عوسـمانیدا هاوکاری کردووە. هەروەها کاتێک سـوڵتان لە بەغدا بوو، نێردراوێکی بۆ لای بگەبەگ ناردووە و داوای هاوکاریی لێکردووە بۆ گواستنەوەی هەندێک کەرەستەی سوپا. بەگەبەگیش ئەم ئەرکەی بەباشی جێبەجێ کردووە. دوای مردنی بگەبەگ (٩٤٢ ک/١٥٣٦ز)، *حکوومەتی عوسمانی بووە بە مەترسیی سەرەکی بۆ سەر میرنشینی ئەردەڵان.*



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی

یەکێک لە لایەنە هەرەگرنگەکانی ململانێی سەفەوی و عوسمانی لە پێوەندی لەگەڵ میرنشینە کوردییەکان، تێوەگلانیان لە شەڕە جێگرایەتیەکانی ئەم دوو زلهێزە بووە. دەتوانین بڵێین شەڕی ئێران و عوسمانی هەم هۆکار و هەم بەرهۆی ململانێ ناوخۆییەکانی میرنشینە کوردییەکان بووە. هەندێک جار تەنیا بوونی میرێک لە بەرەی یەکێک لەو دوو زلهێزەدا بووەتە هۆی ئەوەی کە میرە هاوپەیمانەکانیان لە ڕاستای بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتی گەورەتردا ببنە دوژمن. هەندێک جاریش پێچەوانە ڕوویداوە، واتە دوو خێڵ یان میرنشینی دراوسێ کە ململانێی کۆنیان لەسەر لەوەڕگە یان خاک و... هەبوو، هەریەکەیان هاوپەیمانییەکی جیاوازیان هەبووە لە نێو سەفەوییەکان و عوسمانییەکان. ئەمەش وای ئەکرد کە لە کاتی شەڕەکانی نێوان ئەو دوو ئیمپراتۆریەدا، کوردستان ببێتە گۆڕەپانی شەڕ و ململانێی خوێناوی نێوخۆیی میرنشین و هۆزەکانی کورد. "ساڵی ٩٤٨ی کۆچی، سوڵتانسلێمان میرانی عمادییە و هەکاری و برادۆستی ناردە سەر میری موکری، کە سەرۆکەکانی دوای مردنی سارم بەگ (لەوانەیە بەهۆی نزیکبوونیان لە خاکی سەفەوی، خۆیان لە مەترسیی و هەڕەشەی بەردەوامی قزڵباشدا دیتبێت) گوێڕایەڵییان بۆ شاتەهماسب ڕاگەیاندبوو. لەو شەڕەدا سێ میری موکری کوژران" (بدلیسی، ١٣٤٣: ٦٨). جێگای تێڕامانە دوای ئەمەش سوڵتانسەلیم میرێکی موکری لە جێیان دادەنێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە خودی میرەکوردەکان کە لەگەڵ یەک شەڕیان کردووە، دوژمنایەتییان لەگەڵ یەک نەبووە بەڵکوو لە پلەی یەکەمدا لە ڕاستای دابینکردنی بەرژەوەندیی عوسمانیەکاندا بووە. لە ڕوویەکیتریشەوە بڕێ جار شەڕ و ململانێی ناوخۆیی دوو خێڵ یان چەند میرنشینیکوردیی کاریگەر بووە لە سەر هەڵوێست و ململانێی سەفەوی و عوسمانی.

**سووڕی دووهەمی شەڕ و تێکهەڵچوونەکان:**

ساڵی ٩٥٤ک/١٥٤٧ز)، سوڵتانسلێمان بە هاوکاریی ئەڵقاس میرزای برای یاخیبووی شاتەهماسب، دووەم لەشکرکێشی گەورەی خۆی لە ڕێگەی کوردستانەوە بۆ ناوچەی ئازەربایجان دەستپێکرد. شاتەهماسب، دوای ئاگاداربوونی، لە شەنب غەزان لە تەورێز ڕاوەستا و فەرمانی بە ئیسماعیلمیرزا کرد کە ئەو سامانە گرینگانەی نێو خاکی دوژمن بە درێژایی ڕێگا (ئازەربایجان و کوردستان) بفەوتێنێ بۆ ئەوەی کێشە بۆ سوپای عوسمانی دروست بکات. ئەگەرچی سوڵتانسلێمان بۆ جاری دووەم تەورێزی داگیرکرد، بەڵام بەهۆی دابین نەکردنی پێداویستیی سوپا و ئۆپەراسیۆنە هێرشبەرەکانی قزڵباش، نەیتوانی زیاتر لە چوار ڕۆژ لەوێ بمێنێتەوە. بۆیە بەرەو کوردستان و دیاربەکر گەڕایەوە و بۆ پاراستنی ئەو ناوچانە سوپایەکی لە قەڵای وان بە

جێهێشت. "دوای گەڕانەوەی سوڵتان‌سلێمان، سەفەوییەکان بە فەرماندەیی دوو شازادە (ئیسماعیل‌میرزا و بارام‌میرزا) زەنجیرەیەک ئۆپەراسیۆنیان دەستپێکرد. هێرشێکیان بۆ سەر باکووری کوردستان دەستپێکرد و ئامانجیان گرتنی عادلجواز و قارس بوو" (حسینی استرآبادی، ١٣٦٤: ٧٣-٧٢).

هەرچەندە شاتەهماسب هاوشێوەی سوڵتان‌سلێمان، سەرکەوتنی بەردەوامی لە باکووری کوردستان بەدەست نەهێنا و زۆرینەی میرنشینە کوردییەکان لەو ناوچانە بە ژێردەستی حکوومەتی عوسمانی مانەوە، بەڵام دیسان بوونی سەفەوییەکان وەک سەنگێکی قورس لە هاوکێشەکانی ئەم ناوچانە چەسپا. لەم ناوچانەدا بەشێک لە هۆزە کوردەکان هاوپەیمانی عوسمانی و هەندێکیشیان هاوپەیمانی سەفەوی بوون و زۆربەیان بەپێی زیاد و کەم بوونەوەی دەسەڵاتی ئەو دوو لایەنە و هەروەها ڕەچاوکردنی پێویستیی بەرژەوەندیی خۆیان، پێگەیان دەگۆڕی.

لە باشوور، هاوپەیمانی سورخاب‌بەگی ئەردەڵان لەگەڵ شاتەهماسب، لە چاو حاکمەکانی باکووری کوردستان، سەقامگیرتر و بەردەوامتر بوو. دوای هاوپەیمانی لەگەڵ شاتەهماسب لە ساڵی ٩٤٤ی کۆچی، سورخاب‌بەگ هاوکارییەکی کاریگەر و بێ‌پچڕانی لەگەڵ سەفەوییەکان هەبوو. "چەندین جار بە یارمەتی سوپای نێردراوی شاتەهماسب توانی مەترسیی عوسمانییەکان کە لە دوای یەخسیربوونی مەئموون‌بەگی دووهەمی برازای، بە ڕوونی خۆی دەرخستبوو (ساڵی ٩٤٤ی کۆچی)، لە خۆی و میرنشینەکەی دوور بخاتەوە" (ابن منوچهر، ١٥:٢٥٣٦).

"لە ساڵی ٩٥٦ی کۆچی، سورخاب‌بەگ، برای یاخی‌بووی شاتەهماسبی واتە ئەڵقاس‌میرزا کە هاوپەیمانی عوسمانییەکان بوو و تووشی شکست هاتبوو و لە قەڵای مەریوان خۆی تەسلیمی ئەو کردبوو، ڕەوانەی لای شاتەهماسب کرد و بەمکارە پێگە و ڕێزی خۆی لای پاشا زیاد کرد" (روملو، ٣٤٠:١٣٤٢).

لە دراوسێیەتی میرنشینی ئەردەڵان، میرانی کەلهوڕی پاڵنگانیش، لەم کاتەدا پەیوەندییەکی نزیکیان لەگەڵ سەفەوییەکان دامەزراندبوو. بە گوتەی بدلیسی، "محمەدبن‌غەیبوڵڵابەگ میری پاڵنگان کە پیاوێکی زۆر زانا بووە و قوتابخانە و مزگەوتێکی لە پاڵنگان درووست کردبوو، لەگەڵ کچی شاتەهماسبی سەفەوی هاوسەر گیری کرد. دوای ئەویش میرئەسکەندەری کوڕی بەردەوام بوو لە گوێڕایەڵیی شاتەهماسب و شائیسماییلی دووهەم جێنشینی" (بدلیسی، ٤١٠:١٣٤٣).

*"ماوەیەک دواتر هاوکات لەگەڵ سەردەمی شاعەبباس یەکەم (٩٦٥-١٣٠٨/١٥٨٧-١٦٢٩) دەسەڵاتی میرانی کەلهوڕ بەسەر پاڵنگاندا کۆتایی هات و ئەم*



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

*ناوچەیە لەلایەن میرنشینی دراوسێ و گەورەترەوە واتە میرنشینی ئەردەڵان دەستی بەسەردا گیرا" (قاضی، ۱۳۸۷: ۱۰۰).*

**سووڕی سێهەمی شەڕ و تێکهەڵچوونەکان:**

لە سـاڵی ۹۵۹ی کۆچیدا، خولێکی نوێی ململانێی نێوان سەفەوی و عوسمانییەکان هەڵگیرسا. لەم قۆناغەدا فەرمانڕەوا و هۆزەکانی کورد ڕۆڵێکی گەورەیان هەبوو بەتایبەت لە سوپای عوسمانیدا. هۆکاری سەرەکیش بۆ هەبوونی ڕێژەیەکی زۆر میرنشین و هۆز لە باکووری کوردستان و لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی ئیمپراتۆری عوسمانیدا دەگەڕایەوە. لەم کاتەدا ئەسکەندەربەگی وان فاکتەری سەرەکی بوو بۆ هێنانی کورد بۆ مەیدان دژ بە حکوومەتی سەفەوی. سەرەڕای ئەمەش کورد لە ئۆردووگای بەرامبەردا ڕۆڵی چالاکانەی هەبوو. لە نێو ئەو فەرماندانەی کە شاتەهماسب لە ساڵی(۹۵۹ک/۱۵۵۱ز)دا بۆ شەڕکردن لەگەڵ ئەسکەندەر پاشای وان ناردنی، سەرەڕای باڵادەستیی بەرچاوی قزڵباش، هەندێک فەرماندەی کورد دیارن. "لە نێو ئەو فەرماندانەی کە ڕەنگە فەرماندەیی بەشێک لە عەشیرەتەکەی (ڕۆژەکی)یان کردبێت، میر شەمسەدینی کورد(... باوکی شەرەفخان بدلیسی نووسەری کتێبی شەرەفنامە ...)" (قمی، ۱۳۵۸ :۳۵۳) کە پێشتر لە بەرامبەر گوشاری عوسمانییەکان پەیوەندی بە شاتەهماسبەوە کردبوو و وێدەچێت بەشێک لە عەشیرەتی ڕۆژەکیش لەم کۆچەدا هاوڕێییان کردبێت.

"دوای سەرکەوتنە سەرەتاییەکانی ئیسماعیل میرزا، شاتەهماسب خۆی بە سەرۆکایەتیی لەشکرێک بەرەو ناوچەکانی باکووری کوردستان ڕۆیشت و لە یەکەم هەنگاودا لە ۲۵ی ربیع‌الاول ساڵی ۹٦۰ کۆچی، قەڵای ئەرجیشی گرت کە دەکەوێتە باکووری دەریاچەی وان و بەرگریکارەکانی زۆربەیان کوردانی لایەنگری عوسمانی بوون" (حسینی استرآبادی، ۱۳٦٤: ۷۷). لەگەڵ نزیکبوونەوەی سوپای سەفەوی، ئەمانیش دڵسۆزیی خۆیان بۆ عوسمانییەکان لەبیرکرد و هاوکاریی ئەو سوپایەیان دەکرد کە گەمارۆیان دابوو بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکانیان.

**ئاشتی ئاماسیە: (۹٦۲ک/ ۱۵۵۵ز)**

"سوڵتانسلێمان کە لە حەلەب بوو، لە ڕێگەی کوردستانەوە چووە ئازەربایجان و شاتەهماسبیش، دوای ئەوەی نەخجەوانی بەجێهێشت، لە ناوچەی یەیلاغچای ئازەربایجان بارەگای دانا" (نوایی وغفاری‌فرد، ۱۳۸۱: ۱۲۱). بەڵام ئەم هەڵمەتانە نەبوونە هۆی ڕووبەڕووبوونەوەیان و تەنانەت بە پێچەوانەی جارانی پێشووش، سوپای عوسمانی بەرەو

تەورێز و ئازەربایجان پێشڕەوی نەکرد. سـوڵتانسـلێمان دوای گەیشـتنی بە نەخجەوان گەڕایەوە ئەرزڕووم و پەیامێکی ئاشتیخوازانەی بۆ شـاتەهماسـب نارد. "شـاتەهماسـب، لە یەکێک لە شەڕەکاندا، توانی سێنانپاشا یەکێ لە سـەرکردەکانی سوپای عوسـمانی دەســتگیر بکات. نەیکوشــت و لەگەڵ شــاقولیبەگی قاجار ڕەوانەی لای ســوڵتانی عوسمانی کرد و خواستی خۆی بۆ ئاشتی ڕاگەیاند" (هەمان، ل١٢١). ئەم ئامادەکاریانە، بووە هۆی واژۆکردنی یەکەمین ڕێککەوتنی ئـاشــتی لە نێوان ســـەفەوییەکـان و عوســـمانییەکان لە ئاماســـیە (٩٦٢ک/١٥٥٥ز). لەم ڕێککەوتنەدا، بە پێی قورســـایی هێزەکانی هەر دوولا، ئەرمەنستان، گورجستان، کوردستان، بەشێکی عەرەبستان بە سەر هەر دوو دەوڵەتدا دابەشکران.

لە ماوەی شەڕی ٢٠ ساڵەدا، شاکانی سەفەوی لە ناوەوە ئاڵوگۆڕی دیموگرافییان ئەکرد، جێگۆڕکێیـان بە ئێڵەکـانی کورد، لوڕ و تورکمـان و ئـازەری... هتـد ئەکرد. "شـائیسـماییل بۆ بەهێزکردنی سـنووری خۆراسـان لە بەرامبەر هێرشـی ئۆزبەکدا، ئێڵی کوردی قەرامانلوی لە کوردسـتانەوە بۆ خۆراسـان گوێزایەوە" (توحدی، ١٣٦٤:١٣٧). "دوای ئەویش شــاتەهماســبی کوڕی بەشــێکی گەورەی ئێڵە کوردەکانی زەنگەنە، چگنی، زیک، کەلهوڕی لە کوردســتانەوە برد بۆ خۆراســان" (هەمان، ل١٥٢). ســوڵتانسـلێمانی قانوونییش هەر بۆ هەمان مەبەســـت هەندێ لە ئێڵەکوردەکانی گوێزایەوە بۆ ســـەر سنوورەکان.

ڕێککەوتنی ئاشـتیی ئاماسـیە لە سـاڵانی دوایی دەسـەڵاتی شـاتەهماسـب و لە ماوەی کورتی دەسەڵاتی شائیسماییلی دووەمی(٩٨٣-٩٨٤ک/١٥٧٦-١٥٧٧ز)جێنشینیدا هەروا لەلایەن هەر دوولاوە ڕێزی لێگیرا (تا ســـاڵی ٩٨٥ک/١٥٧٨ز). ئەم ماوەیە بە ئارامییەکی نیســـبییەوە تێپەڕێندرا بەڵام بە پێی بڕیارنامەکە ناوچەی کوردســـتان لە نێوانیاندا دابەشـکرا. بە پێی ئەمەش بەشـی هەرە زۆری باکووری کوردسـتان کە لە مەلاتیەوە لە ڕۆژئاوا و تا ناوچەی بایەزید لە ڕۆژهەڵاتدا مەودای بوو، بە عوســـمانی درا. لەم ناوچەیەدا تەنیا لێوارێکی شـاخاوی و کوردنشـینی ڕۆژئاوای گۆلی ورمێ کە خاکی میرنشـینە کوردییەکانی وەک دونبولی، مەحموودی و برادۆســـت بوو، لە ژێر ڕکێفی حکوومەتی ســـەفەویدا مایەوە. بەڵام لە باشـوور سـەفەوییەکان زۆرتر دەسـتیان بەسـەر ناوچە کورد نشـینەکاندا گرت. "بەپێی هەندێک زانیاری، سـورخاببەگی ئەردەڵان، کە لە سـەرەتای حوکمڕانییەوە لەگەڵ شـــاتەهماســـب هاوپەیمان و گوێڕایەڵی بوو، لە کاتی مەرگدا (٩٧٥ک/١٥٦٧ز)، ناوچەیەکی بەربڵاو کە لە ڕۆژئاوا تا ســـنوورەکانی ڕواندز و عمادیەی دەگرتەوە، لە دەستیدا بوو" (ئەلحوسەینی، ٢٠٠٢:١٦). هەروەها سەرەڕای ئەوەی کە بە پێی بڕیارنامەی ئاماسـیە سـەفەوییەکان میزۆپۆتامیا و بەغدایان ڕادەسـتی عوسـمانیەکان کردبوو، بەڵام بە پێی ئەوەی ناوچە شـاخاوییەکانی زاگرۆس سـەر بە سـەفەوی بوون،



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینی کوردی

هۆزی کەڵهۆر و هەر دوو میرنشینی باکوور و باشوور (پاڵنگان و دۆڵی تەنگ[^٨]) لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی سەفەویدا و لە پەیوەندیی بەردەوام لەگەڵیدا مانەوە.

**٦- لە کۆچیدوایی شاتەهماسبەوە تا دەستبەکاربوونی شاعەبباسی یەکەم (٩٨٤-٩٩٦ ک/ ١٥٧٦-١٥٨٧ز)**

**- شائیسماییلی دووەم (٩٨٤-٩٨٥ ک/١٥٧٦-١٥٧٧ز):**

لە ماوەی کورت و بەپەلەی سەردەمی شائیسماییلی دووەمدا، هیچ گۆڕانکارییەکی گەورە لە پەیوەندییەکانی نێوان حکوومەتی سەفەوی و میرەکوردەکاندا ڕووی نەدا. بۆیە ئەو میرنشین و هۆزانەی کورد کە بە پێی ڕێکەوتننامەی ئاماسیە لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی سەفەویدا هەڵکەوتبوون، لە سەردەمی شائیسماییلی دووەمیشدا بەردەوام گوێڕایەڵی حکوومەتەکەی بوون. بە گوتەی بدلیسی، "دوای ئەوەی شائیسماییلی دووەم دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت، مەنسوربەگ، یەکێک لە میرانی مەحموودی، هاتە لای و دڵسۆزیی خۆی ڕاگەیاند و لەلایەن پاشاوە وەرگیرا و زۆر لاواندیان" (**بدلیسی**، ١٣٤٣:٣٩٤). لەم ناوچەیەدا فەرمانڕەواکانی دونبولیش بە هاوپەیمان و ژێردەستەی سەفەوییەکان دادەنران. سەبارەت بە میرنشینی موکریانیش دۆخەکە هەر وەها بوو.

دوو کوڕەمیری ئەردەڵانی بە ناوکانی تەیموورخان و هەڵۆخان لە قەزوێن لە بەساتبەگی مامیان (٩٧٥-٩٨٥ ک/ ١٥٦٧-١٥٧٧ز) یاخیبوون و دوای ئەو یاخیگەرییە، بەساتبەگ بۆ سەرکوتکردنی ئاژاوەکە دەکەوێتە جووڵە. ئەوان پەنا دەبەنە لای شائیسماییلی دووەم. ئەمە هەلێکی باش بووە بۆ دەستێوەردانی شائیسماییل لە کاروباری میرنشینی ئەردەڵان کە سەرەڕای هاوپەیمانیان لە دژ عوسمانییەکان، سەربەخۆیی ناوخۆییان پاراستبوو. "وێدەچێت شائیسماییلی دووەم و ئەندامانی حکوومەتی سەفەوی ویستوویانە ئەم دەرفەتە بەکاربهێنن بۆ لاوازکردنی میرنشینی ئەردەڵان، و تەیموورخان و هەڵۆخانیش بەم بۆنەوە قەبووڵکران و پێشوازییان لێکرا. بەڵام "پێش ئەوەی هیچ هەنگاوێکی کردەیی بگرنەبەر بۆ پشتگیریکردنیان، مردنی بەساتبەگ و شائیسماییلی دووەم، کە لە ماوەیەکی زۆر نزیک لە یەکترەوە ڕوویدا (ساڵی ٩٨٥ک/١٥٧٧ز)، کۆتایی بە ئاژاوەکە هێنا" (کردستانی، بی تا: ٩٨). دوای ئەوە تەیموورخان بەبێ هیچ دژبەرێ لەسەر کورسی میرنشینی ئەردەڵان جێگیر بوو.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

**شامحەممەد خودابەندە (٩٨٥-٩٩٦ک/١٥٧٨-١٥٨٧ز):**

زۆر کەس محەممەدخودابەندە بە یەکێک لە پاشالاوازەکانی سەفەوی دەزانن. "ناتەواوی جەستە و دڵناسکی و بەبەزەیی‌بوونی، بەستێنی بۆ دەستێوەردانی سەرکردەکانی قزڵباش لە کاروباری وڵاتدا، کە تەنانەت لە دوای شکستی چاڵدارانەوە، پێگەی شا لایان وەک سەرکردە و سێبەری خواوەند لە سەر زەوی، لەرزۆک بوو، ئامادە کردبوو. لەم قۆناغەدا دەسەڵاتی عەشیرەتەکانی قزڵباش ببوو بە گەورەترین فاکتەری ناسەقامگیریی"(سیوری، ١٣٧٥: ٦٨). هەروەها لاوازیی دەسەڵاتی پاشا، وەک دامەزراوەیەک کە هۆکاری هاوسەنگیی دەسەڵاتی تورک و تاجیک (بەرەی شمشێر و بەرەی قەڵەم) لە حکوومەتی سەفەویدا بوو، ببوو بە هۆکاری ناکۆکی و ململانێی نێوان ئەم دوو توخمە و کێشە و ئاژاوەی زیاتری لێکەوتەوە. بۆیە کاتێک داگیرکارییەکانی عوسمانی دەستی پێکردەوە، حکوومەتی سەفەوی لە دۆخێکی لاوازدا بوو." لە سەرەتای دەسەڵاتی شامحەممەدی خودابەندە، سوڵتانموڕادی سێیەم بە پێچەوانەی مەرجەکانی پەیمانی ئاشتیی ئاماسیە کە تا ئەوکاتە لەلایەن هەردوولاوە ڕێزی لێدەگیرا، بڕیاریدا هێرش بکاتە سەر ئێران. هۆکاری دەستپێکی ئەم لەشکرکێشییە، ململانێی سنووری نێوان میرەکوردەکان بوو". (بدلیسی، ج١، ١٣٤٣: ٤٠٦- ٤٠٨)

ساڵی ٩٨٦ی کۆچی، فەرهادپاشا، ژنراڵی عوسمانی، ڕاسپێردرا بۆ هێرشکردنە سەر ئێران و داگیرکردنی ئازەربایجان و شیروان. بەم شێوەیە، "دوای دوو دەیە ئارامی، زنجیرە شەڕێکی دیکە دەستی پێکرد کە سەرەڕای ئازایەتی و چاونەترسیی هەمزەمیرزا، جێنشینی شامحەممەدی‌خودابەندە، بەرهەمی باڵادەستی و پێشکەوتنی عوسمانییەکان بوو و لە ڕەمەزانی ساڵی ٩٩٣ی کۆچیدا تەورێزیشیان گرت و بۆ پتەوکردنی پێگەی خۆیان، قەڵا و دژی بەرگرییان تێدا دروست کرد"(بیانی، ١٣٥٣:١٧٢). باڵادەستیی عوسمانییەکان لە ئازەربایجان و کوردستان، زۆرێک لە عەشیرەت و میرنشینە کوردییەکانی پاڵپشتی سەفەوییەکانی ناچار کرد بە هەڵوێستی خۆیاندا بچنەوە. تەیموورخانی ئەردەڵان کە هەر لە سەردەمی دەسەڵاتداری شامحەممەدی خودابەندەوە لەسەر تەختی میرنشینی ئەردەڵان دانیشتبوو، سوودی لە لاوازیی حکوومەتی سەفەوی و پێویستیی عوسمانییەکان بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی وەرگرت و ئەم میرنشینەی گەیاندە ئەوپەڕی دەسەڵات و فراوانبوونی لە سەردەمی سەفەویدا. (زکی‌بیگ، ١٣٨٨: ٢١٨)

لە سەردەمی شامحەممەدی خودابەندەدا، دەسەڵاتی حکوومەتی سەفەوی لە ناوچە کوردنشینەکاندا تەواو ببوو. "سەبارەت بە ناوەند و باشووری کوردستان، واتە ئەردەڵان و کەلهوڕ، کە سەفەوییەکان بە شێوەی نەریتی تا ناو جەرگەی کوردستانیان

لە ژێر ڕکێفدا بوو و تەنانەت لوڕستانیش، هیچ میرنشینێکی کوردی لە ژێردەسەڵاتی حکوومەتی سەفەویدا نەمایەوە. وێدەچێت هەر لەو ماوەیەدا دەسەڵاتی فەرمانڕەواکانی کەلهوڕ بەسەر پاڵەنگانیشدا کۆتایی هاتبێت. چوونکە بە گوتەی بدلیسی "سوپای شارەزوور پاڵنگانی گرت" (بدلیسی، ١٣٤٣:٤١٠).

### ٧- هاتنی شاعەبباسی یەکەم تا ڕێککەوتنی پەیماننامەی زەهاب (٩٩٦-١٠٤٩ ک/(١٥٨٧-١٦٣٩ز)

**قۆناغی لاوازیی شاعەبباس:**

کاتێک شاعەبباسی یەکەم بە یارمەتیی سەرکردەکانی قزڵباش و بە لادانی شامحەممەدی خوابەندەی باوکی دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت، میراتبەری دۆخی شێوانشێوی باوکی بوو. سەرەتا مێرمندداڵێکی کەمئەزموون بوو. فەرماندە سەرکێشەکانی قزڵباش کە خۆیان بە خاوەن مافی فەرمانڕەوایی دەزانی، وەک ئامراز سەیریان دەکرد. بۆیە زۆر بوێرانە ڕووبەڕووی قزڵباشەکان لە ناوخۆ و دوژمنانی دەرەکیش (ئوزبەکەکان لە ڕۆژهەڵات، عوسمانییەکان لە ڕۆژئاوا) وەستا. پشێوی دەرباری سەفەوی، سوڵتانسەلیمی دووەم (٩٨٢-١٠٠٤ک /١٥٦٦-١٥٧٤ز) هاندا کە درێژە بە سەرکەوتنەکانی لە ئێران بدات.

"ساڵی ٩٩٨ ک/١٥٨٩ز)لەگەڵ عوسمانییەکان پەیماننامە[٩]ی ئاشتی واژۆ کرد، کە لەسەر بنەمای ئەو پەیمان نامەیە دەسەڵاتی عوسمانییەکان بە سەر بەشێک لە دەوڵەمەندترین میرنشینەکانی ڕۆژئاوا وەک ئازەربایجان و کوردستان بە فەرمی دەناسرا"( سیوری، ١٣٧٥: ٧٥). قەبووڵکردنی ئەو جۆرە هەلومەرجە ئاڵۆزە، لاوازیی پێگەی شاعەبباس دەردەخات لە کاتێ کە هاتە سەر تەخت.

لە کوردستانیش بارودۆخی لاوازیی سەفەوی سەردەمی شامحەممەدی خودابەندە بۆ شاعەبباس مایەوە. بەو مانایەیە کە حکوومەتی سەفەوی دەسەڵاتی بە سەر ناوچە کوردنشینەکانەوە تەواو و پەیوەندی بە میرنشینەکوردییەکانەوە پچڕابوو. لەم سەردەمەدا زۆرینەی میرانی کورد، تەنانەت ئەوانەی وەک ئەردەڵان و سەرۆکعەشیرەتەکانی کەلهوڕ کە کەمتر بەر کاریگەریی عوسمانی کەوتبوون، بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان، پشتیان لە سەفەویی لاواز و ڕوویان لە بەرەی عوسمانی کرد. ئەم دۆخە تا ساڵی ( ١٠١٢ک/١٦٠٣ز) و گەڕانەوەی سەفەوییەکان بەردەوام بوو.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

**گەڕانەوەی سەفەوییەکان بۆ کوردستان (١٠١٢-١٠١٥ ک/ ١٦٠٣-١٦٠٦ز):**

شــاعەبباس لە نێوان ســاڵانی ٩٩٨ بۆ ١٠١٢ی کۆچی(١٥٨٩/١٦٠٣ز)، ســەرقاڵی ڕێکخستنی کاروباری وڵات و شەڕی بەرەی ڕۆژهەڵات و ملکەچکردنی یاخیبووانی وڵات بوو. خۆی لە دۆخێکــدا دیتەوە کە بتوانێــت ڕووبەڕووی بەهێزترین دوژمنی خۆی واتە عوســمانی ببێتەوە. بۆیە ســاڵی(١٠١٢ک/١٦٠٣ز) لە نەبوونی هێزەکانی عوســمانیدا، بە ئاسانی دەچێتە ناو تەوریز. داگیرکردنی تەوریز بە مانای سەرهەڵدانەوەی سەفەوییەکان لە ئازەربایجان (دوای ٢٧ ســاڵ داگیرکاری عوســمانی) و پێشــڕەوی نزیکیان بۆ ناوچە کوردنشــینەکــان بوو. میرانی کورد نــاچــار بوون لەم بــارودۆخە نوێیەدا بەرامبەر بە حکوومەتی ســەفەوی هەڵوێســت بگرن. "هەموو شــاکانی عەجەم، بە پێی توانای خۆیان، درێژەیان بە هەمان سیاسەتی شائیسمابیلی یەکەم ئەدا بەرانبەر بە کورد. ئەم سیاسەتە لە ســەردەمی شــاعەبباســی یەکەمدا (٩٩٦-١٠٣٨ک/١٥٨٧-١٦٢٨ز) چووە قۆناغێکی نوێی جێبەجێکردنەوە کە لە سەر سێ پایەی سەرەکی دامەزرابوو":

١. گۆڕینی بنەڕەتیی هەلومەرجی دێموگرافی ســەرووی ڕۆژهەڵاتی کوردســتان و ڕاگوێزانی ئێڵە گەورەکانی کورد بۆ ناوچە دوورەکانی سەرووی ڕۆژهەڵاتی ئێران، بەتایبەتی بۆ خۆراسان و هێنان و جێگۆڕکێی ئێڵە ئازەرییەکان بۆ کوردستان،
٢. هەوڵدان بۆ گۆڕینی زۆرەملێیی مەزهەبی خەڵکی کوردستان لە سونییەوە بۆ شیعە،
٣. ســەرکوتکردنی بێبەزەیی و توندوتیژی هەموو ســەرکێشــییەکانی کورد (مستەفائەمین، ٢٠٠٥: ٢٦)،(منجم ،صص٣٨٤ و٣٨٥، ٣٨٧)، (بیگ منشی ،ج٢،ص٨١٣)

پاشــاکانی ســەفەوی ئەمانیان بە ئەمارەتە کوردییەکان نەدەدا، شــاعەبباســی ســەفەوی بەردی بناغەی قەڵای دمدم، ناوەندی فەرمانڕەوایی ئەمیرخانی برادۆســت "خانیلەپزێڕین"ی دەرهێنا. ئەمجار ســوپای قزڵباشــی وەســەر ئەمارەتی موکری گێڕا و کارەساتی موکریقڕانی خوڵقاند. کاتبی تایبەتیی شاعەبباس نووسیویەتی:

"... ئاورگی عێلی موکری کوژاوە، پیاوەکانیان بوونە خۆراکی شــمشــێرە ناودارەکان، ژن و مناڵیان زەلیل کران و بە دیلگیران..." (ترکمان، ١٣٨٠:٤١١).

"شاعباس دوای ئەو قەڵاچۆکردنەش دەستبەرداریان نەبوو، دەستووری بە سەرۆک عەشــیرەکوردییەکان دا، ئەوانەی لە چنگی قزڵباش هەڵاتوون، بیانگرن و بیانکوژن، ئەگینا بە دەردی ئێلی موکریان دەبا" (فلســفی، ١٤٠١:٨٩٩). "شــاعەبباس بەوەندەشــەوە نەوەســتا و زیاتر لە پەنجاهەزار بنەماڵەی عەشــیرەتی جەلالی بۆ خۆراســان کۆچ پێدا" (مەدەنی، ١٣٨٠:٤١١).


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینین کوردی

یەکێ لە شێوازەکانی سوپای عەجەم بە درێژایی مێژوو بۆ زەبر وەشاندن لە کورد و داگیرکاریی خاکی کوردان، سوێندی درۆ و ئەمانپێدان و فێڵ لێکردن بووە کە خۆیان بە "لطائف الحیل" ناوی لێدەبەن. کاتێ ویستیان قەڵای حسەینسوڵتانی ناوچەی لەیلانی مەراغە داگیر بکەن، چەکی سەرەکییان "لطائف الحیل" بوو و کوردی خۆشباوەڕیش وەک نەریتی هەمیشەیی هەڵخڵەتا. دوای ئەوەی خەڵکی لە قەڵاکە وەدەرکەوتن، هەر هەموویان کوشتن و ژن و منداڵیان یەخسیر کران بێئەوەی خوێن لە لووتی یەکێ لە سوپای عەجەمەوە بێت.

"لە ساڵی ١٠١٩ک(١٦١٠ز)شا (عەباس) خۆی دەچێتە مەراغە و وا خۆی نیشان ئەدا کە گوایە میهرەبانە لەگەڵ قوبادخان. ئەویش فریوی ڕواڵەتی خوارد، "قوبادخان لەگەڵ کۆمەڵێ کەسی بەڕێز و سەدوپەنجا سوارچاکادا چوونە لای پاشا و هەر کە چوونە ناو کۆشکی شاهانە، ئەو و ئاغاکانی هاوڕێیان کوشت. دەیانویست ئەوانیتریش بکوژن زوو پێیان زانی و هەڵهاتن..." (زکیبیگ، ١٣٨١: ١٤٦).

زەبروزەنگی خوێناوی شاعەبباس ئەگەرچی زەرەری گیانی و ماڵی زۆری لە ئێڵەکانی موکریان و برادۆستدا، بەڵام نەیتوانی گیانی بەرەنگارییان تێدا بکوژێ. "پاش شەشساڵ لە داگیرکردنی قەڵای دمدم، کوردەکانی برادۆست سەر لە نوێ قەڵاکەیان ئازاد کرد و ناوچەکەیان گرتەوە دەست، بەڵام هێزی قزڵباش چوە سەریان و بۆ جاری دووەم قەڵای دمدمیان لە دەست کورد دەرهێنا" (مستەفائەمین، ٢٠٠٥:٣١).

دیارە کە خایاندنی باڵادەستیی سەفەوییەکان لەو بەشەی ناوچە کوردنشینەکان کە لە ژێر دەسەڵاتیاندا بوو، دەرەنگ یان زوو ناکۆکی لە نێوان بەرژەوەندییەکانی حکوومەتی ناوەندی کە لەو سەردەمەدا مەیلی ناوەندگەرایی بەهێزی هەبوو، لەگەڵ عەشیرەتە کوردییەکان و میرنشینەکان دروست دەکرد کە مەیلیان بەرەو سەربەخۆیی و خودموختاری بوو. لەمەودوا (١٠١٥ک/١٦٠٦ز) تا کۆتایی سەردەمی شاعەبباس، جاروبار شاهیدی تێگیرانیان هەین. بێگومان پێگەی هەستیار و سنووری میرنشینە کوردییەکان لە تەنیشت ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، کە هێشتا شەڕ لەگەڵیاندا بەردەوام بوو، تا ڕادەیەک ئەمەی میانەڕەو کرد و ڕێگر بوو لە لکاندنی تەواوەتیی میرنشینە کوردییەکان بە خاکی حکوومەتی ناوەندییەوە.

لەم سەردەمەدا هەرچەندە حکوومەتی سەفەوی بە شێوەی جۆراوجۆر هەوڵی لاوازکردن و دروستکردنی ناتەبایی لە نێوان میرنشینە کوردییەکان دا و بە توندی وەڵامی هەر نافەرمانییەکی دایەوە، بەڵام هیچ هەنگاوێکی بۆ هەڵوەشاندنەوەی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

سیستەمی میرنشینی لە كوردستاندا نەگرتەبەر.

پێكدادان لەگەڵ میرنشینەكوردەكان لە میرنشینی برادۆستەوە دەستی پێكرد. ئەمیرخانی برادۆست كە بە فەرمانڕەوای "ئورمی و ئوشنی" ناودەبرێت (منجم، ٤٠١:١٣٦٦)، "لەم سەردەمەدا بوو بە دەسەڵاتدارترین حاكمی ڕۆژئاوای گۆلی ورمێ و جگە لە حوكمڕانی ورمێ و ئەشنۆیە، بەرپرسیاریێتی هۆزەكانی كورد لە ناوچەی تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ (ڕۆژئاوای ورمێ) و سۆما و برادۆستی لە ئەستۆ بووە" (بدلیسی، ١٣٤٣: ٨٥).

لە ساڵی( ١٠٢١ك/1612ز) دوو ساڵ دوای كۆمەڵكوژی موكرییەكان، هاوكاریی ئەوان لەگەڵ حكوومەتی سەفەوی لە دژی ئیبراهیمبەگی بولبولان، میرێكی دیكەی كورد دەبینین. ئیبراهیمبەگ چەند جارێك بە تاڵانكردنی ورمێ و ناوچەكانی دەوروبەری تۆمەتبار كرابوو. بۆیە شاعەبباس فەرمانی سوپایەكی ئامادە بە سەركردایەتیی هاوبەشی شێرسوڵتانی موكری و سەردارێكی قزڵباش بۆ سەركوتی دەركرد. لەم شەڕەدا موكرییەكان ڕۆڵی بەرچاویان لە تێكشكانی حاكمی بولبولان هەبوو. هەر لە هەمان ساڵی( ١٠٢١ك/١٦١٢ز)دا، جارێكی دیكە باس لە هاوكاریی موكرییەكان لەگەڵ قزڵباش لە سەركوتكردنی كەسێك بە ناوی "گولابیبەگی كورد دەكرێت، كە لە سەرچاوەكاندا باسی ڕەچەڵكی عەشیرەتەكەی نەكراوە" (منجم، ١٣٦٦: ٣٨٥).

مامەڵەكردن لەگەڵ میرنشینی ئەردەڵان لە سەردەمی هەڵۆخان(٩٩٦-١٠٢٦ك/١٥٨٧ز)دا كە بەهێزترین و فراوانترین میرنشینی كوردستان بوو، بەشێوەیەكی جیاواز ئەنجامدرا. ئەگەرچی دوای گەڕانەوەی دەسەڵاتی سەفەوییەكان بۆ ڕۆژهەڵاتی كوردستان، هەڵۆخان گوێڕایەڵی بۆ شاعەبباس ڕاگەیاندبوو، بەڵام شاعەبباس ئەوەی بەدڵ نەبوو. چەند جار هێزی ناردە سەری بەڵام شكستی هێنا. دواجار ویستی خۆی بچێت بەڵام لە بەر مەترسیی دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی عوسمانی پەژیوانیان كردەوە. كشانەوەی شاعەبباس لە هێرشەكەی سەر هەڵۆخان نیشان دەدات كە چۆن لە هەندێك حاڵەتدا دۆخی سنووریی میرنشینەكوردییەكان بووە هۆی هاوسەنگكردنی سیاسەتەكانی شاعەبباس. لە ژێر گوشاری سەفەویدا، هەڵۆخان كوڕی گەورەی خۆی بە نێوی خانئەحمەدخان وەك بارمتە و گەرەنتی ڕەفتاری داهاتووی دەنێرێتە ئیسفەهان. شاعەبباس بۆ ماوەیەكی زۆر خانئەحمەدخان ڕادەگرێت و خوشكێكی خۆی بە نێوی "كلاوزێرین خاتوون"ی لێ‌مارە دەكات و پواز بۆ بنەماڵەی ئەردەڵان دەتاشێت.

بڕیاری شاعەبباس بۆ گەڕاندنەوەی خانئەحمەدخان لە سەردەمێكدا كە هێشتا هەڵۆخان لە ژیاندا بوو، بە هەر مەبەستێك ئەنجام بووبێت دەبێتە هۆی گرژی و ململانێی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆلینێن کوردی

دەسەڵات لە نێو میرنشینی ئەردەڵاندا. "خانئەحمەدخان لە قەڵای زەڵمەوە جموجووڵی دژی باوکی دەسپێکرد، کاتێک هەڵۆخان بە مەبەستی بەهێزکردنی قەڵایەکیتر، قەڵای حەسەنئاوای بەجێهێشتبوو، خانئەحمەدخان بە هاوکاریی لایەنگرانی چووە نێو قەڵاکە و باوکی لابرد و خۆی لە سەر کورسی میرنشینی ئەردەڵانی (١٠٢٦ک/١٦١٧ز) دانیشت" (بیگمنشی، ١٣٥٠: ٩٢٦). ڕۆڵی شاعەبباس لە هاتنە سەرکاری خانئەحمەدخان، یەکەم نموونەی دەستێوەردانی حکوومەتی سەفەوییە لە پرۆسەی گواستنەوەی دەسەڵات لە میرنشینی ئەردەڵاندا. ئەمەش وایکردووە هەندێک لە لێکۆڵەران ئەو باوەڕە قبوڵ بکەن کە "لکاندنی یەکلاکەرەوە و کۆتایی میرنشینی ئەردەڵان بە خاکی سەفەوییەوە لەم ماوەیەدا ڕوویداوە" (برن، ١٣٤٩: ١٢٠). دەسەڵات و کاریگەریی حکوومەتی سەفەوی لە کوردستان لە سەرەتای سەردەمی شاعەبباسی یەکەم (٩٩٦ک/١٥٨٧ز) تا کۆتایی دەسەڵاتی (١٠٣٨ک/١٦٢٨ز) چ لە ڕووی قووڵایی کاریگەری لە ناوچە کوردنشینەکان و چ لە ڕووی ڕادەی بەکارهێنانی سەروەری بەسەر حکوومەتە ناوخۆییەکاندا، ڕوو لە هەڵکشان بوو.

### سەردەمی شاسەفی و ڕێککەوتنی "ئاشتی زەهاو"[10]:

دوای مردنی شاعەبباس لە ساڵی( ١٠٣٨ک١٦٢٨ز)، نەوەکەی سامیرزا (شێخ سەفی)(٩٥٥-١٠٢٤ک/ ١٦٢٩-١٦٤٢)بوو بە جێگری. پاشای نوێ هەر لە سەرەتای هاتنە سەر دەسەڵاتەوە هەمان ڕەفتارەی گرتەبەر کە شاعەبباس لە کۆتایی دەسەڵاتی خۆیدا سەبارەت بە کوشتنی شازادەکان گرتبوویە بەر. یەکێ لە قوربانییەکانی سورخاببەگ کوڕی خانئەحمەدخانی ئەردەڵان و زەڕینکڵاوخاتوون بوو، کە بەهۆی پەیوەندیی بە بنەماڵەی سەفەوییەوە و ئەو ئازایەتی و دلێریەی کە سەرچاوەکان لێی دەگەڕێننەوە، ئێرەیی و گومانی لێدەکرا. "لە ساڵی ١٠٣٩ک/١٦٢٩ز) بە فەرمانی شاسەفی هەر دوو چاویان هەڵکۆڵی" (ابن منوچهر، ٢٥٣٦: ٢٩).

کوێرکردنی کوڕی خاوەن دەسەڵاتی ئەردەڵان (سورخاببەگ) جگە لەوەی پیشاندەری نائاگایی و کورتبینی شاسەفی لە هەڵسوکەوت لەگەڵ میرەکوردەکاندا بوو، بەڵکوو کاردانەوەی خانئەحمەدخانیش بەرامبەر بەم دۆسیە یەکلاکەرەوە و جدییە، ئەوە نیشان دەدات کە بەردەوامیی کێشەی نێوان سەفەوی و عوسمانی، توانیویە هەلی پێویست بەقازانجی ئەمیرەکوردەکان دابین بکات. هەڵوێستی گۆڕی و پاڵی بە عوسمانییەکانەوە دا.

پرسی ئاخێزی خانئەحمەدخان بە تەواوی پەیوەست بوو بە شەڕی ئێران و

عوسمانییەوە. خانئەحمەدخان دەستی کرد بە داگیرکردنی خاکی حکوومەتی سەفەوی و لە ساڵی( ١٠٤١ک/١٦٣١ز)، لە قەڵای حەسەنئاوا تاجی شائەحمەدخانی لەسەر دانا. "بۆ ماوەی پێنج ساڵ لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتیدا کە بەشێکی زۆر لە کرماشان تا ورمێی دەگرتەوە، حاکمی ژێر دەسەڵاتی ئەو دانرا و بە ناوی ئەویشەوە سکە لێدرا و بە ناوی ئەوەوە وتاری هەینی (خوتبە) دەخوێندرایەوە" (اردلان، ١٣٧٨: ٤٩).

ساڵی(١٠٤٥ک/١٦٣٥ز)شاسەفی لەشکرێکی نارد بۆ سەرکوتکردنی" (حسینی استرآبادی، ٢٥٤:١٣٦٤). خانئەحمەدخانیش داوای یارمەتی لە حکوومەتی عوسمانی کرد. "ساڵی(١٠٤٦ک/١٦٣٦ز) سوپای عوسمانی بە هاوڕێیەتی خانئەحمەدخان دووجار لە پەنای گۆلی "زرێبار"ی "مەریوان"دا ڕووبەڕووی یەک بوونەوە، جاری یەکەم شکستی خوارد بەڵام جاری دووهەم سەرەڕای ئەوەی بەسەر زەینەلخانی شاملو سەرکردەی سەفەویدا سەرکەوت و تا هەمەدان ڕایماڵی، بەڵام نەیتوانی ئەو سەرکەوتنانە ڕابگرێت، کە شاسەفی گەیشت پاشەکشێی کرد" (ئەلحوسەینی، ٢٥:٢٠٠٢).

مەیلی خانئەحمەدخانی ئەردەڵان بۆ لای عوسمانییەکان، دوانموونەی گۆڕانی بەرەی میرانی کوردە لە نێوان سەفەوی و عوسمانییەکان. پاش ماوەیەکی کەم، لەم ئەزموونە شکستخواردووە، ڕێککەوتنی "ئاشتی زەهاو" لە نێوان ئێران و عوسمانییەکان واژۆ کرا. بەم شێوەیە ئاشتی لە سنوورەکانی ڕۆژئاوای ئێران تا کۆتایی سەردەمی سەفەوییەکان سەقامگیر بوو. ئەم گرێبەستە بە خاڵی وەرچەرخان لە پەیوەندییەکانی حکوومەتی سەفەوی و میرنشینەکوردییەکاندا دادەنرێت. چوونکە بە پێچەوانەی ڕێککەوتنەکانیتر کە لە نێوان ئیمپراتۆریەتی سەفەوی و عوسمانی واژۆ کران، بوو بە هۆی کۆتاییهاتنی گرژییەکان لە سنوورەکانی ڕۆژئاوادا. لێرەبەدواوە ڕۆڵی دەسەڵاتدارانی کورد لە شەڕەکانی هەردوولا، کۆتایی هات و حکوومەتی سەفەوی خۆی لە پێگەی دەسەڵاتدا دیتەوە. ڕێککەوتنی زەهاو ناوچەی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی سەفەوی و عوسمانی لە کوردستاندا بە فەرمی ناسی و سەقامگیر بوو.

**کۆبەند:**

١. لێکەوتە و تێچووی ئەم شەڕە لەسەر بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتووریی کۆمەڵگا بریتین لە: یەکەم بە فیڕۆدانی هێز و توانا و فەوتانی سەرچاوە مرۆیی و ئابووریی و سرووشتییەکانی کورد، دووهەم نانەوەی شەڕ و ئاژاوە و درووستکردنی دووبەرەکی لە نێو ماڵی کورددا، سێهەم لە ناوچوون و وێرانکردنی ئاسەوارە مێژووییەکانی کورد، چوارەم پارچەپارچەبوونی کۆمەڵگای کوردی،



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

پێنجەم گۆڕینی کوردستان بۆ ناوەندی ململانێ و دوژمنایەتییەکانی نێوان ئەو دوو ئیمپراتۆرییە، شەشەم ئاسانکاری بۆ دابەشبوونی فەرمیی کوردستان، حەوتەم لەتلەتکردن و فراوانبوونی نەریتی میرنشینی، هەشتەم کەڵک وەرگرتن لە کورد وەک دەستەچیلەی بەرئاگردانی شەڕ.

٢. کورد بە خۆی و هەڵوێستە خوازراو یان نەخوازراوەکانی، زۆر جار ئاقاری شەڕ و ململانێی نیوان عوسمانی و سەفەوی گۆڕیوە.

٣. **هۆکارەکانی یەکنەگرتن و ناتەبایی کورد: یەکەم دەرەکی:** دەستێوەردانی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان کە بە شێوازگەلی جۆراوجۆر، ئاگری ناکۆکی نێو ماڵی کوردیان تاوداوە و لە هەموو ئامرازێک بۆ گەیشتن بەو ئامانجە کەڵکیانوەرگرتووە. **دووهەم ناوخۆیی:** ئاستی نزمی بیرکردنەوە، خۆشباوەڕی و فریوخواردن و بەرژەوەندیی کاتی و ناوچەیی سەرۆک هۆز و ئێڵەکان. زۆرکات ئەوەندەی وا ڕقیان لە خۆیان بووە و بە خۆیانەوە خەریک بوون بە نەیار و دوژمنانەوە نەبوون.

٤. کوردستان بە هۆی شوێنی هەرە گرنگ و ستارتیژیکی جوگرافیاییەوە: یەکەم ڕێگای هاتوچۆی دوو زلهێزی عوسمانی و سەفەوی بووە، دووهەم گۆڕەپانی شەڕ و ململانێکانی هەردوو لا، سێیەم هەبوونی سەرچاوەی سرووشتی لە کوردستاندا، چوارەم بوونی قەڵا و میرنشینی زۆر وەک سەنگەر و قەڵای بەرگیری، پێنجەم دابینکردنی جەنگاوەری بە توانا و لێهاتوو.

٥. **هۆی جێگۆڕکێ و هەڵوێستی کورد بریتییە لە** یەکەم: زەختلێکردن و ناچاربوون، دووهەم پاراستنی بەرژەوەندی، سێهەم خۆ دوور گرتن لە شەڕ و ماڵوێرانی، چوارەم دەرکردنی میرنشینی کۆنەدوژمن و نەیار، پێنجەم پاراستنی پێگەی خۆیان، شەشەم ڕەچاوکردنی ئامانج و ئاکامی ڕووداوەکان. سەرەڕای ئەم هۆکارانە میرنشینە کوردییەکان هەرگیز بە تەواوی ملکەچ و گوێڕایەڵی ناوەند نەبوون.

٦. بوونی ژمارەیەکی زۆر لە خێڵ و میرنشین لە کوردستاندا، بەچاوپۆشین لەوەی کە بووەتە هۆی دەرکەوتنی ناسنامەی عەشیرەت وەک شوناسی سەرەکی کورد، بەڵام لە بابەتی یەکریزی و تەبایی، هەردەم قورسایی خۆی هەبووە.

٧. کەوتنی میرنشینەکان بە شێوەی کاتی بووە ودوای ماوەیەک دیسان هەستاونەتەوە.

**لیستی سەرچاوەکان:**

**سەرچاوەکان بە زمانی کوردی:**


مەدەنی، حوسێن،١٣٨٠. *کوردستان و ستراتیژیی دەوڵەتان. بەرگی دووەم،* هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری.

خانی،ئەحمەد، (٢٠٠٨ز). *مەم و زین.* چاپی دووهەم المحرر هەولێر: ئاراس.

شەمسی محەممەد، ئیسکەندەر،(٢٠٠٩ز). *مێژووی کورد لە سەدەی ١٦ هەمدا.* هەولێر: ئاراس.

مستەفا ئەمین، نەوشیروان، (٢٠٠٥ز). *کورد و عەجەم.* سلێمانی:سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان.

ئەلحوسەینی عەلی نەقی، (٢٠٠٢ز). *مێژووی ٦٤١ فەرمانڕەوایی ئەردەڵانەکان.* سلێمانی: سەردەم.


**سەرچاوەکان بە زمانی فارسی:**


حسینی استرآبادی، سید حسن بن سید مرتضی، (١٣٦٤ه.ش). از شیخ صفی تا شاه صفی. تهران: انتشارات علمی

ابن منوچهر, محمد "مصنف", ٢٥٣٦ شاهنشاهی. *لب‌التواریخ.* تهران: کانون خانوادگی اردلان.

اردلان, شیرین, ١٣٧٨. *خاندان کرد اردلان در تلاقی امپراطوری‌های ایران و عثمانی.* تهران: نشر تاریخ ایران.

بدلیسی, شەرەفخان, ١٣٤٣. *شرفنامه.* تهران: نشر علمی.

برن, رهر, ١٣٤٩. *نظام ایالات در دوره‌ی صفویه.* تهران: بنگاه ترجمه و نشر کتاب.

بیانی, خانبابا, ١٣٥٣. *تاریخ نظامی ایران (در دوره‌ی صفویه).* تهران: انتشارات ستاد بزرگ ارتشتاران.

بیگمنشی, اسکندر, ١٣٥٠. *تاریخ عالم‌آرای عباسی.* تهران: انتشارات امیرکبیر.

توحدی (اوغازی), کلیم الله, ١٣٦٤. *حرکت تاریخی کرد به خراسان.* مشهد: چاپخانەی دانشگاه فردوسی.

چلبی, اولیا, ١٣٦٤. *کرد در تاریخ همسایگان (سیاحتنامه‌ی اولیاء چلبی).* ارومیه: انتشارات صلاح‌الدین ایوبی.

حسن‌زاده, اسماعیل, ١٣٧٩. *حکومت ترکمانان قراقوینلو و آق‌قوینلو در ایران.* تهران: انتشارات سمت.

روژبیانی، محمدجمیل ، ١٣٨١. فرمانروایی مکریان در کردستان، تهران، نشر آنا، چاپ اول

روملو، حسن، ١٣٤٢. *احسن التواریخ.* تهران: انتشارات کتابخانه‌ی شمس.

ریاحی, محمدامین, ١٣٧٩. *تاریخ خوی.* تهران: طرح نو.

زکی‌بیگ, محمدامین, ١٣٨١. *زبده‌ی تاریخ کرد و کردستان.* دوم، تهران: انتشارات توس.

سنندجی, میرزا. شکرالله, ۱۳۶۳. *تحفەی ناصری*. تهران: امیرکبیر.

سیوری, راجر, ۱۳۷۸. *ایران عصر صفوی*. چاپ هفتم تدوین تهران: نشر مرکز.

*شامی، نظام الدین، ۱۳۶۳، ظفرنامه، به کوشش محمد احمد پناهی، سمنانی، تهران.*

شیبانی, م., ۱۳٤٦. *عالمآرای صفوی (تشکیل شاهنشاهی صفویه)*. تهران: دانشگاه تهران.

صفوی, طهماسب بن اسماعیل, ۱۳۶۳. *تذکرەی شاه طهماسب*. دوم تدوین تهران: بی نا.

فلسفی, نصرالله, 1401. *زندگانی شاه عباس اول*. سری چاپ سوم تدوین تهران: انتشارات نگاە.

قاضی, محمدشریف، ۱۳۸۷. *زبدةالتواریخ سنندجی*. سنندج: انتشارات توکلی.

قمی, قاضی احمد, ۱۳۵۸. *خلاصةالتواریخ. ج اول*, تهران: انتشارات دانشگاە.

کردستانی, محمدمروخ, ۱۳۸۰. *تاریخ مردوخ. تهران*: کارنگ.

مشکور, محمدجواد، ۱۳۹۹. *تاریخ ایرانزمین*. تهران: انتشارات اشراقی.

منجم, محمدبن عبدالله, ۱۳۶٦. *تاریخ عباسی یا روزنامەی ملاجلال*. تهران: وحید.

نوایی, عبدالحسین و غفاریفرد عباسقلی, ۱۳۸۱. *تاریخ تحولات سیاسی، اجتماعی و فرهنگی ایران در دورەی صفویه*. چاپ اول تدوین تهران: انتشارات سمت.

*نوایي، عبدالحسین، ۱۳۵۰ ، شاه طهماسب صفوي. تهران: انتشارات بنیاد فرهنگ ایران:*

### سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:

اسـکندر، س.، ۲۰۰۵. *قیام النظام الأماراتی فی کردسـتان و سـقوطة بغداد*. مکان غیر معروف:دارالشئون الثقافیة العامه.

ابن اثیر، ۱۹٦۵، الکامل فی التاریخ، بیروت

خضری، ا.، قائدان، ا. و آیینەپور، س.، ۲۰۱۲. "دورالأمارة اردلان فی الصراع اصفوی اIالعثمانی". *مجلة العلوم الأنسانیة الدولیة*، ۱۹(۱، ۲).

### گۆڤار:

کجباف, ع., میرجعفری, ح. & نوری, ف., ۱۳۹۰. "بررسی روابط سیاسی والینشین اردلان با حکومت صفویه". *پژوهشهای تاریخی*, بهار.شمارەی اول(۱).

منصـور بخت، قباد و سـعیدی، مدرس « تاثیر تنش میان صـفویه و عثمانی بر جایگاه امیرنشـین اردلان»، فصـلنامه تاریخ اسـلام و ایران، دانشـگاه الزهرا، شـماره ۲۲، تابسـتان ۱۳۹۳ش.

سعیدی، مدرس، مقاله « روژگی»، دائره المعارف بزرگ اسلامی، ج۲۵، مرکز دائره المعارف بزرگ اسلامی، تهران ۱٤۰۲ش؛



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

## پەراوێز

١ لە هۆزە کوردەکانی ناوچەی دیاریەکرن

٢ قەرەقۆیونلوەکان، هۆزێکی کۆچەری دەسەڵاتداری تەرکمان بوون کە ئایینی شیعەیان هەبوو و نزیکەی سەدەیەک(سەدەی پانزەی زایینی/نۆینک) حوکمڕانی ڕۆژئاواو باکووری ڕۆژئاوای ئێرانیان دەکرد.(مەڕ ڕەشەکان)

٣ ئاق قۆیونلوها ناوی یەکێک لە ئیمپراتۆریەتەکانی تورکیایە کە لە ساڵی ١٣٧٨ی زایینی دامەزراون و بۆ ماوەی ١٣٠ ساڵ حوکمڕانییان کردووە و فەرمانڕەوایی بەشێک لە ناوچەکانی قەفقاز و ڕۆژهەڵاتی تورکیا و باکووری ئێرانیان کردووە.(مەڕ سپییەکان)

٤ سیاسەتی زەوی سووتاو ستراتیژییەکی سەربازییە کە بە واتای لەناوبردنی هەموو ئەو سەرچاوانەی کە لەبەردەستی هێزی دوژمندایە. ڕەنگە ئەم سیاسەتە بۆ هێزێکی داگیرکەر کە لە خاکی ناوخۆدا پێشڕەوی دەکات، جێبەجێ بکرێت.

٥ حوسێن بەگی شەمالو فەرماندەی قزڵباش بە ڕەچەڵەک تورکمان لە سەردەمی شا ئیسماعیلی یەکەمدا، لە پلە باڵاکانی حکومەت بووە. حوسێن بەگ سەرەتا و لە تەمەنی هەرزەکاریدا مامۆستا و ڕاهێنەری ئیسماعیلی یەکەم بووە و هەر لەبەر ئەم هۆکارەش نازناوی حوسێن بەگی لەلە(ڕاهێنەر) لێنراوە.

٦ حاکم الدین" ئیدریس کوڕی حیسام الدین عەلی بەدلیسی، مێژوونووسی کورد، لە دەرباری ئاق قۆیونلوو، سوڵتان بایزیدی دووەم و سوڵتان سەلیمی یەکەم خزمەتی کردووە. ڕۆڵێکی بەرچاوی لە یەکخستنی میرانی کورددا هەبووە.

٧ بۆ ئاگادار بوون لە وردەکاریی شەڕی چاڵدیران ئەم دوو پەرتووکە پێشنیاز دەکرێت: ١- "جنگ چالدران"، نووسینی محەممەد عەلی اکبر پووری، بڵاوگەی"خانە تاریخ و تصویر ابریشمی" ٢- "حقایق جنگ چالدران" هەر لەو نووسەرە و لەو بڵاوگەیە.

٨ وێدەچێ مەبەستی تەنگیسەر بێت.

٩ ناسراو بە پەیماننامەی فەرهاد پاشا یان پەیماننامەی ئەستانە

١٠ ڕێککەوتنی زەهاو یان ڕێککەوتننامەی قەسری شیرین ڕێککەوتنێکە کە لە ١٧ی ئایاری ساڵی ١٦٣٩ ز لە شاری "قەسری شیرین"ی کرماشانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نێوان سەفەوییەکانی ئێران و دەوڵەتی عوسمانیدا واژۆ کراوە.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوە کوردییەکان

## Relations of Kurdish emirates with the Safavid state From the appearance of the Safavids to the Treaty of Peace of Zahaw (1501-1639)

**Abstract:**

One of the events that had a direct impact on Kurdish politics, culture, society and the fate of the Kurdish emirates was the emergence of the Safavid Empire. The emergence of this violent state was able to change the direction of the Kurdish tribes and push their emirates into chaos. In this study, the context of the formation of the Safavids, their relationship and influence on the Kurdish principalities and the political, administrative and cultural fate of Kurdistan will be investigated in detail in terms of historical documents and books.

According to the results of this study, the emergence of this state, which was based on a different ideology from the Kurds and the people of the region, until reaching the peak of power, had many ups and downs It gives the formation of that state.

**Keywords:** *Kurds, Kurdish emirates, Safavids, Ottomans, Treaty of Zahaw*

# ڕۆڵی سیاسی و سەربازیی خێڵ و هۆزەکانی ویلایەتی کرماشان لە پێوەندی نێوان ئێران و عوسمانیدا (١٧٢٩-١٧٤٧)

پ. د. خەلیل عەلی موراد

د. نعمەت شەهاب حاجي

بەشی مێژوو- کۆلێژی ئاداب- زانکۆی سەڵاحەددین- هەولێر- هەرێمی کوردستان/ عیراق

**پوختە**

پێوەندییەکانی هەر دوو دەوڵەتی ئێران و عوسمانی لە ماوەی ساڵانی (١٧٢٩-١٧٤٧) هەڵبەز و دابەزی زۆر و ڕەوتێکی ئاڵۆز و پڕ کێشەیان هەبووە. بە درێژایی ئەم ساڵانە، کە لە دوای کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی ئەفغانەکان (١٧٢٢-١٧٢٩) و بەدیارکەوتی نادرقولی ئەفشار لە ساڵی ١٧٢٩لە سەر شانۆی سیاسی ئێرانی ئەو کاتە، تا مردنی نادرشا لە ساڵی ١٧٤٧دەخایەنێ، ئەم دوو دەوڵەتە پتر خەریکی جەنگ و پێکداهەڵپڕژانی بەردەوام بوون، ئەگەرچی ئەم پێوەندییانە هەندێ جاریش و لە ماوەی ساڵانی (١٧٣٠- ١٧٣٦) و چەند ساڵی دوای مردنی نادر شا نیمچە ئارامییەکی ناسەقامگیری بەخۆیەوە بینی. لەم ماوەیەدا خێڵەکان و هۆزە ڕەسەنە کوردییەکانی نیشتەجێی ویلایەتی کرماشان، کە بە هۆی پێکهاتەی جوگرافیایی و سنوورە دەستنیشانکراوەکانی پێشووتر، دراوسێی دەوڵەتی عوسمانی بوون، وەک پاسەوانی سنوورە هاوبەشەکانی نێوانیان، بە درێژایی ماوەی جەنگەکان، بە بەردەوامی بە هەموو هێز و توانای جەنگاوەری خۆیان لایەنگری شاتەهماسبی دووەم و شا عەبباسی سێیەمی دوا میراتگری خانەدانی سەفەوییەکان و ئینجا نادرشای ئەفشار بوون.

دیارە ئەم بارودۆخە ناسەقامگیرە، بەرهەمی ئاڵۆز و پەشۆکاوی گۆڕانگارییە یەک لە دوای یەکەکانی، ساڵانی دوای ڕووخانی دەوڵەتی سەفەوی و سیاسەتە شەڕئەنگێزەکانی ئەفغانەکان و هەروەها دەرئەنجامی بە دیارکەوتنی نادرشای ئەفشار بوون، کە بەرۆکی ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بە گشتی و ویلایەتی کرماشانی بە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

تایبەتی گرتبووەوە. لە سۆنگەی ئەم باسەوە هەوڵمان داوە بە وردی تیشک بخەینە سەر ڕۆڵی سیاسی و سەربازیی خێڵەکانی ویلایەتی کرماشان لە پێوەندی نێوان ئێران و عوسمانیدا، لە ماوەی ساڵانی(١٧٢٩-١٧٤٧) و هۆکارەکانی بەدیارکەوتن و گەشەسەندنی ئەو خێڵ و هۆزە گەورە و ناودارانەی کە لە کاتی شەڕ و ململانێکان وەک بەشێکی سەرەکی لە پێکهاتەی سوپای دەوڵەتی ئێران دژ بە عوسمانییەکان دەجه نگان و لە کاتی بەرقەراربوونی ئاشتی و تەباییشدا، دەستەبژێرە دیار و سەرکردە کارزان و بەئەزموونەکانیان وەک شالیارێکی لێهاتوو بە نوێنەرایەتی دەربارى دەوڵەتی ئێران لە چارەسەرکردنی کێشەکانیان لە گەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا، ڕۆڵ و پێگەی بەرچاویان هەبووە، بخەینە بەر باس و گفتوگۆیەکی بابەتیانە. لەم ڕووەوە توێژینەوەکە هەوڵ دەدات شەن و کەوی لایەنە گرنگەکانی پاڵنەری کۆمەڵایەتی، سیاسی، سەربازیی و تەنانەت کەسایەتیی و دەستەبژێرە گرنگە کان و مەودای قەڵەمڕەوی سیاسیی خێڵ و هۆزەکان، دەستنیشان بکات و ڕۆڵیان لە پێوەندییە سیاسی و سەربازییەکانی نێوان هەر دوو دەوڵەتی ئێران و عوسمانییەوە لە ماوەی ساڵانی (١٧٢٩-١٧٤٧) دا بکۆڵێتەوە.

**پەیڤێن سەرەکی:** *پێوەندییەکانی ئێران و عوسمانی، ویلایەتی کرماشان، خێڵە گەورەکانی زەنگەنە و کەلهوڕ، شاتەهماسبی دووەمی سەفەوی، نادرشای ئەفشار.*

**پێشەکی:**

خێڵەکان و هۆزە ڕەسەنە کوردییەکانی نیشتەجێی ویلایەتی کرماشان[١]، بە درێژایی مێژووی بوونیان لەم جوگرافیا پان و بەرین و هەستیارەدا ڕۆڵێکی گرنگی سیاسیی و سەربازییان لە مەودای پێوەندیی نێوان هەر دوو دەوڵەتی ئێران و عوسمانیدا گێڕاوە. ئەم خێڵ و هۆزانە هەر لە سەرەتای سەردەمی فەرمانڕەوایەتی سەفەوییەکان (١٥٠١-١٧٢٢) هاتنە ناو کایەی سیاسی، سەربازیی و کارگێڕی دەوڵەت و بەرەوپێشچوونی زۆر باشیشیان بەخۆوە بینی. سەرکردە گەورە و ناودارانی خێڵی زەنگەنە[٢] کە یەکێ لە گەورەترین خێڵە ڕەسەنەکانی کوردن لە دام و دەزگاکانی سەفەوییەکان بەرزترین پلەکانی سیاسی، سەربازی، کارگێڕی و دیپلۆماسی دەوڵەتی ئەو کاتەی ئێرانیان بەدەستەو بوو و تەنانەت بۆ ماوەی نزیکەی بیست ساڵیش توانیان پۆستی هەرە گرنگی سەرۆکوەزیرانی دەوڵەتی سەفەوییان بە ڕێوەببەن. هاوکات سەرۆک هۆزە گەورە و ناودارانی خێڵی کەلهوڕ[٣] یش دواتر هاتنە ناو مەیدانی سیاسەت و پلە و پۆستی باڵای سیاسی، سەربازیی و کارگێڕییان لە ماوەی فەرمانڕە وایەتی سەفەوییەکان دەستەبەر کرد و حوکمڕانی هەندێ لە ناوچەکانیان بەدەستەوە گرت(برن، ١٣٤٩: ١٠-١١).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

دوای بەدیارکەوتنی نادر قولی خانی ئەفشار(١٧٢٩-١٧٣٦)لە سەر شانۆی سیاسی ئێرانی پاش رووخانی سەفەوییەکان، جگە لەم دوو خێڵە ناودار و بەهێزە، هۆزەکانی گۆران و سنجاوی و هۆزە وەندییەکانی دیکەش بواریان بۆ رەخسا کە لە بواری سیاسەت و سەربازیدا، ئەسپی خۆیان تاو بدەن و بە پاڵپشتیکردنی نادر خان لە گرتنەوەی ناوچە داگیرکراوەکانی باکوور و باکووری رۆژئاوای ئەو کاتەی ئێران بە گشتی و ویلایەتی کرماشان بە تایبەتی، کە لە لایان هێزە سەربازییەکانی سەربە دوڵەتی عوسمانییەوە دەستی بە سەرداگیرابوو، هاوکاریی و بەشدارییکەن. لەو کات و ساتە هەستیارەدا سەرۆک هۆزە گەورەکانی خێڵی زەنگەنە پتر لە باقی خێڵ و هۆزە کانی دی، سەرنجی نادریان بەلای خۆیاندا راکشابوو. عەبدولباقی خانی زەنگەنە یەکێ لەو کەسایەتییە بەهێزانەی خێڵی زەنگەنە بوو کە دوای بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لە لایەن نادرشای ئەفشارەوە وەک باڵوێزی دوڵەتی ئێران بۆ نێوەندگیرییە سیاسییەکانی لە گەڵ دوڵەتی عوسمانی هەڵبژێردرا.

**پێکهاتەی توێژینەوە:**

ئەم ڤەکۆڵینە زانستییە هەوڵێکی تازەیە لە پێزانین و زانیاریی نوێ کە لە پێشەکی و چوار تەوەری جیا و کۆبەندێک پێکهاتووە. لە پێشەکیدا بە پوختی باسی بارودۆخی گشتی ویلایەتی کرماشان لە ساڵانی دوای رووخانی دوڵەتی سەفەوی تا دامەزراندنی دوڵەتی ئەفشارەکان (١٧٢٢-١٧٣٦) لە سەر دەستی نادر شای ئەفشار دەکەین. تەوەری یەکەم بریتییە لە: **پێکهاتەی خێڵەکانی ویلایەتی کرماشان و بەشدارییان لە شەڕ و پێکدادانە ناوخۆیی و دەرەکییەکان لە ساڵانی (١٧٢٩-١٧٣٦)**. تەوەری دووەم باس لە **رۆڵی خێڵ و هۆزەکانی کرماشان لە رزگارکردنی ئەم ویلایەتە لە دەست سوپای عوسمانی** دەکات. تەوەری سێیەمیش باس لە **کرماشان، وەک پێگەیەکی بەهێزی جوگرافی، سیاسی و سەربازیی فەرمانڕەوای ئەفشار** دەکات. تەوەری چوارەمیش تەرخان کراوە بۆ باسی **هەڵبژاردنی عەبدولباقی خانی زەنگەنە وەک باڵوێزی دوڵەتی ئێران و ناردنی بۆ دەرباری عوسمانی** و لە کۆتاییشدا بە چەند خاڵێک ئەو ئەنجامانەی کە بە درێژایی توێژینەوەکەماندا پێگەیشتووین وەک کۆبەندی بابەتەکان خستوومانەتە روو.

**گرنگیی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی زانستییە لە مەڕ نووسین و سەر لە نوێ ساخکردنەوەی رۆڵی سیاسی و سەربازیی خێڵات و هۆزەکانی ویلایەتی کرماشان لە پێوەندی نێوان هەر دوو دوڵەتی ئێران و عوسمانیدا لە ماوەی ١٨ساڵی نێوان بەدیارکەوتنی نادرقولی خانی ئەفشار

له سەر شانۆی سیاسی ئێران له ساڵی ١٧٢٩هەتا كوژرانی ناوبراو له ساڵی ١٧٤٧دا، كه تاكو ئێستا وەك پێویست كاری له سەر نەكراوه و تیشكی زانستیی نەخراوەته سەر، بۆیه ئەم جۆره توێژینەوانه، گرنگی و بایەخی تایبەتی خۆیان هەیه و دەرخەری ڕێژەی بەشداریكردن و كاریگەریی هێزی شاراوەی خێڵ و هۆزه كوردییەكانه له پێكهاتەی سیاسی و سەربازیی دەوڵەتی ئەو كاتەی ئێران.

**ڕێبازی توێژینەوە:**

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوه بۆ گەیشتن به دەرەنجامێكی باشتر و زانستییانەتر، هەر دوو ڕێبازی گێڕانەوەی مێژوویی و ڕێبازی راڤەكاری له نووسینی توێژینەوەكەماندا پەیڕەو بكەین، چونكه ڕووداوه سیاسی و ئالوگوڕه سەربازییەكان، پێویستییان به پاشخانێكی دەوڵەمەندی مێژوویی هەیه بۆ تێگەیشتن و لێكدانەوە و هەڵوەسته لەسەر كردنیان. ئەم توێژینەوەیه به پشت بەستن به چەندین سەرچاوەی ڕەسەن و توێژینەوەی ئەكادێمی به زمانەكانی فارسی، كوردی و توركی ئامادە كراوه و تێیدا هەوڵدراوه كەوا پتر لەو سەرچاوانه كەڵك وەربگیرێ كه له ڕووداوه مێژووییەكان نزیكتر بن و هاوكات دوور بن له هەر جۆرێ لایەنگری كردن و به لاڕێبردنی ئامانجی توێژینەوەكەمان.

**پێكهاتەی خێڵەكانی ویلایەتی كرماشان و بەشدارییان له شەڕ و پێكدادانه ناوخۆیی و دەرەكییەكان له سالانی (١٧٢٩-١٧٣٦):**

دوای ڕووخانی دەوڵەتی سەفەوی (١٥٠١-١٧٢٢) و داگیركردنی ئەسفەهانی پایتەختی ئێران له لایەن سوپای كاوڵكاری مەحموودی ئەفغان كه دوای داگیركردنی ئەسفەهانی پایتەختی سەفەوییەكان له ماوەی سالانی (١٧٢٢-١٧٢٦) بڕێك له شار و ناوچه و ویلایەتەكانی ئێرانی خسته سەر قەڵەمڕەوی خۆی و بەهۆی زەبروزەنگ و كوشتاری له ڕادەبەدەری ئەفغانەكان و داڕووخانی هەژموونی فەرمانڕەوایی له ناوەندی دەسەلاتی ئێران، هێدی هێدی ئەستێرەی بەختی نادرقولی خانی ئەفشار درەوشایەوە و هەڵوێسته سەربازیی و بەدەنگەوه هاتنی ناوبراو بوویه هۆی بەدیاركەوتنی له سەر شانۆی سیاسی ئێرانی پەشۆكاو و داڕووخاوی ئەو سەردەمەدا. لەو كات و ساته ئالۆزەدا، خێڵ و هۆزه نیشتەجێبووەكانی هەر ناوچەیەك به مەبەستی بەرگریكردن له خاك و بەرپەرچدانەوەی هێرشی سوپای ئەفغانەكان و دواتریش عوسمانییەكان دەبوایه به مەبەستی بەهێز كردنی سوپای نادرقولی بەشداریبكەن له چالاكییه سەربازییەكانی ناوبراو و سەرباز و چەك و چۆڵ و پێداویستییەكانی دیكەی بۆ دابین بكەن. خزمەتكردن و بەشداربوون له سوپای نادر به **"سەرانەی خوێن"** له قەڵەم دەدرا و به پلەی

یەکەم ئەرکی سەرشانی خێڵە کۆچەرەکان و سەرۆک هۆزە ناودارەکان بوو تاکو بە پێی رادەی خزمەتکردنیان لە ئەرکە کارگێڕی و سیاسیەکان و ماوەی حوکمرانییە ناوچەییەکانیان بەردەوام بوانە (آرنووا و اشرافیان، ١٣٥٢: ١٤٤).

بە پێی ئەم نەریتە، خێڵ و هۆزە کوردەکانی نیشتەجێی ویلایەتی کرماشانیش لەم دۆخەدا دەبوایە بەشدارییەکی بەرچاو و چالاکانەیان هەبوایە، چونکە جگە لە هێرشی ئەفغانەکان هاوکات تووشی هەڵمەتی داگیرکاریی سوپای عوسمانیش هاتبوون کە دوای رووخانی دەوڵەتی سەفەوی و نەمانی دەسەڵاتی ناوەندی، سوپای عوسمانی ئەم بۆشاییەی بە دەرفەت زانیبوو و ناوچە سنوورییەکانی رۆژئاوای ئێرانی داگیر کردبوو. لە کاتی بەرفراوانبوونی دەسەڵاتی نادرقولی ئەفشار، کە هێشتا ویلایەتی کرماشان لە ژێر دەستی عوسمانییەکان دابوو، ژمارەیەک لە هێزە سەربازییە خێڵەکییەکانی کرماشان بە سەرکردایەتی "**حوسێنعەلی خانی زەنگەنە**" تێکەلی سوپای نادر بوون و لە رزگارکردنی شارەکانی تاران و قەزوێن لە دەست ئەفغانەکاندا یارمەتی خانی ئەفشاریان دا و رۆڵێکی باڵایان بینی. دواتر بە فەرمانی نادر، خانی زەنگەنە لە پاداشتی ئەم بە هەوارهاتنەدا، بە حاکمی ناوچەی فەراهان و گولپایگان دانرا و هاوکات راسپێردرا تاکو لەم هەرێمە گرنگەوە، بە سوپایەکەی خۆیەوە چاودێری سەرجەم جموجۆلە سەربازییەکانی دەوڵەتی عوسمانی بکات و رێگە لە پێشڤەچوونیان بگرێت (شعبانی، ١٣٧٨: ٤٥-٤٦).

دوای هاتنی نادر بۆ رۆژئاوا، سوپای خێڵ و هۆزەکانی کرماشان کە پتر لە خێڵەکانی زەنگەنە و کەلهوڕ بوون لە رزگارکردنی هەندێ لە ناوچەکانی داگیرکراوی دەست سوپای عوسمانی رۆڵێکی سەرەکییان بینی و بە هۆی شارەزاییان لە ناوچەکانی خۆیان و ئازایەتی نواندنیان لە جەنگەکاندا توانیان دوای چەندین شەڕی گران، برێک لە ناوچەکانی ویلایەتی کرماشان لە ژێر دەسەڵاتی سوپای عوسمانی رزگار بکەن. سەرکردەکانی خێڵ و هۆزە کانی دیکەی کرماشان لە وانە: گۆران، سنجاوییەکان و هۆزەکانی وەندیش کە پێشتر نەیانتوانیبوو وەک هۆزەکانی ژێر سەرکردایەتیی حوسێنعەلی خانی زەنگەنە و هەندێ لە هۆزەکانی خێڵی کەلهوڕ لەو کات و ساتە هەستیارانەدا بە هانەی سوپای نادر خانەوە بچن، هەر بە گەیشتنی لەشکری خانی ئەفشار بۆ ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئێران بە سوپاکانیانەوە تێکەلی لەشکری نادرقولی بوون. بە گوێرەی ئاماژەکردنی محەممەد کازم خانی مەروی نووسەری بە توانای عالەمئارای نادری، دوای ئەوەی کە سوپای یەکگرتووی نادر توانی سوپای تەیموور پاشای عوسمانی تێکبشکێنێ و ناوچەکانی داگیرکراوی میرنشینی ئەردەڵانی لە چەنگ



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

سوپای عوسمانی رزگار بکات، له ناوچەکانی دەوروبەری ئەم میرنشینە، سەرکردە و گەورە پیاوان و ریشسپییانی زەنگەنە و کەلهوڕ و باقی خێڵی کوردی بە مەبەستی پیرۆزبایی و سوپاسگوزاریی، خۆیان گەیاندە بارەگای خانی ئەفشار (مروی، ١٣٧٤: ٣/ ١٣٥).

ئەم مێژوونووسە کاتێک لە درێژەی ئەم بابەتە ئاماژە بە ڕێژەی بەشداریکردنی هێزە جەنگاوەرەکانی هەر ناوچە و هەرێم و ویلایەتێک لە سوپای نادر خان دەکات، ئینجا بۆمان دەردەکەوێ کەوا ڕێژەی هەرە زۆر و بەرچاوی هێزە سەربازییەکانی خێڵ و هۆزە کوردییەکانی ویلایەتی کرماشان لە بەرامبەر هێزەکانی دی چەندە زیادتر بووە. بە گوێرەی باسکردنی مەروی، بەر لەوەی ئەم سوپا یەکگرتووە بە فەرماندەیی خودی نادر خان ڕووی لە بەرەکانی جەنگی دژ بە عوسمانی بکات، لە ڕێوڕەسمێکی سەربازیی لە بەرامبەر خانی ئەفشارەوە نمایشێکی شایانیان ئەنجام دا. ڕێژەی بەشداریکردنی هەرێمەکان لەم سوپایە کە لە سەرجەم ناوچەکانی ئێران پێکهاتبوو بەم شێوەیە بوو. لەشکری هەرێمی جیاکان کە لە شارەکانی (**ئەسفەهان، قوم، کاشان، دەرگەزین، فەراهان، یەزد، فارس و کەرمان**) و لە خێلات و هۆزە گەورەکانی کورد و لوڕ و بەختیارییەکان پێکهاتبوو نزیکەی سی و پێنج هەزار سەربازی لەخۆ دەگرت. ئەمە لە کاتێکدابوو کە هێزە چەکدارەکانی قەڵەمڕەوی عەلیەشکەر کە هەر دوو ویلایەتی هەمەدان و کرماشانی دەگرتەوە بەتەنیا پترلە چل و پێنج هەزار جەنگاوەریان هەبوو (مروی، ١٣٧٤: ٣/ ٨٨٧-٨٨٨). لێرەدا بەدیار دەکەوێ کەوا ژمارەی جەنگاوەرە کوردەکانی ویلایەتی کرماشان بە هۆی زیادبوونی خێڵ و هۆزەکانیان لەم هەرێمە بەرفراوانەدا بە نسبەت کۆی ناوچە و هەرێمە کانی دیکەی ئێرانی ئەوکات گەلێ زیاتر و بەرچاوتر بووە. هێزی ئەم خێلانە لە باوەڕی خەڵکدا بە جەنگاوەرانی سوارچاک و شەڕوانانی کۆڵنەدەر و توانای هەرە بەرزی خۆگونجاندن لە گەڵ دۆخە سەختەکان دەناسران و بە هۆی شارەزایی لە ڕادەبەدەریان لە جوگرافیای ناوچەکانیان و ژیانی سەختی خێڵەکی، کاریگەریی و ڕۆڵێکی بالایان لە یەکلاکردنەوەی ئەنجامی شەڕەکاندا هەبوو، هەر بۆیەش دواتر لە پێکهاتەی دەوڵەتی ئەفشارەکاندا دەبن بە بڕبڕەی پشتی سوپای نادر شای ئەفشار.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکولینێن کوردی

## ڕۆڵی هێزی خێڵ و هۆزەکانی کرماشان لە ڕزگارکردنی ئەم ویلایەتە لە دەست سوپای عوسمانی:

دوای تێکشکانی سوپای داگیرکەری ئەفغانەکان بە دەست نادر قولی، بە فەرمانی شاتەهماسبی دووەم ( ١٧٢٩-١٧٣٦) ڕەزا قولی خانی شاملوو کە یەکێ بوو لە کۆنە سەردارانی سوپای دەوڵەتی سەفەوی، وەک باڵوێزی ئێران، بەرەو دەرباری عوسمانی کەوتە ڕێ. باڵوێزی ناوبراو ڕاسپێردرا بوو تاکو وێڕای گەیاندنی پەیامی شاتەهماسبی دووەم وەک تاکە میراتگری دەسەڵاتی سەفەوییەکان لە ئێرانی دوای نەمانی ئەفغانەکان، هاوکات داوای دەستبەجێ گەڕاندنەوە و پاشەکشەکردنی سوپای عوسمانی لە سەرجەم ویلایات و ناوچە داگیرکراوە کانی ڕۆژئاوای ئێران و هەروەها ئازادکردنی دیلەکانی جەنگی لە کاربەدەستەباڵاکانی دەوڵەتی عوسمانی بکات. دوای گەیشتنی بالوێز بۆ دیاریکردنی چارەنووسی ناوچە سنوورییە داگیرکراوەکانی ڕۆژئاوای ئێران، ئەگەرچی هەردوو لا ڕێگەی گفتوگۆ و دانۆستانیان گرتبووە بەر، بەڵام نادرقولی کە لەو کات و ساتە هەستیارەدا، خۆی بە تاکە فەرمانڕەوای ڕاستەقینەی ئێرانی پەشۆکاوی دوای نەمانی ئەفغانەکان دەزانی، چاوەڕێی ئەنجامی گفتو گۆی وەفدەکانی دانوستانی نەکرد و بە یارمەتی هێزە سەربازییە کوردییەکانی ویلایەتی کرماشان، بە هێرشێکی کوتوپڕ توانی ویلایەتی گرنگی هەمەدان لە چەنگی سوپای عوسمانی دەر بکات و جارێکی دی دەستی بەسەردا بگرێتەوە. بەم هێرشە لە ناکاوە شیرازەی گفتوگۆکان تێکچوو و جارێکی دی شەڕ لە نێوان هەردوو بەرەی عوسمانی و ئێرانی دەستی پێکرد (هنوی، ١٣٦٥: ٥٤).

نادر قولی دوای سەرلە نوێ دەست بەسەرداگرتنی هەمەدان و نەهاوەند، حوسێنعەلی خانی زەنگە نەی وەک حاکمی هەمەدان و کرماشان دەستنیشان کرد (مروی، ١٣٧٤: ١٣٤/١). خانی زەنگەنە کە پێشتر و دوای داگیرکردنی ویلایەتی کرماشان لە لایەن عوسمانییەکانەوە، بە فەرمانڕەوای شارەکانی گیلان و فەراهان دانرابوو، بە مەبەستی یارمەتیدانی لەشکری نادرقولی، بە سوپایەکی پڕچەکەوە کە لە جەنگاوەرە بە ئەزموونە کانی خێڵی زەنگەنە و کەلهوڕ پێکهاتبوو خۆی گەیاندە بروجێرد و لە کاتی ڕزگارکردنی نەهاوەند خۆی و سوپاکەی ڕۆڵێکی کارایان لە شکاندنی سوپای عوسمانییەکان و مسۆگەرکردنی ئەم سەرکەوتنەدا بینی (سردادور، ١٣٥٤: ٣٠٣-٣٠٥). دوای ئەم سەرکەوتنە، نادرقولی بە پشتبەستن بە هێزی کارامەی ژێر سەردارێتی حوسێنعەلی خانی زەنگەنە بە تەمای ڕزگارکردنی گشت ناوچەکانی ویلایەتی کرماشان بوو، کە هێشتا لە سوپای عوسمانی پاک نەکرابوونەوە، بەڵام کاتێک لە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

ڕێی چاوســـاغەکانەوە ئاگاداریان کردەوە، کەوا تەیموور پاشـــای حاکمی وان و خانە پاشـــای حاکمی بابان بە ســـوپایەکی گەورەوە هێرشـــیان کردۆتە ســـەر ناوچەکانی میرنشـــینی ئەردەڵان و خەریکن لە ســـنەی پایتەختی ئەم میرنشـــینە نزیک دەبنەوە، بە ناچاری وازی لە پلانە پێشوەختەکەی هێنا و ڕووی سوپاکەی لە ناوچەی مەلایەر کرد و لە ئەنجامی شـــەڕێکی ســـەختەوە توانی ســـوپای یەکگرتووی عوســـما نییەکانی زۆر بەتوندی تێک بشکێنێت و راویان بنێت (استرآبادی، ١٣٦٨: ١٥٨-١٦٢).

دیارە بەر لەوە نادر ڕووی سوپاکەی لە مەلایەر بکات، بە مەبەستی دەستبەسەرداگرتنی ناوچەکانی دیکەی ویلایەتی کرماشـــان حوســـێنعەلی خانی زەنگەنەی بە ســـوپایەکی گەورەوە ڕەوانەی ناوچە ســـنوورییەکانی ئەوێ کرد. خانی زەنگەنە لە دیوی کوێســـتانە شـــاخاوییەکانی کوردانی فەیلی و بە یارمەتیی هێزەکانی دیکەی هاوبەشـــیان لەم سەفەربەرەدا لە نزیک قەڵای حەسەن پاشا (کامیارانی ئێستا)، لە گەڵ سوپای عوسمانی بە شەڕ چوون و سەرەڕای هەوڵێکی زۆر نەیانتوانی لەم شەڕەدا سەرکەوتن بە دەست بێنن. دوای گەیشتنی هەواڵی سەرنەکەوتنی سوپای کوردەکان بە نادرقولی کە لە دەوروبەری هەمەدان دامەزرابوو، بە ســـەرداریێتی خۆی ســـوپایەکی تازە نەفەس بە مەبەســـتی بە هانا چوونی سوپای خانی زەنگەنە و دەستبەسەرداگرتنی ناوچە سنوورییەکان و دەرکردنی سوپای عوسمانی لە ویلایەتی کرماشـان رووی لەو ناوچانە کرد. گوایا حەسـەن پاشـای سـوپا سـالاری عوسـمانی بە بیسـتی ئەم هەواڵە بێ ئەویە هیچ جۆرە پێکدادانێک رووی بدا، تۆپخانە و چەک و چۆڵی خۆی بە جێ هێشـــت و بەرەو بەغدا هەڵهات (اســـترآبادی، ١٣٦٨: ١٦٣).

دوای ڕاکردنی فەرماندەی سوپای عوسمانی، نادر بە مەبەستی رزگارکردنی شاری تەورێز بە سوپاکی گرانەوە بەرەو هەرێمی ئازربایجان بەرێکەوت. ئەحمەد پاشای والی بەغدا بۆ ئەوی ڕێگە لەم کارەی نادر بگرێت، بە ســـوپایەکی گەورە هێرشـــی کردە ســـەر کرماشـــان، بەڵام بەر لە وەی بگاتە ئەوێ، هەواڵی تێکشـــکان و پاشـــەکشـــەی ســـوپای عوســـمانی لە تەورێز و ئازربایجان و ســـەرکەوتنی ســـوپای نادری پێ گەیشـــت بۆیە بە ناچاری بەرەو بەغدا گەڕایەوە(استرآبادی، ١٣٨٧: ٢٤٢-٢٤٣). هاوکات لەگەڵ رزگارکردنی ناوچەکانی رۆژئاوا و باکووری رۆژئاوای ئێران و شارەکانی ئەم هەرێمانە لە لایەن سوپای نادر قولییەوە، دۆخی ناوخۆی دەوڵەتی عوسمانی لە ساڵی ١٧٣٠بە هۆی هەڵگەڕانی سوپای یەنیچری دژ بە دەسەڵاتی ناوەندی و هێرشی ئەم سوپایە بۆ سەر کۆشکی داماد ئیبراهیم پاشـــای ســـەرۆکوەزیرانی دەوڵەتی عوســـمانی لەم هێرشـــەدا کوژرا و ســـوڵتان ئەحمە دی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینێن کوردی

سێیەم (١٧٠٣-١٧٣٠)یش ناچار بوو دەست لە کار هەڵگرێت و سوڵتان مەحموودی یەکەم (١٧٣٠-١٧٥٤)ی ئامۆزای جێگەی بگرێتەوە (اکس وورثی، ١٣٨٨: ١٩٦).

**کرماشان، وەک پێگەیەکی بەهێزی جوگرافی، سیاسی و سەربازیی فەرمانڕەوای ئەفشار:**

ئەگەرچی شەڕی نێوان ئێران و عوسمانی ساڵانێکی زۆر و تەنانەت بەر لە بەدیارکەوتنی سەفەوییەکان و لە سەردەمی ئاق قۆینلووەکان و ئۆزۆن حەسەن (١٤٢٤-١٤٧٨)ی فەرمانڕەواکەیان سەریهەڵدابوو، بەڵام لە هیچ کات و ساتێکدا وەک ماوەی ١٨ساڵی فەرمانڕەوایی ڕاستەقینەی نادرقولی/ شا (١٧٢٩-١٧٤٧)ی ئەفشار جەنگی گەورە وماڵوێرانیان لە نێواندا رووی نەدابوو. واپێدەچێ هەر لە یەکەمین شەڕ و پێکدادانی نێوان سوپای نادرقولی و عوسمانییەکان لە رۆژئاوای ئێران، خانی ئەفشار بە تێڕوانینێکی وردی سەربازییەوە هەستی بەوە کردبوو، کەوا شەڕ لە گەڵ تورکە عوسمانییەکان ساڵانێکی زۆریت دەخایەنێ و ئاوا بە ئاسانی لە کۆڵیان نابێتەوە، بۆیە هەر لە سەرەتاوە بەدوای جێگە و پێگەیەکی سەختی جوگرافیایی دەگەڕا کە هاوکات هەڵگری دانیشتوانێکی جەنگاوەر و شەڕوانی نەبز بن تاکو بتوانێ لە بەرامبەر تورکەکاندا وەک پێویست بەرگری بکات و نەهێڵێ چیتر سنوورەکانی رۆژئاوایان ئاوا بە ئاسانی ببەزێنرێن و ناوچەکانیان داگیربکرێن. بە رزگارکردنی ویلایەتی کرماشان لە ساڵی ١٧٢٩لە لایەن هێزە سەربازییەکانی حوسێنعەلی خانی زەنگەنە، ئەم هەرێمە سترا تێژییە دەگمەنە کەوتە بەر دەستی نادر و بە دروستکردنی قەڵایەکی سەخت و شوورایەکی پۆلایین بە دەوریدا، واپێدەچێ کە خانی ئەفشار بە مەبەستی پاراستنی سنووری رۆژئاوای ئێران پلانێکی تایبەتی بۆ چۆنیەتی رووبە ڕووبوونەوەی هێرشە بەردەوامەکانی دەوڵەتی عوسمانییەوە هەبووبێ(استرآبادی، ١٣٦٨: ١٦٢).زۆری پێناچێ کرماشان و دانیشتوانە جەنگاوەرەکانی دەبنە کاریگەرترین و گرنگترین پێگەی بەرگری لە سنوورەکانی رۆژئاوا و یەکێ لە ناوەندە هەرە گرنگەکانی سیاسی و تەنانەت ئابوورییەکانی سەردەمی فەرمانڕەوایی نادر لە بەرامبەر فراوانخوازییەکانی عوسمانییەکاندا(شعبانی، ١٣٧٨: ٣٥). لە سەر ئەم تێڕوانینە دەکرێ هۆکارەکانی هەڵبژاردنی ویلایەتی کرماشان وەک پێگەی سەرەکی سیاسی و سەربازیی سەردەمی فەرمانڕەوایی نادر لەم خاڵانەی خوارەوەدا بەرجەستە بکەین:

**١- پێگەی تایبەتی جوگرافیایی و ژیوستراتێژی ناوچەکە:** کرماشان بە هۆی هاوسنووری لە گەڵ ئیمپراتۆریای عوسمانی و بوونی وەک ناوەندی پێکەوە بەستنی شادەماری هاتۆچۆی ویلایەتی خوراسان بە ویلایەتی بەغدا و نزیکبوونی ئەم ویلایەتە بە

نسبەت ویلایەتەکانی دیکەی ڕۆژئاوای ئێران بۆ کاربەدەستە باڵاکانی دەوڵەتی عوسمانی گرنگییەکی ستراتێژی لە ڕادەبەدەری هەبوو هەربۆیەش کاتێک ئەحمەد پاشای والی بەغدا هێرشی کردە سەر ناوچە سنوورییەکانی ڕۆژئاوای ئێران، لە نێوان شارەکانی لوڕستان، هەمەدان و کوردستان، تەنیا کرماشانی هەڵبژراد و بنە و بارگەی خۆی و سوپاکەی لەم شارە داکوتا(حزین لاهیجی، ١٣٧٥: ٢٢٢). دیارە ئەمەش بۆ ئەوە دەگرێتەوە کە جگە لەوەی کە کرماشان لە رووی جوگرافییەوە پێگەیەکی بەهێز و سەختی شاخاویی هەبووە، هاوکات بە هۆی نزیکایەتی لە بەغداوە، بێگومان باشترین هەڵبژاردە بووە بۆ والی بەغدا، تاکو لە کاتی تەنگانەدا، لە کەمترین ماوەی زەمەنییەوە خۆی بگەیەنێتە ناوەندی دەسەڵاتەکەی کە بەغدا بوو.

**٢- زۆری ژمارەی هێزە چەکدار و جەنگاوەرە بە ئەزموونەکانی خێڵ و هۆزەکان:** ژمارەیەکی زۆر لە خێڵ و هۆزە رەسەنە کوردییەکانی وەک: "زەنگەنە، کەلهوڕ، گۆران، جاف، سنجاوی و هۆزە وەندییەکان[٤]"بە درێژایی مێژوو لە ویلایەتی کرماشان ژیاون، بۆیە هەر کامە لەم خێلات و هۆزانە لە کاتی تەنگانە و ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ هێرشی دوژمنەکان دەیان توانی لە کەمترین کاتدا، زۆرترین هێزی شەڕکەر کۆ بکنەوە، هەر بۆیەش خانی ئەفشار بە بڕیارێکی ژیرانە ئەم هەرێمەی وەک پێگەی سەرەکی بەرگریکردن لە دەسەڵاتەکەی هەڵبژاردبوو چونکە ڕێژەی هەرە زۆری پێکهاتەی سوپای نادر لە هەردوو خێڵی زەنگەنە و کەلهوڕ، گۆران و هۆزە وەندییە کانی دیکەی نیشتەجێی ئەم ویلایەتە پان و بەرینە پێکدەهات(ویسی قلعه گینه و قنبری، ١٣٩٢: ١١٠).

**٣- هەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە دەستەبژێری خێڵ و هۆزەکان:** ئاشکرایە کەوا نادر وەک فەرمانڕەوای راستەقینەی ئەو کاتی ئێران بە مەبەستی پێوەندیکردن و دانوستان لە گەڵ دەوڵەتی عوسمانی پێویستیی بە کۆمەڵێ کەسانی شارەزا و دەستەبژێری بە ئەزموونی ناوچەیی هەبوو کە جگەلە شارەزابوونیان لە ناوچە سنوورییەکانی خۆیان هاوکات زانیاریی بە کەڵکیان لە سەر ناوچەکانی ئەو دیوی سنوور و چۆنیەتی مامەلە کردن لە گەڵ کاربەدەستە باڵاکانی عوسمانیشیان هەبووایە، تاکو لە کاتی پێویست وەک والی و فەرمانڕەوای ناوچەکان یاخود نوێنەری راسپێردراو، ئەرکی بەڕێوەبردنی گفتگۆکان لە ئەستۆ بگرن. هەر بۆیەش نادر دوای ناسینی و هەڵبژاردنی ئەم دەستەبژێرانە بە دانانیان بە حاکمی ناوچە سنوورییەکانی ڕۆژئاوا، مەودایەکی باشی ڕێک دەخست تاکو ئەوانیش بە کردەوە بەهرە و توانا کارگێڕی، سیاسی و سەربازییەکانی خۆیان هەڵسەنگێنن و بە پێی توانا کێشەکان چارەسەر بکەن (ویسی قلعه گینه و قنبری، ١٣٩٢: ١١١).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکولینێن کوردی

**٤- هەبوونی توانای بەرزی جەنگاوەری خێڵ و هۆزەکان:** دیارە هێزە سەربازیی و جەنگاوەرە بە ئەزموونەکانی خێلات و هۆزە ڕەسەنە کوردییەکانی ویلایەتی کرماشان، بە هۆی هەبوونی لەوەڕگەی بەپیت و پێگەی بەهێز و دەوڵەمەندی جوگرافیایی و بەخێوکردنی مەڕومالاتێکی زۆر و داهاتێکی بەرفراوان، بە بەردەوامی کەوتوونەتە بەر هێرشی دراوسێ و نەیارەکانیان، بۆیە ئەم خێلانە بە مەبەستی خۆپاراستن و هێشتنەوەی دەسکەوتە کانیان ناچاربوونە لە رووی جەنگاوەری و سوارچاکییەوە ئامادە و بەهێز بن هەتاکو بتوانن بەرگری لەخۆیان و سنووری دەسەڵاتی خێڵەکی و دەسکەوتەکانیان بکەن، چونکە بەردەوام لە گەڵ دراوسێ و نەیارانیان لە جەنگدا بوون، هەر بۆیەش بە هۆی بەشداریکردن لەم شەڕانەدا ئەزموونێکی زۆر باشیان بەدەست هێنابوو و لە کاتی جەنگەکاندا ئازا و بوێر و چاونەترس بوون. کاتێک نادرقولی خانی ئەفشاریش بەم تایبەتمەندییانەی زانی و بە هۆی گرنگایەتی پێگەی ستراتێژی کرماشان و ئازایەتی خەڵکە دانیشتوانەکەی بڕیاری دا کەوا قەڵایەکی سەخت و دژێکی بەهێزی لەم شارە دروست بکات بۆ شەڕکردن لە گەڵ هێزە هێرشبەرەکانی عوسمانی. بە گوێرەی ئاماژە پێکردنی میرزا مەهدی خانی ئەستەرئابادی مێژوونووسی بارەگای نادرخان، دوای رزگارکردنی کرماشان و دانانی حوسێنعەلی خانی زەنگەنە وەک حاکمی ئەم ویلایەتە، خانی ئەفشار تا ئەو ڕادەیە لە چۆنیەتی بەڕێوەبردن و بەرگریکردنی ئەم قەڵایە لە لایەن حوسێنعەلی خانەوە دڵنیا بوو، کە مانەوەی خۆی بە پێویست نەزانی و بە پاشماوەی سوپاکەی لە ئەسەدئابادی هەمەدانەوە ڕوویان لە ویلایەتی ئازربایجان کرد (استرآبادی، ١٣٦٨: ١٦٣).

**٥- هەبوونی توانای بەرچاوی دابینکردنی دانەوێڵە و پێداویستی خواردەمەنی و بارگیر و ئەسب و هێستر بۆ بارەگای سەربازیی نادر:** بە گوێرەی باسکردنی ڕۆژهەڵاتناس و مێژوونووسی ناوداری ڕووسی واسیلی بارتۆلد (١٨٦٩-١٩٣٠) ویلایەتی کرماشان بە هۆی تایبەتمەندیی ئاووهەوا و هەبوونی لەوەڕگەی باش و ڕێژەی بەرچاوی زەوی و زاری پڕپیت و بەرەکەت و بەرهەمە کشتوکاڵییە بەرفراوانەکانی بە درێژایی مێژووی بوونی خۆی، بە بەردەوامی یەکێ بووە لە زەنگینترین و گرنگترین ویلایەتەکانی وڵاتی ئێران بۆ دابینکردنی دانەوێڵە و پێداویستییەکانی خواردن و خواردنەوە (بارتولد، ١٣٨٦: ٢٠٨). بۆیە ئەم تایبەتمەندییە گرنگانەی باسکران بە گشتی بوونەتە هۆی ئەوە تاکو ویلایەتی کرماشان وەک قەڵا و پێگەیەکی بەهێزی جوگرافیایی، مرۆیی، ئابووری و سەربازی، باشترین هەڵبژاردەی نادر خان / شا بێت لە نێوان ویلایەتە هاوسنوورەکانی دیکەی ڕۆژئاوای ئێران، لە بەردەم هێرشە بەردەوامەکانی سوپای عوسمانییەکانەوە.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆلینێن کوردی

عوسـمانییەکان لە سـاڵی ١٧٣٠دوای ئەوەی لە ڕێگەی چاوسـاغەکانیانەوە ئاگاداربوون کەوا نادرقولی خانی ئەفشار بە مەبەستی ڕێگەگرتن لە هێرشی بەربڵاوی ئۆزبەکەکان لە سـنووری باکووری ویلایەتی خوراسـان بە سـوپایەکی گەورەوە رووی لە شـاری هیرات کردووە، سـەر لە نوێ هێرشـیان کردە سـەر ناوچە سـنوورییەکانی رۆژئاوای ئێران و لە ئەنجامدا جارێکی دی کرماشـانیان داگیرکردەوە. لەم کات و سـاتە هەسـتیارەدا شاتەهماسبی دووەم کە کەسایەتییەکی لاواز و بێ ئەزموونی هەبوو، بە هاندانی کەسە نزیکەکانی بۆ ئەوەی هێز و دەسەڵاتی خۆی تاقیبکاتەوە و بە نادرقولی بسەڵمێنێ کەوا بە بێی ئەویش دەتوانێ جلەوی دەسـەڵاتی ئێران بەدەسـتەوە بگرێـت و نـاوچە داگیرکراوەکانی باکووری رۆژئاوا و رۆژئاوای ئێرانیش لە هێزەکانی عوسـمانی پاک بکاتەوە، بە سـوپایەک رووی لە هەرێمی ئازربایجان کرد. هێزەکانی شـا تەهماسـب ئەگەرچی لە سـەرەتادا هەندێ سـەرکەو تنیان بەدەسـتەوە هێنابوو، بەڵام دوای نەمانی خواردن بە ناچاری بەرەو تەورێز پاشەکشەیان کرد. لە کاتی پاشەکشەدا شا تەهماسب ئاگادر کرایەوە کەوا عەلی پاشای فەرماندەی یەکێ لە سوپاکانی عوسمانی لە ناوچە کانی ئیروان و ئەحمەد پاشـای والی بەغداش لە کرماشـانەوە بەرەو ویلایەتی ئازربایجان و بـاکووری رۆژئـاوای ئێران کەوتوونەتە ڕێ. بە گەیشـتنی هێزە یـارمەتیـدەرەکـانی محەممەد قولی خانی قۆللرئاغاسـیی[٥] و هێزەکانی بەگلەربەگی ویلایەتی فارس، شـا تەهماسـب رووی سـوپاکەی لە ناوچەی هەمەدان کرد. لەوێ دوای کۆکردنە وەی هێزەکان ئامادەی شـەڕ لە گەڵ سـوپای ئەحمەد پاشا بوو (استرآبادی، ١٣٦٨: ٢٢٦-٢٧٢).

سـوپای والی بەغدا هەر زوو دەسـتیان بە سـەر کرماشـاندا گرت و دوای راو ورووتی زۆر و کوشـتنی خەڵکێکی بێ دەسـەڵات و سـووتاندنی ئاواییەکانی سـەر ڕێگاکە روویان لە هەمەدان کرد (مستوفی، ١٣٧٥: ١٥٦). لە هەمەدان شـەڕێکی سـەخت لە نێوان هێزەکانی ئێران بە سـەرکردایەتی شاتەهماسبی دووەم و لەشـکری عوسـمانی بە سـەرداریێتی ئەحمەد پاشا هەڵگیرسا، کە تێیدا سوپای ئێران زۆر بە توندی تێکشکا و شا تەهماسبیش لە گەڵ کۆمەڵێک لە پاسەوانەکانی بەرەو ئەسفەهان هەڵهات و ئەحمەد پاشاش دوای ئەم سـەرکەوتنە گرنگە و دانانی حاکمێکی تازە بۆ ویلایەتی کرمانشـا و هەمەدان گەڕایەوە بەغدا. لە لایەکی دیکەوە عەلی پاشـاش دوای تێپەڕبوون لە رووباری ئاراس، توانی دەست بە سەر ناوچەکانی خۆیێ، سەڵماس، مەراغە و تەورێز دابگرێت و داگیریان بکات و بۆ ماوەیەکی کاتیش بێ بیانخاتە سـەر قەڵەمڕەوی دەوڵەتی عوسـمانیەوە (استرآبادی، ١٣٦٨: ٢٢٧-٢٢٨).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

بەم شـێوازە ئەو ناوچانەی کە کاتی خۆی نادرقولی دوای کۆمەڵێ شـەڕێکی خوێناوی ڕزگاری کردبوون و توانی بووی بیانخاتەوە سـەر سـنووری قەڵەمڕەوی دەوڵەتی ئێران، شـاتەهماسـبی دووەم لە ماوەیەکی کەمدا بە نازانی و نەشـارەزایی و کەم ئەزموونییەوە پێشکەشی عوسمانییەکانی کردبوو. دوای کۆژانەوەی ئاگری شەڕ هەر دوو لا خوازیاری بەرقەرارکردنی ئاشتی و تەبایی بوون. عوسمانییەکان لە ترسی تۆڵەسەندنەوەی نادرقولی و شـا تەهماسـبیش بۆ پاراسـتنی هەیبەت و شـکۆی شـاهانەی خۆی، هەر زوو داوای لە دەوڵەتی عوسـمانی کرد کە هەرچۆنی بێ واز لە شـەڕکردن بێنن و بە واژۆکردنی پەیماننامەیەکی ئاشـتی ڕازی بن. بۆ ئەم مەبەسـتە ئەحمەد پاشـای والی بەغدا، ڕاغب ئەفەندیی وەک نوێنەری خۆی راسپارد تاکو سەرپشـک بێ لە نووسـین و ئامادەکردن و ئینجا واژۆکردنی پەیماننامەکە. لە لایان دەوڵەتی ئێرانیشـەوە شـا تەهماسـبی دووەم **"محەممەد ڕەزاخانی عەبدوڵلا لووی"** وەک باڵوێزی خۆی ڕاسپارد بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەم کارە. ناوبراو دواتر لە بەغدا لەگەڵ ڕاغب ئەفەندی پەیماننامەی ئاشتییان واژۆ و مۆر کرد (استرآبادی، ١٣٦٨: ٢٣١-٢٣٢).

بە پێی ماددەکانی ئەم پەیماننامەیە، ڕووباری ئاراس وەک سنووری پەسەندکراو لە نێوان هەردوو دەوڵەتی ئێران و عوسـمانی دەستنیشـان کرا و بە هۆیەوە شـا تەهماسبی دووەم بە یەکجاریی دەسـتی لە شـارەکانی گەنجە، تفلیس، ئیروان، نەخجەوان، شـەماخی و داغستان بۆ دەوڵەتی عوسمانی هەڵگرت. لە بەرامبەریشدا دەوڵەتی عوسمانی لە شارەکانی تەورێز، ناوچەکانی میرنیشـینی ئەردەڵان و بەشـێک لە ویلایەتی کرماشـان و هەمەدان و لوڕستان پاشەکشەیان کرد و ئەم ناوچانە گەڕانەوە بۆ سەر سنووری دەوڵەتی ئێران. لەم پەیماننا مەیەدا چەند ماددەیەک لە بارەی زیارەتکارانی شـوێنە پیرۆزە ئایینییەکانی شـیعە مەزهەبەکـان لە عێراق، ئـالو گۆڕە بـازرگـانییەکـان و هەروەهـا کردنەوەی کونسـولگەریی لە ئەسـتەمبۆل و ئەسـفەهان، تەرخان کرابوو. بەڵام بە هیچ شێوەیەک ئاماژە بە چۆنیەتی ئاڵوگۆڕی دیلەکانی شەڕی نێوان هەردوو دەوڵەت نەکرابوو (سایکس، ١٣٨٩: ٢/ ١٠٤٧).

دیارە ئەم بـابـاتە دواتر بوو بە هۆی تووڕەبوونی نـادرقولی لە شـاتەهماسـب و وەفدی جێبەجێکاری ئەم پەیماننامەیە، چونکە بە باوەڕی نادر سـەڕەڕای دەسـت هەڵگرتن لە ژمارەیەکی زۆر لە ناوچە سـنوورییە گرنگە کانی باکووری ڕۆژئاوا و ڕۆژئاوای ئێران، نەدەبوایە بە هیچ شـێوەیەک بابەت دیلەکان پشـت گوێ خرابا. هەر بۆیەش نادر بە فەرمیی رایگەیاند کە پەیماننامەکەی قبووڵ نییە و بە هیچ شـێوەیەک ناچێتە ژێر بـاری جێبەجێکردنیەوە. لە لایەکی دیکەوە یەکێ لە مـاددەکانی پەیمـاننـامەکە بە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

پێی نەریتی "**ئاریالیق**[٦]" بریتی بوو لە دەست هەڵگرتنی ئێران لە ٧ ناوچەی هەرە پڕپیت و ئاوەدانی ویلایەتی کرماشـــان بۆ ئەحمەدپاشـــای والی بەغدا، کە ئەمەش ببووە هۆی تووڕەبوون و دڵگرانبوونی زۆری نادرقولی لە شـاتەهماسـب و دارودەسـتە بێ ئەزموونەکەی. زۆری پێنەچوو ئەم دوو هەڵویســـتە ناوازە و ئازایانەکانی نادر بوو بە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی خۆشەویستیی لە نێو هێزە چەکدارەکان و سەرۆک خێڵ و سەرکردەی هۆزەکان و هێدی هێدی ڕێگەی خۆشـکرد بۆ ئەوەی پلان دابرێژێت بۆ لابردن و دوورخســـتنەوەی هەتاهەتایی شاتەهماسب لە تەختی دەسەڵات (سردادور، ١٣٥٤: ٣١٩).

لە دەســـتدانی ناوچە گرنگەکانی ڕۆژئاوا و باکووری ڕۆژئاوای ئێران و پێدانی هەموو جۆرە مـافێک بە عوســـمانییەکان لە لایەک و لاوازی و پەشـــۆکاوی کەســـایەتی شاتەهماسب و رابواردن و خۆشگوزەرانی بەردەوامی شا، کۆمەڵێ بیانوویەکی بەهێزبوون تاکو نادرقولی خانی ئەفشـــار دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی ســـەرۆک خێڵە گەورەکان و سەرکردەی هۆزەکان و ئینجا سەردارانی سوپاکەی و بەشێک لە کاربەدەستە باڵاکانی دەرباری شـــاهی، بڕیاری لادانی شـــاتەهماســـبی دووەم لە تەختی دەســـەڵات بخاتە بواری جێبەجێکردنەوە. نادر دوای لادانی شـا و هەڵبژاردنی کوڕە شـیرخۆرەکەی بە ناوی "**شا عەبباسی سێیەم**" بە پاشایەتی ئێران، خۆی وەک جێگرەوەی شا دەستنیشان کرد، بەڵام لە راسـتیدا تاکە فەرمانڕەوای ئەو کاتی ئێران هەر خودی نادر خان بوو. دوای دەرکردنی ئەم بڕیارە، نادر بە ســـوپایەکی گرانەوە بە مەبەســـتی گەڕاندنەوەی ســـەرجەم ناوچە دابڕێنراوەکان ڕووی لە ڕۆژئاوای ئێران کرد (هنوی، ١٣٦٥: ٩٨).

نادر لە سـاڵی ١٧٣١لە ڕێگەی لوڕسـتان و هەلیلانەوە خۆی گەیاندە دەوروبەری کرماشـان و لە لایەن سەرۆک خێڵە گەورەکان و سەرکردەی هۆزەکانی ئەم ویلایەتە پێشوازییەکی گەرمی لێکرا (مروی، ١٣٧٤: ١٥٢/١-١٥٤). خەڵکی کرماشـــان بۆ پێشـــاندانی هەســـتی خۆشەویستی و پاڵپشتیکردن لە نادر خان بە کوشتنی حاکمی دەستنیشانکراوی والی بەغدا لە کرماشان و دەست و پێوەندەکانی، تۆڵەی کوژرانی سەفیقولی خانی فەرماندەی پێشـــووی خۆیان کە لە کاتی بەرگریکردن لە قەڵای کرماشـــان بە دەســـتی تورکە عوســـمانییەکان کوژرابوو، کردەوە (هنوی، ١٣٦٥: ٩٨؛ دوکلوســـتر، ١٣٦٤: ٩٨). کاتێک نادر لە کرماشـان چاوەڕێی گەیشتنی باقی هێزە سەربازییەکانی سوپاکەی دەکرد، لە ڕێگەی چاوســـاغەکان هەواڵی ئامادەکاری ئەحمەد پاشـــای باجە لانی حاکمی دەســـتنیشـــانکراوی والی بەغدا لە زەهاوی پێ گەیشـــت کە گوایە بەتەمایە نەهێڵێ ســـوپای نادر هیچ جەموجۆڵێکی فراوانخوازی لە ناوچە ســـنوورییەکانی ڕۆژئاوادا بکات. بە گەیشـــتنی ئەم هەواڵە خانی ئەفشـــار بە دانانی عەبدولباقی خانی زەنگەنە وەک



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

حاکمی نوێی کرماشـــان بە چواردە هەزار جەنگاوەری ئامادە و بە ئەزموونی خۆی، گەیشتە قەڵای زەهاو و دوای شەڕێکی سەخت توانی دەست بە سەر قەڵاکەدا بگرێت و ئەحمەد پاشـــای باجەلانیش ئەگەرچی لە ســـەرەتادا توانی هەڵبێت و گیانی خۆی لە مەترسی کۆژران رزگار بکات، بەڵام دواتر بە دیلی کەوتە دەست جەنگاوەرانی کەلهوڕ و بە دەســـتبەســـتراوی رەوانەی بارەگای نادر کرا (مروی، ١٣٧٤: ١/ ١٥٢-١٥٤). دوای ئەم سەرکەوتنە گرنگە و دەستبەسەر داگرتنی زەهاو و ناوچەکانی دەوروبەری، بە فەرمانی نادر، لە دەوروبەری قەڵای زەهاو، ژمارەیەک بورج و بارووی بەرز و شووورای بەهێزیان دروست کرد و هێزێکی ســـەربازی تۆکمەش بۆ پاراســـتنی ئەم ناوچەیە و ڕاپەڕاندنی کاروباری قەڵاکە دامەزران (اســـترآبادی، ١٣٦٨: ٢٥٢-٢٥٣). بە رزگارکردنی زەهاو و ناوچەکانی دەوروبەری کە خاڵی ســـنووری نێوان ئێران و عوســـمانی بوون، ویلایەتی کرماشـــان هەتا کۆتایی ســـەردەمی نادرشـــا، تاکە پێگەی ســـەرەکیی ســـەربازیی ناوبراو بوو بۆ بەرگری کردن لە سنوورەکانی رۆژئاوای ئێران.

## هەڵبژاردنی عەبـدولبـاقی خـانی زەنگەنە وەک بـاڵوێزی ئێران و نـاردنی بۆ دەربـاری عوسمانی:

ســەرکەوتنە یەک لە دوای یەکەکانی نادر لە بەرامبەر عوسـمانییەکان و رزگارکردنی ناوچە ســـنوورییە کانی رۆژئاوا و باکووری رۆژئاوای ئێران، بە تایبەتی لە هەرێمی قەوقاز، دەرفەتێکی لە باری بۆ بەرقەرارکردنی ئاشتیی لە نێوان هەردوو بەرەی شەڕکەردا هێنایە ئاراوە. بۆ ئەم مەبەســـتە نادرخانی جێگرەوەی شـــا، عەبدولباقی خانی زەنگەنەی والی کرماشان، کە یەکێ لە دەستەبژێرە کارزان و لێهاتووەکانی سەردەمی خۆی بوو، وەک باڵوێزی دەوڵەتی ئێران ڕەوانەی پایتەختی عوســـمانی دەکات. خانی زەنگەنە لە کاتی ڕێوڕەســـمی تاج لەســـەرنانی نادرشـــا لە دەشـــتی مۆغان لە ســـاڵی ١٧٣٦، بە هاوڕێیەتی گەنجعەلی پاشـــای باڵوێزی دەوڵەتی عوســـمانی لە ئێران و والی موســـڵ، بە مەبەســـتی بەستنی پەیماننامەیەکی ئاشتی گەیشتنە بارەگای شـای تازەی ئێران (قدوسـی، ١٣٣٩: ٢٩١).

دوای تەواوبوونی ڕێوڕەســـمی تاج لەســـەرنان، نادرشـــا لە نێوان ســـەرجەم کاربەدەســـتە باڵاکانیدا تەنیا عەبدولباقی خانی زەنگەنەی هەڵبژارد و بە ســـەرکردایەتی وەفدێکی باڵا، کە لە ئەبولقاســـمی کاشـــی و مەلا عەلیئەکبەری مەلا باشـــی پێکدەهات، بەرەو دەرباری دەوڵەتی عوســـمانی بەڕێکرد. ئەم وەفدە هاوکات لە گەڵ خۆیان کاروانێکی فیل و کۆمەڵێک دیاریی گرانبهایان پێ بوو، کە نادرشـــا بە مەبەســـتی کردنەوەی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆلینین کوردی

لاپەڕەیەکی تازە و بەستنی پەیمانێکی نوێ و سەلماندنی نییەتپاکی خۆی بۆ سوڵتان مەحموودی یەکەمی عوسمانی (١٧٣٠-١٧٥٤) ناردبوو. نادر شای ئەفشاری فەرمانڕەوای دەوڵەتی ئێران لە نامەیەکدا، کە بۆ سودری ئەعزەمی دەوڵەتی عوسمانی نووسیبووی، عەبدولباقی خانی زەنگەنەی باڵوێزی خۆی ئاوا ناساندبوو:"**بەڵام بۆ ئەوەی ڕاپەڕاندن و سەرگرتنی ئەم کارە خێرۆمەندەی [ئاشتی و پێکهاتن] کۆمەڵێک دەسکەوت و ئاکامی باشی هەبێ بۆ دنیای پێشین و پاشینی ئەم دوو دەوڵەتە مەزنە، گەورە میری بە شان و شکۆ و بەختەوەر، عەبدولباقیخانی زەنگەنەی والی ویلایەتی کرماشان، کە یەکێکە لە میرانی بەرزەجێ و باوەڕپێکراوی ئێمەی بەرزەشانی خۆشفەڕ، وەکوو ڕاسپاردە و باڵوێز هەڵمانبژارد و ناردمانە دەرانەی کۆشکی سەرچاوەی دادپەروەریی دەوڵەتی عوسمانی**"(نصیری، ١٣٦٤: ٨٨).

وەفدی ئێرانی ڕاسپێردرابوو کەوا سەرەتا هەواڵی پاشایەتی نادرشا بدەن بە کاربەدەستە باڵاکانی دەوڵەتی عوسمانی و ئینجا لە بارەی پرسەکانی سیاسی و ئایینی نێوان هەردوو دەوڵەت گفتگۆ بکەن، لە وانە پەسەند کردنی مەزهەبی جەعفەری لە لایەن دەوڵەتی عوسمانی و بەشداریکردنی نوێژخوێنانی ئێرانی لە یەکێ لە گۆشە کانی کەعبەی پیرۆز تاکو لە گەڵ حەجکەرە سوننە مەزهەبەکانی دیکەی موسوڵمان هاوشان بن. هەڵبژاردنی میری زیارەتکارانی ئێرانی (امیر الحاج) و هاوشانکردنی لە گەل میرانی دیکەی شام و میسر و هەروەها گۆڕینەوەی دیلەکان و سەرلە نوێ دەستپێکردنی پێوەندییە بازرگانییەکان لە نێوان هەردوو دەوڵەتدا، لە ئەرکە گرنگەکانی دیکەی وەفدەکە بوو (استرآبادی، ١٣٦٨: ٣٦٥). عەبدولباقی خان و گەنجعەلی پاشای باڵوێزی عوسمانی لە ئێران دوای پێنج مانگ گەیشتنە ئەستەمبوڵ و بە پێی بەرنامە و ڕاسپاردەی پێشین گفتوگۆکانی ئایینی خرابووە ئەستۆی شێخولئیسلام و مەلاباشی و دانوستانە دیپلۆماسییەکانیش ئەرکی خانی زەنگەنە بوو. لە ڕاستیدا نادرشا بە ڕاسپاردنی ئەم ئەرکە قورسانە بەتەما بوو تاکو سەرجەم کێشە هەڵواسراوەکانی ئەوکاتی دەوڵەتی ئێران لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی دا لە ڕێگەی هەوڵەکانی ئەم وەفدەوە چارەسەر بکرێ (شعبانی، ١٣٧٦: ١٨٧).

لە بەرامبەر ئاماژەی مێژوونووسانی دەرباری نادر شای ئەفشار بە نسبەت چوونی وەفدی ئێرانی بە سەرۆکایەتی عەبدولباقی خانی زەنگەنە بۆ عوسمانی، هاوکات وەقعەنووسە دیارەکانی دەوڵەتی عوسمانی (سوبحی، سامی و شاکر)یش ٤٧ ساڵ دوای تێپەڕبوون لەم ڕووداوە و لە ساڵی ١٧٨٣دا باسیان لە چۆنیەتی هاتن و قۆناغەکانی ئەم سەفەربەرە و گەیشتنیان بۆ ئەستەنبوڵ دەکەن و ڕۆڵی عەبدولباقی خانیش لە گشت دانیشتنەکانی

ئەم وەفدە باڵایە کە لە ماوەی مانەوەیان لە ئەستەنبوڵ هەشت جاران لە گەڵ کاربەدەستە باڵاکانی دەوڵەتی عوسمانیدا کۆبوونەتەوە بەرز دەنرخێنن. بە پێی ئاماژەکردنی ئەم وەقعەنووسانە دیارە کاربە دەستە باڵاکانی دەوڵەتی عوسمانی دوای بیستنی مەرجەکانی وەفدەکە و وەرگرتنی راو سەرنجی سوڵتان مەحموودی یەکەم(١٧٣٠-١٧٥٤) جگە لە خاڵی مەزهەبی جەعفەری، زۆربەی پێشنیارەکانی وەفدی ئێرانیان پەسەند کردووە و وێرای داننان بە فەرمانڕەوایی نادرشای ئەفشار لە بوارەکانی دیکەشدا نەرمیان نواندووە و دوای گۆڕینەوەی دیارییە تایبەتییەکان و واژۆکردنی پەیمانێکی ئاشتیی و تەبایی لە نێوان هەردوو لادا وەفدەکە بە دڵخۆشی بەرەو ئێران گەڕاوەتەوە (صبحی و سامی و شاکر: ١١٩٨: ٨٨-٩١).

ئەم زانیارییانە دواتر لە ماستەرنامەیەکی زانستی کە ساڵی٢٠١٢دا پێشکەشی بەشی مێژووی زانکۆی مەرمەڕەی تورکیا کراوە بەم شێوازە تێروتەسەڵە باسیان لێوە کراوە: "وەفدی ئێرانی بە سەرۆکایەتی عەبدولباقی خان و هاوڕێتی گەنجعەلی پاشا لە رێکەوتی ٢٣ شەوالی ٧/١١٤٨ ئاداری ١٧٣٦لە دەشتی مۆغان بەڕێدەکەون و لە رێکەوتی ١٢ذی الحجە ٢٤/١١٤٨ نیسانی ١٧٣٦دەگەنە ئەرزەڕۆم و دوای ٢٨ رۆژ مانەوە لە وێ بەرەو ئەستەنبوڵ بەڕێدەکەون لە٣ربیع الاول ١٢/١١٤٨تەمووزی ١٧٣٦دەگەنە ئسکۆدار و دوای دوو رۆژ دەگەنە ئەستەنبوڵ و لە ئەنجامدا لە کۆشکی **"کادیریا"** لە کەنارەکانی گەرووی بسفۆر دادەمەزرێن(Sevinç , 2012: 22) . بە پێی ئاماژەکردنی ئەم سەرچاوەیە لە هەر هەشت کۆبوونەوەی نێوانیان وەفدی عوسمانی لەم سێ کەسانە پێکهاتبوو: **"محەممەد ساحیب ئەفەندیی ئیمامی سوڵتان، نائیب ئەحمەد ئەفەندیی قازی عەسکەری ئەنادۆڵ و عەبدوڵڵا ئەفەندیی قازی پێشووی قاهیرەی ئەمین ئەلفەتوای ئەو کاتە"** توێژەر لە درێژەی بابەتەکەیدا دووبارە زانیارییەکان سەبارەت بە رەزامەندیی تەواوی سوڵتان مەحموودی یەکەم لە سەر داواکارییەکانی وەفدی ئێران سەبارەت بە زیارەتکاران و دیلەکان و ناردنی کۆنسوولەکان دووپات دەکاتەو و هاوکات ئاماژە بەوەش دەکات کە سەرەڕای رەتکردنەوەی مەزهەبی جەعفەری لە لایەن سوڵتانەوە، دەوڵەتی عوسمانی بڕیار دەدات شاندێک لە گەڵ عەبدوڵباقی خان بنێرێت بۆ لای نادرشا، کە دیارە خانی زەنگەنە جەختی کردۆتەوە کە دەبێ سەرۆکی شاندەکە پلەی وەزیری هەبێت، بۆیە سوڵتان مەحمووديش بەوە رازی دەبێت و دوای بەخشینی پلەی وەزیری بە **"قەرە محەممەد پاشای میراخۆر"** دەیکات بە سەرۆکی ئەم شاندە و بە هاوڕێیەتی عەبدوڵڵا ئەفەندیی ئەمین فتوای پێشوو و خەلیل ئەفەندیی ئەمین فتوای ئەو کاتە" لە گەڵ عەبدولباقی خانی زەنگەنە بەرەو دەرباری نادرشا رەوانەیان دەکات (Sevinç , 2012: 23 -24).

له لایەکی دیکەوە توێژەرێکی تورک بە ناوی "Uğur kurtaran" لە گۆڤارێکی زانستی مێژوویی وێرای دووپاتکردنەوەی زانیارییەکانی پێشوو، ئاماژە بە وە دەکات کەوا دوای گەیشتنی وەفدی ئێرانی بە سەرۆکایەتی عەبدولباقی خان لە رێکەوتی ٣ رەبیع الاول ١١٤٨/ ١٢تەمووزی ١٧٣٦خانی زەنگەنە سێ نامەی تایبەتی بە واژۆ و مۆری نادرشای ئەفشاری بۆ سوڵتان مەحموودی یەکەم و سەدری ئەعزەم و شێخولئیسلامی دەوڵەتی عوسمانی پێبووە، کە لە یەکەم گەڕی دانیشتنەکاندا پێیانی داوە. دیارە کۆی ئەم دانیشتنانە هەشت جاران دووبارە بوویتەوە و کۆتا گەڕی دانیشتنەکانیش لە رۆژی ١٨جمادی الاول ١١٤٩/ ٢٤ ئەیلوولی ١٧٣٦بووە (kurtaran, 2011: 3/3/ 192-194).لە کۆتاییدا ئەگەرچی نوێنەرانی دەوڵەتی عوسمانی پێشنیارە مەزهە بییەکانی وەفدی ئێرانیان پەسەند نەکردووە، بەڵام عەبدولباقی خانی زەنگەنە دوای وەرگەرتنی رەزامەندی نادرشا، لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە پەیماننامەیەکی تازەی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی واژۆ و مۆر دەکات. بە پێی ناوەرۆکی ئەم پەیماننامەیە دەوڵەتی عوسمانی دانی بە پاشایەتی نادرشا و دەوڵەتە تازەکەی ناوە و سنوورەکانی هەر دوو وڵاتیش بە پێی مادەکانی پەیمانی زەهاوی ١٦٣٩دەستنیشان کراون (قدوسی، ١٣٣٩: ٣٨٠). بەم شێوەیە شەر و ململانێی نێوان ئێران و عوسمانی بە درێژایی ساڵانی (١٧٢٩-١٧٣٦) کۆتایی هات و تەنیا کێشە و پرسەکانی مەزهەبی بێ چارەسەر مانەوە.

شاینی باسکردنە کەوا، نادر شا لە دواساڵانی فەرمانڕەوایەتی خۆی بە ئاواتی دەست بەسەرداگرتنی ویلایەتی بەغدا و شکاندنی هەیبەت و شکۆی دەوڵەتی عوسمانی لەوێ، جارێکی دیکە لە ساڵی ١٧٤٣هێرشی کردە سەر قەڵەمڕەوی ئەم دەوڵەتە و لە ئەنجامی کۆمەڵە شەڕێکی ماڵوێران تەنیا توانی بۆ ماوەیەکی کورت لە ناوچەکانی کەرکووک، هەولێر و موسڵ هەندێ سەرکەوتنی کاتی بۆ خۆی دەستەبەر بکات، بەڵام هەرگیز نەیتوانی بە ئاواتی خۆی بگات و بەغدا داگیر بکات. دیارە لە سەرجەمی ئەم لەشکرکێشییانەدا هێزەکانی ویلایەتی کرماشان بەشێکی هەستیاری لەشکری نادرشایان پێک هێناوە (اوتر، ١٣٦٢: ٧٣). دوای کوژرانی نادرشا لە ساڵی ١٧٤٧لە ناوچەی قووچانی سەر بە هەرێمی خوراسان، تاکو بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات لە لایەن کەریم خانی زەندەوە (١٧٥١-١٧٧٩) پێوەندییەکانی نێوان ئێران و عوسمانی دۆخێکی ئارام و سەقامگیری نەشەڕ و نە ئاشتییان بەخۆیەوە بینی، لە بەر ئەوەی کە لەماوی ساڵانی کوژرانی نادرشا هەتا دەستەمۆکردنی دەسەڵاتی ناوەندی لە لایەن کەریم خانەوە (١٧٤٧-١٧٥١) کە بە سەردەمی پاشاگەردانی و نەبوونی هیچ جۆرێ دەسەڵاتێکی ناوەندی لە

ئێران دەناسرێت، پێ دەچێت هیچ کام لەم دوو وڵاتە تاقەتی جارانی هێرشبردنە سەر ناوچەکانی یەکتریان نەمابوو، بۆیە دۆخەکە بە ئاشتییەکی نەنووسراو دا تێدەپەڕی.

**ئەنجام:**

- ئەگەرچی ویلایەتی کرماشان بە هۆی هەبوونی پێگەیەکی جەماوەری و جێگەی جوگرافیایی و تایبەتمە ندییە ستراتیژییەکانی بە درێژایی مێژوو و بە بەردەوامی گرنگایەتیی خۆی هەبووە، بەڵام لە سەردەمی بە دیارکەوتنی نادر لەسەر شانۆی سیاسی ئێرانی دوای رووخانی دەوڵەتی سەفەوی و هێرشی ئەفغانەکان و بە تایبەت دوای بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات، ئەم ویلایەتە گرنگایە تییەکی لە رادەبەدەری بەخۆیەوە بینی. هەر بۆیەش فەرمانڕەوای ئەفشار دوای مقۆرکردنی دەسەڵاتی ناوەندنی و شکاندنی سوپای هێرشبەری عوسمانی، فەرمانی دا بە دروستکردنی قەڵایەکی سەخت و پتەو لەم ویلایەتە تاکو وەک پێگەیەکی بەهێزی سەربازیی لە بەرامبەر هێرشە بەردەوامەکانی سوپای عوسمانی سوودی لێ وەربگرێت.
- هاوسنووری ئەم ویلایەتە بە ناوچە سنوورییەکانی دەوڵەتی عوسمانی بە گشتی و نزیکبوونی کرماشان بە ویلایەتی بەغدا و کەوتنە سەر شارێگەی ئابووری بازرگانی خوراسان بۆ بەغدا یەکێکی دیکەی تایبەتمەندییە گرنگەکانی ئەم ویلایەتە بوو، کە لە روانگەی نادرشای ئەفشارە وە دەبوایە بە هەند وەربگیرابایە تاکو بە سوودوەرگرتن لەم تایبەتمەندییانە کرماشان وەک شوورایەکی پۆلایین لە بەرامبەر هێرشە بەردەوامەکانی سوپای عوسمانی بەرگریی لە هەیبەت و شکۆی فەرمانڕەوای ئەفشار و قەڵەمرەوەکەی بکردایە.
- هەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە خێڵ و هۆزە جەنگاوەرە کوردییەکانی وەک، زەنگەنە، کەڵهوڕ، جاف، گۆران، سنجاوی، هۆزەکانی وەند و چەندانی دیکە، کە یەکێ لە پێکهاتە سەرەکییەکانی سوپای یەکگرتووی فەرمانڕەوای ئەفشار بوون، بە هۆی ئەزموونی زۆر و هێزی شەڕوانییان لە سەرچاوە مێژووییەکان دا وەک یەکێ لە سوپا جەنگاوەرە ناوازەکانی لەشکری نادرشا لە قەڵەم دراون، هەر بۆیەش شای ئەفشار، بە درێژایی ماوەی فەرمانڕەوایەتییەکەی گرنگییەکی زۆری بەم ویلایەتە و دانیشتوانە جەنگاوەرەکانی داوە.
- لە سەردەمی فەرمانڕەوایی نادرشای ئەفشارەوە، جگە لە بواری سەربازی، ژمارەیەک لە دەستە بژێر و سەرکردەی ئەم خێڵ و هۆزانە لە بوارەکانی کارگێڕی و سیاسی و دیپلۆماسییەوە رۆڵی کارایان لە بەڕێوەبردنی کارەکان و راپەڕاندنی ئەرکە راسپێردراوەکانیان دا هەبووە و جێ دەستییان لە مێژووی دەوڵەتی ئێرانی سەردەمی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینێن کوردی

نادرشاوە بە باشی نرخێنراوە. لە وانە حوسێنقولی خانی زەنگەنەی والی کرماشان و عبدولباقی خانی زەنگەنەی باڵوێزی ئێران لە دەوڵەتی عوسمانی کە جگە لەم ئەرکە گرنگانە هاوکات سەرۆکی خێڵ و فەرماندەی سوپای سەربازیی ناوچەکانی خۆیان بوون و لەکاتی جەنگ و هێرشی نەیارەکاندا، دەبوایە بە هەموو هێز و توانای خۆیان بەرگری لە ناوچە سنوورییەکانی ویلایەتی کرماشانیان بکردایە.

**پەراوێزەکان:**

١- ئەم ناوچەیە بەشێك بوو لە میدیا و لە دوای هێرشەکەی ئەسکەندەری مەقدوونی وەك سەنتەرێکی کاریگەری گەورە (ساتراپنشین) دەژمێردرا. دوای سەرهەڵدانی ئیسلام، کرماشان کە تا ئەو کات سەر بە هەرێمی دینەوەر بوو، لە رووی کارگێری و سیاسییەوە کەوتە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی کوفە و لە گەڵ دروستبوونی حکومەتی بنەماڵەی ئالی زیار، لە گەڵ هەمەدان بە یەك دەسەڵاتی سیاسی دەژمێر درا. لە سەردەمی سەلجوقی و موغۆلەکانیش بوو بە بەشێك لە کوردستان کە بەیەکەوە "**هەرێمی جبال**"یان پێ دەگوت. بۆ زانیاری زیاتر بروانە: (سلطانی،١٣٨١: ١/ ١-٧٥).

٢- **زەنگەنە:** یەکەمین سەرچاوە کە باسی خێڵی "**زەنگەنە**" دەکات، کتێبی"**منتخب التواریخ**"ی معین الدین نطنزییە، کە لە زنجیرە کتێبە مێژووییەکانی سەردەمی تەیموورییەکانە، ناوبراو تێیدا زەنگەنە وەک بەشێک لە قەڵەمڕەوی ئەتابەکانی لوڕ لە قەڵەم دەدات(نطنزی، ١٣٣٦: ١٤٠). هەرچی میر شەرەفخانە، خێڵی زەنگەنە بە یەکێک لە سێ باڵی سەرەکی کوردانی ئێران دەزانێ و بەم شێوەیە باسیان لێوە دەکات و دەڵێت:"لە سەردەمی شائیسماعیلەوە دەستیان بە پلەی بەرز ڕاگەیشتووە و هاوشانە کانیان ئیرەییان پێ بردوون، کاتێک تەواوی میر و مەزنەکانیان تێداچوون، پۆل پۆل سەریان وەبەر میرانی قزڵباش هێناوە و لە عێراق و خوڕاسان چوونە ژێر ڕکێفیان و تاقمێکیان کەوتوونە ڕیزی پاسەوا نانی پایەبەرزی پادشاوە (بدلیسی، ٢٠١٧: ٥٠٩). هەرچۆنی بێ خێڵی زەنگەنە یەکێک لە خێڵە گەورە و ڕەسەنەکانی کوردە، کە هەندێ لە توێژەران پێیان وایە کەوا ئەم ناوە لە شوێن و زێدی ڕەسەنی ئەم خێڵەوە هاتووە و هەندێ کەسی تریش پێیان وایە کەوا زەنگەنە لە کەسایەتییە ئەفسانەییەکانی ئێران بووە (سلطانی،١٣٨١: ٢/ ٦٤٩). دیارە نشینگەی دێرینی ئەم خێڵە دەکەوێتە باشووری کوردستان و هەر لە وێوە لە ئەنجامی گوڕانکارییە سیاسییەکان، دابەشبوونەتە سەر هەر دوو بەشی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی مێژوونووسانی کورد و بیانی لە سەر ئەوە کۆکن، کەوا زەنگەنەکان یەکێکن لە هۆزە ڕەسەنەکانی کورد. ئەو خێڵە لە شاری کەرکووک و خانەقین و کفری و ناوچەکانی دەوروبەری نیشتەجێن، جگە لە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

وەی بەشێکی دیکەشیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە شاری کرماشان نیشتەجێبوونە(مردوخی، ١٣٧٩: ١٠٦). هەر چەندە مێژووی کۆچکردنی ئەو خێڵە بۆ ناو خاکی ئێران دیار نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك لە مێژوونووسان پێیان وایە، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شاڵاوی مەغۆلەکان بۆ سەر ناوچەکە لە ناوەڕاستی سەدەی ١٣ز. بۆیە بەشێك لەو خێڵە لە ژێر کاریگەری ئەو شاڵاوەدا ناوچەکانی خۆیان بەجێ هێشتووە و لە باکووری ئێران و ناوچەی ئازەربایجان نیشتەجێ بوونە (توحدی، ١٣٦٤: ٢/ ١٠٣).

٣- **خێڵی کەلهوڕ** یەکێکە لەگەورەترین خێڵەکانی کورد(راولینسون،١٣٦٢: ٣٨)، کە لە باکوورەوە لە گەڵ هۆزەکانی گۆران، گۆرانی بان زەردە و لە باشوور لە گەڵ پارێزگای ئیلام و لە ڕۆژئاوا لەگەڵ کوردستانی باشوور (مەندەلی و خانەقین)، لە ڕۆژهەڵات لەگەڵ هۆزەکانی زەنگەنە و سەنجاوی لە ماهیدەشت، کە دەکەوێتە باشوری شاری کرماشان هاوسنوورە(کتابچە ایلات کرمانشاه، ١٣٠٣: ٧-٨). لە بارەی ناوی ئەم هۆزە کوردە ڕەسەنە، هەندێ کەس لەو بڕوایە دان کە دەبێت لە شێواز و ڕیشەی ئەم ناوە ورد ببینەوە تا بتوانین بە شێوەیەکی ڕاست و دروست واتای ناوەکە ڕاڤە بکەین. وشەکە وشەیەکی لێکدراوە و لە دوو وشەی "**کەڵ**" و "**هوڕ**" یان"**هڕ**" پێکدێت، کە بە چەند شێوەیەک دەگووترێت ، وەکو "**کەلهوڕ، کەڵهڕ، کەڵڕ**"، راولینسۆن پێی وایە کە نشینگەی سەرەکی ئەم خێڵە شاری "**کالح**"ی ئاشوورییەکانە و ئەم ناوەش لە وێوە هاتووە (راولینسون، ١٣٦٢: ٢٢-٢٣)، بەڵام لە زمانی کوردی دا کەڵ بە واتای ئادراو کێوی نێر دێت و لە تایبەتمەندییەکانی ئەم ئاژەڵە بوێری و خۆڕاگری چوست و چالاکی و توندڕەوییە، بەشی دووەمی وشەکە "**هوڕ یان هڕ**" لە گشت فەرهەنگەکاندا بە واتای "**خۆر، خورشید، ئافتاو، هەتاو**" لێکدراوەتەوە و لەتایبەتمەندییەکانی (**خۆر = ڕۆژ**) توندی درەوشانەوەیە (معصومی، ١٣٥٤: ٥٩). لە مەڕ وشەی کەلهوڕ چەند تێبینی و بۆچوون هەیە، کە هەندێك بە کەڵور و کەلهوڕ، کلهوڕ نێوی دەبەن، ئەوەی دیارە کەلهوڕ لە دوو بەش واتە کەڵ و هوڕ پێکهاتوە، کە کەڵ مانای کەڵی کێوی (بزنی کێوی) و هوڕیش مانای خۆر بەخۆی دەگرێت. سەرچاوەیەکی دیکە دەمانباتەوە بۆ سەردەمی زەردەشت، کە کەلهوڕ لەگەڵ ئەهورا هاتووە، واتە گەورە ئەهوار یان خودای گەورەکان، لە سەرچاوە کۆنەکانیش لە سەر تایبە تمەندی ئەم هۆزە باس لە بوێری و خێرایی و شەڕوانی دەکەن (گۆدەرزی، ٢٠١٣: ١٨). زۆربەی خەڵکی ئەم ناوچەیە خەریکی ئاژەڵداری و کشتوکاڵن و هەندێکیانیش ڕوویان لە شار و شارۆچکە کان کردووە و ژیانی سەردەمیانەیان هەڵبژاردووە. لەم شوێنە بە گەورە و سەرخێل "**ئیلخان**" دەوترێت، کە ڕێز و حورمەتی تایبەتی هەیە. دوای ڕووخانی دەوڵەتی ساسانی و هێرشی عەرەب بۆ سەر

کوردســتان ئەم ناوچەیە کەوتۆتە ناو ململانێی شــەڕ و وێرانی زۆر و بەشــێکیان وەکو ئایین یارســانی، کە ئایینی ڕەســەنی کوردییە و ئێســتایش وەکو یارســان ماونەتەوە و زۆرینەی ئەم ناوچەیە دەچنە سەر مەزهەبی شیعە و لە سەردەمی دەوڵەتی سەفەوییە، هەر لە دەشــتی خانەقین دەســەڵاتی خۆی هەبووە (گۆدەرزی، ٢٠١٣: ١٩). لەلایەکی دیکە شــێخ یوسفی عەجەمیی گۆرانی(٧٦٨ک/ ١٣٦٧ز)، کەلهوڕ بە ناوچە یەکی جوگرافیایی زێدی ســەرەکی خۆی دەناسێنی و تەنانەت گەڕۆکی عوسمانی میتراقی زادەش "**کەلهوڕ**" هەر وەک شــوێن ناســاندوو یەتی(مطراقی زادە، ٢٠٠٣: ٧٤). دیارە دواتر ئەو تیرە و خێڵ و بنەماڵانەی لەو شوێنە نیشتەجێ بوون بە کەلهوڕ ناسراون. میر شەرەفخانی بدلیسی لە ســەر حوکمی کەلهوڕ دەڵێت کە سێ فەرمانڕەوای گەورەیان هەبوو ١. قەڵای پاڵنگان ٢. دەرتنگ (زەهاو). ٣. مایەشت (ڕۆژئاوای کرماشان).

٤- **هۆزە وەندییەکان:** مەبەســت لەو هۆزە کوردییە کۆچەرەکانی نێوان هەردوو ویلایەتی کرماشــان و لوڕســتانە کە پاشــخانی "**وەند**" بە ناوەکانیانەوەیە لە وانە: "جەلال وەند، جەلیل وەند، کاکا وەند، باڵا وەند، ئەحمەد وەند، بێیران وەند، عوســمان وەند و ..."بۆ زنیاری پتر بڕوانە:(سلطانی، ١٣٨١: ٤ وە/ ٢٥٥-٢٥٦).

٥- **قوللرئاقاســی:** بە واتای فەرماندەی گشــتی و ســوپاســالاری لەشــکری وڵاتان دێت (مینورسکی، ١٣٦٨: ٢٨).

٦- **ئارپالیق:** لە دەوڵەتی عوسمانی هەتا سەرەتاکانی سەدەی شازدەهەم هیچ جۆرێ واتایەکی دانپێدانراو لە سەرچاوەکان لە بەرامبەر ئەم چەمکە بەدی ناکرێت. بەڵام دواتر بە واتای زیادە موچەیەکی تایبەت بەکارهاتووە کە لە لایەن دامودەزگا کارگێڕی و داراییەکانی دەوڵەتی عوســمانی چ وەک پارە یاخود کەرەســتەی خواردن تەرخان دەکرا بۆ هەندێ لە بەرپرسە باڵاکانی سەربازی، کارگێڕی و سیاسی یاخود فەرمانبەرە تایبەتییەکان، کە جارجاریش وەک تیمار پێیان دەبەخشــرا لە بەرامبەر ئەو خزمەتە باش و نایابەیان کە بۆ دەوڵەت هەیان بوو. جاری واش هەبوو کە وەکوو بەشــە ئەرزاقی مانگانە بۆیان ســەرف دەکرا. بۆ زانیاری پتر بڕوانە: (استرآبادی، ١٣٦٨: ١٧٤؛ جودت،١٣٠٩: ٢٩١/٤-٢٩٣؛ سعدالدین ١٢٧٤: ٢/ ٥٦٤؛ فریدون بیک، ١٢٧: ١/ ٤٧٢؛ نوری، ١٣٠٩: ٣/ ٨٧؛ مینورســکی، ١٣١٣: ٣٠؛ .(Pakalin, 1946: 1/ 84-86



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

**لیستی سەرچاوەکان:**

**کتێبە بەڵگەنامەییەکان بە زمانی فارسی:**

- کتابچە ایلات کرمانشـــاه (١٣٠٣ه.ش) **مجموعە ناصـــری**، پنج جلد، کتابخانه موزه کاخ گلستان، تهران.
- فریدون بیک، احمد پاشا (١٢٧٤ه.ق)، **منشات السلاطین**، دو جلد، استانبول.
- نصـیری، محمد رضـا (١٣٦٤ه.ش)، **اسـناد و مکاتبات تاریخی ایران "دوره افشـاریه"**، انتشـارات جهاد دانشگاهی گیلان، گیلان.

**کتێبە دەستنووسەکان بە زمانی تورکی عوسمانلی:**

- جودت، احمد (١٣٠٩ه.ق)، **اسلام آنسکلوپدیسی**، استانبول.
- سعدالدین، خواجە محمد (١٢٧٤ه.ق)، **تاج التواریخ**، استانبول.
- صبحی و سامی و شاکر (١١٩٨ه.ق)، **تاریخ**، استانبول.
- نوری پاشا، مصطفی (١٣٠٩ه.ق)، **نتایج الوقوعات**، اسلام آنسکلوپدیسی، استانبول.

**لیستی سەرچاوەکان بە زمانی فارسی:**

- آرنووا، م. ر. و ک. ز. اشـرافیان (١٣٥٢ه.ش)، **دولت نادرشـاه افشـار**، ترجمه: حمید امین، چاپ دوم، نشر شبگیر، تهران.
- آکس وورثی، مایکل (١٣٨٨ه.ش)، **شـمشـیر ایران نادر شـاه**، ترجمه: محمد حسـین آریا، نشـر اساطیر، تهران.
- استرآبادی، میرزا مهدی خان (١٣٦٨ه.ش)، **تاریخ جهانگشای نادری**، دنیای کتاب، تهران.
- استرآبادی، میرزا مهدی خان (١٣٨٧ه.ش)، **دره نادره**، به اهتمام سید جعفر شهیدی، چاپ چهارم، انتشارات علمی و فرهنگی، تهران.
- اوتر، ژان (١٣٦٣ه.ش)، **سفرنامه**، ترجمه: علی اقبالی، نشر جاویدان، تهران.
- بارتولد، واسـیلی ولادیمیروویچ (١٣٨٦ه.ش) **تذکرەی جغرافیای تاریخی ایران**، ترجمه حمزه سـر دادور، تهران، توس.
- برن، رهر (١٣٤٩ه.ش) **نظام ایالات در دوره صفویه**، ترجمه کیکاووس جهانداری، بنگاه ترجمه و نشر کتاب، تهران.
- توحدی، کلیم الله (١٣٦٤ه.ش)، **حرکت تاریخی کرد به خراسان**، ٦ جلدی، نشر واسع، مشهد.
- حزین لاهیجی، محمدعلی(١٣٧٥ه.ش)، **تاریخ و سـفرنامه حزین**، به تصـحیح علی دوانی، انتشارات مرکز اسناد انقلاب اسلامی، تهران.
- دوکلوسـتر، ا. (١٣٤٦ه.ش)، **تاریخ نادرشاه**، ترجمه: محمد باقر امیرخانی، کتابفروشـی سروش، تبریز.
- راولینسـون، س. هنری (١٣٦٢ه.ش) **سـفرنامه راولینسـون (گذر از زهاب به خوزسـتان)**، ترجمه، اسکندر امان اللهی بهاروند، انتشارات آگاه، تهران.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی

- سایکس، سرپرسی (١٣٨٩ه.ش)، **تاریخ ایران**، ترجمه: محمد تقی فخرداعی گیلانی، نشر نگاه، تهران.
- سردادور، ابوتراب (١٣٥٤ه.ش)، **تاریخ نظامی و سیاسی دوران نادرشاه افشار**، چاپخانه ارتش شاهانشاهی، تهران.
- سلطانی، محمد علی (١٣٨١ه.ش)، **جغرافیای تاریخی و تاریخ مفصل کرمانشاهان**، پنج جلدی، نشر سها، تهران.
- شعبانی، رضا (١٣٧٦ه.ش)، **حدیث نادرشاهی**، با تصحیح، تحشیه و تعلیقا، چاپ چهارم، نشر بعثت، تهران.
- شعبانی، رضا (١٣٧٨ه.ش)، **مختصر ایران در دوره افشاریه و زندیه**، نشر سخن، تهران.
- شعبانی، رضا (١٣٦٩ه.ش)، **تاریخ اجتماعی ایران در عصر افشاریه**، چاپ دوم، نشر نوین، تهران.
- غفاری کاشانی، ابولحسن (١٣٦٩ه.ش)، **گلشن مراد**، به اهتمام غلامرضا طباطبایی مجد، انتشارات زرین، تهران.
- قدوسی، محمد حسین (١٣٣٩ه.ش)، **نادرنامه**، انجمن اثار ملی خراسان، مشهد.
- گلستانه، ابولحسن محمد امین (١٣٥٦ه.ش)، **مجمل التواریخ، ذیل زین العابدین کوهمره**، به سعی و اهتمام مدرس رضوی، انتشارات ابن سینا، چاپ سوم، تهران.
- محمدی کلهر، آیت (١٣٨٢ه.ش)، **سیری در تاریخ سیاسی کرد و کردهای قم**، پرسمان، قم.
- مدرسی چهاردهی، مرتضی (١٣٤٨ه.ش)، **بغداد و بصره در قلمرو شهریار زند**، بررسی های تاریخی، خرداد تا شهریور، شماره ٢٠ ٢١، تهران.
- مردوخ کردستانی، شیخ محمد( ١٣٧٩ه.ش) **تاریخ مردوخ**، تهران، کارنگ.
- مروی، محمد کاظم (١٣٧٤ه.ش) **عالم آرای نادری**، تصحیح محمد امین ریاحی، نشر زوار، تهران.
- مستوفی، محمد محسن (١٣٧٥ه.ش)، **زبده التواریخ**، به کوشش؛ بهروز گودرزی، نشر دانشگاه تهران، تهران.
- مطراقی زاده، نصوح بن عبدالله (٢٠٠٣ز) **رحله مطراقی زاده لنصوح السلاحی**، المجمع الثقافی، ابوظبی.
- معصومی، غلامرضا (١٣٥٤ه.ش) **عروسی در ایل کلهر**، مجله هنر و مردم، شاره ١٦٠/١٥٩، تهران.
- مینورسکی، ولادیمیر (١٣٦٨ه.ش)، **سازمان اداری حکومت صفوی**، با تحقیقات و حواشی و تعلیقات مینورسکی بر تذکره الملوک، ترجمه مسعود رجب نیا، با حواشی و فهارس و مقدمه محمد دبیر سیاقی، انجمن کتاب و کتابفروشی زوار، تهران.
- مینورسکی، ولادیمیر (١٣١٣ه.ش)، **تاریخچه نادرشاه**، ترجمه غلامرضا رشید یاسمی، تهران.
- مینورسکی و دیگران، (١٣٨١ه.ش)، **ایران در زمان نادرشاه**، ترجمه: رشید یاسمی، گردآورنده: علی اصغر عبداللهی، نشر دنیای کتاب، تهران.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینێن کوردی

- نطنزی، معین الدین (١٣٣٦ه.ش) **منتخب التواریخ معینی**، به تصـحیح ژان اوین، کتابفروشـی خیام، تهران.
- ویسی قلعه گینه، فریبرز و آرش قنبری (١٣٩٢ه.ش)، **نقش کرمانشاهان در تحولات سیاسی و نظامی دوره نادرشاه**، تاریخنامه خوارزمی، سال اول، زمستان، شماره دوم، تهران.
- هنوی، جونس (١٣٦٥ه.ش)، **زندگی نادر شاه**، ترجمه: اسماعیل دولتشاهی، چاپ دوم، تهران.

## سەرچاوەکان بە زمانی کوردی:

- بدلیسی، میرشەرەفخان ( ٢٠١٧ز)، **شەرەفنامە، مێژووی ماڵەمیرانی کورد**، وەرگێڕانی سەڵاحەددینی ئاشتی، دەزگای سەردەم، سلێمانی.
- ژاک دمۆرگان، (٢٠١٢ز) **کوردستان لە لێکۆڵینەوەکانی دمۆرگاندا**، وەرگێڕانی سەعید خزری، لە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.
- گۆدەرزی، عەلی رەزا، (٢٠١٣ز) **ئێڵی کەلهوڕ لە سەردەمی مەشرووتیەت دا**، وەرگێڕانی محسن بەنی وەیس، ئەکادێمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی.

## سەرچاوەکان بە زمانی تورکی:

- Nuretin Sevinç ,(2012), **Osmanlı devletinde İran Elçilerin Gelir - Giderleri (1696-1741)**, yüksek lisans Tezi , Marmara üniversitesi.
- Uğur kurtaran,(2011) **Yeni Kaynaklar Işığında sultan 1 Mahmud Dönemi Osmanlı-İran İlişkileri( 1731-1747)**, History Studies, vol 3/3.
- Pakalin, M. Z.,(1946) **Osmanli Tarih Deyimleri ve Terimleri Sözlügü**, Istanbul.

# الدور السياسي و العسكري لقبائل محافظة كرمانشاه في العلاقة بين إيران و الدولة العثمانية (١٧٢٩-١٧٤٧)

**الملخص:**

شهدت العلاقات بين إيران و الدولة العثمانية العديد من التقلبات و المشاكل المعقدة خلال الأعوام (١٧٢٩-١٧٤٧). و خلال هذه السنوات التي استمرت بعد انتهاء الحكم الأفغاني (١٧٢٢-١٧٢٩) و ظهور نادرقلي أفشار عام ١٧٢٩على الساحة السياسية الإيرانية، حتى وفاة نادر شاه عام ١٧٤٧، و كانت هاتان الدولتان في الغالب في حالة حرب، على الرغم من أن هذه العلاقات شهدت في بعض الأحيان شبه هدوء غير مستقر خلال الأعوام (١٧٣٠-١٧٣٦) و بعد عدة سنوات من وفاة نادر شاه. خلال هذه الفترة، كانت القبائل الكردية الأصلية التي تعيش في محافظة كرمانشاه، والتي كانت مجاورة للإمبراطورية العثمانية بسبب تكوينها الجغرافية و حدودها المحددة مسبقاً، و باعتبارهم حراساً لحدودهم المشتركة، فقد دعموا باستمرار شاه تهماسب الثاني و الشاه عباس الثالث، آخر وريث السلالة الصفوية، ثم نادر شاه أفشار بكل قوتهم العسكرية.

يبدو أن هذا الوضع غير المستقر كان نتيجة التغيرات المعقدة والمؤلمة في السنوات التي أعقبت سقوط الدولة الصفوية والسياسات العدوانية للأفغان، و كانت أيضا نتيجة ظهور نادرشاه أفشان، و غطت المناطق الكردية في شرق كردستان بشكل عام و ولاية كرمانشاه بشكل خاص. وفي هذا السياق حاولنا التركيز على الدور السياسي و العسكري لقبائل محافظة كرمانشاه في العلاقات بين إيران و الدولة العثمانية، خلال السنوات (١٧٢٩-١٧٤٧) و أسباب ظهور و تطور القبائل الكبيرة و المشهورة التي قاتلت ضد العثمانيين كجزء رئيسي من جيش الدولة الإيرانية خلال الحروب و الصراعات و خلال إرساء السلام و الوحدة لعبت نخبتهم البارزة و قادتهم ذوي الخبرة دوراً مهماً في حل مشاكلهم مع الدولة العثمانية نيابة عن الإيران، لنناقش هذا الموضوع بموضوعية. وفي هذا الصدد تحاول الدراسةتحديد الجوانب المهمة الاجتماعية و السياسية و العسكرية، و حتى الشخصيات و النخب المهمة و مدى الهيمنة السياسية للقبائل و دورها في العلاقات السياسية و العسكرية بين إيران و الدولة العثمانية خلال السنوات (١٧٢٩-١٧٤٧).

**الكلمات الدالة:** *العلاقات الإيرانية و العثمانية، ولاية كرمانشـــاه، قبائل زنكنة وكلهور الكبرى، شاتهماسب الثاني الصفوي، نادر شاه أفشار.*

## Political and military role of the tribes of Kermanshah province in relations between Iran and the Ottoman Empire (1729-1747)

**Abstract:**

Relations between the two states of Iran and the Ottoman Empire during the years (1729-1747) had many ups and downs and a complicated and problematic course. Throughout these years, after the end of Afghan rule (1722-1729) and the appearance of Nader Quli Afshar in 1729 on the Iranian political stage until the death of Nader Shah, the two states were mostly at war, although these relations were sometimes semi-peaceful during the years 1730-1736 and several years after the death of Nader Shah. During this period, the Kurdish tribes and intellectuals living in Kermanshah province, who were under the rule of the Ottoman empire due to its geographical structure and previously defined borders, acted as border guards. Throughout the wars, they supported Shah Tahmasp II, Shah Abbas III, the last heir to the Safavid dynasty, and then Nader Shah Afsar.

Obviously, this unstable situation was the product of the complex and chaotic changes that followed the fall of the Safavid state and the aggressive policies of the Afghans, as well as the consequences of the emergence of Nader Shahs of Afshar who covered the Kurdish areas of East Kurdistan in general and Kermanshah province in particular. In this context, we have tried to focus on the political and military role of the tribes of Kermanshah province in the relations between Iran and the Ottoman Empire during the years (1729-1747) and the reasons that appeared and the development of the large and famous tribes that fought against the Ottomans as a major part of the army of the Iranian state during its establishment. In time of peace, the prominent elite and experienced leaders played a significant role in resolving their problems with the Ottoman Empire as a competent leader on behalf of the Iranian state. We have had to have an objective discussion. In this regard, the research attempts to identify the important aspects of social, political, military and even important personalities and elite and the extent of political domination and identify the tribes and investigate their role in political and military relations between the two states of Iran and the Ottoman Empire during the years (1729-1747).

**Keywords:** *Relations between Iran and the Ottoman Empire, Velayat of Kermanshah, the Great Tribes of Zangana and Kalhor, Shah Tahmasp II the Safavid, Nader Shah Asfar.*

Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکولینێن کوردی

# هەڵوێست و سیاسەتی عوسمانییەکان بەرامبەر بە کێشەی ناوخۆیی عەشیرەتەکانی باشووری کوردستان (١٨٨٠ . ١٩٠٥ز).

پ. هـ. د. ابوبکر دێوانە حمد بالەکی
بەشی زانستە کۆمەڵایەتیەکان- فاکەلتی پەروەردە- زانکۆی سۆران- هەرێمی کوردستان/ عیراق
د. صلاح احمد عثمان
بەشی زانستە کۆمەڵایەتیەکان- فاکەلتی پەروەردە- زانکۆی سۆران- هەرێمی کوردستان/ عیراق

**پوختە:**

بە درێژای ئەو ماوەیەی عوسمانییەکان لە کوردستان دەسەڵاتدار بوون، لەهەوڵدابوون، عەشیرەتەکانی کورد بێهێزبکەن و بۆ ئەستەنبولی ناوەندی دەسەڵاتیان ملکەچیان بکەن، بۆ ئەمەش جۆرەها سیاسەتیان بەکاردەهێنا، وەك دەستخستنە نێو ململانێی نێوان عەشیرەتەکان و پشتگیریکردنی عەشیرەتێك دژی ئەوەی تر، ئەمەش دەبووە هۆی زیاتر قوڵبوونەوەی ناکۆکی نێوان عەشیرەتەکان و تەشەنەکردنی شەڕەکانیان، لە ئەنجامدا ڕەوشی سیاسی و ئەمنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەم عەشیرەتانە ئالۆزی بەخۆیەوە دەبینی و وێرانبوونی ژێرخانی ئابووری و تێکچوونی بارودۆخی کۆمەڵایەتی بەدوایخۆیدا دەهێنا.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات تیشکێکی مێژوویی بخاتە سەر ڕۆڵی دەوڵەتی عوسمانی لە قوڵترکردنەوەی ناکۆکی و شەڕی نێوان عەشیرەتەکانی کورد، بەدیاریکراوی باشوری کوردستان بە ناونیشانی (هەڵوێست و سیاسەتی عوسمانییەکان بەرامبەر کێشەی ناوخۆیی عەشیرەتەکانی کوردستانی باشور ١٨٨٠ -١٩٠٥ز). لەم توێژینەوەیەدا هۆکارەکانی بوونی ناکۆکی لە نێوان عەشیرەتەکان دەخرێتەڕوو، لەگەڵ لێکۆڵینەوە لە ئامانجی دەوڵەتی عوسمانی لە بەشداریکردنی ئەو ململانێیە و کاریگەری ئەو سیاسەتە لەسەر ڕەوشی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی کوردستانی باشور.

ئەم توێژینەوەیە جگە لە پێشەکی و دەرئەنجام، لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم بە ناونیشانی (هەڵوێستی دەوڵەتی عوسمانی لە کێشەی نێوان عەشیرەتەکانی لیوای سلێمانی - کەرکوک) سێ تەوەر لەخۆدەگرێت، لە تەوەری یەکەمدا ئەم بابەتانە خراونەتە بەرباس: ١- ئامانجەکانی دوڵەتی عوسمانی لە دەستوەردانی ناکۆکی نێوخۆیی عەشیرەتە کوردییەکان. ٢- ناکۆکی نێوان زەنگەنە و هەمەوەند. ٣- ناکۆکی نێوان هەمەوەند و جاف. هەرچی تەوەری دووەمە ئەوا ئەم ناونیشانانە لەخۆدەگرێت ١- ململانێی نێوان بەرزنجییەکان و تاڵەبانییەکان. ٢- ناکۆکی نێوان هەمەوند وساداتی بەرزنجە. ناونیشانی بەشی دووەم بریتیە لە (سیاسەت و هەڵوێستی دەوڵەتی عوسمانی لە کێشەی نێوخۆیی چەند عەشیرەتێکی ناوچەی بادینان) ئەمیش لە دوو تەوەر پێك دێت. تەوەری یەکەم ئەم بابەتانە لەخۆدەگرێت: ١- ململانێی نێوان شێخ محمدی بارزان و عەشیرەتەکانی دەوروبەری. ٢- ناکۆکی نێوان ئەترۆشی و عەشیرەتەکانی تری ناوچەکە. لە تەوەری دووەمیشدا تیشك خراوەتە سەر دەستوەردانی دەوڵەتی عوسمانی لە کێشەی نێوان چەند عەشیرەتەیێکی تری بادینان لەوانە: ١- شەڕی نێوان دۆسکی و ڕێکانییەکان. ٢- شەڕی نێوان بەرواریيەکان و تەیارییەکان.

**پەیڤێن سەرەکی:** *کورد، عەشیرەت، عوسمانی، باشوری کوردستان. کەسایەتیەکان.*

**پێشەکی:**

ئاشکرایە لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی کۆمەڵگەی کوردی لە خێڵ و عەشیرەت پێك دەهات، یەکێك لە کێشە هەرە دیارەکانی کارگێڕی دەوڵەتی عوسمانی، هەر لە سەدەی شازدەوە تا ڕووخانی چۆنیەتی مامەڵەکردن بووە لەگەڵ عەشیرەتە کوردەکان، لەم بارەیەوە عوسمانییەکان دووچاری کێشەی زۆر بوونەتەوە، بۆیە جەدەلی چۆنیەتی سیاسەتی ناوەند لەگەڵ عەشیرەتە کوردەکان، بۆتە ڕووبەرێکی فراوان بۆ لێکۆڵینەوەی میژوویی، خۆشبەختانە لەلایەن نووسەر و توێژەران زۆری لەسەر نووسراوە، ئەمەش لەو سۆنگەیەی پەیوەندی نێوان ئەو دوو لایەنە ڕاستەوخۆ کاریگەری بەسەر بونیادی سیاسی - کۆمەڵایەتی - ئابووری - فەرهەنگی کوردستان هەبووە. لەوماوەیەی کوردستان لەژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکاندا بووە، پەیوەندی ناوەند و عەشیرەتە کوردەکان ڕووداو و گۆڕانکاری زۆریان هێناوەتە کایەوە، ئەمەش دەرئەنجامی ئەوەی دەسەڵاتی کارگێڕی عوسمانی هەمیشە هەوڵیداوە عەشیرەتە کوردییەکان ملکەچ بکات و ناچاریان بکات بە یاسا و ڕێسای ناوەند گوێڕایەڵ بن، هەروەك سیاسەتی ئەو دەوڵەتە خۆی بینیوەتەوە لە ڕێگریگردن لە پێشکەوتنی هۆزەکان و فراوانبوونی

سنوريان، ئەمانە و نانەوەی ئاژاوە و تێکدانی پەیوەندی عەشیرەتەکان یەکێکی تر بوو لە سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی، چونکە لەوە تێگەیشتبوون دروست بوونی یەکڕیزی و هەمانەگی لە نێوان عەشیرەتە کوردەکان دەبێتە مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی، بۆیە لە پێناو مانەوەی دەسەڵاتی خۆی و پاراستنی بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسییەکانی، بەو پەڕی تواناوە تێدەکۆشا بۆ ئەوەی بە لاوازی بمێنەوە، یەکێك لە ڕێگاکان بۆ هێشتنەوەیان بە لاوازی بریتی بوو لە دەستێوەردان لە ناکۆکی نێوخۆیی عەشیرەتەکان و چاندنی تۆی ڕق و قینە و گیانی تۆڵەسەندنەوە. لە مەسەلەی هەڵس و کەوت و سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی، بابەتی دەستوەردان لە کێشەی نێوخۆیی عەشیرەتەکانی باشوور، سەرنجی ڕاکێشاین بۆ ئەوەی توێژنەوەیەکی لەبارەیەوە بنووسین بەناونیشانی ( هەڵوێست و سیاسەتی عوسمانییەکان بەرامبەر کێشەی ناوخۆیی عەشیرەتەکانی باشووری کوردستان ١٨٨٠ - ١٩٠٥ز).

ئامانج لە هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە بریتیە لە دەرخستنی ڕاستیە مێژووییەکان بە گوێرەی توانا، سەبارەت بە ئامانجەکانی دەوڵەتی عوسمانی لە دەستوەردان لە کێشەی نێوخۆیی عەشیرەتەکان و ڕێگا و ئامرازەکان بۆ دەست خستنە نێو کێشەکانیان، هەروەها لە پێناو هۆکارەکانی بوونی ململانێی لە نێوان عەشیرەتە ناکۆکەکان و کاریگەری لەسەر کۆمەڵگەی کوردی.

ئەم توێژنەوەیە هەوڵدەدات وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە ئایا فاکتەرە دەرەکی و ناوەکییەکان چین لە بوونی کێشە لە نێوان عەشیرەتەکان و هەبوونی ناکۆکی لە نێوان عەشیرەتەکان چ دەرفەتێکی داوە بە دەوڵەتی عوسمانی، تاوەکو ئامانجەکانی خۆی جێبەجێ بکات لە باشووری کوردستان.

لە نووسینی ئەم توێژنەوەیە میتۆدی شیکاری بەکارهاتووە، زانیاری و دەقە مێژووییەکانی نێو سەرچاوەکان شیکار کراون و پاشان لێکدانەوەیان بۆ کراوە.

ژمارەیەك سەرچاوە بوونە هۆی دارشتنی ئەو ناونیشانە و لە نووسینی ئەم توێژنەوەیە پشتیان پێ بەستراوە، لەوانە: (مامەڵەی ستراتیژییانەی هۆزی هەمەوەند لە قۆستنەوەی دەرفەتەکانی ململانێ سنوورییەکانی نێوان عوسمانی و ئێرانی) ی (باربارا هێنینگ) و (دەوڵەتی عوسمانی و عەشیرەتە کوردەکان لە باشووری کوردستان ١٨٦٩ - ١٩١٤)ی (خالد مەحمود کەریم).

ئەم توێژینەوەیە جگە لە پێشەکی و دەرئەنجام و پاشکۆکان، لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم بە ناونیشانی (هەڵوێستی دەوڵەتی عوسمانی لە کێشەی نێوان



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

عەشـــيرەتەكانى ليواى ســـليْمانى - كەركوك) ســـێ تەوەر لەخۆدەگريْت، لە تەوەرى يەكەمـدا ئەم بـابەتـانە خراونەتە بەربـاس: ١- ئـامـانجەكـانى دوڵەتى عوســـمـانى لە دەستوەردانى ناكۆكى نێوخۆيى عەشيرەتە كوردييەكان. ٢- ناكۆكى نێوان زەنگەنە و هەمەوەنـد. ٣- نـاكۆكى نێوان هەمەوەنـد و جـاف. هەرچى تەوەرى دووەمە ئەوا ئەم ناونيشـــانانە لەخۆدەگريْت ٤- ململانێى نێوان بەرزنجييەكـان و تـاڵەبـانييەكـان. ٥- ناكۆكى نێوان هەمەوند وساداتى بەرزنجە. ناونيشانى بەشى دووەم بريتيە لە (سياسەت و هەڵوێستى دەوڵەتى عوسمانى لە كێشەى نێوخۆيى چەند عەشيرەتێكى ناوچەى بادينان) ئەميش لە دوو تەوەر پێك دێت. تەوەرى يەكەم ئەم بابەتانە لەخۆدەگريْت: ١- ململانێى نێوان شـێخ محمدى بارزان و عەشـيرەتەكانى دەوروبەرى. ٢- ناكۆكى نێوان ئەترۆشـى و عەشـيرەتەكانى ترى ناوچەكە. لە تەوەرى دووەميشـدا تيشـك خراوەتە سـەر دەسـتوەردانى دەوڵەتى عوسمانى لە كێشەى نێوان چەند عەشيرەتەيێكى ترى بادينان لەوانە: ١- شەڕى نێوان دۆسكى و ڕێكانييەكان. ٢- شەڕى نێوان بەرواريەكان و تەيارييەكان.

**بەشـى يەكەم: هەڵوێسـتى دەوڵەتى عوسـمانى لە كێشـەى نێوان عەشـيرەتەكانى ليواى سلێمانى . كەركوك.**

**تەوەرى يەكەم:**

**١- ئامانجەكانى دەوڵەتى عوســـمانى لە ملكەچكردنى عەشـــيرەتە كوردييەكان و دەستوەردانى ناكۆكى نێوخۆيى:**

عوسـمانييەكان هەر لە سـەرەتاى سـەدەى شـازدەمەوە دەسـتيان بە هەوڵەكانيان كرد، بۆ ئەوەى عەشـيرەتە كوردييەكان بخەنە ناو سيسـتەمى كارگێڕى دەوڵەت، بەڵام ئەمە ئاسان نەبوو، لەبەرئەوەى پێكهاتەى سياسى و كۆمەڵايەتى كوردى سترەكتۆرێكى ئـاڵۆزى هەبوو، بە جۆرێك لەگەڵ هيچ ڕژێمێكى بەڕێوەبەرى و كـارگێڕى نەدەگونجا، بۆيە دەوڵەتى عوســـمانى دبووايە ســـيســـتەمێكى كارگێڕى شـــياو لە كوردســـتان پەيڕەوبكات، چونكە كوردسـتان بەگشـتى و باشـوور بە تايبەتى، بەسـەر سـەدان هۆز و عەشـيرەتى پەرش و بڵاو دابەش ببوو، وێڕاى ئەمەش چەند هاوپەيمانيەتى هۆزەكى بەهێز و گەورە بوونيان هەبوو، جگە لەوەش شـــوێنى نيشـــتەجێ بوونى هەندێك لەو هۆزانە ناوچەى سەخت و شاخاوى و دوورە پەرێز بوو، دەوڵەت بە ئاسانى دەستى پێ نەدەگەيشت، يەكێك لە ڕێگاكـانى بەســـتنەوەى عەشـــيرەتەكـان بە ڕژێمى كـارگێڕى دەوڵەت، لكاندنى هۆز و تيرە لاواز و پەرش و بڵاوەكان بە هۆزێكى گەورە و كۆكردنەوەيان لە يەكەيەكى كارگێڕى و بەسـتنەوەيان بە ليوا (سـنجاق)ە نەريتيە عوسـمانييەكان، ( بۆ زانيارى دەربارەى ليوا ــ سەنجەق بڕوانە: مراد، ٢٠١٨، ٩٦ ــ ٩٧) بۆيە هەميشە پێويستى بە

خێزانی دەسەڵاتدار و ئاغا و سەرۆک هۆزە گەورەکان هەبووە، بە تایبەتی ئەوانەی مەیلی ئیسلامیێتیان زۆرتر بوو (ئۆزئۆغلۆ، ٢٠١٨، ل١٠٧ ـ ١١٤).

باشووری کوردستان وەک ناوچەیەکی جوگرافی گرنگ، لە قوڵایی ستراتیژیەتی دەوڵەتی عوسمانیدا بوو، ئەمەش لەبەر چەند هۆیەک، لەوانە: بەشێکی باشووری کوردستان هاوسنور بووە، لەگەڵ دەوڵەتی ئێرانی (سەفەوی تا قاجاری) نەیاری دەوڵەتی عوسمانی، ئەم سنورە لە ویلایەتی موسڵ دەستی پێدەکرد، تا بەشی باکووری چیاکانی زاگرۆس، هەروەها لە ڕوویی ئابوورییەوە بایەخێکی زۆری هەبووە، چونکە یەکێک لەڕێگە سەرەکیەکانی نێوان ئەنادۆڵ و ئێران بە باشووری کوردستاندا تێدەپەڕی، بۆیە دەبینین بازرگانەکان لە ئێرانەوە بەرە و خاکی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و بەپێچەوانەشەوە هاتووچۆیان بە خاکی باشووری کوردستان دەکرد(هێنینگ، ٢٠١٦، ل١٧) ئەمە جگە لە بوونی دەیان ڕێگەی تری بازرگانی و خاکێکی بەرفراوان بۆ کشتوکاڵ و ئاژەڵداری، ئەوا بۆ کۆکردنەوەی باج و سەرانە خێرێکی زۆری بۆ دەوڵەتی عوسمانی هەبوو، تەنانەت بەهۆی زۆری باج، هەندێک لە هۆزو و عەشیرەتەکان هەوڵیانداوە خۆیان لە حکومەت دووربخەنەوە و کۆچیان کردووە بۆ ناوچە سەخت و دوورە پەرێزەکان (علیاوەیی، ٢٠٠٤، ل٥) هەروەها لە ڕوویی ئاینییەوە بەشێکی زۆری زیارەتکارانی شیعە لە ئێرانەوە بۆ شارەکانی نەجەف، کەربەلا، کازمیە بە باشووری کوردستا هاتووچۆیان دەکرد (هێنینگ، ٢٠١٦، ل١٧) لەم بارەیەوە شاری خانەقین بە یەکێک لە ڕێگا سەرەکییەکان دادەندرا. لەبەرئەوە ئەو جوگرافییایە گرنگی سیاسی و سەربازی و ئابووری و ئایینی زۆری بۆ عوسمانییەکان هەبوو.

ئامانجێکی تری سەرەکی دەوڵەتی عوسمانی لە ڕێکخستنی عەشیرەتە کوردییەکان بریتی بووە لە ملکەچکردنیان، تاوەکو بۆ خزمەتی سەربازی بەکاریان بێنێت و سوودیان لێوەربگرێت لە جەنگە دەرەکییەکانی، لەلایەکی تر بۆ ئەوەی ئەو هۆزانە لەگەمەی ناوخۆیی بەکاریبێنێت دژی نەیارەکانی، بە تایبەتی بۆ لەناوبردنی دەسەڵاتی ئۆتۆنۆمی عەشیرەتە گەورەکانی وەک هەمەوەند (هێنینگ، ٢٠١٦، ل٧ - ٨) لە میانەی بزوتنەوەی چاکسازی دەوڵەتی عوسمانی لە سەدەی نۆزدە، بە تایبەتی لە سەردەمی سوڵتان (محمودی دووەم ١٨٠٨ ـــــ ١٨٣٩ز) و بە دوواوە، هەوڵدراوە ناوچە سنوورییەکانی عوسمانی/ ئێرانی کۆنترۆڵ بکرێن، ئەمەش لەبەر هۆکاری سیاسیی و ئابووری، بەتایبەتی دوای لەدەستدانی بەشێکی خاکی ئیمپراتۆریەت لە (بەڵکان - بەلقان) بۆیە لەسەردەمی فەرمانڕەوایی (عەبدولحەمیدی دووەم ١٨٧٦-١٩٠٩) ڕژێمی بە مەرکەزیکردنی ناوچەکانی سنورییەکانی عوسمانی - ئێرانی دەستیپێکرد، ئەمەش بۆ زیاتر



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینێن کوردی

فراوانکردنی سنوری دەوڵەت، بە تایبەتی لە دوا ساڵەکانی سەدەی نۆزدە. ئەمەو گەیشتنی حکومەت بە ناوچە سنورییەکان، وادەکات دامودەزگاکانی دەوڵەت ئاسانتر دەستیان بەو شوێنانە ڕابگات و بە ئارەزووی خۆیان دۆخی کارگێڕی ناوچەکە دابڕێژنەوە، بۆ ئەوەی عەشیرەتەکانیش وەك هاوڵاتی و هاونیشتمانی ناو ئیمراتۆریەکە، سەرژمێری بکرێن و ڕێژەی و باج و سەرانەیان دیاریبکرێت و سەربازگیریشیان لەناو ئەنجام بدرێت بۆ سوپای عوسمانی (هێنینگ، ٢٠١٦، ل١٤ ـ ١٩).

یەکێك لە ئامانجە هەرە سەرەکییەکانی دەوڵەتی عوسمانی لە دەستوەردان لە کێشەو ناکۆکی نێوەخۆیی عەشیرەتە کوردییەکان، بریتی بووە لە تێکدانی هاوپەیمانییەتی نێوەخۆیی عەشیرەتە گەورەکان، چونکە بوونی هاوپەیمانیەتی گەورە لە نێوانیان مەترسیەکی گەورە بووە لەسەر هەژمونی دەوڵەتی عوسمانی (الدملوجي، ٢٠١٧، ص٧٩) بۆیە دەوڵەتی عوسمانی چاك ئەوەی دەزانی لێدان لە هۆزەکانی کورد و بچوکردنەوەی پێگە و هەژموونیان، واتە لێدان لە یەکڕیزی کورد و پەرتەوازەکردنیان، ئەمەش لە ڕاپۆرتێکی جێگری کۆنسولی بەریتانیا لە دیاربەکر هاتووە کە لە ١٣ ی ئاداری ١٩١٤ بۆ باڵوێزی وڵاتەکەی لە ئیستەنبول بەرزی کردۆتەوە (علي، ٢٠٠٨، ص ١١٠).

دەوڵەتی عوسمانی جۆرەها ڕێگەی تاقیکردۆتەوە بۆ ملکەچکردنی عەشیرەتە کوردییەکان، بە تایبەتی دەسەڵاتی عەشیرەتە گەورەکانی سەر سنوری ئێران، کە لە هەموویان زیاتر خاوەنی ئۆتۆنۆمی بوون (ئۆز ئۆغلۆ، ٢٠١٨، ل١٠٨ - ١١٢) چونکە دەسەڵاتی عوسمانی لە سنوری ئەم عەشیرەتانە لاواز بوو، هەروەها ئەم عەشیرەتانە ڕۆڵی سەرەکیان هەبوو لە شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی باشووری کوردستان، لە نمونەی عەشیرەتی جاف ( بڕوانە: فەتاح، ١٩٩٥، ل ٦٨ ــ ٦٩ ــ ٧٠) یەکێك لە سیاسەتەکانی تری دەوڵەتی عوسمانی پڕچەکردنی هەندێك لە عەشیرەتەکان بوو دژی ئەوەی تر و هاندانیان بۆ ئەوەی شەڕی یەکتر بکەن، هەروەها لایەنگیریکردن و ناردنی هێز بۆ هۆزێك لە دژی هۆزێکی تر، بەمەش تۆی ڕق و قینە و شەڕکردن و تۆڵەکردنەوەی لەنێو ئەندامانی عەشیرەتەکان دەڕواند، کە هەمووی لە دژی ڕەوشی کورد و کوردستان دەشکایەوە و دەبووە هۆی خراپ بوونی دۆخی خەڵك. (لازاریف، ٢٠١٣، ص٦٧) هەروەها لە ڕێگەی پێدانی پلە و پۆست لەو ناوچانەی زۆرینە کوردن، هەندێك لە سەرۆك هۆزەکانی کوردی بەلای خۆیدا ڕادەکێشا، ئەم سەرۆك هۆزانە دەسەڵات و پێگەی بەهێزیان پەیا دەکرد، زۆر جار بە پاڵپشتی دەوڵەت سنوری خۆیان بەهێز دەکرد و دەسەڵاتی خۆیان بەسەر هۆزەکانی دەوروبەر دەسەپاند (الدملوجي و اخرون، ٢٠٠١، ص١٧) ئەم سیاسەتە دەبووە هۆی زیاتر دابەش بوونی کۆمەڵگەی کوردی، بێگومان هێشتنەوەی کوردستان بە لاوازی، ئامانجێکی سەرەکی عوسمانییەکان بووە، لەم بارەیەوە مارك سایکس دەڵێ: دەوڵەتی عوسمانی هەوڵیداوە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

عەشیرەتەکانی کورد بمێنن و یەکنەگرن، بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی کوردی پێشکەوتن بەخۆیەوە نەبینێت، چونکە بە مانەوەی ئەم هۆزانە و دابەشبوونیان کورد پێشنەدەکەوت (سایکس، ٢٠٠٧، ص٦).

**٢. ناکۆکی نێوان زەنگەنە و هەمەوەند لە کۆتای سەدەی نۆزدە:**

لە ساڵی (١٨٧٨) ئەندامێکی عەشیرەتی هەمەوەند لەلایەن عەشیرەتی زەنگەنە کوژرا، ئەم ڕووداوە ناکۆکی خستە نێوان ئەو عەشیرەتە، لە ئەیلولی (١٨٧٩) هەمەوەندەکان بەسەرکردایەتی (جوامێر ئاغا ـ جووکل ١٨١٥ ـ ١٨٨٧ز) هێرشیان کردە سەر (قەرەداغ) و قایمەقامی شارەکەیان کوشت (عەبدوڵا، ٢٠٠٤، ل٢٤) لە ڕاستیدا کوشتنی قایمەقامی قەرەداغ، پەیوەندی بە ناکۆکی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و عەشیرەتی هەمەوەند هەبووە، هەردوو عەشیرەتی هەمەوەند و زەنگەنە لە گوندی (ئیبراهیم خانی)ی قەزای کفری، ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوە، لە ئەنجامدا زەنگەنە شکستان خوارد و چوونە ناو گوندی شێخ لەنگەر لە نێوان کەلار و کولەجۆ، هەمەوەند شوێنیان کەوتن، زەنگەنە ناچار بوون داوای هاوکاریان لە حکومەت کرد (زكي، ١٩٥١، ص ١٤٠) لە دیدی عوسمانییەکان هەمەوەند عەشیرەتێکی سەرەڕۆ و لە یاسا دەرچوو بوو، ئەمە دیدە لەوە سەرچاوەی دەگرت، هۆزی هەمەوەند خاوەنی دەسەڵاتێکی نیمچە ئۆتۆنۆمی بووە لە ناوچەی خۆی، دەورێکی باڵای گێڕاوە لە یارمەتیدانی میرانی بابان لەکاتی بوونی کێشەیان لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی، هەروەها وەك عەشیرەتێکی یاخی لە دەسەڵاتی عوسمانی، زۆرکات لە جولانەوەدابوون و ناکۆکیان لەگەڵ والییەکانی عوسمانی هەبووە لە بەغدا و هەمیشە هەوڵیان داوە بەسەر ناوچەی خۆیان باڵادەست بن، وە زۆر جار دەستیان بەسەر پۆستە و کاروانی بازرگانیدا گرتووە. (ئەمین، ٢٠٠٨، ل١٦ - ٢٢، ٥٦ - ٥٨) تەنانەت نووسەرێك پێی وایە هەمەوەندەکان کۆسپێکی سەرەکی بوون لەبەردەم عوسمانییەکان، بۆ پەیڕەوکردنی سیستەمی مەرکەزی لە باشوری کوردستان، چونکە عەشیرەتی ناوبراو زۆر سەرکەوتوو بوو لە بەرهەڵستیکردنی هەوڵەکانی دەوڵەتی عوسمانی، بۆ چەسپاندنی مەرکەزیەت (هێنینگ، ٢٠١٦، ل١٣-١٩) شایەنی باسە جگە لە هەمەوەند، عەشیرەتی گەورەی (جاف)یش، نەچوونەتە ژێر بڕیار و سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی، بۆیە ئیدارەی عوسمانی لە عێراق، بۆ مل پێکەچکردنی ئەم عەشیرەتانە، هەمیشە لە دەرفەت گەڕاوە و جۆرەها ڕێگاشی بەکارهێناوە، لە ناویاندا دوورخستنەوە بۆ دەرەوەی کوردستان، بۆ نمونە دوورخستنەوەی هەمەوەند بۆ شاری (بەنغازی) لە لیبیا (هێنینگ، ٢٠١٦، ل٨) دوای ئەوەی زەنگەنە داوای بەهانەوە چوونی کرد، ڕاستەوخۆ هاتە نێو کێشەکە و پشتگیری



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

زەنگەنەی کرد، بۆ ئەم مەبەســـتە هێزێك كە پێکهاتبوو لە بەتالیۆنێکی پیادە و شەســت ســوار و چل هێســتر و دوو تۆپی بچوك، بەســەرکردایەتی (عبد الله ئەفەندی خانەقی) گەیشـــتە شـــێخ لەنگەر، وێڕای ئەوە قایمقامی کفری بە (٧٥٠) ســـواری عەشـــیرەتەکانی (زەند) و (پالانی) و (تالەبانی) و (باجەلان) هاوکاری هێزەکەی کرد، هێزی عوســمانی هێرشــێکی کت و پڕیان کردە ســەر هەمەوەند، بەڵام ســەرنەکەوتن و هێرشەکەیان بەرپەرچدرایەوە، دەوڵەتی عوسمانی لەبری چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکییە، هێزێکی گەورەتری بەسەرکردایەتی (ئەدهەم پاشا)ی فەرماندەی فیرقەی دوازدەی سوپای عوسمانی، کە پێکهاتبوو لە هەشت بەتالیۆن و فەوجێك و نیوی سوارە و یەك بەتالیۆن فەوجی چیایی ناردە ناوچەکە، لەگەڵ ئەوەشدا هەمەوەندەکان هێزەکەیان لە گۆپتەپە (نزیك ناحیەی ئاغجەلەر) گەمارۆدا و خودی ژەنەڕاڵ (ئەدهەم پاشا) یان بەدیلگرت، دوای چەندین مشــت و مڕ و گفتوگۆ، ژەنەڕاڵی ناوبرا و ئازاد کرا و هەمەوەندەکان لەگەڵ ماڵ و منداڵەکانیان کشانەوە بۆ (زەهاو) لەخاکی ئێران (کەریم، ٢٠١٢، ل٢٠١٩ - ٢٠٢٠ ؛ حەسەن، ٢٠١٩، ل٦٦). پاشان هەمەوەندەکان لە زەهاو نیشتەجێ بوون و دەستیان کردەوە بە دژایەتیکردنی دەوڵەتی عوســمانی، دوای ماوەیەك هەردوو دەوڵەتی عوســمانی و قاجاری ڕێککەوتن لەســـەر ملکەچکردنی ئەم عەشـــیرەتە، لەگەڵ ئەوەشـــدا ســـەرنەکەوتن (ئەمین، ٢٠٠٨، ل١٦ ـ ٢٢).

**٣. ناکۆکی نێوان هەمەوەند و جاف:**

(شـــاتری) یەکێك بووە لە تیرەکانی هۆزی گەورەی جاف، (عەزیز شـــاوەیس) ســـــەرکردایەتی ئەم تیرەیەی کردووە (لە بارەی تیرە و فیرقەکانی هۆزی جاف بڕوانە: حەســـەن، ٢٠١٩، ل٢٤٩ـــــ ٢٩٠). هەر لە نیوەی دووەمی ســـەدەی نۆزدەی زایینی ئەم تیرەیە دەســـــتبەرداری ژیانی کۆچەری بوونە و بوونەتە خاوەنی زەوی و خاکی خۆیان، ئەندامانی ئەم تیرەیە وەك پێویست گوێڕایەڵی فەرمانەکانی (محمد پاشا ـــــ حەمە پاشا ١٨١٤ ـ ١٨٨١ز)ی ســــەرۆکی لقەکانی جاف نەبوونە، لە پێناو لاوازکردنی پێگەی ئەم هۆزە (حەمە پاشــا) لەبن گوێی عوســمانییەکانی خوێند و هانیدان، تاوەکو عەزیز شــاوەیس دەســتگیربکەن، ناوبراو لەم پلانەیدا ســەرکەوت و عەزیز شــاوەیس خرایە زیندان، دوای ماوەیەك مانەوە لەناو زیندان ژەهر خوارد کرا، هەر زوو پەنجەی تۆمەت ئاڕاســـتەی حەمە پاشــا کرا، فارســی کوڕی عەزیز شــاوەیس و کەڕەمی کوڕی ڕایانگەیاند تۆڵەی خۆیان دەکەنەوە، زۆربەی ســـەرۆك تیرەکانی جافیش پشـــتگیری خۆیان بۆ فارس و کەڕەم دووپاتکردەوە، ئەوە بوو لە ساڵی (١٨٨٠) لە چیمەنی برایم سەمین لە گەرمیان دەرفەتیان بۆ ڕەخسا و حەمە پاشایان کوشت،(حەسەن، ٢٠١٩، ل٢٥٦ - ٢٥٧) محمود پاشای کوڕی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

حەمە پاشـــا بڕیاریدا تۆڵەی باوکی بکاتەوە (زەکی، ١٩٣٩، ل١٢٨) پاش ئەو ڕووداوە ئەو تیرانەی جاف، کە بەڵێنیان دابوو بە شـاترییەکان پاشـگەزبوونەوە، بۆیە شـاترییەکان پەنایان بردە بەر هەمەوەندەکان (حەسـەن، ٢٠١٩، ل٢٥٦ ـــــ ٢٥٧) جافەکان داوایان لە هەمەوەندەکان کرد شـاترییەکان بە دەسـتەوە بدەن، بەڵام ئەوان بەم داوایە ڕازی نەبوون، بۆیە شەڕ کەوتە نێوان هەمەوەند و جاف (کەریم، ٢٠١٢، ل ٢٢٠) چەکدارانی فراکسیۆنی سـەرەکی جاف بەسـەرکردایەتی (عبد الرحمن بەگ)ی برای حەمە پاشـا، لە نزیك گل (نزیك قادر کەرەم) ڕووبەرووی شاترییەکان و هەمەوەند بوونەوە، لە ئەنجامدا فراکسۆنی سـەرەکی جاف شـکان، بۆیە (تەقی پاشـا ١٨٨٠ - ١٨٨٧) ی والی عوسـمانی لە بەغدا سـوپایەکی بۆ هاوکاری جافەکان ڕەوانەکرد، شـاترییەکان و هەمەوەند ناچار بوون بە ژن و منداڵەوە، گەرمیانیان بەجێهێشت و بەرە و (جوانڕۆ ـــ زەهاو) کۆچیانکرد و لەوێ نیشتەجێ بوون، پاشان ڕەشماڵی جافە شاترییەکان و هەمەوەندیان تاڵانکرا و سوتێندران، ماوەی دوای دوو مانگ مانەوە هێزەکەی والی عوسـمانی و جافەکان هەوڵیاندا گورزێك لە شـــاترییەکان و هەمەوەند بدەن، بەڵام ســـەرنەکەوتن، چونکە (جوامێر ئاغا)ی سەرکردەی هەمەوەندەکان، ناوەندی دەسەڵاتی خۆی لە زەهاو قایم کردبوو، و شکستی بە نەیارەکانی هێنا (سۆن، ل٥٤ -٥٥؛ حەسـەن، ٢٠١٩، ل٢٥٦ - ٢٥٧ ؛ کەریم، ٢٠١٢، ل٢٢٠؛ البرواري، ٢٠٠٩، ص٢٤٠) دەسـتوەردانی والی عوسـمانی و پاڵپشـتیکردنی هۆزی جاف، لە پاڵ ئەوە بووە، گرژی و ناکۆکی توند لە نێوان هەمەوەند و دەسەڵاتی عوسمانی هەبووە، ئەمە جگە لەوەی سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی بریتی بووە، لە قۆستنەوەی دەرفەتەکان بۆ پەیڕەوکردنی سیاسـەتی (پەرتکە و زاڵ بە) لەپێناو سەرکەوتن بەسـەر عەشیرەتەکانی کورد.

**تەورەی دووەم:**

**١. ناکۆکی نێوان بەرزنجییەکان و تاڵەبانییەکان:**

سـەبارەت بە شـەڕی نێوان ئەو دوو عەشـیرەتە، لە ڕاپۆرتێکی ئاسـایشـی ناوخۆیی هەردوو ویلایەتی بەغدا و موســـلدا، کە لە (تشـــرینی یەکەمی ١٨٨٦) بۆ ئیســـتەنبۆل بەرزکراوەتەوە هاتووە، لە دەوروبەری کەرکوك شـــەڕ کەوتۆتە نێوان بەرزنجییەکان و تالەبانییەکان (بڕوانە: مراد، ٢٠٠٥، ص٢٩ ــ ٣٠) هۆکاری سەرهەڵدانی ناکۆکی لەنێوان ئەم دوو عەشـیرەتە ئاینییە، لە ڕاپۆرتێکی (ئیسـماعیل حەقی) کاربەدەسـتی چاکسـازی کەرکوك دەردەکەوێت، کە ســـاڵێك دواتر بۆ ناوەند نێردراوە، تیایدا ئاماژە بەوە کراوە هۆکاری شـەڕەکە بریتی بوو لە کوشـتنی (شـێخ عەبدولسـەمەد تاڵەبانی) بەدەسـتی بەرزنجییەکان (مراد، ٢٠٠٥، ص٣٨) هەرچەندە شـێخ سـەعیدی بەرزنجی و زۆربەی ئەوانەی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی

لەم ڕووداوە تیوەگلابوون، لەگەڵ چوار کەس لە تاڵەبانییەکان لەلایەن دەسەڵاتدارانی ویلایەتی موسل دەستگیرکران، لەگەڵ ئەوەشدا حکومەت نەیتوانی ئاژاوەکە بن بڕ بکات، هێرش و پەلاماری بەرزنجییەکان بۆ سەر تاڵەبانییەکان بەردەوام بوو، لەو لاشەوە شێخ سعید هەوڵی دەدا لە زیندان خۆی ڕزگار بکات، لەو کاتەدا شێخ حسنی بەرزنجی بە پێنج سەد کەسەوە هێرشی کردە سەر شێخ مەعروفی تاڵەبانی لە کەرکوك، هەمەوەندییەکان ئەم ڕەوشەیان قۆستەوە پەلاماری گوندەکانی دەوروبەری کەرکوکیان داو تالانیان کرد. ئەگەرچی ئیستەنبول ئاگاداری ئەم ڕووداوانە بووە، بەڵام بەهۆی پێگەی ئایینی هەردوو عەشیرەتی بەرزنجی و تاڵەبانی هیچ هەڵوێستێکی توندی نەنواند، بە تایبەتی بەرزنجییەکان پێگەیەکی بەرزیان لای سوڵتان هەبوو، بۆیە پەلەیان نەکرد بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە (Gökhan Çetinsaya:op.ct.p75 - 77) بەڵام دوای سەرهەڵدانەوەی کێشەکە و ئاڵۆزبوونی لە ساڵی (١٨٨٧) بابی عالی بۆچوونی خۆی گۆڕی و لیژنەیەکی بە سەرۆکایەتی (ئیسماعیل حەقی پاشا)ی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، بۆ کەرکوك نارد، بابی عالی لیژنەکەی ئاگادارکردەوە بەرزنجییەکان بنەماڵەیەکی بێگەردن (سلالة الطاهرة) و داواشیان لێکرا ڕەچاوی پێگەی بەرزی ئایینیان بکرێت و لەسەر بنەمای ماف و دادپەروەری ئەم کێشەیە چارەسەربکەن، هەروەها لە بابی عالیەوە بە ئیسماعیل حەقی ڕاگەیەندرا، پێویستە دوای گەیشتن بە شوێنەکە دادگایەکی سەربازی بەسەرۆکایەتی خۆی پێکبهێنێت و تاوانبارەکان سزابدرێن(مراد،٢٠٠٥، ص٣٠ ـ ٣٨).

لەو ڕاپۆرتەی لیژنەکە بۆ دەوڵەتی ناوەند بەرزی کردۆتەوە دەردەکەوێت ڕەوشی سیاسی ناوچەکە بەهۆی شەڕی نێوان ئەو دوو عەشیرەتە نائارام بووە، بۆیە باری نائاسایی ڕاگەیاندراوە. پاش ئەوەی لێژنەکە دەستی بە پشکنین و لێکۆڵینەوە کرد، بڕیاردرا بۆ بنبڕکردنی کێشەکە ئەوانە سزابدرێن کە ڕاستەوخۆ دەستیان لە کێشەکە هەبووە، لەم سۆنگەیەوە دادگا بڕیاری زیندانی بۆ سێ کەس دەرکرد، کە ڕاستەوخۆ بەشداربیوون لە کوشتنی شێخ عبد الصمد تالەبانی، جگە لەوەش ژمارەیەکی تری لە بەرزنجییەکان و تاڵەبانییەکان ئەوانەی تەقەیان کردبوو خستە زیندان (سۆن، ٢٠٠٧، ل٧٥). لە کێشەی نێوان بەرزنجییەکان و تاڵەبانییەکان، دەوڵەتی عوسمانی بە هەستارییەوە مامەڵەی کردووە، لە بری دەستوەردان بە هێزی سەربازی و پاڵپشتیکردنی یەکێك دژی ئەوەی تر، لە ڕێگەی پێکهێنانی لێژنە و دادگا، کێشەکەی چارەسەر کردووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی هێز و پێگەی ئەم دوو بنەماڵەیە لەناو کۆمەڵگەی کوردی ئەوکات.

**٢ . ناكۆكی نێوان هەمەوند وساداتی بەرزنجە.**

ناكۆكی نێوان هەمەوەند و بەرزنجە، مێژوویەكی كۆنی هەبووە، هەروەك لە بەڵگەنامەیەكی عوسمانیدا، كە لەبنچینەدا ڕاپۆرتی فەرمانبەرێكی عوسمانیە، لەحوزیرانی ساڵی (١٩٠٥) دانووسراوە، ئەوە پشتڕاست دەبێتەوە (كەریم، ٢٠١٢، ل١٠٥) بەگوێرەی بەڵگەنامەیەكی تری عوسمانی سەرچاوە و هۆكاری شەڕەكە لەسەر زەوی و زار بووە، ئەمەش دوای ئەوەی (هەمەوندەكان) بۆ زەهاو دوورخراونەتەوە، دا شێخ سەعیدی بەرزنجە هەڵساوە بە كڕینی هەندێ زەوی و زاری بێ تاپۆ، لەوانەی كە حكومەت فرۆشتوویەتی، بەڵام كاتێك هەمەوەندییەكان بۆ زێدی خۆیان گەڕاونەتەوە، لەو زەویانە دەستیان بە كشتوكاڵكردن كردووە، بەهۆیەوە لەنێوان ساداتی بەرزنجە و هەمەوەندەكان ناكۆكی سەریهەلداوە، لە ئاكامدا لە ناكۆكییە (سەید نوری سەید حەسەن كانی كوالی) كوژراوە، ئەمەش ناكۆكی هەردوولای قوڵتر كردۆتەوە. بۆ تۆلەسەندنەوە (شێخ محمودی شێخ سەعید) و (شێخ سعیدی گۆپتەپە) و چەند ساداتێكی دیكە لەگەڵ لقەكانی (تەرخانی) و (ڕوغزایی) لە عەشیرەتی (جاف) كۆبوونەوەیەكی گەورەیان بۆپرسی پەلاماردانی (هەمەوەندەكان) سازكرد، لەئەنجامدا بەرزنجەییەكان هێزێكی گەورەیان ئامادەكرد، كە لە نزیكەی (هەزار) پیادە و سوارە پێك دەهات، ئەوەبوو بەسەرۆكایەتی شێخ مەحمود چوونە گوندی (داریكەلی) هەرچی (شێخ سەعید)ی بەڕێوەبەری ناحییەی (قەرەداغ) كە یەكێك بوو لەخزمەكانی شێخ، ئەوا نزیكەی (٢٠٠) كەسی كۆكردۆتەوە و ڕەوانەی هەمان گوندی كردن، لەسەر داوای خەڵكی ناوچەكە، حكومەتی عوسمانی لە ڕێگەی (موستەفا ئەفەندی) ی بەگ باشی (مقدم) مەفرەزەیەكی سەربازی نارده (داریكەلی) و هەوڵێكی زۆری لەگەڵ شێخ محمود دا، تاوەكو شەڕ ڕوونەدات، بەڵام هەوڵەكانی بێئاكام بوون، بۆیە گەڕایەوە چەمچەماڵ تاوەكو هێزی زیاتر بۆ شوێنی ڕووداوەكە ببات، تا گەڕایەوە، هەردوولایەنی ناكۆك لە گوندی (بەگەجانی)ی سەر بە (بازیان) تێكگیران و (شێخ نەجمەدینی برای سەید نوری) كوژرا، هێزەكەی (موستەفا ئەفەندی) بە پەلە گەڕانەوە شوێنی شەڕەكە، دوای هاوار و بانگێكی زۆر بۆ وەستاندنی شەڕ، ناچار بوو هێزی بەكارهێنا، چونكە لایەنەكان گوێیان بە داواكارییەكانی بەگ باشی نەدا (علي، ٢٠٠٣، ص ٢٠٣ ــــ ٢٠٥). وێڕای ئەوەی كاربەدەستەكانی لۆكاڵی داوای بەكارهێنانی هێزیان لەدژی شێخ سەعید كرد و داواكەش لەلایەن (سەدری ئەعزەم)ەوە هەمواركرا، بەڵام خودی سوڵتان داواكەی پەسەند نەكرد و گووتی، ئەم چەشنە مامەڵە لەگەل ویستی ئیمپراتۆریەتدا ناگونجێت. بێگومان ئەم هەڵوێستە وەك پێشتر ئاماژەی بۆكرا،



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێكۆڵینین كوردی

پەیوەندی بەو  پێگە گرنگەوە هەبوو کە، شێخانی بەرزنجە لای سولْتانی عوسمانی هەیانبوو، لەئاکامیشدا ئەم هەلْوێستە ڕەنگدانەوەی لەسەر ئاستی ڕووداونەکان هەبوو، چونکە پاش ئەم بڕیارەی سولْتان، بەگ باشی (موستەفا ئەفەندی) ئاگادارکرایەوە، کە بەکارهێنانی هێز لەدەرەوەی سنووری دەسەلاتی ئەودایە و پێویستە سوپاکەی بگەڕێنێتەوە چەمچەماڵ، لەولایەوە ساداتی بەرزنجەیە، ئەم جارەیان لەشکرێکی نزیکەی (١٥٠٠ تا٢٠٠٠) کەسیان لەعەشیرەتەکانی: جاف، بشدەر، باجەلان، شوان، شێخ بزێنی و جەباری کۆکردەوە، بە بیستنی ئەم هەواڵە هەمەوەندەکان گوندەکانی بازیانیان چۆلکرد و چوون بۆ نزیک کەرکوك، لەوکاتەدا دەسەلاتدارانی ناوچەکە داوایان لە بەرزنجیەکان کرد شەڕ ڕابگرن، بەلام بێ سود بوو، تەنانەت ئاگادارکردنەوەی خودی سولْتان (عبد الحميد) نەبووە هۆی وەستانی ئالۆزییەکان، هەر رۆژێك دوای ئەو ئاگادارکردنەوەیە، لەشکری سادات لە (داریلکەلی)یەوە پەلاماری گوندەکانی هەمەوەندیاندا و تالانیان کردن، گوندەکانیش بریتی بوون لە (سورتکە، ئەڵلایی، بازیان ، سەروچاوە، کلاشکەران، جولومەک، ئەحمەدە ڕەش. هەمەوەندەکان بۆ ڕاگرتنی شەڕ و پێکدادان، لەڕێگەی (تۆفیق بەگ)ی فەرماندەی ئۆردووی سەربازی بازیانەوە، ئامادەی خۆیان بۆ جێبەجێکردنی داواکارییەکانی ساداتی بەرزنجە خستەڕوو، بۆ ئەو مەبەستەش موتەسەریفی سلێمانییان ئاگادارکردەوە، بەلام بێسود بوو، لە کۆتایدا کۆششەکانی فەرماندەی نێوبراویش بۆ ڕێگریکردن لە پەلاماری سادات هیچی لێنەکەوتەوە. بەهەرحاڵ لەکاتێکدا لەشکری سادات خۆیان بۆ پەلاماردنی چەمچەماڵ سازدابوو، لە ٢٥ی حوزیران، نزیکەی (٤٠) سوارەی هەمەوند ڕووبەڕووی سوارەکانی (ڕوغزایی) و (گەلا لی)بوونەوە، لەئاکامدا سەرۆکی ڕووغزایی کوژرا و چەند کەسێکی تر بریندارببوون، هەرلەوماوەیە دا نزیکەی (٢٥٠) سوارە لە هەمەوەندی پیربادی و موزەفەری چوونە نێو شەڕەکە، دەرئەنجام لەشکری سادات بەناچاری بەرەو (داریکەلی) پاشەکشێیان کرد، بۆ پاسەوانیکردنی بەر و بوومە کشتوکاڵییەکانیان و هەر پرۆسەیەکی  تۆلەسەندنەوە، داوای هاوکاریان لەسوپای عوسمانی کرد، بەلام سوپا ئەم داواکارییەی جێبەجێنەکرد، چونکە دەسەلاتدارانی عوسمانی لەو باوەڕەبوون، هەمەوەندەکان ناتوانن تۆڵە لەخودی شێخ بکەنەوە، بۆیە (شێخ مەحمودی شێخ سەعید) و(شێخ سەعیدی بەرێوەبەری قەرەداغ) بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ چەند سەد کەسێکدا لەناوچەکەدا ماونەتەوە (کەریم، ٢٠١٣، ل٢٤٨. ). دوای چوارمانگ لەو ڕووداوانە، بە بڕیاری حکومەت چەند ئەندامێکی بنەماڵەی بەرزنجی گیران ودرانە دادگا، بەلام پاشان هەموویان لەلایەن سولْتانەوە بەخشران، دیسان بەهۆی ئامادەنەبوونیان لە دادگا، فەرمانی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆلینێن کوردی

گرتن بۆ هەندێکی تر لە بەرزنجییەکان دەرچوو، بەڵام ئەوانیش لەشوباتی ساڵی ١٩٠٦ لەلایەن سوڵتان فەرمانی لێخۆشبوونیان بۆدەرچوو (Gökhan Çetinsaya: op .ct. p85)

**بەشی دووەم: سیاسەت و هەڵوێستی دەوڵەتی عوسمانی لە کێشەی نێوخۆیی چەند عەشیرەتێکی ناوچەی بادینان.**

**تەوەری یەکەم:**

**١. مللانێی نێوان شێخ محمدی بارزان و عەشیرەتەکانی دەوروبەری:**

ژمارەی مورید و لایەنگرەکانی تەکیەی بارزان لە سەردەمی شێخ محمدی کوڕی شێخ عبد السلامی بارزانی (١٨٣٧ - ١٩٠٣) کە شوێنی باوکی گرتبوویەوە زیاتر بوون (غەفور، ١٩٩٥، ل٥٣ - ٥٤) لە ڕاستیدا ئەوەی زیاتر پێگە و ناوبانگی شێخ محمدی زیاتر کرد، بریتی بوو لە شکستی شۆڕشی شێخ عوبید اللەی نەهری) و دوورخستنەوی بۆ حیجاز لە ساڵی (١٨٨٠)، دوای ئەو ڕووداوە دەسەڵاتی شێخ محمد لای ئاغاکانی عەشیرەتەکانی ناوچەکە لەوانە (مزوری ـــ شێروانی ـــ زێباری) بووە ئەمری واقع، لە ماوەیەکی کەم ژمارەی موریدەکانی گەیشتە پێنج هەزار کەس، ئەمانە بەڵێن و وەفاداریان بۆ دووپاتکردەوە و دەستیان بە کڕینی چەك و کەرستەی جەنگی کرد و بانگەشەی ئەوەیان دەکرد پێویستە شێخ محمد ببێتە خەلیفە، لەشکری شێخ محمد بە دوو لقەوە بەرە و موسل هەنگاویان نا، لەڕێگادا پەلێك پەلاماری ئاکرێ و پەلێکی تر پەلاماری ڕەواندزیاندا و قایمقامی ئەو دووشارەیان گرت و تێر لێدانیان کردن، هەواڵ گەیشتە سالح زەکی پاشای والی موسل و ڕێکاری پێویستی گرتە بەر، پاشان لە ڕێگەی پیلانێك شێخ محمد دەستگیرکرا و خرایە زیندانێك لەسەر ڕووباری دیجلە، پاشان خۆی ڕزگار کرد و گەڕایەوە بارزان، دوای سێ چوار ساڵ کارکردن بە نهێنی، جارێکی تر دەسەڵاتی شێخ محمد بوژایەوە، ئەم جارە ترسی خستە دڵی شێخ محمد صدقی نەهری کوڕی شێخ عوبید اللەی نەهری، کە لە ساڵی (١٨٨٣ز) شێخایەتی نەهرییەکانی وەرگرتبوو، ئەو کە خاوەنی چەك و جبەخانەیەکی گەورە بوو ( Mark Sykes,1915, p 434 – 435) پەلاماری بارزانی دا، شێخ محمد بارزانی بۆ ڕەواندوز ڕایکرد، والی عوسمانی لە موسل هاتە نێو کێشەکە و شێخ محمدی گەڕاندەوە بۆ بارزان و هیزەکەی شێخ محمد صدیق لە ناوچەکە دەرکران (نیکیتن، ٢٠٠٤، ل٤٢ ـ ٥٠).

لەسەردەمی شێخ محمد بارزانی، ناکۆکی لە نێوان دەسەڵاتی ئایینی (المشیخة) بارزانی لەگەڵ شێخانی نەهری و شێخانی ئاینی سورچی لە (بجیل) و



Zakho Centre for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی

ئەرستۆقراتیەتی ئاغایی زێبارییەکان سەریهەڵدا (اسـسـرد، ۲۰۰۸، ص۱۳۱) چونکە ئەو لایەنانە کە سنوری جوگرافیان بەسەریەکەوە بوو، لە هەوڵدابوون هۆز و تیرە کوردییەکانی ناوچەی خۆیان و دەوروبەریان بەلای خۆیان ڕابکێشن، تاوەکو پێگە و هێزی خۆیان قایمتر بکەن، بۆیە هۆکاری لاوەکی دەبووە هۆی سەرهەڵدانی شەڕ و کوشتاری خوێناوی لە نێوان ئەم لایەنانە (البارزاني، ۲۰۱۸، ص۱۱۵ . )

لەم سۆنگەیەوە شێخانی بارزان ویستیان هەبوو، مورید و لایەنگری خۆیان لە ناو هۆزەکانی دەوروبەر زیاتر بکەن (اسـسـرد، ۲۰۰۸، ص۱۳۱) ، بۆیە لەسەر دەسەڵات و بەڕێوەبردنی دەڤەری بارزان لە ڕوویی سیاسی و ئایینی و ئابووری و کۆمەلایەتی، ناکۆکی فەتاح ئاغا و شێخ محمد تا دەهات قوڵتر دەبوو، لە دەوروبەری ساڵی (۱۸۸۵) جوەکانی بارزان پەنایان بردە بەر شێخ محمد، تاوەکو لە ستەمی ئاغای زێبارییەکان ڕزگاریان بکات، چونکە وەك گێرەرەوەکان گێڕاویانەتەوە بەناچاری دەخرانە بەر بەرژەوەندییەکانی ئاغاکانی زێباری و کاریان پێدەکرا و زۆرینەی داهاتیان لێ دەسەندرا، ئەم ڕووداوە شێخ محمدی هێنایە سەر ئەو باوەڕەی پێویستە خەبات بکات بۆ لەناوبردنی ڕژێمی دەرەبەگایەتی ئەگەر چی لەو کاتدا ئەو توانا و هێزەشی نەبوو، شێخی بارزان بە فەقێ عبد الرحمن دلانی گووت: ((**هیچ بیانوێك نیە تا لەو ستەمە بێدەنگ بین، پێویستە شتێك بکەین بۆ ڕاگرتنی**)) فەتاح ئاغای زێباری لە مەبەستی شێخ تێگەیشت، بۆیە جارێکی تر پەنای بردەوە بەر دەولەتی عوسمانی و بە والی موسلی ڕاگەیاند شێخ محمدی بارزان خەڵك لە حکومەت هاندەدات و داوایان لێدەکات بۆ دەوڵەت سەربازی نەکەن، هەروەها موریدەکانی بە ڕۆحێکی دوژمنکارانە پەروەردە دەکات پێویستە سنورێکی بۆ دابندرێت، والی موسل شێخی بارزانی بۆ موسل بانگ کرد و فەرمانی پێکرد لەو شارە بمێنێتەوە و مانەوەی ناچاری بەسەردا سەپاند، بەمەش مورید و لاینگرانی شێخ کەوتنە خۆ و خۆیان گەیاندە موسل، لەوێ داوای ئازادکردنی شێخیان کرد، بەلام والی موسل بە فێل و هەڵخەڵەتاندن زۆربەیانی دەستگیرکرد و سەربازیکردنی بەسەردا سەپاندن، ماوەیەك شێخ لە موسل مایەوە بەبێ ئەوەی والی لێپێچینەوەی لەگەڵ بکات، لە کۆتایدا شەوێك شێخ محمد توانی بە نهێنی خۆی ڕزگار بکات و گەیشتەوە بارزان، حکومەتیش هیچ هەنگاوێکی نەنا و بەبێ دەنگ مایەوە، بێدەنگ بوونی عوسمانییەکان لە ڕووداوی خۆ ڕزگارکردنی شێخ محمدی بارزان، ڕەنگ بێت بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، پێیان وابووە ئەگەر بلاوبێتەوە ئەوا بە خراپ بەسەر لایەنی کارگێڕی حکومەت دەشکێتەوە. ئەم ڕووداوانە ڕق و قینەی موریدانی شێخی لەبەرامبەر ئاغاکانی زێباری زیاتر کرد، زێبارییەکان کۆبوونەوەیەکی بە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکولینێن کوردی

پەلەیان بەست و بڕیاریاندا شێخ محمد بکوژن، ئەوە بوو ئەم ئەرکەیان خستە ئەستۆی (ابراهیم ئاغا هرنی) لە ساڵی (١٨٨٦) بە هێزێکەوە هێرشی هێنایە سەر بارزان بەڵام شکستی خوارد، لەگەڵ ئەوەش شێخ محمد هەستی بەوە کرد مانەوەی لە ناوچەی (بەرۆژ) ژیانی دەخاتە مەترسی، بۆیە هاتە ناو شێروانییەکان و لە گوندی (بیێ) ماوەی نۆ ساڵ بە ڕێز و شکۆوە مایەوە، لەو ماوەیەدا موریدانی شێخ دووچاری ئازار و مەینەتی زۆر هاتن، بە هاندانی ئاغاکانی زێباری والی موسل موریدانی بارزانی ناچار بە سەربازی زۆرەملێ دەکرد، بۆیە ( البارزاني، ٢٠١٨، ص ٨٣ ــــ ٩٣) لە ساڵی (١٨٩٠) أحمد ئاغای بێرسیاڤی ــــ شێروانی شوێنی سلطان ئاغای باوکی گرتەوە بۆ سەرکردایەتی کردنی شێروانییەکان، أحمد ئاغا موریدی شێخی بارزان بوو، ئەمەش لەبەرژوەندی بارزانییەکان شکایەوە، چونکە ئەمە وایکرد شێروانییەکان بە تەواوی بێنە ناو حەلقەی ئایینی بارزانییەکان، ئەمە جگە لەوەی گەردییەکان و بەرۆژیەکان هاتنە نێو هاوپەیمانییەتی ئایینی بارزان، بەمە هێزی شێخ محمد زیادی کرد، لە ساڵی (١٨٨٩) ڕێککەوتن لەسەر دانانی سنورێك بۆ ڕژێمی دەرەباگەیەتی، لە ساڵی (١٨٩١) موریدانی شێخ هێرشیان کردە سەر کۆشکی فەتاح ئاغا لە گوندی (لاتکا)ی ناوچەی (بەرۆژ) فەتاح ئاغا خۆی پێنەگیرا و ڕوویکردە گوندی (سیریێ) چەکدارانی شێخ نەوەستان، فەتاح ئاغایان بۆ گوندی (باز) دەرپەڕاند، زێبارییەکان لەوێش خۆیان ڕانەگرت و بە ناچاری ناوچەی بەرۆژیان بەجێهێشت، بەمەش ڕێگە بۆ شێخ محمد خۆش بوو گەڕایەوە بارزان، ( البارزاني، ٢٠١٨، ص ٩٩ ـ ١٠٥)

دوای ئەوەی لەسەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی شەڕ کەوتە نێوان شێخ محمدی بارزان و شێخ محمدی کوڕی شێخ احمدی سورچی، سورچییەکان چەندین جار هەڵیان کوتایە سەر گوندەکانی بارزان، لە کاردانەوەدا بارزانییەکان لە ساڵی (١٨٩٢) هێرشیان بردە سەر (کەلات) و (بجیل)، شەڕێکی سەخت ڕوویدا، لە ئەنجامدا بیست و دوو کەسی بارزانی کوژران، لە بەرامبەردا بارزانییەکان شێخ قەیومی کوڕی شێخ محمدی سورچیان دەستگیرکرد و بۆ بارزانیان برد، بەڵام لە ساڵی (١٨٩٣) ئازاد کرا (بۆ وردەکاری ئەم ڕووداوانە (بڕوانە: البارزاني، ٢٠١٨، ص١٢٠ - ١٣١) لە شەڕی سورچی و بارزانییەکان فەتاح ئاغای زێباری لایەنگری سورچییەکانی کرد و شەڕکەرەکانی لە هاوینی ساڵی (١٨٩٣) شان بەشانی سورچیەکان هێرشیان کردە سەر دانیشتوانی گوندی (صفتی) کە لایەنگری شێخ محمدی بارزان بوون، هێرشبەرەکان مەڕ و ماڵاتی دانیشتوتنی ئەو گوندەیان تالانکرد، لە ڕاستیدا فەتاح ئاغا لە بەرامبەر کشانی هەژموونی شێخ محمدی بارزان هەستی بە دڵەڕاوکێ کرد و وەك مەترسی بۆ سەر دەسەڵاتی خۆی لێکیدایەوە،



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

چونکە پێشتر دەرکەوتنی شێخانی بارزان، بەشی زۆری گوندەکانی دەڤەری بارزان لە ژێر دەستی ئەودا بوون (بۆ وردەکاری بڕوانە، البارزاني، ٢٠١٨، ص٨٥ - ٨٦) بەڵام بە دەرکەوتنی شێخانی بارزان بەرە بەرە دەسەڵاتی کەم دەبوویەوە، چونکە موریدانی شێخی بارزان بە تەواوی گوێڕایەڵی شێخەکانیان دەکرد و باوەڕیان وابوو گوێڕایەڵی شێخ لەسەروی گویڕایەڵی هەموو کەسێکی ترەوەیەوە، ئەمەش نەك هەر بۆ فەتاح ئاغای زێباری، بەڵکو بۆ شێخی نەهری و شێخەکانی سورچی جێی مەترسی بوو، چونکە لەدەستدانی گوێڕایەلی عەشیرەتەکانی بارزان لە دەستچوونی دەسەڵاتی سیاسی و جوگرافیاو داهاتێکی زۆر بوو، بۆیە زێبارییەکان و سورچیەکان خۆیان گەیاندە شێخ محمد صدقی نەهری، تا بەرەیەك لە دژی بارزان دروست بکەن، لەویێ بەشێخی نەهریان ڕاگەیاند، شێخ محمدی بارزان ستەم و زۆرداری زۆر لە ناوچەکە ئەنجام دەدا، شێخی نەهری کە لە بڵندبوونی پێگەی شێخی بارزان نیگەران بوو، بەدوای شێخی بارزانی نارد، ئەگەر چی پیاوانی نزیك لە شێخ ئامۆژگاریان کرد نەچێت، بەڵام لە کۆتایدا شێخ محمد داواکاری شێخی نەهری جێبەجێ کرد و چووە گوندی نەهری، لەویێ لەلایەن شێخی نەهری ڕادەستی دەوڵەتی عوسمانی کرا و دەسەڵاتدارانی عوسمانی وەها تێگەیاند، کە شێخ محمد کەسێکی خوێنڕێژ و ستەمکار و تێکدەرە، شێخ لە (بەدلیس) زیندانی کرا (البارزاني، ص١٣٢ - ١٣٨) ئەگەر لەم ڕووداوانە ورد بینەوە دەردەکەوێت سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی بریتی بووە لە ڕێگریکردن لە بەهێزبوونی سەرۆکی هۆزێك یان ڕێچکەیەکی ئایینی لەسەر حیسابی ئەوەی تر، هەروەها هەوڵێداوە هاوسەنگی هێزی عەشیرەتەکان ڕابگرێت، تاوەکو هیچ عەشیرەتێك نەبێتە مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت، ئەوی بەڵگەیە بۆ ئەمە لە بەهاری ساڵی (١٨٩٤) دەوڵەتی عوسمانی شێخی بارزانی ئازاد کرد و گەڕایەوە بارزان. ئەمە پەیامێك بووە بۆ شێخی نەهری تاوەکو بزانێت لە بەرژەوندی دەوڵەتی عوسمانیدا نییە، هیچ سەرکردیەکی کورد پێگەی خۆی ئەوەندە قایم بکات بتوانێت مەترسی بخاتە سەر ناوچەیەك لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەت، بەتایبەتی لەو کاتدا ڕژێمی کارگێری دەوڵەتی عوسمانی بەهۆی کێشەی دەرەکی و ناوەکی دووچاری لاوازی ببوو، ڕێگەی نەدەدا هیچ هێزێکی ناوەخۆ لەسەر حیسابی دەوڵەتی عوسمانی دەسەڵاتی خۆی فراوان بکات و زیاد لە پێویست سنوری خۆی فراوان بکات، شێخ محمد بەهێزەوە گەڕایەوە بارزان، وەك تەحەدایەك لە بادینان سەردانی چەند سەرۆك هۆزێکی کرد، مورید و لایەنگرانی شێخ لە ڕێوڕەسمێکی گەورە پێشوازیان لە شێخ کرد، ئەم ڕووداوانە بوونە هۆی زیاتر بوونی ئالۆزییەکانی نێوان نەهری ـــ زێباری ـــ سورچی لەگەڵ بارزان، لە هاوینی ساڵی (١٨٩٥)

شـــێخ محمد صـــــدقی نەهری هاوپەیمانیەتێکی گەورەی دژی بارزان دروســــتکرد لە هۆزەکانی (زێباری ــ سورچی ــ ڕێکانی ــ برادۆست ــ هۆرەمار (ئۆرەمار) ــ هۆزەکانی شـــەمدینان) ئەمە جگە لە چەند ئاغایەکی تری مزوری و شـــێروانی نەیاری بارزان، ئەوە بوو بە لەشـکرێکی گەورە هێرشـیان کردە سـەر دەڤەری بارزان، شـێخ محمد ناچار بوو ڕووبکاتە ڕەواندوز، چەکدارانی هۆزەکانی هاوپەیمان گەیشـــتنە گوندەکانی بارزان و دەستیان بەسـەردا گرت، پاشان شێخ محمد صدقی، بۆ بەڕێوەبردنیان نوێنەرەکانی خۆی نارده گوندەکانی دەڤەری بارزان، ئەم داگیرکردنە تا ســــاڵی (١٨٩٥) بەردەوام بوو، لەو ســـاڵەدا ناکۆکی کەوتە نێوان هاوپەیمانان لەســـەر دابەشـــکردنی داهات و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی لەوەڕگاکانی ناوچەکە، جگە لەوەش زێباری و سورچییەکان لە دەسەڵاتی شێخ محمد صدقی کەوتنە گومان و ترس، بە باشیان زانی هێزەکەی لە سنوری خۆیان دووربخەنەوە. لەولاشـەوە هێزێکی شـێخی بارزان بەسـەرکردایەتی (حاجکی جەمی) و (فقی عبد الرحمن) و (سـلیمان وسـمان پاشـا) هێرشـیان کردە سـەر دەڤەری بارزان، بۆ دەرکردنی هێزی شـــێخی نەهری و هاوپەیمانەکانی، بەڵام دوای چوار هەفتە لە شـــەڕی بەردەوام هیچ ئەجامی نەبوو (بارزانی، ص١٣٢ - ١٤٧) بۆیە شـــێخی بارزان داوای لە والی موســـل کرد هێزی نەهری لە بارزان دەربکات، تاوەکو کۆتای بە شـــەڕەکە بێت، والی عوســـــمانی نـامەیەکی ئـاگـادار کردنەوەی بۆ شـــێخی نەهری نـارد و داوای لێکرد هێزەکانی لە بارزان نەهێلێت، ئەوە بوو دوای کشـــاندنەوەی هێزەکانی، والی عوســـمانی شێخی گەڕاندەوە بۆ بارزان (نیکیتین، ٢٠٠٤، ل٥٠ ؛ کەریم، ٢٠١٢، ل٢٣٤)

دەستوەردانی عوسـمانی و وەرگرتنی هەڵوێسـت، لە کێشـەی نێوان عەشـیرەت و ڕێچکە ئایینە کوردییەکان لە کوردستان بە گشتی بە گوێرەی ئاستی کێشەکە و ئەو ناوچەیە بوو، کە کێشـەکەی تێدابووە، سـەبارەت بە ناکۆکی نێوان زێبارییەکان و بارزانییەکان لەبەرئەوەی خۆی لەخۆیدا بریتی بووە لە خەباتی شـــێخێکی ئایننی دژ بە ئاغایەکی ئەرســـتۆقرات و لەناوچەیەکی چیایی ســـەخت و دوور لە ناوەندەکانی کارگێڕی عوســــمانی بەڕێوەچووە، کاریگەریەکی ئەوتۆی لەســـــەر ڕەوش و ئەمنیەتی نێوەخۆیی و دەرەکی دەوڵەتی عوســــمانی نەبووە، بۆیە بە پێویســــتیـان نزاینووە، بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو کێشەیە لەشکر بەکاربێنن، هەروەك ناکرێت کاریگەری شەڕی گەورەی (بەلکان ــــ بەلقان) لەسەر لایەنی سەربازی دەوڵەتی عوسمانی فەرامۆشبکەین، کە هاوچەرخی ئەم ڕووداوانە بووە. بەگشـــتی دەوڵەتی عوســـمانی لەناوچەی شـــاخاوی و دووره دەســـــت بە بوونی دەســــەڵاتێکی ڕەمزی ڕازی دەبوو، بە مەرجێك باج و ســــەرانەی دیاریکراوی دەســـــتکەوتبایە، بەڵام لە ئەگەری دەســــتدرێژی کردن بۆ ســــەر دامەزراوە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی

کارگێڕییەکان و فەرمانبەرەکانی دەوڵەتی عوسمانی ئەوا هەڵدەستا بە ناردنی لەشکرێك بۆ تەمبێکردنی ئەنجامدەران.

**٢. ناکۆکی نێوان ئەترۆشی و عەشیرەتەکانی تری ناوچەکە:**

ئەترۆشی عەشیرەتێکی دێرین و گەورەی بادینانە، چەندین لق و پۆپی لێ دەبێتەوە (سایکس، ٢٠٠٧، ص ٥٣؛ ئیزەدی، ٢٠٠٧، ل٢٠٢) لە ساڵانی (١٨٩٧ ــــ ١٨٩٨) ئەم عەشیرەتە شەڕێکی سەخت و خوێناوی لەگەڵ عەشیرەتی عەشیرەتی (دۆسکی) ئەنجامدا (العزاوي، ص١٩٩) ئەگەر چی بە ژمارە دۆسکیەکان زیاتر بوون، لەگەڵ ئەوەشدا بەرامبەر ئەترۆشییەکان بە سەختی شکان و نزیکەی هەشتا پیاوی ناسراویان کوژرا، گووتراوە هۆزی ئەترۆشی خاوەنی چەك و ئامرازی جەنگی باش بوون، چونکە بەشداریان لە سوارەی حەمیدی کردووە(کەریم، ٢٠١٢، ل٢٣٥) لە ڕاستیدا ئەترۆشییەکان کێشەیان لەگەڵ دانیشتوانی ئەو ناوچانە هەبوو کە لەکاتی کۆچکردن بۆ کوێستان و گەرمیانەکان پێیاندا تێپەڕدەبوون، حاجی ئاغای سەرۆك عەشیرەتی ئەترۆشی کە مقدمێکی سوارەی حەمیدی بوو، لە ساڵانی (١٨٩٧) بەسەرەوە جار جار پەلاماری چەند گوند و عەشیرەتێکی دەدا، لەبەر ئەوەی سەر بە سوارەی حەمیدی بوو، هیچ بەرپرسێکی سەربازی و مەدەنی توانای نەبوو لێپێچینەوەی لەگەڵ بکات، چونکە زەکی پاشا هەمیشە پشتگیری ئەو هۆزانەی دەکرد کە سەر بە سوارەی حەمیدی بوون، لە ساڵی (١٨٩٨) حاجی ئاغای ئەترۆشی چەند گوندێکی سەر بە (شێخ نور محمد)ی لە بادینان تالانکرد، شێخ نور محمد هەڵوێستێکی توندی وەرگرت، بۆ تۆڵەکردنەوە هێزێکی زۆری لە عەشیرەتەکانی بادینان کۆکردەوە، والی عوسمانی هەر زوو هەستی بەوە کرد ڕەوشی بادینان ئاڵۆزە بۆیە هێزێکی ناردە ناوچەکە بۆ ئەوەی ڕێگری لە ئاژاوە بکات، بەڵام بێ سود بوو، لە ساڵی (١٨٩٩) شێخ نور محمد دۆسکیەکانی هاندا هێرش بەرنە سەر ئەترۆشیەکان، لە لایەکی تریش چەند هۆزێکی بادینان هێرشیان کردە سەر ئێزیدیەکان، سوڵتان عەبدوالحەیمد) بەم بارودۆخە نیگەران بوو، ڕاستەوخۆ دوای ئەو ڕووداوە (ئەبو بەکر حازم بەگ) ی کردە والی نوێی موسل و داواشی لێکرد بە پەلە بچێتە بادینان، چونکە کوردەکان بەربوونەتە گیانی یەکتری، والی موسل لە ڕێگەی چەند کەسایەتیە شێخ نور محمدی ڕازیکرد هێزەکەی بوەستێنێت و سەردانی موسل بکات، ئەوە بوو شێخ چووە موسل و سکالای لە ئاغای ئەترۆشییەکان کرد،ولای موسل لێکۆلینەوەی لە کێشەکە کرد و لەسەر بنەمای ئەو سکالایە بڕیاردرا حاجی ئاغا و عەشیرەتەکەی بۆ ویلایەتی دیاربەکر بگوازرێنەوە، چونکە ئەو سکالایەی لەسەری بوون بنەمایەکی ڕاستیان هەبوو (Gökhan Çetinsaya: op .ct. p83 _ 84) وێڕای

گواستنەوەی ئەترۆشییەکان، دوژمنایەتیان لەگەڵ دۆسکیەکان تا حوزەیرانی ساڵی (١٩٠٥) کۆتای نەهات، لەو ساڵەدا والی موسل کۆمیتەیەکی لە کۆمەڵێک کەسایەتییەکانی بادینان پێکهێنا لەوانە ( شێخ بەهادینی نەقشەبەندی ) و (جاجی ئاغای) ی سەرۆك هۆزی (سلێڤانی) کۆمیتەکە لەگەڵ هەردوولایەنی ناکۆك گفتوگۆیان کرد و لە کۆتایدا توانیان ئاشتەوای لەنێوان ئەو دوو عەشیرتە بەرپابکەن و کۆنووسێکی فەرمیان مۆر کرد و وێنەیەکی درایە دەست والی موسل و یەکێکی تر بۆ بابی عالی نێردرا (الدوسکي، ٢٠٠٧، ص ١٠٧).

**تەوەری دووەم: دەستوەردانی دەوڵەتی عوسمانی لە کێشەی نێوان چەند عەشیرەتەێکی تری بادینان لەوانە:**

**١. شەڕی نێوان دۆسکی و ڕێکانییەکان:**

مەلا سەعیدی شەمزینی لەماوەی ساڵانی (١٩١٦ ــــ ١٩١٨) شەڕی نێوان دۆسکیەکان و عەشیرەتی ڕێکانی لە چەند لاپەڕەیەك نووسیوەتەوە، لە ساڵی (١٩٣٢) بازیل نیکیتن و مێجەرسۆن وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی ئینگلیزی، بێگومان ئەگەر مەلا سەعید ئەم ڕووداوانەی تۆمارنەکرادیە، ئەوا لەناو دەچوون.

نووسەر دەگێڕێتەوە دەڵێ: ڕێکانییەکان بۆ ماوەیەکی زۆر لەژێر دەسەڵاتی توند و تیژی ئاغایانی دۆسکی بوون، بە تایبەتی لەسەردەمی (سۆتۆ ئاغا)ی دۆسکی، کە لە گوندی (هۆرە مار ـ ئۆرەمار) دادەنیشت و سەر بە مالا میری بوو، سیاسەتێکی پڕ زەبر و زەنگی بەکاردەهێنا، ئاغای ڕێکانییەکان (تتو ئاغا) کە لە بنەماڵەی میکائیل ئاغا بوو، لە گوندی (ڕزگە) دادەنیشت، کەسێکی جوامێر و ئازا بوو، لە تەمەنێکی کەم لەناو ئاغاکانی تری ریکانی دەرکەوت، بڕیاریدا هیچی تر بەرامبەر ئەم ستەمەی هۆرەمارییەکان بێدەنگ نەبێت، ئەم هەڵوێستەش بووە هۆی دروستبوونی یەکڕیزی و هەماهەنگی نێوان ڕێکانییەکان و هەموویان پشتگیری خۆیان بۆ (تتۆ ئاغا) دەربڕی، ئەوە بوو هەڵسا بە کوشتنی برایەکی (سۆتۆ ئاغا) کە بە زەبری هێز دەیویست دەست بەسەر موڵك و سامانی ڕێکانیەکاندا بگرێت، لەپەرچەکرداردا (سۆتۆ ئاغا) هێرشی کردە سەر گوندی (ڕەزگە) و کۆشکی (تتۆ ئاغا) ی گەمارۆدا، قایمەقامی ئامێدی کە هەواڵەکەی پێگەیشت ئەفسەرێك و بیست پۆلیسی ڕەوانەی شوێنی ڕووداوەکە کرد، بۆ ئەوەی بەهەر ڕێگەیەك بێت گەمارۆی سەر تتۆ بشکێنن، ئەفسەری عوسمانی دوو پێشنیاری خستەپێش سۆتۆ ئاغا یەکەمیان: ئەگەر دەستبەجێ کۆتای بێنێت بە گەمارۆکە ئەوا ڕاپۆرتێك بۆ والی موسل بەرزدەکاتەوە تیایدا ڕووداوەکە بە ئاسایی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

وەسـف دەكات. دووەميان، ئەگەر ئەمە نەكات، ئەوا ڕاپۆرت دەداتە ويلايەتى وان و موسـڵ بۆ ئەوەى ڕێكارێكى توندى لەدژ بگرنە بەر و لەشــكرێك بنێرنە ســەرى، لە كۆتايدا ســـۆتۆ ئاغا ڕێگەى يەكەمى هەڵبژارد، لەبەر ئەوەى دەيزانى لايەنگرانى تواناي‌ان نييە شــەڕى هێزى حكومەت بكەن، چونكە شــەڕى حكومەت لە ئاسـتى شـەڕى هۆزێك يان تيرەيەك نييە، سـەبارەت بە تتۆ ئاغا، ئەوا ئەفسـەرى حكومەت داواى لێكرد ماڵ و خێزان و خزمەكانى بۆ ئامێدى بگوازێتەوە و لەوێ ســـكالايەك بۆ بەرپرســـانى حكومەتى عوسمانى بەرزبكاتەوە و بەڵێنيشى پێدا ئەو ئامادە پشتگێرى بكات، تتۆ ئاغا ڕازى بوو، لە بەرامبەر ئەم نـاوبژيوانيە ئەفســـەرەكە، پـارەيەكى زۆرى لە هەردوو بەرەى نـاكۆك وەرگرت، پاش ئەم ڕووداوە شـێخ محمد صـديقى نەهرى داواى لە قايمقامى ئامێدى كرد تتۆ ئاغا بۆ نەهرى ڕەوان بكات بۆ ئەوەى بە هاوكارى والى (وان) لەگەڵ ســـۆتۆ ئاغا ئاشـــتيان بكاتەوە، تتۆ ئاغا چووە نەهرى، لەوێ لەگەڵ شـــێخى نەهرى ڕێككەوت و كۆشـــكى خۆى پێ فرۆشـــت بە پارەيەكى زۆر، شـــێخى نەهرى كۆشـــكەكەى نۆژەنكردنەوە، سـۆتۆ ئاغا هەسـتى بە مەترسـى ئەو ڕێككەوتنە كرد، چونكە ڕێگاى دۆســـكى و هۆرەمارييەكان بۆ موســـڵ بە ئاكرێ و ئامێدى تێپەڕدەبوو، بەو مانايەش ڕێكانييەكان دەيانتوانى گرفت بۆ دۆســـكيەكان دروســـت بكەن، بۆيە ســـۆتۆ ئاغا دۆسـكى و هۆرەمارييەكانى كۆكردەوە و مەترسـيەكەى بۆ ڕوونكردنەوە، پێشـنيارى بۆ كردن هێرش بكەنە ســـەر گوندى (ڕەزگە) ئەوانيش بە دروشـــى هەمووومان بۆ فەرمانى ئاغا ئامادەين، ڕازيبوونى خۆيان دەربڕى، ئەوە بوو بە نۆسەد چەكدار هێرشيان كردە سەر گوندەكە و سێزدە پياوى شێخى نەهرى، كە پارێزگاريان لە تتۆ ئاغا و كۆشكەكە دەكرد كوژران، بەمەش بەربەرەكانێ كەوتە نێوان شـێخى نەهرى و سـۆتۆ، بەڵام سـۆتۆ دەزيانى شـــەڕى شـــێخى پێناكرێت، بۆيە زوو پەشـــيمانى خۆى ڕاگەياند و بە پەلە خۆى گەياندە نەهرى، تاوەكو داواى لێخۆشـــبوون لە شـــێخ بكات، لەوێ بەڵێنى دا كەس و كارى كوژراوەكان بە هەزار و سێسەد ليرە قەرەبووبكاتەوە، بۆ كۆكردنەوەى ئەو پارەيە شێخى نەهرى هەشت لە پياوەكانى خۆى ناردە ناوچەكانى دۆسكى و ئۆرەمار، ئەوە بوو پياوەكانى شێخ جگە لە برى دياريكراو توانيان سێ هەزار ليرەى تر كۆبكەنەوە، سۆتۆ ئاغا دڵى لە دوژمنايەتى تتۆ ئاغا پاك نەبوويەوە، ئەم جارەيان پيلانێكى دارشت، پێشنيارى بۆ تتۆ كرد لاپەڕەيەكى نوێ لە پەيوەندييەكانيان بكەنەوە و ئامادەشـــە كچێكى خۆى پێبدات، تتۆ بەم پێشـنيارە ڕازى بوو، پياوەكانى شـێخى نەهرى ناردنەوە، پاشان تتۆ و سـۆتۆ سـەردانى شـێخى بارزانيان كرد، دواى گرژبوونى پەيوەندى نێوان شـێخى بارزان و شـــێخى نەهرى، ســـۆتۆ گەشـــتە ئەو باوەرى كاتى پلانەكە هاتووە، بۆيە خۆى نەخۆش



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەكولينێن كوردى

خست و ڕایگەیاند ئەو لەسەر مەرگە دەیەوێت هەموو خزم و کەسەکانی ببینێت بە تتۆی زاواشی، دوای گەیشتنی تتۆ پێی ڕاگەیاند ئەوە من دەمرم، دوای من هەموو تۆ دەبیە گەورە و کاروبارەکان دەکەونە ژێر دەستی تۆ، لەولاشەوە فەرمانی بە پیاوەکانی کرد، تتۆ لە شیرینی خەو بکوژن (نیکیتین، ٢٠٠٤، ل١٩٠ ــــ ٢١٢) دوای ئەم ڕووداوە ڕێچکە و ئاڕاستەی ئەم ناکۆییە نازاندرێت چی بەسەردا هاتووە، بەڵام لێکۆڵەرێک پێیوایە تا شەڕی یەکەمی جیهانی درێژەی کێشاوە (کەریم، ٢٠١٢، ل٢٤٤).

**٢. شەڕی نێوان بەرواریيەکان و تەیارییەکان.**

تەیارییەکان عەشیرەتێکی کوردی نەستوری ــ نسطوری گەورەن و بەسەر دوو لقی سەرەکی دابەش دەبەن ئەوانیش تەیاری خواروو (تیار السفلی) و تەیاری ژوورو (تیار العلیا) سەبارەت بە شوێنی نیشتەجێ بوونیان، ئەوا بەشی (تیار السفلی) لە بەشی باشوری هەرێمی هەکاری دەژین، هەرچی (تیار السفلی)یە، ئەوا لە دەستە ڕاستی زێی گەورە (الزاب الکبیر) نیشتەجێن (بڕوانە: J. Wagner, 1856 P116 ؛ الدملوجي واخرون، ٢٠٠١، ص ٨٣ ـ ١٠١؛ السلطاني، ٢٠١٩, ص١٤٧٠ ـ ١٤٧١).

لێکۆڵەران و مێژوونووسان تەیارییەکان بە هۆزێکی شەڕانگێز و پاوانخواز و توند و تیژ ناودەبەن، بە جۆرێك هەمیشە مایەی مەترسی بوونە بۆ سەر هۆز و ناوچەکانی دەوروبەریان، تا ئەو ڕادەیەی دەوڵەتی عوسمانی تیپێکی سەربازی تەرخانکردبوو تاوەکو هەمیشە چاودێری سنوری ناوچەی تەیارییەکان بکات (بڕوانە: الدملوجي واخرون، ٢٠٠١، ص٧٥). تەیارییەکان ناکۆکی و ململانێی زۆریان لەگەڵ هۆز و میرنشینە کوردییەکانی تر هەبووە، گووتراوە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدەی زایینی (بڕوانە: خۆشابا، ٢٠٠٠، ص ١٠ ــــ ١١) کێشەی نێوان تەیارییەکان و بەرواریيەکان، کە بۆماوەی دوو سەدە بەردەوام بوو، لەو ماوەیەدا، ناوچەکە بە دەست ئاگری شەڕێکی سەخت و بەردەوام دەسوتا (الدملوجي واخرون، ٢٠٠١، ص٧٦) نووسەری ئاشوری (خۆشابا) بە پشتن بەستن بە بیرەوەرییەکانی باوکی، کە یەکێك بووە لە سەرکردەکانی تەیارییەکان و بەشداری ژمارەیەك شەڕی کردووە لەگەڵ هۆزە کوردەکان دەڵێ: میری بۆتان و ئەمیر بەگی هەکاری و زەینەل بەگی بەرواری دژی تەیارییەکان لە یەك بەرەدابوون، میر بەدرخان و ئەمیر بەگی هەماری زەینەل بەگی بەرواریان هاندەدا دەستدرێژی بکاتە سەر ناوچەی تەیارییەکان و باج و سەرانەیان لێ وەربگرێت، بۆ ئەم مەبەستە زەینەل بەگ کۆمەڵێك کەسی ناردە ناو تەیارییەکان، بەڵام تەیارییەکان ڕووبەڕوویان بوونەوە و نێردراوەکانیان کوشتن، هەر بەمە ڕازی نەبوون، بەڵکو هەوڵیاندا



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

زەبرێك لە زەینەل بەگ بدەن، کە ئەوکات لە قەلعەی ( ئاشوت ــ ئاشیتا ــ اشیتە) ئەوە بوو هێرشـــیان کردە ســـەر زەینەل بەگ، چەکدارەکانی بەرواری توانیان ڕووبەڕوویان ببینەوە زەینەل بەگ بپارێزن، ئەم ڕووداوانە بوونە هۆی دروست بوونی شەڕێکی سەخت و دوور و درێژ لە نێوان هەردوولادا و چەندین هەڵمەت و پەلاماریان کردە ســـەر یەکتر، ســـەرکردەکانی هۆزی (تیار الســـفلی) لە گوندی (لێزان) کۆبوونەوە و بڕیاریاندا بە هەرجۆرێك بێت پێویستە بەڕووی نەیارەکانیان بووەســـتن، بۆ ئەم مەبەســـتە بانگیان لە ئەندامانی هۆزەکە کرد و داوایان کرد، ئەوەی توانای هەلگرتنی چەکی هەیە پێویستە خۆی ئامادەبکات، ئەوکات ئەوانەی ئامادەی خۆیان دەربڕی بۆ شـــەڕکردن گەیشـــتنە نزیکەی دەهەزار کەس، بەســـەرکردایەتی (مالك بتۆ) (شـــماس ننو) و (مالك جولو) هێرشیان کردە زەینەل بەگ لە (ئاشیتە) و داوایان لێکرد خۆی بەدەستەوە بدات. (بڕوانە: خۆشابا: ٨ ـ ١٢).

ئەگەر لە ڕووداوەکـــانی پەیوەســـــت بە نـــاکۆکی نێوان تەیـــارییەکـــان و بەرواریيەکان ورد بینەوە دەردەکەوێت، تەيارییەکان دوای لەناوچوونی میرنشـــینی بادینان هەوڵیانداوە دســـەڵات و پێگەی خۆیان لەناوچەکە بەهێز بکەن، ئەم خەونەشـــیان لە ســـەدەی بیســـتەم زیاتر بوو، بە تایبەتی دوای هاتنی ئینگلیز بۆ ناوچەکە و پاڵپشـــتی کردنی ئاشـــوورییەکانی ناوچەکە. لە کۆتاییەکانی ســـەدەی نۆزدە، ناکۆکی ئەم دوو لایەنە قوڵتر بوویەوە، بەتایبەتی لەسـەر دیاریکردنی سـنور و لایەنی خاوەندارێتی کردنی گوندەکان، بەجۆرێك وایلێهاتبوو تەیارییەکان بەردەوام هێرشی لەناکاو و کت و پڕیان دەکردە سـەر سـنوری بەرواریيەکان و پاش تالانکردن، گوندەکانیان وێران دەکردن، بۆ ڕۆژی دواتر میری بەرواریيەکـــان هێزێکی گەورەی لە عەشـــیرەتەکـــانی بـــادینـــان کۆدەکردەوە و بەڕۆژی ڕووناك هێرشـــان دەکردە ســـەر تەیارییەکان و تۆڵەی خۆیان دەکردەوە (الدملوجی و اخرون، ٢٠٠١، ص٧٦ ـــ ٧٧) بێگومان ئەم ڕووداوانە دەبوونە هۆی تێکچوونی ڕەوشی ئەمنی و ئابووری و کۆمەڵایەتی ناوچەکە.

ســاڵی (١٨٨٨) کێشـەی نێوان ئەم دوو بەرەیە هەڵگیرسـایەوە لەسـەر گوندێك بەناوی (دەشـــتان) کە گوندێکی کوردنیشـــن بوو، دانیشـــتوانەکەی باجیان دەدایە بەرواریيەکان، تەیارییەکانیش لەو ســـنورە چەند گوندێکیان هەبوو، بە بیانووی ئەوەی خەڵکی دەشـــتان لە باج و ســـەرانەی بەرواریيەکان بێزارن، ســـودیان لە فەرمانێکی حکومەتی عوسـمانی وەرگرت و لکاندییان بە ناوچەی تەیاری خوارو، لە هەمان ســاڵدا بەرواریيەکان بە هاوکاری هێزێکی حکومەتی عوســـمانی ڕووبەڕووی تەیارییەکان بوونەوە، ئەمەش سیاسەتی دژبەیەکی عوسمانییەکان پیشان دەدات، لەلایەك کارئاسانی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

هەروەسان جیمس ریچ وێ یەکێ ژی دیاردکەت، کو دناڤ هۆزا جاف دا ئەگەر ســــەرۆک هۆز بمریت و تنێ کۆرەکێ بچویک هەبیت، وی دەمی دێ برایێ وی یان کەســەکێ دی یێ نێزیکێ وی ل جهێ وی هێتە دانان(ریچ، كلوديوس جيمس، ١٩٩٢، ل ١٣٢). هەروەســــا ل ناڤ هۆزا حەیدەرانلی یا ژی دا، پشــتی مرنا ســەرۆکێ هۆزێ، مەزنێن ماقویلێن هۆزێ جهگرێ وی دیار دکەن. پێدڤیە ژی ل هەمان بنەمال بیت، مام یان برا یان کەسەکێ نێزیکێ سەرۆکێ مری. یا راستی ژی هەر کەسەکێ دناڤ بنەمالێ دا زیرەک و ژێهاتی و عەگید بیت ل دەڤ هەموویان دبیتە ســــەرۆک(برانت، جيمس، ١٩٨٩، ص ١٥٤).

ئەڤ ئاماژەیێن ریچ و برانت ل دۆر شـێوازێ هەلبژارتنا ئاغا و سـەرۆکێن هۆزێن کوردی د گەشــــتنامێن واندا، نیشـــانا هندێیە، کو جورەکێ دیموکراســـیێ د هۆزێن کوردی دا ل وی دەمی هەبوو، بۆ نموونە دەما ریچ ل جهەکی دبێژیت: ئەگەر ســـەرۆک



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

هۆزێ بلباس مربا کۆرێ وی یێ مەزن تایبەتمەندیێن کاریزمایی تێد نەبان، باشـــترین و وێرەکترین برایێ وان جهێ بابێ خۆ دگرت. چونکی هۆزان نەدڤیا سەرۆکاتیا خۆ بدەنە دەســـت کەســـەکێ لاواز و بێ کاریزما. لێ ریچ ئەو یەک ژی گۆتیە، کو دەما ئێک فەرمی دهاتە دانان، ئەنجومەنێ هۆزێ نەدشیا و ماف نەبوو ژ پۆستێ وی دویرکەت( Rich, James, 1836, v2,p152).

سـەبارەت ئەنجوومەنێ (رهـــــ سـپی یا) یان ماقویلان د ناڤ هۆزێ کوردی دا، گەرۆکێن بریتانی وەک (مالا کۆمۆن و ئەنجومەنێ لۆردێن بریتانیا) وی سـەردەمی دانە دیارکرن، وەکو میلینگن دیارکری، کو ئەنجوومەنێ ماقویلان کۆمەکا رهـــ سپی یا بوون و هەر شەڤ ل دیوانخانا سەرۆکی کۆمبوون ئەنجام ددان، ژ پێخەمەت دانوستاندێ ل دۆر مژارێن پەیوەندی ب هۆزێ ڤە هەی، چونکی ل وی جهی، رێســـا و یاســــاییێن دەردکەتن و گفتۆگۆ ل ســـەر دکرن. میلینگن ل ســـەر بنەمایێ ئەڤا ل ســـەری دایە دیـارکرن، کو هۆزێن کوردی نەهـاتینە گوهۆڕین و بەردەوامن د حوکمکرنـا هۆزێن خۆدا ب ئاوایەک دەســـتپێکی. لێ د هەمان دەمدا مۆرکەکا دیموکراســـی ژی پێڤە دیارە(Millingen, Fredrick, 1870, pp284-286).

ســـەرۆک هۆزەکێ کورد دەســـتهەلاتەکا رەها ل ســـەر هۆزا خۆ هەبوو، ئەڤ دەســـتهەلاتەژی پتر ل گۆند و کەمپان دا دیار دبوو. میلینگن دەما بەحســـا هۆزا میلان دکەت، ئاماژە ب هندێ ددەت، کو سەرۆکی دەستهەلاتەکا رەها هەیە و دشێت دەست ب سەر ملک و مالێن ئەندامێن هۆزا خۆدا بگریت یان ژی ئەوان بکۆژیت ژی. ئەگەر هاتوو خەکەک ژ جڤاکێ عەشیرەتا خۆ دەرئێخست وی دەمی دەولەتا عوسمانی ئەو دەستهەلاتە نەبوو وی ب حەوینیت یێ ژلایێ ســـەرۆکی هۆزێ ڤە هـاتیە دەرئێخســـتن. چونکی عوسـمانیان سـیاسـەتەک هەبوو ئەو دەسـتهەلات ددا سـەرۆک هۆزان هەر تشـتەکێ حەز بکەت ل گەل هۆزا خۆ بکەن، ئەو ژی ل بەرامبەر دا باجێ دا. لێ دەما بەحســـا هۆزا حەیدەرانلی دکەت، ئاماژە ب هندێ ددەت، کو دەســـتهەلاتا ســـەرۆکی ژلایێ ئەنجومەنێ مەزنە ماقویلان یا ســـنوردارکریە (Millingen, Fredrick, 1870, pp284-286). ل ڤێرێ دیار دبیت دەستهەلاتا سەرۆک هۆزێ میلان یا جودا بوو ژ یا هۆزێن جاف، بلباس و حەیدەرانلی، کو ل گۆرەی گۆتنا گەرۆکان جورە دیموکراسـیەکێ هەبوو. یان ژی دبیت میلینگن زێدەرەوی کربیت ل دۆر دەســـتهەلاتا ســـەرۆک هۆزێ میلان و رۆلێ ئەنجومەنێ هۆزێ پشتگۆهـ هاڤێتبیت. چونکی مارک سایکس هزرەکا دی یا جودا ژ میلینگن هەبوو دەربارەی دەســـتهەلاتا ســـەرۆک هۆزێن کورد و بەحســـا رۆلێ ئیبراهیم ئاغایێ ســـەرۆکێ عەشـــیرەتا (دگزەیی Digzaie) دکەت ل باشـــوورێ هەولێرێ دژیان. ل گۆرەی ڤەگێرانا

سایکسی، دەستهەلاتا ئاغایێ عەشیرەتێ یان ژی سەرۆکێ هۆزێ کێمتر بوویە ژ وێ یا میلینگن یەحس ژێ دکر، چونکی ئیبراهیم ئاغا تنێ دشیا ئاریشێن مەدەنی ێن هۆزا خۆ چارەسەر بکەت وەکی وەسیەتنامە و بەردانا ژن و مێران( Muhammed, Qadir, 2017, p132). ئەڤ دیتنێن سایکسی وەسا دیار دکەن، کو هندەک سەرۆک هۆز تنێ خۆدان دەستهەلاتێن مەدەنی بوون و دەستهەلاتا وان لایێ عوسمانیان ڤە یا سنوردارکری بوویە. دبیت ژی ئەو گرێدایی کونترۆل و زالگەهیا عوسمانیان ل سەر وێ دەڤەرێ هەبیت و ژ جهەکی بۆ ئێکێ دی جودابیت.

ل گۆرەی گۆتنا ڤان گەرۆکان پشکەک ژ سەرۆک هۆزێن کورد پەیوەندیەکا بهێز ل گەل عوسمانی و فارساندا هەبوو و ب شێوەیەکێ کاریگەر ل دەڤەرێن خۆ ببونە جێگرێن وان. ب وی شێوی سەرۆک دشیان دەستێوەردانێ د مژارێن حکوومی دا بکەن. ل گۆری گۆتنا فرەیزەری، ل دەڤەرێن دورۆبەرێن سوجبولاق ل وەلاتێ فارس(کوردستانا رۆژهەت)، سەرۆکی رۆل هەبوو د کاندیکرنا بەرپرسێن باژێرکێن ناڤخۆ: بۆ نمونە: عبدالله خان، دەستهەلاتدارێ باژێری، ل ڤێ داوییێ ژلایێ شەهزادەییێ شاهی هاتیە دانان(Fraser, James Baillie,1840, v1, p108). ل دەڤەرێن عوسمانی ژی گەرۆکان ئاماژە ب هندێ دایە، کو سەرۆک عەشیرەت نوینەرێن حکومەتێ بوون. بۆ نموونە سایکس بەحسا سەرۆکەکێ کورد ل زاخۆ دکەت ب ناڤێ یوسف ئاغا، کو جێگرێ حکومەتا عوسمانی بوو، ئەوی ژی سەرکرداتیا ئەنجومەنێ خۆ دکر و ل دەمێ پێدڤی لەشکرەک بۆ حکوومەتێ دابین دکر. ئەڤ مژارە تا داویا چەرخێ نودێ یا بەدەوامبوو تا وی رادەی ژمارەک ژ هۆزێن کورد دەست ژ کۆچەرییێ بەردان و هاتن ل باژێران ئاکنجی بوون. (Muhammed, Qadir, 2017, p132). ل جهەکێ دی ژی ریچ ئاماژە ب هندێ دکەت، ل ئامێدیێ و میرگەها بادینان میرگەهێ و سەرۆک هۆزان پەیوەندیەکا موکم ل گەل ئێک هەیە، تا رادەیەکی هەر گاڤا میرێ بادینان پێدڤێ زێرا یان لەشکری دبیت ل زویترین دەم سەرۆک هۆزان ئەو دخوازی بجهـ دئینان، زێدەبارێ هندێ، کو سەرۆک هۆزێن بادینان جهێ باش ل ناڤ کۆچکا میرێ بادینان دا هەبوو، وەکی هۆزێن مزۆری و زێباری (Rich, James, 1836, v2,p153-154).

**ئەنجام:**

ل داوییێ ئەم گەهشــتینە ئەڤان ئەنجامان، کو هژمارەکا زۆر یا گەرۆکڤانێن بریتانی ب ناڤ و پۆستێن جودا و ب مەرەمێن جودا سەرەدانا کوردستانێ کرینە، دشیاندایە پتر ژ سیهـــ گەرۆکا دەست نیشانبکەین، کو سەرەدانا کوردستانێ کرینە و گەشتا خۆ تۆمارکریە.

مەرەما سەرەدانا گەرۆکان هەرچەندە خزمەتکرنا سیاسەتا ئیمبریالیزما بریتانی بوو ل رۆژهەلاتا ناڤین، لێ مەرەمێن دیژی هەبوون.

هۆز و عەشیرەتێن کوردی وەسا داینە دیارکرن، کو سێ جۆرن: ئەوژی کۆچەر و نیمچە کۆچەر و بنەجھ بووینە.

پێکهاتا جڤاکی یا هۆزێن کوردی ژ ســـەرۆک و بنەمالا وان و ئەنجومەنێ ماقویل و خەلکێ نورمال کو ژ تەخا جوتیار و لەشکرو خۆدان پیشەیان پێک دهاتن.

پێکهاتا هۆزایەتی یا کوردان ژلایێ هژمارەکا دیارکری یا گەرۆکانڤە بەحس ژی هاتیە کرن، هەرچەندە ب تیرۆتەسەلی بەحسێ جڤاکێ هۆزایەتیا کوردی و میرگەهێن کوردی هاتیە کرن.

گەرۆکان دایە دیارکرن ســـەرۆک هۆزێن کورد حوکم ل عەشـــیرەتێن خۆ دکرن و ئاریشەیێن ناڤخۆ ژی چارەسەر دکرن. ل قۆناغێن جودا ژی نوینەراتیا دەولەتێن عوسمانی و فارسی کریینە.

سەرۆکێن هۆزا ناڤێن جودا و ل گۆری هۆز و دەڤەرێن جودا پێ هاتینە دان. لێ پرانیا وان ژی هەمان رامان ددەت.

هۆزین کوردی ئەنجومەنێ ماقیلان هەبوو و جاران پرســـێن گرێدایی هۆزێ تێدا دهاتنە گفتۆگۆکرن.

ل دەمێ مرنا ســـەرۆک عەشـــیرەتی یان ئاغای یان بەگی یان میری کۆرێ مەزن یێ ســـەرۆکی یان برایێ وی یێ مەزن، یان ژی ئێک ژ ئەندامێن بنەمالێ ژلایێ ئەنجومەنێ هۆزێ یان خەلکێ هۆزێ یان ژی دەولەتا دەستهەلاتدار دهاتە دیارکرن.

هەلبژارتنا ســەرۆک د هۆزێن کوردی دا گەلەک جاران گەرۆکین بریتانی ب جۆرەکێ دیموکراسیا ئەورۆپی شوبهاندیە.

ل داوییێن چەرخێ نۆزدێ بەشەک ژ عەشیرەتان دەست ژ کۆچەریی بەردناینە.

## لیستا ژێدەران:

### ئێک: ئەنسکلوپیدیا

- فردریک معتوق، معجم العلوم الاجتماعیة، اکادیمیا بیروت، ١٩٩٨.

### دوو: گەشتنامە:

#### زمانێ کوردی:

- کلاودیوس جیمس ریچ، گەشتی ریچ بۆ کوردستان ١٨٢٠، وەرگێران: محمد حەمە باقی،تەورێز، ١٩٩٢.

#### زمانێ عەرەبی:

- جیمس برانت، رحلة المستر جیمس برانت الی المنطقة الکردیة عام ١٨٣٨، ترجمە: حسین جاف، بغداد، ١٩٨٩.

### سێ: پەرتووک:

#### زمانێ کوردی:

- نەجاتی عەبدوڵلا(دکتور)، کوردستان لە سەدەی نۆزدەهەمدا وەک گەریدە ڕۆژئاواییەکان بینیویانە، بەرگی یەکەم، بلاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠٢٢.
- مارتن ڤان برۆنەسن، ئاغا و شێخ و دەولەت، وەرگێران: کوردۆ، ب١، سلێمانی، ٢٠١٠.
- دێرک کینان، کورد و کوردستان، وەرگێران: د.لەزگینێ ئاڤدرەحمانی، دهوک، ٢٠٠٨.
- سەعدی عوسمان هەروتی(دکتور)، چەند لایەنێکی میژووی رامیاری ئابووری کومەلایەتی کوردستان ل سەردەمی عوسمانی دا، هەولێر، ٢٠١٣.
- صلاح محمد سلیم محمود(دکتور)، دیرۆکا کوردان یا نوی د چەند ڤەکۆلینەکان دا، دهوک، ٢٠١٥.
- خالد محمود کریم، دەولەتی عوسمانی و عەشیرەتە کوردیەکان لە کوردستانی باشوور، ١٨٦٩-١٩١٤، سلێمانی، ٢٠١٢، ل ٨٠
- هێرش کەمال رێکانی، عەشیرەتێن بەهدینان ١٥١٤-١٩١٩ دانەنیاسینا جوگرافی و کورتیەک ژ دیرۆکا وان، دهوک، ٢٠١٩.

#### زمانێ عەرەبی:

- بدرخان سندي(دکتور)، المجتمع الکردي في المنظور الاستشراقی، ط١، اربیل، ٢٠٠٢، ص ٦١.

- ســـايكس، مارك، القبائل الكردية في الامبراطورية العثمانية، ترجمة: هوراز ســـوار علی، دهوك، ٢٠٠٢.
- سی.جی ادمونز، كرد وترك وعرب، ترجمة: جرجيس فتح الله، بغداد، ١٩٧١.
- شـــاميلوف، حول مســـألة إلاقطاع بين الكرد، ترجمة: كمال مظهر، طبعة ٢، بغداد، ١٩٨٤.
- هادى رشيد الجاوشلى، الحياة الاجتماعيه فى كردستان، بغداد، ١٩٧٠.
- فلادمير مينورسكى، الاكراد، ترجمة: معروف خزندار، بغداد، ١٩٦٨.
- تما بوا، مع الاكراد، ترجمة: آواز زنگنه، بغداد، ١٩٧٥.

**زمانێ ئینگلیزی:**

- Austin Henry Layard, Discoveries in the Ruins of Nineveh and Babylon; With Travels in Armenia, Kurdistan and the Desert: Being Result of a Second Expedition, part I. John Murray, London 1853.
- Austin Henry Layard, Early Adventures in Persia, Susiana, and Babylonia, John Murray, Vol.1, London 1887.
- Claudius James Rich, Narrative of a Residence in Koordistan, and on the Site of Ancient Nineveh, 2 vols, James Duncan, Paternoster Row, London 1836.
- Francis Richard Maunsell, Reconnaissance's in Mesopotamia, Kurdistan, North-West Persia and Luristan from Apr to Oct 1880 2 vols, Government Central Printing Office, Simla, 1890, s.V.
- Francis Richard Maunsell, Reconnaissances in Mesopotamia, Kurdistan, North-West Persia and Luristan from Apr to Oct 1880 2 vols, Government Central Printing Office, Simla, 1890, s.V.
- James Baillie Fraser, Travels in Koordistan, Mesopotamia, Including an Account of Parts of Those Countries Hitherto Unvisited by Europeans with Sketches of the Character and Manners of Koordish and Arab Tribes, c.1-2, Richard Bentley, London 1840.
- Fredrick Millingen, Wild Life Among the Koords, Savill Edwards and co., London 1870.
- Henry Creswicke Rawlinson, „Notes on a March from Zohab at the foot of Zagros, along the Mountains to Khuzistan(Susiana), and from



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بو ڤەکولینێن کوردی

thence through the Province of Luristan to Kirmanshah, in the Year 1836", Journal of the Royal Geographical Society of London, Vol.9.

- Robert D. Mignan, Winter Journey Through Russia, the Caucasian Alps and Georgia: Thence Across Mount Zagros by the Pass of Xenophon and the Ten Thousand Greeks, into Koordistaun,c.1-2,Richard Bentley, London 1839.
- Roy Bridges, "Exploration and Travel Outside Europe", The Cambridge Companion to Travel Writing, (53-69), New York 2005.

**زمانێ تورکی:**

- Hüseyin Yazıcı, Seyahatname, türkiye diyanet vakfı islam ansiklopedisi, c.37, istanbul,2009.

**چار: نامەیێن ئەکادیمی:**

**زمانێ ئنگلیزی:**

- Qadir Muhammed Muhammed, Kurds and Kurdistan in the Views of the British Travelers in the Nineteenth Century, Unpublished PHD thesis, School of History Politics and International Relations, University of Leicester, 2017.

**زمانێ تورکی:**

- İbrahim Tarduş, 19.yüzyıl ingiliz seyahatnamelerinde Kürtler, yayınlanmamış doktora tezi, Dicle üniversitesi, Diyarbakır, 2020.

**پێنج:رۆژنامە و گۆڤار:**

**زمانێ ئینگلیزی:**

- James Brant, A. G. Glascott "Notes of a Journey through a part of Kurdistan, in the Summer of 1838" Journal of the Royal Geographical Society,Vol.10.
- James Brant, "Journey Through A Part of Armenia and Asia Minor in The Year1835", The Journal of Royal Geographical Society of London, Vol. 6.
- John George Taylor, "Travels in Kurdistan with Notes of the Source of the Eastern and Western Tigris and Ancient Ruins in their

Neighborhood", Journal of the Royal Geographical Society of London, 1865.

- John George Taylor, "Journal of a Tour in Armenia, Kurdistan, and Upper Mesopotamia, with Notes of Researches in the Deyrsim Dagh, in 1866", Journal of the Royal Geographical Society of London, London, 1868.
- Frederick Forbes, "A Visit to the Sinjár Hills in 1838, with Some Account of the Sect of Yezídís, and of Various Places in the Mesopotamian Desert, between the Rivers Tigris and Khábúr", The Journal of the Royal Geographical Society of London, 1839, S.9.

## مكونات القبيلة الكوردية بحسب الرحالين البريطانيين في القرن التاسع عشر

**الملخص:**

القبائل والعشـائر الكوردية في القرن التاسـع عشـر وقبلها كانت المكون الرئيسـي والأول في الإمارات الكوردية وكانت تمثل السـلطة المحلية العظمى في كوردسـتان كلها. هذا المكون يختلف بحسـب المكان والزمان في رأي الرحالين البريطانيين ويختلف كذلك من الرحال لآخر.

وبحسب الرحالين الغرب وخاصة البريطانيين منهم، يعتبر القرن التاسع عشر من أغنى وأثمن القرون هذا من جهة المسـائل التي تطرقت إليها مصـادرهم والرحلات التي قاموا بها والوثائق التي وفروها عن القرن المذكور، لمناطق مختلفة من كوردستان وعشائرها التي كانت المكون الرئيسـي للمجتمع الكوردي. بدون شـك تلك الرحلات والمذكرات والعلاقات الدبلوماسـية للرحالين البريطانيين حيث حين وصـولهم لأراضـي الأمبراطورية العثمانية وإيران ووصـولهم من خلالهما إلى المناطق الكوردية التابعة لهاتين الامبراطوريتين، قاموا بكتابة ملاحظاتهم وأرائهم وبعدها حين غادروا إلى بلادهم قاموا بإضـافتها إلى كتاباتهم وتحدثوا عن الحياة السياسية والاجتماعية وقسم منها عن الحياة الثقافية للمجتمع الكوردي في ذلك العصر وسـجلوها وذكروا أرائهم عن المظاهر والمشـاهد التي رأوها من عادات وتقاليد كانت قد جذبت انتباههم.

وتلك الكتب التي دونت الآن تعد من المصادر ذات الشأن الكبير والمهمة بالنسبة لنا، حيث حفظت فيها كمية هائلة من المعلومات وصـــور مرســـومة ومصـــورة لذلك العصــــر في كوردســــتان وكانوا شهوداً على العديد من الأحداث المهمة والتاريخية التي حدثت في تلك الحقبة، ويمكن دراســتها من الكثير من الجوانب الاجتماعية والســياســية والثقافية وكذلك مقارنتها.

يتطرق هذا البحث إلى مكون القبيلة والعشيرة الكوردية كجزء من سلطات الامارات الكوردية المحلية، وخاصة آراء بعض الرحالة والمستشرفين البريطانيين في القرن التاسع عشر الذين قاموا بزيارات إلى مناطق من كوردســــتان، ومنهم جون مكدونالد كينيير (١٨٧٢-١٨٣٠)، كلوديوس جيمس ريج (١٧٨٧-١٨٢١)، جيمس فريزر(١٧٨٣-١٨٥٦)، هينري لايـارد و فريـدريـك ميللينغن...إلخ.

يتكون هذا البحث من مبحثين، في المبحث الأول نتناول أهمية الرحالة وكتاباتهم كمصـــدر لمعرفة مكونات العشـــيرة الكوردية في القرن التاســـع عشـــر، ولتعريف عدد من المســتشــرقين والرحالة والدبلوماســيين البريطانيين الذين زاروا كوردســتان ودونوا ملاحظاتهم عنها.

وفي المبحث الثاني تتطرقنا إلى مكونات بعض العشـائر الكوردية في القرن التاسـع عشــــر بحســــب آراء الرحالين البريطانيين. بالإضـــــافة إلى تحليل نقدي لآراء هؤلاء الرحالة والرحالين ومقارنتها مع المصادر الأخرى المتوفرة.

يعتمد البحث على المنهج التاريخي الزمني وتحليل ومقارنة الاحداث والمكونات العشـائرية الكوردية بحسب آراء الرحالين البريطانيين، وفي النهاية البحث توصلنا إلى النتائج التي سنقوم بعرضها.

**الكلمات الدالة** *العشيرة الكوردية، الرحالين البريطانيين، مكونات القبيلة، القرن التاسع عشر، الإمارات الكوردية.*



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکولینێن کوردی

# The Structure of Kurdish Tribes according to British Travelers in the Nineteenth Century


**Abstract:**

In the nineteenth century and preceding periods, the predominant and fundamental constituents shaping the Kurdish emirates were the tribes and clans of the Kurdish community, serving as the principal local governing entities across Kurdistan. According to the accounts of British travelers, the nature of this organizational structure exhibited variations dependent on both geographical location and historical epoch. Furthermore, disparities in interpretation emerged among different travelers.

According to Western scholars specializing in Kurdish studies, particularly those from Britain, the nineteenth century is regarded as the most abundant and resourceful epoch in terms of the abundance and diversity of sources, journeys, and documents pertaining to this century. These sources extensively cover various regions of Kurdistan and the constituent clans that formed the Kurdish societal fabric. Undoubtedly, the primary contributors to this wealth of information were the journeys, memoirs, and diplomatic engagements of British travelers. Upon arriving in the territories of the Ottoman Empire and Iran and subsequently exploring the Kurdish regions within these empires, these travelers meticulously documented their observations and viewpoints. Upon returning to their home country, they incorporated these findings into their writings, providing insights into the political, social, and cultural aspects of the communities they encountered. They have written their perspectives on the customs, traditions, and notable aspects of the cultural life of Kurdish in that era that captured their attention.

The present corpus of written works stands as a repository of significant and invaluable sources for us, safeguarding an extensive reservoir of information. These texts, which include drawn and photographed depictions of the era in Kurdistan, serve as witnesses to numerous crucial historical events. They hold immense value, offering opportunities for comprehensive study from various social, political, and cultural perspectives. Additionally, these works facilitate comparative analyses, enabling a deeper understanding of the transformations that took place during that period.

This study focuses on the role of the Kurdish tribes and clans within the framework of local Kurdish authorities, with a specific emphasis on the perspectives of certain British travelers and explorers during the nineteenth century. Notable figures among them include John MacDonald Kinnear (1772-1830), Claudius James Rich (1787-1821), James Frazer (1783-1856), Henry Layard, and Frederick Millingen, among others.

This research is structured into two sections. The first section examines the significance of travelers and their writings as valuable sources of knowledge regarding the formation of the Kurdish clans during the nineteenth century. It introduces a selection of British missionaries, travelers, and diplomats who undertook visits to Kurdistan and documented their observations on the region.

The second section of this research delves into an examination of the constituents of certain Kurdish clans during the nineteenth century, as articulated by British travelers. This section includes a critical analysis of the perspectives expressed by these travelers, alongside a comparative evaluation against other existing sources.

The research adopts a historical-chronological approach, employing analysis and comparison of Kurdish events and tribal constituent based on the viewpoints of British travelers. The study concludes with a presentation of the key findings.

**Keywords:** *the Kurdish clans, British travelers, the tribal structure, the nineteenth century, the Kurdish Emirates.*

# کۆمەڵگەی کوردی لە کوردستانی ئێران، لەدیدی ئەفسەری فەڕەنسی گاسپار درۆڤێل لەماوەی ساڵانی (١٨١٢ – ١٨١٣)

د. دلزار صالح صادق
بەشی مێژوو- کۆلیژی ئاداب- زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر هەرێمی کوردستان/ عیراق

**پوختە**

کوردستان وەک نشتیمانی کوردان و کورد وەک یەکێک لەپێکهاتە نەتەوەیی و ئیتنییە سەرەکییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەدرێژایی مێژوو هەمیشە جێگەی سەرنج و بایەخی گەڕیدەو وڵاتناسە بیانییەکان بووە، چونکە زۆربەی ئەو گەڕیدەو وڵاتناسانەی کە بەمەبەستی جیاوازی وەک (سیاسی، ئابووری، سەربازی، هەواڵگری، ئایینی، زانستی)، سەردانی ناوچەکانی هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانیان کردووە، لەنزیکەوە چاویان بە کوردەکانیش کەوتووە، وەکو نەتەوەیەکی جیاوازی خاوەن داب و نەریت و زمانی جیاواز لەپێکهاتەی سەرەکی ئەو دوو وڵاتە، ئەم جیاوازییەشیان لەدوای لێکۆڵینەوە لەنەتەوەکانی ناوچەکە بۆ دەرکەوتووە، کەوا کورد نەتەوەیەکە تایبەتمەندی تایبەت بەخۆی هەبووەو لەزۆر ڕووەوە لەفارسەکان و عەرەبەکان و تورکەکان جیاواز بوونە، ئەوان دوای ئاشنابوونیان بەو نەتەوانەی باسکران، بەڕوونی هەستیان بەجیاوازییەکانی نێوان کوردو ئەو نەتەوانە کردووە، لەڕووی نەتەوەیی و شێوازی ژیان و زمان و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی خێزانی بیروباوەڕی ئایینیشەوە. بۆیە کاتێک لەیادداشت و بیرەوەرییەکانی خۆیاندا تۆماریان کردووەو دوای گەڕانەوەیان بۆ وڵاتەکانی خۆیان لەژێر ناوی (گەشتنامە – سەفەرنامە)دا، یادداشت و بیرەوەرییەکانی خۆیان لەکوردستان و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ کورددا لەدوتوێی کتێبەکانیاندا بڵاوکردۆتەوە.

ئەو توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر لایەنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی، لەدیدی ئەفسەرێکی فەڕەنسی بەناوی گاسپار درۆڤێل (Gaspard Drouville)، کە لەساڵی ١٨١٢ بەیاوەری شاندێکی سەربازی وڵاتی فەڕەنسا، سەردانی وڵاتی ئێرانی کردووەو تا



Zakho Centre for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی

ساڵی ١٨١٣ لەو وڵاتەدا ماوەتەوە. ئەو ماوەیەی کە ناوبراو لەئێران بووە، وەک ئەفسەر مەشق و ڕاهێنانی بەسوپای ئێرانی کردووە کە ئەوکات لەجەنگ دابوون لەگەڵ وڵاتی ڕوسیا.

سەرباری ئەوەی کە گاسپار دروڤێل لەو ماوەیەدا هەوڵیداوە لەنزیکەوە لێکۆڵینەوە لەسەر داب و نەریتی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی ئێرانی بەگشتی بکات، بەڵام لەبەرئەوەی کە بەشێک لەخاکی کوردستان و نەتەوەی کورد، لەدوای جەنگی چاڵدێران (١٥١٤) کەوتبووە ژێر دەسەڵاتی وڵاتی ئێران، بۆیە ناوبراو لە لێکۆڵینەوەکەیدا زیاتر باسی لە کوردەکانی ناو سنووری دەوڵەتی ئێران و ناوچەی ئازەربایجان بەتایبەتی کردووە. چونکە ناوبراو لەماوەی مانەوەی لەئێراندا زیاتر لەناوچەکانی باکووری ئێران و ئازەربایجان بووە.گومانی تێدانییە، کە دروڤێل لەکتێبە وەرگێڕدراوەکەیدا بۆ سەر زمانی فارسی، بەناوی (سفر در ایران/ گەشت بۆ ئێران) زۆر لایەنی گرنگ و شاراوەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی لەدەیەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم باسکردووە، کە لە سەرچاوەکانی تردا باس نەکراوە، بەمەش دەکرێ لەڕێگەی ئەو توێژینەوەیە، زۆر لایەنی کۆمەڵگەی کوردی بەدیاربخرێت.

لەو توێژینەوەیەدا هەوڵدەدرێت باس لەکۆمەڵگەی کوردی لەلایەنە جیاوازەکانی وەک شێوازی ژیان و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و خۆراک و پۆشاک و پەیوەندی خێزانی و ژیانی کۆچەری و نیمچە کۆچەری و زمان و شێوازەکانی کات بەسەربردن لەنێو کۆمەڵگەی کوردی و هەندێک لەمیرنشینە کوردییەکان و پەیوەندییان لەگەڵ هەریەک لەهەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی و پێکهاتەی سەربازی کوردەکان و چۆنیەتی بەشداریکردنیان لەشەڕەکان و پەیوەندی ژن و ژنخوازی کۆمەڵگەی کوردی لەکوردستانی ئێران و سنووری جوگرافیای کوردستان لە دەیەی یەکەمی سەدەی نۆزدە لەدوتوێی چەند تەوەرێکدا بە بەراوردکردن لەگەڵ چەند سەرچاوەیەکی تری تایبەت بەکورد کە بەر لە دروڤێل و دوای گەشتەکەی دروڤێل سەردانی کوردستانیان کردووە، بەدیاربخات.

**پەیڤێن سەرەکی:** *کورد، کوردستان، کۆمەڵگەی کوردی، گاسپار دروڤێل، داب و نەریت.*

---

**پێشەکی:**

کۆمەڵگەی کوردی لەدیدی گەڕیدەو وڵاتناسە بیانییەکان هەمیشە جێگەی بایەخ و هەڵوەستە لەسەرکردن بووە، لەناویاندا بەشێک لەوانەی بەکوردستاندا تێپەڕیون

بە وردی تیشـــکیان خســـتۆتە ســـەر لایەنە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی کوردی و دوای گەڕانەوەیان بۆ وڵاتەکانی خۆیان یادداشـــت و بیرەوەرییەکانی لەبارەی کورد لەدووتوێی کتێبەکانیاندا خستۆتەڕوو، ئەگەرچی بەشێک لەزانیارییەکان دووبارەن، بەڵام گومانی تێدانییە بەشێکی زۆری زانیارییەکان لەبارەی داب و نەریت و شێوازی ژیان و جل و بەرگ و پۆشـاک و پەیوەندی کۆمەڵایەتی و خۆراک و توانای سـەربازی و شـێوازی شـەڕکردنی کوردەکان و کەرستەی جەنگییان و پەیوەندییان لەگەڵ هەریەک لەدەوڵەتی عوسمانی و ئێرانی و لەگەڵ یەکتری زانیاری نوێ و پڕ بایەخن. ئەو کتێبەی لەم توێژینەوەیەدا سوودی لێبینراوە وەرگێڕدراوی گەشتنامەکەی (گاسپار درۆڤیل)ـە، بۆ سەر زمانی فارسی بەناوی (سـفر در ایران/ گەشـت بۆ ئێران)، لەڕاسـتیدا درۆڤیل ئەو ماوەیەی کە لەئێران ماوەتەوە سـەرباری ئەوەی لەچەند شـوێنێکدا لەچوارچێوەی کتێبەکەیدا باسـی وکردو کوردستانی کردووە، هاوکات بەشێکیشی تەرخانکردووە بۆ باسی کورد، کە بریتییە لەبەشی (٣٨)ی ئەم کتێبە.

ئامانجی سەرەکی ئەو توێژینەوەیە ئەوەیە کە بارودۆخی کۆمەڵگەی کووردی لەســـەرەتای ســـەدەی نۆزدەهەم لەڕوانگەی ئەفســـەرێکی بیانی بخرێتەڕوو، هەروەها توێژینەوەکە لەو گریمانەیەش دەکۆڵێتەوە کە ئایا ئەو ڕەوشـــی کورد و کوردســـتان لەژێر سایەی حکومەتی ئێران لەسەرەتای سەدەی نۆزدە لەچ بارودۆخێکدابووە.

گرنگی ئەم توێژینەوەیە، گومانی تێدانییە کە ناتوانرێ نکوڵی لەوە بکرێ کە بەر لەهاتن و دوای هاتنی درۆڤیل بۆ کوردسـتان چەندین گەڕیدەو وڵاتناســی تر بەو خاکە تێپەڕیون و باســـی و کوردو کوردســـتانیان کردووە، بەڵام گرنگی ئەو ماوەیە ئەوەیە کە توێژینـەوەی لەبـارەوە نەکراوە لەڕوانگەی ئەفســـەران و نێردەو گەڕیـدە بیانییەکانەوە، بۆیە ئەو ماوەیە پێویستی بەوەیە بەسەرچاوەی ڕەسەن هەموو لایەنەکانی ڕوونبکرێتەوەو شرۆڤە بکرێ.

لەم توێژینەوەیەدا لەچوارچێوەی ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژووییدا، هەردوو شێوازی پێکهاتەیی (ترکیبی) وشـــیکاری (تحلیلي) پەیرەوکراوە، چونکە بۆ وێناکردنەوەی کۆمەڵگەی کوردی لەماوەی ســاڵانی (١٨١٢ - ١٨١٣)، پێویســـت بەوە دەکات زانیارییە مێژووییـەکـان کۆبکرێنـەوەو لێکبـدرێن. تـا خـەمڵان وپێکهـاتنی ئـەو مـاوەیـە ڕوونبکرێتەوە. دواتریش لەڕێگەی شـرۆڤەکردن و شـیکارییەوە گێڕانەوەکانی درۆڤیل دەوڵەمەند بکرێت.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینێن کوردی

ئەو توێژینەوەیە لە چوار تەوەری سەرەکی پێکدێت، تەوەری یەکەم باس لەژیانی درۆڤێل و هۆکاری هاتنی بۆ ئێراندەکات. هەروەها تەوەری دووەمیش باس لە جوگرافیای کوردستان و بنەچەی کورد و زمانی کوردی و بیروباوەڕی ئایینی کوردەکان دەکات. تەوەری سێیەمیش باس لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کورد دەکات، کە تیایدا تیشک خراوەتە سەر لایەنەکانی پێکهاتەی چینایەتی و خورەوشتی کۆمەڵایەتی و ئافرەتی کوردو لایەنی ڕۆشنبیری و خۆراک و پۆشاکی کوردەواری دەکات. تەوەری چوارەم تیشکی خستۆتە سەلایەنی پەیوەندییە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان و توانای سەربازی کوردەکان و هۆزە کوردییەکان.

بۆ ئەنجامدانی ئەو توێژینەوەیە پشت بیرەوەرییەکانی (درۆڤێل) بەستراوە، بەڵام لەهەمانکاتدا بۆ دەوڵەمەندکردنی زانیارییەکان سوود لەسەرچاوەی جۆراجۆری بیرەوەری گەڕیدەو گەشتیارە بیانییەکان بەستراوە، کە بەر لەدرۆڤیل و دوای درۆڤێل سەردانی کوردستانیان کردووە، سەرباری ئەوەی سوود لەهەندێک سەرچاوەی تر بەستراوە بۆ دەوڵەمەندکردنی باسەکە بەزمانەکانی (کوردی و حەرەبی و فارسی و ئینگلیزی)، بایندر. هانری. (١٣٧هـ.ش)، سفرنامه هنری بایندر کردستان و بین النهرین، ت: کرامت الله افسر، انتشارات فرهنگسرا، تهران. (بن تان. اگوست. (بیتا)، سفرنامه اگوست بن تان) یەکێک لەو سەفەرنامانەیە کە سوودی لێوەرگیراوە، چونکە ناوبراو ئەفسەرێکی فەڕەنسی بەچەند ساڵێک بەر لەهاتنی درۆڤێل سەردانی ئێرانی کردبوو، تیایدا تیشکی خستۆتە سەر زۆرلایەنی کۆمەڵگەی ئێرانی بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی کردووە، بەمەش سوودی بە بەدیارخستن و پشتڕاستکردنەوەی هەندێک لەزانیارییەکانی ناو ئەو توێژینەوەیە کردووە. (دلا واله. (١٣٧هـ.ش)، سفرنامه پیترو دلا واله) ئەمەش یەکێکی دیکە لەو سەرچاوانەیە کە سوودی بەدەوڵەمەندکردنی توێژینەوەکە گەیاندووە.

١. ژیانی گاسپار درۆڤێل (١٧٨٣ – ١٨٥٩): لەڕاستیدا زانیاری لەبارەی ژیانی گاسپار درۆڤێل لەسەرچاوەکاندا زۆر کەمە، بەڵکو زۆربەی ئەو سەرچاوە ئێرانیانەی ناوی ئەو کەسایەتییەیان هێناوە، یتەناه ئاماژەیان بەوەداوە ناوبراو ئەفسەرێکی فەڕەنسی بووەو لەماوەی ساڵانی (١٨١٢ – ١٨١٣) لەئێران ژیاوە. تەنانەت درۆڤێل بەخۆشی لەبیرەوەرییەکانیدا ئاماژەی بەبنەچەو ژیانی تایبەتی خۆی و شێوازی پێگەیشتنی نەداوە، بەڵکو تەنها ئەوەندە زانراوە کە ناوبراو ئەفسەرێکی فەڕەنسی بووە، لەساڵی ١٨١٢ لەڕێگەی ئەستەنبۆڵەوە سەردانی ئێرانی کردووەو بۆ ماوەی ساڵێک لەوێ ماوەتەوە، ئەو ماوەیەی کە لەئێران بووە، سەرقاڵی مەشق و ڕاهێنان کردن بووە بەسوپای ئێران (اکبرزاده، دی و بهمن ١٣٨٤هـ.ش، ٦١ - ٦٢). شایانی باسە دەکرێت



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

بڵێین کە هاتنی درۆڤێل بۆ ئێران، دەگەڕێتەوە بۆ دوای هەوڵە دیپلۆماسییەکانی فەڕەنسا لەسەردەمی (ناپلیۆن پۆناپارت)، کە لە ساڵی ١٨٠٥دا شاندێکی سیاسی و سەربازی دەنێرێتە ئێران، بەمەبەستی دروستکردنی پەیوەندی سیاسی لەگەڵ ئەو وڵاتەداو دروستکردنی بەربەست لەبەردەم بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا لەهیندستان، بۆ ئەو مەبەستەش لەو ماوەیەدا چەندجارێک شاندی سیاسی و سەربازی ناردووە بۆ ئێران (نفیسی، ١٣٨٣هـ.ش، ١٢٠ - ١٢٣).

٢. زێدی ڕەسەن و بنەچەی کوردەکان:

٢. ١. زێدی ڕەسەنی کوردان: درۆڤێل زانیارییەکانی لەبارەی زێدی ڕەسەنی کوردان، ئاماژەی بەوەداوە کە کوردەکان لەدوای سەرکەوتنی عەرەبەکان [سوپاسی ئیسلام] بەسەر فارسەکان [سوپای ساسانی]، بەرەو باکوور کۆچیان کردووەو بەدرێژایی زنجیرە چیاکانی زاگرۆس تا گەیشتۆتە ڕووباری (مورئاب/ مۆراو) کە ئەوان لە ئەرمەنستانی تورکیا [عوسمانی] جیا دەکاتەوە نیشتەجێ بوون (درووێل، ١٣٦٥هـ.ش، ٣١٥ - ٣١٦). لەڕاستیدا ئەو زانیارییەی درۆڤێل زانیاری لاوازو بێ بنەمان، چونکە بەپێی دەقی نوسینە بەجێماوەکان سەدان ساڵ بەر لەزایین کورد لە ناوچەکانی ڕۆژئاواو باشووری ڕۆژئاوای دەریاچەی وان نیشتەجێ بوونەو زنجیرە چیاکانی زاگرۆس زێدی ڕەسەنی کوردەکان بووە (احمد و فوزي، ١٩٩٠، ٣٩ – ٤١).

٢. ٢. بنەچەی کوردەکان: درۆڤێل لەبارەی بنەچەی کورد، باس لەوە دەکات، کە بنەچەی کوردەکان هاوشێوەی بنەچەی فارسەکان تا سەردەمی کۆرش (٥٦٠ – ٥٢٩پ.ز) نادیارە، هەربۆیە ڕیشەو نەژادی کورد بەتەواوی نەزانراوە، ئەگەرچی ناتوانرێ بە بەڵگە پشت ڕاست بکرێتەوە، بەڵام ئەو پێی کوردەکان دەگەڕێنەوە بۆ (سکتی[1])یەکان (درووێل، ١٣٦٥هـ.ش، ٣١٥). پاشان هەربەخۆی دەڵێت:"بەپێی ئەو شارەزاییەی لەداب و نەریت و شێوازی ژیان و جل و بەرگ و ئاخاوتنی کوردەکان بەدەستم هێنا، دەتوانم بڵێم کوردەکان ڕەگێکی عەرەبییان هەیە، چونکە هێشتا هەندێک تایبەتمەندی لەنێوان ئەوان و عەرەبە بیابان نشینەکان هەیە، منی خستۆتە گومان کەوا کوردەکان لەپاشماوەی هەندێک لەهۆزە عەرەبە بیابان نشینەکان بن" (درووێل، ١٣٦٥هـ.ش، ٣١٥ - ٣١٦). لەڕاستیدا زانیارییەکانی درۆڤێل لەبارەی بنەچەی کورد، زانیاری سادەوساکارو سەرەتایین، چونکە ناوبراو پشتی بەهێچ جۆرە بەڵگەنامەیەکی مێژوویی و زانستی نەبەستووە، بەڵکو تەنها بە بۆچوون و مەزندەی خۆی بنەچەیەکی بۆ کورد داتاشیوە، چونکە کوردەکان نەتەوەیەکی سەربەخۆن


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

لەڕووی ڕەگەزییەوە، سەر بەهیچ یەکێک لەنەتەوەکانی (عەرەب، فارس، تورک) نین (العزاوي، ج٢، ١٩٤٧، ٢٠). بەڵکو کوردەکان لەبنەڕەتدا یەکێکن لەنەتەوە هیندۆ ئەوروپییەکان و نیشتەجێی زنجیرە چیاکانی زاگرۆس بوونەو خاوەنی زمان و داب و نەریتی تایبەت بەخۆیانن و بەنەوەی (میدی)یەکان دادەنرێن کە لەنێوان (٧٠٠ – ٥٥٩پ.ز) فەرمانڕەوایی ناوچەیەکی بەرفراوانی کوردستان و ئێرانیان کردووە. (مینۆرسکی، ٢٠٠٦، ٢٤ – ٢٥).

٢. ٣. زمانی کوردەکان: لەبارەی زمانەوە، گاسپارد درۆڤێل باس لەوە دەکات، کەوا لەوڵاتی ئێران تەنها زمانەکانی (فارسی، تورکی، عەرەبی) زمانی باون، بەجۆرێک زمانی فارسی زمانی نووسین و وێژە (ادب)ـە، زمانی تورکی زمانی سوپایەو زۆربەی خەڵک بەکاری دەهێنن، هەرچی زمانی عەرەبییە تەنها بۆ کاروباری ئایینی بەکاردێت (درووبل، ١٣٦٥ش، ٢٠٩). لەڕاستیدا ئەو بۆچوونەی درۆڤێل ناکرێت بەشێوەیەکی ڕەها وەربگیرێت، چونکە لەو کاتەی ناوبراو لەئێران بوو، کوردیش یەکێک لەپێکهاتە سەرەکییەکانی ئەو وڵاتە بەگشتی و ناوچەی ئازەربایجان بەتایبەتی بوو، بۆیە نکۆڵی ناکرێ کە لەو کاتدا ئەو سێ زمانە زمانی باو بوون، بەڵام کوردەکان وەکو نەتەوە زمانی خۆیان پاراستبوو، لەناوچە کوردییەکانیش بەزمانی کوردی ئاخاوتنیان دەکرد. بۆ نموونە: گەڕیدەی ئیتاڵی [پێترۆ دێ لاڤالێ] کە لەساڵی ١٦١٨ سەردانی وڵاتی ئێرانی کردبوو، کاتێک لەگەشتەکەیدا گەیشتبووە ناوچەی کرماشان باس لەوە دەکات کە میوانی خێزانی فەرمانڕەوای هەرێمەکە بوون، ناوی (خانم سوڵتان) بوو، ئەو تەنها زمانی کوردی دەزانی و لەڕێگەی برایەکییەوە بۆیانی وەردەگێڕایە سەر زمانی فارسی ((دلاواله، ١٣٧٠هـ.ش، ١٢). ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەگەرچی هەندێک لەکوردەکان ناچاربوونە زمانی نەتەوەکانی هاوسێیان بەکاربێنن لەژیانی ڕۆژانەیاندا، بەڵام لەهەمان کاتدا زمان و داب و نەریت و کەلتوری نەتەوەیی خۆشیان پاراستبوو.

٢. ٤. بیروباوەڕی ئایینی کوردەکان: لەبارەی بیروباوەڕی ئایینی کوردەوە، لەڕاستیدا درۆڤێل، زانیارییەکی ئەوتۆی نەخستۆتەڕوو، تەنها باسی لەوە کردووە، کەوا کوردەکان بەگشتی سوننە مەزهەبن و ڕۆژانە چوار بۆ پێنج جار نوێژ دەکەن (درووبل، ١٣٦٥هـ.ش، ٣١٨). بەمەش دەردەکەوێت کەوا درۆڤێل شارەزایی لەبارەی بیروباوەڕی ئایینی کورد نەبووە، چونکە کوردەکان جگە لەوەی زۆرینەیان سوننە مەزهەبن هاوکات ئایین و ئایینزای تری وەک (شیعە، ئێزدی، شەبەک، کاکەیی)


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی

هەن، بەڵام کەباســــیانی نەکردووە، دیارە بەهۆی ئەوەی ناوبراو تەنها لەناوچەی ئازەربایجان بووە، بۆیە ئەوانەی بەچاوی خۆی نەبینیوە.

٣. پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کوردەکان:

٣. ١. لەڕووی چینـــایەتییەوە: درۆڤیـــل لەڕووی چینـــایەتییەوە بـــاس لەوەدەکـــات کە کوردەکانیش هاوشـێوەی فارسـەکان، بەسـەر دوو چین دابەش ببوون و سـەروەت و ســـامانی کوردەکان بەســـترابۆوە بە زۆری ژمارەی ئەو مێگەل و گوندانەی کە هەیان بوو، هەروەها پێگەی کۆمەڵایەتی کوردەکان بەســـترابۆوە بەژمارەی ئەو پیاوانەی هەیان بوو، ئاغاکان بەگشـــتی پیاوە بەتواناکان بۆ تاڵانکردن ڕەوان دەکەن، ئەوانیش دەســـکەوتەکان بەبێ دەســـکاریکردن ڕادەســـتی ئاغاکانیان دەکردو پاشان پشکی خۆیان وەردەگرت (درووویل، ١٣٦٥هـ.ش، ٣١٧).

ســـەبارەت بەشـــێوازو پێکهاتەی ئەندازەیی خانووی کوردەکان، ئاماژە بەوە دەکـات، کە خـانووی گەورەکـانی کورد هەتـا بڵێی نـاڕێـک و خراپە، بەجۆرێـک لەســـەرتاســـەری کوردســـتان بێجگە لەکۆشـــکی بەگەکان، خانوێکی مامناوەند نادۆزرێتەوە بە کەڵکی ژیان بێت، تەنانەت نرخی خانووی دەوڵەمەندترینیان لە نرخی خانووی گوندنشـینێکی ئێرانی هەرزانترە، خانووەکان زۆر نارێکن، سـەقفێکی نزمیان هەیەو کونێکی تێدایە، لە ڕێگەی ئەو کونەوە ڕووناکی وەردەگرن و لەشـەوانیشـدا بە بەردێکی پان کونەکە دەگرن (درووویل، ١٣٦٥هــــــ.ش، ٣١٧). لەڕاسـتیدا دەکرێت بڵێین نەبوونی خانووی ڕێک و پێک کە هاوســـەردەم لەناوچە کوردییەکان بەڵگەیە لەســـەر وێرانەیی کوردستان، کە هەمیشە مەیدانی شەڕی نێوان زلهێزەکان بەگشتی و هەردوو دەوڵەتی عوســـمانی و ئێرانی بەتایبەتی بووە، هەر ئەمەش وایکردووە، خەڵکی ناوچە کوردییەکان نەتوانن خانووی جوان  و هاوسـەردەمیانە دروسـت بکەن، لەکاتێکدا کە لەناوچەکانی تری ئێران بینراوەو هەبووە.

٣. ٢. لایەنی ڕۆشنبیری: درۆڤێل پێی وایە کە کوردەکان لەڕووی ڕۆشـنبیرییەوە کەسانی کەم زانیـارین، بۆیە زۆر حەز بە فێربوون دەکەن، بەڵام کەســـانی زۆر درۆزنن[٢] ، تەنانەت لە تورکەکـان (عوســـمـانییەکـان)یش درۆزنترن، ئەوان نەک ئەم کـارە سـەرزەنشـت ناکەن، بەڵکو بەجۆرێک لەهونەریشـی دادەنێن (درووویل، ١٣٦٥هــــــ.ش، ٣١٦).

٣. ٣. چیرۆک و کات بەسەربردن: درۆڤێل لەبارەی شێوازی کات بەسەربردنی کوردەکان، لەکاتی دەســـت بەتاڵی و بێکاری و کۆبوونەوەی شـــەوان لەدیوەخانەکاندا، بەم



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینێن کوردی

شـــێوەیە ئاماژەی پێی داوە کە کوردەکان و تورکەکان لەبەیانی تا ئێوارە بە بێ جوڵە دادەنیشن و کات بەسەر دەبەن، هەروەها کەسانی زۆر بڵێ و تینووی چیرۆک و بەسەرهاتەکانن، بۆ ئەو مەبەستەش ژمارەیەک دەرویش [مەبەست لێی موریدانی سەر بەرێبازە سـوٚفیگەرییەکانە] لەلایەن خۆیان ڕادەگرن [بەو مانایەی کە چیرۆک و بەسەرهاتەکانیان پێ دەگێڕنەوە]، بەجۆرێک ئەو دەروێشانەش لەرێگەی گێڕانەوەی چیرۆکی جۆراوجۆرەوە بژێوی خۆیان دابین دەکەن (درووپل، ١٣٦٥هـــــــش، ٣١٨). لەڕاســـتیدا دەکرێت بڵێین ئەو جۆرە بۆچوونەی گەڕیدەو وڵاتناســـەکان لەبارەی کوردەکان و نەتەوە جیاوازەکانی تری ئێران بەگشـــتی زیادەڕەوی تێدایە، چونکە ناکرێت لەڕوانگەی ڕەفتاری باش یان خراپی کەسـێک یان چەند کەسـێکەوە گشـــتاندن بۆ نەتەوەیەک بکرێت. لەم بارەیەوە گەڕیدەی فەرەنســـی کۆنت دۆگۆبینۆ، لە یادداشتەکانی خۆیدا دەڵێت:"ئەو دەروێشانەی لە هیندستانەوە دەهاتن زیاتر جێگەی ڕێز بوون، چونکە زانســـت و زانیاری زیاتریان پێبوو" (دوگوبینو، ١٣٨٣هـــش، ٢٣٥). ئەمەش بەو مانایە دێت، کەوا ئێرانییەکانیش لەلایەن خۆیانەوە پێشـوازییان لە دەروێشـەکان کردووە، بەهۆی ئەوەی ئەوان لەو سـەردەمدا کەسـانی خوێندەوار شارەزاو گەڕۆکیش بوونە، ئەمەش وایکردووە ئەزموونی ژیانیان زیاتربێت بەراورد بەوانەی بەدرێژایی ژیانیان لەناوچەکانی خۆیان کۆچیان نەکردبێت، بۆیە هەوڵیانداوە گوێ لەچیرۆک و بەســـەرهاتەکانیان بگرن. تەنانەت وەک ناوبراو باسی لێوە دەکات گەیشتوونەتە دەرباری شای ئێرانیش (دوگوبینو، ١٣٨٣هـــش، ٢٣٥).

٣. ٤. پێکهاتەی هۆزایەتی: لەبارەی پێکهاتەی هۆزایەتییەوە درۆڤیل ئاماژە بەوە دەکات کە کوردەکان بە سـەر چەندین عەشیرەت[٣] دابەش بوونە، بەجۆرێک هەریەکێک لەوان لەلایەن بەگێکی بەهێزەوە فەرمـانڕەوایی دەکرێـت، بەڵام بەهۆی ئەوەی بەردەوام لە دۆخی جەنگدان، بۆیە زۆرینەیان خۆیان خستۆتە ژێرباڵی ئێران[٤] و باج و سەرانەی پێدەدەن، لەبەرامبەردا ئێرانیش پشتیوانیان دەکات و دەیان پارێزێت (درووپل، ١٣٦٥هـش، ٣١٦). عەشیرەتەکانی (هەکاری، بلبان[٥]، مەهروان[٦] و بێلان)، ڕاستەوخۆ لەژێر فەرمانی شـازادی جێنشـینن، بەهۆی تایبەتمەندی شـوانی کە هەیانە، وەکو عەشـــیرەتەکانی تر ڕێگری ناکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـــدا بەرخوردیان لەگەڵ هۆزەکانی دیکە لەدەرەوەی ناوچەکانی خۆیاندا بێ مەترســـی نییە (درووپل، ١٣٦٥هـش، ٣١٧). بەو مانایەی ئەو هۆزانە ڕووبەڕووی دزی و تاڵانی دەبنەوە لەوکاتانەی مێگەلەکانیان دەبەن بۆ هاوینەهەوارەکان.

٣. ٥. خوڕەوشتی کوردەکان: جێگەی ئاماژەیە کە دروڤیل کاتێک باس لەخوڕەوشتی کوردەکان دەکات، بۆچوونەکانی نا یەکانگیرو دژ بەیەکییان بەڕوونی تێدا بەدی دەکرێت. چونکە ناوبراو لەلایەک باس لەوە دەکات کە دانیشتوانی ناوچە جیاوازەکانی هەرێمی ئازەربایجان بەگشتی خاوەنی خووڕەوشتێکی هاوشێوەن، ئەویش ئەوەیە کەسانی توڕەو دووربینن (درووڤیل، ١٣٦٥ش، ٣٩). پاشان دەچێتە سەر باسی کوردو دەڵێت:"یەکێک لە تایبەتمەندییانەی کە کوردەکان پێی ناسراون، میوان دۆستی و ڕێزگرتنە لەمیوان، بەتایبەتی لەناوچەکانی خۆیاندا، بەڵام هەر ئەو خەڵکە لەوانەیە لە سنورەکانی خۆیاندا ڕاوەڕووتی بکەن و گەشتیارەکان تاڵان بکەن، بەڵام ئامادەن لەناو خاکی ئێران بەرگری لە گەشتیارەکان بکەن (درووڤیل، ١٣٦٥هـ.ش، ٣١٦ – ٣١٧). لەم بارەیەوە یەکێک لەگەڕیدە فەڕەنسییەکان دەڵێت:"ئەگەر کوردێک بەڵێنت پێ بدات، ئەوا بەساغی و سەلامەتی دەتگەیەنێتە شوێنی مەبەست و بێ ترس بڕوایان پێ بکە"(بایندر، ١٣٧٠هـ.ش، ١٣١). ئەمەش ڕاستگۆیی و پابەندی کوردەکان دەردەخات بە بەڵێنانەی داویانەبە بەرامبەرەکانیان.

زیاتر لەوەش دروڤیک کاتێک دەچێتە سەرباسی خەڵکی کرماشان، پێی وایە هەرچەندە ئەوان خەڵکانێکی میوان دۆستن، بەڵام ئەو میوان دۆستییەشیان زیاتر خووەو هیچیتر نییە، چونکە ئەوان لەزۆر لایەنی شارستانی و ئەوەی پەیوەندی بەمرۆڤ بوونەوە هەیە بەدوورن، محەمەد عەلی میرا کوڕی گەورەی شا فەرمانڕەواییان دەکات و لەگەڵیان توندە، هەرئەمەش وایکردووە، جیاوازی گەورە لەنێوان خەڵکی ناوچەکەو ناوچەکانی تری ئێران هەبێت، ئەمەش هانی کوردو عەرەبەکانی ناوچەکەی داوە ڕێگری بکەن پەلاماری کاروانەکان بدەن. (درووڤیل، ١٣٦٥ش، ٤١). لەبارەی کوردی ناوچەی کرماشان، گەڕیدەیەکی فەڕەنسی بەناوی (ئۆلیڤێ)، لەساڵی ١٧٩٤ سەردانی کوردستان و شاری کرماشان و ولاتی ئێرانی کردبوو، دەبینین هەڵوێستێکی پێچەوانەی ناوبراو لەبارەی کوردەکان دەخاتەڕوو، کاتێک دەڵێت:"کوردەکان کەسانێکی ئارام و ڕووخۆش بوون... بەردوام شیرو ماست و پەنیریان بۆمان دەهێنا" (اولیویە، ١٣٧١هـ.ش، ٢٩).

تەنانەت دروڤیل پێی وایە کەوا کوردەکان هیچ تایبەتمەندییەکی باشیان نییەو لە هەموو ڕۆژهەلاتییەکان بێ بەزەیی ترن و هەڵگری هەموو تایبەتمەندییەکی نا پەسندن، ئەوان کەسانی (ستەمکار، ناپاک، خوێن ڕێژ، دز و دوو ڕوون)، ئەوان لەڕیگەی ڕێگری لەخاکی دراوسێکانیان بژێوی ژیانیان پەیدا دەکەن، تاکە سیفاتی باشی ئەوان ئازایەتییەکی لەڕادەبەدەرە، بەڵام ئەو ئازایەتییەش زیادەڕەوەییەو جێگەی شانازی نییە، بەڵکو ئەو ئازایەتییە، هاوشێوەی بێ باکی ئاژەڵی شێرە کە لەکاتی ڕاودا تەنها



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

نێچیرەکەی لەبەرچاوەدەگرێت، گوێ بەمەترسییەکان نادات کە لەوانەیە دواتر ڕووبەڕووی بێتەوە (دروویل، ١٣٦٥هـ ش، ٣١٦). لێرەدا دەکرێت بڵێین بەهۆی ئەوەی دروڤیل کەسێکی نزیک بووە لەدەسەڵاتدارانی ئێرانی کە (قاجارەکان) بوون، وەک چۆن ئەوان تێڕوانینیان بۆ کوردەکان هەبووە، دروڤێلیش بەهەمان شێوە ڕوانیویەتە کوردەکان، واتە ئەگەر کاربەدەستێکی ئێرانی، کوردەکانی بە چەتەو ڕێگرو کەسانی خراپ پێناسەکردبێت، ئەویش هەمان کاری کردووە، بێ لێکۆڵینەوەو وردبوونەوە لەهۆکاری ڕق و کینەی کەربەدەستانی ئێرانی بۆ کوردەکان.

لەڕاستیدا یەکێک لەو بابەتانەی کە زۆربەی گەڕیدەو وڵاتناس و نێردە سیاسییەکانی کە بە کوردستاندا تێپەڕێون باسیان لێوە کردووە، دیاردەی ڕێگریکردن لە گەشتیاران و تاڵانکردنی ئەو کاروانە بازرگانییانە بووە کە بەناوچەکانی کوردستاندا تێپەڕیون، هەندێک لەوان لەیادداشتەکانی خۆیاندا، ئاماژەیان بەوە داوە کە لەکاتی تێپەڕبوونیان بەناوچە کوردییەکاندا، لەلایەن کوردەکانەوە بەمەبەستی تاڵانکردنیان هێرشیان کراوەتە سەر، یاخود ڕێگرییان لیکراوەو تاڵان کراون، یاخود هەوڵدراوە ڕێگرییان لێبکرێت. لەو نێوەندەشدا دروڤێل بەوردی باسی ئەو دیاردەیەی کردووەو ئاماژەی بەوە داوە کە کوردەکان زۆرجار لەدەستەی (١٠ – ٢٠) کەسی لەدەوری یەکتری کۆدەبوونەوەو پەلاماری شارو دێهاتەکانی ناوچەکانی ئەنادۆلیان دەدا، بەڵام لەکردوە تایبەت و گرنگەکاندا چەند دەستەیەک یەکیان دەگرت و هەرچییەکیان بەدەست کەوتبایە بە یەکسانی لەنێوان خۆیاندا دابەشیان دەکرد، زۆر بە دەگمەن لەو کردەوانەدا بە دەست بەتاڵی بگەڕابانایەوە (دروویل، ١٣٦٥هـ ش، ٣١٧). هەروەها یەکێکی تر لەنێردە سیاسییەکانی فەڕەنسی (پییێر ژۆبر[٧]) کە چەند ساڵێک بەر لە دروڤێل سەردانی کوردستان و ئێرانی کردبوو، دەڵێت:"کوردەکان تەنها لەکاتی بەیانی و ڕۆژئاوابووندا پەلاماری گەشتیارەکان دەدەن" (ژوبر، ١٩٤٣، ١٤). هەروەها یەکێکی دیکە لە نێردە سیاسییە فەڕەنسییەکان دەڵێت:"دوای ماوەیەک گەیشتینە دێیەک کە لە بەرامبەر لوتکە چیای ئارارات بوو، بۆ بەیانییەکەی خاوەن ماڵەکەی من کە زانیبووی کوردەکان هێرشیان کردۆتە هەندێک کەس تاڵانیان کردوون، بۆیە چەند پیاوێکی چەکداری بەگەڵمدا لەگەشتەکەم (بن تان، بیتا ، ٦٣ - ٦٤).

٣. ٦. ئافرەتی کورد: دروڤێل یەکێک لەو بابەتانەی کە تیشکی خستۆتە سەرو بەوردی ئاماژەی پێداوە، ئافرەت ڕۆڵ و پێگەی ئافرەت بووە لەکۆمەڵگەی کوردی، سەرەتا باسی لەوە کردووە کە ئافرەتانی کورد لەڕووی سەرسیماو جوانییەوە، ئافرەتی کورد باڵایەکی بەرزو جەستەیەکی بەهێزو سیمایەکی جوانیان هەیە، بەڵام بەهۆی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ئەوەی بەردەوام لەبەر هەتاودان، ڕەنگیان دەموچاویان قاوەیی بووە، ژنانی کورد سەرباری ئەوەی گوفتارو ڕەفتاریان زۆر توندە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەسانی میهرەبان و لەسەرخۆن (درووبل، ١٣٦٥هـ.ش، ٣٢٧). سەرباری ئەوەی کوردەکان ئازادییەکی ڕەهایان داوە بەئافرەتانی خۆیان، بەتایبەتی ئافرەتانی چینی خواروو، دەمووچاوی خۆیان داناپۆشن، بەڵکو تەنها ئەو ئافرەتانەی کە پیرو بەتەمەنن و بینینێکی لاوازیان هەیەو توانای تیشکی خۆریان نییە ڕوپۆش (نیقاب) دەبەستن، کە ڕەنگی ڕەشەو بە قوماشێکی موویین لەدەوری سەریان دەیانبەست (درووبل، ١٣٦٥هـ.ش، ٣٢٢). لەڕاستیدا ئەمە یەکێک لەو بابەتە گرنگانەیە کە زۆربەی گەڕیدەو ولاتناسەکان ئاماژەیان پێداوە، کەوا کوردەکان ئازادییان داوە بە ئافرەتانی خۆیان، یاخود ئافرەتانی کورفد بەراورد بە ئافرەتانی دیکەی موسڵمانی نەتەوە هاوسێیەکانی کورد هەمان ئازادی سەربەستیان نەبووە، کە ئافرەتێکی کورد هەیبووە. بۆنمونە دروڤێل هەر خۆی باس لەو کۆت و بەندانە دەکات کە ئێرانییەکان خستبوویانە سەر ئافرەتانی خۆیان، کاتێک دەڵێت:" زۆربەی گەڕیدانەی سەردانی ئێرانیان کردووە، تەنها باسی پیاوانیان کردووە، بەلام هەرچییەکیان لەبارەی ئافرەتی ئێرانییەوە نووسیوە ڕاستی و دروستی تێدانییە، چونکە ئەگەر ئەوروپییەک لەهەر پلەو پێگەیەک دابێت و چەندین ساڵیش لەیەک شار نیشتەجێ بووبێت، تەنانەت بۆ یەکجاریش سەرکەوتوو نابێت ڕوخساری ئافرەتێکی ئێرانی ببینێت" (درووبل، ١٣٦٥هـ.ش، ٢). هەروەها یەکێکی دیکە لەئەفسەرانی فەڕەنسی کە لەساڵی ١٨٠٧ بەناوی (ئۆگۆست بن تان/ ١٧٨٢ – ١٨٦٢)، کە چەند ساڵێک بەر لەدرۆڤێل سەردانی ئێرانی کردبوو، لەبیرەوەرییەکانی خۆیدا دەڵێت:" ئەو ماوەیەی لەئێران بووم، نەمتوانی رووی ژنێکی ئێرانی ببینم، هەرچەندە ئێمە داوەتی ماڵەکانیشیان دەکراین، بەڵام نەمدەتوانی رووی ژنێک ببینم، هەرچەندە ژنەکان منیان لەپشتی پەردەوە سەیر دەکرد، بەلام من نەمدەتوانی بیانبینم، تەنانەت پیاوانی ئێرانی ئامادەنین هیچ پرسیارێک لەبارەی ژنەکانیان بکرێت" (بن تان، بیتا ، ١٠٨).

هەروەها دروڤێل پێی وایە کە ئافرەتانی کورد وەکو ژنانی ئێرانی کێشانی نێرگەلە (قلیان) دەکێشن و لەبەیانی تا ئێوارە زۆربەی کاتەکانیان بەبێ کاری لەبەر دەرگای ماڵەکانیان بەدادەنیشن بەسەردەبەن، کەچی مێردەکانیان لێیان نیگەران نابن (درووبل، ١٣٦٥هـ.ش، ٣٢٢). بەلام لەگەڵ ئەوەشدا کە ژنانی کۆچەرو نیمچە کۆچەرەکانی کورد، کەسانی زۆر لێهاتوو و زەحمەتکێش و پاک و خاوێن و خانومان



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

وماندوون، ئەوان بە پێچەوانەی ژنان و پیاوانی شارەکان و گوندنشینەکان، کاتێک لەئیشی ماڵ تەواو دەبن، خەریکی دروستکردنی هەموو جۆرە چنینێکن کە لەخوری دروست دەکرێت، کە لەتەواوی ئێران دەفرۆشرێت و بۆ دروستکردنی فەرش بەکاردێت (درووبل، ١٣٦٥هـ.ش، ٣٢٦). لەڕاستیدا ئەو بۆچوونەوەی دروڤیل دەکرێت لەگەڵ هەندێک لەئافرەتانی شارنشین بوویێت، چونکە گومانی تێدانییە ئافرەتیکورد ئافرەتانی زەحمەتکێش و ماندوونەناس بوونە، لەئێستاو لەمێژووشدا، بەشداریان لەپەروەردەکردنی منداڵ و پێگەیانیان و دروستکردنی خۆراک و ماڵداری و پێگەیاندنی نەوەو سوارچاکی بەتوانا کردووە. تەنانەت هەر دروڤێل بەخۆی باس لەڕۆلی ئافرەتێک دەکات کەخوشکی سەرۆکی عەشیرەتی بێلان بوو بەناوی (ئیسماعیل بەگ[٨])، توانیبووی سوپای میرنشینی هەکاری تێکبشکێنێت کاتێک هێرشیان کردبووە سەر ئەو هۆزە (درووبل، ١٣٦٥هـ.ش، ٣١٩).

لەوەش زیاتر دروڤیل باسی ئەوەشی کردبوو، کە کوردەکان لەڕووی خێزانداری و پێکهێنانی خێزانەوە، ئەگەرچی هاوشێوەی نەتەوە موسڵمانەکانی تر بەپێی ئاینیەکەیان ڕێگەیان پێدراوە چوار ژن بهێنن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەناو کورددا (فرە ژنی) بوونی نییە، بەڵکو ئەو دیاردەیە زۆر بەکەمی لەناویاندا بەدی دەکرێت کەسانێک هەبن زیاتر لەژنێکیان هێنابێت، هەربۆیە ژنانی کورد لەم لایەنەوە زۆر خۆشبەختترن لەژنانی فارس، چونکە لەماڵی ئێرانییەکاندا بەدەگمەن ڕۆژێک دەگوزەرێت بەبێ شەڕو کێشەی نێوان ژنەکانیان کۆتایی بێت (درووبل، ١٣٦٥هـ.ش، ٣٢١).

لەڕووی جل و بەرگیشەوە دروڤێل پیی وایە کە پۆشاکی ژنانی کورد زۆر جوان و سەرنج ڕاکێشترە لە جل و بەرگی ژنانی ئێرانی، ئەو باس لەوە دەکات کە ئافرەتی کورد کراسێکی گەورە لەگەڵ نیوە کراسێکیشی بەسەردا لەبەردەکەن، لەسەر نیو کراسەکەش کەمەربەندێکی گرانبەها دەبەستن، کە بە تەواوی هێلی جەستەیان دەردەخات، ئافرەتانی کورد، هاوشێوەی پیاوان جامانە لەسەر دەکەن و شەڵواریش لەبەردەکەن، بەڵام جلەکانی ئەون لەهی پیاوان جوانتر و سەرنج ڕاکێشترو سوکترە (درووبل، ١٣٦٥هـ.ش، ٣٢١ – ٣٢٢). سەرباری ئەوەی دروڤێل پێی وایە کە ئەو جل و بەرگانەی کە ژنانی کۆچەری کورد لەبەری دەکەن، لەگەڵ ئەو جل و بەرگانەی ئافرەتانی کورد کە لەشارەکان لەبەری دەکەن جیاوازن، بەجۆرێک کراسەکانیان زۆر گەورەو شۆڕە کە بە هۆی پشتێنێکی سپییەوە، لەکەمەریان دەبەسترێت توند دەکرێت، لەچکەکانیان لە قوماشی سپی ڕەنگ پێکدێت و لەهەردوولای سەریانەوە تاکو



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکولینێن کوردی

کەمەریان شـــۆڕ بۆتەوە، لەچکەکە بەهۆی داوێکی باریکی ئاوریشـــمی ڕەنگ قاوەیی کە لەنێوچاوانیان دەبەسترێت، ڕادەگیرێت (درووبل، ١٣٦٥هـ.ش، ٣٢٦).

هەروەها ئافرەتانی کورد هاوشـــێوەی ژنانی ئێرانی زۆر حەزیان لەخشـــڵ (زێڕو زیو)ـــــــە، یەکێک لەگەورەترین خۆشـــییەکانیان ئەوەبوو، کاتێک خۆیان بەو خشـــڵانەوە بەدیار دەخست (دروویل، ١٣٦٥هـــ.ش، ٣٢٢). سەرباری ئەوەی کە لەناویاندا ژنانی دەست ڕەنگین و بەتواناش هەن، کە ئیشی (دوورمانی زێڕ) دەکەن، ئەو ژنانە بەو هونەرەی هەیانە هێلەگی زۆر جوان و ســـــەرنج ڕاکێش بۆ مێردەکـــانیـــان دەدوورن، چونکە دەبێ لەجەژن و بۆنە گەورەکاندا هێلەگ و نیو کراسی پیاوەکان زۆر تایبەتمەندبێت (دروویل، ١٣٦٥هــــــ.ش، ٣٢٢).

٣. ٧. ژیانی کۆچەری لەناو کورددا: لەڕاستیدا درۆڤێل پێی وایە سەرباری ئەوەی بەشێک لەکوردەکان نیشـــتەجێن و لەناوچەکانی خۆیاندا ســـەرقاڵی ژیانی خۆیانن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـــدا هەندێک لەهۆزەکانی کورد خەریکی بەخێوکردنی مەڕوماڵاتن، ئەوانیش دابەش بوونە بۆ سەر نیمچە کۆچەر و کۆچەرەکان (دروویل، ١٣٦٥هـــ.ش، ٣٢٤ - ٣٢٥). هەرچی نیمچە کۆچەرەکـــانن، ئەوان لەبنەڕەتـــدا لەنـــاوچەیەک نیشـــتەجێن و ناوچەکەشـــیان لەوەڕگەی پێویســـتی هەیە بۆ ماڵاتەکانیان، بەڵام بەهۆی حەزیان بۆ ژیانی کۆچەری، وایکردووە ئەوان ماڵەکانی خۆیان بەجێ بهێڵن و لەســـاڵێکدا (٧ - ٨) مانگ بەشـــێوەی کۆچەری و لەژێر چادر (ڕەشـــماڵ) بەســـەر ببەن، بەجۆرێک لەو ماوەیەدا بەردەوام لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر کۆچ دەکەن، ئەوان بەدووری چەند فەرسـەخێک لەشـوێنی نیشـتەجێبوونیانەوە بەشـێوەی بازنەیی کۆچ دەکەن و تاکو دەگەڕێنەوە ماڵەکانی خۆیان، لەکاتی لەوەڕاندا شـــێوازی ژیانی نیمچە کۆچەرەکان هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ژیانی کۆچەرەکان نییە، ئەوان بێ ئەوەی خۆیـــان تێکبـــدەن زۆر بەخێرایی شـــــوێنی خۆیـــان دەگۆڕن، لەگەشتەکانیاندا کەلوپەل و پێداویستییەکی زۆر لەگەڵ خۆیان دەبەن (دروویل، ١٣٦٥هـ.ش، ٣٢٥).

هەروەها بەشـــــێوەیەکی گشـــــتی ژمارەی ئەندامانی هەر خێزانێکی نیمچە کۆچەر لە (١٢) کەس پێکهاتبوو، کە (ژن و پیاو و منداڵان و خزمەتکار)ـــــــەکانی لەخۆدەگرت، بـاوک کە ســـــەرۆکی خێزانە بوو، هیچ کـاتێـک لەمـاڵ دەرنەدەچوو، لەبەرامبەردا کوڕەکان کە چەکدار و ســـــوارە بوون ئەو ئەرکەیان ڕادەپەڕاند، یاخود بۆ ئەنجامدانی کـارەکـان دەچوونە دەرەوە، کە زۆرجار چەند هەفتە و چەند مـانگێکی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆلینین کوردی

دەخایاند، بەڵام کاتێک دەگەڕانەوە، جگە لە خەوتن و نان خواردن و خواردنەوەی قاوەو جگەرە کێشان هیچ کارێکی تریان نەدەکرد (درووویل، ١٣٦٥هـ.ش، ٣٢٥). بەڵکو چاودێریکردنی مێگەلەکان کاری شوانەکان بوو، کە کەسانی هەژارو بێ دەرەتان بوون، ئەوان لەهیچ کاتێکدا مێگەلەکانیان بەجێنەدەهێشت، خواردنی سەرەکییان نانی وشک و پەنیری بزن بوو، کە (٨) ڕۆژ یاخود (١٥) ڕۆژ جارێک پێیان دەدان، جل و بەرگیان زۆر هەژارانە بوو، بەگشتی لە لبادێکی گەورە کە لەناوەڕاستەکەی کونێکی تێدابوو پێکهاتبوو (درووویل، ١٣٦٥هـ.ش، ٣٢٧).

پێکهاتەی چادر(ڕەشماڵ)ـەکانیان، لەپارچە قوماشی خوری گەورە پێکهاتووە، کە ڕەنگی ڕەشە، کە لەڕێگەی پارچەدارەوە لەزەوی جێگیر دەکرێت، لەچوار بەش پێکدێت، بەشی یەکەم تایبەتە بە ئەندامانی خێزان، بەهۆی دیوارێکەوە کە لە قامیش دروستکراوەو سێ پێ بەرزی دەبێت لەبەشەکانی تر جیا دەکرێتەوە، بەهۆی ئەوەی قامیشەکان زۆر بەچڕی لەتەنیشت یەک نەبەستراون، بۆیە ئەو بەشە زۆر فێنکە، زەوی ئەو بەشەیە کە هاوکات شوێنی دانیشتنی ئەندامانی خێزان و نان خواردن و خەوتنیشە بەفەرش ڕووپۆش کراوە، سەرباری ئەوەی کوردەکان هاوشێوەی چینی خوارەوەی ئێرانییەکان، هەموویان لەیەک ژووردا بەشێوەیە تێکەڵ بەسەریەکەوە دەخەون، کە (باوک، دایک، کوڕەکان، کچەکان، زاوایەکان، بوکەکان و منداڵەکا) لەخۆدەگرێت (درووویل، ١٣٦٥هـ.ش، ٣٢٥ - ٣٢٦). هەرچی بەشی دووەمی ڕەشماڵەکەیە، تایبەتە بە ئەسپەکان و گوێدرێژەکان، هەروەها بەشی سێیەمیش کە بەشە گەورەکەیە، تایبەتە بەو ئاژەڵانەی کەنابردرێن بۆ لەوەڕ، بەتایبەتیش ئاژەڵە تازە زاوەکان و بێچووەکانیان، بەشەوانیش لەژێر ڕەشماڵدا دەمێننەوە، بەشی چوارەمیش، هاوکات چێشتخانەو شوێنی دروستکردنی نان و سەر شۆردن و هەموو ئەوانەی پەیوەستە بە ماڵدارییەوەیە (درووویل، ١٣٦٥هـ.ش، ٣٢٦).

کۆچەرەکان بەدەگمەن بە تەنهایی کۆچیان دەکرد، بەڵکو هەمیشە (٢٠) خێزان کە پەیوەندی خزمایەتی و خوێن بەیەکیان دەبەستێتەوە بەیەکەوە کۆچیان دەکرد، ئەوان دەچوون بۆ ئەو ناوچانەی کە ئاوو هەواو لەوەڕگایەکی گونجاوی هەبوو، هەر ڕەشماڵ نشینێکیش بەدووری زیاتر لەکیلۆمەترو نیوێک لەیەکتری هەڵیاندەدا، تا ئەوکاتەی لە لەوەڕگاکە گژوگیا هەبایە دەمانەوە، پاشان باروبنەیان تێکدەناو بەرەو ناوجەیەکی تر کۆچیان دەکرد، لەمانگەکانی زستان بەتایبەتیش لە هەرسێ مانگی (کانونی یەکەم، کانونی دووەم و شوبات)دا بەرەو خوارووی ئێران و ناوچەکانی (قوم و ئەسفەهان) دەڕۆیشتن (درووویل، ١٣٦٥هـ.ش، ٣٢٧). جێگەی ئاماژەیە لەژێر ڕۆشنایی ئەو


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

گووتەیەی درۆڤێل دەردەکەوێت، کە کوردە کۆچەرەکان بە مێگەلەکانیانەوە بێجگە لەناوچەکانی کوردستان، بەڵکو بۆ دەرەوەی سنووری کوردستانیش لەخواروو و ناوەڕاستی ئێرانیش کۆچیان کردووە.

هۆزە کۆچەرەکان لەکاتی کۆچکردندا ئەگەر لەوەرگایان دەست نەکەوتبایە لەنزیک دێهاتەکان هەڵیاندەدا، بەڵام هیچ کات نەدەچوونە ماڵی گوندنشینەکان، بەڵکو لەدووری (١٠٠ پێ) سەنگەرێکی کەوانەییان دروست دەکردو مێگەلەکانیان تێدا دادەکرد، گوندنشینەکان کە خەڵکانی میوان دۆستن، هاوکاری ئەوانیان دەکردو شتیان پێدەدان، بەهۆی ئەو ژیانە سەختەی هەیانبوو، بەچاوی ڕێزەوە سەیر دەکران، ئێرانییەکان نەک لەهاتنی ئەوان بۆ ناوچەکانیان دڵگران نەبوون، بەڵکو دڵخۆشیش بوون بەهاتنیان، چونکە مانگاو مەڕوبزنیان بەنرخی هەرزانتر لەنرخی بازاڕ لێیان دەکڕییەوە (دروویل، ١٣٦٥هـ.ش، ٣٢٨).

٣. ٨. خۆراک: سەبارەت بەشێوازی خۆراک و خواردەمەنییە کە لەناو کوردەکان باوبوو، درۆڤێل باسی لەوە کردووە کە کوردەکان خەڵکانێکی زۆر بە بڕواو کەمخۆرن، خواردنەکانیان زیاتر لە پێکهاتەکانی (برنج) پێکهاتووە، یەکێک لەخواردنە باوەکانیان (کفتە)یە، ئەویش لەڕێگەی تێکەڵکردنی هەویر و گیای بۆندار لەگەڵ یەکتری و پاشان لەئاوی گەرمدا دەیکوڵێنن دروستیان دەکرد، هەروەها ئەوان گۆشتی مەڕ و بزن [ڕەنگە مەبەستی بەرخ و گیسک بێت] بە بێ تام و بۆن [بەهارات] و هەندێکجار بە بێ خوێش لە ئاودا دەیکوڵێنن و دەیخۆن، سەرباری ئەوەی کوردەکان زۆر حەزیان لەگۆشتی وشتر [حوشتر]ە، ئەوان کاتێک بەسەر ناوچەیەک دادەدەن و تاڵانی دەکەن و یەکێک لە بەچکە وشترەکان سەردەبڕن و هاوسێیەکانیشیان بانگهێشت دەکەن تاکو لێی بخۆن (دروویل، ١٣٦٥هـش، ٣١٨). لەڕاستیدا ئەم جۆرەی گۆشت کوڵاندن دەتوانین بڵێین ئێستاش لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا ماوە، ئەویش کوڵاندنی گۆشتە بە ئاوی خۆی کە پێی دەڵێن گۆشت بە چەلاو یاخود مەرەگەی گۆشتی.

جێگەی ئاماژەیە درۆڤێل لەدرێژەی بیرەوەرییەکانی خۆیدا ئاماژەی بەچۆنییەتی دروستکردنی نانیش کردووە لەناو کوردەکاندا، ئەویش کاتێک دەڵێت:" ئەو نانەی کوردەکان دروستی دەکەن لەچاو هی ئێرانییەکان زۆر ناسکترەو زۆر بەکەمی دەیبرژێنن و پاشان لەبەر هەتاو هەڵیدەخەن تاکو وشک بێتەوە" (دروویل، ١٣٦٥هـش، ٣١٨). لەڕاستیدا یەکێک لەو گەڕیدانەی کە نزیکەی ٢٠٠ساڵ بەر لە درۆڤێل سەردانی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

کوردستانی کردبوو، وردتر لەسەر شێوازی نانی کوردەکان دواوەو باسی ئەوەی کردووە کە کوردەکان نانەکانیان تەنکل و خڕو گەورەیە (دلاوالە، ١٣٧٠هـــش، ١٢). ئەمەش بەو مانایە دێت کە ئەوجۆرە نانە تایبەت بووە بەکوردو مێژوویێکی دێرینیشـــی هەبووە، ســەرباری ئەوەی ئەو جۆرە نانە لەکاتی ئێســتادا لەناو کۆمەڵگەی کوردەواری بە (نانی تیری) یاخود (نانی ســاجی) ناســراوە، کە تەنک و خڕەو کەمێک دەبرژێندرێت و دواتر لەکاتی بەکارهێنانیدا هەندێک ئاوپرژێن دەکرێت بۆئەوەی نەرم بێتەوەو دواتر دەخورێت.

ســەرباری ئەوەی درۆڤێل لەنێو گێڕانەوەکانیدا باســی لەیەکێک لەو بابەتانە کردووە کە پەیوەنــدی بە پــابەنــدبوونی ئــایینی کوردەوە هەیە، بۆیە لێی نزیــک نەکەوتوونەتەوەو خۆیان لێی بەدوور گرتووە. ئەویش خواردنەوەی (مەی/ شەراب)ـە، درۆڤێل ئاماژەی بەوە کردووە کە کوردەکان هەرگیز (مەی) ناخۆنەوەو لێوی لێ نادەن، بەڵام ئەگەر بزانرێت کەســێک خواردوویەتییەوە، ئەوا ســزایەکی زۆر توندیان دەدا، ئەگەر یەکەم جاری بایە، ئەوا بۆ مــاوەی (١٢) کــاتژمێر ســەراوژێر لەدارێک لەداریکیان دەبەســتایەوە، بەڵام ئەگەر دووبارەی کردبایەوە، بێجگە لەوەی دووبارە بەهەمان شــێوە دەیانبەســتایەوە، هاوکات دارکاریشــیان دەکرد (درووڤیل، ١٣٦٥هـــش، ٣١٨). ئەمەش پابەندبوونی کوردەکان دەردەخات بە بنەماکانی ئایینی ئیســلام، بەهۆی ئەوەی مەی قەدەغە بووە، بۆیە خۆیان بەدوور گرتووە لەخواردنەوەی مەی، بەڵام مەرج نییە بەڕەهایی هەموو تــاکێکی کورد مەی نەخواردبێتەوە، بەڵکو دەکرێ ئەوانەی مەیلیــان بۆ خواردنەوەی مەی هەبووە، بەنهێنی ئەم کارەیان کردبێ، چونکە ئەگەر خواردنەوەی مەی لەناو هەندێک لەکوردەکان نەبووبێت، ئەوا سزاکەشی نەدەبوو.

٤. پەیوەندییەکان و پێکهاتەی سەربازی کوردەکان:

٤. ١. ڕۆڵی سیاسی کورد لەئێران: شیاوی باسە درۆڤیل لەبیرەوەرییەکانی خۆیدا کاتێک دەچێتە ســەرباســی بنەماڵە دەســەڵاتدارەکانی ئێران، باس لەڕۆڵی ســیاســی کورد دەکات لە وڵاتی ئێران، کەوا چۆن کوردەکان توانیویانە بۆ ماوەی نزیکەی نیو سەدە فەرمانڕوایی ئێران بکەن، ئەویش بەتایبەتی لەدوای کوژرانی نادرشای [ئەفشار ١٧٣٦ – ١٧٤٧]، ڕەوشــی ســیاســی ئێران دووچاری باروودۆخێکی ناهەموار بۆوەو بووە هۆی ســەرهەڵدانی جەنگی ناوخۆییو تاکو ســەردەمی فەتحعەلیشــا[٩]، بەردەوامی هەبوو، چونکە لەو ماوەیەدا ئێران لەهەموو ڕوویێکەوە لاواز بوو، لەزۆربەی ناوچەکان دەســتەی ڕێگر ســەریانهەڵدا، دزی و ڕێگرییان دەکرد، خەزێنەی دەوڵەت بەتاڵ ببوو، تــاج و تەختی وڵاتیش ململانێیەکی توندی لەســەربوو، ئەمەش بەردەوامی هەبوو تاکو دەرکەوتنی کەریم خان[١٠] ، کە لەهۆزی زەندی کوردی بوو، ســەردەمانێک



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

هاوڕێی نادربوو، لەژێر ناوی (وکیل الرعایا/ نوێنەری هاووڵاتیان) تاجی شـــاهێتی ئێرانی لەسـەرنا، ناوبراو بۆ ماوەی ٣٠ ســاڵ ئارامی گەڕاندەوە بۆ وڵات. بەڵام لەدوای مردنی جارێکی دیکە نا ئارامی ڕووی لە ئێران کردەوە لەنێوان شوێنگرەوەکانی، هەرچەندە کەریم خان (ئاغا محەمەد خان[١١])ی خەســـاند بۆ ئەوەی نەبێتە شـــای ئێران، بەڵام بەهۆی ئەوەی لەزۆربەی ڕکابەرەکانی بەتواناتربوو، [توانی خۆی بکات بەشـای ئێران و کۆتایی بەبنەماڵەی زەند بێنێت]، پاشـان ئەویش لە لایەن یەکێک لەیەکێک لەپاســـەوانەکانی کوژرا، لەدوای کوژرانی جارێکی دیکە ململانێ لەنێوان خوازیارانی تەختی پادشـایەتی سـەریهەڵدا، سـەرەنجام فەتحعەلیشـا توانی بەسەر ڕکابەرەکانی سەرکەوێت و ببێتە شای ئێران. (درووپل، ١٣٦٥هـــش، ٢٢ – ٢٣). هەرێمی ئازەربایجان کە مەڵبەندەکەی شـاری (تەورێز/ تەبریز)ـــــە، لەلایەن (عەباس میرزا[١٢])ی شـازادەی جێنشـین بەڕێوەدەبردراو شـارەکانی (خوی، ورمێ، مەراغە، یەریڤان، ســـوفیان و ئاهر[١٣]) لەخۆ دەگرت، هەریەکێک لەو ناوچانەش لەلایەن (بەگلەربەگ)ێکەوە بەڕێوە دەبردرێت، کە لەلایەن شـاوە دادەنرێن (درووپل، ١٣٦٥هـ.ش، ٢٠٢).

٤. ٢. پەیوەنـدی نیوان کوردەکـان و حکومەتێ ئێران: ســـەبارەت بەپەیوەنـدی نێوان کوردەکـان و حکومەتی ئێران، گومـانی تێدا نییە، کە ئەو پەیوەنـدییە لەڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە هەڵبەزو دابەزی تێدابوو، هەرچەندە لەپێشتریش ئاماژەمان پێدا کەوا کوردو کوردســتان لەدوای جەنگی چاڵدێران کە لەســاڵی ١٥١٤دا ڕوویدا، بەسەر هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و وئێران دابەش بوون. هەربۆیە بەشە گەورەکەی کەوتە ژێر دەســـەڵاتی عوســـمانی بەشـــە بچوکەکەی کەوتە ژێر دەسـەڵاتی ئێران (شـرفکندی، ١٣٩٢هـــــش، ٦ - ٨) لەم بارەیەوە درۆڤێل پێی وایە ســـەرباری ئەوەی کوردەکان باجدەری ئێرانن، بەڵام کوردســـتان حکومەتێکی جیاوازو تایبەت بەخۆیان هەیە (درووپل، ١٣٦٥هـ.ش، ٧). هەروەها زۆرینەی کوردەکان باجدەری ئێرانن، بۆیە ڕۆژێکدادێت ئەوانیش هاوشـــێوەی تورکمانەکان هەموویان دەبنە بەشێک لەئێران (درووپل، ١٣٦٥هـــــش، ٣١٥). تەنانەت باسی ئەوەی کردووە کە چۆن فەرمـانڕەوای هەرێمەکـان ســـاڵانە بـاج و ســـەرانەیان لەچین و توێژە جیاوازەکانی ناوچەکانی ژێر دەســـەڵاتیان وەردەگرت و بەشـــێکیان دەنارد بۆ وەزیرەکان تاکو پشـتیوانیان بکەن و لەشـوێنی خۆیان بیانهێڵنەوەو بەشــەکەی تریشیان بۆ خۆیان هەڵدەگرت (درووپل، ١٣٦٥ هـــش، ٢٠٣). گومانی تێدانییە کە وەرگرتنی ئەو بـاجـانەش بەشـــێکی زۆری لەئەســـتۆی کوردەکـان دابوو، بۆ



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ئەومەبەستەش فەرمانڕەوای هەرێمەکان هۆزەکانیان ناچار دەکرد بەگوێرەی زۆری ژمارەی ئەو مێگەل(مەڕومالآت)ــــانەی کە هەیان بوو، باج بدەن (درووبل، ١٣٦٥.ش، ٢٠٤). هەرچی کوردەکان بوون، بەهۆی ئەوەی ئەوان سەر بە شازادەی جێنشین بوون، بۆیە لەناوچەی ئازەربایجان باج و سەرانەیان نەدەدا، بەڵکو تەنها لەکاتی جەنگدا ســـەربازی ســـوارەو پیادەیان پێشـــکەش کردووەو لەپێدانی هەموو جۆرە باجێک بەخشـــراو بوون (درووبل، ١٣٦٥.ش، ٢٠٥). بەڵام بەهۆی ئەوەی کوردەکان لە ناوچە شاخاوییەکان دەژیان، بەهۆی سەرماوسۆڵی زستان لە ناوچەکەیان لەوەڕگە نەدەما، بۆیە نـــاچـــار دەبوون بۆ ویلایەتێکی دیکە کۆچ بکەن، کە ئـــاوو هەواو لەوەڕگایەکی گونجاوی هەبوو لەو وەرزەدا (درووبل، ١٣٦٥.ش، ٢٠٤). بۆ نمونە: هۆزی هەکاری کە لەژێر سایەی شازادە دەژیان، ساڵانە بە مێگەلێکی یەکجار گەورەوە بۆ دەشـت و لەوەڕگە بەرفراوانەکانی ئێران بەئازادانە کۆچیان دەکرد و سـوودیان لێی دەبینی، کاروباری هۆزەکانیش لەلایەن بەگەکان بەڕێوەدەچوو، ئەوان تەنها لەکاتی جەنگدا سـوارەو پیادەیان دەدا بە شـازادە، بەڵام کاتێک لەسـاڵی ١٨١٣ بەگلەربەگی (ورمێ) هۆزەکانی ناچارکرد باج و سەرانەی پێ بدەن[١٤] ، هۆزەکانی ناوچەکە نارەزاییان دەربڕی و لەدژی ئەو یەکیان گرت و ڕاپەڕین، سەرەنجام شازادە ناچار بوو، بیگۆڕێت و کەسـێکی تری بەناوی عەسـکەرخان[١٥] لەشـوێنی دانا (درووبل، ١٣٦٥.ش، ٢٠٥).

٤. ٣. لایەنی ســەربازی کوردەکان: درۆڤێل لەبیرەوەرییەکانی خۆی ئاماژەی بەوەداوە کە کوردەکان جەنگاوەری ئازاو بەتوانان، بەتایبەتیش ســوارەکانیان، ئەوان لەهێزی نا ســەربازی (نا نیزامی) ســوپای ئێران شــەڕیان دەکردو بەئاســانی دەیانتوانی پێش لەهاتنی هێزەکانی تورکەکان [عوســـمانییەکان] بگرن بۆ ناو خاکی ئێران، هەروەها لەکـاتی جەنگدا ٣٠ هەزار جەنگـاوەری کورد لەپـاڵ ســوپـای ئێران بەشـداریان لەشـەڕدا دەکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا هێزی نا نیزامی ئێران بەشـێوەی هەمیشـەیی لە ڕیزی سوپا نەدەمانەوە، بەڵکو لەکاتی ئاشـتی دا، شـازادە نیوەی هەر (بەتالیۆن/فەوج)ێکی دەناردەوە ماڵەوە بۆ ئەوەی ســەرقاڵی ژیانی ئاســایی خۆیان بن (درووبل، ١٣٦٥.ش، ٢٥٦ - ٢٥٧). هەر لەم بارەیەوە ئەفســـەرێکی بەریتانیایی بەناوی جۆن مەکدۆنالد کینیەر) لەنێوان سـاڵانی (١٨١٣ – ١٨١٤)، سـەردانی کوردسـتانی کردووە (ســـایکس، ٢٠٠٧، ١٩). لەبیرەوەرییەکـانی خۆیدا ئـامـاژەی بەوەکردووە کە:"کوردەکان سوارچاکی لێهاتوون و چێژ لەشەڕکردن دەبینن" (Kinner،1813 ، 143). ئەمەش بەو مانایە دێت، کوردەکانی کەســـانی ئازاو بەتواناو چاونەترســـن.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

هەروەها بەپێی گێڕانەوەی درۆڤێل بێت، تەنها لەکاتی جەنگ بەشــداریان لە شەڕەکاندا دەکرد و لەکاتی ئاساییدا سەرقاڵی ژیانی خۆیان دەبوون و دەگەڕانەوە بۆ ماڵەوە.

لەڕووی هونەری جەنگییەوە کوردەکان شــێوازێکی تایبەت بەخۆیان هەبوو، لەهەموو هێزە نا ســەربازییەکانی تری ئێران ڕێکخراوتر بوون، ئەوان لەکاتی جەنگدا خۆیان لە دوو دەســتە ڕێکدەخســت، بەجۆرێک ســەرکردەی هۆزو عەشــیرەتەکان کە پێویســت بوو لەئەندامانی هۆزەکانیان ئازاتربن، هەردەم لەپێشــەوەی ســوپاکەیاندا دەجەنگان و ئەوان یەکەم کەس بوون کە ڕووبەڕووی دوژمن دەبوونەوە، لەکاتی جەنگدا هەمیشە هێرشیان دەکردە سەر دوژمنەکانیان، بەڵام بەر لەدەسپێکی شەڕ چەکەکانی خۆیان دەپشــکنی، بۆ ئەوەی هیچ کەموکوڕییەکیان نەبێ لەکاتی شــەڕدا، بەجۆرێک هەر جەنگاوەرێکی کورد لەکاتی شــەڕدا، (ڕمێک و خەنجەرێک و دوو دەمانچە و دوو شمشێرو قەڵغان)ێکی پێبوو، شمشێرەکی لەقەدی دەبەست و ئەویتریشی بەشێوەی ستونی لەزینی ئەســپەکەی دەبەســت، بۆ ئەوەی ئەگەر هــاتوو لەکــاتی ڕووبەڕووبوونەوەدا شــمشــێرێکی شــکا، بەخێرایی ســوود لەئەوی دیکە وەربگرێت، کوردەکان لەکاتی شــەڕدا بەشــێوەیەک ڕەفتاریان دەکرد وەکو ئەوەی لەکۆڕێکی کات بەســەربردن بن، هەرها پیاوانی ئایینی هەر تیرەیەک تەورێکی بەدەستی ڕاستەوە بوو، دەیسوڕاند، بەدەستی چەپیشــی لەو تەپڵە دەدەن کە بە زینی ئەســپەکەی بەســتبوو، بەردەوام وشــەی (الله) دەگووتەوە، تەنانەت پیاوانی ئایینی یەکەم کەســن کە دەســت لەدوژمن دەوەشــێنن (درووبل، ١٣٦٥هـــــش، ٣٢٠). ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کەوا سەرکردەو پیاوانی ئایینی کورد هاوشــێوەی ئەندامانی تیرەو هۆزو عەشــیرەتەکانی خۆیان بەشــدارییان لەشەڕەکاندا کردووەو لەڕیزی پێشەوەش جەنگاون.

کوردەکان زۆر ڕێزیان لە پیاوی ئازاو دلێر دەگرت، یەکێک لەو جیاوکانەی کە جەنگــاوەرە ئــازایەکــانی کورد هەیــانبوو، ئەگەر لەهەر پێگەو پــایەیەکی کۆمەڵایەتیش بانایە ئەوا مافی دانیشــتیان لەبەرامبەر پیاوە گەورەکان هەبوو، هەربۆیە گەورە پیــاوەکــان زۆر لەبەرزبوونەوەی پێگەی ئەوان دەترســـــان و بەوردی چــاودێرییــان دەکردن، ســەرباری ئەوەی پیاوە ئازاکان یەکێکی دیکە لەو جیاوکانەی کە هەیانبوو، کە لەهەموویــان گرنگتر بوو، ئەویش بەســـتنی (پەڕی تــاوس) بوو لە(مەنــدیــل/ جامانە)ــــــەکانیان، ئەویش لەپای کوشـــتنی هەر ســــەربازێکی دوژمن پەڕێکیان لەجامانەکانیان دەبەســت، بەجۆرێک کە زۆربەیان هەموو ســـەریان بە پەڕی تــاوس داپۆشــرابوو، تەنانەت درۆڤێل ئاماژەی بەوە دواوە کە ئەو لاوێکی کوردی بینیبوو، هێشــتا



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

تەمەنی نەگەیشتبووە (٢٥) ساڵ (٩) پەڕی تاوسی لەسەری بەستبوو، تەنانەت ئاماژەی بەوەداوە کە کوردەکان زۆر شانازیان بەو پەڕانەوە دەکرد، کە بە مانای ئازایەتی دەهات، زۆرجار ئەگەر لەنێوان خۆیاندا ببایە شەڕیان، گەورەترین جوێن کە بە بەرامبەرەکەیان دەبایە دەیانگووت"جامانەکەت لەبەر هەتاو سووتاوەو تا ئێستا ئازایەتی ئەوەت پەیدا نەکردووە سایەوانێکی بۆ پەیدا بکەیت"(درووییل، ١٣٦٥هـ.ش، ٣٢١).

سەرباری ئەوەی دۆڤێل یەکێک لەو بابەتانەی تر کە تیشکی خستۆتەسەر هێزو توانای سەربازی هەندێک لەمیرنشینە کوردییەکان، بەجۆرێک باس لەوەدەکات کاتێک حکومەتی ئێران پەیوەندی لەگەڵ میرنشینی هەکاری تێکچوو، لەساڵی ١٨١٠ شازادەی جێنشین[ولي عهد]ی ئێران ٢٠ هەزار سەربازی نارد بۆ سەرکوتکردنی ئەو میرنشینە کە مستەفا بەگ سەرکردایەتی دەکرد، لەکاتێکدا سوپای مستەفا بەگ تەنها لە ١٢ هەزار مەسیحی (نەستوری) و (٢) هەزار کورد پێکهاتبوون، سەرباری ئەوەی ئەو میرنشینە هێزی تۆپخانەشی نەبوو، بەڵام هێندە سەرسەختانە لەشارێکی بچوکی سەر سنوور بەرگریانکرد، هێزەکانی ئێران بێ ئەوەی بتوانن یەک هەنگاو لەناوچەکەی داگیربکەن، بەناچاری پاشەکشەیان کرد (درووییل، ١٣٦٥ هـ ش، ١١٨). ئەمەش بەو مانایە دێت، کە سەرباری ئەوەی حکومەتی ئێران لەڕووی هێزی سەربازی و پێداویستی جەنگییەوە تۆکمەترو بەتواناتربوون لەچاو هێزی میرنشینی هەکاری بەسەرۆکایەتی میر مستەفا بەگ، بەڵام نەیانتوانی لەو شەڕەت کە لەوساڵەدا لەگەڵیان بەرپاکرد، شکستیان خوارد و ناچار بوون پاشەکشە بکەن، ئەمەش لێهاتوویی هێزی میرنشینی هەکاری دەردەخات لەڕووی هونەری جەنگییەوە، ئەگەرچی ژمارەیان کەمتر بووە، بەرامبەر بەسوپای ئێران.

لەلایەکی تریشیەوە درۆڤێل باسی لەیەکێک لەعەشیرەتەکانی کورد کردووە، کە لەبواری سەربازییدا بەشێوەیەکی گشتی لەهەموو عەشیرەتەکانی ژێر دەسەڵاتی شازادە بەتواناتر بوون، ئەویش عەشیرەتی (بێلان)ـە، بەڵکو پێی وابوو ئەوانیتر بەکەڵکی جەنگ نەدەهاتن، ئەو عەشیرەتە لەدەشتاییەکی بەرفراوانی بناری زنجیرە چیای زاگرۆس نیشتەجێ بوون، کە لەبەشی باکوور بۆ باشوور درێژ ببۆوەو هەردوو ناوچەی (سەڵماس و ورمێ) لەو دەشتانە جیا کردبۆوە، ئەو عەشیرەتە پێشتر سەر بەهۆزی (هەکاری) بوو، بەڵام میری هەکاری کە فەرمانڕەوایی ناوچەی هەکاری دەکرد و لە کوێستانەکان نیشتەجێ بوو، بەهۆی وەرگرتنی باج و سەرانەی زۆر لەدانیشتوانی ناوچەکە، بووە هۆی سەرهەڵدانی ناڕەزایی دژ بەدەسەڵاتی میری هەکاری، بەمەش عەشیرەتی بێلان بەسەرۆکایەتی کەسێک بەناوی (ئیسماعیل بەگ) توانی خەڵکی ناوچەکانی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکولینێن کوردی

(سەلماس و ورمێ) لەدەوری خۆی کۆبکاتەوەو لەدژی میری هەکاری ڕاپەڕێت و خۆی بخاتە پاڵ شازادەی جێنشین، ئەویش ناوبراوی وەکو میری عەشیرەتی بێلان ناساند، بەو مەرجەی ئەو عەشیرەتەش خۆیان بە هاووڵاتی ئێرانی دابنێن و گوێڕایەلی فەرمانەکانی شاو شازادەی ئێران بن (درووویل، ١٣٦٥هـ.ش، ٣١٨ – ٣١٩).

ئیسماعیل بەگ دوای جیابوونەوەی لەهۆزی هەکاری قەڵایەکی بەهێزی لەسەر چیای زگرۆس دروستکرد، کە بەهۆیەوە توانی ناوچەکانی دەورووبەری بخاتە ژێر ڕکێفی خۆی، گومانی تێدانییە کە ئەو هەنگاوەی ناوبراو بووە مایەی نیگەرانی میری هەکاری، بەمەش دەبینین دواتر پەلاماری ئەو عەشیرەتە دەدات، بەڵام بەهۆی لێهاتوویی هێزی سەربازی عەشیرەتی بێلان، میری هەکاری سەرکەوتوو نەبوو لەگرتنی ناوجەکانی ژێر دەستی عەشیرەتەکە، هێزەکەی بەتێکشکاوی گەڕایەوە بۆ ناوچەکەی خۆی کە یەکێک لە کوڕەکانی میری هەکاری بەناوی (باباخان) سەرکردایەتی هێرشەکەی دەکرد (درووویل، ١٣٦٥هـ.ش، ٣١٩). ئەم عەشیرە بەهۆی ئەو هێزو توانا سەربازییەی کە هەیبوو، توانی لەماوەی چەند ساڵێکدا ببێتە یەکێک لەعەشیرەتە دەوڵەمەندو بەهێزەکانی ئێران، بەجۆرێک لەکاتی جەنگدا (١٥) هەزار سەربازی بەتەواوی پێداویستی سەربازییەوە ئامادە دەکرد، هەرکاتێک لەدەرەوەی سنووری خۆیان بچووبانایە بۆ جەنگ، موچەو پاداشتێکی باشیان لە شای ئێران وەردەگرت. (درووویل، ١٣٦٥هـ.ش، ٣١٩ – ٣٢٠).

٣. ٤. پەیوەندی نێوان کورد و نەستورییەکان، یاخود بەشداری نەستورییەکان لەسوپای میرنشینەکان: هەرچەندە درۆڤێل کاتێک دەچێتە سەرباسی یەکێک لەو کەمینە ئاینیانەی کە لەکوردستان لەپاڵ کورددا ژیاون، باس لەوە دەکات کەوا کوردەکان زوڵم و ستەمیان لێدەکردن و ئەوانیش ناچار بوون خۆیان ڕابگرن، هەروەها لەدرێژەی باسەکەیدا کە زیاتر هاندانی پێوەدیارە ئاماژە بەوە دەکات، نازانێ بۆچی ئەو کەمینە ئاینیە هەوڵیان نەداوە لەژێردەسەڵاتی کوردەکان ڕزگاریان بێت، بەڵام کاتێک نوسینەکانی ناوبراو دەخوێنینەوە بۆمان دەردەکەوێت کەوا ئەو نەتەوەیە بەشێوەیەکی ئاشتیانە لەپاڵ کوردەکاندا ژیاون و ژیانی ڕۆژانەی خۆیان بەسەر بردووەو هەستیان بە ئاسوودەیی کردووەو تەنانەت بەشێکی زۆری سوپای یەکێک لەمیرنشینە کوردییەکانیان پێکهێناوە، ئەوانیش (نەستورییەکان[١٦]).

درۆڤێل لەسەرەتادا چۆتە سەرباسی ئەوەی کە نەستورییەکان بەپێچەوانەی ئەرمەنییەکان خەڵکانێکن زۆر بایەخ بە بازرگانی نادەن، بەڵکو ئەوان تەنها لە هونەری جەنگیدا



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

بەتواناو لێهاتوون، تەنانەت کوردەکان بۆ پاراستنی ناوچە شاخاوییەکانی خۆیان سوود لە بەتواناترین جەنگاوەرەکانی ئەوان وەردەگرن، سەرباری ئەوەی لەئەیالەتی هەکاری ژمارەیەکی زۆر نەستوری لەپاڵ کوردەکان ژیاون، بەجۆرێک نزیکەی (٤٠) هەزار سەربازی نەستوری لەڕیزی سوپای ئەو میرنشینە خزمەتیان دەکرد، لەکاتێکدا میری هەکاری چوار پێنج هەزار سەربازی کوردی لەژێر دەسەڵاتدابوو (درووێل، ١٣٦٥هـ.ش، ١١٧). لەم بارەیەوە گەڕیدەی ئیتالی پێترۆ دێلاڤالێ کە دوو سەدە بەر لەدرۆڤێل سەردانی ئێرانی کردبوو، دەڵێت:"لەناوچە کوێستانییەکان، کە ئەیالەتەکانی ئەوێ لەلایەن خان[بەگ]ەکانی کوردەوە بەڕێوە دەبردرێت، لەوێ، لاوانی نەستوری بۆ بواری سەربازی سوودیان لێوەردەگیرێت (دلاواله، ١٣٧٠هـ.ش، ٧). ئەمەش دەرخەری ئەوەی کە نەستورییەکانی هاوشێوەی کوردەکان جەنگاوەری ئازاو بەتوانا بوونە.

سەرباری ئەوەش درۆڤێل پێی وایە سەربازەکانی میرنشینی هەکاری کەسانی لەخۆبایین و هەموویان خۆیان بە ئاغا [واتە خۆیان بەگەورە] دادەناو زوڵم و ستەمیان لەنەستورییەکان دەکرد و باج و سەرانەیان بەزۆر لێیان وەردەگرتن، بۆیە نەستورییەکان تەنها پێویستیان بەسەرکردەیەکی بەتوانا هەبوو بۆ ئەوەی لەژێر زوڵم و ستەمی کوردەکان ڕزگاریان بکات ، تەنانەت میری هەکاری کەناوی (مستەفا بەگ[١٧])بوو، بەهۆی ئەوانەوە ببووە خاوەن هێزو دژایەتی ئێران و تورکیا [عوسمان]ی دەکردو میرنشینە کوردییەکانی دەوروبەری هەرێمەکەشی ناچارکردبوو ملکەچی بن (درووێل، ١٣٦٥هـ.ش، ١١٧). لەڕاستیدا ناتوانرێ نکۆڵی لەوەبکرێت کە ڕەنگە لەهەندێ شوێندا هەندێک لە کوردەکان ستەمیان لەنەستورییەکان کردبێت، بەڵام ناکرێت ئەو بۆچوونەی درۆڤێل بەسەر هەموو کورددا گشتاندنی بۆ بکرێت، چونکە درۆڤێل هەر بەخۆی لەشوێنێکی تردا باس لەوە دەکات کە میرو سەرکردەکانی کورد زۆر ڕێزیان لە قەشە [ڕەبەن]ەکانی نەستورییەکان و گەورەکانی ئەوان گرتووە، تەنانەت نەستورییەکان بۆ ئەوەی لەدوژمنەکانیان پارێزراوبن جل و بەرگ و پۆشاکی کوردیان لەبەردەکرد و هاوشێوەی ئەوان چەکداری و سوارچاکیان دەکرد (درووێل١٣٦٥هـ.ش، ١٢٠).

لەم بارەیەوە یەکێک لە ئەفسەرانی سیاسی بەریتانی و نێردەی تایبەتی کۆمپانیای (هیندی ڕۆژهەڵاتی) کە لەنێوان ساڵانی (١٧٩٩ – ١٨١٢) لە سێ ماوەی جیاوازدا سەردانی ئێرانی کردبوو، لەبیرەوەرییەکانی خۆیدا دەڵێت:"هۆزی هەکاری کە لە کوێستانی ڕۆژئاوای دەریاچەی ورمێ تاکو دەرووبەری سەڵماس [لەڕۆژهەڵاتی کوردستان] نیشتەجێن، لەپێش هەموو هۆزەکانی ئاسیا ئازادی خۆیان بەدەستهێناوەو پاراستووە... میرەکانی ئەو هۆزە ڕێز لە بێ نەواترین [هەژارترین] ئەندامانی هۆزەکەیان دەگرن" (ملکم، ج٢،



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

١٣٨٠هـــ.ش، ٧٥٦). دەکرێت بڵێین ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە میرنشینی هەکاری ڕێزی لەژێردەســـتەکانی خۆی (ڕەعیەت) گرتووە، هەربۆیە نەســـتورییەکان ئامادە نەبوونە لەو میرنشـــینە هەڵبگەڕێنەوەو دژایەتی بکەن، لەکاتێکدا ژیان و ماڵیان پارێزراوبووە. ســـەرباری ئەوەی دەردەکەوێت بەهۆی ئەو هێزو توانایەی بەگی هەکاری هەیبووە، لەڕووی ســـەربازییەوە، توانیویەتی ناوچەکانی دەوروبەری هەرێمەکەی بخاتە ژێر ڕکێفی خۆی و میرو فەرمانڕەواکانی ناوچەکانی دەوروبەری ناچار بکات ســـەر بۆ دەســـەڵاتەکەی دانوێنن. لەلایەکی دیکەشـــەوە بەپێی گێڕانەوەی درۆڤێل دەردەکەوێت، کە نەســـتورییەکان هەســـتیان بەئاســـوودەیی نەبوونی جیاوازی ئایینی و نەتەوەیی پارێزراوی کردووە لەپاڵ کوردەکان، بۆیە هاوشـــێوەی کوردەکان جل و بەرگیان پۆشـــیوەو هاوشێوەی ئەوانیش چەکدارو سوارچاکیان کردووە، بۆیە ئەگەر کوردەکان ستەمکارو توندڕەوبان، ڕێزیان لەسەرکردەکانیشیان نەدەگرت و ڕەنگە لێنەگەڕابانایە پۆشاکی ئەوان لەبەربکەن و لەناوچەکانیشیان بەئازادی چەک هەڵبگرن.

جێگەی ئاماژەیە، ئەگەرچی درۆڤێل بۆ ماوەیەکی کەم کە تەنها ســـاڵێک لەوڵاتی ئێران مابۆوە، بەڵام ئەو زانیارییانەی لەبارەی داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و شێوازی ژیان و زمان و ئایین و شـــوێنی نیشـــتەجێبوونی هۆزەکان و پەیوەندییە ســـیاســـی و ئابوورییەکانیان لەگەڵ یەکتری و نەتەوەکانی ترو حکومەتی ئێرانیش، جێگەی بایەخە، هەرچەندە هەندێک لەزانیارییەکانی وردنین، یاخود لەهەندێک شـــوێندا زیاد لەپێویســـت توندڕەوی پێوەدیارە بەرامبەر بەکورد، بەڵام دیســـان زانیارییەکانی ئەو ســـەرچاوەیەکی گرنگن بۆ ئاشـــنابوون لەشـــێوازی ژیانی کۆمەڵگەی کوردەواری لەڕۆژهەڵاتی کوردستانی سەرەتای سەدەی هەژدەهەم.

**٨. دەرئەنجامەکان:**

- هاتنی ژمارەیەکی زۆر لەنێردەی ســیاســی و ســەربازی و گەڕیدەو وڵاتناســی بیانی بۆ کوردســتان، لەئەنجامی ململانێی نێوان عوســمانییەکان و ئێرانییەکان، کەئەمەش دەرفەتی لەبەردەمیان ڕەخســـاندووە لێکۆڵینەوە لەبارەی داب و نەریت و زمان و پێکهاتەی نەتەوەیی و هەڵکەوتەی جوگرافی کوردستان بکەن.
- درخســـتنی پەیوەندی نێوان کوردو نەتەوە جیاوازەکان و حکومەتی ئێران، بەتایبەتی نەســـتورییەکان و شـــێوازی ژیانیان لەپاڵ کورداو خزمەتکردنیان لەڕیزی ســـوپای میرنشینە کوردییەکان.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

- لێهاتوویی و جەنگاوەری و ســـوارچاکی کوردەکان لەبواری ســـەربازی و لەمەیدانی شـــەڕەکاندا، ســـەرباری ئەوەی ئەوان هێزی ناســـەربازی و عەشـــایری بوون، بەراورد بە نەتەوەکانی تر بەتواناترو ئازاتربوون.
- تواناو هێزی میرنشـــینە کوردییەکان و ناوچەکانی ژێر دەســـەڵاتیان، ببووە هۆی بێزاربوونی هەردوو دەوڵەتی ئێرانی و عوسمانی.
- ڕۆڵی ئافرەت و لەکۆمەڵگەی کوردی و ئازادی و دەســـت ڕەنگینی ئافرەتانی کورد، بەراورد بەنەتەوەکانی دیکەی هاوســـێی کورد، لەڕووی ژیانی هاوســـەرگیری و بەڕێوەبردنی خێزانەوە.
- سادەیی و ژیانی کۆچ نشینی لەناو کورددا، یەکێک لەدیارترین تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری بوو لەســـەدەی هەژدەهەم، کە زۆرێک لەهۆزو عەشـــیرەتە کوردییەکان بەشـــێوەی ژیانی کۆچەری ژیاون و خەریکی بەخێوکردنی مەڕوماڵات بوون.
- ململانێی نێوان هۆزو عەشـــیرەتە کوردییەکـــان و بەکـــارهێنـــانیـــان لەلایەن داگیرکەرانی کوردســـتانەوە، لەدژی یەکتری لەنمونەی ئەو باســـانەن، کە درۆڤیل ئاماژەی پێداوە.

### ٩. پەراوێزەکان:

(١) سـکتییەکان: یەکێک بوون لەنەتەوە کۆنەکان، ئەو نەتەوەیە هاوسـنووری ئاشـوورییەکان بوون لەباکوور، ناوچەکەیان دەکەوتە باکووری ورمێ، ئەو نەتەوەیە نیمچە کۆچەر بوون، لەڕووی سەربازییەوە پەیوەندی بەهێزیان لەگەڵ ئاشوورییەکاندا هەبوو، ماوەیەکیش لەگەڵ مادەکان هاوپەیمان بوو، لەڕووی زمانیشەوە هاوزمانی مادەکان بوون، لەماوەی نێوان (٦٧٤ – ٦٢٥پ.ز) فەرمانڕەوایی بەشێک لەڕۆژهەڵاتی کوردستانی ئێستایان کردبوو. (دیاکونوف، ١٣٤٥هـ.ش، ٣٤٦ – ٣٦١).

(٢) لەڕاســـتیدا گەڕیدەو وڵاتناســـەکان کەســـەردانی ئێرانیان کردووە، لەم بارەیەوە بۆچوونی جیاوازیان هەیە، لەوانە: نێردەیەکی سیاسی ناپلیۆن بۆ ئێران لەساڵی ١٨٠٧ بەناوی بێن تان، لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا دەڵێت:"کاتێک سـنووری دەوڵەتی عوسـمانیمان بڕی، ڕێبەرەکەم دەستی کرد بە تانە دان لەدەوڵەتی عوسمانی و بەمنی گووت لەئێران ژیانێکی زۆر خۆش و ئاســـوودە چاوەڕێت دەکات، بەڵام بۆم دەرکەوت کە ئێرانییەکان چەند درۆزنن" (بن تان، بیتا ، ٥٤). هەروەها گەڕیدەیەکی بەریتانی بەناوی (لایارد) کە لەســـاڵی ١٨٤٠ ســـەردانی

ئێرانی کردبوو، لەباسی خوڕەوشتی ئێرانییەکان، دەڵێت:"ئێرانییەکان بە بەردەوامی درۆ دەکەن" (لایارد، ١٣٦٧هـ.ش، ٣٤٠).

(٣) جێگەی ئاماژەیە درۆڤێل لەکۆی ئەو هەموو عەشیرەت و هۆزە کوردانەی کە لەناوچە جیاوازەکانی ئێران نیشتەجێ ببوون، تەنها ناوی چوار عەشیرەتی هێناوە. بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی هۆزو تیرەو عەشیرەتەکانی جیاوازەکانی کورد لە سەرجەم ناوچە جیاوازەکانی ئێران بڕوانە: (ایغلتون، ٢٠٠٥، ٧٣ – ١٠٦؛ سایکس، ٢٠٠٧، ٢٩ – ٩٩؛ میرنیا، ١٣٦٨هـ.ش، ١٤ – ١٣٣).

(٤) لەڕاستیدا ئەو زانیارییە دوورە لەڕاستییەوە، چونکە کوردستان کە لەدوای جەنگی چالدێران کە لە ٢٣ی ئابی ١٥١٤ لەنێوان هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی ڕوویدا، کوردستان کوردستان و هۆزو عەشیرەت و میرنشینە کوردییەکانیش بەسەر ئەو دوو دەوڵەتەدا دابەش بوون، ئەم دابەش بوونە لەدوای ڕێککەوتننامەی زەهاو کە لەساڵی ١٦٣٩ لەنێوانیاندا بەسترا، زیاتر قوڵبۆوەو بەفەرمی کوردستان لەنێوان ئێران و دەوڵەتی عوسمانی دابەشکرا، بۆیە بەشە گەورەکەی کوردستان کەوتە ژێر دەسەڵاتی عوسمانی و بەشە بچوکەکەی کوردستانیش کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئێران، بەڵام گومانی تێدانییە کە هۆزو عەشیرەت و میرنشینە کوردییەکانیش بەدرێژایی ماوەی نێوان ساڵانی (١٥١٤ – ١٨٥١) بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆیان هەست کردنیان بەمەترسی ئەو دوو دەوڵەتە هەرجارەو چوونەتە ژێرباری یەکێک لەو دوو وڵاتەوە. لەم بارەیەوە بڕوانە: (هروتي، ٢٠٠٨، ٣٩ – ٢٣٣)

(٥) لەسەرچاوە مێژووییەکانی تایبەت بە مێژووی هۆزو عەشیرەتە کوردییەکان، لەهیچ سەرچاوەیەکدا هۆزێک بەناوی (بلبان) ناوی نەهاتووە، بەهۆی ئەوەی نووسەر شارەزایی تەواوی لەناوچە کوردییەکان نەبووە، بۆیە پێدەچێت مەبەست لە (بلبان) هۆزی گەورەی (بڵباس) بووبێت، کە یەکێک لەهۆزە گەورەکانی ناوچەکە بوو. لەم بارەیەوە بڕوانە: بڕوانە: (میرنیا، ١٣٦٨هـ.ش، ١٤ – ١٣٣).

(٦) لەسەرچاوە فەڕەنسییەکەدا بەشێوەی (Mehrvan) ناوی هاتووە. بڕوانە: (Drouville،1825 ، 174)

(٧) ناوی تەواوی (پییێر ئامیدی ئیمیلیان پرۆب ژۆبر)ـە، لەنێوان ساڵانی (١٧٧٩ – ١٨٤٧)دا ژیاوە، ناوبراو یەکێک لە ڕۆژهەڵاتناسە فەڕەنسییانە بوو، کە شارەزایی لەزمانەکانی (عەرەبی، فارسی، تورکی)دا هەبوو، هەروەها یەکەمین نێردەی سیاسی وڵاتی فەڕەنساش بوو، کە لەلایەن (ناپلیۆن پۆناپارت)ـەوە لەساڵی ١٨٠٦دا ناردرایە ئێران بەمەبەستی دروستکردنی پەیوەندی سیاسی لەگەڵ ئەو وڵاتەدا. بۆ زانیاری زیاتر بڕوان: (دنبلی، ١٣٨٩هـ.ش، ٢٥٢ – ٢٥٤).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی

(٨) لەسەرچاوە مێژووییەکانی تایبەت بە هۆزو عەشیرەتەکانی کورد، کەسێک بەم ناوە، ناوی نەهاتووە کەسەرۆکی عەشیرەتی بێلان بووبێت، بەڵکو لەیەکێک لەسەرچاوە ڕەسەنەکانی تایبەت بەمێژووی هۆزی ئەفشار ناوی کەسێکی هێنابوو، بەناوی (ئیسماعیل بەگی شکفتی) کە سەرۆکی هۆزی (شکاک) بوو، بۆیە بەبڕوای ئێمە (ئیسماعیل بەگی شکفتی شکاک) هەمان (ئیسماعیل بەگ)ە کە دڕۆڤێل ئاماژەی پێداوە، چونکە ناوچەی نیشتەجێ بوونی هۆزی شکاک و ئەو کەسەی کە بەهۆزی بێلان ناوی بردووە هەمان ناوچەن، هەروەها (ئیسماعیل بەگی شکفتی شکاک)یش بەهەمان شێوە چۆتە ڕیزی شازدەی قاجارەکان (عەباس میرزا) پەیوەندییەکی باشی لەگەڵیدا هەبووەو لەدژی هۆزی هەرکی و چەند عەشیرەتێکی دیکەی کوردی جەنگاوەو پاداشتی مانگانەشی لەشازادی جێنشین وەرگرتووە، هەروەها قەڵایەکی بەهێزیشی لەسەر یەکێک لە لوتکە چیاکانی ناوچەکە بنیادناوە، بەڵام وەک دیارە ئەو پەیوەندییە تاکو سەر نابێت، بەتایبەتی دوای ئەوەی ئیسماعیل بەگ باج و سەرانە لەناوچەکانی دەورووبەری خۆی کۆ دەکاتەوە، دیارە ئەو هەنگاوە ناوبراو ببووە جێگەی نیگەرانی بەگلەربەگی ورمێ، بۆیە هێزێک بەسەرۆکایەتی عەسکەرخانی ئەفشار دەنێرێتە سەری، لەکاتێکدا پەیوەندی خزمایەتیشی لەگەڵدا هەبوو، دوای ئەوەی بەڵێنی پێدەدەن کەوا گیانی پارێزراو دەبێت و بەفێڵ لەقەڵاکەی خۆی دەریدەهێنن، دەیکوژن (دنبلی، ١٣٨٢هـ.ش، ٣٥٥ – ٣٥٦؛ ادیب الشعرا، ١٣٤٦هـ.ش، ٣٦٦ – ٣٧٠).

(٩) فەتحعەلیشای قاجار (١٧٩٧ – ١٨٣٤)، ناوبراو برازای ئاغا محەمەد خانی دامەزرێنەری زنجیرە پادشایەتی قاجارەکان بوو، لەدوای مردنی ئەو بوو بەشای ئێران و وەک دووەم شای زنجیرەی پادشایەتی قاجارەکان تاجی پادشایەتی لەسەرنا. آشتیانی، ١٣٩٢هـ.ش، ٤٦٦، ٤٩٢ – ٤٩٣).

(١٠) جێگەی ئاماژەیە هەرچەندە سەرچاوە ئێرانییەکان بۆ جیاکردنەوەی هۆزی گەورەی لوڕ لە کورد، دەڵێن کەوا کەریم خانی زەند کورد نییەو لوڕە، بەڵام زۆرێک لە ئێرانناس و گەڕیدە مێژوونووسە ڕۆژئاواییەکان دانیان بەو ڕاستییەدا ناوە کە کەریم خانی زەند (١٧٥٠ – ١٧٧٩): سەرۆکی عەشیرەتی زەندی سەر بە هۆزی لوڕی کوردی بووە، ماوەیەک لەڕیزی سوپای نادرشا خزمەتی کرد، دوای کوژرانی نادر توانی جڵەوی دەسەڵاتی ئێران بگرێتە دەست و خۆی بکات بەشای ئێران لەژێر ناوی (وکیل الرعایا)، لەدوای مردنی لەساڵی ١٧٧٩ بنەماڵەکەی تا ساڵی ١٧٩٤ فەرمانڕەوایی ئێرانیان کرد و شاری شیراز پایتەختی وڵاتی ئێران بوو لەسەردەمی ئەواندا. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (نیکیتین، ١٣٦٦هـ.ش، ٣٥٧؛ سافراستیان، ٢٠٠٥، ٦٣ – ٦٥)

(١١) ئاغا محەمەد خان (١٧٤٢ – ١٧٩٧): دامەزرێنەری زنجیرەی پادشایەتی بنەماڵەی قاجارەکان بوو، ناوبراو کوڕی سەرۆک هۆزی قاجارەکان بوو، دوای کوشتنی باوکی لەلایەن یەکێک لەفەرماندەکانی کەریم خانی زەند، ئاغا محەمەد خانی خەساند و ناردی بۆ لای کەریم

خان، تا مردنی ناوبراو لەماڵی کەریم خان مایەوە، پاشـــان گەڕایەوە بۆ نـاوچەکانی باکووری ئێران و لەدژی زەندەکان راپەڕی و توانی لەســـاڵی ١٧٩٤ کۆتاییان پێ بهێنێت و خۆی وەک شـای ئێران بناسێنێت، لەدوای مردنی برازایەکەی بەناوی فەتحعەلیشـای قاجار چووە سەر تەخت (مار کام، ١٣٦٧هـ.ش، ١٩ – ٣١، ٣٣).

(١٢) عەباس میرزا (١٧٨٩ – ١٨٣٣): ناوبراو کوڕی سییەمی فەتحعەلیشای قاجار بوو، بەڵام بەهۆی ئەوەی دایکی لەبنەماڵەی قاجارەکان بوو، لەلایەن باوکییەوە لەساڵی ١٧٩٩ کرایە شازادەی جێنشـــین و فەرمـانڕەوایی هەرێمی ئـازەربـایجـان پێدرا، لەو مـاوەیەی کە فەرمـانڕەوای ئازەربایجان بوو، ئێران ڕووبەڕووی زنجیرە شەڕێک بۆوە لەگەڵ وڵاتی ڕوسیا لەماوەی ساڵانی (١٨٠٣ – ١٨١٢) و (١٨٢٦ – ١٨٢٨)، کە لەئەنجامدا بەشێکی بەرفراوانی ناوچەی قەفقاس و هەرێمی ئازەربایجانی لەدەســـتدا، ناوبراو بەر لەوەی باوکی کۆچیی دوایی بکات لەســـاڵی ١٨٣٣کۆچی دوایی کرد. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:(موسوی طبری، ١٣٥٣هـ.ش، ١٦ – ٢٢٣).

(١٢) هەندێک لەو شارانە ئێستا بەشێک نین لە وڵاتی ئێران، بەتایبەتیش شارەکانی (نەخچەوان و یەریڤان) و ســـەرجەم ناوچەکانی (قەفقاس)، کە ئێســـتا لەچەند وڵاتێک پێکدێت، چونکە ئێران ئەو ناوچانەی لەئەنجامی شـــکســـتی ســـەربازی لەبەرامبەر ســوپای ڕوســیا لەدەســـتدا، ئەو دوو جەنگەش لەســـاڵەکانی (١٨٠٣ – ١٨١٣) و (١٨٢٦ – ١٨٢٨) ڕوویاندا، سەرەنجام ئێران بەپێی پەیماننامەی گوڵستان لەساڵی ١٨١٣ و پەیماننامەی (تورکمانچای) کە لەســاڵی ١٨٢٨ بەســترا، دەســتبەرداری تەواوی ناوچەکانی قەفقاس بوو. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (مهدیان، ١٣٨٨هـ.ش، ١٣ – ١٦).

(١٤) ئەم ڕووداوە لەکتێبی (تاریخ افشار) کە یەکێکە لەسەرچاوە ڕەسەنەکان و لەبارەی هۆزی (ئەفشـار) لەناوچەی (ورمێ) نووسـراوەتەوە، ڕووداوەکە بەشێوەیە گێڕاوەتەوە، خەڵکی ورمێ زۆر ناڕازی بوون لە کۆکەرەوەی باجی ناوچەکە، بەهۆی ئەو ستەمەیان لێیانی دەکرد، بۆیە پیاوماقولان و بازرگانان و موڵکدارەکانی ناوچەکە لەشـــاری ورمێ چوونە لای نێردەی ڕوســـیا کە هاتبووە ناوچەکە عەباس میرزای جێنشـــینیش لەگەڵی بوو، ســـکاڵای خۆیان گەیاندنە شـــازاد، ئەویش مەحمود خانی کۆکەرەوەی باجی گۆڕی و کەســـێکی تری بەناوی (فەتحعەلیخانی مازندەرانی) لەشـــوێنی دانا، بەڵام زۆری نەبرد کوردەکانی ناوچە سنوورییەکان ڕاپەڕین، بۆ ئەو مەبەستەش (حوسێنقولیخان)ی بەگلەربەگی ورمێ، لەدوای (جەژنی ڕەمەزان) هێزێکی بەسەرۆکایەتی (نەجەفقولیخان)ی کوڕی گەورەی خۆی نارد بۆ ناوچەکانی (ســـوڵدوز و ســـوڵتانیە) بۆ ســـەرکوتکردنی کوردەکان، بەڵام نەیتوانی بەســـەریاندا ســەرکەوێت، بەمەش هۆزی هەرکی توانیان بگەونە شـاری ورمێ، بەڵام دواتر لەلایەن هێزێکی هۆزی ئەفشـــار بەســـەرۆکایەتی کەســـێک بەناوی (فەتعلیخانی نوری) پەلاماری هۆزی هەرکی دەدات و بەسەریاندا سەردەکەوێت و ماڵ و سامانێکی زۆریشیان لێ بەتاڵان دەبەن، دواتریش (عەســـکەرخانی ئەفشـــار) بۆ ئارامکردنەوەی ڕەوشـــی ناوچەکە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

دەنێردرێتەوە هەرێمەکە (ادیب الشعرا، ١٣٤٦هـــــ.ش، ٣٦٣ - ٣٦٥). ئەمەش بەو مانایە دێت کەوا کاربەدەســـتانی ئێرانی لەناوچە کوردییەکان زوڵم و ســـتەمی زۆریان لەکوردەکان کردووەو باج و سەرانەی زۆریان لییان وەرگرتووە، بۆیە ئەوانیش ڕاپەڕیون.

(١٥) عەســـکەرخانی ئەفشـــار، لەبنەماڵەیەکی ســـەربازی لەشـــاری (ورمێ/ ئورومیە) لەدایک ببوو، هەربۆیە بە عەســـکەرخانی (ئورومی)ش ناســـرابوو، لەماوەی ژیانیدا زۆر پۆســـتی ســـیاســـی و ســـــەربازی وەرگرتبوو، لەوانەش یەکەمین نوێنەری ســـــیاســـــی ئێران بوو لەپاریس، بۆ ماوەیەکیش فەرمانڕەوای ورمێ بوو، لەســـــاڵی ١٨٨٣ کۆچی دوایی کردووە. (بامداد، ج٦، ١٣٥٧هـ.ش، ١٥٣ – ١٥٤).

(١٦) مارک سایکس نوێنەری کۆمپانیای هندی ڕۆژهەڵاتی و ئەفسەری سیاسی بەریتانی لەئێران و هیند، دەڵێت"نەســـتورییەکانی هەکاری، کوردەکان پێیان وایە بەشـــێکن لەوان، بەڵام نەســـتورییەکان پێیان وانییە بشـــێک بن لەکوردەکان، بەڵام من پێم وایە هەردوو بۆچوون هەندێک ڕاســـتی تێدایە، ئەویش نەســـتورییەکان لەو مەســـیحیانەبن کە لەکاتی هاتنی ئیســـلام پەنایان بردۆتە بەر کوردکان لەناوچەی هەکاری". بڕوانە: (ســـایکس، ٢٠٠٧، ٣٠). هەروەها یەکێک لەتوێژەران پێی وایە کە، نەستوری ڕێبازێکی ئایینیە لەئایینی مەسیحی، بەڵام سەر بەکەنیسەی کاسۆلیک نییەو دامەزرێنەرەی ئەو ڕێبازە کەسێکە بەناوی (باوکە نەســــتوریۆس)، بەڵام بەهۆی بیروباوەڕی تایبەت بەخۆی لەبارەی مەســــح، لەســــاڵی ٤٥١ بەهەڵگەڕاوە لەئاایینی مەسیحی لەقەڵەم درا، شوێنکەوتووانی لەناوچەی موسڵ پەیداکرد. (حسن، ٢٠١٧، ٢٧٣).

(١٧) لەبارەی ئەو میرەی میرنشینی هەکاری، یەکێک لەسەرچاوە ڕەسەنەکان باسی ئەو میرەی کردووە، کە لەســـاڵی ١٨١٩ بەهاوکاری عوســـمانییەکان دەســـتی بەســـەر قەڵای (ئالباغ) داگرت، کە کەوتبووە نێوان هەردوو شـــاری (ورمێ و ســـەڵماس)، ئەویش باجی لەو کاروانە بازرگانیانە وەردەگرت کە بەناوچەکەدا تێپەڕدەبوون، بۆیە دەوڵەتی ئێران هێزێکی گەورە بەســـەرۆکایەتی (حوســـێقولیخان)ی بەگلەربەگی ورمێ ناردە ســـەری و گەمارۆیاندا، دوای ئەوەی ئازوقەو خۆراکی تەواوبوو، مســـتەفا بەگ بەناچاری خۆی ڕادەســـتی هێزەکانی ئێران کرد و بەدەستبەسەرکراوی ڕەوانەی تەوریز کرا (ادیب الشعرا، ٣٤٦هــــ.ش، ٣٧١ – ٣٧٣). لەم مێژووە بەدواوە لەسەرچاوەکان ناوی مستەفا بەگ نایەت کەچی بەسەرهاتووە.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

## ١٠. لیستی سەرچاوەکان:

یەکەم یادداشت و بیرەوەرییەکان:


- ادیب الشعرا. میرزا رشید. (١٣٤٦ه.ش)، تاریخ افشار بانضمام قیام شیخ عبیدالله، بەتصحیح و اهتمام: پرویز شهریار افشار و محمود رامیان، انتشارات شورای مرکزی جشن ملی ٢٥٠٠ ساله آذربایجان غربی، تبریز.
- دنبلی. عبدالرزاق بیک، (١٣٨٩هـ.ش)، مآثر السلطانیه، تصحیح و تحشیه: غلامحسین زرگری نژاد، چ٢، مؤسسه انتشارات روزنامه ایران، تهران.
- ملکم. جان. (١٣٨٠هـ.ش)، تاریخ کامل ایران، ت: میرزا اسماعیل حیرت، ج٢، انتشارات افسون، تهران.
- مهدیان. محمد حسن. (١٣٨٨هـ.ش)، برگهای خاطرات (نگاهی به روابط ایران و روسیه)، مرکز چاپ و انتشارات وزرات امور خارجه، تهران.


### دووەم سەفەرنامەکان:

١. وەرگێڕدراو بۆ فارسی:


- اولویه. سفرنامه، (١٣٧١هـ.ش)، تاریخ اجتماعی – اقتصادی ایران در دوران آغاز قاجاریه، ت: محمد طاهر میرزا، تصحیح و حواشی: د.غلامرضا ورهرام، انتشارات اطلاعات، تهران.
- بارنز. استوان آلکس. (١٣٧٣هـ.ش)، سفرنامه بارنز (سفر به ایران در عهد فتحعلی شاه قاجار)، ت: حسن سلطانی فر، چ٢، مؤسسه انتشارات استان قدس رضوی، مشهد.
- بایندر. هانری. (١٣٧هـ.ش)، سفرنامه هنری بایندر کردستان و بین النهرین، ت: کرامت الله افسر، انتشارات فرهنگسرا، تهران.
- بن تان. اگوست. (بیتا)، سفرنامه اگوست بن تان، ت: منصوره اتحادیه نظام مافی، کتابخانه مجموعه فرهنگی و مذهبی تخت فولاد، بیجا.
- دروویل. گاسپار. (١٣٦٥هـ.ش)، سفر در ایران، ت: منوچهر اعتماد مقدم، چ٢، انتشارات شباویز، تهران.
- دلا واله. پیترو. (١٣٧هـ.ش)، سفرنامه پیترو دلا واله، ت: شجاع الدین شفا، انتشارات علمی و فرهنگی، تهران.
- دوگوبینو. کنت، سفرنامه کنت دوگوبینو سه سال در ایران (١٨٥٥ – ١٨٥٨)، ت: عبدالرضا هوشنگ مهدوی، نشر قطره، تهران.
- ژوبر. پ. آ. (١٩٤٢)، مسافرت بایران و ارمنستان، ت: محمود هدایت، شرکت چاپخانه تابان، تهران.
- لایارد. سر اوستن هنری. (١٣٦٧هـ.ش)، سفرنامه لایارد یا ماجراهای اولیه در ایران، ت: مهراب امیری، انتشارات وحید، بیجا.




Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆلینێن کوردی

٢. بەزمانی ئینگلیزی:

1- Kinneir. John Macdonald. (1813), A Geographical Memoir of the Persian Empire, Printed for John Murray, Albemarlestreet، London.

٣. بەزمانی فەرەنسی:

Drouville. Par Gaspard, (1825), Voyage En Perse Faiten 1812 ET 1813, Second Edition, Paris.

سێیەم: سەرچاوەکان:

١- وەرگێڕدراو بۆ زمانی کوردی:

- سافراستیان. ئارشاک. (٢٠٠٥)، کورد و کوردستان، و: ئەمین شوانی، چ٢، دەزگای ئاراس، هەولێر.
- مینۆرسکی. ڤلادیمیر. (٢٠٠٦)، مینۆرسکی و کوردەکان، و: ئەنوەری سوڵتانی، چ٢، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.

٢- بەزمانی فارسی و وەرگێڕدراو بۆ فارسی:

- آشتیانی. عباس اقبال. (١٣٩٢هـ.ش)، تاریخ ایران از صدر اسلام تا انقراض قاجاریه، چ٢، انتشارات دبیر، تهران.
- بامداد. مهدی. (١٣٥٧هـ.ش)، شرح حال رجال ایران در قرن ١٢و ١٣و ١٤ هجری، چ٢، کتابفروشی زوار شاه آباد، تهران.
- دیاکونوف. ا. م. (١٣٤٥هـ.ش)، تاریخ ماد، ت: کریم کشاورز، انتشارات بنگاهـ نشر کتاب، تهران.
- شرفکندی. د.صادق. (١٣٩٢هـ.ش)، تاریخچه جنبشهای ملی کرد از قرن نوزدهم تا پایان جنگ جهانی دوم، چ٢، کمیته انتشارات اتحادیه دانشجویان دمکرات کردستانایران، اربیل.
- مار کا. کلمنت. (١٣٦٧هـ.ش)، تاریخ ایران در دوره قاجار، ت: میرزا رحیم فرزانه، انتشارات نشر فرهنگ ایران، بیجا.
- میرنیا. سید علی. (١٣٦٨هـ.ش)، ایل ها و طایفههای کرد ایران، مؤسسه آموزشی و انتشارات نسل دانش، تهران.
- نجمی. ناصر. (بیتا)، ایران در میان طوفان یا شرح زندگانی عباس میرزا نایب السلطنه و جنگهای ایران و روس، انتشارات کانون معرفت، گیلان.
- نفیسی. سعید. (١٣٨٤هـ.ش)، تاریخ اجتماعی و سیاسی ایران در دوره معاصر، انتشارات آهورا، تهران.

* نيكيتين. واسيلى. (١٣٦٦هـــش)، كرد و كردستان، ت: محمد قاضى، چ٢، انتشارات نيلوفر، تهران.

٣- بەزمانی عەرەبی و وەرگێڕدراو بۆ عەرەبی:

* احمد. جمال رشيد و فوزي. رشيد (١٩٩٠)، تاريخ الكرد القديم، جامعة صلاح الدين، اربيل.
* ايغلتون. ويليام. (٢٠٠٥)، القبائيل الكردية، ت: د.احمد محمود خليل، د. ط، د. م. ط.
* حســـن. د.نزار ايوب. (٢٠١٧)، امارة هكاري في العهد العثماني (١٥١٤ – ١٨٤٩)، دار سپيريز، دهوك.
* ســـايكس. مارك. (٢٠٠٧)، القبائيل الكردية في الامبراطورية العثمانية، ت: ا. د. خليل علي مراد، دار الزمان للطباعة والنشر، دمشق- سوريا.
* العزاوي. المحامي عباس. (١٩٤٧)، عشـــائر العراق، العشـــائر الكردية، ج٢، مطبعة المعارف، بغداد.
* هروتي. الدكتور سعدى عثمان. (٢٠٠٨)، كوردســتان والامبراطورية العثمانية، مطبعة خاني، دهوك.

چوارەم: گۆڤار بەزمانی فارسی:

* اكبرزاده. عليرضا. (دى و بهمن ١٣٨٤هـــش)، سيرى در سفرنامه گاسپار درووڤيل، كتاب ماه تاريخ و جغرافيا، شماره ٩٩ و ١٠٠.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

# المجتمع الكوردي في وجهة النظر الظابط الفرنسي غاسبار دروفيل مابين السنوات (١٨١٢ – ١٨١٣).

**الملخص:**

حظيت الكرد كأحدى المكونات القومية والعرقية الرئيسية في الشرق الأوسط، على مر التاريخ، موضع اهتمام المستكشفين والوطنيين الأجانب، لأن معظم المستكشفين والوطنيين الذين زاروا مناطق كل من الدولتين العثمانية والإيرانية لأغراض مختلفة (سياسية ، اقتصادية ، عسكرية ، استخباراتية ، دينية ، علمية) التقوا بالأكراد عن كثب ، كأمة ذات تقاليد ولغات مختلفة. بعد دراسة أمم المنطقة، وجدوا أن الكرد أمة لها خصائصها الخاصة ومن نواح كثيرة كانوا مختلفين عن الفرس والعرب والأتراك، وشعروا بوضوح بالاختلافات بين الأكراد وهذه الأمم، من حيث جنسيتهم ونمط حياتهم ولغتهم وتقاليدهم الاجتماعية وعلاقاتهم الأسرية. لذلك عندما سجلوها في ذاكرتهم وذكرياتهم وبعد عودتهم إلى بلدانهم تحت اسم "السياحة - سفرنامة" نشروا مذكراتهم في كردستان وعلاقاتهم مع الأكراد في كتبهم.

تركز الدراسة على الجوانب الاجتماعية للمجتمع الكردي، في نظر الضابط الفرنسي غاسبار دروفيل، الذي زار إيران عام ١٨١٢ على متن وفد عسكري فرنسي وبقي هناك حتى عام ١٨١٣. خلال الفترة التي قضاها في إيران ، عمل كضابط في تدريب الجيش الإيراني ، الذي كان في حالة حرب مع روسيا في ذلك الوقت.

على الرغم من أن غاسبار دروفيل حاول أن يدرس عن كثب التقاليد الاجتماعية للمجتمع الإيراني بشكل عام خلال هذه الفترة ، ولكن نظرا لأن جزءا من أراضي كردستان والأمة الكردية كانت تحت السيطرة الإيرانية بعد حرب جالديران (١٥١٤) ، فقد ذكر الأكراد داخل حدود إيران ومنطقة أذربيجان على وجه الخصوص. لأنه خلال إقامته في إيران ، كان في الغالب في المناطق الشمالية من إيران وأذربيجان. لا شك أن درويل وصف في كتابه المترجم "السفر في إيران" العديد من الجوانب المهمة والخفية للمجتمع الكردي في العقد الأول من القرن ١٩، والتي لم يرد ذكرها في مصادر أخرى، ويمكن تفسير ذلك من خلال هذا البحث.

هذا البحث تتناول الحديث عن المجتمع الكردي من خلال جوانب مختلفة مثل نمط الحياة، والتقاليد الاجتماعية، والغذاء، والملابس، والعلاقات الأسرية، وحياة

المهاجرين، والحياة شـبه المهاجرة، واللغة، وطرق قضـــاء الوقت بين المجتمع الكردي وبعض الأقليـات الكرديـة، وعلاقتهم بكـل من الـدولتين العثمـانيـة والإيرانيـة، والبنيـة العســـكرية الكردية، وكيفية مشـــاركتهم في الحروب، والعلاقة بين نســـاء ونســـاء المجتمع الكردي في شـرق كردسـتان والحدود الجغرافية لكردسـتان في العقد الأول. تم وصـف القرن ١٩ في سلسـلة من الموضـوعات مقارنة بالمصـادر الكردية الأخرى التي زارت كردستان قبل وبعد زيارة درويل.

**الكلمات الدالة:** *الكورد، كوردســـتان، المجتمع الكوردي، غاســـبار دروفيل، العادات و التقاليد.*

## The Kurdish Society from the prospective of the French officer Gaspard Drouville, during the years (1812 - 1813)

**Abstract:**

Kurdistan as a Kurdish nation and Kurds as one of the main national and ethnic components of the Middle East, throughout history, has always been of interest to foreign explorers and patriots, because most of the explorers and patriots who visited the regions of both the Ottoman and Iranian states for different purposes (political, economic, military, intelligence, religious, scientific) have met the Kurds closely, as a nation with different traditions and languages. After studying the nations of the region, they found that the Kurds were a nation with their own characteristics and in many ways they were different from the Persians, Arabs and Turks, and they clearly felt the differences between the Kurds and these nations, in terms of their nationality, lifestyle, language, social traditions and family relations. So when they recorded it in their memories and memories and after returning to their countries under the name "Tourism- Safarname", they published their memoirs in Kurdistan and their relations with the Kurds in their books.

The study focuses on the social aspects of Kurdish society, in the eyes of A French officer Gaspard Drouville, who visited Iran in 1812 on a French military delegation and remained there until 1813. During his time in Iran, he trained as an officer of the Iranian army, which was at war with Russia at the time.

Although Gaspar Drouville tried to closely examine the social traditions of Iranian society in general during this period, but since part of the territory of Kurdistan and the Kurdish nation was under Iranian control after the Chaldiran War (1514), he further mentioned the Kurds within the borders of Iran and the Azerbaijan region in particular. Because during his stay in Iran, he was mostly in the northern regions of Iran and Azerbaijan. There is no doubt that Drouville, in his translated book, (Travel in Iran) described many important and hidden aspects of Kurdish society in the first decade of the 19th century, which are not mentioned in other sources, and this can be explained by this research.

In this research, they try to talk about The Kurdish community by different aspects such as lifestyle, social traditions, food, clothing, family relations, immigrant life, semi-immigrant life, language, and ways of spending time between the Kurdish community and some Kurdish minorities, their relationship with each of the Ottoman and Iranian countries, the Kurdish military structure, how they participate in the wars, the relationship between women and women of the Kurdish community in the east of Kurdistan and the geographical border of Kurdistan in the first decade The 19th century has been described in a series of topics compared to other Kurdish sources who visited Kurdistan before and after Drouville's visit.

**Keywords:** *Kurdish, Kurdistan, Kurdish Society, Gaspard Drouville, Customs and traditions.*

# ڕۆڵی سیاسی و سەربازی هۆزی ئاکۆ لە کوردستانی ژێردەستی عوسمانیدا

# ١٨١٣ - ١٩١٨

د. بژار عوسمان ئەحمەد

بەشی مێژوو- فاکەڵتیی ئاداب- زانکۆی سۆران- هەرێما کوردستان/ عیراق

**پوختە:**

بە درێژایی مێژوو ڕۆڵ و پێگەی هۆزەکان لە نێو کۆمەڵگایەکاندا هەبووە و کاریگەرییان بە پێی گۆڕانی کات و شوێنەکان و ڕووداوەکان جیاوازبووە، گرنگی و بایەخی و کاریگەری کۆمەڵایەتی و سیاسی و زانستی و سەربازییان لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، زۆرجاران هۆزەکان بوونەتە هۆی درووستبوونی دەوڵەت و ئیمپراتۆریەت و شارستانییەت، زۆرجاریش بوونەتە هۆی ڕووخان و لەناوبردنی دەوڵەت و شارستانییەتەکان. هۆزە کوردییەکانیش لەنێو کۆمەلگای کوردیدا ڕۆلی جیاواز و هەمەلایەنەیان هەبووە، لە بوارە جیاجیاکاندا پێگەی بەرزییان هەبووە، بەتایبەتی لە نێو میرنشینە کوردییەکانی سەردەمی حوکمڕانی عوسمانیدا، هەروەها لەدوای ڕووخانی میرنشینە کوردییەکانیش، هۆزە کوردییەکان ڕۆڵی سیاسی و سەربازی گرنگیان بینیووە و زۆرجاران لە هەوڵی درووستکردنەوەی کیانێکی کوردی بوونە و بەشداری جولانەوە ناسیۆنالیستییەکانی ئەوکاتیان کردووە. هەربۆیە هۆزی ئاکۆش یەکێکە لەو هۆزانەی لە نێو میرنشینی سۆراندا ڕۆڵ و بایەخێکی تایبەتی هەبووە بەتایبەتی لەسەردەمی میرمحەممەدی سۆران، هەروەها لە نێو جولانەوەکانی مێژووی نوێ و هاوچەرخی کورد دا هەمیشە ڕۆڵێکی گەورەیان بینیوە و پالپشتی سەرکەوتنیان بوونە، بەلام تاکو ئێستا نەتوانراوە لێکۆڵینەوەیەکی زانستی تایبەت لەبارەی ئەم هۆزەوە بکرێت و ڕاستییەکانی مێژووی ئەم هۆزە پیشان بدرێت، چونکە لەپاڵ هەستە نەتەوەییەکەی ئەم هۆزە و بەشدارییان لە نێو میرنشین و جولانەوەکاندا، ئەوا دەبینین لە سالانی کۆتایی حوکمڕانی عوسمانییەکان لە کوردستان و لەماوەی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، لەدژی داگیرکاری و هاتنی ڕووسەکان و بەریتانییەکانیش شەڕییان کردووە و لەدژی ئەوانیش وەستاونەتەوە.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

بەگشتی ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی زانستیانەیە بۆ پیشاندانی ڕۆڵی سیاسی و سەربازییانەی هۆزی ئاکۆ لە کوردستانی ژێردەستی عوسمانیدا ١٨١٣ – ١٩١٨ دا. کە لەم ماوەیەدا لە چەندین جوڵانەوەی رزگاریخوازی کوردیدا بەشـــداریەیکی کارایان هەبێت.

**پەیڤێن سەرەکی:** *ئاکۆ، هۆز، کورد، کوردستان، ئاغا، میرنشین.*

---

**پێشەکی:**

لە نێو مێژووی کورد دا هۆزەکان هەمیشـــە خاوەنی پێگەیەکی بەرز و کاریگەر بوونە، لە زۆربەی لایەنەکانی ژیاندا ڕۆڵیان بینیوە و کاریگەری خۆیان بەسەر دەوڵەت و شارستانییەتەکاندا لە هەموو ڕوێکەوە بەجێهیشتووە، بەتایبەتی لە لایەنەکانی سیاسی و سەربازییدا، چونکە لەم دوو لایەنەدا دەرفەتی لەبار و گونجاو هەڵکەوتووە بۆ دەرکەوتنیان، بەتایبەتی لە لایەنی ســـەربازی و ســـیاســـیدا کە هەمیشـــە لە شـــەر و جوڵانەوەکاندا ڕۆلی ســـەرەکی و یەکلاکەرەوەیان بینیوە، زۆر جار ســـەرۆك هۆزەکان وەکو ســـەرکردەی ســـەربازی لەنێو ســـوپا و لەمەیدانەکانی جەنگدا بەدەرکەوتوون، بۆ ئەمەش بارودۆخە ســـیاســـییەکانی ئەوکاتی ڕۆڵی ســـەرەکی بینیوە. ئەم کاریگەرییەی هۆزە کوردییەکان لە کوردستاندا، لە نێو میرنشین و کۆمەڵگا کوردییەکانی ناوەوە و دەرەوەی کوردســـتان لە ســـەردەمی عوســـمانییەکان و تەنانەت لە ئێســـتاشـــدا بەردەوامی هەبووە و بگرە ئەوکاتی زیاتریش بووە، هەر ئـەمـەش وایکردووە زۆرجاران هۆزەکان و کاریگەرییان و رۆڵیان لەشەرو جولانەوەکاندا لەنێو شیعری شاعیراندا بەدی دەکرێت و باسی بوێری و پایوەتی و سەخاوەتیان دەکرێت.

ئەوەی جێگای ئاماژەیە، هۆزە کوردییەکان لەلایەنەکانی سیاسی و سەربازی و زانســـتی و کۆمەڵایەتی و ئابوریدا ڕۆڵێکی کاریگەر و بەرزییان هەبووە، زۆرجارانیش هۆزەکان بوونەتە هۆکاری سـەرەکی دروسـتبوونی میرنشـین و دەوڵەتەکان، هەروەها لە لایەن خەلافەتی ئیسلامی و دەوڵەتە زلهێزەکانیشـەوە حیسـابێکی تایەبتیان بۆ کراوە و ڕێزێکی تایبەتیان لێگیراوە. ئەوەی پەیوەســت بێت بە هۆزێکی کاریگەری وەکو هۆزی ئاکۆ کە لەســـەر ســـنوور و جوگرافیایەکی هەســـتیاری دەوڵەتی عوســـمانی – ســـەفەوی (ئێران) بوو، ئەمرۆش لەســـەر ســـنووری نێوان عێراق و ئێرانە، دەبینین توێژینەوەی زانســـتی لەبارەی ئەم هۆزە و ڕۆل و پێگەی ئەم هۆزە لە هەموو لایەنەکانی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئاینی و ئابوری تاکو ئێستا لەبەردەستدا نییە، تەنها لەنێو لاپەڕی کتێبەکاندا لێرە و لەوێ لە نووسینی گەریدەکان و نووسرانیتری کورد دا بە پچرپچری باسی هۆزی ئاکۆ



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

و گاریگەرییەکانی کراوە، بەڵام وەکو توێژینەوەی زانستی، تاکو ئێستا هیچ توێژینەوەیەکی زانستی لەبارەیەوە نەکراوە. تەنانەت زۆرجارانیش ئەم هۆزە بە بەشێك لە ئێڵی بلباس و یاخود سەر بە هۆز و گروپیتری هەژمار دەکەن، لەکاتێکدا بەڵگەنامەکانی عوسمانی و بەریتانی و سەرچاوە مێژووییە کۆنەکانیش ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە هۆزی ئاکۆ هۆزێکی جیاواز بووە و لەپاڵ ناوی هۆزەکانیتری کوردیش دا ناوی هۆزی ئاکۆ هاتووە.

لەم توێژینەوەیە دا باس لە ڕۆڵی سیاسی و سەربازی هۆزی ئاکۆ لە کوردستانی ژێردەستی عوسمانیدا ١٨١٣ - ١٩١٨ دەکەین، ئەویش بە پشت بەستن بە بەڵگەنامە بڵاونەکراوەکانی بەریتانی و عوسمانی و قاجاری و سەرچاوەکانی تایبەت بە مێژووی کورد لەو سەردەمیدا کە لە نێو باسەکانیاندا ئاماژە بە هۆزی ئاکۆ دەکەن. هەروەها ئامانج لەم توێژینەوەیە دا ئەوەیە تیشك بخەینە سەر ڕۆڵی سیاسی و سەربازی هۆزی ئاکۆ لەنێو دەوڵەتی عوسمانی میرنشین و جوڵانەوە کوردییەکانی سەردەمی عوسمانیدا، هەروەها گرنگترین کار و چالاکییە سیاسی و سەربازییەکانیان لەگەڵ جوڵانەوە کوردیەیکان و لەنێو میرنشینی سۆراندا پیشان بدەین، ئەویش بە پشت بەستن بە چەند میتۆدێکی زانستی لە پێش هەموویان میتۆدی شیکاری مێژوویی و خستنەڕوو و شیکردنەوەی دەقی بەڵگەنامەکان وەکو سەرچاوەی یەکەم، هەروەها بەکارهێنانی سەرچاوە زانستییەکانی تری وەکو کتێب و توێژینەوە زانستییەکانی وەکو ماستەرنامە و تێزی دکتۆرا، کە زانیاری ورد لە بارەیەوە دەدەن، لە گرنگترین ئەو سەرچاوانەش: (ممدوح، مزوری. ٢٠٠٦. مێژووی رواندز. هەولێر: چاپخانەی منارە)و (حەمەباقی، محەمەد. ٢٠٠٠. شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری ١٨٨٠ لە بەڵگەنامەکانی قاجاریدا. هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە). کە سێ سەرچاوەی زۆر گرنگی ئەو بابەتەن و زانیاری ورد لەبارەی ڕۆڵ و پێگەی هۆزی ئاکۆ دەخەنە بەردەستمان، هەروەها یەکێکیتر لەو سەرچاوانەی کە زانیاریی زۆر وورد لەبارەی ئەم بابەتەوە تێدایە، بریتییە لە کتێبی (سەرگەینێلی، محمد حسن. ٢٠١٩. هۆزی ئاکۆ لەنێوان مێژووی کۆن و نوێ دا. بەرگی یەکەم و دووەم، چاپی دووەم، هەولێر). کە ئەویش سەرچاوەیەکی سەرەتایی و پڕ زانیاری و گرنگە بۆ مێژووی ئاکۆ، بەتایەبتی ناوبراو زۆرترین سەرچاوەی لەبارەی هۆزی ئاکۆ کۆکردۆتەوە و گەشت و گەڕانێکی زۆری بەنێو کوردستاندا کردووە بۆ دۆزینەوەی تاك بەتاك و خێزان و بنەماڵە ئاکۆییەکان لە کوردستان، بەڵام ناوبراو هیچ میتۆدێکی شیکار و بەراوردکاری بۆ نووسینەکانی لەبارەی ئەم هۆزەوە بەکارنەهێناوە و لە بەکارهێنان و باسکردنی زانیارییەکانی لەبارەی هۆزی ئاکۆ زۆر وورد نەبۆتەوە، هەروەها



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ فەكۆلینێن كوردی

زۆرجاریش لە باسی سەرەکی کتێبەکەیدا کە باسی هۆزی ئاکۆیە لایداوە و خەریکی باسکردنی بابەتیتری مێژووی کورد و کوردستان بووە و لەگەڵ مێژووی هۆزی ئاکۆدا تێکەڵی کردوون، کە ئەمەش وایکردووە تەنها ژمارەی لاپەڕەکانی کتێبەکە زیاد ببێت و هیچیترنا.

ئەم توێژینەوەیە لە دەروازەیەك و دوو تەوەرەی سەرەکی پێکدێت، کە ئەوانیش دابەش دەبنە سەر چەند باسێك، لەوانە لە دەروازە دا باسی ناو و جوگرافیای هۆزی ئاکۆ کراوە، لە تەوەرەی یەکەمدا باسی ڕۆڵی سیاسی و سەربازی هۆزی ئاکۆ لەنێو میرنشینی سۆران دا کراوە و لە تەوەرەی دووەمدا باس لە رۆڵی هۆزی ئاکۆ لەنێو جوڵانەوە کوردییەکانی کۆتایی سەدەی ١٩ و سەرەتای سەدەی ٢٠ کراوە. هەروەها بە خستنەڕووی چەند ئەنجامێك توێژینەوەیەکەشمان کۆتایی پێهێناوە.

لە گرنگترین ئەو ئەنجامانەی لەم توێژینەوەیەدا پێی گەیشتوین بریتیە لەوەی؛ هۆزی ئاکۆ هۆزێکی جیاواز بووە و سەر بەهیچ هۆز و ئێلێك نەبووە، چونکە ئەم هۆزە لە چەند تیرەیەك پێکهاتووە، لەوانە باشئاغایی، مەندەمەڕ، ناودەشت (رەژیکەیی)، باوەبییە، خەیلە، شارۆشی، بۆڵی و بابۆڵی، گوڵانی، دۆلەرەقەیی، بابەکرئاغایی. ئەمەش بە روونی لەنێو بەڵگەنامەکانی عوسمانی و ئەرشیفەکانی بەرتیانیدا دەردەکەوێت. لەهەمان کاتیشدا دەبینین ئەرشیفەکانی عوسمانی و بەریتانی زۆرجار باسی کاریگەری و پێگەی ئەم هۆزەیان لەناوچەکەدا کردووە، چونکە ئەم هۆزە جوگرافیاکەی کەوتبووە ناو جوگرافیای حوکمڕانی دەوڵەتی عوسمانی. هەروەها لەبەر ئازایی و نەبەردی بەشێك لە ئاکۆییەکن، ئەوا ناسناوی باشئاغایی، لەلایەن میر محەممەدەوە دراوە بە یەکێك لە تیرەی ئاکۆییەکان. لەگەڵ ئەمەشدا لەدوای لەناوچوونی میر محەممەد، ئەوا دەبینین مارف ئاغای ئاکۆش لەلایەن عوسمانییەکانەوە کوژراوە و ئاکۆییەکان ناوچەکانیان تاڵانکراوە، چونکە بەشێك لە لایەنگرانی میر محەممەد، هەروەها خزم و کەسی میر محەممەدیش لەدوای نەمانی میر محەممەد، پەنادەبەنە بەرناوچەکانی ئاکۆیان و لەلایەن مارف ئاغاوە داڵدە دەرێن، سەرئەنجامیش لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە دەکوژرێت.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆلینێن کوردی

**دەروازە: ناو و جوگرافیای هۆزی ئاکۆ**

هۆزی ئاکۆ، یەکێکە لەو هۆزە کوردییانەی لە کوردستانی ژێردەستی عوسمانی و باشوری ئەمڕۆی کوردستاندا نیشتەجێبوون، خاوەنی مێژوویێکی دێرینن و لەنێو چەندین جوڵانەوەی کوردی لەمێژووی نوێ و هاوچەرخی کورد دا ڕۆڵییان هەبووە. ئەوەی پەیوەست بێت بەناو و وشەی ئاکۆوە، بۆچوونی جیاواز لەبارەیەوە ئاماژە پێکراوە، کە هەندێك لە نووسەران ئەم ناوە دەگەڕێننەوە بۆ ووشەی دیارئاکۆ، کۆواری، ئاریاکۆ. ئاکۆئاری، ئاری کۆیە، کە ئەم ناوانەش دەگەرێنەوە بۆ ناوی ناوچەکانی دەڤەری ئاکۆیەتی لە هەزاران ساڵ پێش ئێستا. تەنانەت نوسەری کتێبی "هۆزی ئاکۆ"بەڵگەی بۆ پشتڕاستکردنەوەی ناوەکانی هێناوەتەوە و ئاماژە بە ناوەکانی ئاکۆ، ئاخکۆ، دیاکۆ، دیارئاکۆ دەکات (سەرگەینێلی، ٢٠١٩، ب١، ١٤٤-١٤٥، ١٤٩)، کە ئەویش لە ژێدەرێك سوودی وەرگرتووە و پێی وایە ئەم ووشانە کۆنن و هۆزی ئاکۆیەتی و دۆڵی ئاکۆیەتی لەم ووشانەوە هاتووە (باوەیلی، ٢٠٠٨، ١-٣). هەروەها هەندێ سەرچاوەیتر دەڵێن ووشەی ئاکۆ دەگەڕێتەوە سەر ڕەگی (EKOWS)ی هیندوئەورووپی، کە بە (ئەسپ) گوتراوە، چونکە وەکو دەگوترێت ئەم هۆزە لە کۆندا بە بەخێوکردنی ئەسپ و سوارچاکییەوە بەناوبانگ بوون و تاکو ئێستاش ئەم بایەخەیان بۆ بەخێوکردنی ئەسپ هەیە (سدیق، ٢٠١٦، ٣٣٦). هەروەها هەندێکیتر پێیان وایە دەگەڕێتەوە بۆ پێنج هەزار ساڵ پێش ئێستا لەبەرئەوەی ئەم ناوچەی بیتوێن شاری بتاوێن بووە پادشایەکی هەبووە کچێکی هەبووە بەناوی میهری ئاکۆ واتە مانگی ئاکۆ لەم کاتەوە عەشیرەتی ئاکۆ ناوی هەبووە ناوی ئاکۆ لەکۆوە هاتووە کەپێکهاتووە لە (٢٢) تائیفەی گەورەیە تائیفە هەیە هەزار ماڵە، هەیە کەمترە، پێنج هەزار ساڵ ئیرە بیتوێن پێیوتراوە (بتاوێت) و ناوی عەشیرەتەکەش بۆ پاشای ئەو ناوچەیە دەگەڕێتەوە (کۆچەری، ٢٠١٩). ڕایەکیتریش هەیە کە پێی وایە ناوی هۆزی ئاکۆ دەگەڕێتەوە بۆ ووشەی (میهراکۆ) کە کچی حوکمڕانێکی دەڤەری بیتوێن بووە بەر لە فتوحاتی ئیسلامی بۆناوچەکەدا، کە ئەوکاتە ئەم ناوچەیە لەژێردەستی شاە کاستۆ حوکمڕانی دەکرا و کچەکەشی ناوداربووە بەجوانی، هەبوونی خودی ئەم ناو و ڕایانەش بەڵگەیە لەسەر دێرین بوونی ناوی ئەم هۆزە (العامري، ٢٠١٤، ١٢٦).

تەنانەت نوسەری کتێبی هۆزی ئاکۆ، ئاماژە بە دەقێکی بزماری کۆن دەکات کە تیایدا ناوی کۆمەڵێك کەسی تێدایە، لەنێو ئەوانەشدا ناوی ئاکۆ هاتووە، ئەم دەقەش ئێستا لە مۆزەخانەی عێراقی پارێزراوە بە کۆدی (٧٣٣٨٩ م. ع)، ژمارەی چاڵ (رقم الحفريات: 624 – TFI)، بەڵام دەپرسێت کە نازانێ ئەم کەسە کێیە و کاری چییە لەنێو



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ئەم دەقە نووســــینەدا؟ (ســــەرگەینێلی، ٢٠١٩، ب١، ١٧٥). ئەوەی لێرەدا جێگای ئاماژە پێکردنە ئێمە بەدواداچوونمان بۆ ئەم دەقە مێژووییە کرد و لەڕێگەی کەسانی پسپۆڕ و شــارەزاوە ئەم دەقەمان دووبارە خوێندەوە، پســپۆڕان دووپاتیان کردەوە کە بە هیچ جۆرێك ناوی ئاکۆ لەم دەقەدا نییە![1] هەوەها هەندێك بۆچوونیتر ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە هۆزی ئاکۆ بنەچەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هۆزی گۆران، بەڵام ڕای ڕاســـتتر ئەوەیە ئەم هۆزە دەگەڕێتەوە سەر نەوەکانی (هیلال)[2]ی کوڕی بەدری حەسنەوەیهی (العزاوي، ١٥٠).

هەندێك لە ســــەرچاوەکان هۆزی ئاکۆ بە بەشــێك لە ئیلی بڵباس دادەنێین (هومر، ٢٠٢٣، ٩١)، کە یەکێکیش لەوانە لە ئینســـاکلۆپیدیای هۆزەکانی عێراقیدا، کە هۆزی ئاکۆ بە بەشـێك لە هۆزی بلباســی هەژمارکردووە (العامري، ٢٠٠٩، ج:٦، ١٥٥). لەگەڵ ئەمەشدا ئەرشیفەکانی دەوڵەتی عوسمانی ئاماژە بەناوی هۆزی ئاکۆ دەکەن و وەکو هۆزێکی ســــەربەخۆ و جیاواز لە هۆزەکانیتری ناوچەکە، کە بە شــێوەی "اکو عشـیرتی" ناوی ئەم هۆزە لە ئەرشـیفەکانی عوسـمانیدا هاتووە ( .BEO. 000784. 058761 003). ئەوەی لێرەدا جێگای سەرنجە ئاکۆ لە نێو ئەرشیفەکانی عوسمانیدا دەستەواژەی (عەشیرەت) بۆ هۆزی ئاکۆ بەکارهێنراوە، نەك وەکو هۆزێکی کوردی (قبيلة)، چونکە دەبێ بزانین کۆمەڵگەی کوردی بەمشـــێوەیە بووە، خێزان، بنەماڵە، تیرە، هۆز، خێڵ (BOA. A. DVNSMHM. 00024. 00129)، هــەروەهــا ســــەرچــاوە ئینگلیزییــەکــان و ئەرشیفەکانی بەریتانیش بەچەندین جۆر ناوی هۆزی ئاکۆ دەهێنن، لەوانە: ئاکۆ، ئاکو، ئەکۆ، ئەکو، ئاخۆ، ئاخو ( .Kurdistan and the Kurds' [57r] (113/122), 1 file (59 folios) .(It was created in 1919; File 4722/1918 Pt 8 'Mesopotamia: Situation' [ 97r] (204/995).

ســــەرەڕای ئەمانەش دەبینین لە شـــەرەفنامەدا، ناوی ئەم هۆزە دەگەڕێنێتەوە بۆ ســـەردەمی حوکمڕانی میرنشــینە کوردییەکانی ســەدەکانی ناوەڕاســت، بەتایبەتی بۆ حوکمڕانی کوردی بەناوی دەوڵەتی حەســـنەوەیهی[3]، کە گوایە یەکێك لە کوڕەکانی هیلالی کوڕی بەدری حەســـنەوەیهی بووە بە حوکمڕان و کاربەدەســـت لەناوچەکانی ئاکۆیەتی. ئەویش دوای ئەوەی هیلالی باوکیان دەکوژرێت، ئەوا کوڕەکیان دەبێتە جێنشـــینی باوکی[4] و بووە فەرمانڕەوای شـــارەزوور، کوڕێکیتریشـــی دەبێتە فەرمانڕەوای ناوچەکانی ئاکۆیەتی و ئەوەیتریشیان بەرەو ناوچەکانی ورمێ (ئورمیە) دەڕوات (بدلیسی، ٢٠٠٦، ٣٧٧).

بەڵگەنامە عوسمانییەکان زانیاری جیاوازمان پێدەدەن و بە هۆزێکی جیاواز لە پاڵ بڵباسەکان ناویان هاتووە، بەتایبەتی لە بەڵگەنامەیەکی عوسمانی کە مێژووەکەی

دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٥٧٣ کە ئەوکاتە هۆزی ئاکۆش یەکێک بووە لەو هۆزانەی لە چوارچێوەی ویلایەتی شارەزوور بووە و ملکەچی کاربەدەستانی ناوچەکە نەبوونە و باج و سەرانەیان بە دەوڵەتی عوسمانی نەداوە (رؤوف،٢٠١٢، ٢٧٤). هەروەها لە بەڵگەنامەیەکیتری عوسمانیدا کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٧٤٥ کە ناوی سەرۆکی هۆزی ئاکۆ لەگەڵ ناوی سەرۆکی بڵباس و چەندان بەگ و سەرۆك هۆزیتر هاتووە کە تیایدا فەمانێك بەسەر ئەم هۆزانی ناوچەکانی هەولێر و ڕاوندز و ناوچەکانی شارەزوور کراوە کە گیرایەڵی والی مووسڵ ببن و هاوکاری بکەن لەکاتی تێپەربوونی سوپای ئینکشاری بە ناوچەکانی شوێنی نشیتەجۆبوونی هۆزی ئاکۆ و بڵباس، هەروەها ڕۆیشتنی بۆ مەراغە و سابڵاغ (BOA. A. DVNSMHM. 00151.00049.). خورشید پاشا[٥]، نووسەری کتێبی (سیاحەتنامەی حدود) باسی هۆزی ئاکۆ دەکات و دەڵێت:

"ناوچەکانی ئاکۆ بریتین لە ٤٣ گوند و ژمارەی نێرینەیان شەش هەزار کەسە، ئەم هۆزە لەبەر ئەوەی ژمارەیان زۆرە، ماوەیەکی زۆرە هاتونەتە هەندێك گوندی نزیك کۆیە و لێی نیشتەجێبوون، سنووری هەوارە لەسەر چیای قەندیل نابەزێنن و بەملاو و بەولا پەل ناهاوێن و خەلێکیکی شکۆمەندن" (خورشیدپاشا، ٢٠٢٩، ٢٨٨).

هۆزی ئاکۆ لە چەند تیرەیەك پێك دێن، لەوانە: باشئاغایی، مەندەمەڕ، ناودەشت (ڕەژیکەیی)، باوەبییە، خەیلە، شارۆشی، بۆڵی و بابۆڵی، گولانی، دۆڵەرەقەیی، بابەکرئاغایی (سەرگەینێلی، ٢٠١٩، ١٠٤-١٠٥).

ئەوەی پەیوەستیش بێت بە شوێنی نیشتەجێبوونی ئەم هۆزە، بەشێوەیەکی گشتی لە دەوروبەری شاری ڕانیە و دۆڵی ئاکۆیان و ڕەواندز نیشتەجێبوون (هومر، ٢٠٢٣، ٩١)، هەروەها لە ناوچەکانی سەرکەپکان، ناودەشت، سەنگەسەر، چوارقوڕنە، بناری قەندیل، حاجی ئۆمەران، حاجیاوا، بەردەڕەش، هەولێر، دارەتوو (سەرگەینێلی، ٢٠١٩، ١٠١). هەروەها نەوشێروان مستەفا لەبارەی شوێنی نشتەجۆبوونی ئەم هۆزەوە دەڵێت "ئاکۆیەتی بەوناوچەیە دەڵێت کە هۆزی ئاکۆی تێدا دەژیت. ئاکۆ لەلای ڕۆژهەڵاتیەوە لەگەل مەنگوڕ، لەلای ڕۆژئاوایەوە لەگەڵ خۆشناو و لەلای سەرویەوە لەگەڵ باڵەك و لەلای خوارەوە لەگەڵ (سن، رەمك، پیران) کە سێ تیرەن لە بڵباس هاوسنوورە" (سەرگەینێلی، ٢٠١٩، ب١، ١٠٤).

ئەوەی لێرەدا دەردەکەوێت ئەم هۆزە لەکۆنەوە لەناوچە جوگرافیایە دیاریکراوەکەیدا هەبووە و دواتریش بە پێی گۆڕانی قۆناغە مێژووییەکان بە ناوچەکانیتری کوردستانیشدا پەرت و بڵاوبوونەتەوە. هەروەها ئەگەرچی بیربۆچوونی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

جیاواز لەناو نووسەران بەدیدەکرێت سەبارەت بەم هۆزە، بەڵام ئەوەی لەلامان ڕوونە ئاکۆ هۆزێکی سەربەخۆ و جیاواز بووە، هەروەها هەبوونی ئەم هۆزە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانی حوکمڕانی دەوڵەتی حەسنەوەیهی. لەهەمان کاتیشدا دەبینین ئەرشیفەکانی عوسمانی و بەریتانی زۆرجار باسی کاریگەری و پێگەی ئەم هۆزەیان لەناوچەکەدا کردووە، چونکە ئەم هۆزە جوگرافیاکەی کەوتبووە ناو جوگرافیای حوکمڕانی دەوڵەتی عوسمانی، هەروەها کەوتبووە سەر سنووری نێوان دەوڵەتانی عوسمانی و سەفەوی (ئێران).

**تەوەرەی یەکەم: ڕۆڵی سیاسی و سەربازی هۆزی ئاکۆ لەنێو میرنشینی سۆران دا:**

هەروەکو لە دەروازەدا ئاماژەمان بە شوێنی جوگرافی هۆزی ئاکۆ کرد، ئەوا ئەم هۆزە بەهۆی بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافییەکەیەوە هەمیشە پەیوەندیەیکی بەهێزی لەگەڵ میرنشینی سۆران[٦] هەبووە و پاڵپشتی سەرەکی میرانی ئەم میرنشینە بوونە، خودی ئەم پەیوەندییەش دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانی سەرتای درووستبوونی میرنشینەکە، بەڵام ئەوەی زیاتر شوێنەواری بەجێهیشتوە و سەرچاوەکان گرنگیان پێداوە، دەبینین هەر لەسەردەمی خانزادی سۆرانەوە ئەم پەیوەندیەی زیاتر بەدەر دەکەوێت و لەسەردەمی میر محەممەدیش ئەم پەیوەندیەی دەچێتە ترۆپکی دڵسۆزی و هاوکاری و هاوئاهەنگی یەکتری. هەربۆیە لەم دوو باسەی خوارەوەدا باسێکی خێراش بەنێو ژیان و کارەکانی خانزادی میری سۆران دەکەین و دواتریش باس لە میر محەممەد و هەوڵە سەربازییەکانی و رۆڵ و پێگەی ئاکۆییەکان لەنێو میرنشینی سۆراندا دەکەین.

**باسی یەکەم/ هۆزی ئاکۆ لەسەردەمی خانزادی میری سۆران (١٦٢٠ - ١٦٤٨):**

یەکێك لە میرەکانی میرنشینی سۆران ناسرابوو بە خانزادی میری سۆران، ناوبراو ناوی تەواوی خانزاد خاتوون کچی عومەر بەگی میری سۆرانە، لەدوای کوژرانی باوکی دەسەڵاتی وەرگرتووە و نزیکەی ٢٢ ساڵ حوکمڕانی کردووە (هەروتی، ٢٠١٨، ١٠٧)، بەڵام بەڵگەنامەکانی عوسمانی پێمان دەڵێن کە ناوبراو تاکو ساڵانی ١٦٤٨ز حوکمی کردووە و ئینجا کوڕەکەی هاتۆتە شوێنی (BOA.TSMA.E.1062.06, 1648,1).

خانزدا خاتوون لەدوای ئەوەی هاوسەرەکەی میر سلێمان شاکەلی لەلایەن عوسمانییەکانەوە لە بەغدا دەستگیرکرا، ئەوا سەرچاوەمان پێمان دەڵێن کە خانزاد خاتوون زۆر بە باشی جڵەوی دەسەڵاتی میرنشینەکەی گرتە دەست و خزمەتی میرنشینەکەی کردووە و کاتێکی زۆری تەرخانکردووە بۆ گوێگرتن لە کێشەکانی خەڵکی و چارەسەرکردنیان، ناوبراو لەماوەی حوکمڕانیدا چەندین کاری گرنگی وەکو دروستکردنی چەندین مزگەوت و قەڵای ئەنجانمدا. جگە لەوەش پایتەختی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

میرنشـــینەکەی لە قەلای دوینەوە گواســـتەوە بۆ هەریر، بۆ پاراســـتنی ئاســـایش پایتەختەکەی لە مەترســـی و هێرشـــی دوژمنان قەڵای کەلاسـۆی درووسـتکرد تەنانەت سـوپایەکی گەورەی ئامادە کرد و هێرشـی کردە سـەر زۆرێک لە شـارەکانی دەوروبەری میرنشینەکەی (زکي بك، ٢٠٠٠، ٢٣٤).

خانزاد لەماوەی حکمڕانی خۆیدا چەندین قەڵا و قولـــــــەی درووســــتکرد، لەسـەردەمی ئەودا ئاسایش بەجۆرێك بەرقرابوو کە تاکو ئێستاش خەڵك ستران بۆ یادی چاکی ئەو دەڵێن و شـاعیران لەسـەردەمی خۆیدا سـتایشـییان کردووە لەگرنگترین ئەو قەڵایانەی خانزاد درووسـتیکردون، بریتین لە قەڵای بانەمان، قەڵای بنەی هەریر، هەروەها قەڵایەکیتر لەناوچەی باڵەك لە ڕۆژهەڵاتی ڕایات(هەروتی، ٢٠١٨، ٩٠،٩١،٩٢).

تەنانەت دوای چەندین سەدە، ئەندازیاری بەریتانی "هاملتن" کە لەسالانی ١٩٢٧-١٩٣٢ز لە ناوچەکەدا ژیاوە و ڕێگای ناوداری ناســـراو بە (هاملتۆن)ی درووســـتکردووە، ناوبراو بە پشـــت بەســـتن بە قســـەکانی موکریانی لەبارەی خانزادەوە دەڵێت "خانزاد حوکمی لەوڵاتی فارسـەوە هەتا دەشـتی هەریر دەڕۆیشـت.. تەلارەکەیم بینی کە هێشـتا لەسەر شاخی هەریر بەپێوەیە" (هاملتن، ٢٠١٣، ٢١١؛ هەروتی، ٢٠١٨، ٩١-٩٢)[٧].

ئەوەی پەیوەسـتیش بێت بە پاڵپشـتی و ڕۆڵی هۆزی ئاکۆ لەو سـەردەمیدا، ئەوا دەبینین ئاکۆییەکان ئەوکاتە پاڵپشـــتی خانزادی ســـۆران بوونە، لەدواتریشـــدا خانزاد لەناوچەکانی ئاکۆیەتیدا پێگەیەکی بەهێزی هەبووە و هەمیشـــە ئاکۆییەکان پاڵپشـــتی خانزاد بوون، تەنانەت خانزاد خاتون یەکێك لەو قەڵایانەی ئاوەدانی کردۆتەوە ئەوا لە دۆڵی ئاکۆیان بووە، کە ئەم قەلایەش بە تەپکی خانزاد لە میرەبەگ ناســـراوە (ســـەرگەینێلی، ٢٠١٩، ١٢٨). تەنانەت ناســـاندنی خودی ناوی ناوچەکەش بە (میره بەگ) کە یەکێکە لە میرانی میرنشـینی سـۆران دەرخەری ئەو ڕاسـتییەیە کە پەیوەندییەکی بەهێز و پتەو لەنێوان هۆزی ئاکۆ و میرنشـــینی ســـۆران هەبووە. ئەمەش زیاتر لە قۆناغەکانی دواتریشـــدا دەبینین کە ئاکۆیەکان بەشـــداریەیکی چالاکیان لە رووی سەربازی و سیاسییەوە لەنێو میرنشینی سۆران هەبووە.

تەنانەت لە دواتریشـدا دەبینین ئەگەرچی نادرشـای ئەفشار (١٦٨٨-١٧٤٧) لەدوای هاتنە سـەر دەسـەڵات لە ئێران و ئەنجامدانی فراوانخوازییەکانی لەسـەرجەم ناوچەکانی دەوروبەریدا، تەنانەت بەرەو ناوچەکانی دەوڵەتی عوســـمانیش هات و زۆر ناوچەی دەســـت بەسـەرداگرت، بەڵام لەدوای ئەوەی سـەرکەوتوو نەبوو لە فراوانخوازییەکانی و لە خاکی عوسمانیدا کشایەوە، ئەوا دەبینین سوڵتانی عوسمانی بە فەرمی ڕێگا بە هۆزی ئاکۆ و

بڵباس دەدات کە دەتوانن هێرش بکەنە سەر خاکی ئێران و هەموو ئەو خاکانەی بەهێز و بازووی خۆیان دەستیان بەسەرداگرت بۆخۆیان دەبێت، هەربۆیە دەبینین ناوچەیەکی بەرفراوانی خاکی ئێران دەست بەسەردادەگرن و ئێستاش ئاکۆییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان (کوردستانی ژێردەستی ئێران) بوونیان هەیە (ڕؤوف، ٢٠١٢، ٢٧٧).

**باسی دووەم: ڕۆڵی سیاسی و سەربازی هۆزی ئاکۆ لەسەردەمی میرمحەممەدی سۆران:**

یەکێك لەسەردەمە هەرە بەهێز و دیارەکانی مێژووی میرنشینی سۆران دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی میرمحەممەدی ڕەواندز (١٨١٣-١٨٣٦)، ئەویش بەهۆی فراوانخوازییەکانی بۆ میرنشینەکە و هەوڵەکان و هەلگەڕانەوەکانی لەدژی دەوڵەتی عوسمانی و قاجاری. میرمحەممەد کوڕی میرمستەفا کوڕی ئۆغز بەگە، لە دوای زۆرتربوونی ململانێیە نێوخۆییەکانی میرنشینی سۆران، ئەوا دەبینین مستەفابەگی باوکی میر محەممەد بە راوێژی خێزانەکەی بەناوی "شازەمان" کە ژنێکی تێگەیشتو و زانابوو، ئەوا لە ساڵی ١٨١٣ محەممەدی کوڕە گەورەکەی خۆی لەسەردەستی گەورە و ڕیش سپییان کردە جێنشینی خۆی و دەسەڵاتی بە کورەکەی (میر محەممەد) بەخشی (موکریانی، ٢٠٠٧، ٢٢-٢٥). لەدوای ئەوەی میر محەممەد هاتە سەردەسەڵات، خودی جوڵانەوە و فراوانخوازییەکانی وایکرد میر محەممەد مەترسییەکی زۆر بخاتە دەوڵەتانی عوسمانی و قاجاری، هەروەها ئەمەش بووە هۆی تێرامانی دەوڵەتانی زلهێزی ئەوکاتیش، بەتایبەتی دەوڵەتانی بەریتانی و ڕوسیا و ئەڵمانیا (عەلی، حاجی، ٢٠١٦، ٢٩-٣٠). تەنانەت لەگەڵ هاتنە سەردەسەلاتیشی ئەوا دەبینین مەرجی لەسەر باوکی خۆی (مستەفا بەگ) دانا، تاکو لە ڕەواندز دووربکەوێتەوە و بچێتە ناوچەی ئاکۆیەتی و لە وێ نیشتەجێ ببێت. سەرئەنجامیش هەروابوو چووە ناوچەی ئاکۆیان و لەوێدا مایەوە (بەحرکەیی، ٢٠١٩، ١٣٧). هەروەکو دەبینین قەڵای ئاکۆیانیش لەناوچەی ئاکۆیاندا هەیە، کە هی سەردەمی میر محەممەد بووە و مستەفا بەگی باوکی لەوێدا نیشتەجێبووە (سەرگەینێلی، ٢٠١٩، ١٤١).

پێدەچێت هەڵبژاردنی ئەم شوێنە بۆ مانەوەی ژیانی باوکی لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت کە میر محەممەد لە پاڵپشتی و پشتیوانی ئاکۆیەیکان دڵنیابووە و زانیویەتی ئاکۆییەکان پشتیوانێکی گرنگی میر محەممەدن، هەروەها پێشینەی لەمێژینەی هۆزی ئاکۆی بینیبێت کە هەمیشە لەکاتی شەڕ و جوڵانەوەکاندا پاڵپشتی میرنشینی سۆران بوون. لەدواتریش دا ئەم پاڵپشتیانەی ئاکۆییەکان بۆ خودی میر محەممەد زیاتر بەدەرکەوت. هەروەکو دەبینین لە نامەیەکی میر محەممەد دا کە لە ساڵی ١٨١٦ ئاڕاستەی سولتان مەحمودی دووەم (١٧٨٥-١٨٣٩) سولتانی عوسمانی کردووە، کە تیایدا



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوە کوردی

شـــكايەتی لە دەوڵەتی قاجاری كردووە و ناڕەزیەتی لە ســـیاســـەت و جوڵانەوەكانی قاجارییەكان بەرانبەر بە كورد و كوردستان كردووە. بۆ ئەمەش دەبینین چواردە سەرۆك هۆزی كوردی پاڵپشـتی ئەم شـكایەت و ناڕەزایەتییەی میر محەممەدن، كە یەكێكیش لەوانە سـەرۆكی هۆزی ئاكۆیە. هەروەها لەگەڵ مۆری میرمحەممەد، ئەوا مۆری مستەفا بەگی باوكیشـــی لەنامەكەدا دەبینرێت، لەپاڵ ئەمانەشـــدا هۆزەكانیتریش هەبوون، وەكو: زراری، برادۆسـت، رەوەنددۆك، خۆشـناو، سـورچی، بڵباس، گەردی، باڵەك، مزووری، زێباری، لەك، هەركی. هەروەها ســـەرۆكی هۆزی ئاكۆش لەم نامەیەدا ناوی دەبینرێت و مۆری تایەبتی خۆی لە نامەكە داوە[8].

تەنانەت خەڵك و گەورەكانی هۆزی ئاكۆ بەردەوام بەشـــداربوون لە جوڵانەوە و سیاسەتكردنی میر محەممەد دا، بەتایبەتی مارف ئاغا، موراد ئاغا، حارس ئاغا، محەممەد ئاغا كە هاوسەردەمی میر محەممەد بوون و بەشدارییەكی چاالكانەیان لە حوكمڕانی و هەڵمەتەكانی میرنشـــینی ســـۆران كردووە (ســـەرگەینێلی، ٢٠١٩، ١٢٨). هەر لەو سـەردەمیش دا دەبینین لەنێو میرنشـینی سـۆراندا كۆنفیدراسـیۆنێك لەنێوان هۆزەكانی (باڵەك، سورچی، برادۆست، خۆشـناو، شـێروانی، ئاكۆ) درووست دەبێت و ئاكۆییەكانیش وەكو بەشـــێك لەمم كۆنفیدراســـیۆنە دەبن، كە ئەویش لە پێناوی خزمەتكردن بە میرنشینی سۆران بووە (مزوری، ٢٠٠٦، ١٦٩).

هەروەها ڕۆڵ و پێگەی كاریگەری ســـەرۆك هۆزانی ئاكۆ، بەتایبەتی تیرەی ئاكۆ باشـئاغاییەكان ڕۆڵێكی گرنگیان لەنێو میرنشـینی سـۆراندا بینی و بەشـداری چەندین شـــەڕ و جوڵانەوەیان كردووە. هەروەكو دەبینین میر محەممەد لە ســـاڵی ١٨٣٢ فەرمان بە عەبدوڵڵا ئاغای ئاكۆیان دەكات تاكو شـــاری ئاكرێ یاخود قەڵای ئاكری دەســـت بەســـەردابگرێت، كە ئەوكاتە زێبارییەكانی تیدابووە. لێرەدا عەبدوڵڵا ئاغا لەگەڵ دوازدە هەزار ســـەربازەوە ئەم هەڵمەتە ئەنجام دەدات و شـــارەكەش دەگرێت، كە زۆرینەی ســـەربازانی ئەم هەلمەتەش لە هۆزی ئاكۆبوون (مزوری، ٢٠٠٦ ، ٢٣٧). هەر لەم ســـەروبەندانەشـدابوو كە حەمەد ئاغای ئاكۆیان ناســـناوی باشـــئاغایی لەلایەن میر محەممەدەوە پێدراوە، چونكە لەوكاتەدا لەشـەڕێكی نێوان میرنشـینی سـۆران و بادینان بووە، لەم شـەڕەدا حەمەد ئاغا ســـەرپەرشـــتی هێزی ئاكۆیەكان دەكات و لەشـــەڕەكەدا زۆربەی ســـوپای میر محەممەد دەشـــكێت، بەڵام ئاكۆییەكان دەمێننەوە و بەردەوام دەبن لەشەڕكردن، هەربۆیە ئەمە دەبێتە هۆی سەركەوتنیان لەشەڕەكە و ناسناوی باشئاغاییان لەلایەن میر محەممەدەوە پێدەدرێت (ســـەرگەینێڵی، ٢٠١٩، ٤٧٠-٤٧١). تەنانەت لەدوای لەناوچوونی میر محەممەد، ئەوا دەبینین مارف ئاغای ئاكۆش لەلایەن عوسـمانییەكانەوە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆلینێن کوردی

کوژراوە و ئاکۆییەکان ناوچەکانیان تالانکراوە، چونکە بەشێك لە خەڵکی و لایەنگرانی میر محەممەد، هەروەها خزم و کەسی میر محەممەدیش لەدوای نەمانی میر محەممەد، پەنادەبەنە بەرناوچەکانی ئاکۆیان و لەلایەن مارف ئاغاوە داڵدە دەرێن، بێگومان دەوڵەتی عوسمانیش زەبر و جوڵانەوەکانی مارف ئاغای لەبیر نەکردووە کاتێ لەسەردەمی میر محەممەد دا چ رۆڵێکی هەبووە، هەربۆیە دەیکوژن (سەرگەینێلی، ٢٠١٩، ١٣١ ، ١٤٣).

ئەمانە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە هۆزی ئاکۆ هەمیشە پاڵپشتی میر محەممەد بووە، کوژرانی مارف ئاغاش بەدەستی عوسمانییەکان بەهۆی کاریگەری پەیوەندی و دڵسۆزی مارف ئاغا بۆ میر محەممەد و میرنشینەکەوە بووە، هەربۆیە بۆ کۆتایی هێنان بەتەواوی هەموو دەمار و دەست پێوەندەکانی میر محەممەد، ئەوا دەوڵەتی عوسمانی بیری لە لەناوبردنی کەسانیتریش کردۆتەوە، خودی مارف ئاغای ئاکۆیانیش نموونەیەکی روونە.

خۆشەویستی و ناوداری ئاغایانی ئاکۆ وایکردووە نەك تەنها خەڵکی ناوچەکە، بەڵکو کورد بەگشتی بیناسن و خۆشەویستییان بۆی دەرببڕن، تەنانەت ناو و ناوبانگی و خودی کوژرانی ئاغایانی ئاکۆش لە شیعری شاعیرانی کلاسیکیدا ڕەنگیداوەتەوە و باسکراوە، بۆنموونە لە شیعرێکی شێخ ڕەزای تاڵەبانیدا بەناونیشانی " بۆ موراد ئاغای ئاکۆ" لە یادکردن و باسی مارف ئاغا و مورد ئاغادا دەڵێت:

ڕوخاندی گەردشی گەردوون لە هەر جێ ئاستانێ بوو
سوتاندی چەرخی دوون پەروەر لە هەر کوێ ئاشیانێ بوو
وەکو تەیی سجل للکتب پێچایەوە گەردوون
لە هەر مهمانسەرا ئاساری سفرە و نان و خوانێ بوو
بە حاتەم گەر بکەی تەشبیهی ئەم ئاغایە بێ عەقڵی
کە فەرقی ئەم لەگەڵ ئەو ئاسمان و ڕیسمانێ بوو
درێغ بۆ خانەدانی مارف ئاغای سەروەری ئاکۆ
کە جێگەی عەیش و عەشرەت، مەنبەعی ئەمن و ئەمانێ بوو
لە جوود و بەخشش و ئەنعامی خۆی و قەوم و ئەتباعی
وەکوو شانامە و ڕۆستەم لە هەر جێ داستانێ بوو
کەیومەرسی دووەم، جەمشیدی سانی، خوسرەوی سالیس
سولەیمانی زەمان، ئەسکەندەری ساحێبقرانێ بوو


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

شەوی وەک زوڵفی یارە و ڕووی حەسوود و بەختی من تاریک
لەگەڵ دیجوور و یەلدا وا حیساب کە تەوئەمانێ بوو
بە نامەردی شەهیدیان کرد وەکوو حەمزە و عومەر، دوژمن
موراد ئاغا کە ڕۆژی جەنگ و دەعوا قەهرەمانێ بوو
کەسێ ئەم سەروی ڕەعنایەی لە پێ خست گەردنی بشکێ
چ زێبا سوورەتێ، یا ڕەب، چ شیرین نەوجەوانێ بوو
موورادیان بۆیە ناو نابوو لە وەختی بەخشش و ئینعام
لەبۆ بابی موراد دەستی کەریمی نەردەبانێ بوو
لە حەق شێخ و مەلا و دەروێش و سۆفی سائیل و سەییاح
وەکوو حاتەم شەفیق و دڵنەواز و میهرەبانێ بوو
ئیتر نەتبێ لە موڵکی ڕۆم ڕەزا ئوممێدی ئاسایش
لە پێش ئەم کارەدا هێشتا ئومێدی پارچە نانێ بوو

(سەرگەینێلی، ٢٠١٩، ٤٧٧).

هەروەها شێخ ڕەزا لە چوارینەیەکیشیدا بە زمانی فارسی لەبارەی مارف ئاغاوە دەڵێت:

شعار خويش مكن شيوه، هلاكو را
بجان من كه مر بخان رئيس اكو را
مخو قريب بحرف و دروغ مودعيان
زينده بشنو، مشنو حديسى به كورا

واتە:

دروشمی خۆت وەکو دروشمی هۆلاکۆ لێمەکە
توگیانی من سەرۆکی ئاکۆیان مەڕەنجێنە
بەقسەی درۆی لاف لێدەران فریومەخۆ و هەڵمەخەڵەتێ
گزوێ لە قسەی چاک بگرە و قسەی بەدگۆ مەبیستە

(سەرگەینێیلی، ٢٠١٩، ٤٧٦).

ئەوەی لەم تەوەرەیەدا بۆمان دەردەکەوێت کە هۆزی ئاکۆ بەردەوام هاوسۆز و پاڵپشتی میرنشینی سۆران بوونە، ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ هەڵکەوتەی جوگرافی ناوچەکەیان کە ڕاستەوخۆ کەوتبووە سەر سنووری نێوان بابان و سۆران، بەتایبەتی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

جوگرافیایەکی زۆری خاکی ئەم هۆزە و دانیشتوانی هۆزی ئاکۆ لە دۆڵی ئاکۆیان نیشتەجێن کە ئەم شوێنەش زۆر لە شاری ڕەواندزی پایتەختەکەی میر محەممەدی سۆران نزیکە. جگە لەمەش ئاغاکانی ئاکۆیان بەشداری جوڵانەوە سیاسی و سەربازییەکانی میرنشینی سۆران بوونە و هەمیشە جێگای متمانە و پێشت پێبەستانی میر محەممەد بوون. تەنانەت بۆ شەڕی سەخت و چارەنوسسازەکانیش هەمیشە پشتی هۆزی ئاکۆ و ئاغاکانی ئەم هۆزە بەستووە. لەدوای نەمانی میر محەممەدیش، دەبینین لایەنگران و خزم و کەسی میر محەممەد لەلای ئاکۆیەکان پەنادراون و مارف ئاغای ئاکۆ خزمەتی کردوون، تاکو ئەوکاتەی دەوڵەتی عوسمانی مارف ئاغاش دەکوژێت، چونکە دەزانێ بە لەناوچوونی میر محەممەدیش، ئەوا لایەنگران و دۆستانی ئەو هەرماون، بۆیە بە لەناوبردنی مارف ئاغا و هاوشێوەکانی دەتوانێت کۆتایی بە پاشماوەی میرنشینی سۆران بهێنێت و مەترسی دروستبوونەوەی ئەم میرنشینە نەهێڵێت.

**تەوەرەی دووەم: ڕۆڵی هۆزی ئاکۆ لەنێو جوڵانەوە کوردییەکانی کۆتایی سەدەی ١٩ و سەرەتای سەدەی ٢٠**

هەر لەدوای ڕوخانی میرنشینە کوردییەکان بەتایبەتی میرنشینی سۆران لە ١٨٣٧ و میرنشینی بابان لە ١٨٥١ ، کە هۆزی ئاکۆش کەوتبووە نێوان ئەم دوو میرنشینە و سەر سنووری ئێران، ئەوا دەبینین ماوەیەك جوڵانەوە کوردیەیکانیش کپ بوون و دەسەڵاتی ناوەندی و دەسەڵاتی عوسمانییەکان لەم کاتانەدا زیاتر دەرکەوتووە و هیچ جوڵانەوەیەکی نەتەوەی بیۆماوەیەك بەدی ناکرێت لەناوچەکانی ئاکۆیان. تاکو کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە ئینجا دووبارە جوڵانەوە نەتەوەییەکان دەستپێدەکەنەوە و لەم جوڵانەوانەشدا هۆزی ئاکۆ خاوەنی پێگە و مەکانەتێکی تایبەت بووە و ڕۆڵیان بینیوە، لە دیارترین ئەو جوڵانەوانەی ئەوکاتیش بریتی بوون لە جوڵانەوەی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری (١٨٨١) هەروەها جوڵانەوەی هەمزەئاغای مەنگوڕ و هەوڵ و تەقەلاکانی حەمەئاغای گەورە بۆ بەرگری لە خەڵکی هەژار و خزمەتکردنی شاری کۆیە[٩]. ئەمەش لێرەدا بەدیدەکەین ئەوەیە کە هۆزی ئاکۆ لەدوای کوژرانی مارف ئاغای ئاکۆ و لەناوچوونی میرنشینی سۆران، بەردوام لەگەڕاندا بووە بۆ هەوڵێك تاکو وەکو تۆڵەیەك لەدژی عوسمانییەکان بجەنگن، هەروەکو دەبینین لەدواتردا لە شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلای نەهریدا بەشداریەیکی چالاکانەیان دەبێت (سەرگەینێلی، ٢٠١٩، ١٤٤).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکولینێن کوردی

**باسی یەکەم/ ڕۆڵی هۆزی ئاکۆ لە نێو شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری ١٨٨١:**

شێخ عوبەیدوڵلای نەهری[١٠] لەگەڵ دەستپێکردنی شۆڕشەکەی لە ساڵی ١٨٨١، دەبینین کوردانی پارچەکانیتری کوردستانیش بەشداری ئەم شۆڕشە نەتەوەییە بوون کە تیایدا ئامانجی سەربەخۆیی کوردستان بوو. یەکێ لەو هۆز و لایەنانەش ئەوا هۆزی ئاکۆ بوو بەشدارییان کردوە، بەتایبەتی سەرۆك هۆزەکانی ئەوکاتەی ئاکۆیان بریتی بوون لە کاکەڵلا ئاغا و مامەند ئاغا و سوارئاغا، کە ئەمانە ئەوکاتی گەورە و سەرۆکی هۆزی ئاکۆیان بوون (سەرگەینێلی، ٢٠١٩، ١٤٩).

ئەمەش شتێکی پشتڕاستکراوەیە لەلایەن نووسەرانەوە، بەتایبەتی بە پشت بەستن بە بەڵگەنامە قاجارییەکانی ئەوکاتی کە پیشانی دەدەن ئاکۆییەکان بەشداری ئەم شۆڕشە بوون، هەروەکو عومەر فاروقی لە کتێبەکەیدا ئاماژە بە بەلگەنامەیەکی قاجاری بە کۆدی (١٢٩٨/٥٨ - ذلقعدة) کە تیایدا چەند هۆزێك ئاماژە پێدەکات کە بەشداری ئەم شۆڕشە بوون، یەکێکیش لەوانە هۆزی ئاکۆ بوو، لە پاڵ هۆزەکانیتری مەنگوڕ و پیران و زەردویی و مامەش و زازا و بالەك و گورگ (فاروقی، ٢٠١٤، ٦٤).

هەروەها لە سەروبەندی شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵلای نەهریدا، لە ڕێکەوتی ٣/ ربیع الثاني/ ١٢٩٨ (١٨٨١/٣/٤) نامەیەکی بۆ محەممەد ئاغای ئاکۆ (حەمەد ئاغا)ی باوکی مامەند ئاغا ناردووە و تیایدا لەبارەی هەوڵ و تەقەلای دەستپێکردنەوەی شۆرش زانیاری پیداوە (سەرگەینێلی، ٢٠١٩، ١٥٩).

لە نامەیەکیتری شێخ عوبەیدوللای نەهریدا، لە ڕێکەوتی ١٨٨١/٢/١٢ زاینی (١٢/ ربیع الأول/ ١٢٩٨ کۆچی)، کە تیایدا شێخ عوبەیدوڵلا نامەی بۆ محەممەد ئاغای کۆیانی بە دۆستی ڕاستگۆی پایەبەرز ناوبردووە (سەرگەینێلی، ٢٠١٩، ١٥٤) و شێخ عوبەیدوللا خۆی نامەکەی مۆرکردووە و کورتەیەك لە هەواڵ و سەردانەکەی کۆلۆنێل ئەحمەد بەگی یاوەری جەنگی سولتان عەبدولحەمیدی دووەم (١٨٧٦-١٩٠٨) بۆ محەممەد ئاغای ئاکۆ ناردووە و داوادەکات کە هەرکات ئەحمەد بەگی یاوەری سوڵتان سەردانی ناوچەکەتانی کرد ڕێزی لێبگرن، چونکە بەپێی سەرچاوەکان محەممەد ئاغای ئاکۆ وەکو گیانفیدا و دڵسۆزی شێخ عوبەیدوڵلا بووە (سەرگەینێلی، ٢٠١٩، ١٥٦)، خودی نامەکەش بەمشێوەیە دەڵێت:

دۆستی پایەبەرز محەممەد ئاغای ئاکۆ، خوا بیپارێزێ..



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

دوای گەیاندنی سڵاوی ئەوپەڕی دۆستانە. ئەگەر لە ڕووی دۆستایەتی و ڕاستییەوە، لەمن بپرسیت، سوپاس بۆ خوا و دونیا و کاروباریش بەدڵی دڵسۆزانە، لەلایەن دەوڵەتی پایەبەرزی عوسمانییەوە، جەنابی بەختەوەر، جەنابی ئەحمەد بەگی یاوەری تایبەتی حەزرەتی موبارەکی شاهانە، بۆ هەندێ کاری تایبەتی و نهێنی هاتووە. لە هیمەتی پیرانی مەزنەوە ئەوەی مەبەست و ئاواتی ئێمە بووە، هەر ئەمەیە، کە لەهەموو دەوڵەتاندا عەجەمیان بەناهەق داناوە، هەقیان بە ئێمە داوە. بۆ ڕێنوێ"ی و شارەزاییش، جەنابی یاوەر و هاوڕێکانی، نووری چاوان شێخ عەبدولقادر و شێخ محەممەد سەعیدم تا رەواندز و هەولێر لەگەڵدا ناردوون. بۆیە بە پێویستم زانی پێشتر ئێوەش ئاگاداربکەمەوە، تا پێشوازی و چاوپێکەوتنی ناوبراو بکەن، چونکە لە هەموو ڕوێکەوە ئاگاداری هەموو شتێکن و هەموو باسێکتان بەتەواوی بۆ شیدەکەنەوە.

بەکورتی لەلایەن دەوڵەتانەوە کاروبار بەدڵی ئێمەیە. ئەوەندە هەیە دەبێ خەڵکی کوردستان یەکدل و یەکگرتووبن، سوپاس بۆخودا کوردستانی قۆڵی ئەناتۆڵ (واتە: کوردستانی ژێردەستی عوسمانی و ئەوپەڕی باکور و ڕۆژئاوا) یەکدڵ و یەکگرتوون. هیوادارم لە قۆڵی عێراقیشەوە هەروابن. غیرەتی ئایین و ئیسلامیش لەدەست مەدەن. هەمیشە چاوەڕێی مژدەی سەلامەتیتانم. ئیتر بەدوعا.

١٨٨١/٢/١٢ زاینی (١٢/ ربیع الأول/ ١٢٩٨ کۆچی)" (حەمەباقی، ٢٠٠٠، ٢٣٣-٢٣٤).

ئەوەی جێگای سەرنجە، ناردنی ئەم نامانە بۆ کوردانی سەرسنوور بەڵگەی هەوڵدانی شێخە بۆ دەسپێکردنەوەی شۆڕش، هەروەها خودی ئەم نامەیەش تەنها بۆ سەرۆك هۆزی ئاکۆ نەنێردراوە، بەڵکو بۆ مەمەند ئاغای پیرانیش نێردراوە (حەمەباقی، ٢٠٠٠، ٢٣٤)، تەنانەت خودی ناردنی ئەم نامانە لەلایەن شێخەوە بۆ سەرۆك هۆزەکانی سەر سنووری ئێران – عوسمانی بەتایبەتی هۆزەکانی مامەش، ئاکۆ، جاف، بڵباس لە ئەرشیفی عوسمانیشدا ڕەنگی داوەتەوە و ئاماژە بە هەمان ڕاستی ناردنی ئەم نامانە دەکرێت. بەتایبەتی لە بەڵگەنامەیەکی عوسمانیدا کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ چەند مانگێك بەر لەدەستپێکردنی شۆڕشەکە، ڕێك لە ڕێکەوتی ١٧/ ٨/ ١٢٩٥ ڕۆمی، ١٨٧٩/٨/٢٩ و تیایدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات شێخ عوبەیدوللا نامەی بۆ هۆزەکانی مامەش و ئاکۆ و هۆزەکانی نیشتەجێی لاهیجان ناردووە، لەگەڵ نامەکەشیدا شێخ سدیقی کوڕی بۆ ناوچەکان ناردووە و داوای یەکبوونی کوردەکان و پاڵپشتی و هاوکاری لەم هۆزانە دەکات بۆ دەستپێکردنی شۆڕشەکەی ( BOA. ŞFR. 00112. 00060.001 ; BOA. ŞFR. 00112. 00060.002).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینێن کوردی

خودی ناردنی ئەم نامەیەی شـــێخ بۆ محەممەد ئاغای ئاکۆ، دەرخەری ئەو ڕاســتییەیە کە هۆزیە ئاکۆ بەشــداری شــۆڕشــی شــێخ عوبەیدوللای نەهرین و هەمیش ئاگاداری بارودۆخی سیاسی و سەربازی ئەوکاتەی کورد و کوردستان بوون. ئەگەر وورد ببینەوە لەنامەکە بۆمان دەردەکەوێت کەوا شێخ عوبەیدوللا سەرۆکی هۆزی ئاکۆیانی بەدۆستێکی دڵسۆز زانیوە و ئەمەش دەرخەری هەستی نەتەوەیی و ڕۆڵی هۆزی ئاکۆیەکانە لە جولانەوەی ڕزگاریخوازی و ناســیۆنالیســتی کوردیدا. زیاتر لەمەش لە بەلگەنامەیەکیتری قاجاریدا، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ١٨/ ربیع الثاني/ ١٢٩٨ کۆچی، ١٨٨١/٣/١٩ زاینی، کە تیایدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات شــێخ عەبدولقادر[١١] کوڕی شــێخ عوبەیدوللای نەهری لەگەڵ چەند ســەرۆك هۆزێك بە هەندێك کاروباری دەورانی شۆڕش چوونەتە هەولێر و ماوەیەکیش لەوێ ماونەتەوە، لەو سەرۆك هۆزانەش بریتی بوون لە: هەمزەئاغای مەنگوڕ، محەممەد ئاغای ئاکۆ، هەروەها ســـەرۆکی خێڵی نورەدینی (حەمەباقی، ٢٠٠٠، ٢٥٣).

**باسی دووەم: هەلوێستی هۆزی ئاکۆ لە ململانێی نێوان حەمەئاغای کۆیە[١٢] و سەیید ئەحمەد بەرزنجی دا:**

لە پاڵ خێرخوازی و دەوڵەمەندی و پیاوچاکییەکەیدا، حەمەئاغای کۆیە کەسێکی بوێر و چاونەترس بووە، ئەم بوێرییەشی نەك هەر لە شاری کۆیە و دەوروبەری، بەڵکو بوێرییەکەی گیشتۆتە شاری ڕانیە و دەوروبەریشی، بەتایبەتی ئەوکاتەی نێوانی لەگەڵ سەیید ئەحمەدی بابە ڕەسول، کە لە ساداتی سلێمانی بوو، تێکدەچێت، کە ناوبراو لە ســەردەمی عوسمانلییەکاندا فەرمانی حکومەتی بۆ دەرچوو بە قائیمقامیەتی ڕانیە، حەمەئاغا، بگرە تێکڕای غەفوورییان، بەرژەوەندییان لەوەدا نەدیت دەسەڵاتدارێکی وەکوو سەیید ئەحمەدی بابە ڕەسول لە ڕانیە ببێتە قائیمقام و لەنگەری دەسەڵات بە بارێکدا بچێت کەوا ڕەنگە بەزەرەری خۆیان تەواو ببێت، حەماغا وەڵامی بۆ سەیید ئەحمەد نارد واز لەو نیازە بهێنێ و ڕێی ڕانیە نەگرێتەبەر، سەیید ئەحمەد بەوەدا ڕژدتر بوو لەســەر مەبەســتەکەی و بڕیاری دا بە شــەڕیش بێت هەر بچێت بۆ ڕانیە"[١٣]. هەربۆیە سەرئەنجام شەر لەنێوانیان ڕوودەدات (BEO_001874_140494_005_002). کە بە شەڕی (خدران) خدران ناسراوە، ئەم شەرە لە نێوان هێزەکەی سەیید ئەحمەد و هێزەکەی حەمەئاغا بە سەرۆکایەتیی (قادر ئاغا[١٤]) دروست دەبێت و بە شکستی لایەنگرانی حەمەئاغا کۆتایی پێ دێت[١٥]. بۆ ئەم شەڕە حەمەئاغاش لەشکرێکی لە هۆزەکانی ئاکۆ و بڵباس و خۆشناو و خەڵکی کۆیە درووستکرد، کە ژمارەیان دوو هەزار کەس دەبوو،



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆلینین کوردی

سەرجەم تێچوونەکانی وەك مەسرەفی خواردن و ئامادەکارییەکانی ئەم شەڕەش لە ئەستۆی حەمەئاغا بوون...[16] خودی بەڵگەنامەکەش دەڵێت:

بۆ بەڕێز: داواکاری گشتی لە موسڵ، وێنەیەك لە تەلگرافنامەی بەرواری ٢٧- شوبات- ١٣١٨ی ڕۆمی:

لە نێوانی گەورەکانی بەرزنجە شێخ ئەحمەد ئەفەندی و حەمەئاغای کۆیە هەندێ ڕووداوی دووبەرەکی ڕوویان داوە کە سەیید ئەحمەد هەڵساوە بە کۆ کردنەوەی هۆزەکانی وەکوو شێخبزێنی و شیر و بورتاس، ئینجا هێرشی کردووەتە سەر گوندەکانی ژێردەستی حەمەئاغا و دوای تاڵانکردنی گوندەکە و کوشتنی خەڵکی گوندەکانی سەر بە ناوبراو، ئینجا حەمەئاغاش بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوە و بەرگریکردن دەستی کردووە بە کۆکردنەوە و وەرگرتنی هاوکاری لە هۆزە کانی مەنگوڕ و ئاکۆ و چەند هۆزێکی تری ناوچەکە و دەستی کردووە بە بە ڕاونانی شێخبزێنییەکان و کوشتن و بڕینی ئەوان. بەمەش داواکارانی گشتی لە سەنجاقی کەرکوك و سلێمانی ئاڵوگۆڕی نامەیان کردووە لە نێوان سەرۆکی هۆزەکاندا، ئەمەش بە مەبەستی تەمبێکردن و لێپێچینەوەی ئەم تاوانە و هەروەکوو لەلایەن فەرمانبەرانی دادوەری ویلایەتەوە بە نوسراوی بەرواری ٢٢- أغوستوس- ١٣١٧ی ڕۆمی بە مەبەستی ئاگاداربوون لە ڕووداوەکان و باوردۆخی ناوچەکە شورای دەوڵەت و سەرۆکایەتیی پایەداری دەوڵەت بە مەبەستی لێکۆڵینەوەکردن لەم ڕووداوانە ئاگادار کردووەتەوە (BEO_001874_140494_003_001).[17]

ئەوەی جێگای سەرنجە و بە وردبونەوەمان لە بەڵگەنامە عوسمانییەکان بۆمان دەردەکەوێ، هۆزە کوردییەکانی وەکو ئاکۆ و بلباس و خۆشناو، هاوسۆزی حەمە ئاغا بوونە و لە ڕووبەڕووبونەوەی لەگەڵ سەیید ئەحمەد دا لایەنگیری حەمە ئاغایان کردووە (BEO_001874_140494_003_001).

ئەگەرچی لە مەیدانی شەڕدا سوپاکەی حەمەئاغا شکستی هێنا، بەڵام لە ئەنجامدا هەر حەمەئاغا سەرکەوتوبوو لە پێکاندنی ئامانجەکەی و توانیی نەهێڵێت سەیید ئەحمەد لە پۆستی قائیمقامی ڕانیە بمێنێتەوە، تەنانەت کوێخا حەویز، کە بەشداریی شەڕەکەی کردبوو، دەڵێت: "دەوڵەتی عوسمانلی ویستی قەرەبووی خەسارەکەی حەمەئاغا بکاتەوە، بەڵام حەمەئاغا گوتبووی "هیچ خەسارەم لێنەکەوتووە"[18].



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

**باسی سێیەم/ ڕۆڵی هۆزی ئاکۆ لە بەرەنگاربوونەوەی ڕووس و ئینگلیزەکان:**

لەگەل دەستپێکی جەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٤-١٩١٨) و فراوانخوازییەکانی ڕوسیا و بەریتانیا بۆ ناوچەکانی کوردستان بەگشتی[١٩]، ئەوا دەبینین کاتێك ڕووسیا لە قوڵی سەردەشتەوە هێرش دەکاتە سەر پشدەرییەکان، ئەوا هۆزەکانی ئاکۆ و مەنگوڕ و بلباس بەرگریاین کردووە و سوپای ڕووسەکانیان ناچارکردووە بکشێتەوە (کاکەمین، ٢٠١١، ٣١-٣٣). بەڵگەنامە بەریتانییەکان ئاماژە بە ئافرەتێکی ئاکۆیان دەکەن کە لەشەڕی ڕووسەکاندا بەشداری کردووە وتوانیویەتی ڕۆڵی هەبێت لەدەرکردنی ڕووسەکان لە زۆربەی گوندەکانی ئاکۆ، ئەو کەسەش ناوی فاتیمەخانمە، خێزانی عەزیز ئاغایە و دوای مێردەکەی بۆتە گەورەی گوندەکەی خۆی و لە گوندی فەقێیان نیشتەجێبووە، ئافرەتێکی لێهاتوو و زیرەك و چاونەترس بووە و بەتەمەن بووە، فاتمەخانم زۆر لە سەرۆك هۆز و پیاوانیتر لێهاتوتربووە (Personalities, 1919, 13).

ئەوەی پەیوەست بێت بە هەڵمەتی فراوانخوازییەکانی بەریتانی و دەست بەسەرداگرتنی میراتی دەوڵەتی عوسمانی و ناوچە کوردنشینەکان، ئەوا دەبینین ڕانیە و ڕەواندز و ناوچەکانیتری ئاکۆنشینیش کەوتونەتە ژێر هەڵمەتی بەریتانییەکان، بەتایبەتی لە سالانی کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، لەم کاتەدا دەبینین مامەند ئاغا[٢٠]ی سەرۆکی هۆزی ئاکۆ بڕیاری ڕووبەڕووبونەوەی هێزەکانی بەریتانی ببێتەوە، هەروەها غەفورخانی سەرۆکی تیرەی باوەبیەیکانی هۆزی ئاکۆش بەشداری ئەم شەڕەدەکات و ڕۆڵێکی باش دەگێڕێت[٢١]، بەڵام سەرئەنجام مامەند ئاغا و هێزەکەی ناچاردەبن پاشەکشێ بکەن و خۆی و چەندین خێزان لە هۆزی ئاکۆ بەرەو ڕۆژهەلاتی کوردستان دەڕوات، لەوێش گوندێك دەکرێت بەناوی (سندوسی نەغەدە) و لەوێ دەمێنێتەوە، تاکو کوڕەکەشی بەناوی هەباس ئاغا لە ساڵی ١٩٢٢ لەو گوندە (سندوسی) لەدایك دەبێت، بەڵام بەریتانیەیکان هێشتان وازناهێنن، بەڵکو لە ساڵی ١٩٢٢ سەرکەپکان بۆردومان دەکەن کە شوێنی نیشتەجێبوونی مامەند ئاغابووە لە پێشتردا (سەرگەینێلی، ٢٠١٩، ١٧١-١٧٢). ئەمەش دەرخەری ئەوەیە ناوبراو دژی هەموو داگیرکاریەیك بۆ کوردستان وەستاوەتەوە و هەمیشە پاڵپشتی جوڵانەوەی سەربازی و سیاسی ڕزگاریخوازی کوردی بووە.

ئەوەی لەم تەوەرەیەدا بۆمان دەردەکەوێت گیانی نیشتمان پەروەری و دڵسۆزی و هۆزی ئاکۆ و سەرانی هۆزەکەیە، کە هەر دل شۆڕش و جوڵانەوەکانی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری بەشداربوون و ڕۆڵێکی کارایان هەبووە، هەربۆەی دەبینین شێخ عوبەیدوڵلاش



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

گرنگی بە ئاغاکانی ئەم هۆزە داوە و باس و خواس و ڕەوشی سیاسی ئەوکاتەی کوردستانی لەگەڵ باسکردوون و دەرفەت و هەوڵ و تەقەلاکانی شۆڕشەکەی لەگەڵدا گەلاڵە کردوون، هەروەها هەمیشە پاڵپشتی کەسانی خاوەن ماف و خزمەتکاربوونە، هەربۆیە دەبینین کاتێك حەمەئاغای کۆیە لەگەڵ سەیید ئەحمەد بەرزنجی دەکەوێتە ململانێ، سەرئەنجام شەڕ لەنێوانیان درووست دەبێت، ئەوا ئاکۆیەکان پاڵپشتی حەمەئاغای کۆیە دەکەن. تەنانەت لە ڕووبەڕووبونەوەی ڕووسەکان و بەریتانییەکانیش لەماوەی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، ئەوا ئاکۆیەکان دژی داگیرکاری ئەم دوو زلهێزە دەوەستنەوە، ئەگەرچی لە پاشەکشێ پێکردنی هێزەکانی ڕووس لەناوچەکانی پشدەر سەرکەوتو دەبن، چونکە ڕووسەکان لە قۆڵی سەردەشتەوە هێرشیان هێنابوو، هەروەها هۆزی بلباس و مەنگورەکانیش لەدژیان وەستانەوە، بەڵام لەولاترەوە لە ڕووبەڕووبونەوەی بەریتانییەکان شکست دەهێنن، ئەوەش لەبەر ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی بەهانای هێزی ئاکۆیەکان نایەت و بەناچاری ئاکۆیەکان لە ڕانیە و دۆڵی ئاکۆیان دەشکێن و مامەند ئاغای ئاکۆش بەناچاری ڕوودەکاتە ڕۆژهەلاتی کوردستان و بۆ ماوەیەك لەوێ دەمێنێتەوە. ئەم ڕۆیشتنەی مامەند ئاغاش هێشتان ئاوێکی بەدڵی بەرتیانییەکاندا نەکردووە، چونکە لە دواتر دەبینین بەریتانیەکان لەساڵی ١٩٢٢ سەرکەپکان کە شوێکی نیشتەجێبوونی مامەندئاغایە بۆمباران دەکەن و خەڵکی ناوچەکە دەکوژن.

**ئەنجام:**

لە نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتین بە چەند ئەنجامێك، لەوانە:

یەکەم: هۆزی ئاکۆ هۆزێکی جیاواز بووە و لە چەند تیرەیەك پێکهاتووە و سەر بەهیچ هۆز و ئێلێك نەبووە، زۆربەی کاتیش دژی دەسەلاتی ئەوکاتەی عوسمانییەکان وەستاونەتەوە، بەڵگەنامە عوسمانییەکان زانیاری ووردمان پێدەدەن و ئاکۆ بە هۆزێکی جیاواز لە پاڵ بڵباسەکان ناویان هاتووە، بەتایبەتی لە بەڵگەنامەیەکی عوسمانی کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٥٧٣ کە ئەوکاتە هۆزی ئاکۆش یەکێك بووە لەو هۆزانەی لە چوارچێوەی ویلایەتی شارەزوور بووە و ملکەچی کاریەدەستانی ناوچەکە نەبوونە و باج و سەرانەیان بە دەوڵەتی عوسمانی نەداوە. هەروەها هەبوونی ئەم هۆزە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانی حوکمڕانی دەوڵەتی حەسنەوەیهی. لەهەمان کاتیشدا دەبینین ئەرشیفەکانی عوسمانی و بەریتانی زۆرجار باسی کاریگەری و پێگەی ئەم هۆزەیان لەناوچەکەدا کردووە، چونکە ئەم هۆزە جوگرافیاکەی کەوتبووە ناو

جوگرافیای حوكمڕانی دەوڵەتی عوسمانی، هەروەها كەوتبووە سەر سنووری نێوان دەوڵەتانی عوسمانی و سەفەوی (ئێران).

دووەم: هۆزی ئاكۆ لە چەند تیرەیەك پێك دێن، لەوانە: باشئاغایی، مەندەمەڕ، ناودەشت (ڕەژیكەیی)، باوەبییە، خەیلە، شارۆشی، بۆڵی و بابۆڵی، گولانی، دۆلەرەقەیی، بابەكرئاغایی.

سێیەم: ئاكۆییەكان بە تەواوی پاڵپشتی خانزادی سۆران بوونە، لە زۆربەی شەڕ و هەڵمەتە فراوانخوازییەكانیدا بەشداربوونە، تەنانەت لەدواتریشدا خانزاد لەناوچەكانی ئاكۆیەتیدا پێگەیەكی بەهێزی هەبووە و هەمیشە ئاكۆییەكان پاڵپشتی خانزاد بوون، تەنانەت خانزاد خاتون یەكێك لەو قەلایانەی ئاوەدانی كردۆتەوە ئەوا لە دۆڵی ئاكۆیان بووە، كە ئەم قەلایەش بە تەپكی خانزاد لە میرەبەگ ناسراوە. تەنانەت ناساندنی خودی ناوی ناوچەكەش بە (میرە بەگ) كە یەكێكە لە میرانی میرنشینی سۆران دەرخەری ئەو ڕاستییەیە كە پەیوەندییەكی بەهێز و پتەو لەنێوان هۆزی ئاكۆ و میرنشینی سۆران هەبووە

چوارەم: ناسناوی باشئاغایی، ئەو ناسناوە لەلایەن میر محەممەدەوە دراوە بە بەشێك لە ئاكۆییەكان، ئەمەش بەهۆی ئەوەی لەوكاتەدا لەشەڕێكی نێوان میرنشینی سۆران و بادینان بووە، لەم شەڕەدا حەمەد ئاغا سەرپەرشتی هێزی ئاكۆیەكان دەكات و لەشەڕەكەدا زۆربەی سوپای میر محەممەد دەشكێت، بەڵام ئاكۆییەكان دەمێننەوە و بەردەوام دەبن لەشەڕكردن، هەربۆیە ئەمە دەبێتە هۆی سەركەوتنیان لەشەڕەكە و ناسناوی باشئاغاییان لەلایەن میر محەممەدەوە پێدەدرێت.

پینجەم: لەدوای لەناوچوونی میر محەممەد، ئەوا دەبینین مارف ئاغای ئاكۆش لەلایەن عوسمانییەكانەوە كوژراوە و ئاكۆییەكان ناوچەكانیان تالانكراوە، چونكە بەشێك لە خەڵكی و لایەنگرانی میر محەممەد، هەروەها خزم و كەسی میر محەممەدیش لەدوای نەمانی میر محەممەد، پەنادەبەنە بەرناوچەكانی ئاكۆیان و لەلایەن مارف ئاغاوە داڵدە دەدرێن، بێگومان دەوڵەتی عوسمانیش زەبر و جوڵانەوەكانی مارف ئاغای لەبیر نەكردووە كاتێ لەسەردەمی میر محەممەد دا چ ڕۆڵێكی هەبووە، هەربۆیە دەیكوژن. ئەمانە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە كە هۆزی ئاكۆ هەمیشە پاڵپشتی میر محەممەد بووە، كوژرانی مارف ئاغاش بەدەستی عوسمانییەكان بەهۆی كاریگەری پەیوەندی و دڵسۆزی مارف ئاغا بۆ میر



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆلینێن کوردی

محەممەد و میرنشـــینەکەوە بووە، هەربۆیە بۆ کۆتایی هێنان بەتەواوی هەموو دەمار و دەســـت پێوەندەکانی میر محەممەد، ئەوا دەوڵەتی عوســـمانی بیری لە لەناوبردنی کەســـانیتریش کردۆتەوە، خودی مارف ئاغای ئاکۆیانیش نموونەیەکی روونە، چونکە دەزانێ بە لەناوچوونی میر محەممەدیش، ئەوا لایەنگران و دۆســـتانی ئەو هەرماون، بۆیە بە لەناوبردنی مارف ئاغا و هاوشـــێوەکانی دەتوانێت کۆتایی بە پاشـــماوەی میرنشـــینی ســـۆران بهێنێت و مەترسی درووستبوونەوەی ئەم میرنشینە نەهێڵێت.

شەشەم: خۆشەویستی و ناوداری ئاغایانی ئاکۆ وایکردووە نەك تەنها خەڵکی ناوچەکە، بەڵکو کورد بەگشتی بیناســن و خۆشەویستییان بۆی دەرببڕن، تەنانەت ناو و ناوبانگی و خودی کوژرانی ئاغایانی ئاکۆش لە شیعری شاعیرانی کلاسیکیدا ڕەنگیداوەتەوە و باســـکراوە، بۆنموونە لە شـــیعرێکی شـــێخ ڕەزای تاڵەبانیدا بەناونیشـــانی " بۆ موراد ئاغای ئاکۆ" باس لە لێهاتوویی و دڵســـۆزی و جێگەی پشتپێبەستانی خەڵك بوو.

حەوتەم: هۆزیە ئاکۆ بەشداری شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهرین و هەمیش ئاگاداری بارودۆخی سیاسی و سەربازی ئەوکاتەی کورد و کوردستان بوون. ئەگەر وورد ببینەوە لەنامەکانی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری بۆ محەممەد ئاغای ئاکۆیان، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کەوا شـــێخ عوبەیدوڵلا ســـەرۆکی هۆزی ئاکۆیانی بەدۆســـتێکی دڵســـۆز زانیوە و ئەمەش دەرخەری هەســـتی نەتەوەیی و رۆڵی هۆزی ئاکۆیەکانە لە جولانەوەی ڕزگاریخوازی و ناسیۆنالیستی کوردیدا.

هەشـــتەم: بە وردبونەوەمان لە بەڵگەنامە عوســـمانییەکان بۆمان دەردەکەوێ، هۆزە کوردییەکانی وەکو ئاکۆ و بلباس و خۆشـناو، هاوسۆزی حەمە ئاغا بوونە و لە ڕووبەڕووبونەوەی لەگەڵ سەیید ئەحمەد دا لایەنگیری حەمە ئاغایان کردووە.

نۆیەم: لە ڕووبەڕووبونەوەی ڕووســـەکان و بەریتانییەکانیش لەماوەی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، ئەوا ئاکۆیەکان دژی داگیرکاری ئەم دوو زلهێزە دەوەســـتنەوە، ئەگەرچی لە پاشـــەکشـــێ پێکردنی هێزەکانی ڕووس لەناوچەکانی پشـــدەر سـەرکەوتوو بوون، چونکە ڕووسـەکان لە قوڵی سـەردەشـتەوە هێرشـیان هێنابوو، هەروەها هۆزی بلباس و مەنگورەکانیش لەدژیان وەســـتانەوە، بەڵام لەولاترەوە لە ڕووبەڕووبونەوەی بەریتانییەکان شـــکســـت دەهێنن، چونکە دەوڵەتی عوســـمانی بەهانای هێزی ئاکۆیەکان نایەت و بەناچاری ئاکۆیەکان لە ڕانیە و دۆڵی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ قەکۆلینێن کوردی

ئاكۆیان دەشـــكێن و مامەند ئاغای ئاكۆش بەناچاری ڕوودەكاتە ڕۆژهەڵاتی كوردســـتان. ئەم ڕۆیشـــتنە هێشـــتان ئاوێكی بەدڵی بەرتیانیەكاندا نەكردووە، چونكە لە دواتر دەبینین بەریتانیەكان لەساڵی ١٩٢٢ سەركەپكان كە شوێكی نیشتەجێبوونی مامەندئاغایە بۆمباران دەكەن و خەڵكی ناوچەكە دەكوژن.

## لیستی سەرچاوەكان:

### أ/ دەستنووس:


- ✓ Çeleb, Evliya. (2000) Evliya Çeleb, Seyahatnamesi, Topkapı Sarayı Kütüphanesi (Awliya Chalabi Travel Book in the Topkapı Sarayı Library). Book IV. İstanbul: Topkapı Palace.
- ✓ نامەی میرمحەممەدی ڕەواندز بۆ سـولتان مەحمودی دووەمی عوسـمانی لەدژی سـیاسـەت و ڕەفتاری دەوڵەتی قاجاری بەرانبەر بەكورد، لەگەل پاڵپشـتی چواردە سـەرۆك هۆزی كوردی بۆ قسەكانی میر محەممەد.


### ب/ ساڵنامەی عوسمانی:


- ✓ ساڵنامەی ویلایەتی مووسڵ (موصل ولایتی سالنامەسی)، ١٣٢٥.


### ج/ بەڵگەنامە عوسمانییەكان:


- ✓ BEO. 000784. 058761. 003.
- ✓ BOA. A. DVNSMHM. 00151.00049.
- ✓ BOA.TSMA.E.1062.06, 1648,1.
- ✓ BOA.TSMA.E.1079.56, 1658,1.
- ✓ BOA. ŞFR. 00112. 00060.001.
- ✓ BOA. ŞFR. 00112. 00060.002.
- ✓ BOA. A. DVNSMHM. 00024.00129.


### د/ ئەرشیفی بەریتانی:


- ✓ Kurdistan and the Kurds' [57r] (113/122), 1 file (59 folios). It was created in 1919.
- ✓ File 4722/1918 Pt 8 'Mesopotamia: Situation' [ 97r] (204/995.
- ✓ Personalities in Kurdistan, June 1919, Bagdad, government Press.


### هـ/ كتێبەكان:


- ✓ بدلیسـی، میر شـەرەفخان. ٢٠٠٦. شـەرەفنامە، مێژووی ماڵە میرانی كوردسـتان. وەرگێڕانی: مامۆستا هەژار، چاپی سێیەم، هەولێر: چاپخانەی ئاراس.




Zakho Centre for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێكۆڵینەوەی كوردی

- ✓ بەحرکەیی، مەلا تاهیر. ٢٠١٩. محەممەد ئاشای ڕواندزی و ئەو فەتوایەی دراوەتە پاڵ مەلای خەتێ. وەرگێڕانی: عەتا مەلا تاهیر بەحرکەیی، طهران: چاپخانەی جەنگەل.
- ✓ ابن الأثير. ٢٠٠٩. الكامل في التاريخ. مجلد ٧. بيت الأفكار الدولية.
- ✓ حەمەباقی، محەمەد. ٢٠٠٠. شـۆڕشـی شـێخ عوبەیدوڵلای نەهری ١٨٨٠ لە بەڵگەنامەکانی قاجاریدا. هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.
- ✓ خورشید پاشا. ٢٠١٩. سیاحەتنامەی حدود. وەرگێڕانی: محەممەد هۆمەری، هەولێر.
- ✓ رؤوف، عماد عبدالسـلام. ٢٠١٢. دراسـات وثائقية في تاريخ الكرد الحديث وحضـارتهم. دار الناشر للطباعة والنشر والتوزيع, دمشق.
- ✓ زكي بك، محمد أمين. (١٩٤٥). مشـاهير الكرد وكردسـتان في العهد الإسـلامي. بغداد: مطبعة التفيض الأهلية.
- ✓ سـەرگەینێلی، محمد حسـن. ٢٠١٩. هۆزی ئاکۆ لەنێوان مێژووی کۆن و نوێ دا. بەرگی یەکەم، چاپی دوەم، هەولێر.
- ✓ سـەرگەینێلی، محمد حسـن. ٢٠١٩. هۆزی ئاکۆ لەنێوان مێژووی کۆن و نوێ دا. بەرگی دووەم، چاپی دوەم، هەولێر.
- ✓ سدیق، فاروق عمر. ٢٠١٦. زمانناسی کورد. هەولێر: نارین.
- ✓ عەلی، عوسـمان. حاجی، نیعمەت شـەهاب. ٢٠١٦. فراوانبوونی دەسـەڵات و لەناوچوونی میرنشـینی سـۆران لەسـەردەمی میر محەممەد دا (١٨١٣-١٨٣٦). پرۆسـیدینگی یەکەمین کۆنفراسی نێودەوڵەتی (ڕواندز و پێگەیەکی ژیاری بە دەوڵەتیبوون لە مێژووی کورد دا).
- ✓ فاروقی، عومەر. ٢٠١٤. کوردسـتان لە ڕێڕەوی مێژوودا. وەرگێڕانی: سـەبری چاوشـین خانۆ، پاخانە و بڵاوکردنەوەی سۆران.
- ✓ کاکەمین، دارا تۆفیق. ٢٠١١. ناوچەی پشـدەر لەسـەردەمی پاشـایەتی دا (١٩٢١-١٩٥٨). سلێمانی.
- ✓ کەریم، مستەفا محەممەد. ٢٠٢٢. پێشهاتە سیاسییەکانی دەڤەری بارزان، لە ماوەی ساڵانی ١٩٠٢-١٩٣٢. هەولێر: چاپخانەی ڕۆکسانا.
- ✓ محمد، ئاکۆ برهان.٢٠١٢. بارودۆخی ئابوری کوردسـتان لەسـەردەمی عەباسـیدا. هەولێر: کتێبخانەی غازی.
- ✓ ممدوح، مزوری. ٢٠٠٦. مێژووی رواندز. هەولێر: چاپخانەی منارە.
- ✓ مەلا، ڕیبین سەعید. ٢٠١٦. سەید تەهای نەهری. هەولێر: چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین.
- ✓ موکریانی، حوسـێن حوزنی. ٢٠٠٧. مێژووی میرانی سـۆران. بەرگی دووەم: هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.
- ✓ هـامڵتن. أ.م. (٢٠١٣). ڕێگـایـەك بـە کـوردسـتـانـدا. وەرگێڕانی: عـەلـی عـەبـدولڕەحـمـان عەسکەری. هەولێر: خانەی موکریانی.

✓ هەروتی، سەعدی عوسمان. (٢٠١٨). خانزادی سۆران و ئەدەبی زارەکی. هەولێر: چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین.
✓ ئەحمەد، بژار عوسمان. ٢٠٢٣. حەمەئاغای گەورە لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا. هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
✓ بولاديان، ارشاك. ٢٠٠٩. الاكراد في حقبة الخلافة العباسية في القرنين ١٠-١١ ، ترجمه عن الارمنية ، الكسندر كشيشان. دمشق.
✓ Başak, Tolga. 2008. İngilterenin Ermeni Politikası (1830-1923). Istanbul: Kilim Press.
✓ Sykes, Mark. 1904. DAR-UL-SALAM. London.

## و/ ئینساکلۆپیدیا:

✓ العامري، ثامر عبدالحسن. ٢٠٠٩. موسوعة العشائر العراقية. بغداد: ط٢.
✓ العامري، ثامر عبدالحسن. ٢٠١٤. موسوعة العشائر العراقية. جلد ٨، لندن.
✓ العزاوي، عباس. موسوعة العشائر العراقية. جلد ٦، لندن.

## نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا:

✓ النقشبندی، حسام الدين. ١٩٧٥. الكرد فی الدينور و شهرزور. رساله ماجستير، جامعەبغداد.
✓ هومر، بەختیار مصطفی. ٢٠٢٣. ئێڵی بلباس "توێژینەوەیەکە لە بارودۆخی کۆمەلایەتی و مێژووی سیاسی". تێزی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین.
✓ Ahmed, Bzhar Othman. 2020. KURDISH LIFE AND ROLE IN THE OTTOMAN ADMINISTRATION IN EVLIYA ÇELEBI'S SEYAHATNAME. PhD Dissertation, IIUM.

## ز/ گۆڤارەکان:

✓ حاجی غەفور باوەیلی، ئاخ ئاکۆ، ژمارە ١، ٢٠٠٨، ١-٣.

## ح/ ماڵپەڕ:

✓ مەریوان، بەیاد. ٢٠١٩. شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاک
خاک تیڤی، ٢٠١٩/٦/١، https://www.khaktv.net/profile-detail.aspx?jimare=2247.
✓ کۆچەری، سەلمان. ٢٠١٩/٦/٢٤. هەمزاغا: عەشیرەتی ئاکۆ باڵی مەکتەب سیاسییان پاراست و مام جەلالی پێگەیاند و داینەمۆکی شۆڕشی نوێ بووین..... skurd.net.
.

## پەراوێز:

١ بۆ بینینی دەقە بزماریەیکە، بڕوانە پاشکۆی ژمارە (یەك) لە لیستی پاشکۆکاندا.

٢ هیلالی کوڕی بەدر (٤٠٥ کۆچی/١٠١٥ز)، سێیەم ئەمیری میرنشینی حەسنەوی بۆ ماوەیەکی درێژ حوکمڕانی نەکرد. پێش مردنی باوکی میر بەدر، هیلال یاخی لە باوکی بوو. بە پشتیوانی عەشیرەتی توانی دەست بەسەر دەسەڵاتدا بگرێت. بە لام بە هۆی وردبینی سیاسی میر بەدر و پە یوەندییە باشە کانی لە گە ڵ بویهییەکان، بە هاوکاری ئەوان توانی هیلالی کوڕی لەدەسەڵات دوورخستەوە. دوای مردنی میر بەدر، لە کۆتاییدا میر هیلال وەک میری میرنشینی حەسنەوی دەستنیشانکرا و نازناوی "قوتب عەلی"ی پێبەخشرا. هەروەها سوپایەکیان بۆ پشتیوانیکردن لێی دابینکر، بەڵام هێزەکانی شکستیان هێنا و لە هەمان ساڵدا گیرا و کوژرا (بولادیان، ٢٠٠٩، ٩٣).

٣ دەوڵەتی حەسنەوەیهی: ئەم دەوڵەتە دەگەڕێتەوە بۆ دامەزرێنەرێك بەناوی حەسنەوەیهی بەرزیکانی، کە لە ساڵی٩٥٩ز دەتوانێت کۆنترۆڵی دینەوەر و هەمەدان و نەهاوەند بکات و میرنشینەکە دابمەزرێنێت، تاکو ساڵی ١٠١٥بەردەوام دەبێت تاکو بەدەستی میرنشینی عەنازی لەناودەچێت. بڕوانە (النقشبندی، ١٩٧٥، ١٣٠؛ محمد، ٢٠١٢، ٤٦).

٤ ئەم کوڕەش ناوی تاهیری کوڕی هیلال (٤٠٥-٤٠٦ کۆچی/١٠١٥-١٠١٦ز) بوو (ابن الأثیر، ٢٠٠٩، مجلد ٧، ٥٩٣).

٥ خورشید پاشا یەکێکە لە لە کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی، ناوبراو لە ساڵی ١٨١٣ لەدایکبووە، و لە ساڵی ١٨٧٨ کراوە بە چاودێری دادوەری، دواتری شکاروە بە والی ئەنقەرە، ناوبراو گەشتێکی بۆ کوردستان کردووە و لەماوەی گەشتەکەیدا یاداشتەکانی بە ناونیاشنی سیاحەتنامەی حدود تۆمارکردووە (خورشیدپاشا، ٢٠٢٩، ٢٨٨).

٦ میرنشینی سۆران: یەکێکە لەمیرنشیە بەهێزەکانی باشوری کوردستان، ئەولیا چەلەبی باس لە بەهێزی ئەم میرنشیە لەسەردەمی خۆیدا دەکات کە هاوکاتە لەگەل ماوەی حوکمڕانی خانزادی میری سۆران، ئەو پێی وایە ئەم میرنشیە زۆر بەهێزە و خاوەنی پەنجا تا شەست هەزار سەربازی ئازا و لێهاتووە، لە هەموو دەرفەتێکدا لەتوانایان دا هەیە هێرش بکەنە سەر ئێران، ئەوکاتیش جوگرافیای ئەم میرنشینە گەورە بووە و تاکو هەولێریشی گرتۆتەوە و بە بەشێك لە میرنشینی سۆران هەژمار کراوە (Çelebi, 2000, 685).

٧ سەرەڕای ئەوەی خانزاد وەکو حوکمڕانێکی گەورە لەنێو میرنشینی سۆراندا دەرکەوت، بۆنموونە وەکو پەرچەکردارێك لەبەرامبەر کوژرانی "سلێمان بەگ"، ئەوا خانزاد لە دەوڵەتی عوسمانی یاخی دەبێ و بڕیاری شەڕکردن لەدژی عوسمانییەکان دەدات (هەروتی، ٢٠١٨، ١١٣). لەهەمان کاتیش دا سەرکردەیەکی سەربازی لێهاتوو بوو، بۆنموونە ئەسکەندەر بێك

تورکمان لە کتێبەکەیدا بەناوی "ذیل عالم آرای عباسی" لەمیانەی ڕووداوەکانی ساڵی ١٠٣٢ك/١٦٢٣ز لە بەرامبەر شالاوی هێزەکانی ئەردەلانی و سەفەوییەکاندا ناوی خانزادی سۆران دەهێنێت کە بەرگری لە میرنشینی سۆران کردووە، هەروەها لە ڕووداوەکانی ساڵی ١٦٣٩ز لە سەردەمی هەڵمەتەی سوڵتان موڕادی چوارەمدا ئازووقەی بۆ سوپای عوسمانی دابین کردووە (هەروتی، ٢٠١٨، ١٠٤-١٠٥). لە قۆناغەکانی دواتریش دەبینین دەوڵەتی عوسمانی لەسەر ئەرکی سوپای هومایۆنی عوسمانی مووچەی بۆ خانزاد خاتوون لەسەر دارایی ویلایەتی مووسڵ بڕیوەتەوە (BOA.TSMA.E.1079.56, 1658,1). خانزادی سۆران نەك هەر لە ناوچەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان، تەنانەت لە باشوری کوردستانیشدا چەندین هەڵمەتی ئەنجامداوە و سەرکردایەتی سوپای میرنشینی سۆرانی کردووە، بۆنموونە لەساڵی ١٦٢٣ز دەوڵەتی سەفەوی فراوانخوازیکرد و شاری بەغدای داگیرکرد، لەو هەڵمەتەدا خان ئەحمەد خانی ئەردەلانیش بەشداریکرد و توانی شاری کەرکوك داگیربکات، هەروەها بەمەبەستی داگیرکردنی ناوچەکانی میرنشینی سۆران، هێرشی کردە سەر ناوچەکانی ژێر دەستی میرەبەگ لە میرنشینی سۆران و چەندین جارێك لە زێی بچووك پەڕییەوە وچەند شەڕێك ڕویدا، بەڵام خانزادە خاتوون و سەربازانی میرنشینی سۆران لەدژیان ڕاوەستا و توانیان خان ئەحمەد خان و قزلباشەکانی سەفەوی تێکبشکێنن، ئەگەرچی بەشێکی ناوچەکانی میرنشینی سۆران لەسەرەتاد لەلایەن خان ئەحمەد خانەوە دەستی بەسەرداگیرا، بەڵام ئەمە درێژەی نەکێشا، هەروەکو ئەسکەندەر بێك تورکمان لە باسی ڕووداوەکانی ساڵی ١٦٢٩زدا باسی هەڵمەتێکی سەربازانی میرنشینی سۆران بەسەرکردایەتی خانزادەخاتوون دەکات کە بۆ سەر شاری کەرکوك ئەنجامیانداوە، کە ئەوکاتە شاری کەرکوك لەلایەن سەفەوییەکانەوە داگیرکرابوو (هەروتی، ٢٠١٨ ، ١٠٤،١١٦). توێژەر سەعدی عوسمان هەروتی لە کتێبەکەیدا بەناوی "خانزادی سۆران و ئەدەبی زارەکی" ئاماژە بە خانزاد خان دەکات، کە یەکەم ناوهێنانی ئەو لەسەرچاوە مێژووییە ڕەسەنەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوکاتەی لەمیانەی ڕووداوەکانی یاخیبوونی "بەکر سوباشی"دا ناوی خانزاد هاوشانی چەند سەرکردیەیەکیتری ناوچەکە و چەند بەرپرسێکی دەوڵەتی عوسمانی دەهێنێت، هێەم هەواڵەی کە نووسراوە دەڵێت خانزاد خاتوون و چەند سەرکردەیەکی سۆران، کە ئەمەش دەرخەری ئەم ڕاستیەیە خانزاد خاتوون سەرکردەی گەورە و دیاری سۆران بووە (هەروتی، ٢٠١٨، ١٠٤، ١١٦). هەروەها گەریدەی عوسمانی ئەولیا چەلەبی زۆر پێی سەرسام بووە کە لە سەردەمی حوکمڕانی سوڵتان موڕادی چوارەمدا، ژنێکی کورد بە ناوی خانزادی میری سۆران فەرماندەیی هەریر و سۆران لە پارێزگای شارەزووری دەکرد. سەرەڕای ئەوەی میرنشینی سۆران خۆی ویلایەت و حکومەتێك نەبوو، بەڵام سوپایەکی زۆر گەورەی هەبوو کە نزیکەی ٤٠-٥٠ هەزار سەربازی تێدابوو، لەنێویاندا ١٢ هەزار پیادە و ١٠ هەزار ئەسپ سوارهەبوون (Çelebi, 2000, 373). بەمجۆرە حوکمڕانی خانزاد خاتوون وەکو ئافرەتانیتری کورد لە پێشوودا درێژەی کێشا تاکو هاتنە سەردەسەلاتی کوڕەکەی بەناوی ئەحمەد خان لە ساڵی ١٦٤٨ز، هەروەها خۆشی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینێن کوردی

ڕۆژانە بڕی ١٢٠ قروشی بۆ بڕابۆوە و مانگانە لە خەزێنەی دارایی ویلایەتی مووسڵەوە وەریدەگرت (BOA.TSMA.E.1062.06, 1648,1) ، کە ئەمە هەم وەکو خانەنشینییەك و وەکو پاداشتێك بوو بۆ خانزادە خاتوون لەلایەن ئیدارەی دەوڵەت و سوپای هومایۆنی عوسمانییەوە بۆ دابینکردنی خۆراك و پێداویستی کۆشکی خانزادە خاتوون. ئەوەی جێگای ئاماژەیە ئەم موچەیەی هەر لە ساڵی ١٦٢٩ تاکو ساڵی ١٦٥٨ز پێدراوە (BOA.TSMA.E.1079.56, 1658,1).

٨ بۆ بینینی دەقی شکایەتنامەکەی میر محەممەد و ناوی هۆزەکانی پاڵشتی ئەو، بڕوانە پاشکۆی ژمارە (دوو) لە لیستی پاشکۆکاندا.

٩ ئەگەرچی پێناسە و شیکردنەوەی زۆر بۆ شاری کۆیە کراون، بەڵام ئێمە دەڕوانینە سەرچاوە عوسمانییەکان، کە باسی شاری کۆیە دەکەن، بە تایبەتی لە ساڵنامەیەکی عوسمانیدا کە ڕێکەوتەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ژیانی حەمەئاغای کۆیە، بەم شێوەیە باسی شاری کۆیە دەکات: "کۆیە لە باکوری لیوای شارەزوورە، قەزای کۆیە ١٨ کاتژمێر لە کەرکوکەوە دوورە، لەم قەزایەدا دوو ناحیە هەیە بە ناوەکانی (شەقڵاوە " بالیسان"). خەڵکی قەزای کۆیە زۆرینەی کوردن، تەنها هەندێك مەسیحی هەیە، کە لە گوندی هەرمۆتە (لەساڵنامەکەدا بە أرموطة ناوی هاتووە) دەژین و نیو کاتژمێر لە شاری کۆیە دوورە. لەم گوندەدا ١٠ ماڵی کلدانی هەن، لە شاری کۆیەدا بازرگانیی توتن بە شێوەیەکی زۆر فراوان هەیە، ئەم شارە لە دامێنی چیای ئەیوبسوڵتان (هەیبەتسوڵتان)ە، سەرچاوەی ئاوی ئەم شارە لە شاخ و دەشتی کۆیەوە هەیە. لەم شارەدا (١) دانە حکومەت قۆناغی (کاروانسەرا)، یەك دانە قشڵەی هومایۆنی، (١) دانە ردیف دبوبی، (١) دانە جامع (مزگەوت)، (١٠) دانە نوێژگە (مصلی) هەیە. هەروەها شەش قوتابخانەی منداڵان و سێ مەدرەسە و سێ تەکیە و ١٤٢٠ ماڵ هەیە و ٤٢٠٠ کەس لە کۆیە دەژین. هەروەها ٣٤٠ دوکان و (٥) قاوەخانە و (٨) سوختە و (٣) حەمام و (١) فڕن و یەك بنکەی ئاساییش هەیە. هەروەها لە ڕێی زێی بچوکەوە بەهۆی ئەسکەلەی تەقتەق (شوێنی ڕاوەستانی بەلەم) شاری گرنگترین و پڕئیشترین ڕێگای بازرگانیی هەیە.[٩] شاری کۆیە پێگەیەکی گرنگی هەبوو، ئەویش بەهۆی هەڵکەوتەی شوێنی شارەکە، کە لە بازرگانیدا پێگەیەکی باشی هەبوو، هەروەها لە ڕووی باشی و زۆریی بەرهەمە کشتوکاڵییەکانەوە، تەنانەت بازرگانیی توتن و میوە لە نێوان شاری کۆیە و بەغدا و شارەکانی تری وەکوو هەولێر و کەرکوك و سنە و سابڵاغ دەکرێت (موصل ولایتی، ١٣٢٥، ٢٢٢).

١٠ شێخ عوبەیدوڵڵا کوڕی سەید تەهای نەهری کوڕی شێخ ئەحمەد شیهابەددینە و لە گوندی نەهری لە ناوچەی شەمزینان لە ساڵی ١٨٣٠ لەدایکبووە. سەید تەهای نەهری توانی شێخنشینییەك لە نەهری دابمەزرێنێت، پاش مردنی ئەو، شێخ عوبەیدوڵڵا جێگەی باوکی گرتەوە و بووە ڕێبەری تەریقەتی نەقشبەندی و سەروەت و سامانێکی زۆری بە میرات بۆ

ماوەتەوە. لە شەڕی ١٨٧٧-١٨٧٨ لە نێوان ڕووسیا و عوسمانیدا یارمەتی سوپای عوسمانی داوە و چونکە چاوەڕوانی ئەوەی کردووە کە سود لە ئەنجامەکانی شەڕ وەربگرێت و هەوڵ بدات لەو شەڕەدا ببێ بە سەرکردەی ئەو کوردانەی کە بە ناوی "غەزا"وە کۆبوونەتەوە، هەتا بتوانێت لە کاتی پێویستدا ئەو هێزە بۆ بەرژەوەندیی کورد بەکار بهێنێت. بەشداریکردنی شێخ عوبەیدوڵڵا لەو شەڕەدا هۆشیاریی سیاسیی قوڵتر کرد و لە راستی و سروشتی دینی دەوڵەت و رواڵەتەکەی و مەبەست و مەغزا جیهادییەکەی عوسمانییەکان گەیشتووە، زۆرتر لەگەڵ کوردانی تردا ئاشنایەتی پەیدا کرد و هەر لەو شەڕەدا هەندێ چەکیشی دەست کەوت. لەو ساتەدا خەڵك لەژێر باری نەبوونی و ناهەمواریی ژیاندا بوون، بۆیە پەنایان بۆ شێخ عوبەیدوڵڵا برد، چونکە وەك رابەرێکی ئاینی و رزگارکار سەیرییان کردووە. شێخ پێیوابوو تاقە دەرمانی چارەسەرکردنی کێشەی کورد دامەزراندنی کوردستانێکی گەورەیە، ئەویش بە یەکخستنی کوردەکانی ئێران و کوردەکانی سنووری عوسمانییە، بۆیە شۆڕشی چەکدارانەی شێخ عوبەیدوڵلا لە تشرینی یەکەمی ١٨٨٠دەست پێ دەکات و هێزەکانی خۆی دابەشکرد بەسەر چەند بەرەیەکدا. دوای چەندین شەڕو سەرکەوتن، دواجار سوپای عوسمان و ئێرانیی و بەشێك لە خێڵە کوردە خۆفرۆشەکان، توانیان شۆڕشەکە دامرکێننەوەو نەیهێڵن و شێخ عوبەیدوڵڵاش بۆ ئەوەی خوێنی تر نەرژێت، ناچار خۆی بەدەستەوە دا. ئەوە بوو گرتیان و نەفیان کرد بۆ شاری مەککە. لە تشرینی یەکەمی ١٨٨٣دا بەنەفیکراوی لەوێ کۆچی دوایی کرد (حەمەباقی، ٢٠٠٠، ٤٢-٥٨؛ مەلا، ٢٠١٦، ٣٣ ؛ مەریوان، ٢٠١٩).

[١١] شێخ عەبدولقادر نەهری: کوڕی سەرکردەی ئاینی و سیاسی کورد (شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری)یە، لەساڵی ١٨٨١ لەکاتی کۆتایی پێهێنانی شۆڕشەکەی باوکیدا لەگەڵ باوکی دەنێردرێتە مەکە، دواتر لە ساڵی ١٩٠٨ لەگەڵ کودەتای تورکە لاوەکان دەچێتە ئەستەنبۆڵ، ئەو لایەنگری هزری ئۆتۆنۆمی بۆ بۆ کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا. لەساڵی ١٩٢٥ بەبیانووی بەشداریکردنی لە شۆڕشی شێخ سەعیدی پیرانەوە لەلایەن کەمالییەکانەوە دەستگیردەکرێ و دواتریش لەسێدارە دەدرێت (کەریم، ٢٠٢٢، ٥١).

[١٢] حەمەئاغا کوڕی مەحمودئاغا کوڕی حەمەدئاغا (حەمەئاغای گەورەش بەناوی ئەوەو کراوەتەوە) کوڕی کەریم ئاغای کوڕی غەفور ئاغایە. لە ساڵی ١٢٥٤ك / ١٨٣٨ز لەدایك بووە، ئەویش بەپێی گێڕانەوەی مەسعود مەحەمەد کە پێی وایە لە ساڵی ١٢٥٤ك لەدایك بووە، بەو پێیەی ساڵی کۆچی دوایی ئەو ١٣٣٨ك / ١٩٢٠ز بووە و ماوەی ٨٤ ساڵ ژیاوە، واتە بڵێین (١٣٣٨-٨٤=١٢٥٤) لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ حەمەئاغا ٨٤ بەهاری بینیوە سەبارەت بە ساڵ و شوێنی کۆچی دوایشی ئەوە بەڕوونی دیارە، تاهیر ئەحمەد حەویزی لە بارەی ڕۆژی کۆچی دوایی حەمەئاغای کۆیەدا دەڵێت: "حەمەئاغا لە شەوی ٢ لەسەر٣ی ئابی ١٩٢٠ کۆچی دوایی کرد، ڕۆژەکەشی زۆر گەرم بوو، ئاسمان هەورێکی ئەستوور دایگرتبوو، دوای نیوەڕۆ قەبرەکەی لە (کەکۆن) تەوابوو و ئینگلیزەکان بە فەرمی تا سەر گۆڕەکەی لەگەڵی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینێن کوردی

چوون". حەمەئاغا هەر لە سەرەتای گەنجێتییەوە سوارچاك بووە و هەمیشە تیغ و ڕەمب (ڕم)ی هەڵگرتووە، بەڵام لە دواتردا و لەگەڵ پێشکەوتنی تفەنگی ئاگردار، ئەویش گۆڕانکاریی کردووە و تفەنگی ئاگرداری هەڵگرتووە، تەنانەت دەڵێن ئەوکاتانەی لە سەفەر دەگەڕایەوە و تفەنگ و فیشەکدانی بناردایە کامە ژووری خێزانی، ئەوا مانای وابووە مێوانی ئەویان دەبێت، چونکە حەمەئاغا لە ماوەی ژیانیدا پێنج خێزانی هەبووە، بە ناوەکانی: ڕەعبەی کچی حاجی بەکرئاغا، عەیشانی کچی ئەبابەکرئاغا، عەیشێ (لە سەییدەکانی باداوەیە)، حەبیبەی کچی ئەمین ئاغای حاجی بەکر ئاغا، عەیشە (ئایشەخان) کچی ئەسعەد ئاغای حاجی بەکر ئاغا. خودی حەمەئاغا کەسێکی باڵابەرز بووە و زۆریش گرنگیی بە ڕێکپۆشی و جلوبەرگی جوان نەداوە. هەروەها ئەو موڵك و ماڵەی حەمەئاغا لەبەردەستیدا بووە، هەمووی بەخۆی کڕیویەتی و یاخود بەکرێ لە دەوڵەت وەریگرتووە. برایەکی لە خۆی گەورەتری هەبووە، بەناوی (سمایل ئاغا)، بە بەڵگەی ئەوەی قادر ئاغای کوڕی سمایل ئاغا و حەمەئاغا وڵاشزاوا بوونە و هەردووکیان سەروو کچێکی حاجی ئەسعەد ئاغای حەوێزییان هێناوە (ئەحمەد، ٢٠٢٣، ٣٨-٤٩).

١٣ مەسعوود محەمەد، س.پ، ل١٠٧.

١٤ لەم شەڕەدا حەمەئاغا ڕاستەوخۆ بەشداری نەکردووە و لە کۆیە ماوەتەوە، هەرچەندە زۆر گەڕانمان کرد بۆ زانینی هۆکاری بەشداری نەکردنی ڕاستەوخۆی شەڕەکە، بەڵام نەگەیشتین بە وەڵامێکی گونجاو. هەرچەندە دواتر بە بیستنی هەواڵی شکستی لەشکرەکەی، ئەوا سواری ئەسپەکەی دەبێ و دەچێتە بەرەی شەڕەکە، زۆر کەس داوای لێدەکەن نەڕوات، بەڵام بە گوێیان ناکات، تاکو لە "دەباخان" کەسێك بە ناوی (برایم) دەچێتە پێشی و داوای لێدەکات بگەڕێتەوە و نەچێت، ئینجا بە قسەی دەکا و دەگەڕێتەوە. طاهر أحمد حەوێزی، س.پ، ل٩٦.

١٥ طاهر أحمد حەوێزی، س.پ، ل٩٥.

١٦ مەسعوود محەمەد، س.پ، ل١٠٧.

١٧ بۆ بینینی دەقی بەڵگەنامەکە، بڕوانە پاشکۆی ژمارە (سێ) لە لیستی پاشکۆکاندا.

١٨ مەسعوود محەمەد، س.پ، ل١١٠.

١٩ پێویستە ئاماژە بۆ سیاسەتی وڵاتانی زلهێزی ئەوکاتی بکەین، کە لەو سەردەمیدا حکومەتی بەریتانیا لەگەڵ پەرەپێدانی سیاسەتی کۆنترۆلکردنی ڕێگاکانی بازرگانی لە وڵاتی هیندستانەوە تاکو بەریتانیا، وە لە دەرئەنجامی هێرشەکانی ناپلیۆن بۆسەر وڵاتی میسر و دروستکردنی مەترسی بۆسەر نفوزی بەریتانیا لە سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەوا بەریتانیا کاری بۆ ستراتیژییەتەکی بەهێز کرد، ئەویش کۆنترۆلکردنی تەواوی ڕیگاکانی بازرگانی بەگشتی و دەوڵەتی عوسمانی بەتایبەتی. هەر لە ئەنجامی جێبەجێکردنی ئەم



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆلینێن کوردی

پتریا ئەوان ڤەکۆلینێن ل سەر دەڤەرێن کوردی ل ئەڤی ماوەیی دا هاتینە ئەنجام دان وەسا خۆیا دکەن سیستەمێ زۆرەملی ب شێوەیەک بهێز کارتێکرن ل سەر تۆمارکرنا ئەردان بناڤێ ئاغایان کربوو. ئەڤ چەندە ببوو ئەگەرێ هندێ بەرپرسێن حکوومەتا ئوسمانی دڤیا سیستەمێ زۆرەملی و مولتەزمی بگوهورن و ئەڤ سیستەمە ب بەردەوامی ل سەر گەلەک پارچەێن دەولەتا ئوسمانی ل دەڤەرێن رۆژهەلاتا ئەنادۆلێ هاتبوو پەیرەوکرن، ژبەر هندێ شارەزایێ دۆزا کوردی یێ تۆرک (ئیسماعیل بێشکچی) دایە دیارکرن سیستەمێ زۆرەملی ئێک ژ گرنگترین ئەگەرێن کۆمکرنا رێژەکا زۆرا ئەردان ددەستێ ئاغایان دابوو (Besikci,1970, 106; Deger &Unlu, 2011). هەروەسا نڤێسەر و سیاسەتمەدارێ کورد (محەمەد زیا کوک ئەلب ٢٣ ئادارا ١٨٧٦- ٢٥ چرییا ئێکێ ١٩٢٤) ئاشکەرا کری یە سیستەمێ زۆرەملی ئێک ژ بهێزترین ئەگەرێن پێشڤەچوونا گوندێن ئاغایان ل رۆژهەلاتێ ئەنادۆلێ بوو و هەمی وەختان هەر تشتەکێ ئاغایان دڤیان ب دەستڤەبینن دشیان ئەنجام بدەن و ئەڤ سەرەدەرییا خراب ببوو ئەگەرێ هندێ ئەردێن گوندان ژ دەستێ خەلکێ وان دەربچن و بکەڤن ددەستێ ئاغایان دا و گوندیان ئەردێن خۆ رادەستی ئاغایان کربوون داکۆ وان بپارێزن(Gökalp, 1992,48).

ژلایەکێ دی ڤە گورانکارییێن د بهایێن ئەردان دا پەیدابووین رۆلەکێ گرنگ دهەلسەنگانا پێشهاتێن ئەردێن دەڤەرێ دا هەبوون، سەرەرایی ئاریشا ئابووری یا سالێن ١٨٧٣-١٨٩٦ بهایێ ئەردان زۆر گران ببوو و ل ئەڤی ماوەیی داخوازییەک زۆر ل سەر بەرهەمان هەبوو داکۆ بهێنە ڤەگوهاستن بۆ بازارێن جیهانێ ( Pamuk, 1987, 184; Gözel, 2007,120) .

وەسا دیارە ئەو پێشهاتێن پشتی نەمانا دەستهەلاتا میرگەهێن کوردی ل دەڤەرێ پەیدابووین زۆر ترسناک و هەستیار بوون ژبەر هندێ گورانکاریی دسیستەمێ ئەردی دا ل دەڤەرێ پەیدابوون و خەلک نەچاربوو ئەردێن خۆ پێشکێشی ئەوان بکەن یێن شیان هەین وان بپارێزن و ل ئەڤی دەمی دا بتنێ ئاغایێن هۆزان و شێخان ئەو شیان هەبوون. ب ئەڤی رەنگی کاریگەرییەک خراب ب تەخا کرێکارێن کورد واتە جۆتیارێن کورد کەفت.

**دەرئەنجام:**

پشتی ئەنجامدانا ئەڤێ ڤەکۆلینێ ل سەر رەوشا کوردستانێ و کارتێکرنا یاسا سالا ١٨٥٨ هندەک خالێن گرنگ دیار بوون.

١. پشتی ژناڤچوونا میرگەهێن کوردی سیستەمەک بەرەلایی یا عەشیران دناڤ کوردان دا پەیدابببوو و شەر و پێکدانێن تۆند سەرا سنوور و ئەردان دناڤبەرا هۆزێن کوردی دا پەیدابوو و کوردستان کەفتبوو درەوشەکا نالەبار و ترسناک دا و بڤێ چەندێ دەولەتا ئوسمانی زۆر شەپرەز ببوو چونکی بەرپرسێن وێ نەدشیا ب دروستی کونترۆلێ ل سەر دەڤەرێ بکەن.

٢. ژبەر وێ ڤالاهییا سیاسی یا ل کوردستانێ پەیدابوویی ئێدی کوردستان ببوو مەیدانا شەرێن هۆزان و هەر هۆزەکێ ژلایێ خۆڤە هەولدابوو سنوورێن خۆ بەرفرەهـ بکەن و ل سەر حسابا دۆژمن و هەڤرکێن خۆ خۆ بهێز بکەت وئەردەکێ بەرفرەهـ کونترۆل بکەن. ئێدی دەولەتا ئوسمانی تێگەهشتبوو ئەگەر هندەک پێنگاڤان بۆ کونترۆلکرنا رەوشا کوردستانێ نەهاڤێژیت دێ رەوش ژبن کونترۆلا وێ دەرکەفیت و دێ کوردستان بیتە ئەگەرێ لاوازبوونا دەولەتا ئوسمانی ژلایێ ئابووری ڤە چونکی رێژەیەکا باش یا داهاتێ ئەوێ ژ دەڤەرێن کوردستانێ بۆ دچوو.

٣. دەولەتا ئوسمانی یاسا سالا ١٨٥٨ ل سەر کوردستانێ جێبەجێکربوو داکۆ ل سەر رەوشا دەڤەرێ زال بیت و ل دۆیف یاسایێ ئەردێن گشتی، وەقف و تایبەت دیار بکەت و ل سەر ناڤێن خۆدانێن وان تاپۆ بکەت و ئارمانجا سەرەکی یا ئوسمانیا ب دەستڤەئینانا داهاتەکێ زێدەبوو ژبۆ گەنجینەیا دەولەتێ.

٤. دەولەتا ئوسمانی ب بهانەیا تاپۆکرنێ دام و دەزگەهێن تاپۆیێ ل کوردستانێ ڤەکربوون دگەل هندێدا بەرپرسێن تاپۆیێ یێن ئوسمانی ئەرکێن خۆ ب دروستی جێبەجێنەدکرن و بتنێ مژوویلی وەرگرتنا بەرتیل و دەستکەفتنا بوون ژبەر هندێ پتر رەوشا دەڤەرێ ئالۆز ببوو.

٥. دەولەتا ئوسمانی ل دۆیف یاسا ١٨٥٨ پشتەڤانیا شێخان دکرن و دەرفەت دابۆ شێخان ئەردێن وەقفێ یان گوندێن خەلکێ ل سەر ناڤێن خۆ تۆمار بکەن داکۆ شێخ خەلکێ پالدەن دژایەتیا دەولەتا ئوسمانی نەکەن و باجەیان بدەن دەولەتا ئوسمانی ژڤەرێژا ئەڤێ چەندێ نەبتنێ شێخ دناڤ جڤاکێ کوردی دا بوون خۆدان



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

دەستهەلات بەلکۆ ببوون خودان گوند ومریدێن زۆر و مریدێن وان دناڤ زەڤیان دا کاردکر یان چاڤدێرییا گوندێن وان دکر ئەڤ چەندە بۆ پالدەرەک خەڵک گوندێن خۆ وەک وەقف پێشکێشی شێخان بکەن و دبەرامبەر دا شێخان ئەو دپاراستن.

٦. ژڤەرێژا یاسا ئوسمانیا یا ساڵا ١٨٥٨ هێز ئاغایان دناڤ جڤاکێ کوردی دا بەرەڤ بهێزبوونێ چوو بوو ئاغایان گوند ژ خەلکێ ب تایبەتی نەمۆسلمانان وەردگرتن و ل سەر ناڤێن خۆ تۆمار دکرن و گەلەک جاران ئاغایان رێژەکا زۆرا گوندان ل سەر ناڤێن خۆ تۆمار دکرن و دەولەتا ئوسمانی پشتەڤانیا ئاغایان هەتا ئەوێن شۆرەش ب دژی ئوسمانیا ئەنجام داین دکر، ئوسمانیان نەدڤیا بنەماڵ و کەسایەتێن خۆدان دەستهەلات ژناڤ بچن بەرۆڤاژی رێز لێ دگرت و بهێز دکرن چونکی دەولەتا ئوسمانی دزانی ئەگەر نەبرێکا ئاغایان بشێت کونترۆلێ ل سەر جڤاکێ کوردی بکەت نەشێت ب چوو رێکان کونترۆلێ ل سەر وان بکەت، چونکی پتریا کوردان ل دەڤەرێن چیایی دژیان و دویری دەولەتا ئوسمانی بوون. ژبەر هندێ بەرپرسێن ئوسمانیان خۆ نێزیکی ئاغایان دکر داکۆ ئەو ئەرکێ دەولەتا ئوسمانی ل دەڤەرێن خۆ جێبەجێبکەن.

# پاشبەند

## لاپەرێ ئێکێ یێ یاسایا ١٨٥٨ یا ئوسمانی

# THE OTTOMAN LAND CODE

**OF 7th RAMADAN 1274 ( = 21st APRIL 1858)**

---

## INTRODUCTORY CHAPTER

### ARTICLE 1.

Land in the Ottoman Empire is divided into classes as follows:

(I) "Mulk" land, that is land possessed in full ownership:

(II) "Mirie" land;

(III) "Mevqufe" land,

(IV) "Metrouke" land;

(V) "Mevat" land.

---

### NOTE 1 (Art 1)

**Classification of Lands in the Code.**

The classification of lands which is given in this Article is somewhat illogical.

Classes II. IV and V. are all varieties of land of which the State is the Supreme owner.

Mulk land is land held in private ownership, and Mevqufe is land held, theoretically, in the ownership of the Deity, and, for practical purposes, by the properly constituted Wakf or Trust authority

There are thus three main classes of land:- MULK, MEVQUFE, and STATE lands.

Mulk lands are governed by the provisions of the Mejelle, Mevqufe lands by the general Sharia law, and Mirie lands by the Land Code. It will be seen later that this statement is a little too wide. It will however serve to emphasise the fundamental distinctions between the three main classes of land (Vide Art. 2 Note 6).

In each class the ultimate ownership, or rakaba, lies in different hands.

In the case of Mulk property it lies with the mulk owner, with the result that his is the most complete form of ownership known to Moslem Law. In the case of Mevqufe land, the circumstance that ownership is attributed to the Deity is responsible for the fact that these lands cannot normally be transferred or diverted from the use to which they were originally dedicated. In the case of Mirie land, the fact that the rakaba resides in the State has rendered it possible for the State to assume the management of these lands under the provisions of the Land Code. State lands consist in Mirie (II), Metrouke (IV) and Mevat (V). These are the lands with which the Land Code and this Commentary deal.

(Tute, 1927, 1)



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

## لسيتا ژێدەر:

### ئێک: پەرتووکێن بەڵگەنامەیی یێن بەلاڤکری.

هاکان، ســـینان.(٢٠١٢). کورد و بەرخودانەکانی لەبەڵگەنامەکانی ئەرشـــیفی عوســـمانیدا، وەرگێران: بەکر شوانی، پێداچوون: جەبار قادر، چ١، هەولێر: چاپخانەی حاجی هاشم.

### دوو: بەڵگەنامەێن ئوسمانی بزمانێ ئنگلیزی:

1. The Ottoman Land Code of 27th Ramadan 1274, ١٨٥٨, The Ottoman Land Laws with a Commentary on the Ottoman Code of 7th Ramadan 1274, R.C. TUTE, 21 April, 1858
2. The Ottoman Land Code. (1892). The Ottoman Land Code, Translated from the Turkish: F. Ongley, London,
3. Tute, R. C. (1927). The Ottoman land laws: with a commentary on the Ottoman land code of 7th Ramadan 1274. Ptd. at Greek Conv. Press.

### سێێ: ژێدەرێن بزمانێ کوردی:

١. عەلی، جەعفەر.(٢٠١٣). ســـۆفیزم و کاریگەر لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورددا (١٨٨٠-١٩٢٥)، چ٢، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەلات.

٢. هاشـــمی،ســـەید محەمەد تاهیر ســـەید زادەی هاشـــمی.( ٢٠٠٤). مەولانا خالید و تەریقەتی نەقشەبەندی، وەرگێران ژ فارسی: دلێر میرزا، چ١، سلێمانی: چاپخانە قانع.

### چزارێ: نامەیێن زانستی بزمانێ عەرەبی:

١. إســـماعيل، أيمن رمضـــان.(٢٠١٧). إصـــلاحات مدحت باشـــا في العراق ١٨٦٩-١٨٧٢، (رســـالة الماجستير غير منشورة، قاسم التاريخ، جامعة وان يوزونجوييل، جمهورية تركيا).

٢. رؤوف، الاء طارق.(٢٠١٦). التبشير في كوردستان العراق في القرن التاسع عشر ١٨٠٠-١٩٠٠، (رسالة ماجستير- جامعة السليمانية).

### پێنجێ: پەرتووک بزمانێ عەرەبی:

١. لازاريف، م.س .(٢٠٠١). المسألة الكردية ١٨٩١-١٩١٧، ترجمة: أكبر أحمد، ط١، السليمانية: مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية.

٢. مزيري، المحامي شعبان.(٢٠١٢). كردستان العراق في النصف الثاني من القرن التاسع عشر ١٨٥٠-١٩٠٠م دراســـة تاريخية في أحوالها الاقتصـــادية و الاجتماعية، ط١، بغداد: دار جيا للطبع و النشر.

٣. مزيري، المحامي شــعبان.(٢٠١٢). كردســتان العراق في ظل الحكم العثماني ١٥١٤-١٩١٨ دراسة في أحوالها السياسية و الاقتصادية و الاجتماعية ((دراسة تاريخية))، ط١، بغداد: دار الثقافة و النشر الكردية.

٤. الوائلى، عبد ربه ســكران إبراهيم.(٢٠١٣). اكراد العراق... ١٨٥١-١٩١٤ دراســة التاريخ الاقتصادية والاجتماعي و السياسي، بغداد: وزارة الثقافة دار الثقافة و النشر الكردية.


## شەشێ: نامێن زانستی بزمانێ ئنگلیزی


1. Bajalan, D. (2015). Between accommodationism and separatism: Kurds, Ottomans and the politics of nationality (1839-1914) (Doctoral dissertation, University of Oxford).
2. Bayraktar, U. (2015). *Yurtluk-Ocakliks: Land, Politics of Notables, and Society in Ottoman Kurdistan, 1820-1890* (Doctoral dissertation, Paris, EHESS).
3. Degli Esposti, N. (2020). Whose Kurdistan? Class politics and Kurdish nationalism in the Middle East, 1918-2018 (Doctoral dissertation, London School of Economics and Political Science).
4. Gözel, O. (2007). *The implementation of the Ottoman land code of 1858 in eastern Anatolia* (Master's thesis, Middle East Technical University).
5. Işık, A., & Bilmez, B. (2014). Kurdish and Armenian relations in the Ottoman Kurdish press .(١٨٩٨-١٩١٤) Henning, B. (2018).
6. Keskin, N. (2015). HOW DID THE KURDS OF TURKEY ACTED POLITICALLY AGAINST THE POLICIES OF THE GREAT POWERS (Doctoral dissertation, Doctoral dissertation, Zirve University) .
7. Kilic, M. F. (2003). Sheikh Ubeydullahs movement. Master's thesis, Bilkent University.
8. Narratives of the History of the Ottoman-Kurdish Bedirhani Family in Imperial and Post-Imperial Contexts: Continuities and Changes (Vol. 13). University of Bamberg Press.
9. Özdemir, F. (2006). The effects of tanzimat and origins of political conflict between the Armenian and Kurdish communities in the Ottoman Empire, 1839-1876 (Master's thesis, Middle East Technical University).
10. Özten, S. (2009). Early awakening of the Kurdish national sentiments in the Ottoman Empire (1880-1914) (Master's thesis, Middle East Technical University).

11. Yücel, N. (2023). Sustaining the Empire: Transformation of Property Regime in the Late Ottoman Empire, 1876–1913 (Doctoral dissertation, The George Washington University).


## حەفتێ: پەرتووک بزمانێ ئنگلیزی

1. Bayraktar, U. (2016). Restoring the Property: The Land Code of 1858 and Private Property in Ottoman Kurdistan.
2. Bulloch, J., & Morris, H. (1992). *No friends but the mountains: The tragic history of the Kurds*. Oxford University Press, USA.
3. Eppel, M. (2018). THE KURDISH EMIRATES. Routledge Handbook on the Kurds.
4. Eppel, M. (2021). The Demise of the Kurdish Emirates in the Nineteenth Century. In A People Without a State (pp. 45-64). University of Texas Press.
5. Jwaideh, W. (2006). The Kurdish national movement: Its origins and development. Syracuse University Press.
6. Klein, J. (2002). Power in the periphery: The Hamidiye light cavalry and the struggle over Ottoman Kurdistan, 1890–1914. Princeton University.
7. Klein, J. (2011). The margins of empire: Kurdish militias in the Ottoman tribal zone. Stanford University Press.
8. Kreyenbroek, P. G., & Sperl, S. (Eds.). (2005). The Kurds: a contemporary overview.
9. McDowall, D. (2003). A modern history of the Kurds. Bloomsbury Publishing.
10. McDowall, D. (2005). The Kurdish question: a historical review. In The Kurds (pp. 17-34). Routledge.
11. Ozoglu, H. (2012). Kurdish notables and the Ottoman state: evolving identities, competing loyalties, and shifting boundaries. State University of New York Press.
12. van Bruinessen, M. (1986). The Naqshbandi Order as a Vehicle of Political Protest among the Kurds (With Some Comparative Notes on Indonesia).
13. Van Bruinessen, M. (1992). *Agha, Shaikh and State: Social and Political Structures of Kurdistan*. Zed books.
14. Van Bruinessen, M. (2005). Kurdish society, ethnicity, nationalism and refugee problems. In The Kurds (pp. 35-61). Routledge.

15. Yadirgi, V. (2017). The political economy of the Kurds of Turkey: from the Ottoman Empire to the Turkish Republic. Cambridge University Press.

**هەشتێ: گۆڤار بزمانێ عەرەبی**

١. سعادة، علاء والصبيحات، مصعب.(٢٠٢٢). المسألة المصرية و الصراع الطائفي في سورية و جبل لبنان (١٨٣١-١٨٦١)، مجلة (اتحاد الجامعات العربية للآداب)، ١٩ (٢).

**نەهێ: گۆڤارێن بیانی**

1. Ali, O. (1997). Southern Kurdistan during the last phase of ottoman control: 1839–1914. *Journal of Muslim Minority Affairs*, 17(2).
2. Ateş, S. (2014). In the name of the caliph and the nation: The Sheikh Ubeidullah rebellion of 1880–81. Iranian Studies, 47(5).
3. Attila Aytekin, E. (2009). Agrarian relations, property and law: An analysis of the Land Code of 1858 in the Ottoman Empire. Middle Eastern Studies, 45(6).
4. Eppel, M. (2008). The demise of the Kurdish emirates: The impact of Ottoman reforms and international relations on Kurdistan during the first half of the nineteenth century. Middle Eastern Studies, 44(2).
5. Houston, C. (2007). " Set aside from the pen and cut off from the foot": Imagining the Ottoman Empire and Kurdistan. Comparative Studies of South Asia, Africa and the Middle East, 27 .(٢)
6. Kılıç, A. (2022). The Purpose of the Sheikh Ubeydullah Nehrî Revolt. The Scientific Journal of Cihan University–Sulaimaniya, 6(3).
7. Klein, J. (2007). Conflict and Collaboration: Rethinking Kurdish-Armenian relations in the Hamidian period 1876-1909. International Journal of Turkish Studies, 13 .
8. Mahmud, S. M. S. (2019). Ahistorical Study of Kurdish Alliance under the Leadership of Bader Khan. Journal of Duhok University, 21(2), 571-583.
9. Özoğglu, H. (1996). State-tribe relations: Kurdish tribalism in the 16th-and 17th-century Ottoman empire. British Journal of Middle Eastern Studies, 23(1).
10. Özok-Gündoğan, N. (2014). Ruling the Periphery, Governing the Land: The Making of the Modern Ottoman State in Kurdistan, 1840-70. Comparative Studies of South Asia, Africa and the Middle East, 34(1), 160-175.

11. Pamuk, Ş. (1987). Commodity Production for World Markets and Relations of Production in Ottoman Agriculture, 1840-1913. *The Ottoman Empire and the world-economy*, 178-202.
12. Van Bruinessen, M. (1980). The Naqshbandi Order in Seventeenth-Century Kurdistan. Islam Zeitschrift Für Geschichte Und Kultur Des Islamischen Orients.
13. Van Bruinessen, M. (1988). 'The Ottoman Conquest of Diyarbekir and the Administrative Organisation of the Province in the 16th and 17th centuries. Evliya Celebi in Diyarbekir, ed. Martin van Bruinessen and Hendrik Boeschoten, 13-38.
14. van Bruinessen, M. M. (2000). Kurdistan in the 16th and 17th centuries, as reflected in Evliya Çelebi's Seyahatname.

### دەهێ: ژێدەر بزمانێ تۆركی

1. Değer, O., & Ünlü, B. (Eds.). (2011). *İsmail Beşikçi*. İletişim.
2. Gökalp, Z. (1992). *Kürt aşiretleri hakkında sosyolojik tetkikler*. Sosyal yayınlar.

### پەراوێز

---

[١] شـــەكیب ئەفەندی ئێك ژ وەزیرێن دەولەتا ئوســـمانی بوو و چەندین پۆســـتێن گرنگ وەك وەزارەتا دەرڤەیا دەولەتا ئوسمانی وەرگرتبوو و ل ل سـالا ١٨٤٢ژبەر ئەوێ رەوشا نەخۆشا لبنانێ ب خۆڤە دیتی دچیت وێرێ و ل سـالا ١٨٤٥ سیستەمەكێ نۆی بناڤێ "سیستەمێ شەكیب" بۆ ئاسایكرنا بارودۆخێن لبنانێ دەردكەت (سعادة، الصبیحات، ٢٠٢٢، ٣٨٥).

[٢] ڤەكۆلەری زۆر هەولدان چەند پێزانینان ل دۆر كەســـایەتییا صـــدیق ئەفەندی بدەســـتڤە بینت بەلێ چ تشت ب دەست نەكەفتن.

[٣] ل ئەڤی دەمی دا میدحەت پاشـای یاسـا تاپۆێ ل سـالا ١٨٦١ ل عێراقێ ب مەبەسـتا بنەجهكرنا هۆزێن عەرەب بكارهینا بوو(إسماعیل، ٢٠١٧، ٦٥-٦٨)

[٤] ڤەكۆلەری زۆر هەولدان چەند پێزانینان ل دۆر كەسـایەتییا حەجی حەسـەن ئەفەندی بدەسـتڤە بینت بەلێ چ تشت ب دەست نەكەفتن.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

# تنظيم الأراضي في كوردستان وظهور سلطات الشيخ وزعماء العشائر في قانون الأراضي العثماني لعام ١٨٥٨

**الملخص:**

فقد كانت هناك العديد من أنواع من التمليكات في الدولة العثمانية، التي كانت تعرف ب ممتلكات الامير أو ممتلكات الغير الامير، حيث كانت في تلك الفترة كانت كردستان جزءً مهماً من الدولة العثمانية، و تنطبق عليها جميع القوانين التي تصدر من قبل الدولة العثمانية، خاصة بعد زوال الأمرات الكوردية وبعد ذلك فرض السياسة المركزية على كوردستان، في الكثير من الاحيان كانت لتك القوانين و القرارات التي تصدر تاثيرات سلبية على كردستان، ذلك لسبب اختلاف طبيعة سكان كوردستان مع المناطق الدولة العثمانية الاخرى، ولهذ السبب في الكثير من الاحيان لم تستطع الدولة العثمانية فرض قوانينها على كوردستان، ولكن مع ذلك بعد زوال الامارات الكوردية و حكم العوائل في كوردستان فقد أصدرت الدولة العثمانية بعض القوانين التي تخص تنظيم الاراضي فيها، ومنها قانون سنة ١٨٥٨ حيث تم تطبيقها على كوردستان و أثرت عليها بشكل كبير، ولهذا كان من الضروري كتابة دراسة تاريخية عن هذه الموضوع، لبيان أفرازات هذه القانون على كوردستان، فضلاً عن شرح و بيان الاسلوب الذي اعتمد عليه الدولة العثمانية تجاء أراضي التابعة الامارات الكردية.

فقد حاول الباحث من خلال هذه الدراسة تحليل العديد من الجوانب المهمة المتعلقة بهذا القانون، وتاتي اهمية هذه الدراسة لبيان كيفية أعداد هذه القانون لسنة ١٨٥٨ مع توضيح الأهداف الرئيسية المتعلقة بهذه القانون في كوردستان، ثم محاولة لتوضيح نظام الاراضي في كوردستان لحين صدور القانون المذكور وألحاق كوردستان مركزياً بالدولة العثمانية، فضلاً عن تنظيم الأجهزة الادارية في كوردستان وصولاً الى القرن التاسع عشر، كما ان هذه الدراسة تبين محاولات العثمانيين للسيطرة على كردستان خاصةً بعد أنهيار الامارات الكوردية، وبيان الأسس الاجتماعية الكوردية، فضلاً عن توضيح علاقة المسؤولين العثمانيين مع الأغوات والشيوخ في المنطقة.

**الكلمات الدالة:** *الكورد، الامارات الكوردية، قانون سنة ١٨٥٨ ، العثمانيون، الاغا، الشيخ.*

# The Organization of Land in Kurdistan and the emergence of Sheikh and Tribal leaders Powers in the Ottoman Land code of 1858


## Abstract:

There are variety kinds of lands in the Ottoman state, these lands were known as governmental and non-governmental lands, at that time Kurdistan as a significance part of the Ottoman State, when the Ottoman government made a decision and law was fulfilled in Kurdistan as well as, many times these laws also decision influenced Kurdistan effectively, cause naturally Kurdistan was different from other parts of the Ottoman State hence the Ottoman were unable to fulfill its laws in Kurdistan although after the demising of Kurdish emirates and the collapse of families administration in Kurdistan, the Ottoman government decided to make a new laws for organizing Ottoman lands, as a result declared the code of 1858.This code was fulfilled in Kurdistan and had influenced Kurdistan so effectively , consequently this study is taken into an account in order to depict the consequence of this land code on Kurdistan and to know the Ottoman attitude towards the Kurdish emirates.

This article attempts to explore some key aspects of this land code; hence the fundamental structure of this study is to demonstrate the preparation and contents of the land code of 1858 and its main objectives in Kurdistan. Furthermore, this study maneuvers to shed lights on the land system in Kurdistan till the publishing of the land code of 1858 and annexed Kurdistan into Ottoman State and the administration organization in Kurdistan till the 19th century, likewise in its endeavors this article shows the Ottoman efforts for organizing and controlling Kurdish areas after the collapsing of Kurdish emirates and Kurdish fundamental structure and the Ottoman officials relations with Kurdish tribal leaders and Sheikhs.



**Keywords:** *Kurds, Kurdish emirates, the code of 1858, Ottoman, tribal leaders and Sheikhs.*

# پرۆسەی نیشتەجێکردنی جافەکان لەسەردەمی حەمە پاشای جاف (١٨٦٩-١٨٨١) لە بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی عوسمانیدا

د. سامان مستەفا ڕەشید

بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی- سلێمانی- هەرێمی کوردستان/ عیراق

**پوختە:**

جافەکان هۆزێکی گەورە یان ڕاستتر بڵێین کۆنفیدراسیۆنیکی خێڵەکی گەورەی کوردن، بەهۆی ئەوەی بەتەواوەتی نیشتەجێ نەبوون و لە نێوان قاجار و عێراقدا گەرمیان و کوێستانیان دەکرد، ئەمەش وایکردبوو، ڕێکارەکانی جێبەجێکردنی دەسەڵاتی ناوەندی بەسەریانەوە زاڵنەبێت، بۆ نمونە: باج و بەسەربازگرتن و جێبەجێکردنی دەسەڵاتی ناوەندی بەسەریاندا ببێتە کارێکی سەخت و پڕگرفت بۆ دەوڵەتی عوسمانی، ئەمە جیا لەوەی کردەی گەرمیان و کوێستانیان و بڕینی سنوری دەوڵەتی عوسمانی و چوونەناو سنوری دەوڵەتی قاجار زۆر جار کێشەی گەورەی دیبلۆماسی بۆ دەوڵەتی عوسمانی لەگەڵ دەوڵەتی قاجاردا دروست دەکرد. بۆیە دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی لە عێراق و بەتایبەتیش والی بەغدا مەدحەت پاشا بۆ ڕزگاربوون لەو گرفتانە سووربوو لەسەر ئەوەی هەموو هەوڵی خۆی بخاتەگەڕ تاوەکو جافەکان لە دەشتی شارەزوور و قەزای گوڵعەنبەردا نیشتەجێ بکات. لەوپێناوەدا، والی بەغداد لە ئەیلولی ١٨٦٩دا پەیماننامەیەکی دوازدە خاڵی لەگەڵ حەمە پاشای جافدا واژۆ دەکات. شرۆڤەکردنی ئەو پەیماننامە و چەندین بەڵگەنامەی دیکەی گرنگی بڵاونەکراوەی ئەرشیفی عوسمانی لەبارەی نیشتەجێکردنی جافەکان لە قەزای گوڵعەنبەر دەبنە ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوە.

بەشێوەیەکی گشتی توێژینەوەکە هەوڵدەدات لەبەر ڕۆشنایی زانیارییەکانی ناو بەڵگەنامە بڵاونەکراوەکانی ئەرشیفی عوسمانی بگەڕێت بەدوای وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە: پێگەی هۆزی جاف لەبەڵگەنامەکانی ئەرشیفی عوسمانی دا؟ ئامانجی پشت هەوڵەکانی مەدحەت پاشای والی بەغدا بۆ نیشتەجێکردنی جافەکان چی بوە؟



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

هەڵوێستی حەمە پاشای سەرۆک هۆزی جاف لەمەڕ پرۆسەی نیشتەجێکردنی جافەکان؟ ئاکام و سەرئەنجامی پرۆسەی نیشتەجێکردنی جافەکان و حەمە پاشای جاف، هۆکار و دەرئەنجام؟ ئەوانە و چەندین پرسیاری دیکەی گرنگ دەبنە تەوەری سەرکی توێژینەوەکەمان. هەوڵدەدەین بە شرۆڤەکردن و لێکدانەوەی بەڵگەنامە بڵاونەکراوەکانی ئەرشیفی عوسمانی چارەسەری ئەم پرسە سۆسیۆ-ئیکۆنۆمییە، ئیداری و سەربازییەی دەوڵەتی عوسمانی بکەین.

**پەیڤێن سەرەکی:** *دەوڵەتی عوسمانی، مەدحەت پاشا، جافەکان، پرۆسەی نیشتەجێکردن، حەمە پاشای جاف*

---

### ١. بەرایی: جافەکان و حەمە پاشای جاف

### ١.١ جافەکان

هۆزی جاف، یەکێک بووە لە پێکهێنەرە سەرەکییەکانی بونیادی کۆمەڵایەتی سەنجەقی سلێمانی، جافەکان هۆزێکی نیمچە کۆچەری بە نێوبانگ بوون.[١] لەبارەی ناوی جافەوە کە لەچییەوە سەرچاوەی گرتووە، بیروبۆچوونی جیاواز هەیە، کەریم بەگی جاف باوەڕی وایە:" **جاف لە وشەی (جەفاکیش)هاتووە، لەبەرئەوەی جافەکان لە مێژووی خۆیاندا زۆر زەحمەت و دەردیسەرییان چەشتووە، پێیان گوتوون جەفاکێش، وردە وردە ئەمە گۆڕاوە بووەبە جاف.**" هەر لەم بارەیەوە مەلا عەبدولکەریمی مودەریس پێی وابووە:" **بنەڕەتی وشەی جاف(ژاف)ە واتا بە پیتی (ژ) ئەمەش بەمانای (تەڕە)هاتووە، زانراوە جافەکان ساڵانە چوونەتە کوێستان بۆ سودوەرگرتن لە گیا و خواردەمەنی تەڕە بۆ خۆیان و ئاژەڵەکانیان، ئەم وشەی ژافەیش بە تێپەڕبوونی کات بووەبە جاف.**" هەروەهاعەلائەدین سەجادی، یەکێکی ترە لەو نوسەرانەی بارەی وشەی جافە بۆچوونی هەیە و پێی وابووە:" **وشەی جاف لەناوی باپیرەگەورەی هۆزەکەوە وەرگیراوە کە ناوی (جەعفەر) بووە، ئاشکرایە کورد بە جەعفەریان وتوە جافەر، کورتکراوەی ناوی جافەریش لەکوردیدا دەبێتە (جافە) لێرەوە بووە بە جاف.**" ڕەنگە نزیکترین بۆچوون لە ڕاستییەوە لەبارەی وشەی جافەوە بۆچوونەکەی مێژوونووس مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی بێت، کە وشەی (**جاف**)ی گەڕاندۆتەوە بۆ ناوی هۆزی (**جاوانی**) کە هۆزێکی کوردبوون.[٢]

لەبارەی ژمارەی ماڵەکانی ئەم هۆزە سەرچاوە و بەڵگەکان ژمارەی جیاواز جیاوازیان نوسیوە، دەروێش پاشا، لەکتێبەکەی "**سیاحەتنامەی حدود**" دا ژمارەی



Zakho Centre for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ماڵەکانی جافی بە چوار هەزار و سـەت ماڵ خەمڵاندووە.[٣] شـایەنی گوتنە، تەواوی ئەم ژمارانە خەمڵاندنن و بەرمەبنای سەرژمێرییەکی ورد و دروست نین.

ژمارەی ماڵ و ڕەشماڵەکانی هۆزی جاف لە دوو بەڵگەنامەی گرنگی ئەرشیفی عوسـمانییدا لە دوو کاتی جیاوازدا هاتووە، یەکەمیان ئەو لایحەیە بووە بەناوی" **جاف عشـایری حقندە بعض معلومات و مطالعات**" کە لەلایەن فەرماندەی فیرقەی دوازدەی سـوپای عوسـمانی (ئەدهەم پاشـا)ەوە نوسـراوە و لە ٤ی کانونی یەکەمی ١٨٨٩دا لە کەرکوکەوە بۆ بابی عالی ناردوە و تێدا زانیاری زور ورد و گرنگی لەبارەی جافەکانەوە ئامادەکردووە، ناوبراو ژمارەی ماڵەکانی (جاف)ی بە (٦٠٠٠) هەزار خانە و ڕەشـاڵ داوەتە قەڵەم.[٤]

هەروەها، دەروێش پاشـا لەکاتی ناوهێنانی فیرقەکانی هۆزی جافدا ئاماژەی بۆ ئەم بیست و پێنج فیرقەکردووە: (**شاتری**)، (**ڕۆغزادی**)، (**سەدانی**)، (**میکائیلی**)، (**نەورۆڵی**)، (**هارونی**)، (**یەزدان بەخشـی**)، (**کەماڵەیی**)، (**عەمەڵە**)، (**نەجمەدینی**)، (**بڵباس**)، (**بەرازی**)، (**کوڵکنی**)، (**باشـکی**)، (**مریدناسـری**)، (**شـێخ ئیسـماعیلی**)، (**سـوفیوەند**)، (**چگنی**)، (**تیلەکۆ**)، (**قەدەفەری**)، (**لوڕ**)، (**دوراجی**)، (**کەڵهوڕ**) و(**زەردۆیی**) .)[٥] جێگەی باسـە، بەگەڕان بەناو سەرچاوەکاندا بۆمان ڕوون دەبێتەوە، ژمارەی فیرقەکانی جاف جێگیرنین و لە کاتێک بۆ کاتێکی تر و لە سـەرچاوەیەک بۆ سـەرچاوەیەکی تر هەسـت بە جیاوازی دەکەین.

سـەرچاوەیەک ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، دەرکەوتنی هۆزی جاف زۆر کۆن نییە، هێمای بۆ ئەوەکردووە، نە(ابن فەزللولای عومەری) لە کتێبی (مسـالک الابصـار) و نە مەئمون بێگە بەگ لە یاداشـتەکانییدا(٩٨٥ک- ١٥٧٧ز)، نە لە کتێبی شـەرەفنامەی شـەرەفخانی بەدلیسـیدا ناوی هۆزی جاف نەهاتووە.[٦] ئەکرێت ئەمە بەڵگە بێت لەسـەر ئەوەی کە هۆزی جاف تاوەکو کۆتایی سـەدەی شـازدەهەم وەک هێزێکی کاریگەر لەناوچەکەدا بوونی نەبوبێت. یەکەمین دەرکەوتنی ڕاشـکاوانەی ناوی هۆزی جاف لەسەرچاوەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ سـاڵی ١٦٣٩، ڕێکەوتننامەی زەهاوی سـاڵی ١٦٣٩ی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوییەکاندا هاتووە.[٧]

جافەکان بەرلە هاتنیان بۆ نێو خاکی دەوڵەتی عوسـمانی و بوونیان بە هاوڵاتی عوسـمانی، لەناوچەی جوانڕۆ و زەهاو و قەسـری شـیریندا دەژیان. لەسـەردەمی سـوڵتانی عوسـمانی موڕادی چوارەم (١٦٢٣-١٦٤٠) دا ژمارەیەک لە فیرقەکانی هۆزی گەورەی جاف هاتنە ناوچەی کوردسـتانی عوسـمانی و سـوڵتانی نێوبراو لەوەڕگەی بۆ دابینکردن بەم



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینین کوردی

هۆیەشەوە ئەم بەشەی جافەکان لەوکاتەوە بە جافی مورادی ناسران. ئەو بەشەی جافیش کە لەقاجار مانەوە بەناوی ئەو ناوچەی لێیدەژیان ناسـران بە جافی جوانڕۆیی. هۆکاری دەرکەوتنی جافەکان لە شارەزووریش دەگەڕێتەوە بۆ کۆچکردن و هاتنی (**زاهیر بەگ**)[8] ی سـەرۆک هۆزی جافی کۆچەری جوانڕۆ، ناوبراو هاتووە و لەناوچەی (**بانیخێڵان**) کە دەکەوێتە کەناری ڕۆژئاوای سیروان نیشتەجێ بووە، دواتر زاهیر بەگ دەکوژرێت.[9]

هۆزی جاف دوای هاتنیان بۆ ناو خاکی دەوڵەتی عوسمانی بەشی هەرەزۆریان لە ناوچەکانی سەربە سەنجەقی سلێمانی ژیانیان بەسەربردووە، دواتر بە ناوچەکانی دەشتی شـارەزوور، قەزاکانی گوڵعەنبەر و بازیان و ناحیەی سـەلاحییە(**کفری**)دا بڵاودەبنەوە.[10] وەک پێشـتر ئاماژەمان بۆ کرد جافەکان هۆزێکی تەواو نیشـتەجێنەبوون، بەڵکو لە گەرمیان و کوێسـتان کردندا بەردەوامبوون، بەجۆرێک لە وەزی زسـتاندا ڕوویاندەکردە ناوچەکانی(**شیروانە**)، (**سەی خەلیل**) و(**کوڵەجۆ**)، لەوەرزی بەهاردا ئەوییان بەرەو دەشتی شارەزوور بەجێدەهێشت، تاوەکو هاتنی وەرزی هاوین لەوێدا بەسەریان دەبرد.[11] بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی فەرماندەی فیرقەی دوازدە(**ئەدهەم پاشا**) لە عێراق، هۆزی جاف هەموو ساڵێک وەک نەریتی هەمیشـەییان ڕوویانکردۆتە لەوەڕگاکانیان لەناو خاکی قاجاردا. سـنوری ئەوە دەوڵەتەیان بەزاندووە ئەوەش بوەتە هۆی ئەوەی دەوڵەتی قاجار ناڕەزایەتی دەرببڕیت لەدژی ئەو ڕەفتارەی جافەکان. ئەمەش هەندێکجار بوەتەهۆی هێنانەکایەی کێشـەی سـیاسـی بۆ هەردوو دەوڵەت.[12] هەرلەبەر ئەم هۆکارە و چەند هۆکارێکی تر دەوڵەتی عوسـمانی و بەتایبەت مەدحەت پاشـای والی بەغدا تەواوی هەوڵی خۆی خسـتۆتەگەڕ بۆ نیشتەجێکردنی یەکجارەکی جافەکان لە قەزای گوڵعەنبەر.[13]

وەک لەپێشـەوە ئاماژەمان بۆ کرد، هۆزی جاف لە چەندین فیرقە و تایەفە پێکهاتبوو، هەر یەک لەو تایەفانە سەرۆکی خۆی هەبوو، سـەرۆکی هەموو جافیش کە لەلایەن دەوڵەتی عوسـمانییەوە بە فەرمی ناسـێنرابوو (**حەمە پاشـا**)ی جاف بووە کە لە قەزای گوڵعەنبەر نیشتەجێبوون.[14]

لەبارەی سەرۆک هۆزی جافەوە، دوای کوژرانی (**زاهیر بەگ**) سەرۆکایەتی جاف دەکەوێتە دەست نەوەکانی، دوای خۆی (**قادر بەگ**)، دوای ئەویش (**سلێمان بەگ**)، بەدوای ئەویشدا (**کەیخوسرەو**)، ئینجا (**حەمە پاشا**)، دوای حەمە پاشایش (**مەحمود پاشا**).[15]

ماوەتەوە بڵێین، لەبەڵگەنامەکانی ئەرشـیفی عوسـمانییدا ناوی جاف بەتوندی بە ناوی قەزای گوڵعەنبەرەوە گرێدراوە، ئەوەش ڕەنگە بەهۆی ئەوەوە بێت، لەلایەک دوای کردنی گوڵعەنبەر بە قەزایەکی سەربە سەنجەقی سلێمانی تاوەکو ساڵی ١٩١٨ مەگەر



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی

به دەگمەن، دەنا هەموو قایمقامەکانی قەزای گوڵعەنبەر لە بنەماڵەی سەرۆک و بەگزادەکانی جاف بووە، لەلایەکی دیکەوە ڕەنگە لەبەرئەوە بوبێت کە قورسایی گەورەی ئەم هۆزە و تایەفەکانی لە چوارچێوەی قەزای گوڵعەنبەر و گوندەکانی سەربەو قەزایەدا ژیاون.

### ٢.١. حەمە پاشای جاف

حەمە پاشا کوڕی کەیخوسرەو بەگی کوڕی سلێمان بەگی کوڕی زاهیر بەگە، ناوبراو لە ساڵی (١٢٣٠ک-١٨١٤/١٨١٥ز) لەدایکبووە و لە ساڵی(١٢٩٩ک- ١٨٨١ز) کوژراوە.[١٦] دوای مردنی باوکی حەمە پاشا، لەساڵی (١٨٢٨/١٨٢٩)دا کە ئەوکات تەمەنی تەنها ١٦ ساڵان بووە لەلایەن سەرۆک تیرە و ڕێشسپییانی جافەوە بە سەرۆکهۆزی جاف هەڵدەبژێردرێت، حەمە پاشای جافیش ڕێچکەی باوکی دەگرێت و بەشداری لە پرۆسەی گەرمیان و کوێستانی هۆزەکەیدا دەکات. لە سەردەمی حەمە پاشادا، جافەکان دەبنە خاوەن پێگەیەکی کۆمەڵایەتی و قورساییەکی تاڕادەیەک سیاسی، چونکە لەوسەردەمەدا جافەکان دەبنە گەورەترین هۆزی کۆچەری ناوچەی باشوری ڕۆژهەڵاتی کوردستان.[١٧]

حەمە پاشای سەرۆکهۆزی جاف ئەگەرچی لەگەڵ مەدحەت پاشای(١٨٦٩-١٨٧٢) والی بەغدا پەیمانی نیشتەجێکردنی جافەکانی مۆرککرد و لەپایی ئەو پەیمانە پلەی (**میری میران**)ی پێدراو و کرا بە قایمقامی گوڵعەنبەر، بەلام دواجار وەک لەبەشەکانی دیکەی لێکۆڵینەوەدا دەردەکەوێت، حەمە پاشا نەک هەر ئەو بەڵێنەی نەبردەسەر، بەڵکو تا ساتی کوشتنی(١٨٨١) دژی نیشتەجێکردنی جافەکان بەرەنگاری کرد.

## ٢. پاڵنەر و پرۆسەی نیشتەجێکردنی جافەکان و ئاکامەکانی(١٨٦٩-١٨٨١)

### ١.٢. پاڵنەرەکانی نیشتەجێکردنی جافەکان

مێژوونووسی بەناوبانگ عەبدولعەزیز سلێمان نەوار ئاماژەی بەوەکردوە، یەکێک لە پاڵنەرەکانی نیشتەجێکردنی جافەکان لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گرفت و ناڕەحەتییانەی جافەکان بۆ دەوڵەتی عوسمانیان دروستکردووە.[١٨]

شایەنی ئاماژە بۆکردنە، هۆزی جاف و هەمەوەند هەربەوەوە نەوەستاون کە لە چوارچێوەی سەنجەقی سلێمانیدا خراپەکاری بکەن و ئەمن و ئاسایش و نەزمی حکومەتی لۆکاڵیی تێکبدەن، بەڵکو وەک لەزانیاری ناو بەڵگەنامەکاندا بۆمان



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی

دەردەکەوێت، ئەم هۆزانە زۆر جار لە چوارچێوەی پرۆسەی گەرمیان و کوێستان کردندا سنوری دەوڵەتی عوسمانیان تێپەڕاندوە و چوونەتە قاجار، لەوێ داویانەتەسەر هەندێ لە هۆزەکانی ئەو دیوی سنور و کوشتار و تاڵان و بڕۆیان کردوە. ئەمەش بوەتە سەرچاوەی کێشەی سنوری نێوانیان هەردوولا، و لەئاکامدا بوەتە گرفتێکی دبلۆماسی بۆ دەوڵەت. بۆنموونە لەساڵی(١٢٨٠- ١٨٦٣ز)دا کاروانێکی هۆزی جاف لە ڕێگەی چوونیان بۆ سەقز دەدەن بەسەر لەوەڕگاکانی (ئۆتلەر) فەیزوڵلا بەگی موکری و کەسێکیان لێ دەکوژن و چوارکەسی تریش بریندار دەکەن و پەنجا سەر ئاژەڵ و ماڵ و موڵک و کەرەستەیەکی زۆرییان دەبەن و تاڵانیان دەکەن ئەمەش لە نوسراوێکی فارسی عەزیز بەگی سەرۆک هۆزی جافدا کە بۆ دەوڵەتی عوسمانی ناردوە باسی لەوەکردوە کە تاڵانییەکان دەگێڕێتەوە و کێشەکەیش بە گوێرەی عورفی عەشایەری چارەسەردەکات.[١٩] دیارە هەرچۆن بووە ئەمە نەکراوە. لە نوسراوێکی والی بەغداد مەدحەت پاشا کە ژمارە(٨) لە ٥ی محەرەمی ١٢٨٧- ٧ی نیسانی ١٨٧٠ بۆ حکومەتی ناردوە بەوردی باسی لەم کێشە کردوە، کەماوەی چەند ساڵە چارەسەر نەکراوە و بوەتە کێشەیەکی سیاسی نێوان هەردوو وڵات، لە نوسراوەکەی ناوبراودا ئاماژە بۆ ئەوەکراوە ئەگەرچی ئەو ڕووداوەی لە ١٨٦٣ ڕوویداوە کە هۆزی جاف لە کاتی ڕۆشتنیان بۆ دەوڵەتی قاجار هەڵیانکوتاوەتەسەر هۆزی موکری دوو کەسیان کۆشتوە و پەنجا سەر ئاژەڵیان لەگەل کۆمەڵێکی زۆر کەلوپەلیان بەتاڵان بردوە. ئەگەرچی فەرمان دەرچووە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، بەڵام هیچ ئاکامێکی نەبووە، لەساڵی دواتر ١٨٦٤ دیارە هۆزی جاف لەوەرزی هاویندا چوون بۆ کوێستان (یایلاق) هۆزی موکری بە سەرۆکایەتی فەیزوڵڵا بەگ هەڵدەکوتنەسەر هۆزی جاف و دوو کەسیان لێدەکوژن و چوارکەس بریندار دەکەن و پەنجاسەر ئاژەڵ و پارەوپولێکی زۆریان بە تاڵانی دەبەن. لەو کاتەدا (**قادر بەگ**) لە سەفەر دەبێت، لە ڕێگەی سەرداری کول (**ڕەحمەتوڵلا بەگ**) داوا دەکرێت، ئەم کێشە چارەسەر بکرێت و کەلوپەل و تاڵانییەکان بگەڕێنرێتەوە و کێشەکەیش بە گوێرەی عورفی عەشایەری ئاشتەوایی بکرێت، دیارە ئەم هەوڵەش ئەنجامێکی نەبوەو ئەو مۆڵەتەی دانراوە تەواو بوە، بۆیە ئەو خەڵکەی جاف کە کەلوپەلیان تاڵانکرابوو، شەوێک هەڵدەکوتنە سەر نەیارەکانیان و لەدەوروبەری ماڵەکانیان هەرچیان بەردەست دەکەوێت تاڵانی دەکەن و دەیبەن. دوای ئەمەش سەرۆک هۆزی موکری (**فەیزوڵڵا بەگ**) و کوڕەکانی لەگەڵ دارودەستەیەکی زۆر هەڵدەکوتنەسەر هۆزی جاف و دووبارە پێکدادان لە نێوانیاندا ڕوودەدات و ١٠ کەس لە هۆزی جاف دەکوژرێت. بەمەش جافی دووجار زیان لێدەکەوێت، بۆ وەرگرتنەوەی مافییان ناچار بە پەلاماری (فەیزوڵڵا بەگ) دەبن و



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکولینێن کوردی

نامەیەکی فارسیش بۆ (**تەقییەدین پاشا**)ی والی شارەزوور دەنووسن و ڕای دەگەیەنن ئەگەر خۆیان هەستن بەوەرگرتنەوەی مافەکانیان دەبێتە هۆی بەرپابوونی شەڕێکی گەورە بۆ ئەوەی ڕێگە لەمە بگیرێت داوا دەکەن لەڕێگەی دەوڵەتەوە ئەوکارە بکرێت.[20] وەک دەردەکەوێت ئەمە بوەتە کێشەیەکی دبلۆماسی نێوان دوو دەوڵەت. لە١٣ی نیسانی ١٨٧٢دا مەدحەت پاشا لەنوسراوێکیدا کە بۆ پایتەختی ناردووە، ئاماژە بۆ ئەوە کردووە، لە ڕێگەی تەلەگرافێکەوە کە لەسلێمانییەوە پێیگەیشتوە، هەواڵی پێدراو کە پێکدادن لە نێوان قاجارییەکان و هەمەوەندەکاندا ڕوویداوە و سێ چوار کەس کوژراون.[21]

لە کۆتاییدا دەوڵەتی عوسمانی بۆچارەسەرکردنی ئاژاوە و پەلامار و تاڵانی و نائارامی سەنجەقی سلێمانی و سەرسنوری قاجار بیری لە نیشتەجێکردنی هۆزە کۆچەرییەکانی سەنجەقی سلێمانی وەکو جاف و هەمەوەند کردەوە. هەڵبەت ئەمە تەنها هۆکار نەبوو، بەڵکو لەپاڵ هۆکاری ئەمنی و ئاسایشی ناوچەکەدا چەندین پاڵنەری دیکە هەبوون، وایان لە دەوڵەتی عوسمانی کردوە بیر لەم پرۆژە بکاتەوە لەوانەش دەکرێت ئاماژە بۆ ئەم هۆکارانە بکرێت: بەهێزکردنی هەژموونی دەوڵەت لەناوچەی هۆزەکان، ڕێکخستن و زیادکردنی باجی سەر کشتوکاڵ و ئاژەڵ و لە ئاکامیشدا زیادبوونی داهاتی گشتی و ئاسانکردنی پرۆسەی سەربازگرتنی هۆزەکان، سەرەڕای هەموو ئەمانەش وەک نوسەرێک ئاماژەی پێکردوە پرۆسەی نیشتەجێکردنی کۆچەرەکانی جاف هەڵگری بایەخی سۆسیۆپۆلەتیک بووە بۆ دەوڵەتی عوسمانی.[22]

### ٢.٢. پرۆسەی نیشتەجێکردنی جافەکان

لەسەر بنەمای ئەو پاڵنەرو ئامانجانەی باسکران دەوڵەتی عوسمانی دەستی کرد بە پرۆژەی نیشتەجێکردنی هۆز و هۆزە کوردییەکان بەتایبەت: جاف و هەمەوەند، بۆ ئەو مەبەستەش سەرەتا بە یاسایی زەوی وزاریی ١٨٥٨ ژێرخانی یاسایی ئەو سیاسەتەی دارشت. پێشتر بەکارهێنانی زەوی و زار بە گروپێکی دیاریکراوی ئاغەوات یان خێزانێک دەدرا. بەڵام بە گوێرەی ئەم یاسایە، دەکرێت بگوترێت بەکارهێنانی زەوی وزار بە تاکەکەسی کراوە، ماددەی هەشتی یاساکە بەتەواوی تایبەت کراوە بەم بابەتەوە، بەگوێرەی ئەو ماددەیە، چیتر هەموو زەوی گوند یاخود شارۆچەکەیەک نادرێت بە تاکە کەسێک یان خێزانێک. ویستررا زەوییەکان بەسەر تاک تاکی خەڵک بەجیا دابەشبکرێت، ئامانج لەم کارەش هەم زیادکردنی ئابوری پشت بەستوو بە زەوی (تۆپراک) و هەمیش هەڵوەشاندنەوەی بونیادی عەشایەری و دامەزراندنی ئۆتۆریتەی دەوڵەت بوو. ئەگەرچی ئەمە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی

سەرەتای پرۆژەی نیشتەجێکردن بوو، بەڵام یەکەمین هەنگاوی جدی لەمەڕ نیشتەجێکردنی هۆزەکان لەلایەن بیرۆکراتی ڕیفۆرمخوازی سەردەمەکە والی بەغداد مەدحەت پاشاوە نراوە.[٢٣]

مەدحەت پاشا بەئامانجی ڕزگارکردنی هۆزی جاف لە دۆخی کۆچەری، گەیاندنیان بە دۆخی مەدەنییەت و پاراستنی ئاسایشی ناوخۆیی(لۆکاڵی) و بوونی هەموو کەس بەخاوەنی موڵک و ماڵی خۆی لەساڵی ١٨٦٩دا سەرۆکی هۆزی جاف حەمە پاشا کە ئەوکات پلەی (**قاپوچی باشی**[٢٤] ) هەبوو بانگدەکاتە بەغداد و پلەی (**میری میران**)ی پێدەدات و دەیکات بە قایمقامی گوڵعەنبەر، زەوی و زاری پڕ لەسەرچاوەی ئاو و باراناو بە شیوەی تاپۆ دەدات بە حەمە پاشا، بە مەرجی ئەوەی پەیمان بدات لەماوەی شەش مانگدا هەموو هۆزەکەی نیشتەجێ بکات. حەمە پاشا لەم بارەیەوە سەنەدی پەیماننامەی داوە بە دەوڵەت و والی ناوبراویش بۆ نیشاندانی نیازپاکی خۆی لەم بارەیەوە سەرۆک هۆزی جاف بە مووچەی پێنج هەزار قروش بە قایمقامی گوڵعەنبەر دادەمەزرێنێت.[٢٥] مەدحەت پاشا لە نوسراوێکی دا بە ژمارەی(٤) کە بۆ وەزارەتی ناوخۆی ناردوە لە بەرواری ٢٢ی ئەیلولی ١٨٦٩دا تێیدا وێڕای ناردن و هاوپێچکردنی پەیماننامە دوازدە خاڵییەکەی لەگەل حەمە پاشا، ئاماژەی بۆ هەندێ خاڵی گرنگ کردوە، لەوانە زۆربەی هۆزەکانی سەنجەقی سلێمانی وەک عادەتی دێرینەیان هاوینان بۆ ئیدارەدانی ئاژەڵەکانیان دەچنە ئەو لەوەڕگایانەی دەکەونە ناو خاکی قاجارەوە و زستان دەگەڕێنەو، زانراوە کە لەماوەی ئەو چوون و هاتنەوەو نیشتەجێبوونیان لەو ماوەیەدا توشی پێکدادن دەبن و هەم خۆیان و هەمیش نیشتەجێکانی خاکی قاجار توشی زەرەر و زیانێکی زۆر دەکەن. بەجۆرێک خاوەنی زۆرترین ژمارەی ئەم عەشاییرانە هۆزی جافە کە لەلایەن بابی عالییەوە پلەی (قاپوچی باشی) حەمە پاشا سەرۆکیانە. بەنێر و مێ ژمارەیان نزیکە (٤٠)هەزار کەس دەبێت. والی ناوبراو ئاماژەی بۆ ئەوە کردوە بۆ ڕزگاربوون لەو دۆخە و بە ئومێدی نیشتەجێکردنیان، شێخ عەلی بەڕێوەبەری گوڵعەنبەر کە بەهۆی تێکچوونی نێوانی لەگەڵ هەندێ عەشائیری ناوچەکەدا بەباشزانراوە لاببرێت و تائێستە کەس لەجێگەی دانەنراوە، ئاماژەی بۆ ئەوە کردوە کە دەشتی شارەزوور کە بەشێک بوە لە قەزای گوڵعەنبەر و هەوارگەی جافەکان بووە، لە کاتی گەڕانەوەیان لە دەوڵەتی قاجار، زەوییەچۆڵەکانی پارچە پارچە بکرێت و بە شێوەی تاپۆ بدرێت بە تاکەکانی جاف و ناوچە چۆڵەکان ئاوەدانبکرێتەوە و بینا و باخ و باخاتی تێدا دروست بکرێت. هەروەها ئاماژەشی بۆ ئەوەکردوە حەمە پاشا بکرێتە قایمقامی گوڵعەنبەر و هێماشی بۆئەوە کردوە لەم بارەیەوە پەیماننامەیەکی مۆرکردوە.[٢٦]



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆلینێن کوردی

وەک بەدیاردەکەوێت، لەبەشـــی خوارەوەی پەیماننامەکە بەرواری ١٣ی ئەیلولی ١٨٦٩ی لەســـەرەو پەیمـانـنـامەکە لە دوازدە مـاددە پێکهـاتووە: مـاددەی یەکەمی پەیماننامەکە تایبەت بوو بە ڕێکخستنی کارگێڕییەوە، سەرەتا لەگەڵ ناحیەی قزلجە ناحیەکانی شـارباژێر، شـیوەکەڵ، سـەراو و ناحیەی بەرکێو هەموو لە قایمقامییەتێکدا یەکبخرێـت و هەتـا نـاحیەی قزلجەش بخرێتەســـەر قەزای گوڵعەنبەر بەهۆی زیـاتر گونجاوی شـــوێنی جوگرافی گوڵعەنبەرەوە، وەک لە بەندی دووەم و ســـێیەمدا هاتوە ناحیەی ناوبراو ئاوەدان بکرێتەوە. ماددەی دووەم ئەوانەی لە ناحییەی قزلجە چ پێشتر و چ دواتر ڕۆشـــتوونەتە خاکی قاجارەوە هەموویان دەهێنرێنەوە و نیشـــتەجێ دەکرێن ئەو گونـدانەیش کە خـاپوربوون ئـاوەدان دەکرێنەوە. مـاددەی ســـێیەم دوای هێنـانەوەی خەڵکەکە ونیشتەجێکردنیان بەگوێرەی توانا هەموو زەوی و زارەکانی ناحیەی ناوبراو ئاوەدان دەکرێتەوە بەهیچ شـێوەیەک هیچ جێگەیەک بە چۆڵی بەجێناهێڵرێت، لەبارەی پرسی ئاوەدانکردنەوە و بیناکردنی شوێنە خاپورکراوەکان بەگوێرەی ئەو ڕاسپاردانەی لەلایەن ویلایەتەوە نێردراون وبڵاوکراونەتەوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت. ماددەی چوارەم هەموو ئەو خەڵکانەی موتەسـەریفی سلێمانی و شـارەزوور و قایمقامیەتی سـەلاحییە کە ماڵیان گواســـتۆتەوە بۆ قاجار لە نێویشـــیان شـێخ (**محەمەد عارف**) و هاوشـــێوەکانی دەهێنرێنەوە بۆ زێـدی دێرینەی خۆیـان و هەوڵی نیشـــتەجێکردنیـان دەدرێت و وازیـان لێنـاهێنرێـت و جێنـاهێڵرێن بۆ قـاجـار. مـاددەی پێنجەم میری نـاوبراو و خزم و دەستوپێوەندەکەی هەموو بینا و ماڵ و باخ و باخچە دروسـت بکەن نیشـتەجێبن، واز لە گەرمیان و کوێســـتان بهێنن و حەمە پاشـا بەردەوام ســـەرقاڵی بەڕێوەبردنی کاروباری قایمقامییەت ببێت. ماددەی شـەشـەم دەشـتی شـارەزوور سـەرچاوە ئاوییەکانی بەگوێرەی نیزامنـامەی تـاپۆ دەدرێت بە میری هۆزی جـاف و خەڵکەکەی، ئەو زەوی و زارانەی کە چۆڵن و کشـــتوکاڵیان تێدا نەکراوە، ئاوەدان دەکرێنەوە بۆ نیشـــتەجێکردنی هۆزی ناوبراو لەو بارەیەوە هەموو هەوڵ ویارمەتییەکیـان دەدرێت. مـاددەی حەوتەم هۆزی نـاوبراو ئەگەر بۆ لەوەڕانـدنی ئـاژەڵەکـانیـان نـاچـاربوون بۆ مـاوەی ســـێ مـانـگ بچنە زۆزان (کوێســـتـان) ئەوە ڕێگریان لێ ناکرێت، کە بەســـەرۆکایەتی کوڕی میری ناوبراو (**مەحمود بەگ**) ماوەی دوو بۆ سێ مانگ بچنە زۆزان زستانیش بچنە سەلاحییە. ماددەی هەشـتەم لەهیچ هەلومەرجێکدا ڕێگە نەدرێت بە هەمەوەندی نیشـتەجێی خاکی قاجار بێنە (**سـەلاحیە، کەرکوک و سـلێمانی**) زیان بدەن لەو ناوچانە و ئاژاوە دروسـت بکەن، ئەوانە لە هەرکوێ بن بگیرێن و ڕادەستی دەوڵەت بکرێن. ماددەی نۆیەم ئەگەر تاوەکو ئەمڕۆ جاف هەشت کەسیان بۆ سەربازی داوە بە دەوڵەت لێرە بەدوا وەک زیادەیەک بیست

و هەشت کەسی دیکەی بۆ زیاد بکرێت واتا بە شێوەی بڕاوە سی کەس بەنیزام دەدرێت. ماددەی دەهەم بۆ زیادکردنی پلەو پایە و ئیعتیبار پلەی (**میری میران**) دەدرێت بە حەمە پاشای سەرۆکی جاف و کوڕەکەیشی مەحمود پاشا پلەی (**قاپوچی باشی**) پێدەدرێت. ماددەی یازدەهەم بەگوێرەی پێویستی بەڕێوەبردنی ویلایەت بە شێوازی نوێ میری ناوبراو گەر شارەزایی و لێوەشاوەی خۆی نیشاندا کەسێکی شارەزا و لێزان لە بواری کارگێڕی ویلایەت دەکرێت بە یاریدەدەری واتا حکومەت بە هەڵبژاردن یاریدەدەرێکی بۆ دادەنێت. هەرچی (**حەمە پاشا**)یشە بە مووچەی پێنج هەزار قروش پێدەدرێت و بایەخ بە جێبەجێکردنی پیت بە پیتی نیزامنامەی ویلایەت دەدرێت. ماددەی دوازدەهەم لەشوێنی خودی گوڵعەنبەردا، هەرکاتێک شێوەی شارۆچکەیەکی لەخۆگرت بە تێپەڕبوونی کات، بەهۆی ئەوەی خەڵکەکە پەرشوبڵاون، لەگەڵ خەڵکەکەی بایەخ بەئاوەدانکردنەوەی دەدرێت.[27] وەک لەماددەکانی پەیماننامەکەدا دەردەکەوێت ئەو ئیمتیازاتانە (جیاووگ) لەبەرامبەر ئەوەدا درابوو بە حەمە پاشای جاف کە ئیدی وەک پێشوو سنور نەبەزێنن و ئاسانکاری تەواو بکات بۆ پرۆژەی نیشتەجێکردن، بەهۆی دروستبوونی ئاڵۆزی لە ناوچەکە بڕیاردەدرێت کە پرۆسەی نیشتەجێبوون بۆ ساڵی داهاتوو هەڵپەسێردرێت، بەڵام دەرکەوت ساڵی داهاتووش پاشای ناوبراو کارناکات بۆ نیشتەجێکردنی هۆزەکەی، ئەگەرچی والی ناوبرا نامەیەکی هەڕەشە ئامێزی سەرکۆنەکردنی بۆ ناردوە، بەڵام پاشای ناوبراو بەبیانووی بێ بنەما وەڵامی والی ناوبراوی داتەوە و درێژەی بەکات کوشتن داوە، ئەوەبوو والی مەدحەت پاشا فەرمانێکی بۆ ناردوە ئەگەر بەندەکانی پەیماننامەکە بۆ نیشتەجێکردن جێبەجێنەکات ئەوا پلەکەی لێدەسەنرێتەوە و لە پۆستی قایمقامی لادەدرێت، ئەگەرچی حەمە پاشا گوێی بەم فەرمانەش نەداوە بەڵام لە چانسی حەمە پاشا، لە ساڵی ١٨٧٢دا مەدحەت پاشا لە پۆستی والییەتی بەغدا لادراوە و لە جێگەی ڕەوف پاشا دانراوە، بەم هۆیەوە ئەو فەرمانە جێبەجێنەکراو، دۆخەکە بەو جۆرە مایەوە. کەواتە بەهۆ بەجێنەگەیاندنی بەرپرسیارێتییەکانی سەرشانیان لەمەڕ پرۆسەی نیشتەجێکردن لەلایەن سەرۆکی جافەکانەوە و لەهەمانکاتدا گۆڕینی والی بەغدا کە لایەنی یەکەمی جێبەجێکردنی پرۆسەکە بوو ماددەکانی پەیماننامەکە وەک خۆی جێبەجێنەکرا.[28] بەم جۆرە هەوڵی مەدحەت پاشا بۆ ڕزگارکرنی جافەکان لە دۆخی بەدەوییەت و هێنانیان بۆ ناو بازنەی مەدەنییەت بە میکانیزمی نیشتەجێکردن ئەنجامی خواستراوی بەدینەهێنا.

پرسی نیشتەجێکردنی جافەکان جارێکی تر و لەساڵی ١٨٧٣ دەبێتەوە بابەتی گەرمی نێو نوسراوەکانی ویلایەتی بەغدا و ئەستەموڵ، بە جۆرێک لە تەلەگرافێکدا



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

له ١٥ی شـــوباتی هەمان ســـاڵدا له بەغداوه بۆ ناوەند نێردراوه، تێیدا باس له چەند بابەتێکی گرنگ کراوه، لەوانه: لەکاتی چوونی سەرانی جاف بۆ بەغداد و لەئەنجامی گفتوگۆ ئەوەیان ڕوونکردۆتەوه، ئەگەرچی ســـاڵی پار بەهۆی نەچوون بۆ زۆزان بۆ ناو خاکی قاجار بەشـــێکی زۆری ئاژەڵەکانیان لەناوچوون، بەڵام بۆئەوەی پارێزگاری لەو بەڵێنـانه بکەن که به دەوڵەتیـان داوه و بۆ ئەوەی ڕاســـتگۆیی خۆیـان وەک هـاوڵاتی ڕاســـتەقینەی دەوڵەت بســـەلمێنن، هەر لەســـنوری گەرمیان و کوێســـتانی ســـلێمانی و سـەلاحییەدا ماونەتەوه. باسـییان لەوه کردوه ئامادەن وەکو پێشـووتریش بەبێ زیادکردن ســـاڵانه هەموو بەرپرســـیارێتییەکان به بڕی دیاری کراوی ســـەرباز و باج ...هتد بدەن به دەوڵەت، ئـامـاژەش بەوەکراوه که ئەوجـافـانەی که لەقـاجـاریش مـاونەتەوه هـانبـدرێن ڕێگەیان پێبدرێت بگەڕێنەوه ناوچەکانی خۆیان، لەمەشدا لەسەر حەقبوون، ئەو جافانەی له قاجار له هەموو تێچوویەک ببەخشـــرێن و کاربکرێت بۆئەوەی ناوچەی زەهاویان پێ ئـاوەدانبکرێتەوه، ئەمه بەلەبەرچـاوگرتنی ئەوەی هۆزێکی وەهـا گەورەی بەیەکجـاری بمێننەوه له نـاوچەکه و ببنه خـاوەن زەوی و کێڵگه خەریکی کشـــتوکـاڵ بن و ســـودێکی زۆری دەبێت و دەبێته هۆی بەیەکجاری بەرتەرەفکردنی ناکۆکی و ململانێ لەگەڵ قاجاردا. لەکۆتـایشـــــدا ئـامـاژەیان بۆ ئەوه کردووه ئارەزووی ویلایەت ئەوەیه که خانوو و ماڵ دروست بکەن و بەوشیوەیش گوند دروست ببێت و ئەوانەی چوونەته دەوڵەتی قـاجـار بگەڕێنەوه و بکرێن بەبەشـــێک لەو پرۆســـەی ئـاوەدانکردنەوه ورده ورده له میرەکانیان ڕزگاردەبن و دوای نیشـــتەجێبوون و بینینی عەدالەتی دەوڵەت ئیدی ئارەزووی ڕۆشتن بۆ خاکی قاجاریش لەسەریاندا نامێنێت.[٢٩]

وەک دەردەکەوێت وێڕای هەوڵ وتێکۆشـــان و پێدانی چەندین دەســـکەوت وئیمتیاز بەسەرانی جاف، بەڵام پرۆسەی نیشتەجێکردنی هۆزی گەورەی جاف کارێکی ســـوک وئاســـان نەبوو بۆ دەوڵەتی عوســـمانی، چونکه ســـەرانی جاف خاوەن بۆچونێکی نێگەتیف بوون بەرامبەر پرۆســـەکه و لەگەڵیدا نەبوون و حەمه پاشـا دەبوه ئاســـتەنگ لەبەردەم پرۆسەکەدا، هەتا حەمه پاشا لەترسی سزادانی لەبەر ئەو هەڵوێست و بۆچوونەی دژی نیشـتەجێکردن هەی بوو پەڕیوەتەوه بۆ ناوچەی کرمانشـاه له قاجار، ئەگەرچی بەم هۆیەوه بەگوێرەی نوســـراوێکی وەزارەتی دەرەوەی بۆ ویلایەتی بەغدا نێردراوه داواکراوه لەئێستەدا (١٢٨٩- ١٨٧٣) لەلایەن دەزگا میرییەکانەوه دەست بگیرێت بەسـەر مولک و مـاڵەکـانیدا و فەرمـانی پێدانی پلەکەشـــی لێوەربگیریتەوه، بەهۆی ئەوەی پەڕیوەتەوه قاجار ئەو وڵاتەی لێ ئاگادار بکرێتەوه و تاوەرگرتنی ئەنجامێک لەو بارەیەوه، فەرمانی پێدانی پلەو پایه و بەرپرســـیارێتی به کوڕه گەورەکەیشـــی مەحمود له ئێســـتەدا



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینێن کوردی

بەباشـــدەزانرێت دوا بخرێت.[٣٠] بەڵام بەهۆی ئەوەی دەســـەڵاتدارانی دەوڵەت درکیـان بەوەکردبوو کە بەبێ بەگی ناوبراو نیشـــتەجێکردنی هۆزێکی وەها گەورە ئاســـان نابێت، لە بڕیاری لێخۆشبوونەکەیدا هاتوە کە سەرۆک هۆزی جاف کە بەرلە سێ چوار ســـاڵ لەگەڵ زۆرینەی بەگزادەکان و دوو ســـێ هەزار ماڵەوە چووبووە قاجار و لەوێ نیشـــتەجێبوو، ئەمجارە پەشـــیمانی نیشـــانداوە و داوای گەڕانەوەی کردووە، بۆیە لێخۆشـــبوونی باڵا گرتوویەتییەوە، ئەمە لەکاتێکدایە هۆزەکەی ئەو بڕە داریکراوەی لە باج و زەکات و ئاژەڵ و نەفەریان داوە بەدەوڵەت، هۆزێکی وەهـا گەورە ئەگەربێت و جێگیربکرێن و نیشـــتەجێ بکرێن ئەوا دەبێتەهۆی زیاتر ســـوودگەیاندن بە خەزێنەی دەوڵەت، ئاشـکرایە کە حەمە پاشا بەتەمەنترین و گوێلێگیراوترین و بەدەسەڵاتترینی نـاو میرەکـانی جـافە.[٣١] بۆیە ســـەرەڕای هەموو ئەو ڕووداوانی ڕوویـانـداوە، لە پێنـاو جێبەجێکردنی پرۆسەی نیشتەجێکردن (بۆ هێنانە ناوبازنەی مەدەنییەت) حەمە پاشایان عەفووکرد و کردیانەوە بە قایمقام. لەگەڵ هەموو ئەمانەشـــدا ناوبراو لەســـەر بۆچوونی دژایەتیکردنی نیشـــتەجێکردن بەردەوامبوو، هەتا فشـــاری دەخســـتەســـەر ئەوانەی ناو هۆزەکەی کە حەزیان بە نیشـــتەجێکردن بوە و ئەو باجەشـــی کە کۆیان کردۆتەوە خســـتویەتییە بن دەســـتی خۆی [٣٢] هەر لەهەمان بەڵگەدا باس لەوەکراوە بەگوێرەی ڕاپۆرتێک کە لەوناوچانەوە نێردراوە باســـی لەوە کردوە ئەم جۆرە ڕەفتارانەی پاشـا بوەتە هۆی کوشتنی، هەتا هەندێ لەسەرانی گەورە هۆز بە ئاشـکرا باسییان لەوەکردوە کە هۆکاری کوشـــتنی پاشـــا بەهۆی بیزارکردن و زۆرکردنی بووە لەوانەی حەزیان بە نیشـــتەجیبوون بووە. [٣٣] مەحمود پاشـــا کەدوای کوشـــتنی باوکی بوو بە قایمقامی گوڵعەنبەر، بۆچوونی لەبارەی نیشـــتەجێکردنەوە بەهەمان شـــێوەی باوکی بوو، هۆکاری ســـەرەکی ئەم بەرهەڵستییەی بەگەکانی جاف دژی نیشتەجێکردن بۆ ئەوە گەڕاوەتەوە کە دەترسان دوای نیشتەجێبوون کۆنترۆڵیان بەسەر هۆزەکەیاندا لەدەست بدەن.

### ٣.٢ ئاکامی پرۆسەی نیشتەجێکردنی جافەکان و کۆشتنی حەمەپاشای جاف

ئەگەرچی پرۆژەی نیشـــتەجێکردنی جافەکـان، پرۆژەیەکی جـدی مەدحەت پاشـــای والی بەغدا بوو، هەوڵیداوە هەرچۆنێک بێت جافەکان نیشـــتەجێ بکات، بەڵام دژایەتی ســـەرۆکی جاف بۆ ئەو پرۆژە بەڕادەیەک بووە، حەمە پاشـا بەڕوون وڕاشـــکاویی ڕایگەیاندبوو ئەو نایەوێت جافەکان نیشتەجێ بکرێن، بە عومەر پاشای ڕاگەیاندووە:" **ئیشـــتە ئێمە وەک بازێکی ســـەربەســـتین، کوێمان بوێت لەوێ ئەنیشـــینەوە، بەموڵکی خۆمانی دەزانین...**"[٣٤] دژایەتی توندی حەمە پاشـا لەلایەک، لادانی مەدحەت پاشـــای والی بەغداد لەلایەکی دی، دەکرێت دووان لە پاڵنەرە سەرەکییەکانی بە ئاکام نەگەیشتنی

پرۆژەی نیشـــتەجێکردنی جافەکان بێت. هەڵبەت لەپاڵ ئەم دوو هۆکارە، هۆکاری دیکەیش هەبوون لەوانە: ئاڵۆزی و سـەختی پرۆژەی نیشـتەجێبوونەکە، سـەختی ئاو و هەوایی شـــارەزوور و گوڵعەنبەر لە وەرزی هاویندا و نەگونجانی بۆ ئاژەڵ بەخێوکردن، ســـەختی دۆخی ئاو وهەوا و ترســـی لەناوچوونی ئاژەڵ و پاتاڵەکان وا لە ژمارەیەک لە ســـەرۆک فیرقەکانی جاف دەکات، هەم خۆیان داواکارینامەیەک بنووســـن و تێیدا سـکاڵای دۆخی خراپی ئاژەڵ و ماڵاتەکانیان بەهۆی خراپی ئاو و هەوای وەرزی هاوینەوە بکەن و تێیـدا داوا بکەن کە ڕێگەیـان پێبـدرێـت ئـاژەڵ و مـاڵاتەکـانیـان ببەنە کوێستان...[٣٥] سەختی دۆخەکە بەڕادەیەک دەبێت، ژمارەیەک لە جافەکان پەنا ببەن بۆ سەید عەبدولڕەحیمی تاوگۆزی (مەولەوی) کەسایەتی و شاعیری ناودار و خاوەن پێگە لای حاکمی سنە، سکاڵای دۆخی خراپی خۆیانی لابکەن و ناوبراو لەسەر داوای ئەوان نوسـراوێک بکات بۆ حاکمی سـنە و تێیدا ئاماژەی بەوەکردوە دەرد و سـکاڵای سـەت هەزار گیـانەوەری نـاتق و غێر نـاتقەوە (واتە مرۆڤ و ئـاژەڵ) داوا دەکات بۆ ئەوە بەهۆی گەرما و ژەهری شـارەزوور لەوەرزی هاویندا، نەمرن و لەناونەچن، ڕێگەیان بدرێت سـنوری ئێران ببڕن و بچنە لەوەڕگاکانی ئەوێ.[٣٦]

بەوشـیوەیە، و لە ئاکامی ئەو فاکتەرانەی باسـکران، پرۆژەی نیشـتەجێکردن لەســەردەمی حەمە پاشــا (١٨٦٩-١٨٨١)دا سـەرەڕای خواسـتی دەوڵەتی عوسـمانی و مەیلی هەندێ فیرقەی جاف بۆ نیشتەجێکردن، بەئاکام نەگەیشت و سەری نەگرت.

## ئەنجام

- جاف، یان جافەکان نەک تەنیا پێکهێنەری ســـەرەکی بونیادی کۆمەڵایەتی قەزای گوڵعەنبەربوون، بەڵکو لە قەزای گوڵعەنبەر بەتـایبەت و ســـەنجەقی سلێمانی بەگشتی، خاوەن هێز و قورساییەکی گەورەی کۆمەڵایەتی و سەربازی و ئـابوری بوون ، ئەوەش وایکردبوو، نیشـــتەجێکردنی جـافەکـان بۆ دەوڵەتی عوسمانی ڕەهەندی ئەمنی و سەربازی و سۆسیۆ-ئیکۆنۆمیش وەربگرێت.
- مەدحەت پاشــای والی بەغدا، لە درێژەی پرۆژە چاکســازییەکانیدا، زۆر بەجدی کاری لەســـەر نیشـــتەجێکردنی جافەکان کرد، هەموو هەوڵێکی خۆی لەو پێناوەدا خســتبووەگەڕ و هەتا ســڵیشــی لەوەنکردۆتەوە کە پەیماننامەیەکی دوازدە خـاڵی لەگەڵ حەمە پـاشـــای جـاف دا ببەســـتێـت و لە بەرامبەر



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ئاسانکاریکردن بۆ نیشتەجێکردنی جافەکان چەندین ئیمتیازیش بدات بە حەمە پاشای سەرۆکی هۆزی جافەکان.

- مەدحەت پاشای والی بەغداد لەبەرامبەر ئاسانکاریکردن و ڕێگەدان بە نیشتەجێکردنی جافەکان، هەم پلەی (**میری میران**)ی داوە بە حەمە پاشا، هەمیش پۆستی قایمقامییەتی گوڵعەنبەر، بەڵام وەک بە دیارکەوت، حەمە پاشا خۆی زۆر لەوە گەورەتر زانیووە لە ناوچەیەکی وەک قەزای گوڵعەنبەردا قەتیس بێت، هەمیش تموح و نیازی حەمە پاشا زۆر لە گوڵعەنبەر و شارەزوور فراوانتربووە، وەک خۆی گوتبووی ئەوان نەک گوڵعەنبەر و شارەزوور، بەڵکو بەهەرکوێدا تێپەڕن بەموڵکی خۆیانی دەزانن، واتا هەرلە گوڵعەنبەرەوە بۆ سەلاحیە و قزڵرەبات و لەوێشەوە بۆ زەهاو تا ناو خاکی قاجاری بە قەڵەمڕەی خۆی دەزانی، بۆیە نیشتەجێکردنی بە دیلبوون داوەتە قەڵەم.
- لەبەرئەوە حەمە پاشای جاف، نەک هەر لەگەڵ نیشتەجێکردنی جافەکاندا نەبوو، بەڵکو بەتەواوی دژی ئەو پرۆسەیە بووە و بەرەنگاری بووەتەوە، چونکە حەمە پاشا زانیوویەتی دوای نیشتەجێبوونی جافەکان، لەلایەک بەشێکی هەژموونیی خۆی لەسەر فیرقەکانی جاف لەدەست دەدات، لەلایەکی دیکەش جوگرافیایەکی فراون لە گوزەرگا و لەوەڕگا لەناوچەکانی دی، کە لەژێر هەژموونی جافدا بووە، لەدەست دەدات، بۆیە تا کوشتنی ملی بۆ نیشتەجێکردنی جافەکان نەدا.

## لیستی سەرچاوەکان

### بەڵگەنامە بڵاونەکراوەکان:


BOA. HR. MKT. 803. 10. 04.

BOA. ŞD. 2150.53. 04.01.

BOA. Y.PRK. ASK. 59. 25. 02.

BOA. ŞD.2149. 021.03. (17.Zilhicce.1289- 15.Şubat. 1873).

BOA. İ. DH. 602. 041931. 002.01. (6 Cemazi-el-aher 1286/31 Ağustos 1285/13 Eylül 1869), Lef 3/1.

BOA. Y.PRK. ASK. 59. 25. 02.

BOA. İ. DH.602. 041931. 001. 001.

BOA. HR. MKT. 692. 59.

BOA. HR.MKT. 685.28.4.

BOA. HR.MKT.741. 4. 2.

BOA. HR. MKT. 685.28.6.

BOA. A-) MKT. MHM. 498. 70. 02. 01.

BOA. Y. PRK. ASK. 59. 25. 02. 01.


### سەرچاوە بە زمانی کوردی (کتێب و گۆڤار)


- تاریخ جاف، دانراوی کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف، لێکۆڵینەوەی د. حەسەن جاف، پێشەکی محەمەد عەلی قەرەداغی، چاپی یەکەم ١٩٩٥.
- د. حەسەن جاف کەریم جاف و تریفە عەبدول سەلام محەمەد عەلی، حەمە پاشای سەرۆکهۆزی جاف(١٨١٤-١٨٨١)، گۆڤاری توێژەر، بەرگی ٦، ژمارە ١، بەهاری ٢٠٢٣.
- د. حەسەن جاف، با وردتر لەڕووداوە مێژووییەکان بکۆڵینەوە، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١١٦)، بەغداد، ١٩٨٧.
- مەلا عەبدو رەحیمی تاوگۆزی، دیوانی مەولەوی، کۆکردنەوە ولێکۆڵینەوەی، محەمەد عەلی قەرەداغی، بەرگی دووەم، ٢٠١٥.
- محەمەد ئەمین زەکی بەگ، تاریخی لیوای سلێمانی و وڵاتی لە دەورەی زۆر قەدیمەوە تا ئەوەڵی ئیحتیلال (١٩١٨)، چاپخانەی النجاح- بغداد ١٩٣٩.
- سەرچاوە بە زمانی عەرەبی
- ثامر عبدالحسن الامیری، موسوعة العشائر العراقیة، جزء ٦، مكتبة صفا و مروة، لندن ١٩٩٣.
- د. زرار صدیق، القبائل و الزعامات القبلیة الكردیة فی عصر الوسیط، دار الزمان- دیمشق ٢٠١٥.
- عباس العزاوی، عشائر العراق الكردیة، ٢.جلد، بغداد ١٩٥٤.
- عبدالعزیز سلیمان نوار، تاریخ العراق الحدیث فی نهایة حكم داود پاشا الی نهایة حكم مدحت پاشا، (قاهرة-١٩٦٨).
- مارك سایكس، القبائل الكردیة فی الامبراطوریة العثمانیة، ت: خلیل علی مراد، دار الزمان، سوریة ٢٠٠٧.


### سەرچاوە بە زمانی تورکی (کتێب و گۆڤار)


Derviş paşa, Hudûd-ı İraniyeye dair,matbaa-i Ahmed İhsan, istanbul 1321.

Fasih Dinç, “Medenileştirme” Aracı olarak Osmanlı’nın iskan plitikası: Caf Aşireti örneği, şerkiyat ilmi Arıştırmalar dergisi, Ağustos 2020 cilt:12 sayı:3.

RHOADS MURPHEY, KASRIŞÎRİN ANTLAŞMASI, Osmanlılar'la Safevîler arasında 1639'da imzalanan ve bugünkü Türkiye-İran doğu sınırını belirleyen antlaşma, https://islamansiklopedisi.org.tr/kasrisirin-antlasmasi, erişim tarihi 25.10.2022. saat:11.30.

## پەراوێز:

---

١ مارک سایکس، القبائل الكردية فی الامبراطورية العثمانية، ت: خليل على مراد، دار الزمان، سورية ٢٠٠٧، ص ٤٠

٢ تاريخ جاف، دانراوی کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف، لێکۆڵینەوەی د. حەسەن جاف، پێشەکی محەمەد عەلی قەرەداغی، چاپی یەکەم ١٩٩٥، ل ٢٠-٢٢.

[3] Derviş paşa, Hudûd-ı İraniyeye dair,matbaa-i Ahmed İhsan, istanbul 1321, s. 59.

[4] BOA. Y. PRK. ASK. 59. 25. 02. 01.

[5] Derviş paşa, a. g. e, s. 59

٦ د. زرار صديق، القبائل و الزعامات القبلية الكردية فی عصر الوسيط، دار الزمان- ديمشق ٢٠١٥، ص ٧٤.

٧ عباس العزاوى، عشائر العراق الكردية، ٢.جلد، بغداد ١٩٥٤، ص، ٢٨. .بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی رێکەوتنامەی زەهاو یراونە:

RHOADS MURPHEY, KASRIŞÎRİN ANTLAŞMASI, Osmanlılar'la Safevîler arasında 1639'da imzalanan ve bugünkü Türkiye-İran doğu sınırını belirleyen antlaşma, https://islamansiklopedisi.org.tr/kasrisirin-antlasmasi, erişim tarihi 25.10.2022. saat:11.30.

٩ ثامر عبدالحسن الاميرى، موسوعة العشائر العراقية، جزء ٦، مكتبة صفا و مروة، لندن ١٩٩٣، ص ١٢٥-١٢٦.

[10] BOA. A-) MKT. MHM. 498. 70. 02. 01.

[11] Musul Vilayeti salnamesi, sene 1310.1892. s.228.

[12] BOA. Y. PRK. ASK. 59. 25. 02. 01.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینێن کوردی

١٣ بۆ تەواوی زانیاری تەواوی لەمەڕ هۆکار و چۆنییەتی و ئەنجامەکانی تەواوی هەوڵەکانی میتحەت پاشای والی بەغداد بۆ نیشتەجێکردنی یەکجاری جافەکان بڕوانە بەشی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوە.

14 Musul Vilayeti salnamesi, sene 1310.1892. s.228.

١٥ ثامر عبدالحسن الاميری، المصدر السابق، ص ١٢٧ .

١٦ د . حەسەن جاف، با وردتر لەڕووداوە مێژووییەکان بکۆڵینەوە، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١١٦)، بەغداد، ١٩٨٧، ل

١٧ د. حەسەن جاف کەریم جاف و تریفە عەبدول سەلام محەممەد عەلی، محەمەد پاشای سەرۆکهۆزی جاف(١٨١٤-١٨٨١)، گۆڤاری توێژەر، بەرگی ٦، ژمارە ١، بەهاری ٢٠٢٣، ل ٦٧،٦١.

١٨ عبدالعزیز سلیمان نوار، تاریخ العراق الحدیث فی نهایة حكم داود پاشا الی نهایة حكم مدحت پاشا، (قاهرة-١٩٦٨)، ل ٧٠.

19 BOA. HR. MKT. 685.28.6.

20 BOA. HR.MKT. 685.28.4.

21 BOA. HR.MKT.741. 4. 2.

22 Fasih Dinç, “Medenileştirme” Aracı olarak Osmanlı’nın iskan plitikası: Caf Aşireti örneği, şerkiyat ilmi Arıştırmalar dergisi, Ağustos 2020 cilt:12 sayı:3, P. 415- 417

23 A.g.m.

٢٤ **قاپوچی باشی**: بە بەزاراوەی ئەمڕۆژە بە مانای سکرتێر(دەرگاوان)ی نوسینگەی پلەدارێک دێت، نازناوێکی عوسمانی بووە، کە بە سەرۆکی دەروازەوانانی کۆشک یان "سەرۆک پاسەوان" دەدرا، لە سەرەتای سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا، تەنیا یەک دەرگاوانێکی سەرەکی هەبوو. بە تێپەڕبوونی کات ژمارەیان زیادی کرد و لە سەدەی ١٨دا لە یەک کاتدا نزیکەی ١٥٠ سەرۆکی دەروازەوان هەبوون. سەبارەت بە ئەرکی دەرگاوانەکان، کۆنترۆڵی پاسەوانانی کۆشک، ئەرکی پاسەوانی دەرگاکان، گەیاندنی پەیام و فەرمانەکان و جێبەجێکردنی فەرمانەکانی دیوانی هومایۆنیان لە ئەستۆدا بووە. شایەنی باسە، لە ساڵی ١٨٥١ پلەی سەرۆکی دەرگاوانەکان پێناسە کرایەوە، بەجۆرێک نازناوی سەرۆکی دەرگاوانەکان لە نێو پلەمەدەنییەکاندا جێگەی گرنگی گرتبوو تاوەکو لە ساڵی ١٩٠٨دا ئەم پلەیە هەڵوەشێنرایەوە. لێرەدا مەبەست لە قاپۆچی باشی، سکرتێری نوسینگەی مەدحەت پاشا دێت. بۆ زیاتر لەبارەی (**قاپوچی باشی**) بڕوانە:



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی

Abdülkadir Özcan, " Kapıcı" https://islamansiklopedisi.org.tr/kapici. erişim saati: 08.02.2024. saat 11: 58 pm.

25 BOA. Y.PRK. 59.25.02.

26 BOA. İ. DH. 602. 041931. 002.01. (6 Cemazi-el-aher 1286/31 Ağustos 1285/13 Eylül 1869), Lef 3/1.

27 BOA. İ. DH.602. 041931. 001. 001.

28 BOA. Y.PRK. ASK. 59. 25. 02.

29 BOA. ŞD.2149. 021.03. (17.Zilhicce.1289- 15.Şubat. 1873).

30 BOA. HR. MKT. 803. 10. 04.

31 BOA. ŞD. 2150.53. 04.01.

32 BOA. Y.PRK. ASK. 59. 25. 02.

33 BOA. Y.PRK. ASK. 59. 25. 02.

٣٤ د. حەسەن جاف کەریم جاف و تریفە عەبدول سەلام محەمەد عەلی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٢-٧٣.

35 BOA. HR. MKT. 692. 59.

٣٦ مەلا عەبدو رەحیمی تاوگۆزی، دیوانی مەولەوی، کۆکردنەوە ولێکۆڵینەوەی، محەمەد عەلی قەرەداغی، بەرگی دووەم، ٢٠١٥ ، ل ٩٩٠.

36 Kurdish nomadic tribes often migrate seasonally between summer and winter pastures to provide their animals with adequate grazing and cope with climatic variations. During the summer, nomadic Kurdish tribes traditionally move to higher elevations or cooler areas with more abundant vegetation for their animals to graze. In contrast, during the winter, these tribes move to lower elevations or warmer areas to protect their livestock from harsh weather conditions. These movements are called Kwestan and Garmian respectively.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

## پاشکۆکان

### پاشکۆی ژماره(١)

**دەقی پەیماننامە دوازدە خاڵییەکەی نێوان مەدحەت پاشا و حەمە پاشای جاف**



İ.DH.00602

### پاشکۆی ژمارە (٢)

**دەقی نامەی مەدحەت پاشـــا بۆ وەزارەتی ناوخۆ بە مۆری خۆیەوە لەبارەی ناوەڕۆکی پەیماننامە دوازدە خاڵییەکەی لەگەڵ حەمە پاشای جافدا**



İ.DH.00602

# عملية استيطان الجاف في عهد محمد باشا الجاف (١٨٦٩-١٨٨١)
## نظرة ثاقبة من الوثائق الأرشيفية العثمانية

**الملخص:**

كانت قبيلة الجاف عبارة عن قبيلة كبيرة أو اتحاد قبلي كردي كبير. وبسبب طبيعتهم غير المستقرة، فقد هاجروا بشكل متكرر بين العراق ودولة القاجار. وقد شكل ذلك تحديات أمام إجراءات السلطة المركزية، مثل تحصيل الضرائب، والتوظيف، وتنفيذ السلطة المركزية. كانت هذه القضايا معقدة وإشكالية بالنسبة للإمبراطورية العثمانية .بالإضافة إلى ذلك، فإن عبور حدود الإمبراطورية العثمانية خلال الهجرات الموسمية (كرميان وكويستان) إلى الدولة القاجارية غالبا ما تسبب في حدوث مشكلات دبلوماسية كبيرة بين الإمبراطورية العثمانية الدولة القاجارية. ولذلك أصرت السلطات العثمانية في العراق، وخاصة والي بغداد مدحت باشا، على بذل كل الجهود لتوطين الجاف في سهل شهرزور ومنطقة غولعنبر. وتحقيقا لهذه الغاية، وقع في سبتمبر ١٨٦٩ معاهدة من اثنتي عشرة نقطة مع محمد باشا الجاف. الغرض الأساسي من هذه الدراسة هو تحليل الاتفاقية وغيرها من الوثائق غير المنشورة من الأرشيف العثماني فيما يتعلق باستيطان جاف في مقاطعة غولعنبر.

وبشكل عام تهدف الدراسة إلى الإجابة على الأسئلة التالية بناءا على المعلومات الموجودة في الوثائق غير المنشورة من الأرشيف العثماني: ما مكانة قبيلة الجاف في وثائق الأرشيف العثماني؟ ما هو الهدف من مساعي مدحت باشا لتوطين الجاف أثناء توليه منصب والي بغداد؟ "ما هو موقف محمد باشا من عملية استيطان جاف؟ وما هي نتائج عملية استيطان الجاف ومحمد باشا جاف وأسبابها ونتائجها؟ بحثنا سيغطي مجموعة من الأسئلة الأساسية، بما في ذلك تلك المذكورة أعلاه سنقوم بتحليل وتفسير الأرشيف العثماني غير المنشور لحل هذه القضايا الاجتماعية والاقتصادية والإدارية والعسكرية.

**الكلمات الدالة:** *الدولة العثمانية، مدحت باشا، الجاف، عملية الاستيطان، محمد باشا الجاف.*

## The Jaffs' Settlement Process Under the Reign of Hama Pasha Jaff (1869-1881) Insight from Ottoman Archived Duccuments


### Abstract

The Jaffs were a large tribe or a large Kurdish tribal confederation. Due to their unsettled nature, they frequently migrated between Iraq and Iran. This posed challenges to the measures of central authority, such as collecting taxes, recruitment, and implementation of central authority. These issues were complex and problematic for the Ottoman Empire. In addition, crossing the Ottoman Empire's border during the seasonal migrations of Garmian and Kwestan into the Iranian Empire often caused significant diplomatic issues between the Ottoman Empire and the Iranian Empire. Therefore, the Ottoman authorities in Iraq, especially the governor of Baghdad, Mithat Pasha, insisted on making every effort to settle the Jaffs in the Sharazoor plain and Gulanbar district. To this end, in September 1869, he signed a twelve-point treaty with Hama Pasha of Jaff. The primary purpose of this study is to analyze the agreement and other unpublished documents from Ottoman archives regarding the settlement of Jaffs in the Gulanbar district.

In general, the study aims to address the following questions based on the information found in unpublished documents from the Ottoman archives: What is the status of the Jaff tribe in the documents of the Ottoman archives? What was the purpose behind Mithat Pasha's efforts to settle the Jaffs while serving as governor of Baghdad? "What was Hama Pasha's stance on the Jaffa settlement process? What are the results of the settlement process of the Jaffs and Hama Pasha Jaff, as well as their causes and consequences? Our research will cover a range of essential questions, including those mentioned above and others. We will analyze and interpret unpublished Ottoman archives to solve these socio-economic, administrative, and military issues.



**Keywords:** *Ottoman Empire, Mithat Pasha, Jaffs, Settlement Process, Hama Pasha Jaff*

Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

# سیاسەتی دەوڵەتانی عوسمانی و قاجاری بەرانبەر بە ململانێی هۆزەکانی ئێلی بلباس (١٨٨١-١٩١٤)

د. بەختیار مصطفی هومر
بەڕێوبەریەتی پەروەردەی ڕانیە- هەرێمی کوردستانی/ عیراق

پ. هـ. د. دڵشاد محمود عبدالرحمن
زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر- هەرێمی کوردستانی/ عیراق

**پوختە:**

ئێلی بلباس هاوشێوەی ئێڵ و هۆزە کوردەکانی دیکە بە درێژایی چەندین سەدە بونیادی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتیی کۆمەڵگەی کوردییان پێکهێناوە، هاوکات دامەزرێنەر و برِبڕەی پشتی میرنشینە کوردییەکانیش بوون و ڕەنگرێژی سەرجەم کایەکانی ژیانی کوردستانیان کردووە، هەربۆیە هۆزایەتی ئاراستەکەری مێژووی کورد و کوردستان بووە و کاریگەری گەورەشی بەسەر ڕەوتی ڕووداوەکانی ناوچەکەدا هەبووە، لە کۆمەڵگەی کوردستاندا تاک لە چوارچێوەی هۆز و ئێڵەکەیدا خۆی بینیوەتەوە و کەسایەتی و ژیانی پارێزراو بووە، بڕیار و سیاسەتی سەرۆک هۆز نوێنەرایەتی بۆچوونی سەرجەم ئەندامانی هۆزەکەی کردووە، ئەم بالادەستییە ڕەها و ژینگە هۆزایەتییەش لایەنی باش و خراپی بەسەر مێژووی کورد و کوردستاندا بەجێهێشتووە.

هۆزایەتی ئەگەر هۆکارێک بوویێت بۆ بەهێزی و یەکڕیزی و پاراستنی ئەندامان و کلتور و دابونەریتی کۆمەڵگەی کوردی، هاوکات هۆکارێکیش بووە بۆ لاواز بوون و بنکۆڵکردنی میرنشینە کوردییەکان و ڕێگریش بوون لەبەردەم دەرکەوتن و گەشەکردنی هەر جولانەوەیەک، لە کوردستاندا، کە ئامانجی دەربازکردنی کۆمەڵگە بوویێت لە هەژموونی هۆزایەتی و خێڵگەرایەتیدا، دەوڵەتانی عوسمانی و ئێرانیش بە هۆی سیاسەتی دەستێوەردانیان لە کاروباری هۆزەکان توانیویانە ناکۆکی و ململانێی بەردەوام لە نێواندا دروست بکەن و دووریان بخەنەوە لە یەکێتیی و



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

یەکگرتوویی و بیری نەتەوەیی، هەروەها بەکاریان بهێنن لە پێناوی بەرژەوەندی حکومەتی ناوەندی و سوود لە توانا سەربازی و ئابوورییەکانی هۆزەکان وەربگرن بۆ ساغکردنەوەی ئەو ململانێ درێژخایەنەی لە نێوان عوسمانی و ئێرانییەکاندا هەبوو، بە تایبەتی لە بابەتی ناکۆکی لەسەر ناوچە سنوورییە کێشە لەسەرەکان، لەسایەی ئەو سیاسەت و بارودۆخەوە، خوێندنەوە بۆ هەڵوێستی دەوڵەتانی عوسمانی و قاجاری سەبارەت بە ململانێی هۆزایەتی لە نێوان هۆزەکانی ئێلی بڵباسدا دەکەین.

**پەیڤێن سەرەکی:** *بڵباس، ناکۆکی هۆزایەتی، دەوڵەتانی عوسمانی و قاجاری، مامەش، مەنگوڕ و پیران.*

---

**پێشەکی:**

ئێلی بڵباس کۆنفیدراسیۆنێکی هۆزایەتیی کۆچەری بووە، لە ناوچەکانی دەوڵەتی عوسمانی (باشووری کوردستان) و دەوڵەتی قاجاری (ڕۆژهەڵاتی کوردستان) دەژیان و لە نێوان ناوچەکانی هەردوو دەوڵەتەکەدا گەرمیان و کوێستانیان کردووە، دەسەڵات و پێگەیەکی بەهێز و گرنگیان لە ناوچەکانی هەردوو دەوڵەتدا هەبووە، لەنیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەمدا بە هۆی یەکگرتوویی هۆزەکانی بڵباسەوە زۆربەی کات هەڕەشەیان لە دەوڵەتانی عوسمانی و قاجاری کردووە، تەنانەت ئەگەر لە حاڵەتی ناچاریدا نەبووبێت، باج و سەرانەیان بە حکومەتانی ناوەندی نەداوە، لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمدا زۆربەی هۆزەکانی بڵباس بە سەرۆکایەتی هەمزاغای مەنگوڕ جوڵانەوەیەکیان لە دژی قاجارەکان بەرپا کردووە، دواتریش بەشدارییەکی کاریگەریان لە شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵای نەهریدا کردووە.

بەشێکی زۆری ناوچەکانی ئێلی بڵباس دەکەوتنە سەر سنووری هەردوو دەوڵەتەکەوە، گوند و لەوەڕگاکانیان لەدیوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە هەرێمی موکریان، ببوونە ناوچەی سنووری کێشە لەسەر لە نێوان هەردوو دەوڵەتەکەدا، بە تایبەتی لە دوای شکستی شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵای نەهری و لە ماوەی ساڵانی (١٨٨١-١٩١٤)دا، ئەمەش هۆزەکانی بڵباسی کردبووە کەرەستەیەکی ساغکردنەوەی ئەو ململانێ سنوورییە درێژخایەنەی لە نێوان عوسمانی و ئێرانییەکاندا هەبوو، هەموو ئەمانەش وای لە هەردوو دەوڵەتەکە کردبوو، بە بەردەوامی چاوببڕنە سەر هۆزەکانی ئێلی بڵباس و بە ڕێگە و سیاسەتی جۆراوجۆر دەست لەکاروبارییان وەربدەن و یەکێتی و تەباییان لێکبترازێنن، تاوەکو لەو ڕێگەیەوە بتوانن بەسەریاندا زاڵ بن و جڵەویان بکەن و باج و سەرانەیان لێوەربگرن، هاوکاتیش چەکدارانی هۆزەکانی بڵباسیش لە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

دژی دەوڵەتی بەرانبەر بەکاربهێنن، ئەم سیاسەتەش کاریگەری گەورە و چارەنووسسازی بەسەر بونیادی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ژیانی هۆزەکانی بڵباس هەبووە.

**ئامانجی توێژینەوەکە** ئەوەیە دەیەوێت وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە، کە ئایا سیاسەت و هەڵوێستی دەوڵەتانی عوسمانی و قاجاری بەرانبەر بە ململانێی هۆزەکانی بڵباس چۆن بووە؟ چ مەبەستێکیان هەبووە؟ هەروەها چ کاریگەرییەکیشی بەسەر چارەنووس و پێکهاتەی هۆزەکانەوە هەبووە؟ تاوەکو بتوانین لەو ڕێگەیەوە بۆ سەردەمی ئێستامان بەرچاو ڕوونیمان هەبێت، کە دەوڵەتان نەتوانن لەهەمان دەللاقە و پەنجەرەی هۆزەکانەوە دەست لە کاروبار و چارەنووسی گەلی کورد وەربدەن.

**گرنگیی توێژینەوەکە** لەوەدایە، کە لە ژێر ڕۆشنایی زانیارییەکانی چەندین بەڵگەنامەی بڵاونەکراوەی عوسمانی و قاجاری ئەنجامدراوە، شەنوکەوی بەڵگەنامە و سەرچاوە جۆراوجۆرەکانی کردووە، تاوەکو بتوانرێت ئەو لایەنەی مێژووی ئێڵی بڵباس شیبکرێتەوە و بخرێتە بەرباس و لێکۆڵینەوە.

**ڕێبازی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا، بۆ دەرخستنی ڕووی ڕاستەقینەی سیاسەتی دەوڵەتانی عوسمانی و قاجاری بەرانبەر بە ململانێی هۆزەکانی ئێڵی بڵباس، زۆرتر پشت بە ڕێبازی وەسفی و مێژوویی بەستراوە، لە ڕێگەی سوود وەرگرتن لە بەڵگەنامە پێویستەکان و بەکارهێنانی سەرچاوە مێژووییە ڕەسەنەکان، هاوتەریب لەو شوێنەشی پێویست بووبێت ڕێبازی شیکاری و ڕاڤەکاری بەکارهێنراوە.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە لە دوو تەوەری سەرەکی پێکدێت، **لە تەوەری یەکەمدا**: سەرنج خراوەتە سەر پێکهاتە و بارودۆخی هۆزایەتیی ئێڵی بڵباس لە ماوەی دیاریکراوی توێژینەوەکە، کورتەیەکیش لە پەیوەندیی سیاسی نێوان دەوڵەتانی عوسمانی و قاجاری لە ماوەی سالانی (١٨٨١-١٩١٤) خراوەتەڕوو، هەروەها هەڵوێستی دەوڵەتانی عوسمانی و قاجاری بەرانبەر بە ململانێی هۆزە کوردەکان بە گشتی ڕوونکراوەتەوە، **لە تەوەری دووەمدا**: سیاسەتی هەردوو دەوڵەتەکە بەرانبەر بە ململانێی هۆزەکانی بڵباس لە ژێر ڕۆشنایی بەڵگەنامەکاندا شیکراوەتەوە، لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا ئەنجامگیرییەکانی توێژینەوەکە خراونەتەڕوو.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

**تەوەری یەکەم: بارودۆخی هۆزایەتی ئێلی بڵباس و پەیوەندی سیاسی دەوڵەتانی عوسمانی و قاجاری:**

**١- پێکهاتە و بارودۆخی هۆزایەتیی ئێلی بڵباس:**

ئێڵە کوردەکان یەکەیەکی کۆمەڵایەتی وسیاسیین بوون، بەگشتی بە مەڵبەندێکەوە بەستراوبوونەوە، لەو ڕووەوە یەکەیەکی ئابووریشیان پێکدەهینا، لەسەر بنەمای ڕەچەڵەک و خزمایەتییەکی ڕاستەقینە یاخود هەڵبەستراوی هەڵچوو دروستکرابوون و شیرازەیەکی نیوخۆیی دیاریکراویان هەبوو، ئێڵ لە چەند کەرتێکی بچووکتری وەک: هۆز، تیرە، بنەماڵە و خێزان پێکدەهات(برونەسن، ٢٠١٠، ل٩١). پەیوەندی نێوان ئەو کەرتانەی ئێڵ لەسەر چەند بەرژەوەندییەکی ئابووری و کۆمەڵایەتیی و سیاسیی بونیاتنرابوو، کە شەرەفی ئێڵ و هۆز و تیرەکانی پشتی بە پارێزراوی خاک و قەڵەمرەوی بەستبوو، ئەمەش خۆی لە بەرگریکردن لە سنوورەکان و زەوییە کشتوکاڵییەکان بینیوەتەوە، چونکە خاوەندارێتی زەوییە کشتوکاڵی و لەوەڕگاکان بۆ پێگە و مەقامی پیاوێکی هۆزەکی مەسەلەیەکی جەوهەریی و شەرەفی هاوبەش بووە، پێویست بوو بیپارێزرێت و بە پارێزراوی بمێنێتەوە، لە بنەڕەتدا هەر ئەو سنوور و زەوییە هاوبەشەیە، کە ئێڵ و هۆز و تیرەکانی پێ دەناسرێتەوە(وانچ، ٢٠١٤، ل١٦٢). ئەم تێڕوانین و بنەمایانە بە درێژای چەندین سەدە سەرچاوەی یەکگرتوویی و بەهێزی و پەیوەندی تووندوتۆڵی نێوان هۆزەکانی ئێلی بڵباس بووە.

ئێلی بڵباس لە سەدەی نۆزدەدا لە هۆزەکانی: (مەنگوڕ، مامەش، پیران، سن، ڕەمک و گەورک) پێکهاتبوو، ئاژەڵداری بنەمای سەرەکی ژیانی ئابووریی پێکهێنابوون، لە ڕووبەرێکی فراوانی ناوچە سنوورییەکانی دەوڵەتانی عوسمانی و قاجاری دەژیان و بڵاوببوونەوە، بە گوێرەی وەرزەکانی ساڵ لە نێوان ئەم دوو دەوڵەتەدا بۆ لەوەڕاندنی مەڕوماڵاتەکانیان گەرمیان و کوێستانیان کردووە، لە سنووری دەوڵەتی عوسمانیدا لە ناوچەکانی ویلایەتی مووسڵ لە کەرکووک، شارەزوور(داقووقی، ٢٠١٢، ل٨٢)، گەرمیان، سلێمانی، شارباژێڕ، پشدەر، بیتوێن، هەولێر و هەندێک لە ناوچەکانی ویلایەتی بەغداش بڵاوببوونەوە(بڕوانە: محمد، ١٩٨٩، ل٢١٨-٢٢٥). هاوینانیش بەرەو ناوچەکانی ورمێ و موکریان، بە تایبەت بۆ شنۆ و سندووس و سابڵاغ لە سنووری دەوڵەتی قاجاری کۆچیان کردووە(پاشا، ١٣٩٦، ص٩٦-٩٧).

هۆزەکانی بڵباس لە ناوچە سنوورییەکانی نێوان هەردوو دەوڵەتدا، بە درێژایی چەندین سەدە پێگەیەکی گەورە و کاریگەریان لەسەر ڕەوتی ڕووداوە کۆمەڵایەتی و



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

سیاسی و سەربازییەکانی دەوڵەتانی عوسمانی و قاجاری هەبووە، هەر لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە لە شەڕ و هەرای نێوان دەوڵەتانی عوسمانی و قاجاری و رووسی ڕۆڵیان هەبووە(معتمد الدوله، ١٣٦٧، ص١٦٠-١٦٢)، دواتر لە ڕێککەوتننامەی یەکەمی ئەرزڕووم (١٨٢٣)، بە تایبەتی لە ماددەی یەکەمیدا لەسەر هەر دوو دەوڵەت پێویست کرابوو دەست لە کاروباری ناوچە سنوورییەکانی یەکتر وەرنەدەن(الضابط، ١٩٦٦، ص٥٨-٦٠)؛ (الزبیدي، ٢٠٢١، ص٩٥). بە تایبەتی ئێران دەست لە کاروباری کوردەکانی سنووری میرنشینی بابان وەرنەدات(حەمە باقی- ب، ٢٠٠٢، ل٩٩-١٠١)، کە هۆزەکانی ئێڵی بڵباسیش بەزۆری لە ناوچەسنوورییەکانی میرنشینی بابان دەژیان بۆیە ئەو ڕێککەوتنامەیە ئەوانیشی گرتبووە، هەروەها لە ڕێککەوتننامەی دووەمی ئەرزڕووم(١٨٤٧)ی نێوان هەردوو دەوڵەتدا، ناوچە و هۆزەکانی ئێڵی بڵباس تەوەریەکی سەرەکی گفتوگۆی لیژنەی دیاریکردنی سنوور بووە(کەریم، ٢٠١٩، ل١٥٤).

هەردوودەوڵەتەکە لە چوارچێوەی ڕێککەوتننامەکانی نێوانیان هەوڵیانداوە هۆزەکانی بڵباس بە شوێنەکەوتەی خۆیان هەژمار بکەن و لەناو خاکی خۆیاندا نیشتەجێیان بکەن، تاوەکو لەو ڕێگەیەوە ناوچە بڵباس نشینەکان بە بەشێک لە خاکی خۆیان هەژمار بکەن(BOA:HAT_813_37262_C_1[1]). هەموو ئەمانە وایانکردبوو ناوچە و هۆزەکانی ئێڵی بڵباس هەمیشە ببنە جێگەی چاوتێبڕین و سەرەنجی هەردوو دەوڵەتەکە و بەردەوام لە ڕێگە و سیاسەتی جۆراوجۆری وەک: فرتوفێڵ و تەماح پێدان و پەلاماردان، دەستیان لە کاروباری یەکێتیی هۆزایەتی بڵباس وەرداوە، بە شێوەیەکی نادادپەروەرانەش باج و سەرانەیان لێوەرگرتوون، ئەو سیاسەتەش هۆزەکانی بڵباسی بەرەو سەرکێشی و یاخیبوون و ڕاپەڕین لە دژی ئەم دوو دەوڵەتە، بە تایبەتی قاجارەکان بردووە، هەربۆیە زۆربەی هۆزەکانی بڵباس لە ساڵی (١٨٦٧) بە سەرۆکایەتی هەمزاغای مەنگوڕ (؟-١٨٨١) لە دژی حکومەتی قاجاری ڕاپەڕینیان کردووە(BOA: HR_MKT__590_67_5_1)، بەڵام ئەمە نەبووە هۆی گۆڕانکاری لە سیاسەتی خراپی کاربەدەستانی حکومەتی قاجاری، بە تایبەتی لەسەر مەسەلەی باج سەندن و زۆرداربوون بەرانبەر بەخەڵک، کە بە چەندین باجی جۆراوجۆری وەک: باجی ماهیانە، کە باجێکی مانگانە بوو، هەروەها باجەکانی ساڵیانە، عیدیانە، نەورۆزە، موحەڕەمیە، مولودیە... هتد ژیانی خەڵکیان بە تەنگ هێنابوو، لەبەر ئەوە خەڵک و هۆزەکان دەیانبینی بە چ شێوەیەک لە لایەن کاربەدەستانی ئێرانییەوە دەچەوسێنرانەوە، ئەمەش وایکردبوو خەڵکی سابلاغ و هەرێمی موکریان بەهەموو گۆڕانکاری و شۆڕشێک دڵخۆشبن بە ئومێدی ئەوەی ژیانیان بەرەو باشتر بچێت(عەزیز، ١٩٩٩، ل٤٦).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

بۆیە دووبارە جارێکی دیکە زۆربەی هۆزەکانی بڵباس و خەڵکی ناوچەی موکریان لەژێر سەرکردایەتیی هەمزاغای مەنگوڕ لە ساڵی (١٨٨٠) بەشدارییان لە شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهریدا کرد(غۆریانس، ٢٠٠٧، ل٣٣)، بوونە سەرە ڕمی لەشکری شۆڕش و کاریگەریی گەورەیان لەسەر ئاراستەکردن و بەڕێوەبردنی شۆڕش لە قوڵی موکریاندا هەبووە، هەر ئەمەش وایکرد دوای شکستی شۆڕشەکە لە هەمان ساڵدا، ناوچە بڵباس نشینەکان و هۆزەکانی بڵباسیش بکەونە بەر ڕەق و تورەیی و تۆڵەسەندنەوەی لەشکری دەوڵەتی قاجاری و دووچاری کوشتار و ئاوارەیی و تاڵانکاری و سوتاندنی گوندەکانیان ببنەوە و لە بارودۆخێکی سەختی ژیان دابن، بە جۆرێک کە بە درێژایی چەندین دەیە کاریگەری چارەنووسسازی لەسەر هۆزەکانی ئێڵی بڵباسەوە هەبووە.

## ٢- کاریگەری ئێڵی بڵباس لەسەر پەیوەندی دەوڵەتانی عوسمانی و قاجاری لە نێوان ساڵانی (١٨٨١-١٩١٤):

هەرچەندە پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەتانی عوسمانی و ئێرانی بە درێژایی زیاتر لە چوار سەدە بە قۆناغی بەرزی و نزمی، شەڕ و ئاشتیدا ڕۆیشتووە، فروانخوازییە سنوورییەکانی ئەو دوو دەوڵەتە لە ناوچەکانی نێوانیان، کە بە زۆری ناوچەکانی کوردستانی گرتبووە، تایبەتمەندییەکی گرنگی ئەو قۆناغە مێژووییە بووە، لەو سۆنگەیەوە هۆزەکانی بڵباس و ناوچەکانیان ببوونە بەشێک لەو هاوکێشە و ململانێ درێژخایەنەی لە نێوان هەردوو دەوڵەتەکەدا هەبووە و پانتایەکی فراوانیان لە پەیوەندیی سیاسی نێوان هەردوو دەوڵەتەکەدا داگیرکردووە و لە ڕێککەوتننامە و گفتوگۆکانی نێوانیان ناویان هاتووە.

هۆزەکانی بڵباس لە پەرچەکرداری خراپی سیاسەتی کاربەدەستانی قاجاری بەرانبەریان، لە ساڵی (١٨٨٠) بەشدارییان لە شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری کرد و هەمزاغای مەنگوڕ بە سوپاسالاری لەشکری شۆڕش لە قوڵی موکریان دیاریکرا(حمە باقی-أ، ٢٠٠٢، ل٧)، هەرچەندە دوای ماوەیەکی کورت و هەر لەوساڵەدا شۆڕشەکە شکستی هێنا، لەشکری قاجاری بەگیانێکی ڕەقاوی و تۆڵەکردنەوە پەلاماری سابلاغ و هەرێمی موکریانی داو، ئاوارەکردن و کوشتوبڕ و سووتاندن و وێرانکردنیان لە دژی گوندەکانی ئێڵی بڵباس ئەنجام دا(جراردﻪ، ٢٠٢١، ل٨٤)، سەرباری ئەم بارودۆخە ناهەموارەش کە هۆزە بەشداربووەکانی شۆڕش لەسەر دەستی قاجارەکان دووچاریان بووە، بابەتی شێخ عوبەیدوڵڵا و هۆزەکانی کورد بە تایبەتی بڵباسەکان بە سەرۆکایەتی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

هەمزاغا، ڕەنگڕێژی زۆربەی پەیوەندییەکانی ئەو دوو دەوڵەتەی لەو ماوەیەدا کردووە. دەوڵەتی قاجاری هەموو هەوڵێکی بۆ ئەوەبووە پاشماوەی هۆزەکانی بلْباس لە ئاوارەیی و لەناو خاکی عوسمانی جلەو بکات، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە مەترسی سەرهەڵدانەوەی شۆڕش دروست نەبێتەوە، هەربۆیە کاربەدەستانی باڵای قاجاری لە هەوڵی بەردەوامدا بوون، تاوەکو لە ڕێگەی بریتانیا و رووسیاوە گوشار لە دەوڵەتی عوسمانی بکرێت، کە هاوکاریی دەوڵەتی قاجاری بکات بۆ ئەوەی نەهێڵێت شۆڕشێکی دیکە سەرهەڵبداتەوە(خەلفین، ٢٠١٧، ل١٦٧،١٦٩)، هەروەها شێخ عوبەیدوڵلا و کوڕەکانی دەستگیر بکەن و لە وڵات دووریان بخەنەوە، هەروەها پاشماوەی هۆزەکانی بلْباسیش بە سەرۆکایەتی هەمزاغای مەنگوڕ ڕادەستی حکومەتی قاجاری بکەنەوە(وزارت امور خارجە...، ١٣٧٠، جلد سوم، ص٥٨٩؛ عەزیز، ١٩٩٩، ل١٠٠).

ئەو بارودۆخە پەشێوییەی شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلا بەدوای خۆیدا هێنای، کێشەی لەمێژینەی سنووری لە نێوان هەردوو دەوڵەتدا قوڵتر کردەوە، بە جۆرێک پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و قاجاری لەو ماوەیەدا بە تەواوەتی ئاراستە کردووە، لەم بوارەشدا هەردوو دەوڵەتەکە متمانەیان بە یەکتری نەبووە، هەرکامیان هەوڵیداوە ناوچە سنوورییەکان بە تایبەتی ناوچە بلْباس نشینەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ئەمڕۆ، بە بەشێک لە خاکی خۆیان هەژمار بکات، هەربۆیە وەزیری دەرەوەی دەوڵەتی قاجاری لەم بارەیەوە لە (١٨٨١/٩/٢٦) نامەیەکی بۆ باڵیۆزی وڵاتەکەی لە ئەستەنبووڵ ناردووە و نووسیویەتی:" ... ڕادەستکردنەوەی هەڵاتووان و داڵدەنەدان و دەست بەسەردانەگرتنی هۆزەکانی یەکتری، یەکێک لە مەرجەکانی نێو پەیماننامەکانی پێشووتری هەردوو لا بووە، بەڵام بەرپرسانی سەرسنووری عوسمانی لە زۆربەی کاتەکاندا ئەمەیان جێبەجێ نەکردووە و هۆزەکانیان لە بەرژەوەندی خۆیان بەکارهێناوە و بەبێ هیچ هۆکارێک هۆزەکانی ئێرانیان بەلای خۆیاندا ڕاکێشاوە..."(نصیری، ١٣٧١، جلد سوم، ص٢٠٨-٢١١). بەمجۆرە پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان دەوڵەتانی عوسمانی و قاجاری لە ماوەی ساڵانی (١٨٨١-١٩١٤) خۆی لە سەرکوتکردن و لەناوبردنی شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلا و هۆزەکانی بلْباس بەسەرۆکایەتی هەمزاغای مەنگوڕ و کێشەی سنووری نێوانیان بینیوەتەوە و ڕەنگڕێژی سەرلەبەری پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان هەردوو دەوڵەتی لەو ماوەیەدا کردووە.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

### ٣- هەڵوێستی دەوڵەتانی عوسمانی و قاجاری بەرانبەر بە ناکۆکی و ململانێی هۆزە کوردەکان:

ئەو ململانێ هۆزایەتیانەی بە درێژایی ماوەی توێژینەوەکە هەبوون، جگە لە هۆکاری ناکۆکیی ناوخۆیی وەک: کێشەی زەویوزار و کێشەی کۆمەڵایەتی، زۆرترین کات بە هۆی دەستێوەردانی دەوڵەتانی عوسمانی و قاجاری لە کاروباری هۆزەکانی ئێڵی بڵباسەوە بووە، بۆیە ئەم دوو دەوڵەتە لە چەند ڕێگەیەکی وەک: دەستێوەردان بۆ گۆڕینی سەرکردەی هۆزەکان لەناو چوارچێوەی نوخبەکەی هۆزدا، ئەمەش بە پشتگیریکردنی بەرەیەک بووە دژی بەرەیەکی دیکە، یاخود هەندێک کات کە حکومەت بەهێز دەبوو، بە زەبری هێرش و پەلامار، ئێڵ و هۆزەکانیان تێکدەشکاند و دواتر بە گوێرەی ویستی خۆی ڕێکی دەخستنەوە، جاری واش هەبوو حکومەتی قاجاری بە هۆکاری پاراستنی ئاسایشی ناوخۆیی و بەرگریکردن لە سنوورەکان، ژمارەیەک لە ئێڵ و هۆزە کوردییەکانی لە باکووری ڕۆژئاوای ئێران ڕاگواستووە و بە درێژایی باکووری ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکە نیشتەجێ کردوون، ئەمەش لە پێناوی ڕزگاربوون لەو مەترسیانەی هۆزە کوردەکان لە زێدی خۆیان دروستیان دەکرد، هاوکات لەو ڕێگەیەشەوە دەیتوانی ئەو ناوچانە بە هۆی هۆزە کوردە کۆچپێکراوەکان، لە هێرش و پەلامارەکانی ئۆزبەک و تورکمانەکان بپارێزێت(Amanat, 2017, P29).

هاوکات هەردوو دەوڵەتەکە بە ئامانجی تێکشکاندنی هێزی هۆز و یەکێتییە هۆزایەتییەکانی کورد، سیاسەتی (پەرتکە و زاڵبە)یان بەرانبەر بەکارهێناون، بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان هەڵدەستان بە دروستکردنی بەربەرەکانێ لەناو بنەماڵەی حکومڕانەکان یان لە نێوان ئەو شێخ و ئاغا و سەرۆک هۆزانەی، کە یەکێتییە هۆزایەتییەکانیان پێکدەهێنا، هەروەها پشتگیریکردن و مامەڵەکردنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ هەندێک سەرۆک هۆز لە دژی ئەوانی دیکەدا، عوسمانییەکان بۆ جێبەجێکردنی ئەو جۆرە سیاسەتە سوودیان لە زەوی و باج وەرگرتووە، وەکو دوو چەکی کاریگەر لە بەرانبەر هۆزەکاندا، تا لەو ڕێگەیەوە بەلای خۆیاندا ڕایان بکێشن یاخود دژایەتیان بکەن(Cetinsaya, 2017, P73)، بۆنموونە: دەوڵەتی قاجاری پشتگیری هۆزی مامەشی لە دژی هۆزی پیران کردووە، هاوکات زەویوزار و لەوەڕگاکانی هۆزی پیرانی دەستبەسەردا گرتووە و بە ئاغای مامەشەکانی بەخشیوە، تاوەکو لەو ڕێگەیەوە دژایەتی هۆزی پیرانی لایەنگیری دەوڵەتی عوسمانی پێ بکات و ئەم دوو هۆزەی ئێڵی بڵباسی پێ لە دژی یەکتر بەشەڕ بدات(BOA: Y__PRK_EŞA__20_20_3_1).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

بەو جۆرە دەوڵەتانی عوسمانی و قاجاری سیاسەتێکی دوژمنکارانەیان بەرانبەر بە هۆزەکان بەکاردەهێنا، چونکە پێیان وابوو گیروگرفتی هۆزەکان خراپترین کیشەیە، کە بەردەوام ڕووبەڕووی کاربەدەستانی ئەو دوو دەوڵەتە دەبووە، بەڵام لە ڕاستیدا هۆزەکان هیچیان لە حکومەت داوا نەدەکرد، کەچی حکومەت داوای باج و سەرانە و سەربازی لێدەکردن و دەستی لە کاروباری هۆزەکان وەردەدا، هۆزەکانیش هەردەم دابونەریتی خێڵەکی خۆیان بەسەر دادپەروەری دادگای حکومەتدا دەسەپاند و هیچ هەلێکیان بۆ بەدەست هێنانی قازانج لە دەست نەدەدا و ئەگەر بۆیان بگونجابایە گوێیان بە ڕێکەوتن لەگەڵ حکومەت نەدەدا(لۆنگریک، ٢٠١٩، ل٣٥١).

بە گشتی ئەو بارودۆخ و سیاسەتە هۆزە کوردییەکانی بەرەو لاوازی و ناکۆکی و شەڕی بەردەوام برد بوو، جا هەروەکو گەڕیدە و کوردناسێکی وەك (کەسپار دایمۆن) لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم ئاماژەی بەوە کردووە، کە تورك و ئێران لەوە بێ هێزترن، کە بتوانن بە چەك سەر بە کوردەکان دانەوێنن، لەبەر ئەوە ئاژاوە دەخەنە ناو هۆزەکانەوە، یارمەتی لایەك دەدەن و لایەکی دیکە تیژ دەکەن و هەمیشە لەمەدا کەڵکی خۆیان وەردەگرن، یاخود گەڕیدەی ڕووسی (ڤ.دیتێل)، کە زۆر بە کوردستاندا گەڕاوە، تیشك دەخاتە سەر ئەم دیاردەیە و پێیوایە، کاربەدەستانی عوسمانی زۆرکەم ناوبژی هۆزە لەگەڵ یەك تێکچووەکانیان دەکرد، بەڵکو بە پێچەوانەوە حەزیان دەکرد پتر یەکتر لەناوبەرن، بۆ ئەم مەبەستە هانیشیان دەدان، چونکە ئەمە بۆ مانەوە و پاراستنی ئاسایش لە دەوڵەتی عوسمانیدا کەڵکی هەبوو(خەلفین، ٢٠١٧، ل٢٩).

بەڵگەنامەیەکی بریتانی، کە لە نێوان سەر کونسوڵەکانی بریتانیا، لەناو دەوڵەتی عوسمانیدا ئاڵوگۆڕکراوە و بۆ مێژووی (١٨٨٠/١٠/٢٠) دەگەڕێتەوە، ئاماژەی بەوە کردووە، سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی، هەمیشە بەگژداکردنی هۆزێک بووە لە دژی هۆزێکی تر، ئەو شۆڕشانەی کوردیش، کە لە ڕابردوودا ڕوویانداوە، لە هەموو حاڵەتێکدا بە یارمەتی سەرۆک هۆزی دیکەی کوردی سەر بە دەوڵەت، دامرکێنراونەتەوە(جوەید، ٢٠٠٧، ل٤٢)؛ (عەزیز، ١٩٩٩، ل٢٨)، چونکە کۆمەڵگەی کوردی لەسەر بونیادێکی هۆزایەتی دامەزرا بوو، هۆزە کوردییەکان بڕبڕەی پشتی میرنشین و شۆڕش و لەشکری کوردانیان پێکهینابوو، هۆز بەڕادەیەک گرنگ بووە ڕەنگرێژی گشت کایەکانی ژیانی کۆمەڵگەی کوردی کردووە، ئەم پێگە گرنگەی، کە هۆز لە پەنتایی ژیانی کورددا هەیبووە، لە لایەن دەوڵەتانی عوسمانی و ئێرانییەوە وەکو خاڵێکی لاواز بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی خۆیان بەکاریان هێناوە، توانیویانە لە ڕێگەی ڕاکێشانی بەشێک لە هۆزەکان بەلای خۆیاندا دووبەرەکی و شەڕیان لە نێواندا دروست بکەن و



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

یەکڕیزییان تێک بدەن، نموونەی ئەمەش، لە بەڵگەنامەیەکی دیکەی بریتانیدا دەردەکەوێت، کە لە سەروبەندی کۆتایی شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری لە (١٨٨٠/١١/٨) لە لایەن باڵیۆزی بریتانیا لە تاران بۆ وەزیری دەرەوەی وڵاتەکەی نێردراوە، دەڵێت: " ئەز شەرەفی ئەوەم هەیە بە جەنابتان ڕابگەیەنم، کە ئێستا هیوای حکومەتی ئێرانی بووژاوەتەوە بەوەی بتوانێت لە ڕێگەی گفتوگۆوە یەکبوونی هۆزە کوردەکان لێک بترازێنێت و لەت لەتیان بکات، ئەم هیوایەش لە نیشانەی ئەو ناڕێکیانەوە دێت، کە ئێستا لەناو کوردەکاندا بەدیارکەوتووە، وا باسدەکرێت کە هەندێک لەو کوردانە شێخیان جێهێشتبێت و حەز بکەن بگەڕێنەوە بۆ وەلائەکەی خۆیان بۆ شا"(عەزیز، ١٩٩٩، ل٢٩).

ئەمەی سەرەوەش دەرخەری ئەو ڕاستییە، کە دەوڵەتانی عوسمانی و ئێرانی کەڵکیان لە سروشتی دەربەگایەتی و هۆزایەتی کۆمەڵگەی کوردی وەرگرتووە و توانیویانە بە ئاسانی ناکۆکی لە نێوان هۆزەکان دروست بکەن و لە دژی یەکتر بە شەڕیان بدەن، هەروەها لە ڕێگەی جڵەوکردنی سەرۆک هۆزەکانەوە تەواوی ئەندامانی هۆزەکان لەبەرژەوەندی خۆیان بەکاریان بهێنن، هاوکات هۆزەکان بکەنە لەمپەرێکیش لەهەر چالاکی و جوڵەیەک، کە لەناو کۆمەڵگەی کوردی ڕوویدات بۆ دەربازبوون لە پاشکۆیەتی و وابەستەبوون بە حکومەتی ناوەندییەوە، کەواتە ئەو سروشتە هۆزایەتی و دەرەبەگایەتییە چەندە خاڵی بەهێزی کورد بووبێت، لە هەمان کاتدا زۆر زیاتر خاڵی لاوازبووە لەبەردەم یەکێتی و یەکڕیزیی کۆمەڵگە و گەشەسەندنی بیری نەتەوایەتیدا.

**تەوەری دووەم: سیاسەتی دەوڵەتانی عوسمانی و قاجاری بەرانبەر بە ململانێی هۆزەکانی ئێلی بڵباس:**

لە سەرەتای هاتنی لەشکری شێخ عوبەیدوڵلا لە ناوەڕاستی مانگی ئەیلولی (١٨٨٠) بۆ ناو خاکی ئێران، هەمزاغای مەنگوڕ لە لایەن شێخ عوبەیدوڵلاوە وەک سوپاسالاری شۆڕش لە قۆڵی موکریان دیاریکرا، هەر لە سەرەتاوە زۆربەی هۆزەکانی بڵباس لەگەڵ هەمزاغای مەنگوڕدا بەشدارییان لە شۆڕشەکەدا کردووە، جگە لە هۆزی مامەش، کە لە سەرەتادا محەمەد ئاغای سەرۆک هۆزی مامەش لایەنگری هێزەکانی حکومەتی قاجاری و لە دژی شۆڕش بوو، بەڵام بەگرتنی ناوچەکانی شنۆ و سەندوس(سەڵدوز)، محەمەد ئاغای مامەش بەناچاری ملکەچی خۆی بۆ شێخ عوبەیدوڵلا ڕاگەیاند، بۆیە لەگەڵ سەرۆک هۆزەکانی دیکەی ئێلی بڵباس، وەکو هەمزاغای مەنگوڕ و مامەند ئاغای پیران و قەرەنی ئاغای تیرەی زوودی و عوسمان ئاغای سەرۆک


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

هۆزی گەورک، لە پاڵ هۆزەکانی دیکەی کورددا لە ژێر سەرکردایەتی شێخ عەبدولقادر و هەمزاغا بەرەو سابڵاخ پێشڕەوییان کرد و دەستیان بەسەر شارەکەدا گرت، خەڵکی شار و سەرانی موکری و مەلاکانی ئەهلی سوونەش پێشوازییان لێکردن(حەمە باقی، ٢٠٠٧، ل٣٧-٣٨).

لە ڕاستیدا ئەو دوودڵی و بەدگومانییەی محەممەد ئاغای مامەش هەیبوو بۆ بەشداریکردن لە شۆڕشەکە، دەگەڕایەوە بۆ هەبوونی کێشەی کۆمەڵایەتی و پیادەکردنی سیاسەتی پەرتکە و زاڵبەی کاربەدەستانی قاجاری لە نێوان هۆزەکانی بڵباس، چونکە پێشووتر ناکۆکی و ململانێی کۆمەڵایەتیی لەمێژینە لەنێو هۆزەکانی بڵباسدا هەبوو، کاربەدەستانی قاجارییش بەردەوام پشتگیری محەممەد ئاغای سەرۆک هۆزی مامەشیان دەکرد، ئەمەش وایکردبوو هۆزی مامەش زیاتر مەیلی بە لای حکومەتی قاجاریدا هەبێت، محەممەد ئاغا دەیزانی هۆزەکانی مەنگوڕ و پیرانی ئێڵی بڵباس لە دەرفەتێک دەگەڕان تاوەکو تۆڵەی خۆیان لە مامەشەکان بکەنەوە، بۆیە کاتێک شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵا بەرپابوو، هۆزەکانی بڵباس جگە لە  هۆزی مامەش، بە هۆی خراپیی مامەڵەی کاربەدەستانی قاجاری لە سابڵاغ و تەوریز بەرانبەریان، هەروەها بەنیازی شکست هێنان بە دەسەڵات و پێگەی محەممەد ئاغای سەرۆک هۆزی مامەش، بەشدارییان لە شۆڕشەکەدا کردووە، چونکە پێیان وابوو ئەگەر محەممەد ئاغا بەشداری لە شۆڕش بکات بە چاوی خیانەتکارییەوە لە لایەن حکومەتی قاجارییەوە تەماشا دەکرێت، ئەگەر بەشداریش نەکات و گوێڕایەڵی شۆڕش نەبێت، لە لایەن هێزەکانی شێخ عوبەیدوڵڵا و هۆزەکانەوە پەلاماردەدرێت، بەڵام محەممەد ئاغای مامەش بە وریایەوە بەشداری شۆڕشەکەی کرد و لەژێرەوەش پەیوەندی لەگەڵ کاربەدەستانی قاجاریدا هەبوو(فاضلی، ١٣٩٨، ص٧٥).

کاتێکیش لە ناوەڕاستی مانگی تشرینی دووەمی ساڵی (١٨٨٠)، شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵا شکستی هێنا، سەرۆک هۆزی مامەش بە لەشکری هۆزەکەیەوە چووە بەرەی سوپای دەوڵەتی قاجاری، دوای گەڕانەوەی سوپا و کاربەدەستانی دەوڵەتیش بۆ ناوچە کوردییەکان، سیاسەتی  حکومەتی قاجاری بەجۆرێک بوو، ئەوانەی لایەنگری شۆش بوون بەتوندترین شێوە سزادران و لەناوبران و ماڵ و موڵکیان تالانکرا، ئەوانەشی لە ژێرەوە هاوسۆز و لایەنگری دەوڵەتی قاجاری بوون خەڵاتکران و ستایش کران، هەر لەو سۆنگەیەوە محەممەد ئاغای سەرۆک هۆزی مامەش و گەورەکانی دیکەی ئەو هۆزە، کە لە ناوچەی لاجان دانیشتبوون لە لایەن سوپاسالاری قاجارەوە خەڵات و ڕێزلێنانیان پێشکەش کراوە، محەممەد ئاغای مامەشیان کردە لێپرساو و بەڕێوەبەری ناوچەی لاجان


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

و شـــنۆ، ڕاشـــیان ســـپارد بۆ گرتن و لەناوبردنی هەمزاغای مەنگوڕ لە هەردەرفەت و کاتێکدا بێت، هەربۆیە محەمەد ئاغا قەدەغەی کردبوو، کە هۆزی پیران و مەنگوڕ بە ناوچەی لاجاندا هاتووچۆ بکەن، پەیمانیشـــی دابوو هەمزاغا بگرێ یاخود بیکوژێ، هەربۆیە چەندین جار هۆزی مامەش و منگووڕ لێیان بووتە شەڕ، ژمارەیەکیش خەڵک لە هەردوو لایان کوژراون(ئەفشار، ٢٠٠٧، ل١٤٥-١٤٦، ١٥٦- ١٥٧).

ئەم سـیاسـەتەی حکومەتی قاجار بۆ ئەوە بوو دوای شـکسـتی شـۆڕشـەکە، پاشـماوەی هۆزەکانی بڵباس زیاتر پەرت و بڵاوبکاتەوە و لەناوخۆیاندا بەشـەڕیان بدات و جارێکی دیکە نەتوانن بیر لە بەرپاکردنەوەی شۆڕش بکەنەوە، هەربۆیە کاربەدەستانی قاجاری کەوتنە پشـتگیری هۆزی مامەش و گەورک لە دژی هۆزەکانی دیکەی بڵباس و بەمەش توانیان هاوسـۆزی و لایەنگیری تەواوی محەمەد ئاغای سـەرۆک هۆزی مامەش بۆ دەوڵەتی قاجاری لە دژی هۆزەکانی دیکەی بڵباس مسۆگەر بکەن، ئەمەش هەروەکو لە نامەیەکی ئاغای ناوبراودا ڕەنگدەداتەوە، کە بۆکاربەدەســـتانی قاجاری ناردووە و لە ئەرشـــیفی قاجاری پارێزراوە و تێیدا دەڵێت:" ســـەبارەت بەوەی من بەڵێن و ســـۆزم داوە و ئێوەش فەرمانتان کردووە، بەشـــەو و ڕۆژ لە چاودێریکردنی هەمزاغا غافڵ نیم و بۆ جێبەجێی کردنی ئەم بابەتەش کەســـێکی تایبەتم بۆ وەرگرتنی زانیاری بۆ ناو هۆزی گورک ناردووە، هەر هەواڵێکم پێ بگات، دەستبەجێی ئاگادارتان دەکەمەوە و بەخۆشم چـاودێری جێبەجێی کردنی ئەم ئیشـــە دەکەم، لەوانەیە پشـــت بەخوا بەهۆی جێبەجێیکردنی ئەم خزمەتە بەسـەرکەوتوویی ببێتەی مایەی ڕووسـپیی و سـەر بەرزی بۆ خۆم و ڕەزامەندی ئێوە"(NLAI-296-13078-4[٢]).

هەربۆیە حەسەن عەلی خان (ئەمیر نیزامی گەڕووسی)ی فەرمانڕاوەی سابڵاغ لە نامەیەکی بۆ ناسرەددین (١٨٤٨-١٨٩٦) شـادا دەڵێت:" ... ئەوەی من تێگەیشـتبم محەمەد ئـاغای مـامەش پیاوێکی عاقڵە و زۆر هەوڵ دەدات، کە بەهەموو جۆرێک ببێتەی مایەی خزمەتگوزاری بۆ دەوڵەت، بۆ نموونە لەم ڕۆژانەدا بەگوێرەی بەڵێن و سـۆزێک، کەپێشـتر دابووی بەڕێژەی (٣٠٠٠) سـەر ئاژەڵی بۆ قەرەبوو کردنەوە و غەرامەی سـەرومالی تالانکراو، ڕادەستی محەمەد رحیم خان نوێنەری سوپاسالار ئەعزەم کردووە، ئەویش ئەم مەڕوماڵاتەی گەیاندۆتە خاکی موکریان و منیش چەند ئەسپ سوارێکم ڕاسپاردووە ئەم مەڕوماڵاتانە لە خاکی سابڵاغەوە بگەێننە ناوچەی میاندواو و ڕادەستی علی خانی نوێنەری حاکمی مراغە بکەن، بۆیە داواکـارم لە کـاتی وڵامـدانەوەی ئەم نووســـراوەدا، محەمەد ئـاغـای مامەش لە ئاســـتی خزمەتەکەی دەســـتخۆشـــی لێبکرێت"(NLAI-296-13078-4). ئەم دڵسـۆزییەی سـەرۆک هۆزی مامەش لە لایەن کاربەدەسـتانی قاجارییەوە سـتایش کراوە،



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

هەربۆیە لە لایەن ناسرەددین شاوە بایەخێکی تایبەتی پێ دراوە و لە لایەن حەسەن عەلی خانەوە نازناوی (ئەمیرئەلعەشایەر)ی پێ بەخشراوە(صمدی، ١٣٨١، ص٧٧).

لە بەرانبەر ئەو سیاسەتەی قاجارەکاندا، عوسمانییەکانیش دەیانویست ئەو هۆزە کوردانەی بە هۆی شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵلاوە ئاوارە ببوون، لای خۆیان دالْدە بدەن، تاوەکو لە هەر ئەگەرێکدا لە دژی حکومەتی قاجاری بەکاریان بهێنن، هەربۆیە دەبینین هەمزاغای مەنگوڕ، کە تاوەکو دواسات لایەنگیر و سوپاسالاری شۆڕش بووە، بە هیچ شێوەیەک ئامادەی ملکەچبوون نەبوو بۆ دەوڵەتی قاجاری، لە ناوچە سنوورییەکانی نێوان پشدەر و سەردەشت و هاتووچۆی کردووە، دواتر پەنای بۆ خاکی دەوڵەتی عوسمانی بردووە، لەگەڵ بەشێک لە کەسوکار و دەست و پەیوەندەکەی، لە ناوچەی سوێسنە لە سەر سنوور و دەوروبەری پشدەر نیشتەجێ بووە، هۆز و تیرە و ماڵ و منداڵی هەمزاغا و باپیرئاغای کوڕی لە لایەن کاربەدەستانی عوسمانییەوە لە ناوچەی (سەید ئەحمەدان) نیشتەجێکران، کە سەر بە پشدەر و خاکی عوسمانی بوو. هاوکات قایمقامی ڕانیە، کە بەشێک بووە لە سنجەقی کۆیە، پشتیوانیی پێویستی لە هۆز و تیرە و خێزانی هەمزاغا کردووە، باپیرئاغای کوڕی هەمزاغاشی خەلات کردووە(گەڕووسی، ٢٠٠٧، ل٥٠-٥٣).

کاربەدەستانی عوسمانی هەر بە هۆزی مەنگوڕەوە نەوەستان و هۆزەکانی دیکەشیان لە خۆیان نزیک کردەوە، دەیانەویست وەکو کارتێکی گوشار لە بەرانبەر حکومەتی قاجاریدا بەکاریان بهێنن، هەربۆیە بەڵگەنامەیەکی قاجاری بە مێژووی (١٨٨١/٣/١٩) لە لایەن حەسەن عەلی خانی گەڕووسی سەر لەشکری ئێران لە سابڵاغ، بۆ عەلائولدەولە (ئەمیر نیزام)ی لە تەورێز ناردووە، تێیدا ئاماژەی بە ناوەڕۆکی نامەیەکی محەمەد ئاغای مامەش کردووە، سەبارەت بە هەمزاغای مەنگوڕ، کە لەگەڵ محەمەد ئاغای ئاکۆ و هۆزی نورەدینی (میراودەلی) و پیرانی بلْباس و شێخ عەبدولقادری کوڕی شێخ عوبەیدوڵلا بە یاوەری لەگەڵ (ئەحمەد بەگ)[٣]، کۆبوونەوەیەکیان بەو سەرۆک هۆز و جەماوەرە کردووە، کە پێشووتر شێخ عوبیدوڵلا لە هەموو ناوچەکانەوە بانگهێشتی کردبوون، بۆ ماوەی دوازدە ڕۆژ لە هەولێر ماونەتەوە، ئەمەش مانای پشتگیریی عوسمانییەکان بووە بۆ شێخ و هۆزە لایەنگرەکانی، بە تایبەتی هۆزی مەنگوڕ، کە نەیاری سەر سەخت و لەمێژینەی هۆزی مامەش بوون، ئەمەش جێگەی نیگەرانی محەمەد ئاغای مامەش بووە، بۆیە ئاغای ناوبراو لە نامەیەکدا بۆ کاربەدەستانی باڵای قاجاری دەڵێت: "خۆ ئەگەر وای دابنێین بەرپرسانی دەوڵەتی عوسمانیش هەمزاغای مەنگوڕ نەگرن و لێپێچینەوەی لەگەڵ نەکەن، ئەوسا بە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی

پشـــتیوانی خوا، هەر ئەوەنــدەی پـایەبەرزی هێژاتــان لووتف بفەرموون، ئیتر نەک هەر عەشـایەر، بەڵکو ئەگەر سـەرلەبەری هۆز و تایەفەکانی مامەشیشم بە کوشت دابێت، دەبێت بە جۆرێک خزمەتێکی وا بە دەوڵەت بکەم، بۆ لەمەودوا و بۆ ڕۆژگار، بە یادگاری بمێنێتەوە"(گەڕووسـی، ٢٠٠٧، ل٧٤-٧٥). ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاسـتیەیە کە هەریەک لە دەوڵەتانی عوسـمانی و ئێرانی سـیاسـەتی بەگژیەکداکردنی هۆزەکانی کوردیان بە گشتی و هۆزەکانی ئێڵی بلْباسیان بە تایبەتی پیادە کردووە.

کاربەدەســتانی قاجاری هۆزە ئاوارەکانی بلْباس، بە تایبەتی هۆزی (مەنگوڕ) و (پیران)یان لەناو خاکی عوسـمانی، بە مەترسـییەکی گەورە دەزانی بۆ بەرپاکردنەوەی شـۆڕشـێکی دیکە لە دژی دەوڵەتەکەیان، دەشـیانزانی بە لەشـکر و هێزی سـەربازیی خۆیـان نـاتوانن هەمزاغـای مەنگوڕ لەنـاوبەرن، بۆیە هۆزەکـانی مـامەش و گەورکی بلْباسـیان بەلای خۆیاندا ڕاکێشـا، تاوەکو لەو ڕێگەیەوە سـوود لە توانای چەکداری ئەو دوو هۆزە، لە دژی هەمزاغـای مەنگوڕ وەربگرن، چونکە هەروەکو بەڵگەنـامەیەکی قاجاری ئاماژەی پێکردووە، کە بە هۆی ئەوەی ناوچەکانی هۆزی مەنگوڕ کوێستانییە، تۆپ ناتوانێت بچێتە ئەوێ و ســـەرباز و ســـوارچاکی ڕێگە نەزانیش لەوانەیە نەتوانن ڕووبەڕووی هۆزی مەنگوڕ ببنەوە، بۆیە تەنهـا لە ڕێگەی هۆزی مـامەش و گورکەوە دەکرێت دەسـتبەسـەر بکرێن؛ هەربۆیە بە هەر جۆرێک بێت عوسـمان ئاغای گورک و مەحمەد ئـاغـای مـامەش نـاچارکران و بەڵێنیـان لێ وەرگیراوە، کە بەدوای هەمزاغـا و هۆزی مەنگوڕ بکەون و بڕیار وایە خودی عوسـمان ئـاغـا و خدر ئـاغـای گەورک لە لایەکەوە و موحەممەد ئاغای مامەش لە لایەکی ترەوە بە هێزەکانیان ڕێگە لە چوونی هێزی مەنگوڕ بۆ خاکی ڕۆم بگرن و دەسـتبەسـەر و ڕادەسـتی بکەن(بیگباباپور و غلامیە،١٣٩٠، ص٤٦٢).

ئەم سیاسـەتی پەرتکە و زاڵبەی قاجارەکان توانی بە هاوکاریی کاکەئەڵڵای برای هەمزاغای مەنگوڕ و هۆزەکانی دیکەی بلْباس، هەمزاغا لە ساڵی (١٨٨١) بە فێڵ و بەڵێنی درۆ بهێننەوە بۆ ناو سـابلاغ و بیکوژن(گەڕووسـی، ٢٠٠٧، ل١٤٦، ١٥٥-١٥٦؛ فیضـی، ١٣٩١، ص١٤٣). هەرچۆنێک بێت کوژرانی هەمزاغا لە جاران زیاتر کۆنفیدراسیۆنی ئێڵی بلْباسـی بەرەو لێکترازان و نەمان برد، زەبرێکی کوشـندەش بوو بەر شـێخ عوبەیدوڵڵا و هەوڵەکانی لە دووبارە دەسـتپێکردنەوەی شـۆڕش کەوت، سـەرباری ئەمانەش هەروەکو نووسـەرێکی ئێرانی دەڵێت: "ئەگەرچی ئەم بزووتنەوەیەی کورد نەگەیشـتە هیچ دەرئەنجام و دەسـتکەوتێك و هەر بە زوویی کوژێنرایەوە، بەڵام لە لایەنی سـیاسـییەوە گرنگییـەکی ئێجگـار زۆری هـەبوو، بزووتنـەوەیـەکی لـەم چـەشـنـە بـە هۆی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەكولینێن كوردی

ناکۆکییەکانی ئێڵ و هۆزەکان و دوژمنایەتی نێوانیان ئەوەی خستە ڕوو، کە ڕاپەڕینی کوردەکان و یەکگرتووییان تا چ ڕادەیەك بۆ ئەمڕۆکە نامومکینە و ناتوانین بە پێکهاتە و یەکگرتووی هۆزە کوردەکان ئومێدەوار بین"(محمود، ١٣٥٣، جلد چهارم، ص١١٨٥-١١٨٦).

هەرچەندە سیاسەتی توندوتیژانەی حکومەتی قاجاری بووە هۆی کوشتار و سووتاندنی گوندەکان و ئاوارەبوونی بەشێک لە هۆزەکانی بڵباس بۆ خاکی عوسمانی، بەڵام هاوکاتیش بووە هۆی لێک نزیک کردنەوە سیاسەتی هەردوو دەوڵەتەکە بەرانبەر بە هۆزەکان، دەوڵەتی عوسمانی پێیوابوو ئەگەر هۆزەکان لەناو خاکی عوسمانی بە بێدەنگی بۆ خۆیان دانەنیشتن سەرپێچییان کرد، ئەوا چەکەکانیان لێدەستێنرێتەوە، لە کاتی هەر تێپەڕاندن و بەزاندنێکی سنووریشدا، بەبێ گەڕانەوە و پرسکردن بۆ دەوڵەتی عوسمانی، یەکسەر لێکۆڵینەوەیەکی تەواویان لەسەر سازدەکرێ بەمەبەستی تەمبێکردنیان، ئەم ڕێنماییە بۆ باڵیۆزخانە و ویلایەتەکانی مووسڵ و وان و وەزارەتەکانی جەنگ و دەرەوەی دەوڵەتی عوسمانی نێردراوە(BOA: A_}MKT_MHM__486_28_7_1؛ BOA: A_}MKT_MHM__486_28_8_1)، هاوکات دەبێت وەزارەتی دەرەوەی عوسمانی لەلای دەوڵەتی قاجاری دەستپێشخەری پێویست ئەنجام بدات، دەربارەی تەمبێکردنی ئەو هاووڵاتیانەی کە سەر بە دەوڵەتی عوسمانین و سنووری ئێران دەبەزێنن، ئەوا دەوڵەتی عوسمانییش مافی ئەوەی هەیە داوای سزادانی ئەوانە بکات، کە هاووڵاتی ئێرانن و ستەم و دەستدرێژی بەرانبەر خەڵکی عوسمانی ئەنجام دەدەن، بۆیە پێوستە لێکۆڵینەوەیەکی تەواو لەلایەن هەردوو دەوڵەتەوە ئەنجام بدرێت بۆ تەمبێکردن و گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست دژی ئەوانەی سنوور دەبەزێنن و دەستدرێژی ئەنجام دەدەن، بۆیە وا بەگونجاو زانراوە کە وەزارەتی دەرەوەی عوسمانی بەو شێوەیە ئاگادارینامە بداتە باڵیۆزخانەی ئێران(BOA: A_}MKT_MHM__486_28_2_1).

سەرباری ئەو بارودۆخە ناهەموارەش، کە هۆزەکانی بڵباس لە دوای شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلاوە بە هۆی سیاسەتی دەوڵەتانی عوسمانی و قاجاری دووچاریان بووە، بەڵام لە ناوچە سنوورییەکانی نێوان هەردوو دەوڵەتدا خاوەنی پێگەیەکی گەورەی سیاسی و سەربازی و کۆمەڵایەتیی بوون، هەروەکو لە بەڵگەنامەیەکی عوسمانیدا دەردەکەوێت، کە پێکهاتووە لە ئاگادارینامەیەکی شەهبەندەری[٤] عوسمانی لە سابلاغ، بە مێژووی (١٨٨٣/١٠/٣١)، ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە ، لەناو ئەیالەتی سابلاغ و سەر سنووری دەوڵەت، سێ هۆزی کوردی بڵباس بوونیان هەبووە، لەوانە هەریەك لە هۆزی مامەش، کە لە ناوچەی (لاجان)ن و (٢٥٠٠) سوارچاك و (١٠٠٠) پیادەیان هەبووە، هۆزی مەنگوڕیش، کە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی

زەوییەکانی (وەزنە)یان دەست بەسەردا گرتووە، هۆزی گەورک لە دەوروبەری سەردەشت، هەریەکەیان لەتوانایاندا هەبووە (١٥٠٠) سورچاك ئامادەبکەن، لەبارەی چەك و تفاقەکانیان لە کارگەکانی خۆیان بەرهەمیان هێناوە یان چەکی مارتینی تەقلیدی، یاخود تفەنگی بەردانی ڕووسی بووە، هەریەك لە سەربازەکانیان نزیکەی (١٥٠) فیشەکی لا بووە، هۆزەکانی ناوبراو لەڕووی ئیداریەوە تاڕادەیەک سەربەخۆن و لەبەرانبەردا ساڵانە باجیان دەدا بە دەوڵەتی ئێران، لە ناوچەکانیشیاندا سەرباز و ئەفسەری نیزامی ئێرانی بوونیان نەبوو، تەنیا لە سەردەشت نەبێت، کە فەرماندەیەك و (١٠٠ بۆ ٢٠٠) سەربازی پیادەی ئێرانی لێبووە(BOA:Y_PRK_EŞA_3_83_1_2).

نابێت ئەوەمان لەبیربچێت هەرجۆرە سیاسەتێکی هەردوو دەوڵەتەکە بەرانبەر بە هۆزەکانی ئێڵی بڵباس، جا پشتگیری بووبێت یان دژایەتی بۆ ماوەیەکی زۆر جێگیر و بەردەوام نەبووە، بەڵکو پەیوەست بووە بە بەرژەوەندی خۆیان و ڕادەی ملکەچ بوونی هۆزەکان لە پێدانی باج و سەرانە و سەرباز بۆ حکومەتی ناوەندی، هەرکاتێکیش هۆزەکان ملکەچی و گوێڕایەڵی کاربەدەست و فەرمانبەرە گەندەڵ و لێنەهاتووەکاندا نەبووبن، ئەوە هۆزەکانی بڵباسیان بەیاخی بوو و سەرەڕۆی لە یاسا دەرچوو هەژمارکردووە و ناچاریان کردوون هەوارگە و ناوچەکانیان لە خاکی ئەو دەوڵەتەدا بەجێبهێڵن و بۆ ماوەی چەند ساڵێک ڕوو لە دەوڵەتەکەی دیکە بکەن، ئەم بارودۆخەش لە بەڵگەنامەیەکی عوسمانیدا دەردەکەوێت، کە بۆ (١٨٨٨/٩/١٨) دەگەڕێتەوە و ئاراستەی سەدری ئەعزەمی عوسمانی کراوە، ئاماژەی بۆ ئەوەکردووە، بە هۆی ئەو زوڵم و زۆرەی لێیان کراوە، هۆزی پیرانی ئێڵی بڵباسی بە (٧٠٠)ماڵەوە ناچارکردووە لە زێد و ناوچەکانی خۆیان لەناو قەزای ڕانیە بۆ ناوچەی لاجانی ئێران کۆچ بکەن، ئەمانە لە شوێنکەوتووانی دەوڵەتی عوسمانی بوون، بۆیە پێویستە بە میهرەبانیەوە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت و ئەو گوندانەی بەجێیان هێشتوون پێیان بدرێتەوە بگەڕێنەوە شوێنی بنچینەی خۆیان، هەروەها محەمەد ئەمین ئاغای سەرۆکیان، نامەی بۆ کاربەدەستانی عوسمانی ناردووە و داوای ئەوەی کردووە بگەڕێنەوە ناوچەکانی خۆیان، ئەم کارەش سوودی بۆ ئاوەدانکردنەوەی شوێنەکە و گەنجینەی دەوڵەتی عوسمانیش دەبێت(ڕەحمان، ٢٠١٩، بەرگی حەوتەم، ل٣٤).

وەک دەردەکەوێت، کاربەدەستانی عوسمانی گوێیان بە داواکاریی سەرۆک هۆزی پیران نەداوە و بەردەوام بوون لەسەر سیاسەتی باج و سەرانە لێسەندن و فشارکردن لە هۆزەکانی بڵباس، ئەمەش زیاتر ژیانی هۆزەکانی بڵباسی بەرەو چەرمەسەری و ڕاکردن لەو بەری سنوورە بۆ بەرەکەی دیکەی سنوور بردووە، لەو سۆنگەیەوە مامەند ئاغا کوڕی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

محەمەدئەمین ئاغای سەرۆک هۆزی پیرانی ئێڵی بڵباس و چەندین کەسایەتی دیکەی ئێڵی بڵباس دووبارە لەساڵی (١٨٨٩)، لە هەولێرەوە چەندین تەلەگرافنامەیان ئاراستەی کاربەدەستانی عوسمانی لە ئەستەمبووڵ کردووە، تێیدا دەڵێن: "لە سەرانی گەورەی ئێڵی خێمەنشینی بڵباسین، کە سەر بە قەزای ڕانیەیە لە سنووری ویلایەتی مووسڵ، وەك لەلایەن ویلایەتەوە ڕوونە، کە ناحیەی لاجان لەسەر سنووری ئێران، خاکی دەوڵەتی شکۆداری عوسمانییە و هەر لە کۆنەوە موڵکی باب و باپیرانمان بووە و لە وەرزی هاویندا شوێنی کشتوکاڵ و لەوەڕگای ئاژەڵەکانمان بووە، پێش سێ چوار ساڵ لەمەوبەر لەلایەن فەرمانبەرانی ئێرانەوە دەستی بەسەردا گیراوەو بینایەی تێدا دروستکراوە، نزیکەی (١٠٠٠) ماڵیش لە ئێڵەکەمان، کە هیچ موڵکێکیان نیە بۆیە لە لایەن فەرمانبەرانی ئێرانییەوە بە مامەڵەی نەرم سەرنجیان ڕاکێشراوە و ماڵیان گواستووەتەوە بۆ ناوچەی ناوبراو، بەڵام لەلایەن ئیدارەی ناوچەییشەوە [کاربەدەستانی عوسمانی- توێژەران] هەوڵدەدرێت باجی ئەوانەی کە ڕۆیشتوون لەوانە وەربگیرێت کە هێشتا ماونەتەوە، هەروەها لەناوچەی بتوێنی سەربە قەزای ناوبراو، کە چەند گوندێك و یەك دوو ڕووبارمان بە فەرمانی باڵای شاهانە پێدرابوو، لێمان سەندراوەتەوە، بۆیە ئەندامانی دیکەشمان پەرتەوازە بوون، هەرچەندە چەندین جاریش ئەم بابەتەمان بۆ شوێنی پێویست خستووەتەڕوو، بەڵام لەبەر ئەوەی کاروبارەکان بە ئاراستەی کۆکردنەوە و بەڕێوەبردنی ئێڵەکە بەڕێوە ناچن، ئێمەش بەبێ ئێڵ و هۆز، چ بە ماڵ و چ بە گیان ناتوانین سوود بە دەوڵەت و میللەت بگەیەنین، بۆیە ئەگەر دەرمانێك بۆ دەردی ئێمە هەبێت بە پشتیوانی خودا هەموویان دەگەڕێنەوە، ئەگەرنا بە ناچاری ئەوەتان بۆ دەخەینەڕوو، کە بۆ پشتیوانیکردن لە ئێڵەکەمان پێویستە ئێمەش لەگەڵ ئەوانەی ماونەتەوە بڕۆینە خاکی ئێرانەوە"(BOA: ŞD__2550_34_6_1)[٥].

لە پەرچەکرداری ئەو سیاسەتەی کاربەدەستانی قاجاری بۆ ڕاکێشانی لایەنگری هۆزەکانی بڵباس بەلای خۆیاندا، وا دیارە کاربەدەستانی عوسمانیش کەوتوونەتە خۆیان و ویستوویانە خەڵکی لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە تایبەتی لە هەرێمی موکریان بەلای خۆیاندا ڕابکێشن و لە دژی حکومەتی قاجاری چەکدارییان بکەن، هەربۆیە بەگوێرەی بەڵگەنامەیەکی عوسمانی، کە لە (١٨٩٢/٥/١٦)، لە وەزارەتی دەرەوەی عوسمانییەوە ئاراستەی ویلایەتەکانی وان، ئەرزڕووم، بەغداد و مووسڵ کراوە، کە تێیدا ئاماژەی بە گازندەی باڵیۆزی ئێران لە ئەستەمبووڵ کردووە، لەسەر ئەوەی گوایە کوردەکانی ناوچەی سەڵدوز بەشێوەیەکی تەواو و خێرا سەرقاڵی کڕینی چەکن، بەپێی ئەو پڕوپاگەندانەی لە ناوچەکەدا بڵاوبۆتەوە دەوڵەتی

عوســمانی بڕی (١٠٠٠) تفەنگی مارتینی داوەتە کوڕی مامەند ئاغای ســەرۆکی هۆزی پیرانی بڵباس بۆ ڕێکخستن و دەست بەسەرداگرتنی ناوچەی لاجان و دەرپەڕاندنی هۆزی مامەشــی ســەر بە ئێران، هەروەها عوســمانییەکان بە ئاغای ناوبراویان گوتووە، ئەگەر هۆزی مەماش لەلایەن ئێرانەوە یارمەتی ســەربازیدرا، ئەوا عوســمانییەکانیش لەبەرانبەردا لە ڕووی سەربازییەوە دەست تێوەردان دەکەن...( BOA: DH_MKT__1964_97_1_1 ).

گەرمیان و کوێســتانی هۆزەکانی بڵباس لە نێوان باشــوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ لەوەڕاندنی مەڕوماڵاتەکانیان، کێشەی بەردەوامی لەسەر لەوەڕگا و زەوی و زار لە نێواندا دروست دەکردن، کاربەدەســتانی عوســمانی و قاجاریش ئەمەیان بەهەل دەزانی بۆ دەستێوەردانی زیاتر لە کاروباری هۆزەکان، بەگوێرەی زنجیرە بەڵگەنامەیەک کە بۆ ساڵی (١٨٩٣) دەگەڕێنەوە، لە والی مووسڵەوە ئاراستەی وەزارەتی ناوخۆی عوسمانی کراون، ئاماژەی بە ناردنی دوو ســێ فەرمانبەری بە دەســەڵات لەلایەنی ســەربازیی و حکومیەوە بۆ نێو ئێڵی بڵباس کردووە، کە لە لەوەڕگانی ســنووری عوســمانین و خەریکی چوون بوون بۆ ناوچەی لاجانی ئێران، بۆ ئەوەی ئامۆژگاریان بکەن و لە خاکی عوســمانی نیشــتەجێ ببن و گوێڕایەڵی عوســمانییەکان بن، لە بارودۆخێکی واهاشــدا ئەگەر وەك ســاڵی ڕابردوو لەلایەن هۆزی مامەش و ئێرانییەکانەوە هێرش بکرێتە ســەریان، ئەوە ڕاســتیی ڕووداوەکە ڕوون دەبێتەوە کە خەتای هۆزی مامەش و قاجارەکانە(BOA: DH_MKT__136_77_3_1)[٦].

ئەو دەســتێوەردانەی عوســمانی و قاجارەکان لە کاروباری هۆزەکانی بڵباس و دروســتکردنی نــاکۆکیی و ململانێ لە نێوانیــانــدا بەردەوام بووە، ئەمەش لە بەڵگەنامەیەکی عوســمانیدا بەڕوونی ڕەنگدەداتەوە، کە لە (١٨٩٣/٣/٢٩) لە لایەن باڵیۆزی عوسمانی لە تارانەوە ئاراستەی وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکەی کردووە، تییدا ئاماژە بۆ ئەوە کردووە، ساڵی ڕابردوو محەممەد ئەمین ئاغای سەرۆکی هۆزی پیرانی ئێڵی بڵباس لەگەڵ ئەندامانی هۆزەکەی، وەک هەموو جارێک چوونەتە لاجان بۆ ســەر ئەو گوند و دەشــتایەی، کە ناوبراو بەڕیوەیان دەبات، بەڵام لەو کاتەدا لە لایەن هۆزی مامەشــەوە پەلامار دراون و دووچاری زیان و لەناوچوونێکی زۆر بوونەتەوە، بەگوێرەی لیکۆڵینەوە و بەڵگەکان دەرکەوتووە مامەشــیەکان زوڵمیان لە پیرانەکان کردووە(ڕەحمان، ٢٠١٩، بەرگی حەوتەم، ل٨٤). بەڵگەنامەیەکی دیکەی عوســمانی لە هەمان ســاڵدا، جەختی لەســەر ئەوە کردووەتەوە، کە: " ئێرانییەکان بۆ یارمەتیدانی هۆزی مامەش لەشــکر و تۆپیان بۆ ناردوون و لە دژی هۆزی پیرانی ئێمە [دەوڵەتی عوسمانی- توێژەران] دەجەنگان، ســەرۆک هۆزی مامەش (محەممەد ئاغا) دژی گەڕاندنەوەی لاجانە کە لە مێژووی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوە کوردیەکان

عوســـمانی بوونی هەبووە، چونکە لەناوچەی ناوبراو باخ و باخچەی فراوانی تێدایەوە و ناوچەیەکە بە ئاوەدانی و ئاو وهەوای دڵکراوە بەناوبانگە و ســـاڵانە (٢٥٠٠ بۆ ٣٠٠٠ ) لیرە داهاتی هەیە، بەهەمان شـــێوەش ناوچەی وەزنە هیچی لە ناوچەی لاجان کەمتر نیە، هەرچی هۆزەکانی مەنگور و گەورکی ئێڵی بڵباســـە زەویەکانیان بەزۆری شـــاخاوییە، هۆزی (گەورک)، کە لە ســـەردەشـــت نیشـــتەجێن شـــوێنکەوتووی دەوڵەتی شـــاهانەی عوسمانین و بەناوی خەلافەتەوە خوتبە دەخوێننەوە"(BOA: Y__PRK_EŞA__3_83_1_4).

زۆرجار دەوڵەتی عوســـمانی و قاجاری لە پێناوی بەرژەوەندی خۆیان پەنایان بۆ پێکهێنانی لیژنە بۆ چارەســـەرکردنی هەندێک لە کێشـــەی نێوان ســـەرۆک ئێڵ و هۆزەکان بردووە، ئەم سیاسەتەشیان زۆرجار بۆ هێورکردنەوەی دۆخی ئاسایش و ڕوونەدانی پشـێوی یان بۆ بەدەســـتهێنانی هاوســۆزی لایەنێکی ناو ململانێکە بووە(إبراهیم، ٢٠٠٧، ص٣٨١). لەژێر ڕۆشنایی ئەم سیاسەتەدا لە (١٨٩٣/٥/٢٢) لێژنەیەکی هاوبەشی عوسمانی و ئێرانی بۆ چارەســـەرکردنی ناکۆکی نێوان هۆزەکانی پیران و مامەشـــی ئێڵی بڵباس پێکهێنراوە، بۆ ئەو مەبەســـتە فەرمانبەرانی هەردوو لا، لە لاجان و ڕانیە کۆبوونەوەیان کردووە، بەڵام کارمەندانی ئێرانی ویستوویانە هۆکاری ناکۆکییەکە بخەنە پاڵ هۆزی پیران، هاوکات هۆزی مامەشیش بە بێتاوان پیشان بدەن(ڕەحمان، ٢٠١٩، بەرگی حەوتەم، ل٦٦،٦٨-٦٩).

کاربەدەستانی عوسمانی سەبارەت بەو کێشە هۆزایەتییەی لەنێو ئێڵی بڵباسدا هەبووە، ڕاپۆرتێکی چەند لاپەڕەییان ئامادەکردووە و لە (١٨٩٤/٧/١٢)، بۆ ســـوڵتانی عەبدولحەمیدی دووەم (١٨٧٦-١٩٠٩) ناردووە و ئاماژەییان بەوە کردووە، کە ئێرانییەکان بە هاوکاری هۆزی مامەش دەیانەوێت ئەمســـاڵ ســـنووری لاجان ببەزێنن و بیخەنە ســـەر خۆیان، حکومەتی قاجاری مامەشـــیەکان بەکاردەهێنێت بۆ داگیرکردنی ناوچەکە، بۆیە پێویستە سەربازی عوسمانی بنێردرێتە ناوچەکە، مامەشیەکان بەهۆی دوژمنایەتیان لەگەڵ هۆزی پیرانی بڵباس، کە لایەنگری دەوڵەتی عوســـمانین هەســـت بە مەترســـی دەکەن، بە تایبەتی لە کاتی چوونی ســـەربازانی عوســـمانی بۆ ناوچەکە، پیرانەکان ناچارن بۆ پاراستنی موڵکەکانیان لە لاجان هەموو ساڵیک لەگەڵ ئەوانە شەڕ بکەن، پێویســـتە دەوڵەتی عوســـمانی بایەخ بە هۆزەکانی ئەو ناوچەیە بدات بۆ ئەوەی ناوچەکە بپارێزێت و نەبنە لایەنگری دەوڵەتی ئێران(BOA: Y__PRK_ASK__99_14_1_1)[٧].

ســیاســەت و ڕێگەیەکی دیکەی عوسـمانی و قاجارەکان بۆ دەســتێوەردان لە کاروباری ئێڵی بڵباس ئەوەبوو، کە هۆزەکانی بڵباس بەشـــێوازی کۆچەری دەژیان و



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ئامادەنەبوون واز لە گەرمیان و کوێستان کردن بهێنن، هەواری زستانەیان دەکەوتە باشووری کوردستان لەناو خاکی عوسمانی، هاوینە هەوارەکانیشیان دەکەوتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە خاکی ئێران، ئەمەش هەمیشە وەکو کارتێکی ئامادە وابوو بەدەست کاربەدەستانی هەردوو دەوڵەتەکە بۆئەوەی دژایەتی ئەو هۆزانەی بڵباسی پێبکەن کە لایەنگری دەوڵەتی بەرانبەر بوون، لە سایەی ئەم سیاسەتەوە کاربەدەستانی قاجاری لە سابلاغ و تەوریز زۆرترین کات پشتگیری هۆزی مامەش بوون کە گوێڕایەڵی خۆیان بوو، بۆ دەستبەسەر داگرتنی زەوی و لەوەڕگا و گوندی ئەو هۆزانەی بڵباس، کە لایەنگر و شوێنکەوتەی عوسمانی بوون، بە تایبەتی ناوچەکانی هۆزی پیران کە دەکەوتنە سەر سنووری نێوان هەردوو دەوڵەتەکە، ئەمەش نزیکەی پازدە کەسایەتی و مەلا و موختاری هۆزی پیرانی بڵباسی لە (١٨٩٤/٨/١٠) ناچار کردووە، نامەیەک مۆربکەن و ئاراستەی (ئەمین بەگ)ی سەرۆکی پاشکۆی سەربازی لە باڵیۆزخانەی عوسمانی لە تاران بکەن و تێیدا نووسیویانە: "عەشیرەتی پیرانی بڵباس سەر بە دەوڵەتی عوسمانییە، .. ناوچەکانی لاجان و زێڕکڕ و هەرچی موڵك و ماڵ هەیە بەتەواوی هی ئێمەیە، لەگەڵ ئەوەشدا بەر لە چوار پێنج ساڵێکە هۆزی مامەش بە یارمەتی و هاوکاری ئێران دەستیان بەسەر لاجان و گوند و زەوی و موڵکەکانمان داگرت، بەهۆی پێویستی بارودۆخاکە هێواش هێواش (٧٠٠) ماڵی هۆزەکەمان لەوێ کۆچیان کرد، بەشێکی زۆری هۆزەکانی دیکەش لە لێواری کۆچکردن و جێهێشتنی ماڵەکانیانن، سەرۆکی هۆزی مامەش (مەحمەد ئاغای مامەش) بەشێوەیەکی بەردەوام لە هاندان و تەماحکاریدایە، بۆیە ئەگەر موڵك و گوندەکانمان لە دەستی مامەشیەکان و ئێرانییەکان دەرنەهێنرێت و ڕادەستی ئێمە نەکرێتەوە ئەوا مەنگوڕ و پیران و هۆزە بڵباسیەکانی دیکە ئاوارە و پەرێشان دەبن، پێشتریش لایەنی شاهانەمان ئاگادارکردەوە لەبارەی ئەو ئازار و ناڕەحەتییانەی تووشمان هاتووە، بەڵام هیچ ئەنجامێکی نەبوو بەمەش ناڕەحەتی و پەرێشانیمان دووبارە بوویەوە..."(BOA، Y__PRK_EŞA__20_20_3_1).

دەوڵەتانی عوسمانی و قاجاری هەوڵەکانیان بۆ لێکترازان و پەرتکردنی زیاتری هۆزەکانی بڵباس بەردەوام بووە، چونکە یەکگرتوویی هۆزەکانیان بە مەترسی بۆ سەرخۆیان دەزانی لەو پێناوەشدا هەموو ڕێگەیەکیان دەگرتەبەر، هەر وەک لە بەڵگەنامەیەکی قاجاری دەردەکەوێت، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ (١٨٩٦/٦/٢٥)، لە لایەن ئیمام قولی خانی فەرمانڕەوای سابلاغ بۆ شای قاجار لە تاران نێردراوە، دەڵێت:" محەمەد ئاغای مامەش ئامادەکاری کردووە، کە هەموو هۆزە ڕەوەند (کۆچەری)ەکان بۆ لای خۆی ڕابکێشێت وگوێڕاڵی بن، بەڵام قادر ئاغای مەنگوڕ لە فەرمانەکانی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکولینێن کوردی

ســـەرپێچی دەکات و گوێڕایەڵی نابێت، بۆیە محەمەد ئاغای مامەش بە هاوکاری هاوپەیمانەکانی لە هۆزەکان و کاربەدەســـتانی حکومەت، دەیەوێت قادر ئاغا لە سەرۆکایەتی مەنگوڕ دووربخاتەوە، بەبیانووی ئەوەی لابردنی قادر ئاغا و دانانی بایز ئاغا لە بەرژەوەندی دەوڵەتدایە، بۆیە خۆم ئەم بابەتە بە بەرژەوەندی حکومەت نازانم، کە هەموو ڕەوەند و هۆزی ئەم سنووره یەکگرتوو و یەک هەڵوێست بن، بە چ دڵنیاییەکەوە دەتوانین ئەمانە هەموو یەکگرتوو بکەین، ئێستا بایز ئاغا و چەند کەسی نزیکی خۆی لەگەڵ محەمەد ئاغای مامەش سوێندیان خواردووە، کە لە هەر ئیش و کارێکدا یەک فەرمان و یەک هەڵوێستی یەکگرتوویان هەبێت، لە بارودۆخێکی وەهادا ئەگەر پێویست بێت چۆن دەتوانین هۆزی مامەش و مەنگوڕ بەگژیەکدا بکەین، ئەوکات دەڵێن سوێندی دڵسۆزی و یەکگرتوویان خواردووە نەک دوژمنایەتی، بۆیە ســـەرۆکایەتی بایز ئاغا لە ئێســـتا لە بەرژەوەندی ئێمەدا نییە"(NLAI-295-7876-186) .

ئیمام قولی خان، یەکگرتوویی هۆزەکانی بڵباســـی هێندە بە مەترســـی زانیوە، بۆیە لە هەمان نامەی سەرەوەدا سوێندی بۆ شای قاجار خواردووە، کە ئەو هاوهەڵویستی و هاوســـوێندیەی لە نیوان هۆزەکانی (مەنگوڕ و مامەش)دا هەیە لە بەرژەوەندی دەوڵەت و خەڵک نییە، هەروەها جەختی لەوەش کردووەتەوە، کە بە هەزار درۆ و فێڵ، دووبەرەکی و دوژمنایەتی لە نێوان ئەم دوو هۆزەدا دروســـت کردووە تاوەکو لە ترســـی یەکتری خزمەتی حکومەت بکەن، چونکە پێی وابوو ئەگەر ئەم هۆزانە یەکگرتووبن هەرکاتێک بۆیان گونجاوبێت بە پاڵپشـتی یەکتری ئیشـی گەوەرە و سـەرپێچی گەورە ئەنجام دەدەن، بۆیە ڕازیبوون بەیەکگرتنی ئەم هۆزانە خیانەتە و بە هیچ شێوەیەک لە بەرژەوەندی حکومەتدا نەبووە(NLAI-295-7876-186).

ســـەرباری ئەوەی فەرمانبەران و کاربەدەســـتانی قاجاری دژی یەکگرتن و گردبوونەوەی هۆزەکانی بڵباس بوون لەژێر سەرکردایەتی محەمەد ئاغای مامەش، بەڵام بە گوێرەی بەڵگەنامەیەکی دیکەی قاجاری، کە بریتییە لە تەلەگرافنامەیەک، لە (١٨٩٦/٧/١) لە لایەن (محەمەد ئاغای مامەش) و (ســـەلیم پاشـــای چوار دۆڵی)یەوە، لە ســـابڵاغەوە بۆ جێگری شـــای قاجار لە تەورێز نێردراوە، تێیدا هاتووە: "لە شـــاری تەورێزەوە ئەرکی خزمەتگوزاری و پاراســـتنی ســـنوور بەگوێرەی فەرمانی ئێوە بە ئێمە ســـپێردراوە و بڕیارتان داوە ئەگەر ناســـەقامگیری و کێشـــەی ســـنووری لەم ســـنوورە ڕوویدات، ئێمە بەرپرســـین، بۆیە ئێمەش لەگەڵ بایزید ئاغای مەنگوڕ وەکو سـەرۆکی خەڵکی مەنگوڕ و خزم و کەسـوکارەکەی کۆبوونەوەیەکمان سـازکرد، بەپێدانی بەڵێن وسـۆز بە ئەغای ناوبراو، لە گەڵی ڕێککەوتین وهانمان دا بۆ ئەوەی خزمەتکاری دیوان بێت، ســـوێندیان



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

خوارد لەگەڵ هۆزی مامەش ڕێکەوتن بکەن و وەکو هۆزی چوار دوڵی و مامەش ببنە سەرچاوەی خزمەت لە سنوورەکان و ڕێگربن لە هاتن و چوونی ئێل و هۆزە کۆچەرییە دەرەکییەکان بۆ ناو سنووری ئێران، ئێمەش بەڵێنمان پێیان دا، کە دیوانی باڵای حکومەت، ناوبراو وەکو سەرۆکی هۆزی مەنگوڕ دەستنیشان بکات و پشتیوانی و پاڵپشتی پیویستان لێ دەکرێت، ئەگەر ئەم داواکاریەی ئێمە لەسەر سەرۆکایەتی بایزید ئاغا بۆ هۆزی مەنگوڕ قبووڵ نەکرێت، کاروباری سنوور توشی کێشە و گرفت دەبێتەوە و ئەوکات ئێمە تێیدا بەرپرس نین"(NLAI-295-7930-51).

سیاسەتی قاجاری و عوسمانییەکان بەرانبەر بە هۆزەکان جێگیر و بەردەوام نەبووە، هەرکاتێک بەرژەوەندییان لەگەڵ سەرۆک هۆزەکان نەمابایە، هەردوو دەوڵەتەکە دەکەوتنە بیانوو پێگرتن و دژایەتیکردن و هێرشکردنە سەریان، ئەم دیاردەیەش بەرانبەر بە محەممەد ئاغای مامەش ڕوویدا، کاتێک بە درێژایی ماوەیەکی زۆر لایەنگر و دڵسۆزێکی باشی حکومەتی قاجاری بووە و لە لایەن کاربەدەستانی ئەوە دەوڵەتەوە پشتگیری کراوە، بەڵام لە ساڵی (١٨٩٦)، سلێمان ئاغای برای محەممەدئاغای مامەش خاکی ئێرانی جێهێشتووە و ڕووی لە خاکی عوسمانی کردووە، ناڕەزایی کاربەدەستانی باڵای حکومەتی قاجاری، بە تایبەتی موزەفەرەدین شا(١٨٩٦-١٩٠٧)ی لێکەوتووەتەوە، پێیانوابوو ئەم بابەتە بە هاندان و دەستی محەممەد ئاغای برای بووە، تاوەکو لەو ڕێگەیەوە بۆ پێشخستنی کارەکانی خۆی مەسەلەکەی سلێمان زەق بکاتەوە و بەو شێوەیە بە هەندێک لە ئامانجەکانی بگات(وزارت امور خارجە...، ١٣٧٠، جلد چهارم، ص١٥٠). هەربۆیە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا کاربەدەستانی ئێرانی لە تاران و تەورێز، پەیوەندییەکانیان لەگەڵ محەممەد ئاغای مامەش بۆ ماوەیەک تاڕادەیەک بەرەو خراپی چووە، ئەمەش لە چەند بەڵگەنامەیەکی قاجاری، کە لە ماوەی ساڵانی (١٨٩٦-١٨٩٧) لە نێوان وەزارەتی دەرەوەی ئێران و ویلایەتی ئازەربایجان ئاڵوگۆڕ کراوە دەردەکەوێت، کە ئاغای ناوبرا و بە کەسێکی خراپ ناوزەند کردووە و چەندان تۆمەتیان بۆ دروستکردووە، ئەمەش سەرەتای تێکچوونی پەیوەندی نێوان هۆزی مامەش و کاربەدەستانی دەوڵەتی ئێرانیە(وزارت امور خارجە...، ١٣٧٠، جلد چهارم، ص١٣٣-١٣٥).

ڕێگایەکی دیکە، کە کاربەدەستانی قاجاری دەیان ویست بەهۆیەوە نفووزی حکومەتی ناوەندی لەناوچە کوردی و لەناو هۆزە کوردەکاندا بەهێز بکەن و ئاوێتە و گوێڕایەڵی خۆیانیان بکەن، هەوڵەکانی حکومەت بوو بۆ هێنانە ناوەوەی ڕێوڕەسم و هێماکانی ئاینزای شیعە بۆ ناوچەکوردییە سوونییە بڵباس نشینەکانی موکریان، ئەمەش بە هۆی جیاوازی مەزهەبیەوە پێکدادانی لێدەکەوتەوە و پەیوەندییەکانی نێوان

خەڵک و کاربەدەستانی حکومەتی لە ناوچەکەدا ئاڵۆزتر کردبوو، تاوەکو لە ئەنجامدا هۆزە جیاوازەکان خواستی خۆیان بۆ پەنا بردنە بەر دەوڵەتی عوسمانی دەربڕیوە، بۆ نموونە: لەساڵی (١٨٩٩) خەڵکی سابڵاغ و دەوروبەری داوایان لە کونسوڵخانەی عوسمانی کرد، باڵیۆزەکەیان لە تاران ئاگادار بکاتەوە، تاوەکو حکومەتی قاجاری لەو زوڵم و زۆرە بوەستێنێت، ئەگەر خەلیفەی عوسمانی خەڵکی ناوچەی موکریان وەک هاووڵاتی قبوڵیان ناکات یان نایان پارێزێت، ئەوە ئەوان هەروەکو شێخ عوبەیدوڵلا خۆیان هەوڵی خۆپارێزی و تۆڵە دەدەن، یاخود پەنا بۆ کونسوڵخانەی ڕووس دەبەن( Ateş, 2013, P256).

نابێت ئەوەمان لەبیربچێت، دەوڵەتانی عوسمانی و قاجاری، هەرچەندە پشتگیری هۆزێک یان چەند هۆزێکی بلباسیان لە دژی هۆزەکانی دیکەی ئەو ئێلە کردووە، بەڵام ئەمە تەنیا بۆ جێبەجێکردنی سیاسەت و جێگیرکردنی دەسەڵاتی خۆیان بووە لەناوچە بلباس نشینەکاندا، ئەگەرنا لە بنەڕەتدا متمانەیان بە سەرۆک هۆزەکانی لایەنگری خۆشیان نەبووە و بۆ دەرفەتێک گەڕاون تاوەکو دوچاری کێشەیان بکەنەوە، بۆنموونە: هەرچەندە سەرۆک هۆزی پیران دژ و هۆزی مامەشیش لایەنگر و دڵسۆزێکی سەرسەختی حکومەتی قاجاری بووە، بەڵام بەگوێرەی بەڵگەنامەیەکی قاجاری، کە لە (١٩٠٠/٧/٥) لە وەزارەتی دەرەوەی ئێرانەوە وەکو وەڵامێک بۆ کاربەدەستانی تەوریز نێردراوە، ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە هەرچەندە محەمەد ئەمین ئاغای سەرۆک هۆزی پیران پێشووتر لەگەڵ هۆزەکەی چووەتە ناوخاکی عوسمانی و لایەنگیری دەوڵەتی عوسمانی بوون و بەردەوام کێشەی سنووریان بۆ دەوڵەتی ئێران دروستکردووە، بەڵام دەستبەسەرکردنی ئەو ئاغایە بە چاک نازانن، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی هۆزی مامەش لە خاکی ئێراندا بەتەنیا گۆڕەپانیان بۆ چۆڵ دەبێت و هەندێک کردەوە و مامەڵە، کە لە سروشتی کوردەکاندایە بە دڵی خۆیان ئەنجامیان دەدەن، بۆیە گەڕانەوەی هۆزی پیران بۆ لاجانی خاکی ئێران سوودێکی زۆری بۆ دەوڵەت هەبووە (وزارت امور خارجه...، ١٣٧٠، جلد چهارم، ص١٩٤،٢٠١)، مەبەستیشیان لەو کارە ڕاکێشانی سەرۆک هۆزی پیرانی بلباس بووە بۆ ناو خاکی ئێران و بەکارهێنانیەتی لە دژی محەمەد ئاغای مامەشی بلباس، بۆئەوەی نەتوانێت دەسەڵاتێکی هۆزایەتی زۆری لە ناوچە بلباس نشینەکاندا هەبێت و لەمپەرێکی بۆ دروست بکەن.

تەنانەت دەوڵەتانی عوسمانی و قاجاری، نەک ناکۆکییان دەخستە نێوان هۆزەکانی ئێلی بلباس، بەڵکو زۆرجار لە نێو یەک هۆزی ئێلی بلباسیش دووبەرەکیان دروستکردووە، بە ڕادەیەک برا لەگەڵ برا یاخود کوڕ لەگەڵ باوک کێشە و ململانێ دەکەوتە نێوانیانەوە، ئەمەش زۆر کات بە هۆی حەسوودی و بەرچاوتەنگیان لەسەر



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

سەرکردایەتی هۆز و پلە و ئیمتیازات ڕوویدەدا، ئەگەر حکومەتی قاجار ئیمتیازاتێکی بە سەرۆک هۆزێکی بڵباس بدایە، ئەوا دەبوو هەمان ئیمتیازات بە سەرۆکەکانی تریش بدات، ئەگەر وانەبووایە شەڕ و ئاڵۆزی سەریهەڵدەدا(دمۆرگان، ٢٠١٢، پەراوێزی(١)، ل٣٨)، ئەوەتا کاتێک لە ساڵی (١٩٠٣)، ناکۆکی لە نێوان بایەزید ئاغا و باپیر ئاغای مەنگوڕ لەسەر سەرکردایەتیکردنی هۆزی مەنگوڕدا ڕوویدا، حکومەتی قاجاری لە تارانەوە باپیر ئاغای کوڕی هەمزاغای مەنگوڕیان وەک سەرۆک هۆزی مەنگوڕ ناساند، بۆیە بایەزید ئاغا خۆی بە غەدر لێکراو زانی و بەرەو دەوڵەتی عوسمانی کۆچی کرد، عوسمانیەکان پێشوازیان لێکرد و موچەی مانگانەیان بۆ بڕیەوە، هەرزوو عوسمانییەکان والی مووسڵ و بایەزید ئاغا و محەمەد ئاغای سەرۆک هۆزی شکاکیان ڕاسپارد بۆ هێرشکردنە سەر ناوچەی لاجان لەناو خاکی ئێران و داگیرکردنی(بورزوویی، ٢٠٠٥، ل١٢٠)، دەوڵەتی عوسمانی لەپای ئەو خزمەتانەی بایەزید ئاغای مەنگوڕ بۆ لایەنگیری دەوڵەت ئەنجامی دابوون، پلەی پاشا (میری میران)ی پێدا(BOA: DH_TMIK_M___242_37_10_2).

لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم سیاسەتی دەوڵەتانی عوسمانی و قاجاری بۆ دەستێوەردان لە کاروباری هۆزەکانی بڵباس، بە ئامانجی یەکلایکردنەوەی کێشەی سنووری نێوان هەردوو دەوڵەتەکە بووە لە ناوچە سنوورییە بڵباس نشینەکان، چونکە هەردوو دەوڵەتەکە لە هەوڵی ئەوەدابوون لە ڕێگەی ڕاکێشانی هۆزەکانی بڵباس بەلای خۆیاندا، ناوچەکانیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بەشێک لەخاکی خۆیان هەژماربکەن، لەو سۆنگەیەوە بەڵگەنامەیەکی عوسمانی، کە مێژووەکەی بۆ (١٩٠٦/٢/٢٦) دەگەڕێتەوە، ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، ناوچەکانی وەزنە و مێرگانە و لاجان، کە شوێنی ژیان و بلاوبونەوەی هۆزەکانی بڵباس بووە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، ئەمانە ناوچانەی کێشە لەسەری سنووری بوون لە نێوان دەوڵەتانی عوسمانی و قاجاری، بەڵام دەوڵەتی ئێران دەیەوێت لەڕێگەی ڕاکێشانی هۆزەکانی بڵباس ئەم ناوچانە بە بەشێک لە خاکی خۆی هەژماربکات، ئەمە لە کاتێکدایە کە بەشێکی زۆری هۆزەکانی بڵباس هەر لە زووەوە باجیان داوەتە دەوڵەتی عوسمانی و سەر بە دەوڵەتی عوسمانی هەژمارکراون، جگە لە هۆزی مامەش، کە دەوڵەتی ئێرانی بەلای خۆیدا ڕایکێشاون و لە ناوچەکانی لاجان و شنۆ و سندوس نیشتەجێکردوون و تەماحی پێداون، دەوڵەتی ئێران دەیەوێت لە ڕێگەی پلە و پاداشت پێدانەوە هۆزەکانی مەنگوڕ و پیران یش بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، یاخود دەویەوێت بە پاراستن و زەوی پێدان بە لایەنێک لە دژی یەکتر هانیان بدات (ڕەحمان، ٢٠٢١، بەرگی سیانزە، ل٢٣٠)؛ (BOA:Y_MTV284_25_2).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ئەو ڕاستییە مێژووییەی سەرەوە لە چەندان بەڵگەنامەی هەر دوو دەوڵەتەکەدا دەردەکەوێت، ئەوەتا کاتێک کێشەی سنووری لەناوچە بڵباس نشینەکان دەگاتە قۆناغێکی هەستیار و یەکلایکەرەوە، هەردوو دەوڵەتەکە ئاستی دەست تێوەردان و پشتگیرکردنیان بۆ هۆزەکانی لایەنگری خۆیان زیاتر کردووە، تاوەکو لەو ڕێگەیەوە خاوەندارییەتی ئەو ناوچانە لە کاتی دیاریکردنی سنووردا بۆخۆیان مسۆگەربکەن، بۆیە دەوڵەتی قاجاری پشتیوانی خۆی بۆ هۆزی مامەش زیاتر کردووە، ئەمەش وا لە (محەمەد ئەمین ئاغا)ی سەرۆک هۆزی پیران کردووە، بەناوی ئێلی بڵباسەوە لە (١٩٠٨/١٢/١٥) نامەیەک بۆ سەرۆک وەزیران (سەدری ئەعزەم) و سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نوێنەران (مەجلیسی مەبعوثان)ی عوسمانی بنێرێت[٨]، مەترسی مەبەستی ئێرانییەکانی بۆ دەستبەسەرداگرتنی ناوچەکانی هۆزی پیرانی خستووەتە ڕوو، کە دەیانەوێت لە ڕێگەی پشتگیریکردنی هۆزی مامەشەوە ناوچەکانیان داگیربکەن و بە بەشێک لە خاکی ئێران هەژماریان بکەن، لە کاتێکدا ناوچەکانی ئەوان هەر لە کۆنەوە بەشێک بوون لە خاکی عوسمانی، بۆیە سەرۆک وەزیرانی دەوڵەتی عوسمانی لە (١٩٠٩/١/٧) نامەیەک بۆ والی مووسڵ دەنێرێت، داوای لێدەکات لێکۆڵینەوە بکرێت دەربارەی ئەوەی ئایا ئەو گوندانەی سەرۆك هۆزی پیرانی بڵباس باسی کردوون لەچوارچێوەی سنووری عوسمانین یان نا، بۆ ئەوەی ڕێکاری پێویست بگیرێتەبەر(BOA، BEO_3468_260070_1_1).

سەرباری ئەو شێوازەی سەرەوە بۆ ملکەچ پێکردن و وابەستەکردنی هۆزەکانی ئێلی بڵباس بە دەوڵەتەکەیانەوە، بەڵگەنامەیەکی قاجاری لە (١٩١٠/٦/١٩) ئاماژە بە هەنگاو و سیاسەتێکی دیکەی کاربەدەستانی عوسمانی کردووە، کە: " کاربەدەستانی کاروباری عوسمانی لە ناوچەی سەڵماس ڕاگەیاندراوێکیان بڵاوکردووەتەوە، کە دەوڵەتی ناوبراو تاوەکو شەش ساڵ لە دە یەکی مەڕ و دانەوێڵەی ڕەعیەتەکانی خۆش دەبێت، بابەتەکە هەر بەو جۆرەیە، کە عوسمانییەکان بە هۆی ئاڵۆزی ناوخۆیی خۆیان چاپۆشیان لە کوردەکان کردووە و بەم زمان لووسییە دەیانەوێ دڵیان بۆ خۆیان ڕابکێشن و خۆیان خۆشەویست بکەن، هەروها بەمجۆرە لە دانی باج بە دەوڵەتی ئێران ڕێگری بکەن"(وزارت امور خارجه...، ١٣٧٢، جلد ششم، ص٤٨).

هەموو ئەو سیاسەتانەی دەوڵەتانی عوسمانی و قاجاری لە ماوەی ساڵانی (١٨٨١-١٩١٤) بەرانبەر هۆزەکانی ئێلی بڵباس جێبەجێیان کردووە، بەو ئامانجە بووە کە ویستوویانە تەواوی هۆزەکانی ئێڵەکە یان چەند هۆز و تیرەیەکی بڵباس بەلای خۆیاندا ڕابکێشن، ئەمەش دەبووە هۆی پەرتکردن و لاوازکردنی کۆنفیدراسیۆنی ئێلی بڵباس لەلایەک و بەدەست هێنانی خاوەندارییەتی ئەو ناوچە و گوندە سنوورییانەی لە ژێر


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

دەسـتی هۆزەکانی بڵباسـدا بوو لەلایەکی دیکەوە، بۆیە لەگەڵ دەرکەوتنی هەر کێشـەیەک لە نێوان هۆزەکانی بڵباسـدا، ڕاسـتەوخۆ هەردوو دەوڵەتەکە دەکەوتنە پشـتیوانی چەند هۆزێک و دژایەتیکردنی ئەوانی دیکە، ئەم پەرت بوون و دەسـت تێوەردانانەش یەکێیەتی هۆزایەتی بڵباسـی لە لێواری لەناوچوونی کۆتایی نزیک کردبووە، چونکە هۆزەکانی بڵباس لەقۆناغە مێژووییەدا بە هاندان و پشـتگیری عوسـمانی و ئێرانی ئەوەندەی خەریکی شـەڕ و ململانێی یەکتر بوون، بە هیچ جۆرێک بیریان لە یەکگرتووی خۆیان نەدەکردەوە، هەریەک لەو هۆزانە ویستوویەتی بە پاڵپشتی یەکێک لەو دوو دەوڵەتە زۆرترین زەوی و زار و دەسـەڵاتی لەناوچەکەدا هەبێت و لەسـەر حسابی هۆزەکانی دیکە خۆی بەهێز و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی فراوانتر بکات.

**ئەنجام:**

١- لە دوای شـۆڕشـی شـێخ عوبەیدوڵڵاوە کۆنفیدراسـیۆنی ئیلی بڵباس بەرەو لاوازی و لێکترازانی زیاتر چووە، سیاسـەتی دەستێوەردان و بەلای خۆدا ڕاکێشـانی هۆزەکانی بڵباس لە لایەن دەوڵەتانی عوسـمانی و قاجارییەوە زیاتر پەرەی سـەندووە، حکومەتی قاجاری بۆ تۆڵەکردنەوە لە هۆزەکانی بڵباس بە هۆی بەشـدارییان لە شـۆڕشـەکەدا، سـەربازی کوشـتوبڕ و تالانکردن و سـوتاندنی گوند و ماڵەکانیان، دەسـتی داوەتە پیادەکردنی سـیاسـەتی پەرتکە و زاڵبە لە بەرانبەریان، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە نەبنە مەترسی بۆ دووبارە سەرهەڵدانەوەی شۆڕش.

٢- قاجارییەکان هەمزاغای مەنگوڕیان بە دوژمنی سەرسەختی خۆیان داناوە، پێیانوابووە تاوەکو هەمزاغا لەناونەبەن، کۆتایی پێهێنانی مەترسـییەکانی سـەرهەڵدانەوەی شـۆڕش تەواو نابن، دڵنیاش بوونە ناتوانن بە شـەڕ و پەلاماری سـەربازی بیکوژن، بۆیە سـاڵی (١٨٨١) بە یارمەتی کاکەئەڵلای برای و سـەرۆک هۆزەکانی دیکەی بڵباس، بە فێڵ و پیلان و بەڵێنی درۆ، بانگهێشتی ناو سابڵاغیان کردووە و لەناویان بردووە.

٣- ناوچە بڵباس نشینەکانی سـەر سنوور لە دیوی ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان، بە تایبەتی لە ناوچەی موکریان، ناوچەی سـنووریی کێشـە لەسـەر بووە، کە هەردوو دەوڵەتەکە بانگەشەی ئەوەیانکردووە هۆزەکانی بڵباس و ناوچەکانیشیان بەشێکن لە خاکی دەوڵەتی خۆیان، ئەم سیاسـەتەی هەردوو دەوڵەتەکە بووەتە هۆی ناجێگیری ئاسـایش لە ناوچە کوردییەکان بە گشـتی و ناوچە سـنوورییەکان بە تایبەتی، بە جۆرێک هۆزەکانی بڵباس زۆرترین کات لە بارودۆخێکی تەنگەتاو ژیانیان بەسەر بردووە، ئەم ترس و نائارامییە ڕەنگرێژی شـێوازی ژیانیانی کردبوو، وای لێکردبوون هەمیشـە

چەكدار و ئامادەی بەرگری و پەلاماردان بن، ئەمەش هۆزەكانی بلباسی كردووەتە كەرەستەیەك بۆ یەكلایەكردنەوەی ئەو ململانێیە، كە سەرئەنجام زیانی بە سروشتی ژیان و سەروماڵی بلباسەكان گەیاندووە.

٤- دەستێوەردان لە كاروباری هۆزایەتی و خاوەندارییەتی زەوی و لەوەڕگای هۆزەكانی بلباس، وای لە سەرۆك هۆزەكان كردبوو هەریەكەیان دوای بەرژەوەندی خۆی بكەوێت و لایەنگری یەكێك لەو دوو دەوڵەتە هەڵبژێرێت، بۆ ئەوەی خاك و خەڵكی هۆزەكەی بپارێزێت، ئەمەش پاشكۆیەتی هۆزەكانی بلباسی بۆ ئەم دوو دەوڵەتە زیاتر كردبوو لە بەرانبەردا یەكێتیی هۆزایەتی ئێڵی بلباسی بەرەو نەمان برد بوو، ئەمەش بەدیهاتنی ئەو ئامانجە بوو كە هەردوو دەوڵەتەكە هەوڵیان بۆ دەدا.

٥- سیاسەتی دەستێوەردانی هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و قاجاری، لە كاروباری هۆزەكانی بلباس بەجۆرێك بوو، كە نەیاندەهێشت هیچ كاتێك بارودۆخی كۆمەلایەتی و سیاسی و ئابووری ئێڵەكە جێگیری بەخۆیەوە ببینێت، هەردەم ئیشیان لەسەر پەرتكردنی یەكێتیی ناو ئێل و هۆزەكانی كردووە، ئەمەش لە ڕێگەی هێرش و پەلامارەوە بێت، یاخود لە ڕێگەی پێدانی ئیمتیازات و خەلات و نازناو بێت بەسەرۆك هۆزەكان، بۆنموونە: كاربەدەستانی قاجاری نازناوی (ئەمیر ئەلعەشایر) و (میرپنچە)یان بە محەمەد ئاغای مامەش بەخشیبوو، هەروەها عوسمانییەكانیش نازناوی (پاشا)یان بە بایەزید ئاغای مەنگوڕ بەخشبوو، تاوەكو لەو ڕێگەیەوە بیانكەنە شوێنەكەوتەی دەوڵەت و بەكاریانبهێنن بۆ دژایەتیكردنی هۆزەكانی دیكە و لە یەكلایكردنەوەی كێشەی سنووری كەڵكیان لێوەربگرن.

٦- هەموو ئەو سیاسەتانەی كاربەدەستانی هەردوو دەوڵەتەكە بەرانبەر بە ئێڵی بلباس پیادەیان كرد، زیانێكی یەكجاری زۆری بە سەرخان و ژێرخانی ئێڵەكە گەیاندوو، كاریگەری چارەنووسسازی بەسەر بونیادی هۆزایەتی ئێڵی بلباسەوە هەبووە، بەجۆرێك كۆتایی بە یەكێتیی هۆزایەتی بلباس هێنا و لەو شێوازە ژیانە كۆچەرییەش دوریخستنەوە كە بەدرێژایی چەندین سەدە لە باب و باپیرانیانەوە لەسەری ڕاهاتبوون، چونكە هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و قاجاری بەردەوام كاریان لەسەر ئەوە كردبوو، كە هۆزەكانی بلباس لەناو خاكی خۆیاندا نیشتەجێ بكەن و خاكەكەشیان بە بەشێك لە خاكی دەوڵەتی خۆیان هەژماربكەن، وایان لێبكەن واز لە ژیانی كۆچەری بهێنن و ژیانێكی نیمچەجێگیر لە ناوچەیەكی دیاریكرودا بۆخۆیان



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

پیادەبکەن، تاوەکو لەو ڕێگەیەوە بتوانن هۆزەکان جڵەوبکەن و باج و ســـەرانە و سەربازییان لیوەربگرن و لە فەرمانەکانی حکومەتی ناوەندی یاخی نەبن.

٧- سیاسـەتی دەسـتێوەردانی دەوڵەتانی عوسـمانی و قاجاریی لە کاروباری هۆزایەتی ئێڵی بڵباس و دیاریکردنی ســـنوور لە ســـەروبەندی جەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٤) لەنیوان هەردوو دەوڵەتەکەدا، نەک هەر کۆنفیدراســـیۆنەکەی لێکهەڵوەشـــاندەوە، بەڵکو بەوە هۆی لێکترازان دابەشـــبوونی هەرکام لە هۆزەکانی بڵباس لە نێوان خاکی عوسـمانی (عێراق) و خاکی ئێران، بۆ نموونە: هەرکام لە هۆزەکانی مامەش و مەنگوڕ و پیران و ســـن و ڕەمک و گەورک بەشـــێک لە تیرە و بنەماڵەکانیان لەنـاوخـاکی ئێران بە هەمیشـــەی جێگیر بوون و هـاووڵاتیبوونی ئەو دەوڵەتەیـان هەڵبژارد، بەشـێکی دیکەشـیان نیشـتەجێبوونیان لەناو خاکی عوسـمانی هەڵبژارد و نیشتەجێبوون.

٨- دەرئەنجـامێکی دیکەی گرنـگ ئەوەیە، کە هەرچـەنـدە ئێـڵ و هۆزەکـان بڕبڕەی پشـــتی توانـای ئـابووری و کۆمەڵایەتی و ســـیاســـی کۆمەڵگەی کوردی و شۆڕشەکانیش بوون، بەڵام هاوکات هۆکارێکی گەورەش بوون لەبەردەم پەرەسەندن و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگە، خاڵێکی لاوازیش بوون، کە هەردەم هەردوو دەوڵەتەکە لە ڕێگەی دەستێوەردان و بەکارهێنانی هۆزەکان ڕێگەیان لە دەرکەوتن و بە ئامانج گەیشـــتنی هەرجوڵانەوەیەک کردووە، کە لە دەرەوەی هۆزەکـان یـان لە نـاوەنـدی شارەکان سەریهەڵدابێت.

**لیستی سەرچاوەکان:**

**یەکەم: بەڵگەنامە بلاونەکراوەکان:**

**أ- بەڵگەنامە عوسمانییەکان:**


1- BOA: A }MKT_MHM__486_28_2_1.
2- BOA: A_}MKT_MHM__486_28_7_1.
3- BOA: A_}MKT_MHM__486_28_8_1.
4- BOA: BEO_3468_260070_1_1.
5- BOA: BEO_3468_260070_3_1.
6- BOA: DH_MKT__136_77_3_1.
7- BOA: DH_MKT__136_77_4_1.
8- BOA: DH_MKT__136_77_5_1.
9- BOA: DH_MKT__1964_97_1_1.




Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

10- BOA: DH_MUİ__107_1_2_1.
11- BOA: DH_TMIK_M___242_37_10_2.
12- BOA: HAT_813_37262_C_1.
13- BOA: HR_MKT__590_67_5_1.
14- BOA: ŞD__2550_34_1_2.
15- BOA: ŞD__2550_34_6_1.
16- BOA: ŞD__2550_34_7_1.
17- BOA: Y__PRK_ASK__99_14_1_1.
18- BOA: Y__PRK_ASK__99_14_1_2.
19- BOA: Y__PRK_ASK__99_14_1_3.
20- BOA: Y__PRK_EŞA__3_83_1_2.
21- BOA: Y__PRK_EŞA__3_83_1_2.
22- BOA: Y__PRK_EŞA__3_83_1_4.
23- BOA: Y__PRK_EŞA__20_20_3_1.
24- BOA: Y__PRK_EŞA__20_20_3_1.
25- BOA: Y_MTV00284_25_2.

### ب_ بەڵگەنامە قاجارییەکان:

1- NLAI-295-7876-186.
2- NLAI-295-7930-51.
3- NLAI-296-13078-4.

### دووەم: کتێبە بەڵگەنامەییەکان:

### أ- بە زمانی کوردی:

١- ڕەحمان، ئاشتی (وەرگێڕ). (٢٠٢١) پشدەر (مەعمورەی حەمیدیە) لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا، ١٨٥٨-١٩١٥زایینی، ئامادە و پێشکەشکردنی: نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، بەرگی سیانزە، بڵاوکراوەی زانکۆی جیهان، خانەی بەڵگەکان، هەولێر.

٢- ڕەحمان، ئاشتی (وەرگێڕ). (٢٠١٩) ڕانیە لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا ١٢٩٢-١٣٣٨کۆچی/ ١٨٧٥-١٩٢٠ زایینی، ئامادە و پێشکەشکردنی: نەوزاد یەحیا سەعید باجگر، بەرگی حەوتەم، بڵاوکراوەی زانکۆی جیهان/خانەی بەڵگەکان، هەولێر.

٣- غۆریانس، ئەسکەندەر. (٢٠٠٧) شۆڕشی شێخ عوبیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەی ئەرمەنی دا، وەرگێڕانی: محەمەد حەمە باقی، بڵاوکراوەی دەزگای ئاراس، هەولێر.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی

٤- عەزیز، جەمال میرزا (وەرگێڕ). (١٩٩٩) لە تاریکی یەوە بۆ رووناکی بەڵگەنامەکانی شۆڕشی ساڵی ١٨٨٠، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٥- گەڕووسی، حەسەن عەلی خانی. (٢٠٠٧) شۆڕشی شیخ عوبەیدوڵلای نەهری لە بەڵگەنامەکانی قاجاریدا، وەرگێڕانی: محەمەد حەمە باقی، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر.

٦- ئەفشار، عەلی خان گۆنەخان. (٢٠٠٧) شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری لە بەڵگەنامەکانی قاجاریدا، وەرگێڕانی: محەمەد حەمە باقی، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر.

٧- حمە باقی- أ، محەمەد. (٢٠٠٢) ڕاپەڕینی هەمزاغای مەنگوڕ لە بەڵگەنامەی قاجاریدا ١٨٥٤-١٨٨١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٨- حەمە باقی- ب، محەمەد. (٢٠٠٢) میرنشینی ئەردەڵان، بابان، سۆران لە بەڵگەنامەی قاجاریدا١٧٩٩-١٨٤٧، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٩- حەمە باقی، محەمەد. (٢٠٠٧) کورد لە بەڵگەنامەی قاجارییدا (إفتتاح ناصری)، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر.

١٠- جوەید، وەدیع. (٢٠٠٧) شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری لە بەڵگەنامەکانی ئینگلیزی و ئەمریکی دا، وەرگێڕانی: محەمەد حەمە باقی، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر.

### ب- بەزمانی فارسی:

١- نصیری، محمد رضا. (١٣٧١) اسناد و مکاتبات تاریخی ایران قاجاریه، جلد سوم، انتشارات مؤسسه کیهان، تهران.

٢- وزارت امور خارجه جمهوری اسلامی ایران. (١٣٧٠) گزید اسناد سیاسی ایران و عثمانی دوره قاجاریه، جلد سوم، چاپخانه دفتر مطالعات سیاسی و بین المللی، تهران.

٣- وزارت امور خارجه جمهوری اسلامی ایران. (١٣٧٠) گزید اسناد سیاسی ایران و عثمانی دوره قاجاریه، جلد چهارم، چاپخانه دفتر مطالعات سیاسی و بین المللی، تهران.

٤- وزارت امور خارجه جمهوری اسلامی ایران. (١٣٧٢) گزید اسناد سیاسی ایران و عثمانی دوره قاجاریه، جلد ششم، چاپخانه دفتر مطالعات سیاسی و بین المللی، تهران.

### سێیەم: کتێبەکان:

### أ- بە زمانی کوردی:

١- داقووقی، ئیبراهیم. (٢٠١٢) کوردی تورکیا، وەرگێڕانی: هیمەت عەزیز کاکەیی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، دەزگای موکریان، هەولێر.

٢- کەریم، خالد مەحمود. (٢٠١٩) باشووری کوردستان لە کۆتاییەکانی سەردەمی عوسمانیدا، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

٣- دمۆرگان، ژاك. (٢٠١٢) کوردستان لە لێکۆڵینەوەکانی ژاك دمۆرگاندا، وەرگێڕانی: سعید خضری و ئاسۆ عبدالرحمن، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

٤- لۆنگریک، ستێفێن هێمسلێی. (٢٠١٩) چوار سەدە لە مێژووی عێراقی نوێ، وەرگێڕانی: رەسوڵ بەختیار، بڵاوکراوەی ناوەندی ئاوێر، هەولێر.

٥- وانچ، سۆفیا ئێزابێلا. (٢٠١٤) پەرەسەندنی شوناسی نەتەوایەتی کورد و ئەگەرەکانی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، وەرگێڕانی: یاسین سەردەشتی، چاپخانەی کەمال، بڵاوکراوەی دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، سلێمانی.

٦- برونەسن، مارتین ڤان. (٢٠١٠) ئاغا و شێخ و دەوڵەت، وەرگێڕانی: کوردۆ عەلی، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، بەرگی یەکەم، بڵاوکراوەی مەکتەبی بیروهۆشیاری(ی.ن.ک)، سلێمانی.

٧- جڕارد، مانتێگیۆگیلبێرت. (٢٠٢١) یادداشتەکانی سەفەرێک بە نێو کوردستاندا، زستانی ١٨٨١-١٨٨٢، وەرگێڕانی: کەمال حەسەنپوور، وەشانخانەی مادیار، سنە.

٨- محمد، محمود احمد. (١٩٨٩) مێژووی هۆزی بڵباس لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ، بەرگی یەکەم، چاپخانەی تاڤگە، سلێمانی.

٩- بورزوویی، موجتەبا. (٢٠٠٥) بارودۆخی سیاسی کوردستان (١٨٨٠-١٩٤٦)، وەرگێڕانی: نازناز محەمەد عەبدولقادر ئەوانی تر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

١٠- خەلفین، ن. أ. (٢٠١٧) ململانێ لەسەر کوردستان، وەرگێڕانی: جەلال تەقی، چاپخانەی تاران.

**ب- بە زمانی فارسی:**

١- پاشا، درویش. (١٣٩٦) لایحه تحدید حدود ایران و عثمانی (١٢٦٦-١٢٦٨هجری قمری)، ترجمه از ترکی عثمانی: میرزا جهانگیرخان ناظم الملک مرندی یکانلو، انتشارات طهوری، تهران.

٢- صمدی، سید محمدی. (١٣٨١) طوایف و عشایر کرد، مؤسسه چاپ و انتشارات رهرو، مهاباد.

٣- معتمد الدوله، شاهزاده حاجی فرهاد میرزا. (١٣٦٧) زنبیل، بهمت: محمد رمضانی، چاپ دوم، ایران.

٤- فیضی، کیومرث. (١٣٩١) قیام شیخ عبیدالله شمزینی(نهری) در دورەی ناصرالدین شاه قاجار، انتشارات جوهر حیات، ایلام.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینی کوردی

٥- محمود، محمود. (١٣٥٣) تاريخ روابط سياسى ايران و انگليس در قرن نوزدهم ميلادى، جلد چهارم، چاپ چهارم، انتشارات شركت نبى اقبال و شركا، تهران.

٦- فاضلى، ميرزا ابراهيم. (١٣٩٨) تاريخ مامش، مقدمه و تصحيح: كامران ثنائى، چاپخانه گوتار، سەقز.

٧- بيگباباپور، يوسف و غلاميه، مسعود. (١٣٩٠) فتنه شيخ عبيدالله كرد( گزارشهايى از وقايع حمله اكراد به صفحات اذربايجان در دوره قاجار)، چاپخانه فرشيوه، انتشارات موزه و مركز اسناد مجلس شوراى اسلامى، تهران.

٨-

ج- بە زمانى عەرەبى:

١- الضابط، شاكر صابر. (١٩٦٦) العلاقات الدولية ومعاهدات الحدود بين العراق وأيران، دار البصري، بغداد.

د- بە زمانى ئينگليزى:

١- Amanat, Abbas. (2017) Iran A Modern History, Yale University Press, London.

٢- Cetinsaya, Gokhan. (2017) Ottoman Administration of Iraq 1890-1908, Published by Routledge, New Work.

٣- Ateş, Sabri. (2013) The Ottoman-Iranian Borderlands Making a Boundary 1843-1914, Cambridge University Press, United kingdoom.

چوارەم: لێكۆڵینەوە و گۆڤارەكارەكان:

بە زمانى عەرەبى:

١- إبراهيم، عبد ربه سكران. (نيسان ٢٠٠٧) تنافس الأمراء الأكراد على زعامة و موقف الدولة العثمانية منه، مجلة جامعة تكريت للعلوم الإنسانية، الجلد (١٤)، العدد (٣).

٢- الزبيدي، كريم مطر حمزة. (٢٠٢١) قراءة في معاهدة أرضروم الاولى ١٨٢٣ بين ايران والدولة العثمانية، مجلة متون، المجلد(١٤)، العدد(١).

## پەراوێزەكان:

(١) كورتكراوەى (BOA) لە دەستەواژەى (Başbakanlık Osmanlı Arşivi) وەرگیراوە، كە مەبەست لێى ئەرشیفى عوسمانى سەر بە سەرۆكایەتى وەزیرانى حكومەتى نوێى توركیایە.

(٢) کورتکراوەی (NLAI) لە (National Library and Archives of Iran)( (سازمان اسناد و کتابخانەی ملی ایران) وەرگیراوە و مەبەست لێی ناوەندی بەڵگەنامە و کتێبخانەی نیشتیمانی ئێرانە.

(٣) ئەحمەد بەگ (کۆلۆنێل)، کە یاوەری جەنگی سوڵتان عەبدولحەمید بووە، دوای شکستی شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵلا و گەڕانەوەی بۆ ناوچەکەی خۆی، بە نوێنەرایەتی سوڵتان سەردانی شێخی لە نەهری کردووە، پاشان لەگەڵ شێخ عەبدولقادری کوڕی شێخ عوبەیدوڵلا چوونەتە ڕەواندوز و دواتریش چوونەتە هەولێر و کۆبوونەوەیەکی فراوان لەگەڵ سەرۆک هۆزەکانی ناوچەکەدا، لەوانە هۆزی مەنگور و پیرانی بڵباس، کە لایەنگری شێخ بوون، سازکردووە، بڕوانە: ( گەڕووسی، ٢٠٠٧، ل٥٩، ٦٦، ٧٤).

(٤) شەهبەندەر: دامەزراوەیەکە هاوشێوەی کۆنسوڵخانەیە بەڵام ئاستی نزمترە و زیاتر ناوەندێکە گرنگی بەکاری بازرگانی و ئابووری دەدات و بەرگری لە شوێنکەوتووانی دەکات لەو ئەیالەتەی کە تێیدا بوونی هەیە.

(٥) بۆ بینینی ئەو زنجیرە تەلەگرافنامەیەی ئاغاکەی ئێڵی بڵباس بۆ کاربەدەستانی باڵای عوسمانی لە ئەستەنبووڵی ناردووە، سەبارەت بە دەستدرێژی کاربەدەستانی قاجاری بۆ سەر موڵک و ماڵ و ژیانی بڵباسەکان لە ناوچەی موکریان، بە بیانووی لایەنگرییان بۆ دەوڵەتی عوسمانی و ملکەچ نەبوونیان بۆ دەوڵەتی قاجاری، بڕوانە بەڵگەنامە عوسمانییەکانی خوارەوە:

BOA: ŞD__2550_34_1_2; BOA: ŞD__2550_34_7_1.

(٦) بۆ زانیاری زیاتر و بینینی بەڵگەنامە عوسمانییەکان، سەبارەت بە پێکهێنانی لیژنەی هاوبەشی عوسمانی و ئێرانی بۆ لێکۆڵینەوە لە کێشەی نێوان هۆزەکانی بڵباس، بڕوانە:
BOA: DH_MKT__136_77_4_1; BOA: DH_MKT__136_77_5_1.

(٧) زنجیرە بەڵگەنامەیەکی عوسمانی، کە لە دەیەی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم لە لایەن کاربەدەستانی ئەو دەوڵەتە ئاراستەی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم کراون، تێیدا زانیاری تێرتەسەلیان سەبارەت بە ململانێی دەوڵەتانی عوسمانی و ئێرانی لەسەر ناوچە سنوورەیە بڵباس نشینە کێشە لەسەرەکان خراوەتە ڕوو، هەروەها ئاماژە بە دەستێوەردانی هەردوو دەوڵەتەکە لە کاروباری هۆزایەتی ئێڵی بڵباس کردووە بە ئامانجی بەکارهێنانیان لە کێشەی سنووری نێوانیان، بڕوانە:
BOA: Y__PRK_ASK__99_14_1_2; BOA: Y__PRK_ASK__99_14_1_3.

(٨) بۆ بینینی دەقی نامەی نێردراو بۆ سەرۆک وەزیرانی دەوڵەتی عوسمانی بڕوانە بەڵگەنامەی:
BOA: BEO_3468_260070_3_1.

بەڵام بۆ دەقی نامە نێردراوەکە، بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عوسمانی بڕوانە:
BOA: DH_MUİ__00107_00001_002_001.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

# سياسة الدولتين العثمانية والقاجارية تجاه صراع قبائل بلباس

# (١٨٨١-١٩١٤)

**الملخص:**

تُطلق تسمية البلباس على اتحاد قبائل رعوية كوردية يضم قبائل منكور، مامش، بيران، سن، رمك وكورك ، وكانت هذه القبائل تعيش في جنوب كوردستان ( ضمن حدود الدولة العُثمانية ) وفي شرق كوردستان ( داخل حدود الدولة القاجارية ) . ويلاحظ المتتبع للحوادث أن قبائل البلباس كانت ذات تأثير كبير على مجريات الحوادث في المنطقة في النصف الثاني من القرن التاسع عشر بسبب ما كانت تتمتع به من قوة ومكانة بارزة . فقد قامت معظم قبائل البلباس بحركة مسلحة ضد الدولة القاجارية بقيادة حمزة منكور، وكان لهذه الحركة دور مؤثر لاحقاً في ثورة الشيخ عبيد الله النهري سنة (١٨٨٠)، ومن هنا عمل العُثمانيون والقاجاريون خلال السنوات (١٨٨١ - ١٩١٤) على تأجيج الصراعات بين قبائل البلباس لخلق التجزئة بينها، وبالتالي إضعاف الشعور القومي لديها، وفي الوقت نفسه حاول الطرفان العُثماني والقاجاري استغلال قدرات البلباس العسكرية والاقتصادية لمصلحتيهما فيما يتعلق بالنزاع حول المناطق الحدودية بين الدولتين العُثمانية والقاجارية.

إن هذا البحث ، الذي يُسلط الضوء على السياستين العُثمانية والقاجارية تجاه الصراعات بين قبائل البلباس ، يتألف من مبحثين، خُصص الأول منهما لدراسة التركيبة القبلية لاتحاد البلباس وأحوالها ، وتأثيرها على العلاقات بين الدولتين العُثمانية والقاجارية، أما المبحث الثاني فقد تابعنا فيه سياسة هاتين الدولتين على الصراعات فيما بين قبائل البلباس وأهداف تلك السياسة.

**الكلمات الدالة:** *بلباس، الصــراع القبلي، الدولتين العثمانية والقاجارية، مامش، منگور وپيران.*



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

## The policy of the Ottoman and Qajar states towards the conflict of the Belbas tribes (1881-1914)

**Abstract:**

The Belbas tribes, like other Kurdish tribes, has formed the political, economic and social foundation of Kurdish society for centuries, they were also the founders and backbone of the Kurdish emirates, Therefore, tribalism has been the direction of Kurdish history and Kurdistan and has had a great influence on the course of events in the region, In Kurdish society, the individual has found himself within his tribe and his personality and life have been protected. The decisions and policies of the tribal chief have represented the opinions of all members of his tribe.

If tribalism was a factor in strengthening, unity and preserving the members, culture and traditions of Kurdish society, it was also a factor in weakening and undermining the Kurdish emirates and They also prevented the emergence and development of any movement in Kurdistan that aimed to liberate society from the domination of tribalism, The Ottoman and Iranian states have been able to create constant conflict among the tribes and keep them away from unity and national thought, They also used them in the interests of the central government and took advantage of the military and economic capabilities of the tribes to resolve the long-standing conflict between the Ottomans and the Iranians, especially over disputed border areas, In the shadow of this policy and circumstances, we study the attitude of the Ottoman and Qajar states regarding the tribal conflict among the tribes of Belbas.

**Keywords:** *Belbas, tribal conflict, The Ottoman and Qajar states, Mamash, Mangur and Piran.*

Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

# کوردو سوارەی حەمیدیە(١٨٩١-١٩٢٣)

## "لێکۆڵینەوەیەک لەپەیوەندی نێوان ئایین و ناسیۆنالیزم و خێڵ"

پ. هـ. د. سەلام عەبدولکەریم عەبدولا
م. هـ. رزگار عەبدولکەریم محەمەد
بەشی مێژوو- کۆلێجی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکان- سیدصادق- زانکۆی سلێمانی/ عیراق

**پوختە**

بەشداریکردنی کورد لەپێکهێنانی سوارەی حەمیدیە لەسەردەمی فەرمانڕەوایی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم(١٨٧٦-١٩٠٩) و تێوەگلانی بەشێك لەخێڵە کوردییەکان لەکوشتاری ئەرمەن، یەکێك لەو بابەتانەیە، کە لەروانگەی پەیوەندی نێوان (ئایین و ناسیۆنالیزم و خێڵ) پێویستی بەلێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی ئەکادیمی وردتر هەیە، لەبەرئەوەی ئەو بابەتە پەیوەندی بەچەند رەهەندێکی ترەوە هەیە، لەوانە کەمی هۆشیاری نەتەوەیی و باڵادەستی بەرژەوەندی خێڵایەتی و کاریگەری سۆزو بیرکردنەوەی ئایینی لەو قۆناغە هەستیارو گرنگەی کورددا.

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆئەوەی خێڵ و ئایین رۆڵ و کاریگەری گەورەیان لەسەر پانتاییەکی گەورەی رووداوە مێژووییەکانی کورد داگیرکردووەو لەهەندێ کاتیشدا بەرژەوەندی خێڵایەتی و کاریگەری بیرکردنەوەو سۆزی ئایینی بەشێوەی نەرێنی بەسەر کێشەی کورددا شکاوەتەوەو نەتوانراوە بەئاراستەی سوودی پرسی کورردا تەوزیف بکرێت.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە هەوڵدەدات لەرێگەی بەکارهێنانی سەرچاوە مێژوویی و زانستییەکانەوە لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون و شیکردنەوە بۆ هۆکاری بەشداری کورد لەپێکهینانی سوارەی حەمیدیەو کوشتاری ئەرمەندا بکات لەگەڵ کاریگەری کردنەوەی قوتابخانەی خێڵەکان لەئەستەنبوڵ و پەیڕەکردنی بیری پان-ئیسلامیزم لەلایەن سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمەوە، لەرێگەی شرۆڤەکردنی کاریگەری بەرژەوەندی خێڵایەتی و بیرکردنەوەو سۆزی ئایینی و کەمی هۆشیاری



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

نەتەوەیی، سەرباری ئەوەی بابەتی پەیوەندی نێوان ئایین و ناسیۆنالیزم لەمێژووی کورددا بابەتێکی هەستیارو گرنگەو پێویستی بەلێکۆڵینەوەی زانستی زیاتر هەیە.

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی لێکۆڵینەوەی مێژوویی بەکارهاتووە بۆ خستنەڕووی رووداوە مێژووییەکان و بەدواداچوون و شیکردنەوەی هۆکاری روودانیان و کاریگەریان لەسەر ئەنجامی رووداوەکان. لەبەشی دووەمیشدا میتۆدی شیکاریی پەیڕەوکراوە بۆ شرۆڤەکردنی دروستبوونی سوارەی حەمیدیەو بەشداری کورد تیایدا لەروانگەی پەیوەندی نێوان خێڵ و ئایین و ناسیۆنالیزمەوەو بەوردی لەسەر ئەم بابەتە شیکردنەوەی مێژوویی و هزری کراوە.

**پەیڤێن سەرەکی:** *کورد، سوارەی حەمیدیە، ئایین، خێڵ، ناسیۆنالیزم، ئەرمەن.*

---

**پێشەکی**

سوارەی حەمیدیە ئەو سوپا نانیزامییە بوو، کە لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە لەلایەن سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمەوە(١٨٧٦-١٩٠٩) دروستکرا بەئامانجی بەگژاچوونەوەی جوڵانەوەی نەتەوەخوازی ئەرمەنەکان و دەسوەردانی دەرەکی لەکاروباری ناوخۆی دەوڵەتی عوسمانیدا و کورد بەشدارییەکی کارای لەپێکهێنانیدا کرد. بەشداریکردنی کورد لەسوارەی حەمیدیەدا پەیوەندییەکی گرنگی بەهەژموونی بیرکردنەوەو بەرژەوەندی خێڵەوە هەبوو لەتەنیشت کاریگەری جۆرێك لەبیرکردنەوەی ئایینی و نەبوونی هۆشیاری نەتەوەیی لەو قۆناغە مێژووییەدا، کەسیستەمی ئابووری و کۆمەڵایەتی لەکوردستاندا لەدۆخێکی خراپ و دواکەوتوودا بووە.

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ توێژینەوە پەیوەندی بەوەوە هەیە، کەتاوەکو ئێستا لەروانگەی پەیوەندی نێوان (ئایین و خێڵ و ناسیۆنالیزم) و لەچوارچێوەی توێژینەوەی ئەکادیمیدا لێکۆڵینەوەی لەسەر نەکراوە، چونکە تەنها دروستکردنی سوارەی حەمیدیە نەبوو، بەڵکو بەدواییدا راستەوخۆ قوتابخانەی خێڵەکان لەئەستەمبوڵ دروستکراو هێندە نەبرد سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بیری پان-ئیسلامیزمیشی پەیڕەوکرد. بەشێکی گەورەی کارایی و کاریگەری ئەم سیاسەت و پرۆژانەش لەو قۆناغە مێژووییە هەستیارەدا بەر کورد کەوتن و بەهۆی باڵادەستی سیستەمی خێڵایەتی و هەستی ئایینیەوە بووە. بۆیە ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت لەرێگەی پشکنینی سەرچاوە مێژووییەکان و لێکۆڵینەوە لەدروستکردنی سوارەی حەمیدیەو بەشداری کورد لەکوشتاری ئەرمەندا لەروانگەی پەیوەندی نێوان ئایین و خێڵ و ناسیۆنالیزمەوە شیبکاتەوە.

ئامانج لەنوسینی ئەم توێژینەوەیە گەیشتنە بەو ئەنجامە زانستییانەی، کە لەشرۆڤەکردنی بابەتی دروستکردنی سوارەی حەمیدیەو بەشداری کورد تێیدا لەکاریگەری پەیوەندی نێوان ئایین و خێڵ و ناسیۆنالیزم بەرجەستە دەبن. هەروەك هەوڵدراوە ئەو گرفتانەی پەیوەستن بەخودی چەمك و تایبەتمەندی خێڵ و ئایین و ناسیۆنالیزمەوەو لەبەشداری کورد لەسوارەی حەمیدیەدا رۆڵیان هەبووە بخرێنەڕوو، چونکە ئێمە بۆچوونمان وایە بەشێك لەو هۆکارانە سروشتکردن و بەشیکی تریان پەیوەندیان بەنەبوونی هۆشیاری نەتەوەیی کوردو کەوتنە ژێر کاریگەری سۆزی ئایینییەوە هەبووە.

ئەو میتۆدە زانستییەی لەم توێژینەوەیەدا پەیڕەوکراوە بریتییە لەمیتۆدی لێکۆڵینەوەی مێژوویی، بەجۆرێ باس لەرووداوە مێژووییەکان کراوەو دواتر شیکردنەوە کراوە بۆ کاریگەری هۆکارەکان لەسەر دروستبوونی رووداوە مێژووییەکان و چۆنێتی روودان و ئەنجامەکانیان. هەوڵماندراوە بەمیتۆدێکی شیکاریی شرۆڤەی کارلێکی چەمك و تێگەیشتنەکان لەسەر رووداوە مێژووییەکان بخەینەڕوو، سەرباری ئەوەی بەتایبەت لەباسی دووەمی توێژینەوەکەدا، کەزیاتر ئامانج و مەبەستی ئەم توێژینەوەیە لەسەر رووداوەکان و هۆکارەکان و کارلێکی پەیوەندی نێوان ئایین و خێڵ و ناسیۆنالیزم پێکەوەو کاریگەریان لەسەر بیرکردنەوەو تێگەیشتنی کورد شیبکەینەوە.

توێژینەوەکە لەدوو باس پێکهاتووە، باسی یەکەم تایبەتە بە(بارودۆخی دەوڵەتی عوسمانی و سەرهەڵدانی جوڵانەوەی نەتەوەخواوی ئەرمەن لەکۆتایی سەدەی نۆزدەدا)و بەسەر دوو تەوەردا دابەشکراوە. تەوەری یەکەم(بارودۆخی دەوڵەتی عوسمانی و سەرهەڵدانی جوڵانەوەی نەتەوەخوازیی ئەرمەن)و تەوەری دووەم(سیاسەتی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بەرامبەر بەجوڵانەوەی نەتەوەخوازی ئەرمەن). هەرچی باسی دووەمە بەناونیشانی (کوردو سوارەی حەمیدیە لەروانگەی ئایین و خێڵ و ناسیۆنالیزمەوە)، کەسێ تەوەر لەخۆدەگرێت و زیاتر قورسایی توێژینەوەکە لەسەر ئەم باسەیەو تەرکیزی زیاتری خراوەتەسەر، تەوەری یەکەم (بەشداری کورد لەپێکهێنانی سوارەی حەمیدیە لەروانگەی گرفتی خێڵ و تێگەیشتنی خێڵەوە)و تەوەری تایبەتە بە(کوردو سوارەی حەمیدیە لەروانگەی ناسیۆنالیزم و گرفتی ناسیۆنالیزمی کوردییەوە)و کۆتا تەوەر تەرخانکراوە بۆ(کوردو سوارەی حەمیدیە لەروانگەی ئایین و هۆشیاری ئایینییەوە). لەکۆتایی توێژینەوەکەشدا ئەو ئەنجامانەی پێی گەیشتووین لەمیانەی نووسینی توێژینەوەکەدا بەچەند خاڵێك خراوەتەڕوو.

هـاوكـات لەم توێژینەوەیەدا ژمـارەیەك سـەرچـاوەی جۆراوجۆر بۆنووسـینی توێژینەوەكە سـوودیان لێوەرگیراوە، لەوانە لەسـەرچاوە عەرەبییەكان كتێبی(هوگر طاهر توفيق) بەناونیشـانی(الكورد والمسـالة الكوردية ١٨٧٧-١٩٢٠) و كتێبی(ماجد محمد يونس زاخويى) بەناونیشـانی(الفرسـان الحميدية ١٨٩١-١٩٢٣)، كتێبی (روبير مانتران) بەناونیشـانی(تاريخ الدولة العثمانية)و كتێبی(د.خالد عبدالقادر الجندى) بەناونیشـانی(الاقليات الدينية فى الدولة العثمانية)و كتێبی(د.محمد عمارة) بەناوینشـانی(الجامعة الاسـلامية والفكرة القومية)وكتێبی(يوجين روغان) بەناونیشـانی(مدرسـة العشـائر فى اسـطنبول). هەرچی سـەرچاوە كوردییەكانە وەك كتێبی(د.عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی) بەناونیشانی(سەرەتاكانی هەستی نەتەوایەتی كورد لەمێژووی نوێدا) و كتێبی(سـوڵتان عەبدولحەمیدی دووهەم) بەناونیشـانی(یادەوەرییە سـیاسـییەكانم)و كتێبی(د.ڕەفیق سـابیر) بەناونیشـانی(كولتورو ناسـیۆنالیزم)و كتێبی(د.عرفان مسـتەفا) بەناونیشـانی(بوونی نەتەوەیی كورد لەنێوان فەلسـەفەو سۆسـیۆپۆلەتیكدا). جگەلەوەی سـوود لەژمارەیەك گۆڤاری زانسـتی بەزمانی عەرەبی و كوردی وەرگیراوە لەوانە گۆڤارەكانی(اداب البصـرة، مجلة الدراسـات التربوية والانسانية). لەگۆڤارە كوردییەكانیش وەك(دۆسێی توركیا، كوردۆلۆجی، نوێبوون).

بەپێویسـتی دەزانین ئەوە ڕوونبكەینەوە، كەراسـتە قۆنـاغی مێژوویی توێژینەوەكەمان بریتییە لەماوەی نێوان سـاڵانی(١٨٩١-١٩٢٣) بەڵام لەبەرئەوەی ئێمە زیاتر لەڕووی لێكدانەوەی هۆكاری بەشـداری كورد لەسـوارەی حەمیدیە لەڕوانگەی(خێڵ و ئایین و ناسـیۆنالیزم)ەوە توێژینەوەكەمان نووسـیوە، بۆیە باسـی وردەكاری ڕووداوە مێژووییەكـانمـان نەكردووە تـاكۆتـایی مـاوەی توێژینەوەكە، بەڵكو تەنها بـارودۆخی دەوڵەتی عوسـمانیمان لەنیوەی سـەدەی نۆزدە باسـكردووە وەك زەمینەسـازی دروسـتبوونی سوارەی حەمیدیەو بەشداری كورد تیایدا.

## باسی یەکەم (بارودۆخی دەوڵەتی عوسمانی و سەرهەڵدانی جوڵانەوەی نەتەوەخوازیی ئەرمەن لەسەدەی نۆزدەدا)

### تەوەری یەکەم/ بارودۆخی دەوڵەتی عوسمانی و سەرهەڵدانی جوڵانەوەی نەتەوەخوازیی ئەرمەن

دەوڵەتی عوسمانی لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە بەدواوە لەدۆخێکی ئابووری و سیاسی خراپدا بوو، سەرهەڵدانی قەیرانی ئابووریی لەساڵانی حەفتاکاندا پەرەی سەند، بەجۆرێ وشکەساڵی و برسێتی و قاتوقڕی ناوچەکانی ئەنادۆڵی لێکەوتەوە. ئەوەش بووە هۆی لەنێوچوونی مەڕو ماڵات و چۆڵبوونی گوندو ناوچە کشتوکاڵییەکان بەهۆی کۆچکردنی گوندنشینەکان بەرەو شارەکان. دەوڵەتی عوسمانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم دۆخە سەختە ئابوورییە هەوڵی زیادکردنی بڕو ڕێژەی باجی لەسەر دانیشتووانی رزگاربووی گوندەکان دا، ئەوەش مەینەتی خەڵکەکەی زیاترکرد. لەلایەکیتریشەوە ئەوەی ئەم دۆخە ئابوورییەی لەسەر شانی دەوڵەتی عوسمانی سەخترکرد دەستنەکەوتنی قەرزی دەرەکی بوو لەلایەن وڵاتانی ئەوروپییەوە بەتایبەت لەدوای جەنگی قرمەوە(١٨٥٣-١٨٥٦)، بەدیاریکراویش هەر لەو قۆناغە لەسەر ئاستی جیهانی بێبازاڕی و داڕمانی بازاڕی دراوی لێکەوتەوە، کەساڵی (١٨٧٣-١٨٩٦) بەردەوام بوو. ئەمەش بووە کارێکی مەحاڵ دەوڵەتێکی دەرەکی قەرز بەدەوڵەتی عوسمانی بدات، سەرباری کەڵەکەبوونی قەرزە کۆنەکانی، کە گەیشتبوونە نزیکەی(٢٠٠) ملیۆن جونەیهی ئەستەرلینی، ئەمە جگە لەوەی نەیدەتوانی سودی سەر ئەو قەرزانەش بداتەوە(ئیریك جەی زوچەر، ٢٠٠٩: ١٢٧- ١٢٨). ئەم ژێر قەرز کەوتنەی دەوڵەتی عوسمانی بەهۆی سیاسەتی سەرمایەدارە ئەوروپییەکانەوە بوو، کەبەهۆی چەوساندنەوەی ئابوورییەوە دەوڵەتی عوسمانییان کردبووە کۆلۆنییەکی خۆیان(جەلیلی جەلیل، ٢٠٠٦: ١١). بۆیە دەوڵەتی عوسمانی یەکێك لەقوربانیانی ئەم بارودۆخە ئابوورییە سەختە بوو، کە لەسەر ئاستی جیهانی لەو قۆناغەدا سەریهەڵدابوو(روبیر مانتران، ج٢، ١٩٩٣: ١٨٠- ١٨١).

هەرچی بارودۆخە سیاسییەکەش بوو جگە لەوەی لەسەر ئاستی ناوخۆ دەنگی ڕەخنەو ناڕەزایی لەسەر شێوازو سیستەمی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عوسمانی هەبوو بەهۆی جوڵانەوەی ڕووناکبیریی تورکە لاوەکان(١٨٧٦-١٩٠٩) و دواتریش ئەو کەسانەی، کە لەژێر کاریگەری بیری سیاسیی و هزری ئەوروپاو پێشکەوتنی ئەوروپادا بوون بەتایبەتیش کۆمەڵەی (ئیتیحادو تەرەقی)، کەدواتر بوونە ڕێکخراوێکی سیاسیی و سەرەتا بەنهێنی و پاشان بەئاشکرا کەوتنە دژایەتی و بەرهەڵستیکاری دەسەڵات و حکومڕانی سوڵتان



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

عەبدولحەمیدی دووەم، بەڵام بارودۆخی سیاسیی دەوڵەتی عوسمانی لەسەر ئاستی دەرەوەو ئاکامەکانی جەنگی لەگەڵ روسـیا(١٨٧٧-١٨٧٨)، کە بەتێکشـکان و شـکسـتی دەوڵەتی عوسـمانی شـکایەوە دۆخی سـیاسـی ئاڵۆزتر کرد، چونکە لەئاکامدا پەیماننامەی ئاشتی سان ستیڤانۆ لەرۆژی(٣ی ئاداری ١٨٧٨) لەنێوان دەوڵەتی عوسمانی و روسـیا مۆرکرا(رمیسـاء طارق محروس المحلاوی واخرون، ٢٠٢١: ٧) بەپێی ئەم پەیماننامەیە نەخشـەی جوگرافی ناوچەی باڵکان گۆڕانکاری بەسـەردا هات و (بوڵگاریاو مۆنتینیگرۆو رۆمانیاو سـربیا) سـەربەخۆیی خۆیان وەرگرت و سـەرلەنوێ سنوورەکان لەئاسیا بەقازانجی روسیا کێشرانەوە(خالید موراد چەتۆیێڤ، ٢٠٠٧: ٦٦). ئەوەی تایبەت بوو بەئەرمەنەکان بەپێی مادەی(١٦)ی پەیماننامەکە دەوڵەتی عوسـمانی راسـپێردرا چاکسـازی لەکاروبارو بەڕێوەبردنی ئەو ویلایەتانەدا بکات، کە ئەوانی تێدا نیشـتەجێن(کۆمیتەی سـەربەخۆیی کورد، ٢٠٠٩: ٣٥)، دەقی مادەکە دەڵێت:"دەوڵەتی عوسـمانی دەسـتبەجێ لەویلایەتە ئەرمەنەکاندا چاکسـازی ئەنجام بدات و لەبەرامبەر کوردو چەرکەسـەکاندا بیانپارێزێت"(هوکر طاهر توفیق، ٢٠١٤: ١٢٧)،(أمل بنت احمد هنیدی الحربی، ٢٠٢١: ٨٤). هەروەها روسـیا نەکشـێتەوە لەو ناوچانەی ویلایەتە ئەرمەنییەکان، کەداگیریکردووە تاوەکو دەوڵەتی عوسـمانی چاکسـازیی ئەنجام دەدات(د.رسـول شـمخی جبر، ٢٠١٠: ١٢٣- ١٢٤)، بەڵام بەهۆی نارەزایی وڵاتانی بەریتانیاو نەمسـاو ئەڵمانیاو هەنگاریا لەو پەیماننامەیە هێندەی نەبرد پاش چەند مانگێک کۆنگرەی بەرلین لەرۆژی(١٣ی حوزەیرانی ١٨٧٨) بەسـترا(ماجد محمد یونس زاخویی، ٢٠٠٨: ٤٣) بەمەبەسـتی پێداچوونەوە بەپەیماننامەی سـان سـتیڤانۆدا، لەبەرئەوەی ئەو وڵاتانەو بەتایبەتیش بەریتانیا بۆچوونی وابوو بەهۆی پەیماننامەی سان ستیڤانۆوە روسـیا دەرفەتی گەیشتن بەئاوە گەرمەکان و زاڵبوونی بەسەر ناوچەکانی ئاسیای ناوەڕاست و باڵکاندا بۆ رەخسـاوەو ترسـی هەبوو دەوڵەتی عوسـمانی بەیەکجاری بڕوخێت و هاوسـەنگی سـیاسـیی لەناوچەکەدا بەقازانجی روسـیا بشـکێتەوەو مەترسـی لەسـەر بازرگانی جیهانی بەریتانیا دروستبێت(د.عەبدوڵڵا عەلیاوەیی، ٢٠٠٤: ٦٥).

بەگوێرەی ناوەڕۆکی خاڵەکانی کۆنگرەی بەرلین بەتایبەت مادەی(٦١) جەخت لەسـەر مافی ئۆتۆنۆمی بۆ ئەرمەنەکان دەکردەوەو دەبێت دەوڵەتی عوسـمانی بەڵێنی و چاکسازی و باشترکردنی رەوشی ئەرمەنەکان لەویلایەتەکانی(وان، بەتلیس، ئەرزڕۆم، دیاربەکر، سـیواس، خارپوت) بدات(د.خالد عبدالقادر الجندی، ٢٠٢٠: ٢٢٨). هەروەها نیشـتەجێکردنی خێڵە کوردەکان لەناوچەکانی ئەرمەن. تارادەیەکی زۆر وڵاتانی بەشـدار لەکۆنگرەکە بەکزی باسـیان لە ئەرمەنەکان کردبوو، مافەکانیان

فەرامۆشـــــکرد، هاوکات ســــوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمیش گوێی بەو مادەیە نەداو چاکسـازیی و باشــترکردنی ڕەوشــی ئەرمەنەکانی لەو ویلایەتانە پشــتگوێ خسـت و جێبەجێی نەکرد(أ.منال ماجد احمد الماجد بوطیبان، ٢٠١٩: ٢٣٩). کاتێك ئەرمەنەکان زانیان لەکۆنگرەی بەرلین پشتگوێخراون لەناوەوەی دەوڵەتی عوسمانی و بەدیاریکراوی لەئەســـتەمبوڵ کەوتنە چـالاکی و دەربڕینی نـاڕەزایی دژی ڕەوشـــی ئـابووریی و ســیاســییان(مامەند رۆژە، ٢٠٠٨: ٧٠). لەبەرامبەر ئەمەدا ســوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بەگژی ئەرمەنەکاندا چۆوە لەڕێگەی پێکهێنانی تیپەکانی ســوارەی حەمیدییەوە لەسەر پێشنیازی (شاکر پاشا)ی باڵوێزی دەوڵەتی عوسمانی لەپترسبۆرگ، کە لەکاتی بوونی لەتیپەکانی قۆزافی کورد لەڕوســیا تێبینی دڵســۆزی و ئازایەتی کوردەکانی کردبوو، بۆیە هەســتی بەگرنگی پێکهێنانی تیپی قۆزاقی لەمشـێوەیە لەئەنادۆڵیشـدا کردو لەڕێگەی نوسینی ڕاپۆرتێکەوە بۆ عەبدولحەمیدی دووەم و پێشنیازی دروستکردنی کردبوو. پاش گەیشـــتنی ڕاپۆرتەکە بەســـوڵتان عەبدولحەمید خۆشـــحاڵی خۆی بۆپێکهێنانی دەربری، بەڵام شـــاکر پاشـــا نەیتوانی بەو ئەرکە هەســتێ. بۆیە فەرمانی بە(زەکی پاشـا)ی فەرماندەی سـوپای چوارەمی عوسـمانی لەئەنادۆڵ کرد(ماجد محمد یونس زاخویی، ٢٠٠٨: ٦٨-٦٩).

لەراســتیدا ڕەوشــی ئەرمەنەکان تاکاتێك دەوڵەتی عوســمانی بەهێزو شـــان و شـــکۆی هەبوو، نەکەوتبووە قۆناغی لاوازی و گەندەڵی بەڕێوەبردن و داراییەوە، هەروەها وڵاتانی ئەوروپا دەســـتیان لەکاروباری ناوخۆی دەوڵەتی عوســـمانی و کەمینە ئایینی و نەتەوەییەکـانی نـاو ئەو دەوڵەتە وەرنەدابوو لەدۆخێکی بـاشـــدا بوون و لەئـارامی سـەقامگیریدا دەژیان(د.یوسف ابراهیم الجهمانی، ٢٠٠١: ١٩)،سـەرباری ئەوەی بەسروشت نەتەوەیەکی لەســـەرخۆو ئاشـــتیخواز بوون، هاوکات خەڵکانی بەتوانای کارگێڕی و خاوەن پیشـەی جۆراوجۆر بوون و لەناو سـیسـتەمی فەرمانڕەوایی دەوڵەتی عوسـمانیشـدا چەندین کەسیان لەپلەو پۆسیتی بەرزو باڵادا بوون(د.مشعل مفرح ظاهر، ٢٠١٠: ٢ )، بەڵام کاتێك دۆخی ئابووری و دارایی و سـەربازی دەوڵەتی عوسـمانی بەرەو خراپی ڕۆیشت لەبەر گەندەڵی ناوخۆیی و دەستێوەردانی دەرەکی و شکستە سەربازییەکانی لەجەنگەکاندا، ئەو دەوڵەتە بەرەو لاوازی زیاتر و داڕووخان چوو، چونکە نەیدەتوانی ڕکابەری سیسـتەمی سـەرمایەداری رۆژئاوا بکات و توانای خۆنوێکردنەوەی نەبوو، لەئاکامدا کاتێك سـوپای عوسـمانی لەجەنگەکاندا تووشـی شـکسـت دەبوو دوو هێندە باج و سـەرانە لەسـەر گوندنیشینەکان زیاد دەکراو لەم نێوەندەشدا بەشێکی زۆری بەر ئەرمەنەکان دەکەوت، کەزۆربەیان لەگوندەکانی ویلایەتەکانی سـەر سـنووری دەوڵەتی عوسـمانی و ڕوسـیادا


Zakho Centre for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

بوون، لێرەوە نەفرەت و بێزاری لەئەرمەن پەرەی سەند و وردە وردە چەوساندنەوەی ئەرمەنەکان دەستیپێکرد، چونکە بارودۆخەکە بەسەر ئەماندا شکایەوە(مامەند رۆژە، ٢٠٠٨: ٨١).

ئەڵبەت سەرباری گەشەکردنی جوڵانەوەو خولیای نەتەوەخوازی ئەرمەن هاوکات دەستێکی دەرەکی گەورە لەپشت ئەرمەنەکانەوە هەبوو بۆ جوڵاندنیان بەئاراستەی داواکردنی زیاتری مافە نەتەوایەتییەکانیان بەدیاریکراویش روسیا(عبدالله شکاکی، ١٩٩٦: ٤)، ئەمە جگە لەوەی ئەرمەنەکان لەدیاسپۆرا لەژێر کاریگەری بیری شۆڕشی فەرەنسی و گەشەکردنی چینی بۆرژوای ئەوروپادابوون و ئەوانیش هانی ئەرمەنەکانی ژێر سایەی دەوڵەتی عوسمانییان دەدا، کەپەرە بەبیری سەربەخۆخوازی و نەتەوەخواخوازی خۆیان بدەن. بەهۆی سەربەخۆیی گەلانی باڵکانەوە ئەمانیش کەوتنە جوڵانەوەی نەتەوەخوازیی. هەروەك کۆمەڵێك رێکخراوو پارتی سیاسییش، کە لەیۆنان و سویسرا دامەزران لەوانە(کۆمەڵەی ئەرمنکان و هاشناك و تاشناك) رۆڵی گەورەیان لەهۆشیارکردنەوەی ئەرمەن هەبوو بەرەو داواکردنی مافی سەربەستی و سەربەخۆیی(هوکر طاهر توفیق، ٢٠١٤: ١٨٩-١٩٢)، بەڵام لەدوای کۆتاییهاتنی جەنگی عوسمانی- روسیاو بەتایبەتیش دوای پەیمانی سان ستیڤانۆو کۆنگرەی بەرلین پرسی ئەرمەن لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی زیاتر دەرکەوت، ئەمە هانی ئەرمەنەکانیدا داوای مافی سەربەخۆیی لەدەوڵەتی عوسمانیدا بکەن، لەمەشدا روسیا دنەی زۆری دان، سەرەڕای ئەوەی ئەرمەنەکان لەناوخۆی روسیا پێشترو لەو قۆناغەشدا مافە کولتوری و نەتەوەییەکانیان پێشێل دەکران و دەچەوسێنرانەوە، کەچی روسەکان کەوتنە هاندانیان و لەجەنگەکانی لەگەڵ عوسمانییەکاندا بەشداریان بەژمارەیەکی زۆری ئەرمەنەکان دەکرد(أ.م.د.احمد جاسم ابراهيم الشمری وأ.م.د.يونس عباس نعمة الياسری، ٢٠٢٠: ٨)و ئەرمەنەکانیش دوودڵ نەبوون لەهاوکاریکردنی روسەکان و پیرۆزباییکردن لەسەرکەوتنیان بەسەر سوپای عوسمانیدا(أ.د.کریم طلال مسیر ود.نجلاء عدنان حسين، ٢٠١٩: ٥٤٤).

کۆتایی سەدەی نۆزدە قۆناغی گەشەکردنی بیری نەتەوەخوازیی بوو لەجیهان و لەژێر سایەی دەوڵەتی عوسمانیشدا، بەهۆی گۆڕانکارییە ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەوروپاو دەرکەوتنی چینی بۆرجوازیی و کۆتاییهاتنی سیستەمی دەرەبەگایەتی و دەرکەوتنی سیستەمی ئابووری سەرمایەداری و گەشەکردنی چینی بۆرجوای ئەرمەنی، گۆڕانکاری لەناو ئەرمەنەکانیشدا روویدا (د.حامد محمود عیسی، ٢٠٠٢: ٧٤)، بەڵام بەهۆی هەژموونی دەوڵەتی عوسمانی بەسەر ئەرمەنەکاندا ناچاربوون لەدەرەوەی دەوڵەتی عوسمانی و لەدیاسپۆرا بیریان لەگەشەپێدانی خولیای نەتەوەخوازی لەژێر سایەی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆلینێن کوردی

گەشـــەکردنی چینی بۆرجوازیـدا بکەنەوە. هەربۆیەشـــە رێکخراوو پـارتی بۆرجواز مەشـــرەبیـان لەئەوروپـا دامەزرانـد(جەلیلی جەلیـل، ۲۰۰٦: ۱۲- ١٤). بۆیە ئیتر لێرەوە ئەرمەنەکـان لەچوارچێوەی بزاڤ و رێکخراوو پـارتی ســـیـاســـیدا کەوتنە خەبـاتی نەتەوەخوازیی لەدەوڵەتی عوسمانیدا. وەك باسمانکرد ئەرمەنەکان نەتەوەیەکی بێدەنگ و بێ گرفتی نێو دەوڵەتی عوســـمـانی بوون و رۆڵ و کـاریگەری گەورەیـان لەبەرەو پێشـبردنی ژیانی ئابووری و سیـاسـی و کۆمەڵایەتی دەوڵەتی عوسـمانیدا هەبوو بەئارامی دەژیان و تاڕادەیەکی زۆر مافەکانیان پارێزراو بوو بەپێی جیاوازی قۆناغە مێژووییەکان، تەنانەت لەسـەرەتای دەسـەڵات و فەرمانڕەوایی سـوڵتان عەبدولحەمیدیشـدا، بەڵام کاتێك بوونە ئامرازی وڵاتانی زلهێز بەگشتی و بەتایبەت روسیاو لەولاشەوە هۆشیاری نەتەوەیی و خولیای نەتەوەخوازیی بەهۆی ئەو هۆکارانەی پێشـــتر باســـمانکردو رێکخراوو پارتی ســیاســی ئەرمەنی دروســتبووبوون، کەوتنە دژایەتی دەوڵەتی عوســمانی، ئیدی ســوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بەتوندی بەگژیاندا چۆوە لەرێگەی پێکهێنانی تیپەکانی سوارەی حەمیدیەوە(لازاریف واخرون، ۲۰۱۲، ٥٣).

**تەوەری دووەم/ سیاسەتی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بەرامبەر بەجوڵانەوەی نەتەوەخوازی ئەرمەن**

ســـوڵتـان عەبـدولحەمیـدی دووەم بەرامبەر گەشـــەســـەنـدنی جوڵانەوەی ســـەربەخۆخوازی و رزگاری نەتەوەکانی ژێر دەســـەڵاتی دەوڵەتی عوســـمانی بەگشـــتی و ئەرمەنەکان بەتایبەت، کەوتە بیری بایەخدان بەسیستەمی خێڵایەتی ئەویش بەدوو رێگا، یەکەمیان: دروســـتکردنی تیپەکانی ســـوارەی حەمیدیە لەســـاڵی ۱۸۹۱و دووەمیان کردنەوەی قوتابخانەی خێڵەکان لە ئەستەنبوڵ ساڵی ۱۸۹۲(د.عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی، ۲۰۰٦: ٥٧)، هەریەکەیان بەئامانج و مەبەستێکی دیاریکراو. هەروەها سیاسەتی بایەخدان بەبیری پان- ئیسلامیزم(الجامعة الاسلامیة) بۆ کەمەندکێشکردنی سۆزو لایەنگیری مسوڵمانانی ژێر سایەی دەوڵەتی عوسمانی بەئامانجی بەرەنگاربوونەوەی پلان و تەڵەکەی وڵاتانی بێگانەو زلهێزەکان(أ.د.محمد سهیل طقوش، ۲۰۱۳: ٤٧٨-٤٧٩ ). ئەوەی تایبەت بوو بەبەرەنگاربوونەوەی جوڵانەوەی ســـەربەخۆخوازی ئەرمەنەکان، پەیوەندی بەوەوە هەبوو، کەدوای کۆتـاییهـاتنی جەنگەکـانی لەگەڵ دەوڵەتی روســـیـا، دەوڵەتی عوســـمـانی گەیشـــتبووە ئەو قەناعەتەی، کەهێزە ناوخۆییەکان ســـەد هێندەی هێزە دەرەکییەکان مایەی مەترســـین، چونکە بەفاکتەرێکی پشـــێوی و ناســـەقامگیری و لەبەریەك هەڵوەشـــانی ئیمپراتۆرییەتەکەی دەزانین، بۆیە کەوتە چـانـدنی تۆوی دووبەرەکی و

دوژمنایەتی لەنێوان نەتەوەو پێکهاتەکانی ژێر سایەی فەرمانڕەواییەکەیدا(کۆمەڵێ نووسەر، ٢٠٠٩: ٩٠). سەبارەت دامەزراندنی تیپەکانی سوارەی حەمیدیە لەچەند تیپێك پێکهاتبوون و زیاتر لەویلایەتەکانی سەر سنووری روسیا بەتایبەت(وان، بەتلیس، ئەرزڕوم)بوون، کەنزیکەی (٥٠) پەنجا هەزار چەکدار دەبوون. هەر خێڵێك بەیەکەیەك یان زیاتر لەیەکەیەك لەو هێزە نانیزامییەدا بەشداربوون. هاوکات ئەو گەنج و لاوانەی تەمەنیان (١٧) حەڤدە ساڵ بووایە بۆ ماوەی (٣) سی ساڵ بەشداریاندەکرد(د.حامد محمود عیسی، ٧٠-٧١).

مامەڵەکردنی دەوڵەتی عوسمانی لەگەڵ خێڵەکان و پەیڕەوکردنی سیاسەتی بایەخدان بەسیستەمی خێڵایەتی لەتەنیشت رەهەندە سیاسییەکەدا، رەهەندی ئابووری و کۆمەڵایەتیشی هەبوو، چونکە لەمێژبوو دەوڵەتی عوسمانی هەوڵی نیشتەجێکردنی خێڵەکانی دەدا لەرێگەی هێزو پێشکەشکردنی بەخششەوە، بەجۆرێ بەر لەسوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمیش دەوڵەتی عوسمانی لەساڵی (١٦٩٦)ەوە هەوڵی بیمەکردنی سەرچاوەکانی داهاتی خۆی دا لەقۆناغی دەستپێکردنی شکستەکانی لەبەردەم هێزە ئەوروپییەکاندا، بەهۆی ئاتاجی زۆری بەماڵ و دارایی لەئاکامی قەیرانی دارایی و بەرزبوونەوەی تێکڕای گەشەی دانیشتووان لەبەرزاییە دێمەکانی ئەنادۆڵ، کەدەوڵەت بۆ هاوسەنگکردنی گوشاری خێڵە کۆچەرییەکان پێویستی بوو، لەرێگەی نیشتەجێکردنی ئەو خێڵانە لەزەوییە دێمەکانی ئەنادۆڵی رۆژهەڵات و شام. ئامانجی دەوڵەتی عوسمانی لەنیشتەجێکردنی خێڵە کۆچەرییەکان بریتی بوو لەگۆڕینی سروشتی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری خێڵەکان و هاندانیان بۆ کشتوکاڵکردن و کارئاسانیان بۆ کۆمەکیکردنی گەنجینەی دەوڵەت لەبری هەڵاتنیان لەباجدان و ئەنجامدانی شەڕو پەلامارو لێدان لەئۆقرەیی ناوچەکانی دەوروبەری دەوڵەت(https://nlka.net/archives/10472). لەبەرئەوەی ساڵانە ماڵ و داراییەکی زۆری گەنجینەی دەوڵەتی عوسمانی بەهەدەر دەچوو بەهۆی خۆدزینەوەی خێڵەکان لەدانی باج و سەرانە(یوجین روغان، ٢٠١٤: ١٦). سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم سیاسەتی جۆراوجۆری نیشتەجێکردنی گرتەبەر بۆ گۆڕینی خێڵە کۆچەرییەکان بۆ جوتیار، بۆئەمەش هەستا بەدابەشکردنی زەوی(جفتلك)ی موڵکی سوڵتان بەسەر سەرۆکی خێڵە کۆچەرییەکان لەبەرامبەر کێڵانی ئەو زەویانە و کردنی بەکشتوکاڵ و دانی باج، هەروەها بەخشینی ئەوانەی زەوییەکان بەزاریعی دەکرد لەخزمەتی سەربازی و دانی باجی میرانەو پێدانی پارەی پێشەکی بەبێ سوو زیادە. ئەم سیاسەتە داهێنراوە توانای تەنازولکردنی ئاڵوگۆڕی دوولایەنەی هێنایەئاراوەو نزیکبوو لەگرێبەستێکی نوێی کۆمەڵایەتییەوە، کەهەریەکە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینێن کوردی

تەنازول بۆ ئەویتریان بکات لەبەرامبەر چنگکەوتنی ســـودو کەڵك. لەمەدا هەندێ لەخێڵە کۆچەرییە عەرەبەکان رازی نەبوون، بۆیە ســـوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم پەنای بردە بەر خێڵی (مللی) کوردی بۆ بەرپاکردنی جۆرێك لەهاوســـەنگی لەدونیای ئەو خێڵانەی، کەدرِدۆنگی ئاساییشیان دەخولقاند و سیاسەتە نوێیەکانی نیشتەجێکردنی خێڵەکـــانیـــان لەریشـــە دەردەهێـــنـــا لەو خێڵە عەرەبییـــانەش خێـــڵی شـــەمەر بوو(https://nlka.net/archives/10472).

لەلایەکی ترەوە سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم دەیویست دۆستایەتی خێڵەکان بۆ خۆی و دەوڵەت بەدەستبهێنێت. دەسپێکی ئەم هەوڵەشی بریتی بوو لەوەی لەساڵی ١٨٨٦ بانگی خێڵەکانی کرد بۆ ناردنی (٤٨) خوێندکار لەیەمەن و حیجازو تەرابلوسی رۆژئاوا بەمەبەستی خوێندن لەئەکادیمیای سەربازیی، بۆئەوەی دوای تەواوکردنی خوێندنەکەیان ببنە نموونە بۆئەو ناوچانەی لێوەی هاتوون، بەڵام بیرۆکەی نیشـــتەجێکردنی خێڵەکان وەك پێویســت ســەرکەوتنی بەدەســتنەهێناو ســاڵانی نەوەدەکانی ســەدەی نۆزدەش دیسان هەوڵێکی تری دایەوە(https://nlka.net/archives/10472). ئەوەبوو بەفەرمانێکی ســوڵتانی لە(٤ی تشرینی یەکەمی ١٨٩٢) قوتابخانەی خێڵەکانی لەئەستەمبوڵ بەفەرمی کردەوەو ئەو منـاڵانە وەردەگیران، کەتەمەنیان لەنێوان(١٢-١٦) ســـاڵ بووایە(نور ابراهيم نجم و أ.م.د.قحطــان احمــد فرهود، ٢٠٢٢: ٢٤٧، ٢٤٩). لەم قوتــابخــانەیەدا منــاڵی بنەمــاڵە نــاســـراوەکانی کوردو عەرەب و ئەلبانی دەیانخوێنـدو کـاتێکی زۆریـان بۆفێربوونی کــاروبــاری جەنگی و قورئــان لەبەرکردن و خوێنــدنی ئــایینی و ئیســـلامی بۆ تەرخانکردبوو(جەلیلی جەلیل، ٢٠٠٦: ١٩- ٢٠).

لەراســـتیدا بیرۆکەی کردنەوەی قوتـابخـانەی خێڵەکـان و ســـیـاســـەتی نیشتەجێکردنیان سەرباری ئەوەی دەچووە خانەی سیاسەتی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم لەو قۆناغە، هاوکات پەیوەندی بەتێروانینی دەوڵەتی عوسـمانی و خودی سـوڵتانەوە هەبوو لەمەڕ خێڵەکان، چونکە عوســـمـانییەکان بەچاوی گومـانی قوڵەوە لەخێڵەکـانیـان دەڕوانی و وشـەی (خێڵ) هاوواتای مرۆڤی دواکەوتوو وەحشـی و دوور لەشـارسـتانییەتی لای ئەوان دەگەیاند بەتایبەت لای فەرمانبەرانی پایتەخت و ویلایەتەکانی دەوڵەتی عوســمانی و پێیانوابوو خێڵەکان لەنەفامی و نەزانیدا نغرۆبوون. بۆیە ئامانجی دەوڵەتی عوســـمانی لەمەدا بریتی بوو لەجەختکردنەوە لەرۆڵی ســـوڵتـان وەك خەلیفەی مســـوڵمـانـان و بەناوەندیکردنی زیاتری دەســەڵاتی دەوڵەت، بەڵام خێڵە کۆچەرەکان لەمەدا بەکۆســپ و قۆرت دادەنران. بۆیە پێویستبوو ئەمجۆرە سیاسەتەیان بەرامبەر بگیرێتەبەر(یوجين روغان، ٢٠١٤: ١٤)، لەبەرئەوەی خێڵەکان بەمەترســـی هەژمار دەکران لەســـەر خۆشـــگوزەرانی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینێن کوردی

سـەڵتەنەت و دەوڵەتی عوسـمانی و مایەی نەنگی بوون بۆ گەنجینەی ماڵ و دارایی دەوڵەت، ئەویش لەسێ ڕێگەوە:

**یەکەم-** داکشـانی توانای باجدانی بەرهەمهێنەران بەهۆی هێرش و پەلاماری خێڵەکان بۆسەر جوتیاران و دانیشتوانی شارە بچووکەکان.

**دووەم-** ترسـان لەهێرش و پەلاماری خێڵەکان بووەهۆی پاشـەکشـەی بەرهەمهێنانی ئابووریی بەهۆی کەمبوونەوەی ڕووبەری زەوی چێنراو سەرەڕای قۆرتی بازرگانیی.

**سێیەم-** بەرزبوونەوەی تێچووی هاوکاری هێزەکانی پاراسـتنی ئاسـاییش، کەئەرکیان بەرەنگـاربوونەوەی ئەو هێرش و پەلامـارانەی خێڵەکـان بوو، ئەویش تەنهـا دەیانتوانی لەرووبەرێکی دیاریکراودا سـەرکەوتووبن، نەك هەموو ئەو ناوچانەی، دەکەوتنە بەر هێرشی خێڵە کۆچەرییەکان(یوجین روغان، ٢٠١٤: ١٥).

بۆیە خێڵە کۆچەرەکان بەمایەی مەترسـی لەسـەر دەسـەڵاتی ناوەندی دەوڵەت هەژماردەکران، چونکە بەهۆی نەدانی باج و ئەنجامدانی تاڵان و بڕۆییەوە ببوونە خاوەنی ماڵ و دارایی و هێزی تایبەت بەخۆیان و لەهەندێ ویلایەت و ناوچە ڕکابەری دەسـەڵات و هێزی دەوڵەتی عوسـمانییان دەکرد، بەو پێیەی لەهەمانکاتدا وێنای ڕێکسـختنێکی سـیاسـی و کۆمەڵایەتیشـیان دەکرد. سـەرباری ئامانجەکانی تری دەوڵەتی عوسـمانی و خودی سـوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم لەکردنەوەی قوتابخانەی خێڵەکان، هاوکات هێندەی نەبردو دوای نزیکەی پازدە سـاڵ و لەسـاڵی (١٩٠٧) ئەو قوتابخانەیە داخرا، لەبەرئەوەی هەنـدێ پێکـدادان و گرفـت لەنێو خوێنـدکـارانی کوردو عەرەب و ئەلبانییەکان روویدا، هەروەها گرفتی خراپی خواردن و شـوێنی مانەوەو کرێ و تێچووی خوێنـدن و گرانی رازیکردنی خێڵەکان بۆ ناردنی منـاڵەکـانیـان بۆ ئەو قوتـابخـانەیە. لەوەش گرنگتر خوێندکارانی ئەو قوتابخانەیە بەبیری نوێی ڕۆژئاواو ئەورووپا کاریگەر بوون، کە دەمێك بوو دەوڵەتی عوسـمانی گرتبۆوە، بۆیە دەوڵەتی عوسـمانی بۆ ڕێگرتن لەبارگاوبوون و کاریگەربوونی زیاتری خوێندکاران بەفەرمانی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم قوتـابخـانەکەی داخسـت و گۆڕا بۆ قوتـابخـانەی کبتـاش(نور ابراهيم نجم و أ.م.د.قحطان احمد فرهود، ٢٠٢٢: ٢٥٨- ٢٥٩).

سـەبارەت بەئـامـانجەکـانی دەوڵەتی عوسـمـانی و سـوڵتـان عەبدولحەمیدی دووەم لەپێکهێنانی سوارەی حەمیدیە لەو قۆناغە مێژووییەدا بریتی بوو لە:

١. گرێدانی خێڵە کوردەکان لەباکووری کوردستان بەدەوڵەتی عوسمانییەوە بەگشتی و بەخودی سوڵتان خۆیەوە ئەمەش لەناوەکەیەوە بەئاشکرا دیاربوو. هەروەك عوسمانییەکان خولیای سەربازی کوردیان باشدەزانی، بۆیە لەخزمەتی خۆیان و دەوڵەتەکەیاندا تەوزیفیان کرد، لەبری ئەوەی مایەی سەرئێشە بن بۆیان(خالید موراد چەتۆیێڤ، ٢٠٠٧: ٦٠). هەروەك تیپەکانی سوارەی حەمیدیە شێوازێك بوو لەشێوازەکانی پەیوەندی لەنێوان دەوڵەت و خێڵ لەکوردستان لەسەروبەندی سەدەی بیستدا، عوسمانییەکان لەبەر بەرژەوەندی خۆیان بەو شێوە مامەڵەیان دەکردو لێیان دەڕوانی(حمید بوز أرسلان، ٢٠٠٦: ٢٢٢).

٢. لێکهەڵوەشانی زیاتری کۆمەڵگەی خێڵەکی کوردی و وروژاندنی ململانێ و چاندنی رق و کینە لەنێوان خێڵە کوردییەکاندا، ئەوەش لەڕێگەی دامەزراندنی هەندێ لەخێڵەکان لەریزی تیپەکانی سوارەی حەمیدیەو دوورخستنەوەی هەندێکیتر، لەوانە خێڵە کوردییە عەلەوییەکان و خێڵە کوردییە سوننییە نادۆستەکانی دەوڵەت و زاڵکردنی هەندێکیان بەسەر هەندێکی ترياندا.

٣. زاڵکردنی کوردانی مسوڵمان بەسەر کوردانی یەزیدی و تایەفەی نەستوورییە مەسیحییەکان و ئەرمەنەکانی دراوسێیان و تێگەیاندنی کورد بەوەی ئەرمەن زیاتر دوژمنیانن تادەوڵەتی عوسمانی. بەتایبەتیش بەگژاچوونەوەی خولیای سەربەخۆخوازی ئەرمەن بۆئەمەش پێویستی بەمسوڵمانی ناتورك هەبوو، کە لەسەر سنوورەکانەوە ناوچەکانی ئەنادۆڵ بپارێزن. بۆیە ئاوێتەی سیستەمی فەرمانڕەوایی خۆی کردن و لەچوارچێوەی هێزی نانیزامیدا رێکیخستن، هەربۆخۆیشی شێوازی رێکخستنەکەیان لەهێزی نانیزامی عوسمانیدا ئامانجێکی تری سیاسی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بوو(حەمید بۆز ئەرسەلان، ٢٠٠٦: ٦٦- ٦٧).

٤. تەوزیفکردنی هێزی جەنگی کورد لەجەنگەکان دژی روسەکان لەباکوورو دژی گەلانی باڵکان لەرۆژئاوا، چونکە عوسمانییەکان دەیانزانی کورد نەتەوەی خزمەتگوزارەو بەدڵسۆزی ئەرکەکانی سەرشانیان جێبەجێدەکەن، لەکاتێکدا عوسمانییەکان متمانەیەکی ئەوتۆیان بەتیپەکانی سوارەی حەمیدیە نەبوو، هەندێ رێ و شوێن و دیسپلینی سەربازییان بۆدانابوون ئەوەش بەگوێرەی یاسای بنەڕەتی ساڵی (١٨٩٥)ی عوسمانی، کەتیایدا هاتبوو:"ئەندامانی سوارەی حەمیدیە لەکاتی مەشقدا نەبێ، نابێ بەرگی سەربازی لەبەر بکەن و چەك هەڵبگرن و بۆ دادگای کاتی ئاشتی بانگ دەکرێن"(د.عبدالرحمن قاسملو، ٢٠٠٦: ٤٦).



Zakho Centre for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

٥. ڕێگەگرتن لەگەشەكردنی هۆشیاری نەتەوەیی كوردو لەباربردنی پرۆژەی ڕزگاری نیشتیمانی، بەهۆی شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵای نەهری(١٨٨٠-١٨٨١) و دواتر گەنجە كوردەكانی ئەو قۆناغەوە جۆرێك لەهۆشیاری نەتەوەیی و بیری ڕزگاربوون لەدەسەڵاتی عوسمانی و قاجاری هاتبووە ئاراوە، لەبەرئەوەی دامەزراندنی سوارەی حەمیدیە هاوكات بوو لەگەڵ پێشكەوتنی بیری نەتەوەیی بەتایبەت لەنێو منداڵی بنەماڵەی میرەكانی كورددا بەنموونە بنەماڵەی بەدرخانییەكان، كەدواتر لەڕێگەی (میقداد مەدحەت بەدرخان)ەوە لەساڵی ١٨٩٨ ڕۆژنامەی(كوردستان)ی لەشاری قاهیرە دەركردو ڕۆڵێكی بەدیمەنی لەهۆشیاركردنەوەی نەتەوەیی كورددا بینی(عەتا قەرەداخی، ٢٠٠٧: ١٦٥).

٦. كەمكردنەوەی مەترسی خێڵەكان لەسەر دەوڵەت و دەسەڵاتی ناوەندی و جێگیركردنی سەركەوتنی دەوڵەت لەخۆگرتنی منداڵی سەرۆك و ریشسپیانی شارنشینەكان لەپۆستەكانی دەوڵەت و سوپادا(حەمید بۆز ئەرسەلان، ٢٠٠٦: ٦٦- ٦٧).

بەشێكی تر لەسیاسەتی سوڵتان عەبدلحەمیدی دووەم بریتی بوو لەپەیڕەوكردنی بیری پان-ئیسلامیزم(الجامعة الاسلامیة) لەو قۆناغە مێژووییەدا، بۆبەگژاچوونەوەی هەڕەشەو مەترسییە ناوخۆیی و دەرەكییەكانی سەر دەوڵەتی عوسمانی، لەسەر ئاستی ناوخۆ بۆ دروستكردنی رایەڵەو پتەوكردنی پەیوەندی نەتەوە مسوڵمانەكانی ژێر سایەی دەوڵەتەكەی. لەمەشدا دەوڵەتی عوسمانی توانی دۆستایەتی فیوداڵی كورد بەدەستبهێنێت بۆخۆی(هوكر طاهر توفیق، ٢٠١٤: ٢٠٢). لەسەر ئاستی دەرەكیش بۆ بەرەنگاربوونەوەی مەترسی و پلانی وڵاتانی زلهێزی كۆلۆنیالیستی، كە هانی خولیای سەربەخۆخوازی و نەتەوەخوازی نەتەوەو گەلانی ژێر سایەی دەوڵەتی عوسمانییان دەداو دەیانویست لەو ڕێگەیەوە هێندەی تر دەوڵەتی عوسمانی لاواز بكەن و مەبەست و مەرامە سیاسی و ئابوورییەكانیان وەدیبهێنن. بۆیە لەئاست گەشەكردنی جوڵانەوەی نەتەوەخوازی گەلانی بالكان و مەترسی كریستیانەكان بۆسەر یەكێتی عوسمانیی، سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم لەگرنگی و پێویستبوونی ئایین تێگەیشت و بۆئەمەش بڕیاری گۆڕانی سیاسەتی سەرەكی دەوڵەتی لەعوسمانیزمەوە بۆ بیری پان-ئیسلامیزم دا(بێرین كۆیونجو- لۆراسداغی، ٢٠١٥: ١٦٢).

چەمكی پان- ئیسلامیزم كۆمەڵێ ڕەهەندی ئایینی و سیاسی لەخۆگرتبوو بۆ چاكسازیكردنی لەو لاوازییانەی، كە بوارە كۆمەڵایەتی و ئایینی و ئابووری و هزرییەكانی دەوڵەتی عوسمانی و گەلانی جیهانی ئیسلامی گرتبۆوە، بۆیە وەك


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

رایەڵەیەك بوو، کەهەوڵی زیندووکردنەوەی هۆشیاری و گیانی هاریکاری نێوان نەتەوەو گەلانی مسوڵمانی دەوڵەتی عوسمانی دەدا بەئامانجی یەکسختن و یەکگرتنیان لەبەردەم پێشکەوتنی شارستانییەتی ئەوروپا لەو قۆناغەدا(فاطمة زهراء رحمانی، ٢٠١٥: ١٥-١٦). هاوکات خودی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم لەیاداشتەکانیدا بەوردی پەنجەی خستۆتەسەر ناوەڕۆکی چەمکی پان-ئیسلامیزم و لەمبارەیەوە دەبێژێت:"ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەوڵەتێکە ژمارەیەکی زۆر گەل و نەتەوەی لەخۆگرتووە لەتورك و عەرەب و ئەرنائوت و بوڵگارو یۆنانی و زنجییەکان پێکهاتووە. پەیوەستی ئیمان کۆی کردونەتەوەو کردویانن بەتاکەکانی ناو یەك خێزان. لەم حاڵەتەدا پێویستە لەسەرمان خۆمان بەمسوڵمان لەقەڵەم بدەین پێشئەوەی عوسمانی بین. ئایین بناغەی بونیاتنانی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەوڵەتە"(سوڵتان عەبدولحەمیدی دووهەم، ٢٠١٠: ١٣٢-١٣٣). هەروەك لەمڕووەوە درێژەی پێدەدات و دەڵێت:"پێویستە لەسەرمان پەیوەستییە ئیسلامییەکان بەهێز بکەین، بەشێوەیەك مسوڵمانانی جیهان و چین و هیندستان و ئەفەریقیا پشتیوانی لەباقی مسوڵمانانی ناوچە جیاجیاکانی زەوی بکەن"( سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم، ٢٠١٠: ١٣٣).

ئەم بیرو پرۆژەیە لەو قۆناغە مێژووییەدا بەواتای تەوژمێکی هزری و سیاسی دەهات بەرامبەر ژمارەیەك لەو ئاڵنگارییەی ڕوبەڕووی بیری ئیسلامی و گەلانی ئیسلامی لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە دەبۆوە، ئیدی لەناوخۆی جیهانی ئیسلامی بووبێت وەك دواکەوتنی هزری و مەعنەوی و خلۆربوونەوەی شارستانی و ململانێی سیاسی و خێڵەکی یاخود لەدەرەوە لەسەر شێوەی هەڵکشانی کۆڵۆنیالیزم، کە لەئەوروپاوە بەرەو ڕۆژهەڵات و دەوڵەتی عوسمانی بەتایبەت هاتبوو. بۆیە بیری پان-ئیسلامیزم بریتی بوو لەبزوتنەوەیەکی سیاسی و ئایینی خاوەن دیدێکی ریفۆرمیستی و مەسەلەیەکی هزری و فەرهەنگی بوو بەئامانجی گرێدانی گەلانی ئیسلامی بەهەموو ئایین و نەتەوە جۆراوجۆرەکانییەوە بەرایەڵەی یەکێتی ئومەی ئیسلامییەوە، بۆئەوەی بەرەیەکی یەکگرتوو بێت لەبەرامبەر مەترسییە دەرەکییەکان(محمد عمارة، ١٩٩٤: ٥٠)، بەڵام بەشێکی ئەم بیری پان-ئیسلامیزمە بۆ بەگژاچوونەوەو بەرەنگاری مەترسی جوڵانەوەی نەتەوەخوازی ئەرمەنەکان بوو، کە بەهۆی هاندانی روسیاو دنەدانی ئەرمەنەکانی دیاسپۆراو ئەو ڕێکخراوو پارتە سیاسییانەی وەك(ئەرمنکان و هاشناق و تاشناق) لەدەرەوەی سنوورەکانی دەوڵەتی عوسمانی دروستبووبوون، ئەمە جگە لەکاریگەری لەسەر بەشێك لەنەتەوە مسوڵمانە ناتورکەکانی دەوڵەتی عوسمانی و بەتایبەتیش کورد، بەو پێیەی نەتەوەیەکی مسوڵمانی ژێر سایەی ئەو دەوڵەتە بوو. ئامانجیش لێی زیاتر شەتەکدانی بوو لەژێر ئەو بیرو هەستە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆلینێن کوردی

ئایینی و ئیسـلامییەدا، چونکە بەشـی زۆری نەتەوەکانی باڵکان سـەربەخۆیی خۆیان بەدەستهێنابوو دوای جەنگەکانی دەوڵەتی عوسمانی و روسیا(ئیریك جەی.زوچەر، ٢٠٠٩، ١٤٢) تەنها کوردو ئەرمەن مابوونەوەو دەوڵەتی عوسـمانی ترسـی لەهەردووکیان هەبوو، بەدیاریکراویش تازە بەتازە هەمووی چەند ساڵێکی کەم بوو شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵای نەهری سـەرکوتکرابوو، بەڵام جۆش و خرۆشـی بیری نەتەوەخوازی لەجیهان و ناوچەکە لەپەرەسـەندندا بوو(حامد ظاهر محمود وأ.م.د.قحطان احمد فرهود، ٢٠٢٣: ٦٥٧). بۆیە سـوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بیری پان-ئیسـلامیزمی وەك ئامرازێك بۆگۆشـکردنی هەندێ هۆشـیاری نەتەوە ژێردەسـتەکان و بەهێزکردنی سـەرلەنوێ بناغەی دەوڵەتە لاوازەکەی لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە لەو قۆناغە مێژووییەدا پەیڕەوکرد. سـەرەڕای ئەوەی ئامانجی پاراستنی یەکێتی موسڵمانان بوو بەهۆی بەرزتر نرخاندن و وروژاندنی شوناسی ئیسلامی لەژێر سایەی ناسیۆنالیزمی ئیسلامی بەرەو هەستانەوەی نەتەوەیی، بەو پێیەی کرۆکی بیری پان-ئیسـلامیزم جەختی لەسـەر ئەوە دەکردەوە، کەدەبێ ناسـیۆنالیزم بۆ بەهێزکردنی توخمەکانی تاك(نەتەوە مسـوڵمانەکان)، کە یەکێتی عوسـمانی پێکدێنن، خزمەتی یەکێتی ئیسـلامیی بکات(بێرین کۆیونجو- لۆراسـداغی، ٢٠١٥: ١٦٣).

**باسی دووەم (کوردو سوارەی حەمیدیە لەروانگەی ئایین و خێڵ و ناسیۆنالیزمەوە)**

دروسـتکردنی سـوارەی حەمیدیە لەو قۆناغە مێژووییەو بەشـداری کورد تیایدا جێگەی تێڕامانە، چونکە قۆناغە مێژووییەکە، کەکۆتایی سـەدەی نۆزدەیەمەو قۆناغی هەڵشکان و برەوی بیری نەتەوەخوازی و ناسیۆنالیزم و گەیشتنی نەتەوەو گەلانی ژێر سایەی دەوڵەتی عوسمانییە بەئازادی و سەربەخۆیی و نەتەوەخوازیی، بەڵام کورد لەرێگەی ژمارەیەك لەسـەرۆك خێڵەوە لەبری پەرەدان بەبیری نەتەوەخوازی و خولیای بەدەسـتهێنانی سـەربەخۆیی تازە بەتازە بەشـداریان لەپێکهێنانی تیپەکانی سـوارەی حەمیدیە دەکردو مناڵەکانیان بۆ قوتابخانەی خێڵەکان لەئەستەمبوڵ دەنارد، لەکاتێکدا هێندە نەبوو یەکێك لەبەدیمەنترین شۆڕشەکانی کورد، کەشۆڕشی شێخ عوبەیدوڵای نەهری بوو ساڵی ١٨٨٠ هەڵایسا بوو. بۆیە بەبڕوای ئێمە دروستکردنی سوارەی حەمیدیەو پەیڕەوکردنی سیاسەتی خێڵایەتی و بەشێك لەئامانجەکانی گرتنەبەری بیری پان-ئیسلامیزم و کەوتنە ژێر کاریگەری بەشێك لەخێڵە کوردییەکان بابەتێکی یەکجار گرنگ و هەسـتیاری ئەو قۆناغە مێژووییەی کوردە، کەپێویستی بەشرۆڤەکردن و لێکدانەوەی بابەتی و زانستی هەیە لەروانگەی (خێڵ، ئایین، ناسیۆنالیزم) و پەیوەندی و کاریگەرییان بەیەکەوە لەسەر کورد. لێرەدا هەوڵدەدەین لەسێ تەوەردا شرۆڤەیان بکەین:



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

**تەوەری یەکەم- بەشداری کورد لەپێکهێنانی سوارەی حەمیدیە لەروانگەی گرفتی خێڵ و تێگەیستنی خێڵایەتییەوە**

ئێمە بۆچوونمان وایە گرفتەکە گرفتێکی دوولایەنەیە، یەکێکیان پەیوەندی بەپێناسەو تایبەتمەندی و سروشت و تێگەیشتنی خێڵەوە هەیە. لەلایەکیترەوە پەیوەندی بەخێڵی کوردی و تایبەتمەندی و سروشت و گرفتەکانییەوە هەیە.

خێڵ گەورەترین یەکەی خزمایەتییە، کەپشت بەیەك نەژاد دەبەستێت و لەکۆمەڵە هۆزێك پێکدێت لەناوچەیەکی نزیك یاخود دوور لەیەك ژیان بەسەر دەبەن. خێڵ بەیەکگرتووی دەمێنێتەوە، لەبەرئەوەی ئەو هۆزانەی پێکیانهێناوە لەیەك بونیادی خزمایەتی خوێندا رێکدەخرێن، کە لەیەك نەژادی هاوبەشەوە هەڵقوڵاوە(کامەران محەمەد، ٢٠٠٨: ٢٣٨). هاوکات خێڵ بۆخۆی یەکەیەکی ناوچەیی ناو کۆمەڵگای کشتوکاڵییە لەناوخۆییدا پەیڕەوی لەیەکشوناسی و یەککولتوری و یەکزمانی دەکات، بەڵام لەدەرەوەی خۆیدا و لەناو کۆمەڵگە کشتوکاڵییە سەروناوچەییەکەدا لەگەڵ خێڵەکانی تردا پەیڕەوی لەجیاشوناسی فرەکولتوری و فرەزمانی دەکات، بەمەش خۆی لەخێڵەکانی تر جیادەکاتەوە. خێڵەکان لەدەرەوەی خۆیاندا لەگەڵ یەکتریدا پەیڕەوی لەسیستەمە ناوەکییەکەی ناوخۆیان ناکەن و پەیڕەوی لەسیستەمێکی تر دەکەن، کەسیستەمی کۆمەڵگە سەروخێڵەکییەکەیە، ئەم سیستەمەش داوای یەکشوناسی و یەککولتورییان لێناکات، بەڵکو بەپێچەوانەوە داوای فرەشوناسی و فرەکولتورییان لێدەکات. بۆیە هەریەك لەو یەکانە دەبێت لەناوخۆیاندا یەکبوونی خۆیان بپارێزن و لەدەرەوەی خۆیان و لەبەرامبەر یەکەکانی تردا جیایی خۆیان بپارێزن. لێرەوە دوو سیستەممان بۆ روونەدەبێتەوە، کەخێڵ لەدەرەوەی خۆی و ناوەوەی خۆیدا پەیڕەوییان لێدەکات(د.عرفان مستەفا،٢٠١١: ٣٧٢-٣٧٣). خێڵ بالاترین دامەزراوەی کۆمەڵایەتییە، کەزۆرترین ژمارەی لێکۆدەبێتەوە یاخود پەیوەستن پێیەوە. دوو هۆکاری سەرەکیش ئەو پەیوەستبوونە دروستدەکەن، ئەوانیش بریتین لەخوێن و دەمارگیریی. بەمەش خێڵ یەکەیەکی خاوەن خەسڵەتی کۆمەڵایەتییە، کەخاوەنی کەسێتی کۆمەڵایەتی و ئابوری و جوگرافی خۆیەتی، لەرووی کۆمەڵایەتییەوە پێکهاتەیەکی داخراوە بەشی زۆری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی لەسنووری خۆیدا جێبەجێدەکات لەوانەش: پەیوەندی ژن و ژنخوازیی، هاتوچۆو پەیوەندی ئابووریی وەك یەکەیەکی سەربەخۆو دابڕاو لەدەوروبەر ئیش دەکات، خاوەنی موڵك و سامان و لەوەڕگای خۆیەتی و سنووری جوگرافیای دیاریکراوی خۆی هەیە و بەهەموو شێوەیەك دەیپارێزێت(کامەران محەمەد، ٢٠٠٨: ٢٣٩). سەرەڕای ئەو سنوورە جوگرافییە دیاریکراوەی هەیانە هیچ



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینێن کوردی

ئاسۆیەکی تر لەو دیوی ئەو سنوورەوە نابینن تەنها دەستبەسەراگرتنی لەوەڕگەو موڵك و ماڵی خێڵی تر نەبێت وەك نەریتێکی خێڵەکیی، واتە خێڵ خولیا و خەونی فراوانتریان بەدەر لەخەونی بچووك و تەسکی خێڵەکی نییە، ئەمەش وادەکات تاکەکانی خێڵ بیر لەبەرژەوەندی گشتی نەکەنەوە، چونکە ئەو جوگرافیا بەرتەسکەی خێڵ تیایدا دەژی بەنیشتیمانی سەرەکی خۆی دەزانێ(کامەران محەمەد، ٢٠٠٨: ٢٥٠-٢٥١) هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کەخێڵ سروشتکردەو دەستکرد نییە، ئەوەی لێیدەکەوێتەوە وەك خۆی خێڵە، گەر خێڵێك ژیانێکی دوورو درێژی هەبێت بەگەورەبوونی ناگۆڕێت بۆ جۆرێکیتر لەبونەوەر، بەڵکو خێڵ بەمانەوەو پەرەسەندن نەوەی وەك خۆی دەخاتەوە، بەجۆرێ بەدرێژایی قۆناغە مێژووییەکان دەبێت بەچەند خێڵێکی جیاوازو کولتورو زمانەکەشی بەهەمان شێوە دەبێت بەکولتورو زمانێکی جیاواز. ئەمەش رێگر دەبێت لەبەردەم ئەوەدا بەو رێگا سروشتییەی، کەهەیەتی جۆرەکەی خۆی بگۆڕێت و ببێت بەنەتەوە(د.عرفان مستەفا،٢٠١١: ٣٨٦). گرفتێکی تر بریتییە لەجیاوازی بونیادی و مانایی نێوان خێڵ و نەتەوە، بەجۆرێ خێڵ سروشتی مرۆڤ دایهێناوە، بەڵام نەتەوە ویستی مرۆڤ دروستیکردووە. خێڵ بەبێ سروشتی مرۆیی بوونی نابێت و ناشتوانێت بمێنێتەوە، نەتەوەش بەبێ ویستی دروستکردنی مرۆیی نەدەتوانێت ببێت و نەدەتوانێت بمێنێتەوە. خێڵ و نەتەوە هەریەکەیان یەکەی پێکهێنەری دوو کۆمەڵگەی سەرووناوچەیی جیاوازن و بەوەش یەکەی ناو پێکهاتەی ئەو کۆمەڵگایەن لەناوخۆیاندا پەیڕەوی لەیەکبوون دەکەن و لەدەرەوەی خۆیاندا پەیڕەوی لەجیاوازیی دەکەن(د.عرفان مستەفا،٢٠١١: ٤٠١).

سەبارەت بەخێڵی کوردی تاڕادەیەکی زۆر خاوەنی هەمان چەمك و تایبەتمەندییە، بەو پێیەی کۆمەڵگەی کوردی سەدەی نۆزدە کۆمەڵگەی کۆتایی قۆناغی سەردەمی میرنشینە کوردییەکانە لەکۆتایی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە، لەو دیرۆکە بەدواوە میرنشین کۆتایی دێت، بەڵام شێوە ژیانە کۆمەڵایەتییەکە، کەشێوە ژیانی خێڵایەتییە و سیستەمی خێڵەکی تیایدا رۆڵ دەبینێت و باڵادەستەو هەژموونی بەسەر هۆشیاری و تێگەیشتنی تاکی کورددا هەیە. لەبنەڕەتیشدا میرنشینە کوردییەکان خۆیان دەسەڵاتێکی ناوچەیی و خێڵەکی بوون و رەنگدانەوەی سیستەم و شێوە ژیانە ئابوورییەکە بوون، کەئابوورییەکی کشتوکاڵی و ئاژەڵداریی بووە نەك ئەنجامی گەشەکردنی ئابووریی و کولتوریی کۆمەڵگەی کوردیی(د.رەفیق سابیر، ٢٠٠٨: ٤٩-٥٠). گرفتێکی تری خێڵی کوردی ئەوەیە بەگشتی خێڵی زەوییە، بەجۆرێ زیاتر لەگوندێکەوە نزیکە، کە لەنێوان دوو هەوارگەی هاوینەو زستانەدا دێن و دەچن. ئەمەش رۆڵی هەبووە لەناسەقامگیریی خێڵەکانی کوردو دیاردەی کۆچ و رەو گەرمیان


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

و کوێستان کردن و جێگیر نەبوون لەجوگرافیایەکی دیاریکراوو نیشتەجێبوون تیایداو پێکنەهێنانی دامو دەزگای بەڕێوەبردن و شارنشینی بەو پێیەی دامو دەزگا بەرهەمی نیشتەجێبوونی مرۆڤەکانە لەجوگرافیایەکدا(کامەران محەمەد، ٢٠٠٨: ٢٥٣) ئەمە سەرباری ئەوەی سیستەمی میرنشینی کوردیی پشتی بەئابوورییەکی سروشتی و داخراو بەستووەو توانای ئەوەی نەبووە شارو ناوەندی شارستانی دەوروبەری خۆی غەزو بکات و سنوورو جوگرافیای فەرمانڕەوایی خۆی پەرەپێبدات(د.ڕەفیق سابیر، ٢٠٠٨: ٥١). هاوکات ئەوەی ئاراستەی خێڵ و تێگەیشتن و بیرکردنەوەی خێڵی کوردی کردووە بریتی بووە لەسەرۆک خێڵ بەتەنها نەك بیرکردنەوەو عەقڵێکی دەستەجەمعی، کە هەمووان تیایدا بەشدارین. سەرۆک خێڵیش دەسەڵاتێکی فراوان و رەهای هەبووە لەبەرامبەر هەموو کاروباری خێڵەکەدا، لەمبارەوە (باسیلی نیکیتین) دەڵێت:"هەرکاتێك سەرۆکی خێڵی کورد دەسەڵات بگرێتە دەست ئیتر ئەندامانی خێڵەکە ناتوانن مشتومڕی لەگەڵدا بکەن". هەروەك دەسەڵاتەکانی سنووریان نییە، دەتوانێت دەست بەسەر موڵك و ماڵی هەر کەسێکدا بگرێت و فەرمانی کوشتنیان بدات هەرکاتێ بەپێویستی بزانێت(د.شاکر خصباك، ٢٠٠٩: ٤١٥-٤١٦).

گەر بێینە سەر شیکردنەوەی بەشداری کورد لەپێکهێنانی سوارەی حەمیدیەو کوشتاری ئەرمەندا، ئەوە روونە، کەهەندێ لەخێڵە کوردییەکان بەشداربوون لەو سوپا نانیزامییەدا نەك هەموو کورد، ئەوەش لەژێر کاریگەری هەم بەرژەوەندی خێڵایەتی خۆیان و هەم ئەو سروشت و تایبەتمەندییەی خێڵ بەگشتی و خێڵی کوردی لەخۆی دەگرێت، لەبەرئەوەی بەپێی لێکدانەوەی زۆربەی ئەوانەش، کە قسە لەسەر خێڵ دەکەن، خێڵ توانای بەرهەمهێنانی هۆشیاری نییە، چونکە خێڵ بەرهەمی کۆمەڵگەی کشتوکاڵییە نەك کۆمەڵگەی پیشەسازیی، بەتایبەت کەسێکی وەك(ئێرنست گێلنەر) بۆچوونی وایە هۆشیاری لەکۆمەڵگەی کشتوکاڵیدا بەرهەم نایەت لەبەرئەوەی یەکەی سیاسی و یەکەی کولتوریی نییە تاهەماهەنگ بن، چونکە گێلنەر هۆشیاری پەیوەست دەکات بەمۆدێرنەو کۆمەڵگەی پیشەسازییەوەو رای وایە هۆشیاری زادەی بوونی نەتەوەیەو نەتەوەش منالی کۆمەڵگەی پیشەسازییە نەك کشتوکاڵیی(د.عرفان مستەفا،٢٠١١: ٢٩٠). بۆیە کاتێك ژمارەیەك لەخێڵە کوردییەکان بەشداری دروستکردنی سوارەی حەمیدیەو کوشتاری ئەرمەن دەکەن لەبەر نەبوونی هۆشیاری نەتەوەیی و بەهۆی هەژموونی بیرکردنەوەو بەرژەوەندی خێڵەکیو بوغرایی خۆیانەوە بووە، ئەوەش لەبەرئەوەی خێڵ و تێگەیشتنی خێڵ بەرهەمی کۆمەڵگەی کشتوکاڵییە، کە لەو قۆناغە مێژووییەدا کۆمەڵگەی کوردی تاڕادەیەکی زۆر کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵی بووەو

خاوەنی ئابوورییەکی لاوازو بچووك و دواکەوتووش بووە. راستە هەندێ لەخێڵە کوردییەکانی وەك خێڵی دملی و زەینەڵ بەگی سەرۆکی خێڵەکە نەچوونە ریزی سوارەی حەمیدی و بەشداری کوشتاری ئەرمەنیان نەکردو دەوڵەتی عوسمانی هەوڵی دەستگیرکردنی دا(جەلیلی جەلیل، ٢٠٠٦: ٥٩)، بەڵام لەهەموو ئەو شوێنانەی خێڵە کوردییەکان بەشداری پێکهێنانی تیپەکانی سوارەی حەمیدییەو کوشتاری ئەرمەنیان کردبێت، لەئەنجامدا بووەتە هۆی زاڵبوونی زیاتری دەسەڵات و هەژموونی خێڵ و سەرۆك خێڵە کوردییەکان و سەربەخۆیی دەسەڵاتی خێڵەکییان، بەتایبەتیش دەرەبەگەکان، بەهۆی کەمبوونەوەی رێ و شوێنی توندی باج و سەرانەسەندن و چاوپۆشیکردن لێیان، سەرباری ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی بەهەمو شێوەیەك هاوکاری و کۆمەکی دەکردن و لەگوندە ئەرمەن نشینەکاندا نیشتەجێی دەکردن بەمەبەستی لەناوبردنی جوڵانەوەی رزگاریخوازی ئەرمەن(هوکر طاهر توفیق، ٢٠١٤: ٢٠٤-٢٠٥).

گرفتێکی تری گەڵاڵە نەبوونی هۆشیاری نەتەوەیی لەناو سیستەمی خێڵایەتیدا پەیوەندی بەپەرتەوازەیی و یەکنەبوونی خێڵە کوردییەکانەوە هەبووە یاخود زاڵبوونی خێڵێك بەسەر هەموو خێڵەکانی تردا، لەبەرئەوەی ئەو خێڵانە پێویستیان بەوە هەبووە لەناوخۆیاندا لەگەڵ یەکدا لەناو کۆمەڵگایەکی گەورەتر لەخێڵدا کۆببنەوە، بەڵام بۆ ئەم کۆبوونەوەیە ناتوانن قبوڵی ئەوە بکەن یەکێکیان زاڵ ببێت بەسەر ئەوانیتردا، ئەمەش لەوەوە نییە، کە لەتاقیکردنەوەی هێزەکانیاندا هیچیان نەتوانێت سەربکەوێت بەسەر ئەوانیتریاندا، بەڵکو لەبەرئەوەیە هیچیان مەیلیان بۆ ئەوە نییە زاڵببێت بەسەر ئەوانیترییانداو ئەوانیتر بخاتە ژێر ویستی خۆیەوە(د.عرفان مستەفا، ٢٠١١: ٤٢٣)، لەکاتێکدا دەبینین نەتەوەخوازی دروستکەری سیستەمێکە لەچۆنایەتی بۆژیانی پیکەوەیی کۆمەڵە گروپێکی کۆمەڵایەتی جیاوازو چاندنی چۆنایەتییەکانی ئەو سیستەمە لەناو ئەندامانی ئەو گروپە جیاوازانە تائەو گروپانە ببنەوە بەیەك و لەناو یەك ژیانی پێکەوەییدا ئەوە ئەنجام بدەن، کەبەبێ ئەو پێکەوەژیانە ناتوانن ئەنجامی بدەن، بەڵام خێڵ بەسروشت کار لەسەر دروستکردن و پارێزگاری لەجیاوازی و لێکدابڕان و شێوەژیانی سەربەخۆی خێڵەکان دەکات، هەریەکە بۆخۆی لەجوگرافیایەکی دیاریکراودا، مەگەر تەنها لەکاتی شەڕو مەترسیدا نەبێ پێکەوەبن(د.عرفان مستەفا، ٢٠١١: ٢٨٥). بۆیە گەر نەتەوە لەمادەی یەك خێڵ دروستبکرایە نەك چەند خێڵێك، ئەوە ئاستەنگ لەبەردەم دروستکردنەکەیدا دروست نەدەبوو، بەڵام لەبەرئەوەی بۆدروستکردنی نەتەوە مادەیەکی خاو پێویستە، کەزیاترە لەو مادە خاوەی، کەسروشت خێڵی لێدروستکردووە، ئەمە نەتەوەخوازیی ناچار دەکات بۆدروستکردنی نەتەوە، مادەی نەتەوە

لەچەند خێڵێکی کولتورو زمان جیاواز وەربگرێت. ئەمەش وادەکات لەناو مادە خاوەکەی نەتەوەدا ئاسەواری ئەو جیاوازییە بمێنن، کەسروشت خێڵەکانی پی مۆرک کردووەو ببێتە ئاستەنگ لەبەردەم ئەو یەککولتوری و یەکزمانییەدا، کەنەتەوەخوازی لەو مادەیە شێوەگیری دەکات. کاتێکیش نەتەوەخوازی دەیەوێت بوونی نەتەوە لەرێگەی تاکە کولتورو زمانێك لەناو مادەکەیدا شێوەگیر بکات، رووبەڕووی چەند هێزێکی بەرگریکاری جیاواز دەبێتەوە. ئەو هێزە جیاوازانەش پاشماوەی هەریەك لەو خێڵانەن، کەبەو کولتورو زمانە دەکرێن بەنەتەوە. ئەو هێزە سروشتیانەی کە لەناو مادەی خاوی خێڵە جیاوازەکاندا ماونەتەوە رێگر دەبن لەبەردەم ئەوەدا نەتەوەخوازی لەرێگەی تاکە کولتورو زمانێکەوە وێنەی نەتەوەی تێدا شێوەگیر بکات(د.عرفان مستەفا، ٢٠١١: ٤٠١-٤٠٢). ئەوەش، کەپەیوەستە بەدەمارگیری و عەسەبییەتەوە، کە(ئیبن خەلدون) باسی دەکات وەك حاڵەتێکی هاوبەشی رۆحی و مەعنەوی ئەندامانی خێڵەو لەسەر بنچینەی خوێن و خزمایەتی و دۆستایەتی هاوبەش دروست دەبێت، بەهۆکاری دروستبوونی دەوڵەتی دەزانێت. ئەم دەمارگیرییە لەپرۆسەی کێشەو پێکدادانی نێوان خێڵەکان، بەهۆی دەمارگیری و لەپێناوی مانەوەدا عەسەبییەتێکی بەهێز هەموو عەسەبییەتەکانی دیکە ملکەچی خۆی دەکات و لەکۆی هەموویان عەسەبییەتێکی نوێ پێکدەهێنێت. ئەو خێڵانە پێکەوە وزەو توانای خۆیان ئاراستەی دەرەوەی خۆیان(شار، یان ناوەندێکی شارستانی) دەکەن و دەسەڵاتی خۆیان بەسەریدا دەسەپێنن(د.رەفیق سابیر، ٢٠١٤، ٦٤). مەرجی پێشوەختی دروستبوونی عەسەبییەتیش بریتییە لەبوونی چەند خێڵێك و یەکێك لەو خێڵانە دەبێت غەریزەی زاڵییەتی لەناویدا چالاك بێت تا لەجەستەی خێڵەکانی تر بەهێزی زاڵێتییەکەی عەسەبییەت دروست بکات. لەناو عەسەبییەتیشدا هێز حوکم دەکات، ئەوەی بەهێزە حوکمی ئەوە دەکات، کە بێهێزە، بەڵام گرفتی خێڵی کوردی ئەوەیە، کەعەسەبییەتی تێدا بەرجەستە نەبووە تاهەموو خێڵەکان یەکبخات، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە خێڵی کوردی غەریزەی زاڵبوون و زاڵێتی نەبووە، چونکە غەریزەی زاڵبوون دەبێتە هۆی خێڵێك هانبدات بۆ زاڵبوون بەسەر خێڵەکانی دەرەوەی خۆی و بەمەش ئەو خێڵە زاڵە ئەو هێزە دروست دەکات، کەپێیدەوترێت عەسەبییەت. دواتر خێڵە بەزیوەکان دەبێت زمان و کولتوری ئایینی خێڵە زاڵەکانی ناو عەسەبییەت هەڵبگرن. هاوکات عەسەبییەتیش لەپەرەسەندنی خۆیدا نەك هەر رێگە نادات خێڵی تری لێبکەوێتەوە، بەڵکو هەوڵدەدات ئەو خێڵانەش، کەلەخۆی کەوتوونەتەوە لەرێگەی هێزەوە بیانگێڕێتەوە ناو خۆی و بەهۆی نەهێشتنی جیاوازییەکانەوە بیانکاتەوە بەبەشێك لەجەستەی خۆی(د.عرفان مستەفا، ٢٠١١: ٤٠٤، ٤٠٥، ٤١٣).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

## تەوەری دووەم- کوردو سوارەی حەمیدیە لەروانگەی ناسیۆنالیزم و گرفتی ناسیۆنالیزمی کوردییەوە

ئەوەی لەم تەوەرەیەدا زۆرترین پرسیار لەبیرکردنەوەو مێشکماندا دروستدەکات بریتییە لەبەشداری کورد لەسوارەی حەمیدیەو کوشتاری ئەرمەن، کە بەراستی جێگەی لەســـەر راوەســـتانی ئەکادیمییە، چونکە قۆناغە مێژووییەکە قۆناغی ســـەرهەڵدان و تیۆریزەبوونی بیری نەتەوەخوازی و ناسیۆنالیزمە بەو پێیەی نیوەی سەدەی نۆزدەو کۆتایی سـەدەی نۆزدەیە، لەلایەکیتریشـەوە تازە بەتازە نەتەوەکانی بالکانی ژێر سـایەی دەوڵەتی عوســـمانی بەئاواتی ســـەربەخۆیی و مافی نەتەوەیی خۆیان گەیشـــتبوون، ئەوەی مابۆوە کوردو ئەرمەن بوون، کەپەیوەســـت بێ بەبابەتی تویژینەوەکەمانەوە. ســـەرباری ئەوەی پرسیاری جدی ئەوەیە چۆن و بۆچی کورد بەشداری سوارەی حەمیدیەو کوشتاری ئەرمەن دەکات، لەکاتێکا هەمووی دە ســـاڵێك دەبێت یەکێك لەشـــۆڕشـــەکانی کورد هەڵگیرساوەو دواتر شکستی پێهێنراوە، کەشۆڕشی شێخ عوبەیدوڵای نەهرییەو خاوەنی دیســـکۆرسـێکی نەتەوەیی و ئایینی کاریگەر بوو؟ وەڵامی ئەم پرسـیارە گەر پەیوەندی بەنەبوون و کەمی هۆشـیاری نەتەوەیی و ناسـیۆنالیزمی کوردی لەو قۆناغەوە هەبووبێت، ئەوا پەیوەندیشی بەبەشێك لەو گرفتانەوە هەیە، کەخودی چەمکی نەتەوەو نەتەوەخوازی و ناسـیۆنالیزم لەهەناوی خۆیاندا هەڵیانگرتووە، چونکە گەر بڕیار بێت نەتەوەخوازی و ناســیۆنالیزم بەرهەمی بوونی نەتەوە بێت، ئەوا بەپێی پێناســەو چەمکی نەتەوەو مەرج و بنەمـاکـانی نەتەوەو نەتەوەخوازیی، کوردو کۆمەڵگەی کوردی ئەو قۆنـاغە مێژوویيە گرفتی گەورەی لەگەڵ ئەو چەمکانەدا هەبووە. هەندێ بیروڕا بەشداری کورد لەسوارەی حەمیـدیە بۆئەوە دەگێڕنەوە، کەهەســـتی نەتەوەیی لای زۆربەی تـاکی کورد پێنەگەیشـــتبوو تا ببێتە هۆشـــیاری نەتەوەیی(د.عەبدولفەتاح بۆتانی، ٢٠٠٦: ٦٠)، بەڵام بەبڕوای ئێمە بابەتە لەوە قوڵترەو رەهەندی جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت.

لەتەوەری یەکەمدا بەکورتی ئـامـاژەیەکی کورتمـان دا بەوەی لای گێلنەر نەتەوە بەرهەمی کۆمەڵگەی پیشـــەســـازی و ئەو گۆڕانکارییەیە، کە کۆمەڵگە لەقۆناغی کشـــتوکاڵییەوە دەباتە قۆناغی پیشـەسـازیی، لەبەرئەوەی لای گێلنەر نەتەوە پێشئەوەی هەر شتێك بێت، کۆمەڵگەیەکی پیشەسازییە، واتە بوونی لەناو کۆمەڵگە پیشەسازییەکاندا شاراوەیەو ئەوە کۆمەڵگە پیشەسازییەکانن، کەهەڵگری نەتەوەن و لەگەڵ پەرەســەندنیاندا نەتەوە دروســتدەکەن، بۆیە کۆمەڵگەی کشــتوکاڵی بەهیچ شـــێوەیەك هەڵگری بوونی نەتەوە نییەو نەتەوەی لێنـاکەوێتەوە. بەپێی ئەم بۆچوونەی گێلنەر بێت نەتەوەش پێش بوونی کۆمەڵگەی پیشـــەســـازیی بوونی نەبووە، چونکە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

کۆمەڵگەی پیشەسازیی دەرکەوتەی مۆدێرنەیە، ئەمەش وادەکات نەتەوە بونەوەرێکی مۆدێرن بێت و پێش هاتنی مۆدێرنە هیچ ریشەیەکی نەبێت(د.عرفان مستەفا، ٢٠١١: ٢٩٠،٢٩٣). گەر بەپێی ئەم رایە گێلنەر بێت هۆکاری بەشداری کورد لەسوارەی حەمیدیەو کوشتاری ئەرمەن دەگەڕێتەوە بۆئەوەی لەو قۆناغەدا خێڵ بووە نەك نەتەوە تاهۆشیاری نەتەوەیی لەناویدا دروست ببێت و بەپێی بەرژەوەندی و چارەنووسی نەتەوەکە بڕیار لەسەر بەشداریکردن یا نەکردنی بدات، لەبەرئەوەی خێڵ دەرکەوتەی کۆمەڵگەی کشتوکاڵییە بۆیە نەیتوانیوە ئەو تێگەیشتنە خێڵەکییە تێپەڕێنێت. ئەوەی نەتەوەخوازی دروست دەکات بوونی نەتەوەیە، کاتێك نەتەوە بەو چەمك و تێگەیشتنە بوونی نەبێت ناتوانرێت هۆشیارییە نەتەوەییەکەش بوونی هەبێت. لەلایەکی ترەوە لای گێلنەر دروستبوونی نەتەوەو نەتەوەخوازی و ناسیۆنالیزم بەشێکی جیانەکراوەی گۆڕانی کۆمەڵگەیە لەکۆمەڵگەی کشتوکاڵییەوە بۆ کۆمەڵگەی پیشەسازیی. پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵگەکانیش بەبێ بەرگریکردن لەو گۆڕانە ناچێت بەڕێوە. نەتەوەخوازیی وەك هێزی ناو کۆمەڵگەی پیشەسازیی لەرێگەی دروستکردنی نەتەوەوە کار بۆ ئەوە دەکات کۆمەڵگەی کشتوکاڵی بگۆڕێت بۆ کۆمەڵگەی پیشەسازیی، لەبەرامبەریشدا خێڵیش وەك هێزی ناو کۆمەڵگەی کشتوکاڵی دەبێتە هێزێکی بەرگریکەر لەبەردەم ئەو گۆڕانەدا، کەنەتەوەخوازی ئەنجامی دەدات(د.عرفان مستەفا، ٢٠١١: ٢٩٠،٣٦٤).

گەر بەدیدی (ئێرنست رێنان)یش تەماشای نەتەوە بکەین، کەلای ئەو "نەتەوە گیانە، پرەنسیپێکی رۆحییە، دوو شت هەن، کە لەراستیدا یەك شتن، ئەم پرەنسیپە رۆحییە پێکدەهێنن، یەکێکیان رابردووە، ئەویتریان لەئێستادایە. یەکێکیان بریتییە لەمیراتێکی دەوڵەمەندی بیرەوەری و ئەویتریان رەزامەندی هەنوکەیی و ئارەزووی پێکەوەژیان، ئیرادەی درێژەدان بەپیشاندان و دەستگرتن بەو میراتەی، کەبەشێوەیەکی هاوبەش پێیان گەیشتووە و بۆیان ماوەتەوە"(ئێرنست رێنان، ٢٠٠٩: ٣٧٥). واتە لێرەدا رێنان دوو بنەما بۆ بوونی نەتەوە بەهەند وەردەگرێت، کە لەسەری راوەستاوە ئەوانیش:

**یەکەم-** یادەوەرییەك لەرابردووی هاوبەش.

**دووەم-** بڕیاردان و دڵنیاییکردنی بەردەوام و هەمیشەیی ئیرادەی بەیەکەوەژیان.

بەڵام بەروانین بۆ بنەمای یەکەم، کەیادەوەری هاوبەشە، راستە کورد یادەوەری هەبووە، بەڵام گرفت ئەوەیە خێڵە کوردییەکان کاریان لەسەر دروستکردنی یادەوەری هاوبەش نەکردووە، تا لەساتەوەختی دروستکردنی سوارەی حەمیدیەدا ئەو یادەوەرییە هاوبەشە سروش و هۆشیاریی ئەوەیان بداتێ، کەبەشداری نەکەن، چونکە ئەوان لەبری دروستکردن و پێکهێنان و بەردەوامیدان بەیادەوەری هاوبەشی کورد، بەپێچەوانەوە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆلینێن کوردی

کاریان لەسەر یادەوەری خێڵ کردووە، کەبچووکترە لەنەتەوەو بەرتەسکتریشە. لەبەرئەوەی بەبێ یادەوەری سەختە گردبوونەوەو کۆبوونەوەی مرۆڤەکان و هاتنەئارای پێکەوەژیان و سەرەنجام نەتەوە دروست ببێت، چونکە ئەم یادەوەرییە پەیوەندی راستەوخۆی بەرابردوییەکی هاوبەشەوە هەیەو سەختە ئیرادەیەك هەبێت لەدایکببێت، لەکاتێکدا رابردووی خێڵە کوردییەکان جیاوازی دروستکردن و پاراستنی فرەیی کولتورو شوناسی خێڵەکیان بووە بەجیا نەك شوناس و کولتورو یادەوەری هاوبەش(ئێرنێست رێنان، ٢٠٠٩: ٣٥٢). هەر لەروانگەی رێنانەوە گرفتێکی دیکەی ناسیۆنالیزمی کورد لەقۆناغی دروستکردنی سوارەی حەمیدیەدا، کەبەشداری دەکات، پەیوەندی بەنەبوونی یادەوەرییەوە هەیە سەرباری ئەوەی لەو قۆناغەدا ئەوەی بوون و هەژموونی هەبووە خێڵ و تێگەیشتن و بەرژەوەندی خێڵ بووە، بەڵام نەبوونی یادەوەری نەتەوە، کەرۆڵی لەدروستبوونی ناسیۆنالیزم و نەتەوەخوازی و دواتریش بەرهەمهێنانی هۆشیاری نەتەوەییدا هەیە بوونی نەبووە یاخود یادەوەرییەکی گرفت ئامێز بووە، بەمانایەکیتر رەنگە گەر بڵێین یادەوەری بوونی نەبووە هەڵە نەبین، چونکە هەمووی چەند ساڵێکی کەمە شۆرشی شێخ عوبەیدوڵای نەهری بەرپابووە، بەڵام بۆچی کورد بەشداری سوارەی حەمیدیە دەکات پاش نزیکەی (١١) ساڵێك؟ ئایا گەر کورد یادەوەری نەتەوەیی هەبوو بێت چۆن هۆشیاری ئەوەی نەبووە بەشداری سوارەی حەمیدیە نەکات؟ یاخود ئەوەی لەو دۆخە بەرهەم دێت بریتییە لەوەی کورد نەتەوەیەکی بێ یادەوەری بووە ئەگەرنا یادەوەری نەتەوەیی هەبووایە بەشداری نەدەکرد. ئەوەی تایبەتە بەکوردو نەتەوەخوازییەکەی، پێش هەر شتێك بەهۆی کولتوری ناوچەیی زمان-شێوەزاری ناوچەییەوە- بوونی خۆی وەك دیاردەیەکی سەربەخۆی ئیتنیکی- کولتوری پاراستووە. ئەمەش هێزێکی دیکەی بەسیستەم و کولتوری خێڵایەتی داوەو گیانی ناوچەگەریی بەهێزکردووە، چونکە پاراستنی کولتورەکەی بەشێك لەپێداویستی بابەتی مانەوەو خۆپاراستنی بووە(د.رەفیق سابیر، ٢٠٠٨: ٤٤). بەو پێیەی بەشێکی زۆر لەوانەی چوارچێوەیەکی تیۆری بۆ نەتەوەخوازی و ناسیۆنالیزم دیاریدەکەن لەسەر ئەوە کۆکن، کەناسیۆنالیزم پەیوەندییەکی راستەوخۆی بەو گۆڕان و پێشکەوتنە ئابووری و کولتوری و کۆمەڵایەتییانەوە هەیە، کە لەنیوەی دووەمی سەدەی هەژدەیەمدا لەئەوروپا روویاندا. بەواتایەکی تر ناسیۆنالیزم ئەنجامی راستەوخۆی رۆشنگەری و مۆدیرنیزمە، بەڵام کۆمەڵگەی کوردی رۆشنگەری و مۆدێرنیزمی تێدا روونەداوە تاهۆشیاری نەتەوەیی دروست ببێت(د.رەفیق سابیر، ٢٠٠٨: ٢٥-٢٦).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

بەپێی بنەمای دووەمی تێگەیشتنی رێنان بێت، دیسان ئێمە لەبەردەم گرفتی گەورەداین لەئاست بەشداری کورد لەسوارەی حەمیدیە، لەبەرئەوەی بنەمای دووەم، کەپێدادەگرێت لەسەر بریاردان و دڵنیاییکردنی بەردەوام و هەمیشەیی ئیرادەی بەیەکەوەژیان، خێڵی کوردی لەرابردوودا ویست و ئیرادەی بەیەکەوەژیانی نەبووە تائەو بەیەکەوەژیانە لەقۆناغی مێژوویی دواتردا بگۆرێت بۆ فۆرمی جیاوازتر لەخێڵ، ئیدی کۆنفیدراسیۆنی خێڵەکیی بێت یاخود دواتر نیشتەجێبوون و سەقامگیربوون لەجوگرافیایەکی دیاریکراودا بۆدروستکردنی شارنشینی و هێنانەکایەی دامو دەزگاو گۆرانکاری لەشێوەژیانی کۆمەڵایەتی و رژێمی ئابووریی، لەئابووری کشتوکاڵییەوە بۆ ئابووریی پیشەسازیی، بەپێچەوانەوە جگە لەوەی خێڵی کوردی ویستی بەیەکەوەژیانی نەبووە، هاوکات کولتورە خێڵەکییەکەشی بەردەوام کاری لەسەر بەجیاژیانی خێڵەکان کردووە، نەك یەکیان بخات و بەیەکەوەژیان دروست بکات. ئەمەش دیسان دەمانگێرێتەوە بۆ جیاوازی نەتەوەو خێڵ، چونکە جیاوازی خێڵ و نەتەوە جیاوازییە لەو هێزەدا، کەبەردەوامی بەبوونیان دەدات، لەناو خێڵدا هۆیەك هەیە بۆمانەوەی خێڵ وەك خێڵ و لەنەتەوەشدا هۆیەکی تر هەیە بۆمانەوەی نەتەوە وەك نەتەوە. هۆی مانەوەی خێڵ خوێن و کولتووری مییللییە، بەڵام هۆی مانەوەی نەتەوە تەنها کولتورێکی دروستکراوە(د.عرفان مستەفا، ٢٠١١: ٣٨٤). بۆیە خێڵی کوردی کاری لەسەر مانەوە لەفۆرمە خێڵایەتییەکەیدا کردووە نەك بگۆرێت بۆ فۆرمی نەتەوە تاویستی بەیەکەوەژیان بەرهەم بهێنێت. ئەمەش جارێکیتر پەیوەستە بەجیاوازی کولتوری کۆمەڵگەی کشتوکاڵییەوە، کەخێڵ بەرهەمی دەهێنێت و کولتوری کۆمەڵگەی پیشەسازیی، کەنەتەوە دروستکەرییەتی، لەبەرئەوەی کولتوری کۆمەڵگەی کشتوکاڵی پەیرەوی لەفرەیی و جیایی دەکات، بەڵام کولتوری کۆمەڵگەی پیشەسازی پەیرەوی لەکولتوری یەکبوون و بەیەکەوەژیان دەکات(د.عرفان مستەفا، ٢٠١١: ٣٨٥). بۆیەشە کورد بەشداری سوارەی حەمیدیە دەکات، چونکە تێگەیشتنەکەی هی کۆمەڵگەی کشتوکاڵییە، کەتەنها بەدوای بەرژەوەندی خێڵدا دەگەرێت، نەك هۆشیاریی کۆمەڵگەی پیشەسازی بێت، کە لەتەنیشت ویستی بەیەکەوەژیاندا، نەتەوەخوازیش بەرهەم بێت، کەهۆشیاری نەتەوەیی ببەخشێت، لەبەرئەوەی لەبنەرەتدا نەتەوەخوازیی بەشێکی جیانەکراوەی گۆرانی کۆمەڵگەیە جیاوازەکانە لەکۆمەڵگەی کشتوکاڵییەوە بۆ کۆمەڵگەی پیشەسازیی. چونکە نەتەوەخوازیی ئەو هێزەیە، کە لەناو پرۆسەی پەرەسەندنی کۆمەڵگەی پیشەسازییدا وەك پێداویستییەکی ئەو کۆمەڵگەیە سەرهەڵدەدات و کاری ئەوەیە بەکولتورە پیشەییەکەی کۆمەڵگەی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

پیشەسازیی نەفی هەموو ئەو کولتورە ناوچەییانە بکات، کەکولتوری کۆمەڵگەی کشتوکاڵین. ئەمەش لەپێناوی ئەوەدا تاجیاوازی کولتوری نەهێڵێت و هەموو ئەندامانی کۆمەڵگە ناوچەییەکانی کۆمەڵگە کشتوکاڵییەکە والێبکات، کەبتوانن بەیەکسانی ئەو کولتورە پیشەییە وەربگرن و لەو کۆت وپێوەندانە دەرباز ببن، کە لەکۆمەڵگە کشتوکاڵییەکەدا رێگەی لێدەگرن و فێری کولتورێکی تری جیاواز لەکولتورە ناوچەییەکەی خۆیان ببن(د.عرفان مستەفا، ٢٠١١: ٣٦٤). هاوکات خولیای نەتەوەخوازی کورد پێش گەشەکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی کەوتووە. هەروەك پێش پرۆسەی گواستنەوە لەرژێمی کشتوکاڵیی بۆ رژێمی پیشەسازیی کۆمەڵگەش کەوتووە. بۆیە خولیای نەتەوەخوازی کورد گوزارشت لەگۆڕانی کردەیی کۆمەڵایەتی، پەرەسەندنی سەرمایەداریی، یاخود کۆمەڵگەی مۆدێرن و...تاد، ناکات، بەڵکو بریتییە لەجۆرێك لەوەڵامدانەوەی کاریگەرییەکانی جیهانی دەوروبەری، لەو کارتێکەرانەش بریتی بوون لەریفۆرمەکانی دەوڵەتی عوسمانی، گەشەکردنی نەتەوەخوازی تورکیی، جەنگی کۆڵۆنیالیزم(فالح عبدالجبار، ٢٠٠٦: ٤٧٢-٤٧٣).

هەندێ بۆچوونی تر دەرکەوتن و گەڵاڵەبوونی نەتەوەخوازیی و ناسیۆنالیزم پەیوەست دەکەن بەبوونی پێشوەختی هۆشیاری نەتەوەییەوە، هۆشیاری نەتەوەییش لەقۆناغێکی دیاریکراوی پێشکەوتنی سیاسی و کولتوری و ئابوورییدا سەرهەڵدەدات، کاتێکیش هۆشیاری نەتەوەیی لەکۆمەڵگەدا سەرهەڵدەدات دەبێتە یەکێك لەهۆکارەکانی دەرکەوتنی ناسیۆنالیزم و مەرجە گرنگەکانی دروستبوونی نەتەوە. واتە بەپێی ئەم بۆچوونە هۆشیاری نەتەوەیی پێش مەرجی دروستبوونی نەتەوەخوازیی و ناسیۆنالیزم و نەتەوەشە واتە تا هۆشیاری نەبێت نەتەوەخوازی بوونی نابێت. بەڵام دیسان بەپێی ئەم بۆچوونەش سەبارەت بەکوردو بەشداری سوارەی حەمیدیەو کوشتاری ئەرمەن گرفت ئامێزە، چونکە کۆمەڵگەی کوردی لەبەرئەوەی کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵی و سیستەمێکی خێڵەکی بووە نەیتوانیوە پێشکەوتنی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بەخۆوە ببینێت. هۆشیاری نەتەوەییش ئەو هەست و بیرو ئاگایی و شێوانەی خۆناسینە، کەکۆمەڵە خەڵکێك لەبارەی بوونی بابەتییانەی خۆی، وەك دیاردەیەکی تایبەتمەندو بەجیا هەڵکەوتوو لای دروست دەبێت و بەرهەمی بێداربوونەوەی نەتەوەیی و ئاڵوگۆڕی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوری و پرۆسەی دروستبوونی نەتەوەیە(د.رەفیق سابیر، ٢٠٠٨: ١٥١،١٥٥)

ئەوەی پەیوەندی بەکەمی هۆشیاری نەتەوەیی کوردەوە هەیە لەدروستکردنی سوارەی حەمیدیەو بەشداری کوشتاری ئەرمەندا ئەوەیە، کە هەندێکیتر دروستکردنی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکولینێن کوردی

نەتەوەو هۆشـــیاری نەتەوەیی پەیوەســـت دەکەن بەگەشـــەکردنی ناســـیۆنالیزم و بوونی دەوڵەتی نەتەوەییەوە، بەو پێیەی نەتەوەو هۆشـــیاری نەتەوەیی دوای دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی دروســـت دەبێت و ئەرکی دەوڵەتی نەتەوەییە، نەتەوەکە دروســـت بکات و دواتر هۆشـــیـــاری نەتەوەییش بەرهەم بهێنێت. هۆکـــاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە، کەناسیۆنالیزم خۆی سیستەمێکی هزرییەو لەسەر بنچینەی بارودۆخێکی بابەتی بوونی گروپێکی ئەتنیکی، نەتەوە، کەزمان و کولتورو مێژوو هەســـتی هاوبەشـــیان هەیە ســـەرهەڵـدەدات بۆئەوەی نرخ و بەرژەوەنـدی نەتەوەکە لەبەرامبەر نرخ و بەرژەوەنـدی نەتەوەیەکی دیکەدا بەرزترو گرنگتر رابگرێت و بەرژەوەندی بەرزی نەتەوەیی لەرێگای سیاسەتێکی نەتەوەیی سەربەخۆوە دابین بکات، دابینکردنی ئەم سیاسەتەش دەخوازێت، کە ئەو چوارچێوە جوگرافییەی نەتەوەکەی تێدا دەژێت کۆنترۆڵ بکرێت واتا دەوڵەتی نەتەوەیی دابمەزرێنێت(د.رەفیق ســـابیر، ٢٠١٤: ٨١-٨٢). جیا لەوەی ناســـیۆنالیزم رەوایی و پێناســی خۆی لەزمان و کولتورێکەوە وەردەگرێت، کەکۆمەڵە خەڵکێکی دیاریکراو لەمێژووی خۆیـانـدا هێنـاویـانەتە بەرهەم و بەهۆیەوە توانیویـانە زەمینەی پێکەوەژیـانی هاوبەش دروســـت بکەن و دەخوازێت ماناو ناوەڕۆکێکی ســـیاســـی بەو کولتورە بدات و پێیوایە پێنـاســـی کولتوری تەنهـا لەرێگـای دامەزرانـدنی دەوڵەتی نەتەوەیی، یـان خۆحکومڕانیکردنەوە بەرجەستە بکات(د.رەفیق سابیر، ٢٠٠٨: ٨-٩)، بەڵام گەر بڕوانینە ساتەوەختی بەشداری کورد لەسوارەی حەمیدیەدا تێبینی نائامادەیی هۆشیاری نەتەوەیی دەکەین، چونکە بەپێی ئەم بۆچوونە بێت لەوکاتەدا هۆشیاری بەرزراگرتنی بەرژەوەندی نەتەوەی کورد لەبەرامبەر نەتەوەی عوســمانیدا لەپێشــچاو نەگیراوە، چونکە چەمکی عوسمانیگەرایی یاخود عوسمانیزم چوارچێوەیەك بووە بۆ پێکهێنانی نەتەوەی عوسمانی لەتەواوی گروپە ئەتنیکییەکانی دانیشتووانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا(ئومێد ئووزەر، ٢٠١٥: ١٤٠). بۆیە بیرکردنەوەکە بیرکردنەوەی ناسیۆنالیزم نەبووە، بەڵکو بیرکردنەوەی خێڵ بووە، کەبەرژەوەندی خێڵایەتی بەهەند وەرگرتووە. بۆیە کاتێك نەتەوە بوونی نەبێ بەو تێگەیشـــتنانەی لەپێشـــەوە باســـمانکرد ئەوکاتە ناســـیۆنالیزمیش بوونی نابێت، کەناسیۆنالیزمیش بوونی نەبێت ئەوکاتە شتێك بەناوی هۆشیاری نەتەوەیی بوونی نابێت تا بەشـــداری ســـوارەی حەمیدیەو کوشـــتاری ئەرمەن نەکات، بەڵکو ئەوەی زاڵدەبێت بەرژەوەندی خێڵ و تێگەیشـــتنی خێڵە بۆ پارێزگاریکردن لەمانەوەی خۆی نەك نەتەوە. لەلایەکیتریشـــەوە پەیڕەوکردنی بیری عوســـمانیزم و چەمکی عوســـمانیی بۆهەموو هاوڵاتیانی نەتەوەکان، بەجۆرێ وشـــەی عوســـمانیی هەمەلایەنە بووە بۆهەموو توخم و



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

میللەتـان بەکـاردەهـات بەمەبەسـتی سـڕکردنی دەمـاری نەتەوەیی و هەسـتی نەتەوەیی(د.عەبدولفەتاح بۆتانی، ٢٠٠٦: ٥٨).

گەر لەروانگەی ئەو دیدو بۆچوونانەشـەوە بڕوانین بەشـداری کورد لەسـوارەی حەمیدیەو کوشتاری ئەرمەن، کەپێیانوایە ناسیۆنالیزم پشت فاکتەری زمان دەبەستێت، ئەوا بەروانین بۆ کۆمەڵگەی کوردی لەقۆناغە جیاوازەکانی سەرجەمی میرنشینەکاندا بەتایبەت، تێبینی ئەوە دەکەین، کەزمان وەك پێویست یارمەتی گەشـەکردنی هۆشیاری نەتەوەیی نەداوە بەرەو ناسیۆنالیزم، چونکە لەبری بەرهەمهێنانی زمانێکی یەکگرتووی کوردی، شێوەزارەکانی دروستکردووە. سەرباری ئەوەی لێکداپچڕاوو یەکگرتوو نەبوون، هاوکات گەشـەکردنی شـێوەزارەکانیش لەسـەردەمی هەر میرنشـینێکدا بەجۆرێ گەشـەیکردووە، کەدەسـەڵاتدارانی عوسمانی و ئێرانی نەیانهێشتووە زۆر گەشە بکات، کەببێتە مایەی بەهێزی کولتوریی، کە لەدەرەوەی سنوری جوگرافیای میرنشـینەکەدا بچەسـپێ و هۆشیاری نەتەوەیی دروست بکات. بۆنموونە زمانی کوردی لەسـەدەی شازدە تاناوەڕاستی سـەدەی نۆزدە بەسێ شـێوەزار هەوڵیداوە گەشـە بکات، بەڵام سـەرکەوتوو نەبووە، بەجۆرێ لەسـەدەی ١٦ لەسـایەی میرنشینی بۆتاندا شێوەزاری گرمانجی دەرکەوت و مەلای جزیری و عەلی هەریری و ئەحمەدی خانی بەو زمانە شیعریان نوسیوە، بەڵام دواتر دەسـەڵاتدارانی عوسـمانی رێگەی گەشـەکردنیان لێگرتووە. بەهەمان شـێوە لەسـەدەی حەڤدەو سەرەتای سەدەی هەژدە شێوەزاری گۆرانی لەناوچەیەکی دیکەی کوردستاندا و رۆژهەڵاتی کوردسـتاندا لەسـایەی دەسـەڵاتی میرنشـینی ئەردەڵاندا لەرێگەی شـیعرەوە دەرکەوت و مەولەوی و بێسـارانی و خانای قوبادی،...تاد، بەم زمانە ئەدەبییە شـیعریان نووسـیوە، بەڵام دواتر لەسـەرەتای سـەدەی نۆزدە لاواز بووەو ئەو گەشـەکردنە درێژەی نەکێشاوە تایارمەتی گەلاڵەبوونی هۆشیاری نەتەوەیی بدات. دواجار لەباشووری کوردستان و لەسەردەمی میرنشینی باباندا شێوەزارێکی دیکەی کوردی، کەشاعیرانی وەك نالی و سالم و کوردی و مەولانا خالیدی شارەزووری شیعریان پێنوسـیوە، بەڵام ئەویش دیسان دەرفەتی گەشـەکردنی بەجۆرێ نەبووە، کەببێتە مایەی دروسـتبوونی هۆشـیاری نەتەوەیی لەفۆرمی نـاسـیۆنـالیزمـدا سـەرباری کـاریگەری گەورەو کـاراییـان لەهەسـتی نەتەوەییـدا(د.رەفیق سـابیر، ٢٠٠٨: ٤٠-٤١). لەلایەکیترەوە شـێوەزارە کوردییەکان وادەرکەوتون، کەپارێزگاری لەشـوناسـی کوردبوونی خۆیان لەو ئاسـتەدا بکەن، کەبەشـێکی پێکهێنەری زمانی کوردین، نەك ببنە تاکە نوێنەری زمانی کوردی و گەشـە بەخۆیان بدەن تاببنە زمانێکی یەکگرتوو یارمەتی بەرهەمهێنانی هۆشـیاری نەتەوەیی بدەن، سـەرەڕای ئەوەی دەسـەڵاتی سیاسـی میرنشـینە کوردییەکانیش،



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

کەشــــێوەزارەکە لەئەدەبیـاتی میرنشـــینەکەیـاندا رەنگیـداوەتەوە نەیـانویســـتووە شـێوەزارەکەیان بەرزبکەنەوە بۆئاسـتی زمانی یەکگرتووی کوردیی(د.عرفان مسـتەفا، ٢٠١١: ٥٣٩-٥٤٠)، بەو پێیەی بیرکردنەوە خێڵەکی و هۆزگەراییەکە بەسـەر بیرکردنەوە سیاسـییەکەشـدا زاڵبووەو کەسـیان نە بەخواییشـت و نەبەتۆپزی دەسـەڵاتی میرنشـینە کوردییە دراوسـێکەی خۆی قبوڵ نەبووە. بەم شـێوەیە کورد بەر لەهەر شـتێك بەهۆی کولتوری ناوچەیی و زمان(شـێوەزارەکان)یەوە بوونی خۆی وەك دیاردەیەکی سـەربەخۆی ئیتنیکی- کولتوریی پاراسـتووە، ئەمەش هێزێکی دیکەی بەسـیسـتەم و کولتوری خێڵایەتی داوە، گیانی ناوچەگەری و شـێوەزارپەرەوەریی بەهێزکردووە. بۆیە پرۆسـەیەکی لەمجۆرە زەمینەی مانەوەو چەقین لەناو کولتوری رابردوودا خۆش دەکات و لەهەمانکاتدا دەرفەتی گۆڕانکاری و کارلێکردنی پۆزەتیڤانەی کولتوری و وەرگرتنی شـتی نوی کەمدەکاتەوە(د.رەفیق سابیر، ٢٠٠٨: ٤٢). بۆیە لەدۆخێکی وادا زمان ناتوانێ یارمەتیدەری گەشـەکردن و گەلاڵەبوونی هۆشـیاری نەتەوەیی بێت بەئاراسـتەی بریاردان و دەسـتنیشـانکردنی بەشداریکردن یاخود نەکرد لەپرسـێکی هەسـتیاری وەك سـوارەی حەمیدیەو کوشتاری ئەرمەندا.

## تەوەری سێیەم/ کوردو سوارەی حەمیدیە لەروانگەی ئایین و هۆشیاری ئایینییەوە

بەشێکی تر لەو گرفتانەی بەشداری کورد لەدروستکردنی سوارەی حەمیدیەو کوشـتاری ئەرمەندا پەیوەندی بەخودی ئایین خۆی و دواتر هۆشـیاری و تێگەیشـتن و هەژموونی بیرکردنەوەی ئایینییەوە هەیە، چونکە ئەو کارایی و کاریگەرییەی ئایین دروسـتی دەکات هیچی کەمتر نییە لەکارایی و کاریگەری خێڵ، لەبەرئەوەی ئاوێتەکردنی سـوارەی حەمیدیەو گرێدانی بەبیری پان-ئیسـلامیزمەوە، کەخاڵی جەوهەری ئایدۆلۆجیاکە سـۆزی ئایینی بوو، گەیاندنی پەیامێکی ئایینی بوو بەوەی جیهـانی ئیسـلامی و دەوڵەتی عوسـمـانی لەبەردەمی مەترسـی داگیرکەرانی بیانیدایە(د.عەبدولفەتاح بۆتانی، ٢٠٠٦: ٥٨)، لەبەرئەوەی بەشـێك لەباکگراوندو پاسـاوی بەشـداری هەندێ لەخێڵە کوردییەکان ئایینی بوو بەوەی ئەرمەنەکان مەسـیحین، سـەرباری ئەوەی بەشـێکی هۆکاری ئەو کوشـتارەش بەر ئەرمەنەکان خۆیان دەکەوێت، چونکە جگەلەوەی رووسـەکان هـانیان دەدان، بەڵام ئەوانیش درێغییان نەکردووە لەپەلامـاردانی نـاوچە کوردنشـینەکانی نزیکیان یـاخود ئەو ویلایەتـانەی، کەدانیشتووانەکەی هاوبەش بوو لەنێوان کوردو ئەرمەنداو لەبنەڕەتدا ئەرمەنەکان بوونە ئامرازی دەسـتی روسـیا بۆ دەسـتوەردان لەناوچەکانی ئاسـیای بچووك(کۆمیتەی سەربەخۆیی کورد، ٢٠٠٩: ٣٨).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

بەهەرحاڵ چەمکی ئایین بۆخۆی چەمکێکی ئاڵۆزەو فرە مانایەو بریتییە لە:"گەردنکەچی و شوێنکەوتەیی و فەرمانبەرداریی، یاخود ناوێکە بۆ گشت ئەوەی مرۆڤ بەهۆیەوە خودای پێدەپەرستێت". یان ئەوەی ئایین واتە"سزاو پاداشت، ئیسلام، پەرستن، فەرمانڕەوایی ، ڕێ و شوێن دانان، یەکتاپەرستیی، لێپێچینەوە، زاڵبوون، دەسەڵاتداریی، گوێڕایەڵی و ملکەچیی"(موسڵیح ئیروانی، ۲۰۰۳: ۱۷). هەموو ئەمانە دەشێ مانای ئایین بن. هەربۆیە بیرکردنەوەو تێگەیشتن و هۆشیاری ئایینی سەرەتا لەم پێناسەو ماناو چەمکانەوە بەرهەم دێن و دواتر لەگەڵ پێدراوو بابەتەکانی تر لەژیاندا کارلێك دەکەن و جۆرێك لەبیرکردنەوەو بڕیاردان بەرهەم دەهێنن و مرۆڤ دەکەوێتە ژێر کاریگەری و گوێڕایەڵییانەوە. هەروەك دەکرێ ئایین بریتی بێت لەسیستەمێکی بیروباوەڕو تێڕوانین، کە ڕەفتاری ئەندامانی کۆمەڵگە هەڵدەسوڕێنێ و ئاراستەیان دەکات، هەروەها هەوڵدەدات پێداویستییە مەعنەوییەکانی کۆمەڵگە دەستەبەر بکات. ئەم سیستەمەش پشت بەهێزێکی بەدەرئاسا دەبەستێت. ئیسلامیش وەك ئایینێکی ئاسمانی گەورە ڕەهەندێکی کولتوری هەیەو ناسنامەی تاك و کۆمەڵگە دەستنیشان دەکات و ئاراستەی هزری و بیروباوەڕییان دەکات(موسڵیح ئیروانی، ۲۰۰۳: ۲٤).

ئەوەی لەم توێژینەوەی ئێمەدا گرنگە بریتییە لەسۆسیۆلۆجیای ئایین و ئەو تێگەیشتن و هۆشیارییەی ئایین دروستی دەکات بۆ مرۆڤ، یاخود ئەو ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەی ئایین لەسەر بیرکردنەوەو هەست و هۆشی خەڵك جێیدەهێڵێت، چونکە پێکهێنانی سوارەی حەمیدیە لەلایەن خودی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمەوە ڕاستە پەنابردنی ئەو بوو بۆ ئامرازە کلاسیکییە کۆمەڵایەتی و سەربازییەکان بەتایبەت لەسەر شێوازی تیپە قۆزاقەکان، کەروسیا پێشتر دروستیکردبوون بۆتێکشکاندنی هێرش و پەلاماری نەیارەکانی(م.ڕەسول هاوار، ۲۰۰۰: ۳۹٦-۳۹۷)، بەڵام لەبنەڕەتدا قۆستنەوەی دەرفەتی بەکارهێنانی سۆزی ئایینی و تێگەیشتن و هۆشیاری ئایینی خۆی و کوردو گەلانی مسوڵمانی ژێر سایەی ئیمپراتۆریەتەکەی بوو بەبەرەنگاربوونەوەی مەترسییە ناوەکییەکان، بەتایبەت گەشەکردنی هەستی نەتەوەخوازی ئەرمەنەکان(رسول شمخی جبر، ۲۰۱۰: ۱۲۳)، بەو پێیەی سوڵتان عەبدولحەمید موخاتەبەی چینێکی هەستیاری کۆمەڵگەی کوردی دەکات، کەخێڵەکانن، واتە ڕەنگە ئەو پرسیارە لێرەدا دروست ببێت بۆچی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم خێڵ و سەرۆك خێڵەکان دەستنیشان دەکات، کەسوارەی حەمیدیان لێدروست بکات؟ بەدەر لەتوانای مرۆیی و سروشتی شەڕکردنی هۆزەکان و شوێنی جوگرافیاو نیشتەجێبوونی خێڵە کوردییەکان، بەڵام پەیوەندی بەوەوەشەوە هەیە، کەخێڵ و سەرۆك خێڵەکان جگە لەوەی تێڕوانینی خۆیان بۆ

بەرژەوەندی تایبەتی خێڵایەتی خۆیان هەبوو، هاوکات پەیوەندی بەو خاڵەشەوە هەبوو، کە ئەوان خاوەنی هۆشیاری نەتەوەیی نەبوون، هۆشیاری نەتەوەیی بەو مانایەی، کەبەرژەوەندی نەتەوەی کورد بخەنە پێش بەرژەوەندی خێڵایەتی خۆیان و دەوڵەتی عوسمانییەوە. ئێمە لەپێشتردا ئەوەمان روونکردەوە، کەخێڵ توانای بەرهەمهێنانی هۆشیاری نەتەوەیی نییە، چونکە سروشتی پێکهاتنی خێڵ و روانین و تایبەتمەندییەکانی ئەوەی بەسەردا سەپاندووە، هاوکات لەو ساتەوەختە مێژووییەدا کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەی خێڵەکان بووە، کەپێشتر کۆمەڵگەی میرنشینەکان بووە، هەمووی نزیکەی پەنجا ساڵێك بووە دوایین میرنشین کۆتاییهاتووە. لەو قۆناغە مێژووییەشدا گۆڕانکاری گەورەی ئابووریی و سیاسیی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی وا رووینەداوە تائاستی کۆمەڵگەی کوردی بباتە ئاستێکی بەرزی تێگەیشتن و هۆشیارییەوەو بگرە بارودۆخی کوردستان لەهەموو بوارێکەوە زۆر خراپ بووە(د.عبدالرؤوف سنو، ١٩٩٨: ١١٦-١١٧). لەهەلومەرجێکی وادا خێڵە کوردییەکان باشترین نێچیری داوی ئەم سۆزو عاتیفە ئاینییەبوون، کەبوونە پارێزەرو پاسەوانی سنوورەکانی دەوڵەتی عوسمانی و بەشێکیان بەشداری کوشتاری ئەرمەنیان کرد.

بۆیە سۆسیۆلۆجیای ئایینی یارمەتیدەر دەبێت لەوەدا، کەبیروباوەڕێکی تایبەت دەبێتە جێی پەسەندی خەڵك و دواجار بڕواهێنانی خەڵك. هەروەك سۆسیۆلۆجیای ئایین بایەخ بەتێگەیشتنی عامەی خەڵك دەدات(موسلێح ئیروانی، ٢٠٠٣: ٤١-٤٢). لەم روانگەشەوە سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم کاتێك بایەخی بەبڵاوکردنەوەی بیری پان-ئیسلامیزم دا لەو خاڵەوە بووە، کە وەك بەشێك لەبیرکردنەوەی ئایینی بوو بۆ عامەی مسوڵمانانی دەوڵەتەکە، کەئەرك و پابەندبوونێکی ئایینیانە فەرز دەکات بەسەر نەتەوە مسوڵمانەکانی ژێر سایەی دەوڵەتی عوسمانی، کەبەرگریکردن لەو قەوارەیە وەك بەرگری لەقەوارەیەکی ئایینی بزانن، لەبەرئەوەی بیری پان-ئیسلامیزم گوزارشتی لەهۆشیارییەکی ئایینی دەکرد لەبەرامبەر ئەو مەترسیانەی روویکردبووە دەوڵەتی عوسمانی وەك دەوڵەتێکی ئیسلامیی(عبداللطیف مشرف، ٢٠٢٢: ٥-٦). نەتەوە سەردەستەکانی ناو ئەو دەوڵەتانەی کوردیان تێدا ژیاوە زۆرجار چەمکی برایەتی ئیسلامییان پەرەپێدەداو چەمکی گوێڕایەڵی و شوێنکەوتنیان وەك ئامرازێك بەکاردەهێنا، بەوپێیەی هەر بیرکردنەوەیەك لەدەرەوەی ئەو برایەتییە ئایینییە بەدژە ئایین لێکدراوەتەوە، لەکاتێکدا خۆیان نەتەوەی سەردەست بوون(د.عەبدولفەتاح بۆتانی، ٢٠٠٦: ٥٩). زۆرجار نەتەوە سەردەستەکان لەژێر کاریگەری تێگەیشتنی ئایینی و برایەتی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ئیسلامی و هاوئاییندا شەڕی نەتەوەکانی بالکان و ئەرمەنیان بەکورد کردووە(د.رەفیق سابیر، ٢٠٠٨: ١٣٤).

بەشێکی تری کارایی و کاریگەری بیرکردنەوەو تێگەیشتنی ئایینی پەیوەندی بەدۆخی کوردەوە هەبوو، بەجۆرێ تاسەرەتاکانی سەدەی بیستەم رەعیەت و دەستەبژێری سەربازی و بیرۆکراسیی عوسمانی بوون، کەجۆرێك لەئیتنیکی (ئەرستۆکراتی-ئاسۆیی)یان پێکهێنابوو، بەشێوەیەك زمانی عوسمانی و جۆرێك لەدەوڵەتگەرایی لەئیسلامی سوننی و بەتایبەت گیانی عوسمانیزم یەکیخستبوون(مارتن فان برونسن، ٢٠١٥: ٥٣). سەختە بەئاسانی باس لەوە بکەین، کەبۆچی هەم چەمك و بیری عوسمانیزم و هەم بیرکردنەوەی ئایینی و ئیسلامی لەژێر سایەی دەوڵەتی عوسمانی بەسەر کورددا زاڵبووە بەگشتی و بەتایبەتیش لەمەسەلەی سوارەی حەمیدیەو دامەزراندنی قوتابخانەی خێڵەکان و بیری پان-ئیسلامیزمدا، چونکە هۆکارێکی تر مێژووکردە، لەبەرئەوەی هەژموونی دەسەڵاتی کولتوری سیاسی و ئایینی ئەو دەوڵەتە بەسەر کوردو کوردستاندا لەجەنگی چاڵدێرانەوە لەساڵی ١٥١٤ تاکۆتایی سەدەی نۆزدە نزیکەی (٤٠٠) چوار سەد ساڵ بووە، ئەم کاریگەرییەش لەڕووی هەستی ئایینی و هەستی مەزهەبگەراییشەوە کەم نەبووە، چونکە ململانێی عوسمانی-سەفەوی لەکوردستان و کاریگەری لەسەر ناوچە کوردنشینەکان تەنها ململانێیەکی سیاسی و ئابووریی نەبووە، هێندەی ئەوەی ملمیلانێی مەزهەبی بووە لەنێوان هەردوو ئایینزایی سوننەو شیعەداو و رۆڵی هەبووە لەرێگرتن و کۆسپ دانان لەبەردەم گەشەکردن و دواکەوتنی بڵاوبوونەوەی هەستی نەتەوەییدا(د.عەبدولفەتاح بۆتانی، ٢٠٠٦: ٥٦). هاوکات سەختە وا خەیاڵ بکەین، کەدامەزراوەی ناوەندی ئایینی (ئیدی پلەی ناوەندییەکەی هەرچەند بێت) بەبێ دیسکۆرسێکی تۆتالیتاریی و بەبێ تەرکیزکردن لەسەر رەگەزی تۆتالیتاری لەباوەڕی ئاییندا، بەدیاریکراویش لەئایینی ئیسلامدا، کەئاراستەی هەموو مسوڵمانان کراوەو هەموو مرۆڤێك وەك بەندەی پەروەردگارەکەی. بۆیە بەبێ تەرکیزکردنی سیاسیی لەسەر نموونەی ئەو تۆتالیتارییەتە، شەرعییەتی فەرمانڕەوایی عوسمانی و قاجارەکان لەپێشچاوی هەموو رەعیەتە مسوڵمانەکان وەك تۆز بەحەوایا دەچوو. وەك (بینیدیکت ئەندرسۆن) گوزارشتی لێدەکات، کە"هەموو گروپە کلاسیکییە مەزنەکان خۆیان بەناوەندی گەردون داناوە بەهۆی بوونی زمانێکی پیرۆز، کەپەیوەندی بەسیستەمی دەسەڵاتێکی سەروو مرۆڤەوە هەیە"(فالح عبدالجبار، ٢٠٠٦: ٤٦٨). ئەوەی تایبەت بوو بەمیرنشینە کوردییەکانیش تابەر لەجێبەجێکردنی دەسەڵاتی ناوەندێتی نیمچە سەربەخۆییەکیان هەبوو لەبەرامبەر ئینتیماو خزمەتیان بەدەوڵەتی عوسمانی و



Zakho Centre
for Kurdish Studies
(٢) حاجی بەدری سندی ل سالا ١٨٧٠ ێ ل گوندێ سپیندارۆكێ رۆژھەلاتا زاخۆ ژ دایك بوویە، بەدری ناڤێ دایكا وی بوو كو دبیتە كچا مامێ عەبدی ئاغا سندی پسئاغا (السندي،٢٠٠٥، ٧٣)، ل سالا ١٩٤٦ ێ ژ بەر كێشەیەكێ دناڤبەرا بنەمالا حاجی بەدری و گولیان دا حاجی بەدری ژلایێ مەزنێ عەشیرەتا گولیان (حاجی سادق برو گولی) (١٨٨٠- ١٩٦٧) ڤە ھاتبوو كوشتن (العزاوي،١٩٥٦، ٣٦٥).

# عشيرة السندي في زاخو في عهد الدولة العثمانية

## دراسة تاريخية

**الملخص:**

تعد العشائر الكردية بشكل عام التكوين الرئيسي للامارة الكردية في العصر الحديث و كان لهذه العشائر دوراً مهماً في حماية و توسيع حدود هذة الإمارات، وعند تأسيس الإمارات الكردية اجتمعت العشائر الكردية تحت سيطرتها، ومن الإمارات التي كانت ذات نفوذ واسع أمارة بهدينان و عشيرة السندي من العشائر الرئيسية في هذه الامارة، كما يتبين من المصادر التاريخية والوثائق العثمانية الدور الرئيس لهذه العشيرة اثناء فترة حكم امارة بهدينان. والدورهم الرئيس في امارة بهدينان فقد كان يطلق على سنجق زاخو في بعض الاحيان بالسندي –سليمانى او امارة سندىان، وكان سنجق زاخو من جانب الادارة الداخلية تتمتع بأدارة مستقلة.

وتأتي أهمية هذه البحث في دراسةً تاريخية لعشيرة السندي و توضيح دورهم التاريخي التي يعد الهدف الرئيس لهذا الدراسة فضلاً عن ذكر أهمية وجود العشائر و الإمارات من الناحية القومية في عهد الدولة العثمانية. وأن هذه الإمارات أستطاعت حماية الأراضي الكردية على الرغم من أرتباطها بالدولة العثمانية والوقوف بجانبها في أوقات الحرب مع ذلك كانت مستقلة بشكل كامل من الجانب الإداري.

ومن جانب أخر فقد ذكر في كتاب الشرفنامه أهم نواحي أمارة بهدينان وهي ناحية زاخو كما تطرق في كتابه ذكر العشائر التي كانت تسكن في هذه الناحية و من أهمها عشيرة السندي ولذلك السبب فقد كان الناس يطلق على زاخو وبلاية السنديان.

ومن خلال هذه الدراسة حاولت الباحثة أظهار دور عشيرة السندي في أمارة بهدينان خلال فترة عهد الدولة العثمانية و بالأعتماد على العديد من المصادر التاريخية كالوثائق العثمانية وكذلك كتاب الشرفناما والى جانب العديد من المصادر العلمية الأخرى. أما المنهج المعتمد في كتابة هذه الدراسة هو المنهج البحث التاريخي القائم على جمع المعلومات و تحليلها من مصادرها الاصلية، واتباع المنهج العلمي في عرض الأفكار والمواضيع التي تناولها هذا البحث.

**الكلمات الدالة:** *عشيرة السندي، سنجق زاخو، أمارة بهدينان، أمير العمادية، الدولة العثمانية.*

Sindi Tribe in Zakho During the Ottoman Empire

A Historical Study


## Abstract:

Kurdish tribes were generally considered the major components of the Kurdish emirates. They played a significant role in expanding and protecting the political borders of the Kurdish emirates. After the establishment of the Kurdish emirates, Kurdish tribes gathered under the reign of emirates. One of the largest and most powerful Kurdish emirates was Bahdinan emirate. Sindi was the major tribe who contributes in the establishment of this emirate. According to historical and Ottoman documents and sources, Sindi tribe had a noticeable role in the Bahdinan emirate in terms of governance. Zakho, as one of the Bahdinan emirate territories.

The value of this study to historically highlight the nationalist role of this tribe and their significant contribution to the establishment of Kurdish emirates as well as in the Ottoman Empire as they protected the Kurdish territories during the emirate's reigns. In fact, these emirates were under the reign of the Ottoman Empire, yet Kurdish tribes, especially Sindi tribe, had run their administration by themselves for hereditary and property in Kurdish territories in Bahdinan emirate.

Badlisi in his Sharafname mentions that among many Kurdish resided districts in Bahdinan emirate, Zakho was the most prominent one and Sindi tribe was the biggest and the most important tribe in the area. Therefore, Zakho was often mentioned as the province of Sindi tribe.

Some books that studied the orient life have mentioned Sindi tribe; to give an example, W A Wigram and Edgar T I have talked about Abdi Agha and the power he owned in Zakho. They also mentioned that there were two prominent figues in that region had helped to bring stability to the region which showed the strength and impact that tribe leaders and aghas had in that era.

This paper investigates to highlight the significant role of Sindi tribe in Bahdinan emirate during the Ottoman Empire. Orientalists' books, Sharafnama, Ottoman Empire documents, and historical books and data serve as sources of this study. This paper uses the historical approach.



**Keywords:** *Sindi tribe, Zakho district, Bahdinan emirate, The Emir of Amedi, Ottoman Empire*

Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

# عەشیرەتە کوردییەکانی کوردستانی باکوور لە ڕوانگەی زیا گۆیکاڵپەوە

م. هـ. حمزە محمد صالح
کۆمەڵناسی- سەباح الدین زەعیم- ئیستەمبۆل/ تورکیا

**پوختە**

عەشـــیرەت، پێکهاتەی ســـەرەکی بونیادی کۆمەڵگەی کوردییە، هەر بۆیە زۆرێک لەو لێکۆڵەرە ناوخۆیی و بیانیانەی کە لێکۆڵینەوەیان لە کۆمەڵگەی کوردی کردووە، باســـیان لەم پێکاتە کردووە، زیا گۆیکاڵپیش یەکێک لەو لێکۆڵەرە بیانیانەی کە لێکۆڵینەوەی لە بونیادی عەشـیرەت و عەشـەیرەتگەرایی لە کۆمەڵگەی کوردیدا کرووە. گۆیکاڵپ زۆرینەی لێکۆڵینەوەکانی بە مەبەست و ئامانجی سیاسی ئەنجامدراون.هەر پەیوەست بەم باسەوە گۆیکاڵپ چەندین بابەت و لێکۆڵینەوەی لەسەر کورد و بونیادی عەشـــیرەت لە کۆمەڵگەی کوردیدا هەیە. لە لێکۆڵینەوەکانیدا بە ڕوونی ئەوەی بەرچاو دەکەوێت کە کوردی وەکوو نەتەوە نەناســـاندووە، بەڵکوو لە چوارچێوەی نەتەوەی تورکدا ئـامـاژەی بۆ کردووە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشـــدا لە هیچ شـــوێنێکـدا ئینکـاری بنەڕەتی کوردی نەکردووە، یەکێـک لە گرنگترین لێکۆڵینەوەکانی زیا گۆیکاڵپ، بریتییە لە (لێکۆڵینەوەیەکی کۆمەڵناسیانە لەسـەر عەشـیرەتە کوردییەکان). گۆیکاڵپ ئەم لێکۆڵینەوەی لەســـەر داوای بەرپرســـانی ئەو کـاتەی تورکیـا، بە مەبەســـتی کۆکردنەوەی زانیـاری بەشـــێوەیەکی مەیـدانی لەســـەرعەشـــیرەتە کوردییەکانی باکووری کوردســـتان ئەنجامداوە. گۆیکاڵپ لەم لێکۆڵینەوەدا بە دیاریکراوی بە دوای وەڵامی یەک پرسیاری سەرەکیدا گەڕاوە، ئەویش ئەوەیە کە بۆچی تاوەکو ئێسـتا عەشـیرەتە کوردییەکان ژیانێکی سـەرەتاییان هەیە و گەشەیان نەسەندووە؟ گۆیکاڵپ بەشێوەیەکی گشتی عەشیرەتە کوردییەکان بەسەر عەشـیرەتە سـەرەتاییەکان وعەشـیرەتە پێشـکەوتووەکاندا دابەش دەکات، کە پێی وایە ڕێژەیەکی زۆر کەم لە عەشـــیرەتەکان توانیویانە واز لە ژیانی ســـەرەتاییی عەشـــایەریی بهێنن، ئەمەشـی بۆ دوو هۆکاری جوگرافی وەکوو نزیکی و ژیانیان لەگەڵ عەشـیرەتە عەرەبەکان و ژیانیان لە ناو شـــاخەکاندا گەڕاندۆتەوە. گۆیکاڵپ دەڵێت بۆ ئەوەی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

عەشـــیرەتە کوردییەکان واز لە ژیانی عەشـــایەیی و ســـەرەتاییی بهێنن و پێش بکەون، پێویســـتە لە خۆیان لە عەشـــیرەتە عەرەبەکان بە دوور بکەونەوە و لە شـــاخەکان بێنە خوارەوە بۆ دەشتەکان.

**پەیڤێن سەرەکی:** *زیا گوێکاڵپ، کورد، عەشیرەت، بونیادی عەشیرەت، عەشیرەتگەری*

**پێشەکی:**

عەشیرەت و عەشـیرەتگەرایی یەکێکە لە بنەما سـەرەکییەکانی پێکهاتەی کۆمەڵگەی کوردی. هەربۆیە کاتێک لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵگەی کوردی دەکرێت، پێویستە پێش هەموو شتێک لێکۆڵینەوە لە بونیادی عەشیرەت لە کۆمەڵگەی کوردیدا بکرێت. لەم ڕوانگەوە زۆرێـک لەو لێکۆڵەرە نـاوخۆیی و بیـانیـانەی لیکۆڵینەوەیـانلە کۆمەڵگەی کوردی کردووە، بەشـێوەیەکی سـەرەکی باسـیان لە بونیادی عەشـیرەت کردووە. ئەو لیکۆلینەوەانەی ئەنجـامـدراون لە ڕوانگەی ســیـاســی، ئـابووری، کۆمەڵایەتییەوە ئەنجـامـدراوە. هەنـدێـک لە لێکۆڵەران لە ڕوانگەیەکی ئەرێنییەوە باســیان لە بوونی عەشــیرەت لە کۆمەڵگەی کوردیدا کردووە، هەندێکی دیکەیان باسـیان لەو نەهامەتیان کردووە بەهۆی عەشـیرەت و عەشـیرەتگەراییەوە ڕووبەڕووی کورد بووەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک لە لێکۆڵینەوەکانمەبەستی سیاسییان لە پشتبووە و هەنـدێکی دیکەیـان بۆ ئـاشـــنـابوون بە بونیـادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی ئەنجادراون.

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە لەم لێکۆڵینەوەدا بەشێوەیەکی گشتی ڕوانگەی زیا گوێکاڵپ بۆ کورد و بە تایبەت بۆ عەشـیرەتە کوردییەکانی باکووری کوردســتان دەخەیــنە ڕوو. گـــوێـــکـــاڵـــپ لەگەڵ ئەوەی بە ڕەچەڵەک کـــوردە، بەڵام بە یەکەمینکۆمەڵناســی تورک،دامەزرێنەری هزری تورکچێتی دادەنرێت. ژیانی گوێکاڵپ بە کوردایەتی و ئەدەبیات دەستی پێکرد و بە تورکایەتی و سیاسەت کۆتایی هات. ئەم گۆڕانکارییە لە هزری زیا گوێکاڵپدا بۆ تێکەڵبوون و بوون بە ئەندامی کۆمەڵەی ئیتیحـاد و تەرەقی دەگەڕێتەوە. گوێکـاڵـپ چەنـدین نووســـینو لێکۆڵینەوەیوەکوو (کوردەکان و تورکەکان، بەرژەوەندی کوردەکان، میللەت چییە؟ و ئەســیمیلاســیۆن) لەسەر کورد و عەشیرەتە کوردییەکان ئەنجامداوە. زۆرینەی نوسینەکانی بە مەبەستی سـیاسـی ئەنجام داوە.چونکە ئەو کاتەی ئەم بابەتانەی تێدا نوسـیووە باس لە لکاندنی ویلایەتی موســـڵ بە عێراقەوە و پێدانی دەوڵەتێک بۆ کوردەکان دەکرا. بە کورتی گوێکاڵپ لەم بابەتانەدا باس لە برایەتی نێوان کورد و تورک دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

باس لەوە دەکات کە چوونەی پاڵ عەرەبەکان و تێکەڵبوونی کوردەکان لەگەڵ عەرەبدا، هیچ بەرژەوەندی کوردەکانی تێدا نییە. بەڵکوو بەرژەوەندی کوردەکان لەوەدایە دوور لە عەرەبەکان و لەگەڵ تورکەکاندا بژین. یەکێک لە گرنگترین لێکۆڵینەوەکانی بە ناوی (لێکۆڵینەوەیەکی کۆمەڵناسیانەیە لەسەر عەشیرەت کوردییەکان)ە. گویکالپ ئەم لێکۆڵینەوەی لەسەر داوای بەرپرسانی ئەوکاتەی دەوڵەت و بە تایبەت د. ڕەزا نور، بە مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر دۆخی کۆمەڵایەتی کورد و بە تایبەت عەشیرەتە کوردییەکانی باکووری کوردستان ئەنجامداوە. ئەمەش بە مەبەستی ڕێگریکردن لە درووستبوونی بیری نەتەوایەتی و سەربەخۆبوونی کوردەکان.چونکە لەو سەردەمەدا زۆرینەی میلەتەکانی ناو دەوڵەتی عوسمانی سەربەخۆیی خۆیان وەرگرتبوو. هەر بۆیە ترسێکی گەورە هەبوو لەسەر لە دەست دانی کوردەکان و سەربەخۆ بوونیان.

زیا گوێکالپ داواکەی بەرپرسانی دەوڵەتی جێبەجێکرد و لە ماوەی چەند مانگێکدا ڕاپۆرتیکی لەسەر بونیادی کۆمەڵایەتی عەشیرەتە کوردییەکانی باکووری کوردستان ئامادەکرد. بەڵاملەو کاتەدا لەبەر چەند هۆکارێک بڵاونەکرایەوە تاوەکوو ساڵی ١٩٧٥ بەشێوەی کتێب لە ژێر ناونیشانی لێکۆڵینەوەیەکی کۆمەڵناسیانە لەسەر عەشیرەتە کوردییەکان بڵاوکرایەوە. گوێکالپ لە ڕێگەی بەکارهێنانی میتۆدی ئەتنۆگرافیاوە و بەشێوەیەکی مەیدانی لێکۆڵینەوەکەی ئەنجام داوە. بەشێوەیەکی گشتی عەشیرەتەکان بەسەر عەشیرەتە سەرەتاییەکان و عەشیرەتە پێشکەوتووەکاندا دابەش دەکات. عەشیرەتە سەرەتاییەکانیش بەسەر کۆچەرییەکان، نیمچە کۆچەرییەکان، جێگیرەکان و گوندە ئاغاییەکاندادابەش دەکات. پێی وایە لە ناو عەشیرەتە پێشکەوتووەکاندا تەنها گوندە خەڵکییەکان هەن. گوێکالپ پێی وایە دوو هۆکاری سەرەکی هەیە بۆ ئەوەی عەشیرەتەکان تاوەکو ئێستا پێشنەکەوتوون و ژیانێکی سەرەتایی عەشایەرییان هەیە. یەک هۆکاری جوگرافی، واتە ژیان لەگەڵ عەشیرەتە عەرەبەکان و شاخەکاندا، دوو هۆکاری نەگونجانی یاساکانی دەوڵەت لەگەڵ بونیادی کۆمەڵایەتی عەشیرەتەکاندا. گوێکالپ پێی وایە بۆ ئەوەیعەشیرەتە کوردییەکان لە ژیانی سەرتایی ڕزگاریان بێت و پێشبکەوون، پێویستە لەگەڵ عەشیرەتە عەرەبەکاندا نەژین و خۆیان بە دوور بگرن و لە ناو دەشتەکاندا بژین. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە ئەو یاسانەی سەبارەت بە عەشیرەتەکان دانراوە، دووبارە پێداچوونەوی بۆ بکرێت. چونکە زۆرێک لە یاساکان لەگەڵ بونیادی کۆمەڵایەتی عەشیرەتەکاندا یەکناگرێتەوە. هەر بۆیە ئەرکی دەوڵەتە ڕێکارەکان بگریتە بەر بۆ ئەوەی عەشیرەتەکان جێگیر بن و واز لە ژیانی عەشیارەیی بهێنن.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆلینێن کوردی

## ١. چوارچێوەی گشتی توێژینەوە

### ١.١کێشەی توێژینەوە

بابەتی عەشـــیرەت و عەشـــیرەتگەرای، یەکێکە لەو بابەتانەی کە لە کاتی ئەنجامدانی توێژینەوە لەســـەر بونیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی ڕووبەڕووی توێژەران دەبێتەوە.لەگەڵ ئەوەی عەشـــیرەتەکان لە پێشـــهاتە ســـیاســـییەکاندا ڕۆڵی گرنگیان بینیەوە، بەڵام زۆر جار ئەم عەشیرەتانە بە هۆکاری سەرەکی یەکنەگرتوویی و نەبوونی کیانێکی سەربەخۆی کوردەکان دانراوون. لەلایەن توێژەرانی بیانییەوە زۆرجار گرنگی بە ڕۆڵ و کاریگەری عەشـــیرەتە کوردییەکان دراوە.هەر بۆیە ئەم توێژینەوە بۆ قســـەکردن لەســـەر ئەم بابەت، ڕوانگەی زیا گەوێکالپ بۆ عەشـــیرەتە کوردییەکانی باکووری کوردستان وەك کێشەی توێژینەوە دەستنیشان کرا.

### ٢.١ گرنگی توێژینەوە

کوردەکان بەهۆی ناسەقامگیری بارودۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە نەیانتوانیوە خۆیان وەکوو ئەوەی هەن بناســێنن. بەڵکو بەردەوام لە ڕێگەی کەســانی بێگانەوە ناســێنراون. جا ئەم ناســاندنەش زۆر جار بەشــێوەیەک بووە چەندێک ڕاســتی تێدابووە، ئەوەندەش دوور بووە لە ڕاســتییەوە. گرنگی ئەم توێژینەوە لەوەدایە ڕوانگەی یەکێک لەو کەســانە دەخاتە ڕووکە چەندین توێژینەوەی لەســەر کورد و عەشــیرەتە کوردییەکان کردووە، کە ئەویش زیا گوێکالپە.گرنگییەکی دیکەی ئەم توێژینەوە لەوەدایە پشــت بەســەرچاوە ڕەســەنەکان دەبەســتێــــت. ئەمەش دەبێتە ســەرەتایەک بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لەسەر ڕوانگەی زیا گوێکالپ لەسەر کورد و عەشیرەتە کوردییەکان.

### ٣.١ ئامانجی توێژینەوە

١- ئەم توێژینەوە بە ئامانجی خستنەڕوو و ناساندنی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی کورد لە باکووری کوردستان ئەنجام دەدرێت.

٢- بەشـــێوەیەکی گشـــتی لەم توێژینەوەدا بە کورتی ئـامـاژە بۆ ڕوانگەی زیـا گوێکالپ بۆ کورد و کوردستان دەکرێت.

٣- ئەم توێژینەوە تێڕوانینی کۆمەڵناسییانەی زیا گوێکالپ بۆ بونیادی عەشیرەت و عەشیرەتە کوردییەکانی باکووری کوردستان دەخاتە ڕوو.

### ٤.١ میتۆدی توێژینەوە

بەپێی زانیارییەکانی توێژەر تاوەکوو ئێستا لەناو توێژینەو و سەرچاوە کوردییەکاندا بابەتێکی لەم شێوە بەرچاو ناکەوێت. هەر بۆیە دەکرێت ئەمە تێژینەوە ببێتە یەکەمین تویژینەوە لەو بوارەدا. سەبارەت بە میتۆدی تویژینەوەکە، لەم توێژینەوەدا میتۆدی چۆنایەتی بەکارهێنراوە. کە یەکێکە لە میتۆدە گرنگەگان لەناو زانستە کۆمەلأیەتیەکاندا. لەم تویژینەوەدا هەوڵدەدرێت شیکاری بۆ ڕوانگەی کۆمەڵناسییانەی زیا گۆیکەڵپ بۆعەشیرەتە کوردییەکانی باکوور بخرێتە ڕوو.

### ٢.بارودۆخی کۆمەلأیەتی و سیاسی عەشیرەتە کوردییەکانی باکووری کوردستان لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمەوە تاوەکوو سەرەتایی سەدەی بیست:

عەشیرەت بریتییە لە کۆبوونەوەیەکی کۆمەلأیەتی، کە ئامانج لێی پاراستنی ئەندامەکانە لە هیرشە دەرەکییەکان و بەردەوام بوون و پارێزگاریکردن لە دابونەریت و شێوەی ژیانی باوباپیران (Minorsky, Bois, & Mac Kenzie, 2004, s. 135). پێکهاتەی عەشیرەت یەکێک لە پێکهاتە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەی کوردی. تەنانەت تاوەکو ئێستاش تاوەکوو ئێستاش بونیادی عەشیرەت لە ناو کوردەکاندا گرنگییەکی تایبەت بە خۆی هەیە. هۆکاری مانەوەشی بۆ داکوتاوی ڕەگ و ڕیشەی عەشیرەت لە ناو کوردەکاندا دەگەڕێتەوە (Uluç, 2010, s. 37).

لە ناو کوردەکاندا تاوەکوو پێش سەدەی هەژدە و نۆزدە، واتە تاوەکوو سەردەمی سوڵتان مەحمودی دووەم چەندین میرنشینی کوردی وەکوو بابان، ڕەواندوز، بۆتان، بادینان، ... هەبوون. ئەم میرنشینانە زۆر بەهێز بوون، تەنانەت هێندەی دەوڵەتێک دەسەلأتیان هەبوو. هەر یەکە لەم میرنشینانە لەلایەن بنەماڵەیەکەوە بەڕێوەدەبران. بۆ نموونە میرەکانی میرنشینی بەدلیس هەر بۆ خۆیان حکومەت بوون و تەنانەت مەزهەبیشیان شافیعی بوو، ئەمە لە کاتێکدا مەزهەبی تەواوی ئیمپراتۆرێتەکە حەنەفی بوو. (برونەسن، ٢٠٠٣، صفحة ٤٣). لەگەڵ ئەوەشدا چەندین عەشیرەت لە ژێر چەتی ئەم میرنشینانەدا کۆبوو بوونەوە. بەلأم دوای چاکسازییەکانی حکومەت و بە تایبەت سوڵتان مەحمودی دووەم لە ناوچەکەدا بە مەبەستی بەهێزکردنی دەسەلأتی ناوەندی دەوڵەت، لە ڕێگەی گرتنەبەری سیاسەتە ئیدارییەکانییەوە، توانی دەسەلأتی میرنشینەکان لاواز بکات، لەناویان بەرێت و لە شوێنی ئەوان کەسی دیکەلە ئیستەنبوڵەوە دابنێت. بەلأم ئەمە نەبووە چارەسەرکردنی بارودۆخەکە، بەڵکوو لە شوێنی میرنشینەکان، عەشیرەتەکان دەسەلأتیان لە ناوچەکەدا بەهێز بوو. لەگەڵ ئەوەشدا

هەرعەشیرەتە و هەوڵی پاراستنی پێگە، هێز و دەسەڵاتی خۆیان دەدات. ئەمەش چەند ململانێی لە نێوان عەشیرەتەکانی لێکەوتەوە (برونەسن، ٢٠٠٣، صفحة ١٥٣) ,Uluç) (2010, s. 41. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو دەسەڵاتدارانەی لە ناوچە کوردییەکان لە شوێنی میرنشینەکان دانرابوون، زۆر لاواز بوون. چونکە هەمشارەزای ناوچەکەی نەبوون هەم دەسەڵاتی زەبر و هێزیان بەرامبەر عەشیرەتەکان بەکار دەهێنا. ئەمەش ئاژاوەی زیاتری لە ناوچەکەدا درووست کردبوو(برونەسن، ٢٠٠٣، صفحة ١٥٤).

دوای لەناوچوونی میرنشینە کوردییەکان لە کۆتای سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم دوو دۆخ لەناوچەکەدا هاتە پێشەوە. یەک وەکوو پێشتر ئاماژەمان پێکرد دووبارە رێکخستنی کۆمەڵایەتی و سیاسی عەشیرەتە کوردییەکان، دوو زیادبوونی پێگە و گرنگی شێخەکان و پیاوانی ئاینی بوو لە ناوچەکە. کە ئەمەش بۆ دوو هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە. وەکوو باسمان کرد دوای رووخانی میرنشیینە کوردییەکان شەڕی نێوان عەشیرەتە کوردییەکان هاتە ئاراوە. شێخەکان بە شوناسی ئاینی خۆیان هەوڵی گێڕانەوەی ئارامیان بۆ ناوچەکە دەدا. ئەمەش وای کرد دەسەڵاتی شێخەکان لەناوچەکەدا زیاد بێت. لەگەڵ ئەوەشدا لە نێوان ساڵی ١٨٠٠ دا کاتێک میرنشیینە کوردییەکان بەرەو لاوازی دەڕۆشتن، لە رۆژئاواوە مژدەبەخشەکان بەرەو ئەم ناوچە دەهاتن. لەم روانگەوە خەڵکی بەرامبەر ئەم مژدەبەخشەکان دەوەستانەوە. ئەمەش بە نزیکبوونەوە لە لە نێوان ئایین و بە تایبەت پیاوانی ئاینی و خەڵکیدا بۆیارمەتیدانیان بەرامبەر بە مژدەبەخشەکان. هەر بۆیە رۆڵ و گرنگی شێخەکان زیاتر بوو ,Uluç) .2010, s. 42)

دەوڵەتی عوسمانی نەیتوانی چارەسەری ئەو دۆخەی تێی کەوتبوو بکات. هەر بۆیە بۆ نەهێشتنی دەسەڵاتی عەشیرەتە کوردییەکان و پەیوەستکردنیان بە دەوڵەتەوە، چەندین رێگە گیرایە بەر. سەرەتا دەوڵەت سیاسەتی بە زۆرسەربازیکردن وباجی بەرانبەربەعەشیرەتە کوردییەکان بەکارهێنا. کەئەمەش زەحمەتییەکی زۆری خستبووە سەر شانی کوردەکان و ناچاریکردن گوندەکان چۆڵبکەن وکۆچبکەن بۆ شاخەکان (کەریم، ٢٠١٣، صفحة ٧٥). دواترسوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بۆ راکێشانی عەشیرەتە کوردییەکان بۆلای خۆی، بە بەکارهێنانی سیاسەتی پانئیسلامیزمی لە عەشیرەتە کوردییەکان سوارەی حەمیدییە[1] درووست دەکات و منداڵ و خێزانی سەرۆک عەشیرەتەکانیش دێنێتە ئیستەنبوڵ و لە قوتابخانەی هومایۆنی عەشایەری دەستیان بە خوێند کرد (داقووقی، ٢٠١٣، صفحة ١٣٢) (Çamsoy, 2007, s. 33; Ağca, 2012, s. .113). درووستکردنی سوارەی حەمیدییە بۆووە هۆی ئەوەی هاوسەنگی هێز لە ناو



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی

عەشـیرەتە کوردییەکاندا گۆڕانکاری بەسـەردا بێت. لەگەڵ ئەوەشـدا ئەم عەشـیرەتە کوردییـانە بۆ لێدان لە ئەرمەنییەکـان بەکـاردەهێنران. (Minorsky, Bois, & Mac Kenzie, 2004, s. 101). چونکە سـولـتان عەبدولحەمید دەزانێت ئـەرمـەنییـەکان نیشتەجێی ئەو شوێنانە کە زۆرینەی کوردانی موسڵمانی سوننە مەزهەبن و نایانەوێت دەوڵەتێکی مەسیحی - ئەرمەنی دروست ببێت (Çamsoy, 2007, s. 33; Ağca, 2012, s. 113).

لەگەڵ ئەوەی سوارەی حەمیدییە ساڵی ١٩٠٨ دا هەڵوەشایەوە، بەڵام عەشیرەتە کوردییەکـان چەکی هەڵگیراویـان هەبوو، ئەمەش بووە هۆی درووسـتبوونی بیری نەتەوایەتی. دواتر بە هاوکاری عەشـیرەتە کوردییەکان چەندینشـێخ سـەعیدی پیران، ئاگرین و سـەید ڕەزا هاتە ئاراوە (Minorsky, Bois, & Mac Kenzie, 2004, s. 109) . لەسـەرەتـای سـەدەی نۆزەیەم تـاوەکوو جەنگی جیهـانی یەکەم چەنـدین ڕاپەڕینی کوردەکان بەرچاو دەکەون. کە زۆرینەی شـۆڕشـەکان لە ڕوانگەیەکی کوردایەتییەوە بوون. کە دەکرێت ڕاپەڕینە کوردییەکان بکرێت بە دوو بەشـەوە، پێش سـەدەی نۆزدە و دوای سـەدەی نۆزدە. تاوەکوو سـەدەی نۆزدە ئـامـانجی زۆرینەی ڕاپەرینە کوردییەکان بەشیوەیەکی گشتی بۆ دوو مەبەستی سەرەکی بووە، ئەوانیش بابەتی کۆکردنەوەی باج و سـەرباز لە ناو کوردەکان بۆ جەنگ. بەڵام دوای سـەدەی نۆزدە ڕاپەڕینە کوردییەکان زیاتر ڕوانگەیەکی کوردایەتییان هەبووە. (Şentürk, 2011, s. 30). لەم سـاتە بە دواوە ئیتر بیری نەتەوایەتی لە ناو کوردەکاندا سـەری هەڵدا. لەگەڵ ئەوەشـدا بە بڕوای عەشیرەت و تەریقەتە کوردییەکان بەرگریکردن لە کوردایەتی بە مانای ناسیۆنالیستی کوردی نەدەهات، بەڵکوو بە مانایی برایەتی ئیسـلامی نێوان کورد و تورک دەهات. هەر لەگەڵ درووسـتبوونی دەوڵەتی نوێی تورکیادا، ڕاپەڕینە کوردییەکان سـەریهەڵدا. کە ئەمەش بە مانای تێکچوونی برایەتی ئیسلامی نێوان تورک و کورد دەهات. کە پێشتر کوردایەتی و تورکایەتی بە مانای پاراسـتی ئیسـلام هاتووە. لێرەدا بوو زیا گوێکاڵپ بابەتێک لە ژێر ناونیشـانی (کوردەکان و تورکەکان) بڵاودەکاتەوە (Şentürk, 2011, s. 31).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینێن کوردی

### ٣. ژیان و بەرهەمەکانی زیا گۆیکاڵپ

### ١.٣ پوختەیەک لە ژیانی زیا گۆیکاڵپ

زیا گۆیکاڵپ ناوی تەواوی موحەمەد زیای کوڕی محەممەد تۆفیق ئەفەندییە(١٨٥١-١٨٩٠).لە بەرواری٢٣-٣-١٨٧٦لە شاری ئامەد (دیاربەکر)[٢] لەدایکبووە(Can, 1998, s. 34). لە بنەڕەتدا لە خانەدانەکانی گوندی(چەرمیک)ن لە باکووری ڕۆژهەڵاتی دیاربەکر و دواترکۆچیان کردووە بۆ دیاربەکر. دایکی ناوی زولەیخا خانمی کچی ساڵح ئاغایە(١٨٥٦-١٩٢٣) (Deveci, 2021, s. 32; Okay, 1996, s. 124; Uğurlu, 2018, s. 4). باوکی کاریگەرییەکی گەورەی لە سەر بنەما فیکرییەکانی زیا گۆیکاڵپ هەبووە(Dündar, 2021, s. 156). لەوانەش، ئازادکردنی گۆیکاڵپلە خوێندنەوەی هەر کتێبێک کە بیەوێت،پێشنیازکردنی خوێندنەوەی کتێبێکی نامیق کەمال[٣]،کە باسی لە ئازادیی و نیشتمانپەروەری دەکرد و باوکیبە تەنها خوێندنی زانستەکانی مەدرەسەی دینی و عەرەبی و فارسی بە بەس نەزانییوە.هەر ئەمەش وای کرد گۆیکاڵپ زانستە دینییەکان و زانستە ڕۆژئاواییەکان گرێ بدات پێکەوە و ببێتە خاوەنی هزرێکی تایبەت بە خۆی بێت(Uğurlu, 2018, s. 5).

زیا گۆیکاڵپ لە ساڵی ١٨٨٣ دەچێتە قوتابخانەی مەرجەمێک ئۆروتمەسی. لەوێ ئیسماعیل حەقی بەڕێوەبەری قوتابخانەکەی کاریگەری زۆری لەسەر هەبووە(Deveci, 2021, s. 33). لە ساڵی ١٨٨٦ چووە ڕوشدییەی سەربازی. دوای وەفاتی باوکی، چووە لای حەسیب ئەفەندی مامی. حەسیب ئەفەندی، جگە لەوەی لە فێربوونی زمانەکانی عەرەبی و فارسی یارمەتیدەرێکی زۆر باشی زیا گۆیکاڵپ بووە، پێشنیازی خوێندنەوەی کتێبەکانی غەزالی، ئیبن عەرەبی، ئیبن سینا و فەرابی بۆ کردووە (Deveci, 2021, s. 32; Uğurlu, 2018, s. 5). دوای تەواوکردنی ڕوشدییەی سەربازی لە ساڵی ١٨٩١ دەچێتە ئامادەیی مولکییە. لەم قوتابخانەدا لە ئەنجامی ئەو سەرچاوانەی لەبەردەستیدا بوو، ئاشنایەتی لەگەڵ فیکری تورکچێتی پەیدا دەکات. هەر بۆیەبەهۆی کارەکانیەوە لەم قوتابخانەداڕووبەڕووی چەندین لێپێچینەوە بوەوە.لەو ماوەیەدا بەهۆی بڵاوبوونەوەینەخۆشی کۆلێرا، عەبدوڵڵا جەودەت[٤] دێتە دیاربەکر. ئەمەش دەبێتە دەرفەتێکی باش بۆ ناسینی عەبدوڵڵا جەودەت. زیا گۆیکاڵپ جگە لەوەی زۆر کاریگەر دەبێت بە عەبدوڵڵا جەودەت، دەبێتە هۆکارێکیش بۆ ئاشنا بوونی بە فیکری پۆزەتیڤیزم(Okay, 1996, s. 125). هەر لەو ماوەدا زیا گۆیکاڵپ بەهۆی چەند هۆکارێکەوە هەوڵی خۆکوشتن دەدات و فیشەکێک دەنێتەبەسەرییەوە.بەڵام شەنس

یاوەری بوو، چونکە لەو کاتەدا عەبدوڵڵا جەودەت لەوێ بوو و توانی لە مردن ڕزگاری بکات(Uğurlu, 2018, s. 5).

لە ساڵی ١٨٩٥بە هاوکاری نیهادی برای دەچێتە ئیستەنبوڵ و لە قوتابخانەی بایتاردەست بە خوێندن دەکات (Okay, 1996, s. 124; Deveci, 2021, s. 33; Uğurlu, 2018, s. 6). لە پشووی هاوینی ساڵی ١٨٩٨ دەگەڕێتەوە بۆشاری ئامەد.لەو کاتیدەگەڕێتەوە،هاوڕێکانی لەگەڵ والی ئامەد تووشی دەمەقاڵێیەک بوو بوون. زیا گۆیکاڵپیش چووە ڕیزی هاوڕێکانی دژی بە والی.هەر بۆیە بەهۆی ئەم ڕووداوەوە کاتێک گەڕایەوە بۆ ئیستەنبوڵ،لە قوتابخانە دووردەخرێتەوە و دواتریش دەستگیر دەکرێت. بە پێی هەندێک لە گێڕانەوەکان ئەو ماوەی لە زیندان بوو، تەنها ڕێگە بە قورئانی پیرۆز دە دار ببرێتە ژوورەوە. هەر بۆیە زیا گۆیکاڵپ شارەزایەکی باشی لە قورئان پەیدا کرد(Deveci, 2021, s. 33; Vakkaoğlu, 2012, s. 30). دوای ئازادبوونی، دەگەڕێتەوە بۆ ئامەد و لەگەڵ ڤەدیجە خانمی کچی حەسیب ئەفەندی مامی هاوسەرگیری دەکات(Okay, 1996, s. 124; Dündar, 2019, s. 146). ئیتر وردە وردە لە ڕۆژنامەی "دیاربەکر" دەست بە نوسین دەکات. لەم ماوەدابەرامبەر بە کارەکانی "ئیبراهیم پاشا"ی بەرپرسی ئەو ناوچە دەچێتە بەرەی خەڵک. لە ئەنجامدا ئیبراهیم پاشا دەستی لە کار کێشایەوە. گۆیکاڵپ لەسەر زوڵم و ستەمەکانی ئیبراهیم پاشا داستانێک بە ناوی (داستانی ئیبراهیم شەکیشەقی)دەنووسێت(Uğurlu, 2018, s. 6).

گۆیکاڵپ لە ساڵی ١٩٠٨ لقی کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی لە ئامەد دەکاتەوە. دواتر ڕۆژنامەی "پەیمان"ی دەرکرد، کە هزرە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆی تێدا بڵاو دەکردەوە. هەر بۆیە بانگهێشتی کۆبوونەوەی گشتی کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی دەکرێت لە شاری سەلانیک(Uğurlu, 2018, s. 7). دوای کۆبوونەوەکە بەهۆی چالاکییەکانی، لە ساڵی ١٩١٠ بە ئەندامی مەرکەزی گشتی کۆمەڵەکە هەڵبژێردرا و لە سەلانیک نیشتەجێ بوو. لەم ماوەیەدا زۆر بە قووڵی خەریکی خوێندنەوەی نووسینەکانی زانای کۆمەڵناسی "ئەمیل دورکاهیم" (١٨٥٨-١٩١٧) بوو. لەگەڵ ئەوەشدا ساڵانی ١٩١١-١٩١٢لە ئامادەیی ئیتیحاد و تەرەقی لە سەلانیک خەریکی گوتنەوەی وانەی کۆمەڵناسی بوو(Heyd, 1980, s. 24; Deveci, 2021, s. 34). لە ساڵی ١٩١٢لەگەڵ کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی گەڕایەوە بۆ ئەستەمبوڵ. دوای گەڕانەوەی، لە ساڵی ١٩١٥لە دارولفنون، واتە زانکۆی ئیستەنبوڵی ئێستا، وەک یەکەمین کەسێک لە بەشی کۆمەڵناسی وانەی گوتووە(Deveci, 2021, s. 34).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

لە ساڵی ١٩١٩ بە تۆمەتی تێکدانی ئاسایشی وڵات و بەکارهێنانی ئەرمەنییەکان دژ بە دەوڵەت، بۆ ماڵتیا دوور دەخرێتەوە. لێرەشـلە چالاکی بەردەوام بووە. دواتر لە ساڵی ١٩٢١ ئازاد دەبێت و ڕاستەوخۆ دەگەڕێتەوە بۆ ئەنقەرە.بەڵام زۆر نەمێنێتەوە و گەڕایەوە بۆ دیاربەکر(Okay, 1996, s. 124). لە دیاربەکر، گۆڤارێکی هەفتانەی بەناوی "بچووک" دەرکرد.لەم گۆڤارەدا زۆرێك لە نووسینەکانی لەبارەی کوردەوە خستۆتە ڕوو.دواتر لەسەر داوای مستەفا کەمال ئەتاتورک کرا بە ئەندام پەرلەمانی دیاربەکر(Şapolyo, 1943, s. 219). دوای ئەوەی ئەنقەرە بوو بە مەرکەزی نوێی حکومەت، زیا گوێکاڵپ بە وەزیری ئەنجوومەنی وەرگێڕان وچاپکردن دیاریکرا.لەم ماوەیەدا لە زمانەکانی دیکەوە خەریکی وەرگێڕان بوو بۆ زمانی تورکی و خەریکی تەواوکردنی دوو کتێب بوو بە ناوەکانی (بنەماکانی تورکچێتی) و(دابونەریتی تورک)(Uğurlu, 2018, s. 8).

گوێکاڵپ زۆر بە خێرایی و لە ماوەیەکی کەمدا تەندروستی تێکچوو. هەر بۆیە دەنێردرێت بۆ نەخۆشخانەی فەرەنسی لە ئیستەنبوڵ(Okay, 1996, s. 125). بەڵام لێرەش چارەسەری نەبوو.لە ئەنجامدا و٢٥-١٠-١٩٢٥ لە تەمەنی ٤٨ساڵیدا وەفات دەکات. لە مەڕاسیمێکی زۆر گەورەدا لە گۆڕستانی سوڵتان مەحموود بە خاک دەسپێرێت(Uğurlu, 2018, s. 8).

### ٢.٣ بەرهەمەکانی زیا گوێکاڵپ

زیا گوێکاڵپ لە ماوەی ئەو تەمەنە کورتەی کە هەیبوو چەندین بەرهەمی لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی وشیعردا نووسیوە. کە زۆرینەی کتێبەکانی بە زمانی عوسمانی نووسیوە. هەندێکیان کاتێک خۆی لە ژیاندا بووە بڵاوبووەتەوە و هەندێکی دیکەی دوای مردنی خۆی بڵاوکراونەتەوە. زیا گوێکاڵپ لە نێوان ساڵانی ١٨٩٥-١٩٢٤زۆرترین نوسینی هەبووە. لە نوسینەکان زۆر ناوی جیاوازیی بەکار هێناوە، لەوانەش (زیا، زەینەدین، محمد زیا، حوسێن قەدات، محمد، مهدی، تۆفیق سەعادەت، محمد نائیب، دەمیرتاش، جەلال ساکب، کچە کرێکار، هیچی، بیمەر، گوێکاڵپ) (Uğurlu, 2018, s. 8; Celkan, 1990, s. 10). بەرهەمەکانی زیا گوێکاڵپ ئەمانەی خوارەوەن:

**داستانی ئیبراهیم شەکیشەقی:** ئەمە یەکەمین بەرهەمی زیا گوێکاڵپ کە بەشێوەی کتێب بڵاوی کردبێتەوە. ئەم کتێبە بریتیە لە چیرۆکی ڕووداوی ئیبراهیم پاشای حاکمی دیاربەکرە کە گوێکاڵپ خۆی شاهیدی بووە. کە ئەویش بریتییە لە بە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی خۆی و زوڵم کردن لە خەڵکی. بەڵام لە کۆتاییدا خەڵک



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

کۆتــای بە زوڵم و ســــتەمەکــانی دێنن. تەواوی دارســــتــانەکە لە ١١٠ بەیــت پێکهاتووە.(Uğurlu, 2018, s. 9; Okay, 1996, s. 126)

**تورکەکانی ڕوسـیا پێویسـتە چی بکەن؟:** زیا گۆیکاڵپ ئەم بەرهەمەی لە ســاڵی ١٩١٨ بڵاوکردۆتەوە. کە پێکهـاتووە لە نـامیلکەیەکی بچووکی ١٦ لاپەڕی و پێشـــتر لە گۆڤاری نوێدا بڵاوی کردۆتەوە(Okay, 1996, s. 126).

**وانەکانی عیلمی ئیجتیماع:** ئەم بەرهەمەی زیا گۆیکاڵپ پێکهاتووە لەو وانانەی کە لە زانکۆی ئیســـتانبوڵ لە بارەی بابەتە گشـــتیەکانی کۆمەڵناســـی بە قوتابیەکانی ووتۆتەوە .(Okay, 1996, s. 126)

**سـێوی سـور:** ئەمە کتێبێکی شـیعرییە لە سـاڵی ١٩١٤لە ئیسـتەنبوڵ بڵاوکراوەتەوە. کتێبەکە لە چوار بەشـی سـەرەکی پێکهاتووە. هەموو کتێبەکە لە ٢٧ پارچە شـیعر پێکهاتووە.(Gökalp, 1976; Uğurlu, 2018, s. 9; Okay, 1996, s. 126)

**عیلمی ئیجتیماع:** زیا گۆیکاڵپ لەم کتێبەدا لەگەڵ باسـکردنی هەندێک لە زانایانی کۆمەڵناســـی، باس لە ســـەرەتاکانی ســـەرهەڵدانی زانســـتی کۆمەڵناســـی دەکات. ئەم کتێبەش لە ساڵی ١٩١٦چاپ کراوە(Okay, 1996, s. 126).

**ژیانی نوێ:** ئەمەش یەکێکی دیکەیە لە بەرهەمەکانی زیا گۆیکاڵپ، کە لە ســـاڵی ١٩١٨ چاپکراوە(Okay, 1996, s. 127)

**تورکچێتی، ئیسـلامچێتی، نوێگەرچێتی:** ئەمە یەکێکە لە گرنگترین بەرهەمەکانی زیا گۆیکاڵپ، کە خۆی لە هەشـــــت ژمارەی گۆڤاری خانەی تورکدا بڵاوکراوەتەوە. دواتر لە ســــــاڵی ١٩١٨ هەمووی کراوە بە کتێبێک. لەم کتێبەدا بـاس لە بنەمـا و پرۆگرامی تورکچێتی دەخـاتە ڕوو. زیـــا گۆیکـــاڵـــپ لە ڕوانگەی فەلســـــەفەی و کۆمەڵناســـیەوە تیشـــک دەخاتە ســـەر چەمکەکانی (کولتوور، مەدەنیەت، تورکایەتی، فیکر، ئاین، میلەت). لە کۆتایی توێژینەوەکەیدا گەشـــــت بەو ئەنجامەی ئەم ســـێ چەمکە هیچ جۆرە دژبەیەکییەک لە نێوانیاندا نیە و تەواوکەری یەکترن. پێشـــی وایە ئەم ســـێ چەمکە زیاتر تورکەکان بەهێز دەکات و ئومێدیان پێ دەبەخشـــێت. هەربۆیە دەڵێت وەک میلەت تورکم، وەک ئومەت ئیســــلامم، وەکو مەدەنیەتیش غەربیم (Uğurlu, 2018, s. 10; Gökalp, 1996).

**دابونەریتی تورک:** ئەم بەرهەمەش لە ســـاڵی ١٩٢٣ چاپ کراوە. لە ســـەرەتای کتێبەکەدا تیشـک خراوەتە سـەر مانای دابونەریت و پێویسـتە دابونەریتی تورکان چۆن بێت. دواتر لە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی

بەشەکانی تردا باس لە دین، دەوڵەت، تورککە کۆنەکان، دینی ئیمپراتۆریەتو داستانی تورکان (Gökalp, 1976).

**ڕێگەی ڕاست، ژیانێکی نوێ:** ئەمە بەرهەمەش زیا گۆیکاڵپ کە پێشتر لە ڕۆژنامەی حیکمەتی میلی بڵاوی کردۆتەوە. دواترلە ساڵی ١٩٢٣ کراوە بە کتێبێک. زیا گۆیکاڵپ لەم کتێبەدا تورکایەتی بە ژیانێکی نوێ داناوە(Gökalp, 1976).

**شەوقی زێڕین:** ئەم بەرهەمە یەکێکە لەو کتێبانەی زیا گۆیکاڵپ دوای مردنی خۆی لە ساڵی ١٩٢٣ چاپ بووە. کتێبێکی ئەدەبی گێڕانەوەیە، کە باس لە کەسێک بە ناوی ئەڵپ ئەرسەلان دەکات. تەواوی کتێبەکە پێکهاتووە لە ١٥ گێڕانەوە. (Gökalp)

**ئاسکە سورە:** ئەمە بەرهەمی زیا گۆیکاڵپ بەرهەمێکی منداڵانە و لە گۆڤاری دونیای منداڵاندا بڵاویکردۆتەوە(Okay, 1996, s. 127).

**بنەماکانی تورکچێتی:** ئەم کتێبەش یەکێک لە گرنگترین بەرهەمەکانی زیا گۆیکاڵپ، لە ساڵی ١٩٢٣ کاتێک خۆی لە ژیاندا بووە چاپ کراوە. زیا گۆیکاڵپ دەیەوێت وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە کە ئێمە کێیین؟. کتێبەکە لە دوو بەش پێک هاتووە.لە بەشی یەکەمدا باس لە ماهێتی تورکچێتی دەکات. سەرەتای کتێبەکە باس لە مێژووی تورکەکان دەکات. دواتر پێناسەی کۆمەڵێک چەمکی وەک تورکچێتی، کولتوور، مەدەنیەت، ویژدانی میلی، زمان، دین، غەرب، یەکگرتووی میللەت لە تەقالیدا، لە دیندا، لە ئابووریدا، لە سیاسەتدا و لە فەلسەفەدا. بەشی دووەم باس لە پرۆگرامی تورکچێتی دەکات. لێرەدا باسی لەوە دەکات دەکەوێتە سەر شانی تورکەکان چییە؟(Gökalp, 1968; Okay, 1996, s. 127; Uğurlu, 2018, s. 10).

**مێژووی مەدەنییەتی تورک:** ئەمەش یەکێکی دیکە لە بەرهەمە گرنگەکانی زیا گۆیکاڵپ، کە لە دوا ساتەکانی تەمەنیدا دەستی بە نووسینی کرد. بەڵام چاپکردنەکەی کەوتە دوای مردنی و لە ساڵی ١٩٢٥ چاپکرا. گۆیکاڵپ دوای نوسینیپێشەکییەکی دوورودرێژ لەسەر بابەتەکە، باس لە دین، عیلم، فەلسەفە، خێزان، پێکهاتەی دەوڵەت وبونیادی ئابووری تورک دەکات. ئەم کتێبەی بەسەر پێنج بەشدا دابەشکردووە. بە پێی نووسینی سەر بەرگی کتێبەکە بۆ قۆناغی ئامادەیی نوسراوە(Gökalp, 1978).

**لێکۆڵینەوەیەکی کۆمەڵناسیانە سەبارەت بە عەشیرەتە کوردییەکان:** ئەم یەکێکە لەو بەرهەمانەی کە زیا گۆیکاڵپ تەواوی نەکردووە. گۆیکاڵپ مەبەستی لە نوسینی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی

ئەم کتێبە باسـکردن بووە لە عەشـیرەتە تورکەکان. (کە دواتر بە وردی قسـەی لەسـەر دەکەسن)(Gökalp, 2013).

جگە لەم کتێبانە چەندین بابەتی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی وەک (ڕومەیلی، قەڵەمە لاوەکان، نیشتمانی تورك، ، وتەی تورك، دیاربەکر، کۆلێژی ئەدەبیاتی دارولفنون، ئیسـلام، ئـابووری، کۆمـەڵایـەتی، شـاعیر، ئێوارە، بەرەو خەڵـک، مـامۆسـتـا، نوێ، بچووک، ئـابوورە ئیسـلامی، زانیاری، ڕۆژێکی نوێ، تورکیای نوێ، جمهوریەت، پەیمان، دیجلە، ئێوارە، تانین، حاکمیەتی میللەت) نووسـیوە.هەموو مەقالەکانی لەلایەن وەزارەتی ڕۆشـنبیرییەوە لە ١٠ بەرگدا بە ناوی"**مەقالەکان**" بڵاوکراوەتەوە. (Alakom, 2018, s. 88; Uğurlu, 2018, s. 11-12). زیا گۆیکاڵپ زۆرینەی بەرهەمە ئەدەبییەکانی پێش چوونی بووە بۆ سـەلانیك بووە و بەرهەمە سـیاسـییەکانی دوای سـەلانیك بووە. لەگەڵ ئەوەشـدا لە نوسـینە ئەدەبییەکانیدا زۆر ناوی جیاوازی بەکارهێناوە، بەڵام لە نوسـینە سیاسییەکانیدا زیاتر ناوی زیا گۆیکاڵپی بەکارهێناوە(Dündar, 2019, s. 151).

## ٤.تێڕوانینی زیا گۆیکاڵپ بۆ کورد و عەشیرەتە کوردییەکانی باکووری کوردستان

### ١.٤ تێڕوانینی کۆمەڵناسیانەی زیا گۆیکاڵپ بۆ کورد

زیا گۆیکاڵپ زۆرینەی نووسینەکانی لە بواری زانستی کۆمەڵناسیدا بووە و بە دامەزرێنەری زانسـتی کۆمەڵناسـی لە تورکیا دادەنرێت (Tosun, 2019, p. 31; Mart, 2019, p. 13). کۆمەڵناسی بە زانستی مەدەنییەتی نەتەوەکان پێناسـە دەکات.هەر بۆیە پێی وایەئەو زانستەی دەتوانێت زاراوەی نەتەوە ڕوون بکاتەوە، تەنها زانستی کۆمەڵناسییە (Uğurlu, 2018, s. 14). گۆیکاڵپ وەک زۆرێک لە زانایانی کۆمەڵنـاسـی باس لە گەشـەسـەندنی قۆناغبەندی کۆمەڵگاکان دەکات و دەڵێت هەموو کۆمەڵگەیەک بە چوار قۆناغ تێپەڕ دەبێت. لە قۆناغی یەکەمدا هەموو کۆمەڵگەیەک لە عەشـیرەتێکەوە دەست پێدەکات. واتە کۆمەڵگەیەکی سەرەتایی یان کۆچەرین. دواترلە قۆناغی دووەمدا ئەم عەشیرەتە دەبێت بە نەتەوەیەک. واتە ئەو کۆمەڵگایەیکە لەسەر بنەمای خزمایەتی دامەزراوە. قۆناغی سـێیەم پێی دەوترێت ئوممەت، واتە کۆمەڵگەیەك کە یەك دینی هاوبەشـیان هەیە. دوا قۆناغیش میللەتە. واتە ئەو کۆمەڵگەیەی تاکەکانی یەك کولتوری هاوبەشـیان هەیە. کە بە بڕوای گۆیکاڵپ کوردەکان هێشـتا لە قۆناغی یەکەمدان. (Coşkun, 2019, s. 138; Şentürk, 2011, s. 138). ئەو میتۆدی گۆیکاڵپ لە توێژینەوەکـانیـدا بە کـاری هێنـاوە، توێژینەوەی مەیـدانی بووە. چونکە پێ وابووە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

توێژینەوەی تیۆری هیچ ئەنجامێکی نابێت ئەگەرلایەنی مەیدانی لەگەڵدا نەبێت (Coşkun, 2019, s. 138; Şentürk, 2011, s. 138).

زیا گۆیکاڵپ لەگەڵ ئەوەی لە خێزانێکی کوردی دیاربەکر لە دایکبووە، بەڵام زۆرینەی بۆچوون و نوسینەکانی لە خزمەت تورك و ناسیۆنالیزمی تورکیدا بووە.لەم بارەوە ئەتاتورک دەڵێت (باوکی هزرەکانم، زیا گویکاڵپە) (Gökalp, 2013, s. 1).گۆیکاڵپ لە سەرەتاکانی تەمەنیدا بە کوردایەتی دەستی پێکرد. هەر بۆیە پێکەوە لەگەڵ نووسەری کوردی بەدلیسی خەلیل خەیاڵی° کاریان لە سەر ڕێزمانی کوردی کردووە و هەوڵی نووسینی فەرهەنگێکیان داوە لەسەر ڕێزمانی کوردی (Coşkun, 2019, s. 6). لەم بارەوە یەکێک لە گێڕانەوەکان دەڵێت ئەو ماوەی گۆیکاڵپ لە ئیستەنبوڵ بووە لەگەڵ خەلیل خەیاڵی چاویان بە یەکتر کەوتووە. خەلیل خەیاڵی دوای ئەو نووسراوەی لێ دەکات کە پێکەوە لەسەری ڕێزمانی زمانی کوردی نووسیویانە، زیا گۆیکاڵپ لە وەڵامدا دەڵێت سووتاندوومە(Alakom, 2018, s. 55). ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەو گۆڕانکارییە قووڵەی لە هزری زیا گۆیکاڵپدا ڕووی داوە. هەر بۆیە تاوەکو پێش سەلانیك لە نوسینەکانیدا ناوی محمد زیای بەکار دەهێنا.بەڵام دوای چوونی بۆ سەلانیك، ئیتر ناوی زیا گۆیکاڵپی بۆ خۆی هەڵبژارد(Dündar, 2021, s. 163). دەکرێت بڵێین ئیتر لەم ساتە بە دواوە زیا گۆیکاڵپ نکوڵی لە کوردبوونی خۆی کردووە و زیاتر وەك تورکێك خۆی ناساندووە (Dündar, 2019, s. 151; Alakom, 2018, s. 66). بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەرگیز ئینکاری بوونییەتی کوردی نەکردووە لە ناوچەکەدا(Alakom, 2018, s. 20).

زیا گۆیکاڵپ زۆرینەی فیکرەکانی سەبارەت بە کورد لە ڕۆژنامەکانی وەک "ڕۆژی نوێ و جمهورییەت" و لە گۆڤارەکانی وەک "پەیمان و بچووکدا" بڵاو کراونەتەوە. جگە لە نوسینی کتێبێک بە ناوی "لێکۆڵینەوەیەکی کۆمەڵناسیانە سەبارەت بە عەشیرەتە کوردییەکان". جگە لەمانە بە پەرشوبڵاوی لە نوسینەکانیدا بابەتی کورد بە دیار دەکەوێت(Alakom, 2018, s. 19). گۆیکاڵپ یەکێك لە نوسینە گرنگەکانی بابەتێکە بە ناوی "کوردەکان و تورکەکان". گۆیکاڵپ ئەم بابەتەی لە سەروبەندی پەیماننامەی سیڤەردا نوسیوە، ئەمەش لە ترسی لە دەستدانی کوردەکان(Dündar, 2019, s. 155). گۆیکاڵپ لێرەدا باس لە پرۆگرامی میللی دەکات و دەڵێت ئەم پرۆگرامە چۆن ڕازی نیە هیچ گوندێکی تورک بکەوێتە دەرەوەی سنوو، بە هەمان شێوە ڕازیش نیە هیچ گوند و عەشیرەتێکی کورد بکەوێتە دەرەوەی سنور. هەر بۆیە پێویستە لەسەر تورکەکان و کوردەکان وەک ئەرکێکی نیشتمان

پەیڕەوی لەم پرۆگرامە بکەن. ئەو دەڵێت بەهۆی کوردەکانەوە ئێمە توشی هیچ گرفتێک نەبووین. بەڵکو ئەوەی توشی زیان بووە لە شەڕی نێوانیان، تەنها خۆیانن(Gökalp, 1922, s. 7). کوردەکان و تورکەکانبەردەوام پێکەوە ژیاون، چونکە کولتوورو دینیان یەکێکە.لە کۆتایدا گۆیکالپ پێی وایە ئەگەر کوردەکان لە بابەتی مەدەنییەتدا کەموکوورییەکیان هەبوو بێت، هۆکارەکەی ئەوە بووە تاوەکو ئێستاش وەک ژیانی عەشایەری ماونەتەوە. ئەمەش وای کردووە بەردەوام لە ململانێدا بن. ئەم خۆشەویستییەی نێوان کورد و تورکەکان ئەرکی دینی و سیاسییە. بۆیە ئەگەر کوردێک هەبێت و تورکی خۆش نەوێت کورد نیە، گەر تورکێک هەبێت و کوردی خۆش نەوێت تورک نیە(Gökalp, 1922, s. 10).

(میللەت چییە؟)یەکێکی دیکەیە لە نوسینە گرنگەکانی زیا گۆیکەڵپ. گرنگی ئەم بابەتە لەوەدایە زیا گۆیکالپ لە هیچ نوسینێکی دیکەیدا ئەوەندە باسی شوناسی خۆی و ناسیۆنالیزمی تورکی نەرکردووە(Dündar, 2019, s. 156). لەم بابەتەدا پێناسەی و تایبەتمەندیەکانی میللەت ڕووندەکاتەوە. سەرەتا دەڵێت بۆ ئەوەی ئێمە لە ماناکەی تێبگەین دەبێت ئەوە بزانین، کەمیللەت پێکهاتەیەکی جوگرافی نییە. لێرەدا نموونەی ئێران و عەرەبستان دێنێتەوە.دەڵێت کاتێك ووترا ئێران وعەرەبستان، مەبەست ئەوە نیە جگە لە فارس هیچ میللەتێکی دیکەی تێدا ناژی. بەڵکو تورک و کوردی لێی دەژی. خاڵی دوو ئەوەیەکە میللەت بە مانای ڕەگەز و قەوم نایەت (Gökalp, 1922, s. 1).میللەت بریتی نیە لە ئیمپراتۆرییەتێک کە ژیانیکی سیاسی هاوبەشییان هەبێت. چونکە لە ناو ئیمپڕاتۆردا چەندین میللەت بوونیان هەیە. لەگەڵ ئەمانەشدا میللەت بریتی نیە لەوەی کەسێک لەبەر ویست یان بەرژەوەندی خۆی میللەتێک هەڵبژێرێت. ئەگەر کەسێک وا هەست بکات ئازادە لە هەڵبژاردنی میللەت، ئەوا ئازد نییە. چونکە میللەت بریتییە لە کولتور و پەروەردە(Gökalp, 1922, s. 2). گویکاڵپ لە کتێبی "بنەما کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانی تەربییە"دا لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە پێناسەی ئەم چەمکە دەکات و دەڵێت بریتییە "لەو گرووپە کلتورییەی کە تاکەکانی خاوەنی یەک زمان و یەک تەربییەن"(Gökalp, 1992, s. 227). گویکاڵپ بڕوای وایە ئەگەرکەسێك بیەوێت ببێت بە ئەندامی نەتەوەیەکی وەک تورک، ئەوا بە تەنها هێنانەی دونیای تورکێک بەس نییە. بەڵکو دەبێت کەسێک بدۆزیتەوە وەک تورک بیر بکاتەوە(Alakom, 2018, s. 99; Gökalp, 1922, s. 3). لەم نوسینەدا زیا گۆیکالپ دەیەوێت ئەوە بە ئێمە بڵێت کە دیاریەکر لەگەڵ ئەوەی زۆرینەی کوردە، بەڵام لە بنەڕەتدا تورکن. دەڵێت بۆ یەکلایکردنەوەی ئەوەی بزانین ئایا

دیاربەکرییەکان کوردن یان تورک، دەستم بە لێکۆڵینەوە لە سەر کورد و تورک کرد. سەرەتا لە زمانەوە دەستم پێکرد. دەڵێت زمانی ڕەسمی خەڵکی دیاربەکر تورکی بووە لە بنەڕەتدا، بەڵام هەموو کەسێک کەمێک کوردی دەزانێت. دەڵێت لە کۆتاییدا بۆم دەرکەوت تورکییەکەی دیاربەکر لە بەغدادەوە تاوەکو ئەدەنە، باکۆ و تەبریز بریتیە لە زمانی تورکەکانی پێشوو(Gökalp, 1922, s. 4). لە بارەی زمانی کوردییەوە دەڵێت لەگەڵ ئەوەی زمانی کوردی خزمایەتی لەگەڵ زمانی فارسیدا هەیە، بەڵام لە فارسی ناچێت. چونکە لە زمانی کوردی (کرمانجی)دا نێر و مێ هەیە و زمانی کوردی لە رووی ڕستەسازی و ڕێزمانییەوە زۆر جیاوازن لەیەکتر. لەم ڕوانگەوە زمانی کوردی بە بەراورد بە زمانی تورکی زۆر ئاڵۆزترە. لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێت ئەو کوردییەی دیاربەکرییەکان قسەی پێدەکەن، جیاوازە لەو زمانەی گوندنشینەکان قسەی پێدەکەن. دەڵێت خەڵکی دیاربەکر بە وەرگرتنی ڕستەسازی کوردی و وشەسازی تورکی زمانێکیان بۆ خۆیان درووست کردووە، کەپێی دەوترێت کوردی تورکی.چونکە نێر و مێی و شیکاری ڕستەیان لە زمانەکەیاندا لابردووە و لەگەڵ ڕێزمانی تورکیدا گونجاندوویانە. ئەو زمانەی تورکەکان کە قسەی پێدەکەن تەنها لەگەڵ کوردەکاندا بەو زمانە قسەدەکەن، بەڵام لەناو خۆیاندا بە زمانی تورکی قسە دەکەن. ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە دیاربەکرییەکان لە بنەڕەتدا تورکن. بەڵگەیەکی تر بۆ ئەم بابەتە ئەوەیە خەڵکی ئەسڵی دیاربەکر حەنەفی مەزهەبن، بەڵام کوردەکان شافیعی مەزهەبن(Gökalp, 1922, s. 5).

یەکێکی دیکە لەو نوسینانەی زیا گۆیکاڵپ تێیدا باسی لە کورد کردووە، بریتیە لە بابەتێك بە ناونیشانی"ئیستیللال" واتە توانەوەی نەتەوەیی یان ئەسیمیلاسیۆن.گۆیکاڵپ سەرەتا پێی وایە هەر کاتێک دوو میللەت هەمان دینیان هەبێت و لەپاڵ یەکدا بژین، یەکێکیان ئەوی دیکەیان لە ناو خۆیدا دەتوێنێتەوە، کە ئەمە پێی دەوترێت ئەسیمیلاسیۆن(Gökalp, 1923, s. 1). لە بابەتی ئەسیمیلاسیۆندا گۆیکاڵپ پێوایە هەندێکجار میللەتی سەردەستە ژێردەستە ئەسیمیلە دەکات و هەندێکجار ژێردەستە سەردەستە ئەسیمیلە دەکات(Gökalp, 1923, s. 2). گۆیکاڵپ دەڵێت گەورەترین گۆرەپانی ڕوودانی ئەسیمیلاسیۆن لە باشووری ئەنادۆڵودایە. کە مەبەست لێی ناوچە کوردییەکانە (Gökalp, 1923, s. 3). گۆیکاڵپ دەڵێت لە باشووری ئەنادۆڵودا کورد, عەرەب و تورک پێکەوە دەژین. لە پەیوەندی نێوان تورک و عەرەب دوو وێنە بەرچاو دەکەوێت. وێنەی یەکەم بریتییە لەوەی ئەو تورکانەی لە ناو شارە عەربییەکاندا دەژین بوون بە عەرەب. وێنەی دووەم بریتییە لەوەی کە تورکومانەکانی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینێن کوردی

ناو گوندنشـــین(بیابانشـــین)ە عەرەبەکان نابن بە عەرەب. چونکە لە ناو عەشـــیرەتە عەرەبەکاندا هیچ کەسـێکی بێگانە وەرناگیرێت، ئەگەرلە خوێنی ئەوان نەبێت.لێرەدا گۆیکالپ نموونەی تورکومانەکانی ناو عەشـــیرەتە بەدوییەکانیێوان موســـڵ و شـەنگالمان بۆ باسـدەکات کە تاوەکو ئێسـتا دابونەریت و زمانی خۆیان پاراسـتووە و نەبوون بە عەرەب. گۆیکالپ دەڵێت ئەم دۆخە لە پەیوەندی و تێکەڵاوی نێوان کورد و تورکدا دەرئەنجامێکی زۆر جیاواز دەردەکەوێت. دەڵێت زۆرینەی تورکومانەکانی ناو عەشـــیرەتە کوردییەکان بوون بە کورد و بە کوردی قســـە دەکەن. لێرەدا نموونەی تورکومانەکانی ناحییەی دۆغەری نێوان ئورفە و ســـیڤەرەک بە کوردی قســـە دەکان. لەگەڵ ئەوەشـــدا ناوی زۆرێک لە گوندەکان باس دەکات و دەڵێت ئەم ناوانە زۆرینەیان تورکین. ئەمەش ئەوە دەردەخات ئەمانە لە بنەڕەتدا تورک بوون، بەڵام دواتر ئەســـیمیلەی کورد بوون. هەروەها زۆرینەی ســـەرۆک عەشـیرەتە کوردییەکان لە بنەڕتدا کورد نین و تورکن. ئەمە لەکاتێکدا هیچ ســـەرۆک عەشـــیرەتێکی عەرەب نابینرێت کە عەرەب نەبێت(Gökalp, 1923, s. 3-5). گۆیکالپ سەبارەت بە تورک بوونی کوردەکان دەڵێت ئەو کوردانەی هـاتوونەتە شـــارەکـان بوون بە تورک. کەواتە ئەو کوردانەی ڕوو لە شـــارەکان دەکەن، دەبن بە تورک. بەپێچەوانەوە ئەو تورکانەی لەناو گوند و چادری کوردەکان، دەبن بە کورد. گۆیکالپ هۆکاری ئەمەمان بۆخۆشـــەویســـتی و نزیکی کولتووری نێوان کوردەکـــان و تورکەکـــان دەگەڕێنێتەوە(Gökalp, 1923, s. 5). گۆیکالپ بڕوای وابووە بۆ ئەوەی ئەسـیمیلەی نەتەوەیەك بکەیت سـەرەتا دەبێت زمانیان بسڕەوە، دواتر بە زۆر زمانی خۆتیان بەسەردا بسەپێنیت(Alakom, 2018, s. 99).

یەکێکی دیکە لەو نوسینە گرنگانەی گۆیکالپ بڵاوی کردۆتەوە بریتییە لە بابەتێك لە ژێر ناونیشـــانی"بەرژەوەندی کوردەکان".گرنگی ئەم بابەتە لەوەدایەکە هەم بابەتێکی کۆمەڵایەتیە هەم بابەتێکی سیاسییە. لەو سـەردەمەدا قسـە و باسـێکی زۆر لەســـەر لێکردنەوەی ویلایەتی موســڵ و لکاندنی بە دەوڵەتی نوێی عێراقەوە دەکرا، ئینگلیزەکان زۆر قســـەیان لەســـەربابەتی موســـڵ کردووە و لکاندنی بە عێراقەوە لەبەرژەوەندی کوردەکانیان دەبینی. بەڵام گۆیکالپ لەســـەر ئەم بابەتە بۆچوونێکی دیکەی هەبووە و پێی وا بووە کورد و تورک هیچ جیاوازیەکیان نیە.بۆیە پێویســـتە کارێک بکرێت بە ســـوودی هەردوولا کۆتایی پێ بێت (Baltacıoğlu, 1966, s. 124; Gökalp, 1924, s. 4). گۆیکالپ دەڵێت لەم بابەتدا پرسـیارێک دێتە پێشـمان کە ئایا ســـوودی کوردەکان لەوەدایە لەگەڵ عەرەبەکاندا بژین یان لەگەڵ تورکەکان؟ لە وەڵامی ئەم پرســـیارە دا دەڵێت لە کۆنەوە پرســـیارێک لە زیهنی مندایە، کە هۆکاری



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆلینێن کوردی

ئەوەی چییە کوردەکان لەگەڵ ئەوەی قەومێکی خاوەن شەهامەتن، بەڵام تاوەکو ئێستا لە ژیانی عەشایەریرزگاریان نەبووە ؟(Gökalp, 1924, s. 4). لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا گۆیکەڵپ پێی وایە لەڕووی شوێنی نیشتەجێبوونەوە کوردەکان لە دوو شوێندا نیشتەجێن، ناوجەرگەی بیابان و دوور لە بیابان. ناو جەرگەی بیبانیش واتە عەرەبە بەدەوییەکان. گۆیکالپ پێی وایە ئەوانەی دوورلە بیابانەکان دەژین هەم لە دۆخی کۆچەری هەم لە ڕێکخستنی عەشایەری رزگاریان بووە. بەڵام ئەوانەی لەناوجەرگەی بیابان و لەگەڵ عەرەبەکاندا دەژین، تاوەکوو ئێستا نەیانتوانییوە لە ژیانی عەشایەری رزگارییان بێت(Gökalp, 1924, s. 3). هەر بۆیە گۆیکالپ پێی وایە ئەگەر کوردەکان تێکەڵی عەرەب نەبوونایە، هەر لە زووەوە وازیان لەم جۆرە ژیانە هێنا بوو. بەڵام ئەو عەشیرەتە کوردییانەی لەگەڵ تورکەکاندا دراوسێن، تەنها لە ژیانی عەشیارەیی نا، بەڵکوو لە سیستمی دەرەبەگایەتیش ڕزگاریان بووە(Gökalp, 1924, s. 4). کەواتە گۆیکالپ بە دراوسێی عەرەب زیانی بۆ کورد هەیە نەک قازانج. هەر بۆیە کوردانەی بوون بە دراوسێی تورک و هاتنە ناو شارەکان، ڕزگاریان بوون لە کۆچەری و لەو شێوە ژیانە. لە ڕاستیشدا هیچ پەیوەندییەک لە نێوان کورد و ژیانی کۆچەریدا نیە (Gökalp, 1924, s. 4).

گۆیکالپ لە بابەتێک بە ناوی"مەدەنیەتی شارومەدەنییەتی گوند"دا دەڵێت کاتێک سەیری ویلایەتەکانی باشووری وڵاتمان دەکەیت، تورکەکان لەشارەکان وکوردەکان(عەشیرەتەکان) لە گوندەکاندا نیشتەجێن. ئەم دوومەدەنییەتە لەڕووی ڕێکخستن وبونیادی کۆمەڵایەتییەوە زۆر لەیەکترجیاوازن. ئەم جیاوازییەش بەتایبەت لەناوچەکانی (دیاربەکر، سیڤەرەک، چەرمیک، گونگوش، مادەن، پاڵۆ، موش، بدلیس، هارپووت، مالاتیا، کەماه، حسن منصور(ئادیامان)، ئەرزەڕۆم، ئەرزنجان، وان، ئاهلات، عادیلجەڤاز، کەرکووک، داقوق، ئەربیل، ....) دەردەکەوێت. گۆیکالپ دەڵێت چونکە لەم شارانەدا بە زمانی بەتورکی قسەدەکرێت. تەنانەت شارەکانی بەدرە، خانەقین، بەعقووبە، مەندەلی، شارەبان و دووناوچەی گەورەی بەغداد بەتورکی قسەدەکەن. لەگەڵ ئەوەشداگوندەکانی ویلایەتەکانی باشوورنیوەی لەتورک ونیوەی لەکورد پێکهاتووە. کە سیستەمی دەرەبەگایەتی لەزۆرینەی گوندەکانداهەیە(Gökalp, 1923, s. 4).

گۆیکالپ دەڵێت بەشێوەیەکی گشتی سیستەمی دەرەبەگایەتی دەکرێت بەدوو بەشەوە. دەرەبەگایەتی سیاسی وئابووری. دەڵێت ئەوسیستەمە دەرەبەگایەتییەی کە لە ئەوروپاهەبووە، بریتییە بووە لەدەرەبەگایەتی سیاسی. چونکە ڕێکخستنی دەوڵەت، ڕێکخستنێکی دەرەبەگایەتی بووە. هەربۆیە بەپێی یاسا،گوندنشینەکان پەیوەستن بە

زەوییەکانی گوندەوە(Gökalp, 1923, s. 4). لەم سیستەمەدا کێ خاوەنی گوندەکە بێت، خەڵک و زەوییەکانیش موڵکی ئەون. گوندنشینان ناتوانن لەم گوندەوە بچن بۆگوندێکی دیکە. بەڵام لە دەرەبەگایەتی ئابوورییدا یاساکان لەبەرژەوەندی بەگ نەبووە، بەڵکووخەڵک وبەگیش لەبەرامبەریاساوە یەکسانن. لەم سیستەمەدا خاوەن زەویش، وەکوو جووتیارمامەڵەی لەگەڵ دەکرێت. بەڵام ئەم سیستەمە لە دەرەوە زۆرجیاوازە وهەمان سیستەمی دەرەبەگایەتی سیاسییە. دۆخی عەشیرەتە کوردییەکانیش بەهەمان شێوەیە. دەڵێت لەناوعەشیرەتەکاندا سەرۆکی عەشیرەت لەگەڵ ئەرکی لێپرسینەوە دادگایی کردن، باج وسەرانەش لەهەموو شتێک وەردەگرێت (Gökalp, 1923, s. 5). گوێکالپ دەڵێت لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە بۆچی تورکەکان زیاتر ژیانی شاریان هەڵبژاردووە. چونکە تورکەکان لە کۆنەوە عاشقی یەکسانی وئازادیین. هەربۆیە ویلایەتەکانی باشوور، تەنها لە شاردا دەتوانن ئازادی ویەکسانی بدۆزنەوە. چونکە لە شارەکاندا، نە سەرۆک عەشیرەت نە بەگ هەیە، بەڵکوو یاسا هەیە. هەموو کەسێک لە ماڵی خۆیدا خاوەنی خۆیەتی. لە کۆتایدا گوێکالپ دەڵێت دەگەین بەوئەنجامەی مەدەنییەتی شارومەدەنییەتی گوند یان عەشیرەت لە یەکتر زۆرجیاوازن (Gökalp, 1923, s. 5).

### ٢.٤ تێڕوانینی زیا گوێکالپ بۆعەشیرەتە کوردییەکانی باکووری کوردستان

یەکێك لە بەرهەمە دیار و گرنگەکانی زیا گوێکالپ،کە تێیدا کاری لەسەر مەسەلەی کورد کردووە، بریتییە لە کتێبێك بە ناوی "لێکۆڵینەوەیەکی کۆمەڵناسیانە سەبارەت بە عەشیرەتە کوردییەکان". لە بنەڕەتدا ئەم توێژینەوە داوایەک بوو وەزارەتی پەروەردە لە گوێکەڵپی کردوویەتی. دواتر لەسەر داوای وەزارەتی تەندروستی و بە تایبەت وەزیری تەندروستی ئەو کاتە د. ڕەزا نور[1]ئەنجام دراوە (Özgürel, 2006, s. 269; Coşkun, 2019, s. 10). هۆکاری ئەم توێژینەوەشلە ترسی لە دەست دانی ناوچە کوردییەکان بووە(Coşkun, 2019, s. 10). د.ڕەزا نوورخۆی دەڵێت "من خۆم لە زووە دەزانم کوردەکانیش تورکن، بەڵام پێویستە بۆیان باس بکرێت و تێ بگەیەنرێن. ئێمە تورکەکانی میسر و جەزائیرمان لە دەست دا و بوون بە عەرەب. لەبەر ئەوەی هێشتا کوردەکان لە بن دەستماندان، نابێت ڕێگە بدەین لە ژێر دەستمان دەربچن". بۆ ئەوەی زانیاری لەسەر ڕەوشی زانستی، ئابووری و کۆمەڵایەتی کوردەکان کۆبکرێتەوە،د. ڕەزا نور داوای ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتەی لە گوێکالپ کردووە. لەم ڕوانگەوە دەڵێت "ڕۆژێک دێت ئەمانە(کوردەکان) لێمان ڕاست دەبنەوە. بۆیە پێویستە ئێمە ئەسیمیلەیان بکەین(بیانکەین بە تورک). بۆ ئەم مەبەستەش پارەم ناردووە بۆ گوێکالپ و داوام



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی

لێکردووە ڕاپۆرتێک ئامادە بکات ســـەبارەت بە جوگرافیا، زمان، عەشـــیرەت و دۆخی کۆمەڵایەتی کوردەکان"(Nur, 1992, s. 235). سەرەتا ڕاپۆرتەکەبڵاونەکرایەوە و تەنها چوار نوسخەی لەبەر گیراوە.گۆیکالپ نوسخەیەکی لای خۆی دانا، نوسخەیەکی نارد بۆ مستەفا کەمال ئەتاتورک، نوسخەیەکی نارد بۆ د. ڕەزا نوور و کۆتا نوسخەیەکیشی نارد بۆ نووســـەر ســـەید بەها، کە کاری لەســـەر بێکتاشـــی و عەلەوییەکان کردووە(Özgürel, 2006, s. 269; Şentürk, 2011, s. 133) . بەڵام بۆ یەکەمین جار لە ســـاڵی ١٩٧٥لە لایەن ناوەندێکی کوردییەوە بەناوی کۆمەڵ، لە چوراچێوەی کتێبکدا بڵاوکرایەوە. هۆکاری بڵاونەکردنەوەی وەك کتێبێك لەو کاتەدایەك لەترســـی ناڕەزای کوردەکان، دوو لەبەر خەرجنەکردنی پارەی چاپکردنی (Alakom, 2018, s. 56-59; Şentürk, 2011, s. 132).

لە کتێبەکەدا ســـەرەتا لە پێشـــەکیەکەیدا باس لە ڕێبازی توێژینەوەی کۆمەڵناســـی و جیاوازی زانســـتی ئەتنۆگرافیا و ئەنسرۆپۆلۆژیا دەکات. دەڵێت زانستی ئەنسرۆپۆلۆژیا لە ڕەگەزی نەتەوەکان دەکۆڵێتەوە. بەڵام زانستی ئەتنۆگرافیا باس لەوە دەکات کە لەم میللەتەدا چەند نەتەوە هەیە. هەربۆیە پێویســـتە ئێمە ســـود لە زانســـتی ئەتنۆگرافیا وەربگرین. چونکە ئەم زانســـتە هەوڵدەدات ڕێکخســـتنە دینی، ســـیاســـی و ڕەگەزییەکانی ناو عەشـــیرەت لە یەکتر جیبا بکاتەوە. بە تایبەت دەیەوێت گرووپە ســـیاســـی و نەتەوەییەکان لەیەکتر جیا بکاتەوە. ســـەبارەت بە پەیوەندی نێوان زانستی ئەنتۆگرافیا و کۆمەڵناسی، دەڵێت وەکوو چۆن ئەوانەی لە زانستی کۆمەڵناسی ئاگادار نین، نابن بە مێژوونووس و زانایی سیاسی، بەهەمان شێوە نابێت بە ئەتنۆگارفیش.لەگەڵ ئەوەشدا گۆیکالپ پێی وایە کۆمەڵناسی بۆ کۆمەڵگە و ئەتنۆگرافیا بۆ کۆمەڵگەی سەرەتاییەکان، یان ئەوانەی لایەنی سەرەتاییان هەیە گرنگە(Gökalp, 2013, s. 7-12). دواتر باس گرووپە کۆمەڵایەتییەکان و دابەشـــکاریان دەکات. ســـەرەتا دەڵێت ئێمە بەشـــێوەیەکی گشـــتی دوو گۆڕەپـــانمـــان هەیە بۆ لێکۆڵینەوە، گۆڕەپـــانی جەمعیەت(گرووپ) و جامیعە(کۆمەڵگە)مان هەیە. کە جامیعە لە جەمعیەت گەورەترە و جەمعیەت لەخۆی دەگرێت. دەڵێت ئەوەی کە گرنگ بێت بۆ ئێمە لەم توێژینەوەدا کارکردنە لەســـەر جەمعیەت. دواتر باس لە شـــێوەکانی جەمعیەت دەکات و دەڵێت بەشێوەیەکی گشتی دوو جۆرەمان هەیە، عەشیرەت و میللەت. میللەتیش لە دوو گرووپی ســـانەویی درووســـت دەبێت. ئەوانیش، یەک بریتییە لە یەکە ئیدارییەکان، وەکوو پارێزگار، لیوا، قەزا، ناحیە، گوند، ... . دووگرووپە پسیۆرییەکان. ســـەبارەت بە جیاوازی نێوان میللەت و جـــامیعە، دەڵێـــت جـــامیعە گەورترە لە میللەت. بۆ نموونە هەموو

توورکەکانی جیهان جامیعەن، بەڵام تورکەکانی تورکیا تەنها میلەتێکن (Gökalp, 2013, s. 13-14). دواتر پۆلێنی عەشایرەتەکان دەکات. دەڵێت بەشێوەیەکی گشتی چوار جۆر عەشیرەتمان هەیە:

- عەشیرەتە سەماوییەکان، واتە عەشیرەتە سەرەتایی و تەوتەمییەکان. لەگەڵ ئەوەشدا عەشیرەتە دایکسالاریشی پێدەڵێن. کە عەشیرەتەکانی ئەمەریکای باکوور لەم جۆرە عەشیرەتەن.
- عەشیرەتە عەمارەوییەکان(تیرەییەکان). لەگەڵ ئەوەشدا عەشیرەتە باوکسالاریشی پێدەڵێن. کە عەشیرەتەکانی ئەمەریکا لەم جۆرە عەشیرەتەن.
- عەشیرەتە قەبیلەییەکان. گۆیکالپ عەشیرەتە کوردیی و عەرببیەکان لەم پۆلێنەدا جێدەکاتەوە.
- عەشیرتە ویلایەتییەکان. دەڵێت ویلایەتەکانی تورک لەم پۆلێنەدان. کە بە مانای عەشیرەت نا، بەڵکو بە تایبەتمەندی میللەت. دەلێت ئەگەر بە تورکومانەکان بوترێت عەشیرەت، لە ڕاستیدا زۆر لە بونیادی عەشیرەت دوورن. چونکە لە پەیوەندی خوێنی نەماوە لە ناویاندا و نموونەی حکومەتێکی بچووکن (Gökalp, 2013, s. 15).

گۆیکالپ دوای ئەم پێشەکییە ئیتر دێتە سەر باسی عەشیرەتە کوردییەکان. پۆلێنی کوردەکان دەکات و دەڵێت بە شێوەیەکی گشتی لە (کرمانج، زازا، سۆران، گۆران، لوڕ)ەکان پێکهاتوون. دواتر باس لە پەیوەندی نێوان ئەم لەهجانە دەکات. دەڵێت زمانی گۆران(هەورامی) و زازا لە یەکتر زۆر نزیکن(Gökalp, 2013, s. 17). بەڵام نازانم لەیەکتر تێدەگەن یان نا نازانم. گۆیکالپ زمانیکوردەکان بەسەر(کرمانجی، زازای، سۆرانی و لوڕی) دابەش دەکات.بەڵام دەڵێت ئەمانە لەیەکتر تێناگەن و لە ڕووی ڕێزمانەوە جیاوازی زۆر لە نێوانیاندا هەیە. هەموویان لە زمانی کۆنی کوردییەوە درووست بوون.لەگەڵ ئەوەشدا گەیکالپ دەڵێت لەناو ئەم لەهجانەدا هەندێک بەرهەمی ئەدەبی وەکوو شیعرەکانی مەولانا خالید هەیە. کە گۆیکالپ مەولانا خالید سەر بە لەهجەی گۆرانی هەژمار دەکات. هەر ئەو نا، بەڵکو مەلا گۆرانی، کە مامۆستا محمد فاتیح بووە، لە گۆرانییەکان هەژمار دەکات. گۆیکالپ لە لەهجەی لوڕیدا بابا تاهیری عورەبانی و لە لەهجەی سۆرانیدا نموونەی شێخ ڕەزای تاڵەبانیو لە لەهجەی کرمانجیدا نموونەی مەلای جەزیری و ئەحمەدی خانی دێنێتەوە. دواتر باس لە یەک بە یەکی



Zakho Centre for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینێن کوردی

لەهجەکانی زمانی کورد و پەیوەستی دەکات بە ژیانی کۆمەڵایەییەوە (Gökalp, 2013, s. 17-18).

زیا گۆیکاڵپ بەشێوەیەکی گشتیپێناسەی عەشیرەت بەکۆی نەوەیی ئەو باپیرەی کە هاوکاری یەکتر دەکەن پێناسە دەکات(Gökalp, 1909, s. 1). لەم پێناسەدا گۆیکاڵپ عەشیرەت بە کۆمەڵێک کەس پیناسە دەکات، کە هەموویان یەک بنەچەیان هەیە و بەو بنەچەوە یان باپیرەوە پەیوەستن و هاوکاری لە نێوانیاندا هەیە. گویکاڵپ دەڵێت بەشێوەیەکی گشتی شێوەی ژیانی عەشیرەتەکانی کورد، لە شێوەی ژیانی قەبیلەدایە. کە قەبیلەش لە چەند تیرەیەک پێکدێت. کە هەموو تیرەکان سەرۆکیان هەیە، بەڵام هەموویان لەلایەن سەرۆکی قەبیلەکەوە بەرێوە دەبرێن. لێرەدا گویکاڵپ نموونە بە قەبیلەی میلی دێنێتەوە لە ڤیرانشەهیر. ئەم قەبیلەیە لە چەند تیرەیەکی وەکوو هزرگان، سیگان، گوران و چەمگان پێکهاتووە. کە هەر یەکە لەم تیرانە سەرۆکی خۆیان هەیە. لەناو کوردەکاندا بە سەرۆکی قەبیلەکە دەڵێن ئاغا و عەرەبەکان پێی دەڵێن شێخ. دواتر نموونە بە قەبیلەی کاراکێچی و ڕۆژکی دێنێتەوە(Gökalp, 2013, s. 21). سەبارەت بە دابونەریتی یاسا لە عەشیرەتەکاندا دەڵێت لە ناو عەشیرەتە عەرەبەکاندا ئەو کەسەی یاساکان جێبەجێ دەکات پیی دەڵێت عاریف. بەڵام لەناو کوردەکاندا چینێکی لەم جۆرە بوونی نییە. بەڵکوو لە هەندێک ناوچە ناوی قازیان لە مەلاکان ناوە. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی کارە یاسایەکان و حوکمەکان لەلایەن سەرۆکی عەشیرەتەکەوە جێبەجی دەکرێت. هەر تەنها ئەوەندە نا، بەڵکوو سەرۆکی عەشیرەت لە هەموو شتێکی فرۆشراو و بەرهەمێک بەشێک وەردەگرێت(Gökalp, 2013, s. 22). لەگەڵ ئەوەشدا گوێکاڵپ باس لە بابەتێکی دیکە دەکات لە ناو عەشیرەتە کوردییەکاندا، ئەویش بریتییە لە بەرپرسیارێتی هاوبەش. دەڵێتگەر تاوانێک لە ناو عەشیرەتەکەدا بکرێت، یان کەسیکیان لێ بکوژریت، هەموویان بەژدارن لەو تاوانە بان تۆڵەسەندنەوە. چونکە لە ناو عەشیرەتەکاندا شتێک نیە بە ناوی مافی تاک، بەڵکوو مافی هاوبەش هەیە.(Gökalp, 2013, s. 23).دەڵێت بەشێوەیەکی گشتی دوو جۆر کورد یان عەشیرەتی کوردی هەیە. ڕەش و سپی. کوردی سپی بریتین لەو کوردانەی پەیوەستن بە جکومەتەوە. بەڵام کوردی ڕەش، ئەوانەن لە چیاکاندا دەچین و پەیوەست نین بە حکومەتەوە(Gökalp, 2013, s. 24). یەکێکی دیکە لەو بابەتانەی کە گوێکاڵپ باسی لێوە دەکات، بریتییە لە مەفکورە (ئایدیا-خەیاڵ-ئامانج). دەڵێت بەگشتی ئەو کوردانەی لە سەربازی هەڵدێن بە بێ مەفکورە ناویان دەبەن. لە کاتێکدا لە ناو کوردەکاندا مەفکوورە زۆر بەهێزە. بەڵام لەبەرئەوەی

ئەمە مەفکوریەکی نیشتیمانی و نەتەوەیی نییە، حەزیان لە سەربازی نییە. بەڵکوو لای ئەوان مەفکورەی عەشیرەت زۆر بەهێزە. تەنانەت خۆیان، ماڵیان، خێزانیان لە پێناو ئەم مەفکورەی عەشیرەتەدا فیدا دەکەن(Gökalp, 2013, s. 26).

گۆیکاڵپ بەشێوەیەکی گشتی دووجۆر دابەشکاری بۆ عەشیرەتە کوردییەکانی باکووری کوردستان دەکات. گۆیکاڵپ لە بابەتی (مەدەنییەتی شار و مەدەنییەتی گوند)دا عەشیرەتە کوردییەکانی ویلایەتی دیاربەکر بۆ(عەشیرەتە کۆچەرییەکان، نیمچەکۆچەرییەکان، نیشتەجێیەکان) دابەش دەکات (Gökalp, 1923, s. 5). بەڵام لە کتێبی "لێکۆڵینەوەیەکی کۆمەڵناسیانە سەبارەت بە عەشیرەتە کوردییەکان"عەشیرەتە کوردییەکان بۆ دوو جۆر دابەش دەکات:

- عەشیرەتە سەرەتاییەکان (کوچەرییەکان، نیمچە کۆچەرییەکان، نیشتەجێیەکان، گوندە ئاغاییەکان)
- پێشکەوتووەکان یان مۆدێرنەکان(گوندە خەڵکییەکان)(Gökalp, 2013, s. 27).

گۆیکاڵپ دەڵێت عەشیرەتە کۆچەرییەکان سەرەتاییترین جۆری عەشیرەتن. تەنها خەریکی ڕاو و تاڵانکردنی لاوازەکانن وهیچ شتێک لە کشتوکاڵ نازانن. هەر کاتێک خەریکی کاری کشتوکاڵی بوون دەبن بە نیمچە کۆچەر. ئەوانەی نیمچە کۆچەرین هەم خەریکی کاری کشتوکاڵین هەم ئاژەڵداری، واتە کۆچەرین. ئەمانە هەندێکیان پێکەوە لە گوندەکان دەژین و هەندێکی دیکەیان بە شێوەی جیا لە چادرو ڕەشماڵدا دەژین. بەڵام ئەوەی ڕێزدارترە، کۆچەرییەکان. دەڵێت ئەمانە گەر دۆخەکە گونجاو بێت بۆیان، نیشتەجێ دەبن(Gökalp, 2013, s. 28). ئەوانەشی نیشتەجێن ڕاستەوخۆ نابن بە گوندی خەڵکییەکان. هەر بۆیە هەرکاتێک ڕێکخستنی عەشیرەتەکە تێکبچێت، هەرکەسە و بۆخۆی دەژی(Gökalp, 2013, s. 29).دەڵێت زۆرینەی سەرەتاییەکان بە ئاژەڵدارییەوە خەریکن. کۆچەری و نیمچە کۆچەرییەکان بۆ خۆپاراستن لە هێرشە دەرەکییەکان پێویستە چەکدار بن. کەواتە ناچارن کۆچەر بن. (Alakom, 2018, s. 105; Gökalp, 2013, s. 49-50).

زیا گۆیکاڵپ، باس لەهۆکاری ئەوەدەکات کە بۆچی عەشیرەتە کوردییەکان ئەم دۆخی کۆمەڵایەتی و ژیانی سەرەتاییەیان هەیە. ئەمەشی بۆ دوو هۆکاری جۆگرافی و گونجاوی یاساکان گەڕاندۆتەوە(Gökalp, 2013, s. 27). گۆیکاڵپ لە هۆکاری جوگرافیدا باس لە دوو جۆر ژیانی کۆمەڵایەتی عەشایری دەکاتلە ناو کوردەکاندا.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی

کە ئەوانیش بریتین لە ژیان لە ناو بیابانەکان و شـــاخەکان(Gökalp, 2013, s. 30). ژیانی ناو بیابانیش دەکات بە دوو بەشـــەوە، ناوجەرگەی بیابان و دوور لە بیابانەکان. ناوجەرگەی بیابانبریتین لەوانەی کە نزیکن لە عەشـــیرەتە عەرەبەکانەوە. ئەم عەشیرەتانە زۆر بەهێزن. ئەو عەشیرەتانەی دەوروبەریان بە دوژمن دەزانن. گۆیکاڵپ دەڵێت چەندین عەشـــیرەتی کوردی وەکوو بەرزان، کاراکێچی، میللی، حەلەمجان، دەکوری و میلانلە نزیک ئەم ئەم عەشیرەتە عەرەبانەدان. ئەم عەشیرەتانە ئەمانە ژیانێکی کۆچەری یان نیمچە کۆچەرییان هەیە و بەردەوام هێزەکانیان لە ئامادەباشـــیدان. چونکە بەردەواملە مەترسی هێرشی عەشـیرەتە عەرەبەکاندان. هەر بۆیە پێویستە کۆچەر یان نیمچە کۆچەر و چەکدار بن. گۆیکاڵپ دەڵێت بۆ ئەوەی عەشیرەتە کوردییەکانی ناو جەرگەی بیابانەکان لەم دۆخە ڕزگار بکرێن، پێویستە بەربەستێك وەکوو سەدی چین لە نێوان ئەم عەشیرەتانە و عەشیرەتە عەرەبەکاندا دابنرێت. بەڵام سەدی مادی نا، بەڵکوو سـەدێکی مەعنەویی بێت. ئەمەش بۆ تێکەڵ نەبوونیانە بە عەرەبەکان و نیشـــتەجێکردنیان. بەڵام گۆیکاڵپ دەڵێت ئەمە پێویســـتی بە کات هەیە (Gökalp, 2013, s. 29). هۆکاری دووەم لە هۆکارە جوگرافییەکانی بەردەوامی ژیانی عەشـایەری و سەرەتایی کوردەکان، بریتییە لە چیاسەختەکان.گویکاڵپ دەڵێت ئەو عەشیرەتانەی لە شـاخە سـەختەکاندا دەژین لەگەڵ ئەوەی خەریکی کشـتوکاڵ نابن، حکومەت سودمەند نابێت لێیان. هەر بۆیە ئەم عەشیرەتانە بەردەوامن لە چەکداربوون و هێرشکردنە سـەر گوندە دەوڵەمەندەکانی دۆڵ و دەشـــتەکان. ئەم دۆخەش وا لە خەڵی دۆڵ و دەشـــتەکان دەکات خۆیان وەکوو عەشـــیرەتێک چەکدار بکەن. بۆ ئەوەی ئەم دۆخە کۆتای پێ بهێنرێت، پێویســـتە ئەو عەشـیرەتانەی لە شـاخەکاندان بهێنرێنە خوارەوە بۆ دۆڵ و دەشـتەکان و زەویان پێبدرێت. لەگەڵ ئەوەشـدا یاسای قەدەغەبوونی ژیانکردن لە شـاخە سـەختەکان دابنرێت.ئەمەش وا دەکات زۆرێک لە عەشـیرەتەکان واز لە ژیانی عەشـــایەری بهێنن. (Gökalp, 2013, s. 30). کە لە بیابانەکاندا دەڵێت ئەم دۆخە واتە نەهامەتی کوردەکان، چونکە لە ژیانی دیموکراســی دووریان دەخاتەوە.ئەوانەی لە دەرەوەی بیابان دەژین نزیکن لە تورکەکانەوە. ئەم دۆخیان جیاوازترە، چونکە دوورن لە ژیانی کۆچەری، دەرەبەگایەتی و بونیادی عەشـایری. (Gökalp, 2013, s. 52; Alakom, 2018, s. 105; Özgürel, 2006, s. 288). گۆیکاڵپ براوی وایە نزیکایەتی نێوان عەشـــیرەتە کوردییەکان لە عەرببیەکانەوە بە قازانجی کوردەکان نیە. هەر ئەم هۆکارەشــە وای کردووە تاوەکو ئێســتا کوردەکان شـێوەی ژیانیان دواکەوتوویبێت. گۆیکاڵپ دەڵێت تەنها یەک ڕێگە هەیە بۆ ئەوەی کۆچەرییەکان جێگر

بین(Özgürel, 2006, s. 290). یەکێکی دیکە لەو هۆکارانەی کە گوێکالْپ پێی وایە بووەتە هۆی ئەوەی عەشیرەتە کوردییەکان تاوەکوو ئێستا ژیانیان عەشایەری و سەرەتایی بێت، بریتییە لە هۆکارە یاساییەکان.(Gökalp, 2013, s. 30). کە لە خوارەوە بە کورتی ئاماژەی بۆ چەند هۆکارێکی یاسای کردووە، لەوانەش:

شێوەی ئیلتیزام: واتە حکومەت مافی خۆی بفرۆشێت بەرامبەر برە پارەیەکبەکەسێک لە خەڵکەکە. کە بێ سەیرکردنی باشی یان خراپی هەموو کەسێک دەکرێت ئەم مافە وەربگرێت و ببێت بە فەرمانبەری باج. گەر کەسێکی خراپ ئەم ئەرکە وەربگرێت، لەوانەیە خراپەکاری بەرامبەر گوندنشینەکان بکات. هەر بۆیە ئەگەر ئەم شێوەی ئیلتیزام لە ناوچەکەدا لاببەین، دەبێتە نیعمەتێکی گەورە بۆ ناوچەکە (Gökalp, 2013, s. 30).

شێوەی دادگایی: گوێکالْپدەڵێت لە هزری عەشایەریدا مافی تایبەت و گشتی نیە، لەبری ئەوە بەرپرسیارێتی هاوبەش هەیە. واتە هەر کاتێک کەسێک بکوژرێت هەمووان هاوخەم و هاوبەشن تێیدا. بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە پێویستە یاسایی فیدیە و بەرپرسیارییەتی هاوبەشقەبوڵ بکرێت. گوێکالْپ دەڵێت بۆ ئەوەی عەشیرەتەکان پەیوەندییان لەگەڵ حکومەت گەرم بێت، پێویستە هەریەکەو بە پێی خۆی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. دەڵێت ئەگەرئەمە قەبوڵ بکەین، سەرۆکی عەشیرەتەکە، وازلەسەرۆکایەتی عەشیرەتەکەیان دێنن(Gökalp, 2013, s. 31).

شێوەی سەربازی: گوێکالْپ سەرەتا باس لەوە دەکات کە ئەندامانی عەشیرەتەکان ئایدیای عەشیرەتیان هەیە نەکنیشتیمان.هەر بۆیە ئەمانە ناچن لەشوێنە دورە دەستەکان سەربازی بکەن. تەنها بەوەدەکرێت کە تیپی سەربازی درووستبکرێت. ئەوانە حەزیان لێیەتی کاری بیناسازی ورێگاوبانیان پێبکرێت. واتە لە سەربازیدا لە کاروباری رێگاوبان و دروستکردنی خانووە سەربازییەکاندا بەکاربهێنرێن (Gökalp, 2013, s. 32).

دواترگوێکالْپ دێت ناوی عەشیرەتە کوردییەکان بەپێی چەند هەرێمێک یان قەزایەک جیادەکاتەوە. بۆنموونە دەڵێت لەهەرێمی سوروچ عەشیرەتەکانی (بەرازی، کێکانی، عەلائەدین، بیجان، دینایی، شەدادی ودینادان، شەنجان) هەیە. کەهەریەکە لەعەشیرەتەکانی عەلائەدین، شەنجان وکەشیکان بەهۆی رێکەوتنی فەرەنسا وتورکیا، کەوتنە دەرەوەی سنووری دەوڵەت، واتەناوچەی رەققە(Gökalp, 2013, s. 32). لە هەرێمی حەرانیش عەشیرەتی بەنی قیس هەیە. ئەم عەشیرەتەش لەتیرەکانی بنی محمد، سەیالە،

مەشـــهورو بنی یوســـف پێکهـاتووە. کە ژمـارەیـان بە نزیـکی٢٥٨٠٠کەس دەخەمڵێنرێت(Gökalp, 2013, s. 33). هەرێمی سیڤەرەک بەگشتی لە عەشیرەتەکانی ملیلی، کاراکەچی، بوجاک وکاراڤار پێکهاتووە. گەورەترین وگرنگترین عەشیرەتیان بریتییە لە عەشیرەتی ملیلی(Gökalp, 2013, s. 34). لە قەزای ماردین ولەبەشی بیابان و دەشـــتەکەی عەشـــیرەتەکانی کیکی، حالەمبان، دەکوری، مللیکابیر، کالەندەران، ئورکان، لیف، تاتر، حارەب، حاراســبەند، موعامەرە، کێچین، مەرســینیان ولە بەشـــی شاخەکانی عەشیرەتەکانی حورسی، داشیان، مەشکین، بۆیلان و ڤانتلێکان هەیە. کە گرنگترین عەشـــیرەتیان بریتییە لەعەشـــیرەتەکانی کیکی، حالەمبان، دەکوری ومللیکـابیر(Gökalp, 2013, s. 34). کە ئەم عەشـــیرەتـانە ئـایینیـان ئیســلامە ومەزهەبیشیان شافعییە. تەنها بەشێکی زۆرکەم لەعەشیرەتی میللیکابیرنەبێت ئایینیان یەزیدییە. گۆیکالپ دەڵێت گەورە وســەرۆکەکانی ئەم عەشیرەتانە بەشـێکی عەرەب، بەشێکی کورد وبەشێکی دیکەی تورکن(Gökalp, 2013, s. 36).

گۆیکالپ دوای جیاکردنەوە عەشیرەتەکان دێت بەشێوەیەکی گشتی باس لە دابونەریت و ژیـانی کۆمەڵایەتی عەشـــیرەتەکـان دەکـات. گۆیکـالـپ دەڵێت پەیوەندییەکی ئاسایی لە نێوان سەرۆک عەشیرەت وئەندامانی عەشیرەتەکەداهەیە. کە زۆرینەی سەرۆک عەشیرەتەکان غوڵامیان هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا زۆرینەی عەشیرەتەکان میواندۆستن. ئاغای عەشیرەتەکان،هەمووساڵێک باج وەردەگرن. تەنانەت بەش لە ئاژەڵە فرۆشـــراوەکانیش وەردەگرن(Gökalp, 2013, s. 37). گۆیکالپ ســـەبارەت بە داب و نەریتی هاوســـەرگیریی لە ناوعەشـــیرەتە کوردییەکاندا دەڵێت ڕازیبوونی باوک لە ڕازیبوونی کچ گرنگترە. کە بـاوک ڕازیبوو، کچ بەرامبەر بڕێک پـارە پێشـــکەش دەکات. لەگەڵ ئەوەشـــدا ڕازیبوونی خاڵی کچیش زۆرگرنگە(Gökalp, 2013, s. 38). گۆیکـالپ دەڵێت ئەم پارەی بـاوکی کچ وەریـدەگرێت بەپێی دەوڵەمەنـدی وهەژاری خێزانی کوڕەکە دەگۆڕێت. (Gökalp, 2013, s. 39). بەڵام ئەگەر بێ ڕازیبوونی باوک کچەکە ڕەدوو بکەوێت یان بە زۆر هەڵبگیرێت، لەم ســاتە بەدواوە با کوڕەکە لە هەر عەشیرەتێک ببێت، بۆ عەشیرەتی کچەکە دەبن بە دوژمن (Gökalp, 2013, s. 46).

**٥. ئەنجام**

بونیادی عەشـیرەت، یەکێکێکە لە پێکهاتە ســەرەکییەکانی کۆمەڵگەی کوردی. تاوەکوو پێش ســـەدەی هەژدە و نۆزدە زۆرینەی عەشـــیرەتە کوردییەکان لە ژێر چەتر و دەســەڵاتی میرنشینەکاندا بوون. بەڵام دوای نەهێشـتنی و لەناوبردنی دەســەڵاتی میرنشـــینە کوردییەکان لەلایەن دەوڵەتی عوســـمانییەوە، عەشـیرەتە کوردییەکان زیاتر

دەرکەوتن و ململانێ لە نێوان لەسەر دەسەڵات و پێگە درووست بوو. ئەم دۆخە تاوەکوو درووستبوونی کۆماری نوێی تورکیا درێژەی کێشا. هەربۆیەعەشیرەتگەرایی و دەسەڵاتی عەشیرەت بوببوە مەترسییەک بۆ دەوڵەتی نوێی تورکیا. بۆ ئەم مەبەستە چەندین ڕێگە بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵات و نفوزی عەشیرەتە کوردییەکان گیرایە بەر. چونکە لەم قۆناغەدا لەلایەن کوردەکانەوە و بە تایبەت سەرۆک عەشیرەتە کوردەکانەوە چەندین جموجوڵ و ڕاپەڕین بۆبەدەستهێنانی مافەکانی میللەتی کورد وەکو میللەتەکانی دیکەی دەولەتی عوسمانی ئەنجام درا.

کۆمەڵناس زیا گۆیکاڵپ یەکێك لەو کۆمەڵناسە تورکانە لەرێگەی نوسینەکانیەوە رۆڵێکی بەرچاووی بینوە لە سەرهەڵدانی بیری ڕێگەزپەرستی و ناسیۆنالیزمی تورکیدا. زیا گۆیکاڵپ بەهۆیکاریگەر بوونی بە ئەمیل دۆرکاهیم، هەوڵی داوە بە پشت بەستن بە تیۆرەکەی شیکاری بۆ کۆمەڵگە بکات و هۆکارە کۆمەلایەتییەکانی پشت ناسەقامگیری کۆمەلایەتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و عەشیرەتە کوردییەکان بخاتەڕوو. ئەوەیی جێگەی سەرنجە سەرەڕای ئەوەی زیا گۆیکاڵپ خۆی لە خێزانێکی کوردی ناوچەی دیاربەکر لە دایکبووە، بەڵام هەموو هەوڵێکی خۆی بۆ بەرەوپێشبردن و گەشەسەندنی ناسیۆنالیزمی تورك بەگەڕخستووە، بەڕادەیەك لەم بوارەدا کاری کردووە کە لە ناوەندی رۆشنبیری تورکیدا بە باوکی رۆحی بیری تورکچێتی بناسرێت. کە ئەمە گومان دەخاتە سەر ئەو لێکۆلینەوانەی زیا گۆیکاڵپ لەسەر کورد و عەشیرەتە کوردییەکان کردوویەتی.

گۆیکاڵپ چەندین نوسینی لە بارەی کورد و عەشیرەتە کوردییەکانەوە هەیە. دیارترن ئەو لێکۆڵینەوانەی زیا گۆیکاڵپ تێیدا بە ڕوون و ڕاشکاوی بیروڕاکانی خۆی لەبارەی عەشیرەتە کوردییەکانی باکووری کوردستانەوە خستۆتە ڕوو کتێبی "لێکۆڵینەوەیەکی کۆمەڵناسیانە لەسەرعەشیرەتە کوردییەکان"ە. ئەم لێکۆڵینەوە لەسەر داوای کاربەدەستانی دەوڵەتی نوێی تورکیا بووە، بە ئامانجی زانینی ڕەوشی کۆمەڵایەتی عەشیرەتە کوردییەکان، چۆنێتی ڕێگریکردن لە سەرهەڵدانی بزووتنەوە نەتەوایەتی لە ناویاندا.گویکاڵپ بەشێویەکی مەیدانی ئەم لێکۆڵینەوەی لەسەر عەشیرەتە کوردییەکانی دەرووبەری شاری دیاربەکر ئەنجام داوە. لەم لێکۆڵینەوەدا بە کورتی دەیەوێت ئەوە بە ئێمە بڵێت کە ئەو جۆرە ژیانە سەرەتاییەی عەشیرەتە کوردەییەکان هەیانە هەم بۆ زیانیکورد هەیە، هەم ڕێگرە لەبەردەم درووستکردنی کۆمەڵگەیەکی مۆدێرنی وەکوو تورکیا. گۆیکاڵپ دەڵێت زۆرینەی عەشیرەتە کوردییەکان ژیانێکی سەرەتاییان هەیە. هۆکاری ئەمەشی بۆ نزیکبوون و



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

تێکەڵبوونیان بە شـێوەی ژیانی عەرەبەکان گەڕاندۆتەوە. بۆ ئەوەی چارەسـەری ئەم دۆخە بکرێت، پێویستە واز لە جۆرە ژیانە بێنن و بێن لە شارەکان و لە ژێردەستی تورکەکان بژین. ئەگەر دوور کەوتنەوە لە عەرەبەکـان، ئەو کـاتە هەنگـاوێکی گەورەیـان بۆ مەدەنییەت ناوە. بەڵام بەردەوام عەشـیرەتە کوردییەکان وەکو پارچەیەك لە تورکەکان دەناسـێنێت نەك میللەتێك. لەگەڵ ئەوەشدا کاتێك باس لە کوردەکان دەکات بەردەوام باس لە تورکەکانیش دەکات، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەو کاتەی باس لە تورکەکان دەکات باس لە کوردەکان ناکات.ئەو پێی وابوو زۆرێك لەو عەشـیرەتە کوردییانەی کە هەبوون لە بنەڕەتدا تورك بوون و دواتر ئەسـیمیلە بوون. هۆکاری ئەم تێکەڵبوونەی نێوان کورد و تورکی گەڕاندۆتەوە بۆ نزیکی کولتووری ویەك بیروباوەڕی ئاینیی. دەڵێت ئەم تێکەڵاوییە بۆ سوودی هەردوو لایە و ئەرکی سیاسی و دینییە. گۆیکاڵپ کورد وەکوو نەتەوەیەك نا، بەڵکو وەکوو پارچەیەک لە تورکەکان دەناسـێنێت. چونکە بەپێی دابەشـکارییەکەی ئەو، هێشـتا کوردەکان لە قۆناغی یەکەم دان، کە ئەویش قۆناغی عەشـایرییە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا هەرگیز ئینکاری بوونی کوردی نەکردووە. لە کۆتایدا دەکرێت بڵێین ئەم لێکۆڵینەوانەی زیا گۆیکاڵپ لەسـەر کورد و عەشـیرەتە کوردییەکـان کردوویەتی لەبەرئەوەی بە بـاوکی داڕێژەری بنەمـاکـانی تورکچێتی دادەنرێت و لەسـەر داوای دەوڵەت بە مەبەسـتی کۆکردنەوەی زانیاری لەسـەرعەشـیرەتە کوردییەکان ئەنجامیداوە، دەکرێت گومانێکی زۆر لە ڕاستی و درووستی زانیارییەکان بکرێت. کە ئەمەش پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی تایبەت دەبێت.

### سەرچاوەکان


Ağca, A. (2012). *Şank Meselesinde Kürtçülük*. Bursa: Uludağ Üniversitesi.

Akgün, Ö. F. (2006). *Namık Kemal*. İstanbul: İslam Ansiklopedisi.

Alakom, R. (2018). *Ziya Gökalp'in Büyük Çilesi Kürtler*. İstanbul: Avesta Yayınları.

Baltacıoğlu, İ. H. (1966). *Ziya Gökalp*. İstanbul: Yeni Matbaa.

Birinci, A. (2008). *Rıza Nur*. İstanbul: İslam Ansiklopedisi.

Çamsoy, Z. (2007). *Millî Mücadele Döneminde Kürtler Kürdistan Teâli Cemiyeti (1918-1927)*. Ankara: Ankara üniversitesi.

Can, Z. (1998). *Ziya Gökalp ve Batılılaşma*. Kayseri: Erciyes üniversitesi.

Celkan, H. Y. (1990). *Ziya Gökalp’in Eğitim Sosyolojisi*. İstanbul: M.E.B. Basımevi.

Coşkun, V. (2019). *İki "Ziya" (1): "Başı Kurşunsuz Ziya" ve "Başı Kurşunlu Ziya".* İndependent Türkçe.

Deveci, M. (2021). *Meşrutiyet Döneminde üç Düşünürmüz, ( Baha Tevfik, Ziya* (Cilt Yüksek lisans tezi). Kahramanmaraş: Kahramanmaraş Sütçü.

Dündar, F. (2019, 02 03). Kürt sorunu ekseninde bir Ziya Gökalp biyografisi. *Reserch Gate*.

Dündar, F. (2021, 12 27). Ziya Gökalıp Kürdolojisi Üzerine Notlar. *Tarih ve Toplum Yeni Yakılaşımlar*(18), 151-170.

Eraslan, C. (1997). *Hamidiye Alaylan, İslam Ansiklopedisi* (Cilt 15.cilt). İstanbul.

Gökalp, Z. (1909, 8 30). Firari Zanlılar, Gıyabi Mahkumlar. *Peymen Gezetesi*.

Gökalp, Z. (1909, 7 19). Ziraat ve Zeamet. *Peyman gezetesi*.

Gökalp, Z. (1922, 12 25). Millet nedir? *Küçük Mecmua*(28).

Gökalp, Z. (1922, 6 5). Türklerle Kürtler. *Küçük Mecmua*(1).

Gökalp, Z. (1923, 1 1). İstimlal. *Küçük Mecmua*(29).

Gökalp, Z. (1923, 1 10). Şehir medeniyeti, Köy medeniyeti. *Küçük Mecmua*(30).

Gökalp, Z. (1924, 7 20). Kürtlerin Menfaati. *Cumhuriyet Gezetesi*.

Gökalp, Z. (1968). *Türkçülüğün Esaslan*. İstanbul: Varlık yayınları.

Gökalp, Z. (1976). *Kızılelma*. Ankara: Kültür Bakanlığı.

Gökalp, Z. (1976). *Türk Töresi*. Ankara: Güneş Matbaacılık.

Gökalp, Z. (1976). *Yeni Hayat Doğru Yol*. İstanbul: Kültür .

Gökalp, Z. (1978). *Türk Uygarlığı Tarihi*. İstanbul: İnkılap .

Gökalp, Z. (1992). *Terbiyenin Sosyal ve Kültürel Temelleri*. Aankara: Milli Eğitim Basımevi.

Gökalp, Z. (1996). *Türkleşmek, İslamlaşmak, Muasırlaşmak*. İstambul: Kamer Yayınları.

Gökalp, Z. (2013). *Kürt aşiretleri hakkında sosyolojik tetkikler*. İstanbul: Toker Yayınları.

Gökalp, Z. (tarih yok). *Altın Işık*.

Hanoğlu, M. (1988). *Abdullah Cevdet*. İstanbul: İslam Ansiklopedisi.

Heyd, U. (1980). *Ziya Gökalp'in hayatı ve eserleri.* (C. Meriç, Çev.) İstanbul: Sebil Yayınevi.

Mart, F. G. (2019). *Ziya Gökalp'in Din Anlayışı* (Cilt Yüksek lisans tezi). Konya: Necmettin.

Minorsky, V., Bois, T., & Mac Kenzie, D. (2004). *Kürtler ve Kürdistan*. İstanbul: Doz Yayınları.

Nur, R. (1992). *Hayat ve Hatıralarım* (Cilt Cilt 3). İstanbul: İşaret Yayınları.

Okay, O. (1996). *Ziya Gökalp (Türkçülük akımının nazariyatçisi, fikir adamı, sosyolog ve eğitimci)*. Istanbul: İslam ansiklopedisi.

Özgürel, A. (2006). *Ayrılıkçı Hareketler*. İstanbul: Akdeniz Yayıncılık.

Şapolyo, E. B. (1943). *Ziya Gökalp, İttihadı Terakki ve Meşrutiyet Tarihi*. İstanbul: : İnkılâp ve Aka Yayınlar.

Şentürk, M. (2011). *Kürt Aşiretlerinin Tetkiki: Siyasal ve Sosyolojik Bir Araştırma*. Ankara.

Tosun, F. (2019). *Ziya Gökalp ve Sosyolojisi*. Manisa: sosyolojide araştırmanın ve .

Uğurlu, H. N. (2018). *Ziya Gökalp Sosyolojisi* (Cilt Yüksek lisans tezi). Konya: Necmettin.

Uluç, A. (2010, 2). Kürtlerde Sosyal ve Siyasal Örgütlenme: Aşiret. *Mukadime, 2*.

Vakkaoğlu, V. (2012). *Tarih aynasında Ziya Gökalp*. İstanbul: Nesil Matbaacılık.

برونەسن, م. ٢٠٠٣. (*ئاغا و شێخ و دەوڵەت*). ک. عەلی (Çev.), سلێمانی: چاپ و پەخشی سەردەم.

داقووقی, ئ. (2013). *کوردی تورکیا*. ە. ع. کاکەیی (Çev.), هەولێر: چاپخانەی موکریانی.

کەریم, خ. م. ٢٠١٣. (*دەوڵەتی عوسمانی و عەشیرەتە کوردییەکان لە باشووری کوردستان ١٨٦٩-١٩١٤*). سلێمانی: لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیایی هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران.

## پەراوێز:

---

١ - ســـوارەی حەمیدییە: بریتییە لە کۆمەڵێک فەوجی ســـەربازی، کە لە عەشـــیرەتە کوردییەکان پێکهاتبوو. سوارەی حەمیدییە لەلایەن سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمەوە لە ساڵی ١٨٩١ بە مەبەستی خۆ نزیککردنەوە لە کوردەکـان، جێگیرکردنی دەســـەڵاتی نـاوەنـدی، ڕێگەگرتن لە پێشـــڕەوی ئەرمەنییەکان، پاراســـتنی ناوچەکە لە هێرشـــی ڕووســـەکان و هێنانەکایەی هاوســـەنگی ســیاســی و کۆمەڵایەتی لە ناوچەکەدا دامەزراند. چونکە ئیمپراتۆری عوســـمانی خاکێکی زۆری لەدەســـت دابوو. سوارەی حەمیدییە بە تایبەت دوای شکستی شۆڕشی شێخ عەبەیدوڵای نەهری لە ساڵی ١٨٩٠ هاتە ئاراوە. لەگەڵ ئەوەشـدا ســوڵتان عەبدولحەمید دەیزانی ئەرمەنییەکان نیشـتەجێی ئەو شـوێنانە کە زۆرینەی کوردانی موســڵمانی ســوننە مەزهەبن و نایانەوێت دەوڵەتێکی مەســیحی - ئەرمەنی دروســت ببێت. هەر بۆیە لە کوردە سوننە مەزهەبە عەشایەرەکان سوارەی حەمیدییە  درووست دەکات. کە سوارەی حەمیدییە ڕۆڵێکی خراپی لە کوشـــتاری ئەرمەنییەکان لە ســـاڵی ١٨٩٤ بینی. ( Cezmi Eraslan, Hamidiye Alayları, İslam Ansiklopedisi, 15.cilt, İstanbul, 1997).

٢- ئەو خانووی لێی لەدایک بووە لە ســـاڵی ١٩٥٦ کرا بە مۆزەخانە Rohat Alakom,Kürtlerinbüyükçilesi Kürtler,s73

٣- نامیق کەمال: نووسەرڕۆژنامەنووس، شاعیر و سیاسەتمەداری ناسراوی تورککە. ناوی تەواوی محەممەد کەمالە. لە ساڵی ١٨٤٠ لە شاری تەکیرداغ لە دایک بووە و لە ساڵی ١٨٨٨ لە دوورگەی ساکس کۆچی دوای کردووە. لە نووسـینەوەی قانوونی ئەسـاسـی (دەسـتوور)دا ڕۆڵی هەبووە. یەکەمین کەسـیش بوو لە ئەدەبی ڕەخنەیی دا جێ دەســـتی دیـار بێـت، ئەمیش بە نووســـینی بڵاوکردنەوەی کتێبێـک بە نـاونیشـــانیتەحریبی خەرابـات Ömer Faruk Akgün, Namık Kemal, İslam Ansiklopedisi, 32.cilt, İstanbul, 2006

٤- سیاسەتمەدار، شاعیر و بیرمەندی کورد و دەوڵەتی عوسمانی دکتۆر عەبدوڵڵا جەودەت، لە ساڵی ١٨٦٩ لە ناوچەی عەرەبگیر لە مالاتیا لەدایکبووە و لە ســـاڵی ١٩٣٢ کۆچی دوایی کردووە. لە ســـاڵی ١٨٨٩ کۆمەڵەی ئیتیحادی عوســـمـانی دامەزرانـدن، کە لە دواتردا نـاوەکەی گۆڕا بۆ کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی. لە بواری وەرگێڕانیشـدا دەسـتێکی باڵای هەبووە، کە چەندین بەرهەمی وەرگێڕراوە بۆ ســەر زمانی تورکی هەبووە. M. ŞükrüHanoğlu, Abdullah Cevdet, İslam Ansiklopedisi, 1.cilt, İstanbul, 1988

٥- خەلیل خەیالی: ناوی تەواوی محمد علی ئیزمیرە. لە ســـاڵی ١٨٦٤ لە بدلیس لەدایکبووە. بە یەکێک لەو کەسایەتییە کوردانە دادەنرێت کە کاری لەسەر ڕێزمانی کوردی کردووە. جگە لە زمانی کوردی بە هەردوو لەهجەی کرمانجی و زازاییەوە زمانەکای تورکی، عەرەبی، فارسی و فەرەنسیشی زانیوە.خەلیل خەیالی دەڵێت(دەرد و ئاواتی من بینینی ســـەربەخۆیی و ڕزگاری کوردە لە ژێر دەســـتی ئەو میللەتە زاڵمـانەی کـە وەکو میللەت ســـەیری نـاکەن و حەق و مـافەکـانیـان دەخۆن). یەکێک لە کتێبە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی

گرنگەکانی بە ناوی (ئەلفوبێی کرمانجی)ییە. لە ساڵی ١٩٤٦ لە ئەنقەرە وەفاتی کردووە. Celal Temel, HâlilHayalikimdir, Hayatıvehakkındabilinmeyenler, Bernamegehsitesi

[٦]- د. ڕەزا نوور: دکتۆری سەربازی، سیاسەتمەدار و نووسەر ڕەزا نوور لە ساڵی ١٨٧٩ لە سینۆپ لەدایکبووە. لە چەندین ڕێککەوتننامەی نێوان تورکیا و وڵاتان وەک نوێنەری تورکیا بەشدار بووە. لە ساڵی ١٩٢٣ لەگەڵعیسمەت ئینینۆ و حەسەن ساکا لە ڕێککەوتننامەیەکی گرنگی وەک لۆزان بەشدار بووە. چەندین بەرهەمی هەیە لە بوارەکانی سیاسەت، زانست، کولتوور و مێژووی تورک. لە ساڵی ١٩٤٣ لە ئیستەنبوڵ کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی مەرکەز ئەفەندی بە خاک سپێرراوە. Ali Birinci, Rıza Nur, İslam Ansiklopedisi, 35.cilt, İstanbul, 2008

# القبائل الكردية في شمال كردستان من وجهة نظرضياء كوكالب

**الملخص:**

القبيلة هي البنية الأ سا سية للمجتمع الكردي، لذلك تحدث العديد من الباحثين المحليين والأ جا نب ا لذين قاموا بدرا سةبنية المجتمع الكردي عن أبعاد مختلفة، ضياء كوكالب هو أ حد الباحثين الأ جانب ا لذي درس بنية القبا ئل وعقلية القبلية في المجتمع الكردي،وذلك بدافع أغراض سيا سية، كتب كوكالب العديد من المقالات والأبحاث حول قبائل الأكراد وبنيتهم الإجتماعي، ويظهرفي بحوث بو ضوح أنه لم يقدم الأكراد كقومية مـ ستقلة، بل أ شار إليهم كقبيلة من قبائل الأتراك، ومن أهم أبحاث ضياء كوكالب هي الدرا سة الاجتماعية للقبائل الكردية، أجرى كوكالب هذا البحث بناءً على طلب الـ سلطات التركية آنذاك من أجل جمع معلومات ميدانية عن القبائل الكردية في شمال كرد ستان، وقد سعى كوكالب على وجه التحديد للإجابة على سؤال رئيـ سي واحد: لماذا تعيش القبائل الكردية ولازال حياة بدائية ولم تتطوروا؟. يقـ سم كوكالب عمومًا القبائل الكردية إلى قبائل أولية وقبائل متقدمة، ويعتقد أن عدداً قليلاً جداً من القبائل تمكنت من التخلي عن حياتها القبلـ ية الـ بدائـ ية، وأرجع ذ لك إلى عاملين جغرافيين: الأول: قربهم من القـ با ئل العربـ ية، والثاني: عيـ شهم داخل المناطق الجبلية. ويرى كوكالب أنه لكي تبتعد القبائل الكردية عن الحياة البدائية وتطور نفـ سها لابد أن تبتعد عن القابل العربية من الناحية الثقافية وينزل من الجبال إلى السهول.

**الكلمات الدالة:** *ضياء كوكالب، كرد، القبيلة، البنية القبيلة.*



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

## Kurdish Tribes of North Kurdistan from the perspective of Ziya Gökalp


### Abstract

The tribe is the basic structure of Kurdish society, so many local and foreign researchers who studied the structure of Kurdish society talked about different dimensions. Ziya Gökalp is one of the foreign researchers who studied the structure of tribes and the tribal mentality in Kurdish society, motivated by political purposes. Gökalp wrote many articles. And research on the Kurdish tribes and their social structure. It is clearly shown in the research that he did not present the Kurds as an independent nationality, but rather referred to them as a tribe of the Turks. One of the most important researches of Ziya Gökalp is the social study of the Kurdish tribes. Gökalp conducted this research at the request of the Turkish authorities at the time in order to collect information. In the field of Kurdish tribes in northern Kurdistan, Gökalp specifically sought to answer one main question: Why do the Kurdish tribes still live a primitive life and have not developed? Gökalp generally divides the Kurdish tribes into primitive tribes and advanced tribes, and believes that a very small number of tribes were able to abandon their primitive tribal life. He attributed this to two geographical factors: the first: their proximity to the Arab tribes, and the second: their living within mountainous regions. Gökalp believes that in order for the Kurdish tribes to move away from primitive life and develop themselves, they must move away from the Arab region culturally and descend from the mountains to the plains.



**Keywords:** *Ziya Gökalp,Kurd, Tribal, Tribal structure, Tribalism*

# سیماكانی ناسنامەی عەشیرەت لە ئاوێنەی مێژوو و بابەتەكانی فۆلكلۆردا

**پ. د. پەخشان سابیر حەمەد شوانی**

بەشی زمانی كوردی- فاكەلتی ئاداب- زانكۆی سۆران- هەرێمی كوردستان/ عیراق

**پوختە**

عەشیرەتە كوردەكان وەكو ناوەندێكی هێز و دەسەڵات هەمیشە و بە درێژایی مێژوو ڕۆڵی دیارییان لە نێو كۆمەڵگای كوردیدا هەبووە، ئەمەش وایكردووە تەنانەت ببنە مایەی ترس و دڵەڕاوكێی دەوڵەتی عوسمانی، كە هەموو هەوڵێكی بۆ ئەمە بووە لە گەلێك كاروباری وڵاتدا پشت بەم عەشیرەتانە ببەستێت وەك پاراستنی سنوور و پارێزگاریكردنی ڕێگا بازرگانییەكان ئەمە لە لایەك و لە لایەكی تریشەوە ئامانجی لاوازكردنی دەسەڵاتی ئەم عەشیرەتانە بووە، كە بەشێكی مەزنی نەخشەی دەوڵەتی عوسمانییان پێكهێنابوو، بۆیە كاری لەسەر پەرش و بڵاوكردنییان دەكرد، بە تایبەتیش عەشیرەتە یاخیبووەكان، دەیویست دەسەڵاتی خۆی بەسەریاندا بسەپێنێت، ئەمە لە چوارچێوەی مێژوودا بۆتە تەوەری سەرەكی و سەرنجی مێژوونووس و ڕۆشنبیری كوردی بۆخۆی ڕاكێشاوە.

لەبەر ئەمە ڕووداو و ململانێ و كێشەكانی نێو مێژوو وەكو گێڕانەوەیەكی هەم زانستییانە و هەم هونەرییانە ، بۆتە سەرچاوەیەكی بە پێز بۆگواستنەوەی بۆ نێو بابەتە فۆلكلۆرییەكان كە بەرهەمی نەتەوەیی و گەنجینەیەكی میللیین، هەروەها خاوەن بەهایەكی ئەدەبی و جوانناسیین لە هەمانكاتدا، باشترین پەناگەی ناسینی عەقلیەت و بیركردنەوەی كۆمەڵگایە لە قۆناغە جۆراو جۆرەكاندا، لە پاڵ دیاریكردنی خەسڵەتە نەتەوەییەكان و خوێندنەوەی بیركردنەوەو فەلسەفەی تێڕوانینی چینەكانی كۆمەڵگا بۆ ژیان و پایەی كۆمەڵایەتی و سروشتی پەیوەندی نێوان كەسەكانی كۆمەڵگاكە دەنوێنێت، بۆیە گۆشەیەكی گرنگی ڕۆشنبیری كوردی گرتووە .



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەكولینێن كوردی

بابەتەکانی فۆلکلۆر بە گشتی و داستان بە تایبەتی پەیوەستن بە ڕۆڵ و پێگەی عەشیرەتەکان، سەرباری گێڕانەوەکانی نێو هەندێک لە حیکایەت و ئاماژەکانی هەندێ لە پەندی پێشینان و سەربوردە و داستانە قارەمانێتیەکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە دەوری عەشیرەتە باڵادەستەکانی کورد دەسوڕێنەوە، لە پاڵ جۆری پەیوەندییەکانییان چ لەگەڵ یەکتر و چ لەگەڵ هێزەکانی دەرەوە دەخەنە ڕوو.

بۆ ئەم مەبەستە لێکۆڵینەوەکەمان بۆ ((***سیماکانی ناسنامەی عەشیرەت لە ئاوێنەی مێژوو و بابەتەکانی فۆلکلۆردا***)) تەرخانکردووە، کە هەوڵ دەدات وەڵامی پرسە گرنگەکانی وەک: پەیوەندی مێژوو و ئەدەبی فۆلکلۆری تا چ سنوورێک بڕ دەکات؟، تا چەند مێژوو بۆتە سەرچاوەی سوود وەرگرتن لەلایەن ئەدەبی فۆلکلۆرییەوە؟، پێگەی عەشیرەتە کوردەکان لە نێو مێژوو بە بەراوورد لەگەڵ گواستنەوەیان بۆ نێو بابەتە فۆلکلۆرییەکان تا چەند هاوسەنگی درووست کردووە؟باسکردنی عەشیرەتەکان لە نێو چ بابەتێکی فۆلکلۆریی زیاتر ڕەنگیداوەتەوە؟ئەمە و خستنەڕووی وەڵامی چەندین پرسیاری گرنگی تر تاوتوێکراون، چونکە بابەتە فۆلکلۆرییەکان کۆگای ئەزموونی نەتەوەی کوردن لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و ئەدەبی......هتد. سروشتی بابەتی لێکۆڵینەوەکە پشتی بە ڕێبازی وەسفی_ شیکاریی_ڕەخنەیی بەستووە، هەروەها لێکۆڵینەوەکە جگە لە پێشەکی و دەروازەیەک لە دوو تەوەر پێکدێت، لە کۆتایشدا چەپکێ ئەنجام کە لە ئاکامی گەڕان بە نێو لاپەڕەکانی مێژوو و سامانی فۆلکلۆری کوردی گەڵاڵەبووە، خراونەتەڕوو، ئەمە و بێجگە لە خستنەڕووی پوختەی لێکۆڵینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی.

**پەیڤێن سەرەکی:** *مێژوو، عەشیرەتە کوردەکان، ئەدەبی فۆلکلۆری، هونەری گێڕانەوە، کەسایەتی مێژوویی*

---

## ١_ پێشەکی

مێژوو وەکو زانستێک و بابەتە فۆلکلۆرییەکان دووانەیەکی تەواوکەری یەکترن، دەکرێ بڵێین مێژوو لە ڕوانگەی فۆلکلۆرەوە بنچینەیەکە بۆ پێکهێنانی هەندێ بابەتی گرنگی وەکو داستان و گۆرانی و لاوک، فۆلکلۆر لە ڕوانگەی مێژووەوە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەیە کە خودی مێژووەکە بە دوایدا دەگەڕێت.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

کورد به درێژایی مێژوو ئاسوودە نەبووە، بە تایبەتیش دوای ئەوەی بووە قۆچی قوربانی ململانێ و شەڕوشۆڕەکانی نێوان هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی ئێرانی، تەنانەت کوردستان ببوە پرد و خاڵی بەیەکگەیشتنی سوپای عوسمانی و سەفەویەکان، خەریکی ئەوە بوون ئەو کاتانەی کە میرنشینەکان جێگیربوون و خاوەن خودموختاری و نیمچە سەربەخۆییەکیان هەبووە، ئاگری دووبەرەکی و ئاشوب لە نێوان هۆزەکاندا بنێنەوە، لە پێناو گەیشتن بە مەرامە تایبەتیەکانیان و میللەتی کورد بە نەخوێندەواری و دواکەوتویی و ناجێگیری سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی بمێنێتەوە.

کوردستان خۆیشی ببوە گۆڕەپانی ناکۆکییەکانیان، تەنانەت دوای شەڕی چالدێران لە ١٥١٤، هەریەکەیان هەوڵی دەدا میرنشینە کوردییەکان بخاتە ژێر ڕکێف و دەسەڵاتی خۆی، خوێنی کورد بەردەم دەڕژا بێ ئەوەی خۆی هیچ دەستێکی نەتەوەیی یا مرۆیی تێدا هەبێت، زیان لە هەردوو لاوە دەیدورینەوە، ونبونی وڵات و واقیعە تاڵەکەی بووە گرنگترین هۆکاری هۆشیاری نەتەوەیی بەڵام هێشتا بە ڕێژەیەکی کەم بوو، خانی کە سەرباری شاعیرییەکەی خاوەن بیر بوو، نمونەیەکی ناوازە بوو، بۆ ئاوڕدانەوە لە سامانی بەرهەم و گێڕانەوەکانی گەل و بوژاندنەوەیان، ئەمە و جگە لە چەندین کەسی تری وەک:مەلا مەحمودی بایەزیدی و....... هتد، بەڵام زۆرترین بایەخدان بە بابەتە فۆلکلۆریەکان ڕۆژهەڵاتناسەکان بوون، ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە وەڵامدانەوەی چەندین پرسیاری هەمەجۆرە لە بارەی پەیوەستبوونی مێژوو بە فۆلکلۆر و کامیان دەبنە سەرچاوە بۆ ئەوی دیکەیان، تەواوکەری یەکدین یا هاریکاری یەکدی، خەیاڵی کۆیی نەستی گەل تا چەند ڕۆڵی بینیوە، ئەمەو چەندین پرسیاری تری گرنگ، لە بواری ڕێبازی وەسفی _شیکاری ڕەخنەیی هەوڵی وەڵام دانەوەیان دراوە.

**٢_تەوەری یەکەم/عەشیرەت لە چوارچێوەی کۆمەڵگەی کوردی و میرنشینەکانیدا**

نەتەوەی کورد بە هۆی ئەو چوارچێوە مێژووییەی کە کۆیکردبۆوە، نەیتوانیوە خۆی خۆی بنوسێتەوە و مێژوو و کلتوور و لایەنەکانی ژیانی نەتەوەکەی تۆمار بکات و لە ونبوون بیانپارێزێت، بۆیە هەرچی هەیە لە ئەرشیفخانەی عوسمانییە، کە(ئەرشیفی عوسمانیە سێیەم گەورەترین ئەرشیفخانە لە جیهاندا دادەنرێت، لە ١٥٠ ملیۆن بەڵگەی جۆراوجۆر پێکهاتووە، هەر لە ئاڵوگۆڕی نامەکانی ناوەخۆ و دەرەوە، تا نەخشە و وێنە و دەستنوس)(أقطاش و بینارق، ١٩٨٦: ٣_٣٤)، چونکە عوسمانیەکان عەقڵیەتێکی بەڵگەنامەیی جوانیان هەبووە کە پێشتر خەڵکەکە نەیبووە)(عەبدولواحید، ٢٠٠٥: ١٧)کوردیش یەکێک بووە لە نەتەوەکانی ناوچەکە کە بایەخی بەم بابەتە نەدابێت،



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی

ئینجا بەشێکی بە ویستی خۆی بوبێت یان نا، گرنگ تا ئەمڕۆش بەمشێوەیەیە، (هەر نەتەوەیەک بەڵگەنامە تایبەتیەکانی خۆی لە ژێر دەست نەبێت، ئەوا بەشێکی گەورەی بیرەوەرییە مێژوییەکەی لە دەست دەدات)(علی، ٢٠١٠: ٥)، لەبەر ئەوە زۆرجار هەلقەیەکی بزر و نادیار پچڕان لە بابەتە مێژوییەکان درووست دەکات، عەشیرەتە کوردییەکانیش یەکێکن لەو بابەتە پڕ بایەخانەی هەمیشە پرسیاری بێ وەڵامی تێدا بەدیدەکرێت.

یەکێک لە بنەما گرنگەکانی پرینسیپی ڕێکخستنی هۆز، خزمایەتیە، تایبەت لە نێو هۆزە گچکەکاندا، هەموو بۆ یەکدی بە ئەمەک و وەفادارن، چونکە هەموو خزمی یەکن، ....سەرۆکهۆزەکان بە شێوازێکی دیکەش خۆیان لە کن ئەندامانی هۆزەکەیان بایەخدار و پێویست و کەم وێنە دەکەن، ئەویش لە ڕێگەی پەیوەندییان بە دەوڵەتەوە(برونەسن، ٢٠٠٣، ب٢: ٣٢٠ و ٣٢٢).

بۆیە (بە زۆری سەرۆکایەتی هۆز و خێل بۆماوەیە، لە بابەوە بۆ کوڕ دەگوێزرێتەوە، بەڵام هەردەم دەسەڵات یەکسانە بە ژمارەی سوارەی جەنگاوەر و پیادەی تفەنگچی و مێگەل و ڕووبەرە بەراوی زۆر) (حەسەن، ٢٠٠٨: ٢٣)، لە ناو کورددا گەلێک چەمک و زاراوەی تایبەت وەکو هاوواتای عەشیرەت بەدیدەکرێت، وەک:تایەفە یا تایفە کە لە(طائفة)ی عەرەبیەوە کوردێنراوە، یا قەبیلە کە لە دێرینەوە بەکاردێت، یا تیرە کە زۆرجار لەگەڵ تایفە دەبنە جووت ووشە (تیرە و تایفە)، یا خێڵ، یا بنەماڵە، یا هۆز، یا عێل، یا ئێل،....... هتد، دەشێ ناوی تریش هەبن.

لە کاتێکدا هۆز لەگەڵ گرنگێتی خۆیدا بە هۆی باوک سالاریی جگە لە ڕەگەزێکی ئاوێتە بۆ پێکهێنانی سیستمی میرنشینی هیچی دیکە نەبووە، ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابوری لە نێو میرنشینەکاندا هەمەجۆر و تێکەڵاو بەیەکەوە گرێدرابوو، ئەگەر لەگەڵ هۆزدا بەراورد بکرێ، چونکە خەڵکی میرنشینەکان خەریکی چالاکی بازرگانی و کەلتوری و ئیداری و پیشەسازی دەستکرد بووە، ....میری کورد بە کردەوە هەموو زەوی وزارەکانیان لە ژێر دەستدا بووە و .....لێپرسراوی دابەشکردنی زەوی و زار بووە بەسەردەست و پێوەندەکان و سەرەک هۆز و پیاوانی ئایینی و سەرکردە سەربازییەکاندا(ئەسکەندەر، ٢٠١٦: ٥_٦)

هۆزە کوردییەکان لە سەردەمی نوێدا جێگەی بایەخی ڕۆژهەڵاتناس و لێکۆلەرەکان بوون، هەر لە سەدەی نۆزدەهەمەوە نموونەی:پیوتر لیرخ p.lerch(١٨٢٨_١٨٨٤) لە پێشەنگی ئەو کەسانە بوو، کە لەبارەی عەشیرەتە

کوردەکانی نووســـیوە و هنری فیلد Henry Field (١٩٠٢_١٩٨٦)و مارک ســـایکس Mark Sykes (١٨٧٩_١٩١٩)هەرچەندە نەیتوانیوە سەرژمێری هەمووعەشیرەتە کوردیەکان بکات، لەگەڵ ئەوەشـــدا ئەوەی تۆماری کردووە ســـەرچاوەیەکی گرنگی مێژوی ژیانی نەتەوەی کوردە لە رووی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری و ئەوانی دیکە(بڕوانە:سایکس، ٢٠٠٧: ١٤)، و ئیلی بانستر سۆن E.B.Soane (١٨٨١_١٩٢٣) و ئای.جی.ئارڕ E.J.R ئەمە (ف.دیتل لە کتێبەکەی(گەشـتێک بۆ ڕۆژهەڵات)لە ناوەڕاســـتەکانی ســـەدەی نۆزدەهەم باسی نزیکەی ٢٥٠ عەشیرەتی کوردی کردووە)(سایکس، ٢٠٠٧: ٥) و جگە لە چەندین ڕۆژهەڵاتناســی دیکەی وەک: مینۆرسـکی(١٨٧٧_١٩٦٦) وتۆمابوا(١٩٠٠_١٩٧٥) و......هتد، کە توانیویانە بڕێک لە کلتور و ڕۆشـــنبیری و بابەتە مێژوییەکانی نەتەوەی کورد بپارێزن .

ژمارەی عەشـیرەتە کوردیەکان تەنیا لە دەوڵەتی عوسـمانیدا و لە سـەرەتاکانی سەدەی بیستەم گەیشتۆتە نزیکەی ٣٢٢بۆ ٣٧٩خێڵ و عەشیرەت(ابوبکر، ٢٠٠١: ٧ تا ٦٤)

لە کاتێکدا ئەولیا چەلەبی لە ســـەدەی حەڤدەهەم ژمارەی هۆز و عەشـــیرەتە کوردەکانی لە شار و چیاکانی کوردستان بە ٦٠٠٠ هەزار داناوە(چەلەبی، ١٩٧٩ :٩١).

هیچ کاتێک نەبووە کە هۆز و عەشـــیرەت بێ بایەخ و پەراوێز خرابێت، هەموو کات هۆزەکان پاڵپشـت و دەسـەڵات و هێز بوون، بەڵام ڕێژەی هێزەکەیان لە شـوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بە پێی ژمارە و توانای ئابوری و لایەنی کۆمەڵایەتیان جیاواز بووە، (شارە کوردییەکـان خۆیـان لەڕۆڵی پەراوێزبوونی دەربـاز بکەن و ڕۆڵێکی مەرکەزی لە ژیانی ئابوری و سیاسی و فەرهەنگیدا ببینن، هەر لەبەر ئەم هۆیەش ناوبانگی گەلێ بنەماڵەی حوکمڕانی بە شـــارەکانی وەک : بەتلیس و خاز و جزیرە بەســـترایەوە، لە کاتێکدا هێندێ بنەماڵەی دی بە هۆی وابەســـتەبوونیانەوە بە هۆزە جێگرەکان کە خۆیان لەوان بوون ناوبانگیان دەرکرد وەکو:سۆران و بابان)(بەدلیسـی، ١٩٧٣: ١٧٠)، بۆ ئەم مەبەسـتە ئەگەر ســـەرنج بدەینە ناوی عەشـــیرەتە کوردییەکان دەگەینە ئەوەی کە(عەشـــیرەتە کوردییەکان ناگەڕێنەوە سـەر کەسـێک یا باپیرە گەورەیەک، پێچەوانەی سـروشـتی کۆمەڵگەی کوردییە، چونکە کورد پەیوەستە بە شوێن یا ئەو ڕووبەرەی لەسـەری دەژی و دەچێتەوە سـەری لە ناوی عەشـیرەتەکەیدا، واتە ناونانی عەشـیرەت پەیوەسـتە بە خاک نەک ناونانی عەشـیرەت بە پێی نەژاد)(ســایکس، ٢٠٠٧: ٨)، نمونەی(مودەکی modeki یان motikan بە دیالێکتی زازاکی قســـە دەکەن، لەوە دەچێت ناوەکەیان لە شـــاری مۆتکیmutki ەوە هاتبێت، کە دەکەوێتە ڕۆژئاوای گۆمی وان، هەندێک خێلی دیکە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

ســـەر بەم هۆزەن وەک:کەیبوران، بۆیانلی، کوســـان، ڕیتشـــابا، زیدان، ئەرکلیی و پیر موسا)(ئیگلتون، ٢٠٠٦: ١٢٨).

وێڕای ڕەتبوونی کوردســـتان بە چەند قۆناغێکی مێژوویی کە بارودۆخی سیاســی تێیدا جیاواز بووە لە نێوان حوکمڕانیی ڕاســـتەوخۆی بێگانە و ســـەربەخۆیی تەواو، چینی ئەشـــرافی کورد لە ســـەرۆک هۆز و خاوەن زەوی و زار و پیاوانی ئایینی و فەرمانبەرە پلەوپایە بەرزەکانی پێکهاتبوو، ئەوانەی کە سـەرپەرشـتی کاروباری ئیداری و ئابوری و پرۆژە گشـــتیەکـانیـان دەکرد، هەر لەو کۆمەڵە خەڵکە دیـارەشـــەوە ئەنجومەنی میرنشینەکانیان دەکرد(ئەسکەندەر، ٢٠١٦: ١٠٤).ئەمە و لە کاتێکدا(میرنشینی و خێڵ ئەو دوو شێوە ستروکتوریە بوون کە تیایاندا خۆڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی_سیاسی زامین دەبوو، میرنشـــینی هێڵی ســـتروکتوریی ســـەرووی پێکهێنـابوو، کـامڵبوونی کۆمەڵایەتی _سیاسی لە کوردستـاندا لەو هێڵە هەورازتر نەچوو، خێڵیش سنووری هەرە نزمی بوو و پێویســـت ناکات بە دوای یەکەی کۆمەڵایەتی_ســـیاســـیدا بگەڕێین لە خوارووتریئەم هێڵەوە)(ڤاسیلیەڤا، ٢٠٠٩: ٢٦١)، بۆیە (ناکرێ تەماشای میرنشینی بکەین لە کوردســـتان بە دابڕاوی لە خێڵ، هەر میرنشـــینێک لە پێشـــکەوتنیدا بە قۆناغی خێڵەکی دا ڕۆییوە، لەگەڵ خێڵیشدا ژیاوە و لە حاڵەتی کز بوون و نەمانیشیدا جێگەی بۆ خێڵ وەکو ستروکتورێکی کۆمەڵایەتی _سیاسیی سەرباشقە، چۆڵ کردووە، خێڵ وەکو بڵێی سنوورێکی پارێزەری هەمیشـەیی بووە، لە خوارەوەی ئەم سنوورەدا دابەشبوون بۆ ستراکتوری کۆمەڵایەتی_سیاسی بچووکتر ڕوینەداوە)(سەرچاوەی پێشوو)

عەبدال خان حەفتا هۆز و عەشـــیرەتی لە ژێر دەســـتدا بووە، یەک لەوان هۆزی (مودەکی)یە، کە بە تەنیا حەوتسـەد تفەنگ بەدەسـتی هەیە،  هەر سـەعاتێ خان ئارەزوو بکات دەتوانێ لەمانە حەفتا هەزار شەڕکەر کۆبکاتەوە(نورەدین٢٠٠٧: ٧٦).

لەبارەی کەســـایەتی عەبدال خان ئەولیا چەلەبی دەڵێ:ســـەروەری گەورەمان جەنابی عەبدال خان پیاوێکی شاعیر و قسە ڕەوان و نوسەر و زانا و لە هەموو هونەرێکدا وەســتایە، قەسـیدەیەکی بە تورکی و شـێوەی ڕۆژەکی داناوە، هەواکەی لەسـەر مەقامی سێگا دەگوترێ(چەلەبی، ١٩٧٩   ١١٨)، ئەمە بەڵگەی ئەوەیە کە عەبدال خان سـەر بە عەشـیرەتی ڕۆژەکی بووە، (دوای چەندین شـەڕوشـۆڕ و قوربانی پەنا بۆ هۆزی _مۆدەکی _دەبات و پاشـــتر دەچێتە چیاکانی ناوچەکە)(نورەدین:١٦٨) چیرۆکنوس (حەیدەر ئیشک) چیرۆک و بەسەرهاتی کەسایەتی  میر عەبدال خان لە چوارچێوەی ڕۆمانێکدا



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکولینێن کوردی

به زمانی تورکی نووسیوه به ناوی(ئەو نانه خوێناوییەی کە بۆ بەگی بدلیسێ عەبدال خان نێردرا)لە ساڵی ٢٠٠٦ لە دەزگای پێری لە ئەستەنبۆڵ چاپکراوە،

لەبەر ئەوە قسەکردن لەسەر خێل و هۆزی کورد هەر بۆ خۆی قسەکردنە لەسەر مێژوی کورد، چونکە ئامادەبوونی خێل لە کۆمەڵگەی کوردیدا هێندە بەهێزە کە هەموو کولتور و مێژوەکەی بە جۆرێک لە جۆرەکان بریتییە لە مێژوی خێل و هۆزەکان(مێجەر سۆن، ٢٠٠٧: ٧)، وەک تۆمابوا گوتەنی هۆزە چیاییەکان بەگشتی و هۆزە کوردەکان بە تایبەتی بە سێ سیمای سەرەکی دەناسرێنەوە:جیهانێکی بچوکی بەسەرخۆدا داخراو و ئۆرگانیزمێکی داکۆکیکردن، ئەم دام و دەزگایە خاوەنی ڕەوتێکی نەریتخواز و کۆنسیرڤاتۆرە(تۆمابوا، ١٩٦٦: ٣١_٣٢)، مێژوی ڕۆژهەڵات ئەوەمان پێدەڵێ کە تاوەکو سەرەتای سەدەی بیستەمیش ناکۆکییە ئێتنکییەکان لە پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەت و خێل دا هەرگیز ئەو هێزە کاریگەرە نەبووە، بە پێچەوانەوە پێوەندی نێوان ئەم دووانە لەسەر توانای عەسکەری، سەرچاوەی ئابووری و توانای ڕاگرتنی یەکسانیی هێز ڕاوەستابوو، جیاوازییە نەتەوەییەکان هەرگیز ئەو کاریگەرییەیان نەبووە(مێجەرسۆن:٧_٨)، ئەگەر پاتریشا پێی وابووە هۆزەکان فاکتەرگەلی پێشکەوتن نین، بەڵام لە ڕۆژهەڵاتدا تەواو بە پێچەوانەی ئەم بۆچوونە خێل و دەوڵەت هێندە تێکەڵن کە خێل نەک هەر گروپێکی دەوڵەت ڕەفزکار نییە، بەڵکو ئەوە دەوڵەتە کە خێل دروست دەکات(سەرچاوەی پێشو: ٨)، هەرچەندە ئەم بۆچوونەی بە گشتی خستۆتەڕوو، ئەگەر بۆ نەتەوەی دیکە ڕاست بێت، مەرج نییە بۆ کوردیش بە هەمان شێوە بێت، کە لە بنەڕەتدا ئەوە لەگەڵ کورد ناگونجێت، چونکە لە لایەک کورد لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەڵکەوتووە، کە هۆزەکان هەمیشە پاڵپشتی دەسەڵاتدارانی کورد بوون و تا ڕادەیەک تەواوکەری یەکتر بوون، لە لایەکی ترەوە بەرژەوەندی هاوبەش کۆیانی کردۆتەوە کە نەدەکرا لێک بترازێن، ڕووداوەکانی مێژووی کوردیش دەیان نموونەی زیندوی تێدا بەدیدەکرێت .

لە کاتێکدا(کوردستان بۆ خۆی مۆزایکی هۆز و تیرە و خێلی جیاجیایە)(مێجەرسۆن:١١)، ، یەکەم خاڵی ڕزگاربوون و سەرفیرازی کورد دەگەڕێننەوە بۆ(یەکگرتنی هۆزە کوردەکان لەسەر ڕێ و شوێن و لەبەر ڕووناکی بیروباوەڕێکی ڕوونی دیاریکراو کە سەربەخۆیی کوردستان بوو)(قەفتان، ١٩٨٥: ٦٦)پێچەوانەکەیشی ڕاستە، چونکە ناکۆکی نێوان هۆزەکان زۆرجار بەربەستی لەبەردەم میرنشینەکان درووستکردووە، (دوژمنی سەرەکی کوردێک هەمیشە هۆزەکەی هاوسێیەتی)(مێجەرسۆن:٩).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

دەوروبەری ساڵی ١٨٢١ بەدرخان بەگ بووە میری ئەو میرنشینە داڕووخاوەی بۆتان و توانی گەشـــەی پێبـدات، برایم خـانی ســـەرۆکهۆزی میران، ڕازی نەبوو دان بە دەســـەڵاتەکەی بنێت و باج و خەراجی نەدەدا و ئەو بژێوانییەی لە نێوان باتوان و حاجی بەیرانی دا کردی و نوانی ئاشتیان بکاتەوە، لەو کاتەدا ئەم پەندە دروست بووە:

(میران میرن، باتوان وەزیرن، شیللەت سەێین پیرن)برۆنسـەن دەڵێ:ئەم پەندەم بۆ ڕوون نەبۆوە و کەسـیش نەیتوانی بە دڵی خۆم بۆم ڕوون بکاتەوە(برونسـەن، ٢٠٠٣: ٦٤)لە کاتێکدا بڕبڕەی پشتی لەشکری بۆتان_بەشە جزیرییەکەی_دوو کۆنفیدراسیۆنی دوو خێلی ڕەوەند بوون، شـیللەت و چۆخسـۆر (لە بەتلیس قەڤالیسـی و بلباسـی بوون، لە هەکاری هۆزەکانی چەپ و ڕاست بوون)، ئینجا چۆن ئەم سیفەتەیان داوەتە پاڵ عەشیرەتی شیللەت، ڕوون نییە.

بە پێی شـــەرەفنامە قەڤالیســـی و بلباس دوو هۆزی وەجاغزادە بوون، لە کاتی کـێشـــە و هەڵـلادا هـۆزەکـانـی دی لەگەڵ یەکـێـک لەو دوو هـۆزە یەکدەکەوتن(برونەســـن:٣٣)، ئەمە و لە کاتێکدا ئاماژە بەوە دراوە کە(بلباسBilbas عەشـیرەت نین بە واتای ووشـە، بەڵکو کۆنفیدرالیەتێکی عەشـیرەتن confederacy of tribes کە لە کۆمەڵێک عەشیرەت پێکدێن، لە کاتی شەڕوشۆڕدا هاریکاری یەکیان کردووە(مێجەر سـۆن، ١٩٧٩: ٢٩)و لە عەشـــیرەتەکانی:مەنگوڕ، مامەش، پیران، باڵەک پێکهاتبووە، کە بە هەموویان ناوە گشتیەکەی بلباسیان هەڵگرتبوو.

بلباس خاکێکی بە پیتی فراوانیان لەبەر دەســتدا بوو، کاربەدەسـتانی عەجەم چاوییان بڕیبووە سـامان و داراییان و مەزنەکانی بلباس یش دەیانویسـت کەمترین باج و ســـەرانە بدەن، ئەمەش بووە هۆی ململانێ و تێکهەڵچوونی خوێناوی لە نێوان ئەفشـــاری عەجەم و بلباس، لە دوای پەیماننامەی ئاشتی زەهاو لە نێوان سەفەوی_عوسمانی، عەجەم توانی شـان و شـکۆی هۆزەکانی موکریان کە هاوسـنوری عوسـمانی بوون بشـکێنێ و نەهێڵێ جارێکی تر ڕاسـت ببنەوە، بەڵام هۆزی بلباس توانی لە لای خواروی ناوچە عەجەم نشینەکانی مەڵبەندی ورمێ گەشە بکات و بەهێز بێت(مەلا حەسەن، ٢٠١٩: ٢٢٥)

ئەو دوژمنایەتی کێشـــانەی لە کاتی خۆیاندا چارەســـەر نەکرابوون، ســـەریانهەڵداوە و یەکێتی و یەکڕیزی زۆربەی هۆزەکانیان هەڵتەکاند، گەلەک تیرەو خێلی گچکە لە پڕ هەڵتۆقین و خۆیـــان ســـەربەخۆ کرد، برێـــک ســـەرۆکهۆز _بۆ نموونە:ئـــاغـا دەسەڵاتدارەکانی شرناخ، کە سەر بە هیچ هۆزێک نەبوون، یاخود سەرکردەکانی میران



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکولینێن کوردی

_توانییان لەم گێژاو و پشێویەدا دەسەڵاتی ئابوری و سیاسیان برەو پێبدەن و فراوانتری بکەن، بەڵام هیچ یەکێکیان نەیانتوانی شوێنی میر بگرنەوە(سەرچاوەی پێشو:٦٩)

کەسایەتیەکی وەکو میر بەدرخان کە یەکێک بوو لەو میرانەی ئاشتی و ئاسایشی بڵاوکردەوە و توانی(هاوسۆزی و هەماهەنگی سەرۆک هۆزەکان بەدەست بێنێت، چونکە لەو بڕوایەدابوو پشتگیری کردنی سەرۆک هۆزەکان مانای ئەوەیە جەماوەر بەدەست دێنێت)( محەمەد، ٢٠١٨: ٨٦)، کە خەڵکەکە پێیان وابوو(دادپەروەری میر بەدرخانە و بەدرخان دادپەروەرییە)(لطفي، ١٩٩٢: ١١)، لە بارەی عەشیرەتەکەی، محەمەد ئەمین زەکی دەڵێ: بەدرخان بەگی عەزیزی یا ئەزیزی کە بە (بەدرخان پاشا)بەناوبانگە، باپیری بەدرخانیەکانە، ئەو خانەوادە کوردە ڕۆشنبیرەی لە شام و کوردستان و تورکیا بڵاون(زکی، ١٩٤٨: ٣٦٥)، کەواتە بەدرخانیەکان لە عەشیرەتی ئەزیزین کە بە عەرەبیەکەی بۆتە عەزیزی، گوایە لەسەر گۆڕەکەیشی نوسراوە:

میرێ جزیرا بۆتان
میر بدرخانێ عزیزان
ڕەحمەتێ خودێ ل سەر مالباتا وی بت.........

(هروري، ٢٠٠٠: ١٣٩).

هەندێک جار بنەماڵەش لە بری عەشیرەت بەکارهاتووە و وەکو هاوواتای یەکتری لە نوسینە مێژوییەکاندا بەکارهاتووە، یان (ناوی خۆیان لە ناوی سەرخێڵەکانیانەوە خواستووە، وەک:بایەزید، موسا بەگ، ڕەجەبلو، میکائیلان، مەحمودی، هەروەک ناوی هەندێ خێڵ لەو گوند و شارانە نراون، کە دواتر بە یەکجاری خێڵە ڕەوەندەکانی تێدا نیشتەجێبوون، وەک: شێخان، شارەبان و ئامران لە عێراق ومەحمودی و ئولوس و گەرگەر و سرووج لە تورکیا)( الداقوقي، ٢٠٠٣:١٢_١٣)

هەروەها(زۆربەی دانیشتوانی شاری بدلیس لە خێلی ڕۆژەکی پێکهاتبوو، کە بنەماڵەی میرنشینەکەش هەر لەم هۆزە بوون، هەرکاتێک تورک و فارسەکان ویستبێتیان کوردستان داگیر بکەن، دەبوایە لە پێشدا لەگەڵ فەرمانڕەوایانی هۆزی ڕۆژەکیدا بەشەڕبێن)(نورەدین، ٢٠٠٧: ٦٨)لەبەر ئەوەی (بە درێژایی مێژوو، ڕۆژەکییەکان توانیویانە بەربەستێکی بەهێز و گران بن لەبەردەم هەموو ئەو شاڵاوانەی کە بۆیان کراوە لە لایەن ئاق قۆیونلووەکان(١٤٧٩_١٤٨١)و عوسمانییەکان(١٥٣٥_١٥٨٣)(مستەفا،



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

١٩٩٨)هەر خۆی فەرمانڕەوایی بدلیس لەم بەشـــانە پێکهاتبوو(ئەخلات، موش، هۆزی ڕۆژەکی)(بدلیسی، ١٩٨١: ٨١٣)

کاتێک سوڵتان سلێمانی قانونی لە ساڵی(١٥٢٠_١٥٦٦)هێرشی کردە سەر ئێران وساڵی ١٥٣٤ هێرشی کردە سەر بەغدا زۆربەی ئاغاکانی نێو عەشیرەتە کوردەکانی لەگەڵ خۆیدا برد، عەشیرەتەکان بە درێژایی سنوری تورکیا و ئێران نیشتەجێ بوون، بۆیە قەڵا و شوێنی تۆکمەیان دروست دەکرد بەمەبەستی پارێزگاریکردن لە دەوڵەتی عوسمانی لە هێرشەکانی ئێران سوڵتان سلێمان شانازی بەوە دەکرد کە دیوارێکی لە خوێن و گۆشت درووستکردووە، کە دوژمن ناتوانێت تێیپەڕێنێ(ڤاسیلیەڤا، ٢٠٠٩: ٩٥)، بەمشێوەیە عەشیرەتە کوردییەکان بۆ خەڵکانێک قەڵایەکی پتەو بوون، بۆ خودی خۆشیان ڕوخێنەر.

شەڕی چالدێران لە نێوان عوسمانیەکان بە سەرۆکایەتی سەلیمی یەکەم و سەفەوییەکان بە سەرۆکایەتی شا ئیسماعیل، کە تێیدا عوسمانیەکان سەرکەوتن و توانیان بچنە نێو تەبرێز پایتەختی دەوڵەتی سەفەوی، چەندین هۆز و عەشیرەت کە بە ئارەزوی خۆیان چوبونە نێو دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی نمونەی عەشیرەتەکانی:دادوەری، بتلیس و میری حەسەن کیف و ئامێدی، دواتریش عەشیرەتەکانی سۆران و ئورمیا و کەرەزان و سەعەرت و سنجار و ماردین و ئەوانی دیکە، ئەوەی یارمەتی عەشیرەتەکانی دا بچنە ژێر دەسەڵاتی فەرمانڕەوای عوسمانی بە ڕای مێژونوسان خاڵە هاوبەشەکانی نێوانیان بوو نمونەی :ئایین و ڕۆشنبیری و بەها ڕەوشتیەکان، فتوحاتی عوسمانیەکانیش یارمەتیدەر بوو، چونکە کارگێڕی شوێنەکەی بۆ خەڵکەکەی جێدەهێشت، کە وایدەکرد ناوچەکان پارێزگاری لە سیاسەت و ڕۆشنبیری خۆیان بکەن.

(کاتێک خان لە لای ئەولیا چەلەبی گلەیی لە ئامۆژگاری و هەڕەشەکانی ئەحمەد پاشا دەکات، لە وەڵامدا ئەولیا دەڵێ:... ئەو قسانەی لە ڕووی خۆشەویستییەوە کردووە، نەکا دڵت ڕەنجابێ؟ئێرە کوردستانە، نەتەوەی ڕۆژەکی، کە ڕۆژەکی، ڕۆشکی گەورەترین هۆز و عەشیرەتی شاری بدلیس بووە، کە عەبداڵ خانیش هەر لەم هۆزە بووە)(نورەدین، ٢٠٠٧: ٤١: پەراوێزی ٣١)، ڕۆژەکی ٢٤ قەبیلە یەککەوتون و تاقە سەرکردەیەکیان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە، واتە لە نێوان هۆز و سەرۆکهۆزەکانیاندا جۆر پەیمانێکی کۆمەڵایەتی نەنوسراو و مۆر نەکراو دروست بوو بوو، ڕۆژەکییەکان بەوە ناسرابوون، کە لە گشت هۆزێکی دیکەی کوردستان، ملکەچتر و پێبەندتری میرەکانیان(برۆنەسن، ٢٠٠٣: ٣١_٣٢)، پەیدابوونی میرنشینە سەربەخۆ و نیمچە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

سەربەخۆکانی کورد لە سەدەکانی پازدە و شازدە وەرچەرخانێکی گرنگی کۆمەڵگەی کوردی بوون، بووە هۆکاری ئەوەی شار پەیدا ببێت .

تەنانەت هێز و توانای میرنشینەکان پەیوەست بوون بە هێز و توانای عەشیرەت و ئەو پاڵپشتیانەی عەشیرەتە گەورەکان پێشکەشیان دەکرد، چونکە (میرنشینە کوردیەکان بەوە جیادەکرانەوە کە بە گشتی سروشتێکی سێکوچکەداری _بنەماڵەیی_فیوداڵیزمی_ئایینی_بوونە، لە نێوانیاندا چەندین میری بەتوانا و بەهێزی تیا هەڵکەوتووە کە ....، وڵاتانی زلهێزی دەوروبەر حیسابیان بۆی کردووە، بە تایبەتی میر محەمەدی ڕەواندزی میری سۆران و میر بەدرخان پاشای بۆتان و میر عەبدولڕەحمانی پاشای بابان)(محەمەد، ٢٠١٨ :٧)

میرنشینی بادینان کە یەکێک بووە لە میرنشینە دیارەکان و ماوەیەکی زۆر فەرمانڕەوایی بەشێکی کوردستانی خوارووی کردووە و(لە نێوان ڕوباری دیجلە و زێی گەورە، میرنشینی بۆتان لە ڕۆژئاوایدا و میرنشینی هەکاری لە باکوریدا و میرنشینی سۆرانیش لە ڕۆژهەڵاتی دا بووە)(محەمەد، ٢٠١٨: ١٠)، دیارترین هۆزەکانی مزوری و زێباری و بەرواری و ڕێکانی و ماخاڵ و سندی و سلیڤانی بووە.

زۆر جار بۆ مەبەستی شەڕکردن پەنایان بۆ هەندێ هۆز بردووە، هەروەک چۆن(سوڵتانی عوسمانی فەرمانی دەرکرد کە سوڵتان حسێنی میری بادینان بە هاوکاری زەینەل بەگی میری هەکاری و هۆزی برادۆست هێرش بکەنە سەر میرانی موکریان)(العباسي، ١٩٦٩ :٥٦)، لە نێوەخۆشدا و لە ئاکامی ململانێ و بەدەستهێنانی دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی پشت بە هۆز و تواناکانیان بەستراوە، کاتێک(بەیرام_کە دایکی بەیرام خوشکی میر زەینەلی هەکاری بوو_لە هەل دەگەڕا بۆ ئەوەی دەسەڵات لە قوباد وەرگرێت، پشتیوانی هۆزەکانی بۆ خۆی قۆستەوە و توانی خەڵکێکی زۆر بە دەوری خۆیدا کۆبکاتەوە)(العباسي، :٥٩)، ململانێ و ناکۆکیەکانی نێوان میر قوباد و میر بەیرام تا لە لایەن هۆزی مزوری و خەڵکانێکی تر، لە ئاکامی داڕشتنی پلانێک توانیان میر قوباد و کوڕێکی بکوژن، بەمشێوەیە میر بەیرام دەسەڵاتی گرتەدەست(بدلیسی، ١٩٧٣: ٢٦٥ )، واتە هۆزەکان هەموو دەسەڵاتێکیان هەبوو، هاوکێشەکان هەمووی لەسەر هۆز و عەشیرەتەکان وەستابوون، ئەوکاتەی (قوباد خان چاوی لە دەسەڵات بوو، بەڵام لەبەر سیفەتی توندڕەوی جێگەی ڕەزامەندی هۆزەکان نەبوو، پشتیان نەگرت)(محەمەد، ٢٠١٨: ٥٧).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

هۆزەکانی دەڤەری بۆتان کەوا پێکهاتەی میرنشـــینەکەیان پێکدەهێنا، بە تایبەتی هۆزی بۆتانی، کە شەرەفخانی بەدلیسی بە(نەترسی و ئازایی و مەردی و نەبەردی ناو بە دەرەوەن و گەورەو گچکە و نەناس و سەرناسیان ڕەشید و دەسکەرەوەن و لە مەیدانداری و سوارچاکیدا لە هەموو کوردستاندا هەر ئەوان زۆر لە سەرەوەن)(بەدلیسی:٣٧٣).

هۆزەکان بەشێکی هێزەکەیان خۆیان پێی ناسرا بوون و بەشەکەی تریان لە میرنشینەکە وەردەگرت، بە واتایەکی تر بەهێزبوونی میرنشینەکە بەهێزبوونی هۆزەکە بوو، کزی و بێهێزی میرنشینەکەش دەبووە مایەی کزی و بێهێزی هۆزەکەش، هەروەک ئاماژەپێدانێک، (زۆربەی هۆزەکان وەک دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی، تا دەهات سادە و سادەتر دەبوون، گەشەکردنیان بە پێچەوانەی ڕەوتە ئاساییەکەوە دەبزوا، بۆ نموونە خێلی تەییان وەک بەشێک لە کۆنفیدراسیۆنی خێلەکانی شیللەت، لە پێشدا لە بۆتەی میرنشینی بۆتان دا توایەوە، پاش دارمانی میرنشینەکە، ئەو کۆنفیدراسیۆنەهێدی هێدی لەبەریەک ڕەوایەوە، لقێکی تەییان دایە پاڵ کۆنفیدراسیۆنی چۆخسۆرەکان، هەر هۆزە و بۆ خۆی بە تەنها هەڵس و کەوتی دەکرد.....ئەورۆ هۆزی تەییان چیدی چەند عێلێکی بەڕاستی یەککەوتە نییە و تاقە سەرکردەیەکی مەزنیان نییە، قەبیلەکانی تەنها ماونەتەوە، پێکڕا و تێکڕا هیچ کارێک ناکەن)(برونەسن، ٢٠٠٣: ٧٠_٧١).

یەکێ لەو عەشیرەتانەی کە پەیوەستە بە میرنشینی بۆتانەوە (بەختی)یە، میرنشینی بۆتان یا میرنشینی جەزیرە دێرینترین میرنشینە کە مێژوویەکی درەوشاوەی هەبووە، لە سەردەمی بوەیهیەکان تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم کە دەوڵەتی عوسمانی لەگەڵ میرنشینەکانی تر رووخاندی، ئەگەرچی بە شێوەی پچرپچرپش بێت هەر مایەوە، مێژوونوسەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە میرەکانی جەزیرە هەموویان سەر بە عەشیرەتی بەختی بوون، هەر ووتویانە میرنشینی بۆتان، میرنشینی بەختی یە و بەسەر سێ قۆناغ دابەش دەکرێت:(توفیق، ٢٠٠٧: ٢٥ تا ٢٧)

١. قۆناغی یەکەم/مێژووی لە نێو سەردەمی عەباسی
٢. قۆناغی دووەم/مێژووی لە نێو سەردەمی دەسەڵاتی مەغۆل و تورک و تورکمانیەکاندا.
٣. قۆناغی سێیەم/مێژووی لە سەردەمی عوسمانیدا.

تەنانەت مەلای جزیری(١٥٦٨_١٦٣١)کە جەزیرە و پەیوەستبوونی ناوەکەی بۆ شوێنی ژیانی دەگەڕێتەوە، ئەگەرنا خۆی لە عەشیرەتی بەختی بوو، کە لە نێو جەزیرە و دەوروبەری بڵاوبوون.

لە ڕووی سەربازییەوە هۆزەکان بڕبڕەی پشتی میرنشینەکان بوون، فراوان بوون و وێکهێنانەوەی قەوارەی هۆزەکانیش پەیوەستبوو بە هێز و شکۆی ئەو میرنشینانەی کە لێی بوون، هەرچەندە میرنشـــینەکە ئاســـایشـــی تێدا بەرقەرار بوایە و ئابوورییەکەی گەشـــەیکردبا ئەوا زۆرتر هۆزەکان لە ئەنجامی پەیوەندیکردنی هۆز و تیرە لاوازەکان پێیانەوە فراوانتر دەبوون، دیارە کە دەســـتەبەرکردنی ئارامیی و ئاســـایش وایدەکرد کە پرۆسەی بەشارستانی بوون و نیشتەجێکردن لە نێو هۆزە کۆچەرییەکاندا خێراتر بێ لە لایەک وخەســـتـکـردنەوەی چـالاکـی ڕونـاکـبـیـری و ئـابـوریش لە لایەکـی دیکەوە(ئەسکەندەر، ٢٠١٦: ١٠٥).

لە نێوان کۆتایی سەدەی هەژدە و نیوەی سەدەی نۆزدەدا سێ بزوتنەوەی بەهێز لە کوردستانی گەورەدا بە دوای یەکدا هاتن بە مەبەستی پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردی تەواو ســـەربەخۆ بەدەر لە هەموو کۆت و پێوەندێکی ســیاســی و ســەربازی و دارایی کە دەوڵەتەکانی ئێران و تورکیا بەسەر میرنشینە کوردییەکانیان سەپاندبوو، ئەم هەر سێ بزوتنەوەیەش سێ میری لاو سەرکردایەتیان دەکرد، کە ئەوڕەحمان پاشا لە میرنشـینی بابان و محەمەد کۆرپاشـــا لە میرنشـــینی ســـۆران ومیر بەدرخان لە میرنشـــینی بۆتان بوون(ئەســـکەندەر، ٢٠١٦: ١٢٩). کاتێ جیمس فالکس ســـەردانی هەرێمەکانی بابانی کرد، سێ ساڵ بەسەر مەرگی ئەوڕەحمان پاشا تێپەڕیبوو، ئەو تێبینی ئەوەی کردبوو کە هۆزەکانی جاف وازیان لە ژیانی نیمچە کۆچەری هێنابوو، ئەمە ببوە مایەی بڵاوبونەوەی کشـتـکاری و زۆربوونی گوند و دێهات لە ناوچەی شـارەزوور(ئەسـکەندەر، ٢٠١٦: ١٥٢)، جیمس فالکس ئەمە دەگەڕێنێتەوە بۆ زیرەکی ئەوڕەحمان پاشـــا کە نەک هەر توانی پشـتیوانی کۆنفیدرالیەی گەورەی جاف بەدەســت بێنێ، کە ســنوری لای ڕۆژهەڵاتی بۆ قایم کردبوون، بەڵکو ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری زۆر بەرەو پێش برد، زۆر سودیشی لە ڕۆڵەکانی ئێلی جاف وەک ســەربازی تایبەت وەرگرت، بۆ دروســتـکردنی لەشــکرێکی بەهێز(سەرچاوەی پێشوو).

لاپەڕەیەکی تری بابانەکان فەقێ ئەحمەدە کە لەگەڵ برایەکی بە ناوی خدر بەگ نەیانتوانیوە لە بەرامبەر پاڵەپەســتۆ و شـەڕی هۆزی بلباس بوەســتێتەوە، لەبەر ئەوە گوندی دارەشمانە بەجێدێڵێت و دەچێتە ئەستەنبۆڵ و لەوێ بونەتە سەربازی عوسمانی و لە سەردەمی سوڵتان محەمەدی چوارەم(١٦٤٨_١٦٨٧).

فەقێ ئەحمەد لە چەند شەڕێکدا بەشداری کردووە و ئازایەتی خۆی نیشان داوە، ئەمە سـەرنجی دەسەڵاتدارانی عوسمانی ڕاکێشاوە و بە فەرمی گوندی دارەشمانەیان پێ



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

بەخشـــیوەتەوە، وەکو میری بابان توانیویەتی ناوچەی پشـــدەر کۆنترۆڵ بکات و هۆزی بلباس بخاتە ژێر ڕکێفی خۆی(بابان، ١٩٩٣: ٣٦)، محەمەد ئەمین زەکی دەڵێ:ئەگەر فەقێ ئەحمەد داوای هەموو کوردســـتانیشـــی لە دەوڵەتی عوســـمانی بکردایە پێی دەبەخشرا(زەکی بەگ، ٢٠٠٦: ٣٦)

دوای فەقێ ئەحمەد کە لە ســـاڵی ١٦٦٤ مردووە، میرخان بۆداق ی کوڕی فەرمانڕەوایی وەرگرت، بەڵام لەساڵی ١٦٦٥ ناوەندی حوکمڕانی لە دارەشمانەوە گواستەوە بۆ ماوەت(هروتي، ٢٠٠٠، ١٣)

یەکێ لەو کارانەی کردی و(بنەمای ســەرەکی حوکمڕانیەکەی ســیاســەتی داپلۆســینی هۆزەکان بوو، ئەم ســیاســەتەش ئەنجامی باشــی لێکەوتەوە و چەندین هۆز چوونە ژێر باڵی پارێزگاری ئەو لەوانە هۆزەکانی_ئاکۆ، ئالان، بلباس_کە ســەرجەمیان گوێڕایەڵیان بۆ میری بابان ڕاگەیاند)(محەمەد، ٢٠١٨ :١٣٣_١٣٤).

میرنشــینی هەکاری بەســەر میرنشــینەکانی دیکەی دراوســێکانی _بۆتان، بادینان، بدلیس و موکس_دەرکەوتوتر بووە، هێزی میرنشینەکە بە تایبەتی لە سەردەمی میر عیمادەدین سەرنجی دەوڵەتی عوسمانی ڕاکێشاوە(مراد و حەسەن، ٢٠١٧: ٦٢٥)، هەر خودی عیمادەدین کە فەرمانڕەوای میرنشــینەکەی کردووە لە نێوان ١٦٣٤-١٦٣٩ز، کەســایەتیەکی ئازا و دلێر بووە، لە هەمان کاتدا شــاعیریش بووە و نامەی شــیعری لەگەڵ گەورەترین شاعیری کورد مەلای جزیری هەبووە(الزڤنگی، ١٩٥٩:ج٢: ٥٩).

ساڵی ١٨٣١هێزەکانی سۆران(کە میر محەمەدسەرکردایەتی دەکرد)بە قوڵی چونە ناو ئەو ناوچانەی کە ســەر بە میرنشــینی بادینان بوون، وەک شــێخان و قوش تا پایتەختە سیاسیەکەشی داگیر کرد، کە ئامێدی بوو، میر محەمەد هێندێ هاوپەیمانی لەگەڵ ســەرۆک هــۆزەکــان کــرد، لەوانە ســەرۆکی هــۆزی بەهــێزی مزوری بوو(ئەســکەندەر:١٩٩)، هۆز و عەشــیرەتەکان بە پێی پێگەکەیان لە هەموو لایەکەوە بونەتە پردێک بۆ ڕایی کردنی مەرامە تایبەتیەکانی هەم ئەوانەی ناوەوە و هەمیش هێزە دەرەکییەکان، ئەوەتا میر محەمەد(لە دەسپێکە بەراییەکانی هەرێمی سۆران، پشتی بە جەنگاوەرانی سورچی و خۆشناو بەستبوو، پاشان کەسانی هۆزەکانی دیکەی هێنا لەوانە :شکاک و ئەتروشی، سەرەنجام میر محەمەد فراوانتر توێژە کۆمەڵایەتیەکانی بە ســـەرباز گرت تا ڕادەی ئەوەی کوردەکان هۆز و غەیرە هۆزیشـــی گرتەوە لەوانە جوتیارەکان(ســەرچاوەی پێشــو:٢٠٢)، محەمەد پاشــای کۆرە(١٨١٣_١٨٣٦)(کۆرە لە نێو کورد دا جنێوە ناشــێت ڕاســتەوخۆ و بە شــێوەیەکی ئاسایی بەم پاشا بە هێزە وترابێت



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینێن کوردی

کۆره )، هەرچەندە جەمال نەبەز دەڵێ: میر محەمەد چەندین ناوی هەبووە پێی بەنابانگ بووە، لەوانە: میری گەورە، محەمەد پاشای ڕەواندزی، پاشای گەورە، میری کۆره، بەڵام ئەم نازناوەی دواییینی کە کۆره بوبێت، چونکە لە چاوێکیدا جۆرێک لە نابینایی تیادا هەبووە(نەبەز، ٢٠١٩، ٥٤_٥٥)، هەمیشـــە چاوی بڕیبووە ئەوەی میرنشـــینەکەی هەردەم فراوانتر و بەهێزتر بکات، بۆیە توانی(عەشـــیرەتەکانی شـــێروان و برادۆســـت لەگەڵ عەشـــیرەتەکانی ســـورچی بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە و بابانەکان لە حەریر دەربکات و دەســـت بەســـەر هەولێریش دابگرێت و عەشـــیرەتی دزەیی بخاتە پاڵ خۆی، تا گەیشـــتە ئـاڵتون کۆپری و کۆیە و ڕانیە، زێی بچوک(زێی کۆیە)هێڵی نێوانیـان و نێوان بـابـانیەکـان بوو)(زکی، ١٩٤٨: ٤٠٦).ئەم فراوانبوونەی دەســـەڵاتی میر محەمەد عوســـمانیەکانی توشـــی دڵەڕاوکێ کردبوو، بۆ ئەم مەبەســـتە ســـوپایەکی گەورە بە ســـەرۆکایەتی محەمەد ڕەشـــید پاشـا و یاوەری هەریەک لە عەلی ڕەزا پاشـا والی بەغدا و مەحمود پاشا والی موسڵ و سەدری ئەعزەم، دوای ئەوەی سەدری ئەعزەم دەستیان بەسەر ناوچەی بادینان گرت، بەرەو ڕەواندز هەنگاویان نا، زۆربەی زۆری سوپای سەدری ئەعزەم و عەلی ڕەزا پاشا لە عەشیرەتە کوردەکان بوون(بڕوانە:سەرچاوەی پێشو: ٤١٣_٤١٤)هێشتا لە ترســـی ئەوەی دووبارە دەســـەڵاتەکەی بنیادنەنێتەوە، بە فڕوفێڵ کوشـــتیان، ئەمە و فتواکەی مەلای خەتێ کە دوا موفتی میرنشینی سۆران بووە، بۆ نزیکەی ٧٠ ساڵێک بە ناپاک ناوزەدیان کردووە و مێژوو زوڵمێکی زۆری لێکردووە، چونکە(ڕووخانی میرنشینی سۆران لە ئەنجامی هۆکاری دەرەوە و ناوەوە بوو، نەک بە فتوای مەلایەکی وەکو مەلای خەتێ)(حەمە کەریم، ٢٠٠٦: ٢٥)کە چەندین سەربوردەی تر بوونەتە بەشێکی گرنگی هەم مێژوی کورد و هەم بـابەتە فۆلکلۆرییەکـان، هەرچەنـدە خەتێ بۆ نـاوی گونـدی خەتێ دەگەڕێتەوە، نەک عەشـــیرەتێک بەم ناوە هەبێت، د.زرار ســـدیق لەمبارەیەوە دەڵێ:( هیچ عەشـــیرەتێک لە نێو مێژوودا بە ناوی خەتێ باســـی لێوە نەکراوە، جگە لە _ئیبن ئەثیر _نەبێت، دەڵێ:ئەبا هیجائی ســـەمین کەلە گەورە ســـەرکردەکانی ســـوڵتان سەلاحەدین بوو، لە کوردەکانی خەتێ بوو، دەشێ خەتێ لە ناوجەرگەی هۆزی حوکمیە بێت، کە هۆزێکی گەورەن لە هەولێر، خەتێ ئێستاش گوندێکی ئاوەدانە و لە سەدەی نۆزدە نـاوبـانگێکی زۆری هەبوو، بە هۆی ئەو ڕۆڵەی کە _مەلا محەمەدی خەتێ_لە ڕووداوەکانی میرنشـــینی ســـۆران هەیبووە)(توفیق: ٩٢)، مەلا محەمەدی خەتێ گەلێ بیروبۆچونی هەمەجۆری لە بـارەوە داڕێژراوە(بڕوانە:بەحرکەیی، ٢٠١٩)هەروەهـا بۆتە ڕەمزێکیش لەنێو ئەدەبیاتی کوردیدا.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ڕوخانی میرنشـینی سـۆران ناکەوێتە ئەسـتۆی مەلای خەتێ، کە پێی تاوانبار کراوە، بەڵکو(یەکێ لەو خاڵانەی بوونە هۆکاری کۆتایهاتنی میرنشـینی سـۆران، کە زۆربەی هۆکارەکان لە سـەردەمی میر محەمەدەوە دەسـت پێدەکات، لەدەسـتدانی ئەو یەکێتییە سـیاسـیە بوو کە میرنشـینەکە لە سـەردەمی میر محەمەد پەیدای کردبوو، چونکە لە دوای ئەو چەندین هۆز پشتیان لە میرانی سۆران کرد و ململانێ و ڕکابەری لە نێوان چەند هۆزێک و بنەماڵەی میرانی سـۆران ڕوویدا لەوانە هۆزەکانی ئاکۆیی و زێباری و شێروانی)(محەمەد: ٢٣٥)

دەسەڵاتدارانی تورک هەمیشە لە ڕێگەی هۆزەکانەوە ڕێگەی خۆیان کردۆتەوە و توانیویانە بەکاریان بهێنن، یا تۆوی دووبەرەکیان لە نێواندا بچێنن، یا بە گژیەکیاندا ببەن، یا هەر ڕاستەوخۆ پیلانی ڕووخانیان دابڕێژن، بۆیە دەسەڵاتی تورک لە ڕێگەی لێدان لە هۆزە گەورەکان و زیانگەیاندن بە لایەنی ئابوریانەوە توانی خودی میرنشـینەکان لەناو ببات، چونکە ئەم هۆزانە دەسەڵاتی ڕاستەقینە و هێزی تەواوی میرنشینەکان بوون، خاڵێکی دیکەی جگە لە تواندنەوە و لەناوبردنی هۆزەکان ئەوەبوو کە(دەسـەڵاتدارانی تورک پەنـایـان بردە بەر جێبەجێکردنی گۆڕانکـاری ئیـداری لە نـاوچە کوردییە لکێندراوەکاندا، جێ نزرگەی ئەسڵی هۆزەکانی ئەتروشی لە نێوان دوو تا سێ ناوچەی ئیداری دابەشـکران، کە لە نێوان دوو ویلایەتی جیاوازدا بوون(ئەسـکەندەر:٢٩٤)هەروەها میللی و کاید لەو هۆزە گەورانە بوون کە لە لایەن لەشـکری تورکەوە پەلاماردران و تالانکران، ئەم دوو هۆزە وەک هۆزە گەورەکانی دیکە ژمارە و سـەروەت و سـامانیان بەشـێوەیەکی زۆر کەمبۆوە، .....هۆزە ئێزیدیەکانیش زیاتر لە هەموو هۆزەکان لە ڕووی ژمارە و سـامانەوەو لە ئەنجامی کردەوە سـەربازییەکانی تورک دووچاری شـکسـت بوون(سەرچاوەی پێشو:٢٩٣).

لە لایەکی دیکەشەوە باج و خەراجی کردبوە پاساوێک بۆ دابڕینی هۆزەکان لە یەکتری، کە لە ڕێگەی کوردەوە ئەم کارەی ئەنجام دەدا، بۆ نموونە(لە ناوچەکانی ناوەڕاستی کوردستانی عوسمانیدا، والی شارەزور کە لە موسڵ دادەنیشت نیعمەت ئاغا سـەرۆکی هۆزی زێباری کردە نماینـدە بۆ وەرگرتنی بـاجی جۆراوجۆری تـایبەت بە کشـتوکاڵ و ئاژەڵ لەو هۆزە کوردانەی دەوروبەری وەک برادۆسـت و شـێروان گەردی و شـەمدینان)(سـەرچاوەی پێشـو، ٢٩٤)، بەم کارەیان ڕق و کینە پەرەیسـەند و بووە مایەی ناکۆکی لە نێوان هۆزەکاندا.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

هەر بەوەندەش نەوەستان بە مەبەستی هەڵوەشاندنەوەی هۆز و نەهێشتنی هێز و شکۆی هۆزەکان، خەریکی بەسەربازکردنی گەنج و لاوی هۆزە کوردییەکان بوون، بەڵام نەیانتوانی ڕێژەیەکی زۆر کۆبکەنەوە، لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم (دوای شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری، دەوڵەتی عوسمانی پێویستی بەوەبوو سستێمی عەشیرەتگەری لە کوردستان بەهێز بکات، سوارەی حەمیدیەی دامەزراند_کە ناوەکە بۆ سوڵتانی عوسمانی عەبدولحەمیدی دووەم(١٨٤٢_١٩١٨)دەگەڕێتەوە_(علی، ٢٠١٠: ١٦)بۆ ئەم مەبەستە هەر لە ژێر سەرکردایەتی سەرۆک هۆزەکاندا پێکیهێنان(ڕژێمی بەعس لە هەشتاکان لە عێراقدا بە هەمان شێوە جاشی لە ڕێگەی ئاغا و سەرۆک عەشیرەتەکاندا دروستکرد، ئەمە ڕاستی ئەوە دەردەخات کە مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە)، گرنگ نەیانتوانی بە تەواوی دووربکەونەوە لە بیرۆکەی فەرامۆشکردنی هۆز و سەرۆک هۆزەکان.

دوو سەرۆک هۆز لە ڕێگەی فەرماندەیی سوارەی حەمیدیەوە هێند پلەوپایەیان باڵا ڕۆیشت، کە پاشان خۆیان بوونە مەترسی و هەڕەشە بۆ وولاتەکە، یەکەمیان:مستەفا پاشای میران، لە نێو هەموو سەرۆکهۆزەکانی میرنشینی بۆتان دا، ئەو تاکە سەرکردە، بوو، کە کرایە قوماندانی سوارەی حەمیدییە و نازناوی پاشای درایە، سەرۆکی گشت هۆزەکانی دیکە، ئەوانەی کرانە ئەفسەر گشتیان پلەوپایەی لەو کەمتر و نەویتریان درایە، ....تەنانەت لە شاری جەزیرەش هەموو شتێک بە دەستی مستەفا پاشا بووە(برۆنەسن، ٢٠٠٣: ٧٩_٨٠)، دووەمیان: ئیبراهیم پاشای سەرۆکی کۆنفیدراسیۆنە گەورەکەی میلان بوو، نوسەرانی تورک و بێگانە نێویان وەک جەردە و سالووکێکی ئەفسانەیی هێناوە و شۆرەتیان پێداوە جا بە ڕاستی _پاشایەکی بێ تاج و تەختی کوردستان بوو(سەرچاوەی پێشو:٨١)، میلان یەکێک بووە لە هۆزە بەناوبانگەکان، تەنانەت(لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم، میلان لە چەندین هۆزی جۆربەجۆر پێکهاتبوو، لە تەک هۆزە کوردە سوننی و یەزیدییەکاندا، بڕێک هۆزی عارەبیش لەو کۆنفیدراسیۆنەدا بەشداربوون، ....دەگێڕنەوە گوایە گشت هۆزەکانی کوردانی ئەمڕۆ لە دوو هۆزە ڕەسەنەکەی میل و زیل، یاخود _میلان و زیلان_کەوتونەوە، گەلەک هۆز ڕەچەڵەکی خۆیان دەبەنەوە سەر یەکێک لەو دوو هۆزە(سەرچاوەی پێشو).

ژمارە و تیرە و هۆزە یەککەوتووەکانی کۆنفیدراسیۆنێکی وا نێودار بە بیست و چوار هۆز دادەنرێت، ڕەنگە ژمارەکە واتایەکی ئەفسووناوی هەبوبێت، گوایا هۆزە تورکە یەککەوتووەکانی ئۆغوزیش بیست و چوار تیرە بوون، هەرچەندە کۆنتر باس لە نۆ تیرە کراوە، شەرەفنامە باس لە بیست و چوار تیرەی کورد دەکات، کە لە سەردەمی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

تەهماسب دا   چونە ژێر سایەی قەرەباغە فارسەکانەوە و کۆنفیدراسیۆنی(ئیگرمی دۆرت) یان پێکهێناوە، کە ووشـــەیەکی تورکییە و بە واتای بیســـت و چوار دێت، ئەو هۆز و دەستە و تاقمانەی کۆنفیدراسیۆنەکەیان پێکهێناوە، بریتین لە:

چۆخسۆر ⟷ میران، دووران، عەلیخان، سۆران، گاریسان.
شیللدت ⟷ باتوان، کچان، تەییان، خەریکان، موسیٚ ڕەشان.
حاجی بەیران ⟷ پیرتی، گیتەیان، هەڤیری(هەرسیک ڕەوەندن)، گۆیان(نیوە کۆچەرن)، ئەمە جگە لە جوتیارە کورد و ئەرمەنە ناخێلەکیەکانی شیرناخ و سلۆپی.
دەهی ⟷ گاریسان(ڕەوەندن)، دیرسەڤی، فەسخێری، ئەروخی، چووفی، گیلان

(بڕوانە:شەرەفنامە    بە فارسی:٣٤٨تا ٣٥٤).

لە سـەدەی نۆزدەهەمدا میرنشـینەکان یەکە یەکە هەڵتەکێندران، وەلێ لەسـەر ئاستێکی نزمتر، جۆری دەسەڵاتی ناڕاستەوخۆ هەر بەردەوام بوو، .....سەردەمی سەرۆکهۆزە مەزنەکـانیش تێپەڕی و بەســـەرچوو، ...، تەنها ئـاغـای گونـد و مەزنی بـاڤـک ئەرکە سیاسیەکان جێبەجێ دەکەن(برونەسن، ٢٠٠٣: ٩١_٩٢).

هۆزەکان بە تایبەتی هۆزە بەهێزەکان کاریگەرییەکی زۆریان هەم بۆ بنیادنان و ســەرکەوتن، هەم بۆ شـــکســـت و دۆڕانە ســیاســیەکان هەبووە، نابێ ئەوەش فەرامۆش بکەین کە ســـەرەتـای دامەزرانـدنی گەلێـک لە میرنشـــینەکـان دەگەڕێتەوە بۆ بنەچەیەکی عەشـــیرەت ئـامێز، بۆ نموونە میرنشـــینێکی وەکو ئەردەلان بنەچەی دروستبوونی دەگەڕێتەوە بۆ هۆزی گۆران، لە پاڵ چەندین نمونەی دیکەی هاوشێوە.

### ٣_ پەیوەستبوونی مێژوو و ئەدەبی فۆلکلۆری

ئەدەبی فـۆلـکـلـۆری وەک چۆن بـنـاغەیەک بـووە بۆ ئەدەبـیـاتی کـوردی، بنچینەیەکیشە بۆ خوێندنەوەی ئەو بابەتە مێژووییانەی هەلقەی بزری تێدایە یا پرسیاری بێ وەڵام لە خۆ دەگرێت، پرســـیارە جەوهەرییەکە لێرەدا ئەوەیە ئایا فۆلکلۆری کوردی توانیویەتی ئەم بۆشـاییانە پڕ بکاتەوە کە لە مێژوودا هەن، پێچەوانەکەیشـی بە هەمان شێوە.

یا ئـایا دەکرێ بڵێین فۆلکلۆر و مێژوو تەواوکەری یەکترن، لە کـاتێکـدا مێژوو زانســـتێکی ســـەربەخۆیە و فۆلکلۆر بەرهەمی زارەکی نەتەوەیە و بە پێی زەمەن گۆڕانکاری و زیاد و کەمی هەبووە؟

بایەخدان بە فۆلکلۆر و کۆکردنەوە و پۆلێنکردنی وەکو زانستێکی ئەدەبی درەنگ دەستی پێکرد، پێشتر ئاماژەمان پێدا کە بێگانەکان پێش خۆمان بایەخیان پێداوە، لەگەڵ بزوتنەوەی ڕۆمانسی نەتەوەیی کە لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەم سەریهەڵدا، دەستییپێکرد، بە مەبەستی دیاریکردنی ناسنامەی نەتەوەیی، ئازاد ئەسلان دەڵێ: هەردوو چەمکەکە فۆلکلۆر و نەتەوە پەیوەستن بە یەکەوە(pertew,2015: 112)، هەر لەبەر ئەوەشە کە هێندە کاریگەریی لە نێوان فۆلکلۆر و مێژودا بەدیدەکرێت.ئەلکساندەر ژابا باڵیۆزی ڕوسیا لە ئەرزەڕۆم لە نێوان ساڵانی(١٨٤٨_١٨٦٦)بەشێکی باشی بابەتە فۆلکلۆرییە کوردییەکانی کۆکردەوە کە نزیکەی ٦٠ دەستنوس دەبێت، ٥٦ یان بە زمانی کوردی و ٤ بە زمانی فەڕەنسی و جگە لە ٣ بەرهەم بە زمانی تورکی(سەرچاوەی پێشو: ٢٢٥)، کە بەشێکی کارەکانی بە هاوکاری(مەلا مەحمودی بایەزیدی)(١٧٩٧_١٨٦٣)، کە خۆیشی چەندین بابەتی گرنگی نوسیوە وەک:عادات و رسومەتنامەی ئەکرادیە، کە بەشێکی لە بارەی پەیوەستبوونی کورد بە چەک و ئەسپەکەی و باسکردنی ناکۆکی عەشیرەتەکان و تۆڵەکردنەوەیە.

بەشێکی زۆری ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی لە قوڵایی مێژووی کورد و شەڕوشۆڕ و ڕووداوە مێژوییەکاندا سەریهەڵداوە، بە واتایەکی تر لە هەناوی مێژوو سەرچاوەی گرتووە، بەشەکەی دیکەی هەڵقوڵاوی لایەنە کۆمەڵایەتی و پەیوەندییەکان و بیروباوەڕ و چۆنیەتی مامەڵەکردنەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردی بووە، هەر لەبەر ئەوەیە بۆتە ئەدەبیاتێکی دەوڵەمەند و چڕوپڕ، سەرباری زمانە هونەرییە پاراوەکەی، تێیدایە شانازیکردنە بە سەرکەوتن و تێیدایە تراژیدیایە.

ئەمە جگە لەوەی جاری وا هەبووە شاعیرێکی میللی چەشنی مێژونووسێک ڕۆڵی گێڕاوە، هەروەک :( عەلی بەردەشانی، شاعیری میللی مێژونوسی ڕاپەڕینەکانی عەبدولڕەحمان پاشا بووە بە شیعر، بە شیعرەکانی باسی ئازایەتی و قارەمانێتی میرەکانی بابانیشی دەردەبڕی باسی ئەوڕەحمان پاشا و شەڕەکانی بە هەڵبەست بڵاو دەکردەوە و هەستی میللی پێ ئەخرۆشان)(مستەفا ڕەسول، ١٩٧٣: ٣٨)، ئەگەر ئەوانەی سەرەتا بەیت و داستان و لاوکە مێژوییەکانیان داڕشتوە دیار بان چەشنی عەلی بەردەشانی، ئەوانیش دەبونە مێژونوس بە شێوازێکی تر.

کەواتە (یەکێک لە هۆکارەکانی دەوڵەمەندبوونی فۆلکلۆری کوردی ئەو جەنگ و شەڕوشۆڕانەیە کە لە مێژووی کوردستاندا ڕوویان داوە و ڕەنگدانەوەی فرە و دیاریان هەبووە بەسەریدا)(نورەدین، ٢٠٠٧: ١٩_٢٠، پەراوێزی ١٠)، بۆیە کاریگەری و



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

دروستبوونیان دووسەرەیە و مێژوو و بابەتە فۆلکلۆرییەکان هێندە بە ناو یەکدا چوون، جاری وا هەیە وەک چوارچێوەی یەک بابەت مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت.جگە لەوەی (فۆلکلۆر بۆ خوێندنەوەی هەموو ئەو بابەتانەی لە فەرهەنگی کوردیدا بزرن و تۆمار نەکراون سەرچاوەیەکی بێگەردە)(نورەدین: ١٩)

بابەتە فۆلکلۆرییەکان کاریان لە مێژوو زیاترە، چونکە پڕن لە ترپە و هەست و هەمەڕەنگی هەستەکان، کەچی مێژوو و گەڕانی بە دوای ڕاستیەکان خستویەتیە قالبێکی تا ڕادەیەک ووشک و بێ جولە، هەرچەندە کاریگەرییەکی زۆریشیان لەسەر بابەتە فۆلکلۆرییەکان جێهێشتووە، بەڵام بە هۆی هەبوونی ڕەگەزە ئەدەبیەکانی دیکەی بابەتە فۆلکلۆرییەکان سیمای مێژووەکەش گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

ئەولیا چەلەبی لە باسکردنی ڕۆشنبیری عەبدال خان دەڵێ: (حەفتا و شەش بەرگ کتێبی فارسی و عەرەبی و تورکی کە لە دانانی خۆی بووە، لەگەڵ سەدوپێنج پارچە نامیلکەی جۆراوجۆر کە زۆربەیانی بە زمانی فارسی نوسیبوو)(چەلەبی: ٢٨٤_٢٨٥)کە دوای شکستەکەی کەوتە بەردەست عوسمانیەکان و هەڕاج فرۆش کراون (نورەدین:٢٠٢)، ئەمە چەند بابەتێک دەوروژێنێ یەکەمیان:ڕۆشنبیرە کوردەکان بیریان بۆ نووسین بە زمانی زگماکی خۆیان نەچووە، بە هەر هۆکارێکەوە بوبێت.

دووەمیان:ئاکامی خاڵی یەکەم فەرامۆشکردنی بابەتە فۆلکلۆرییەکانی لێ کەوتۆتەوە، ئەوە ئەوەمان پێدەڵێت:کە ڕۆشنبیر بوون بێ هۆشیاری نەتەوەیی ئەو بەرهەمەی نابێت کە دواتر ببێتە بەشێک لە ناسنامەی نەتەوەیی، ئەگەر ڕۆژهەڵاتناسەکان نەبوونایە ئەوەندە بەرهەمە فۆلکلۆرییەی ئەو کات و سەردەمانەمان بە دەست نەدەگەیشت، چونکە کوردەکان خۆیان بابەتە فۆلکلۆرییەکانیان کۆنەکردۆتەوە، بە هۆی ڕێژەی زۆری نەخوێندەواری و جۆری کارکردنیان کە بەردەوام خەریکی کشتوکاڵ و مەڕداری بوونە، تەنیا ئەوەندە هەیە دەبێت لە کاتی گوێگرتنیان چێژێکیان لێ وەرگرتبێت.

لە کاتێکدا گەلێک لە ڕۆژهەڵاتناسان سەرسامی خۆیان بەرانبەر ئەو ئەدەبیاتە دەربڕیوە، بۆ نموونە مینۆرسکی کە ئاماژەی بە داستانی قەڵای دمدم و داستانی نەتەوەیی مەم و زین داوە، کە گێڕانەوەی سەربوردەی دوو عاشقە بە هۆی جیاوازی چینایەتی بەیەکنەگەیشتون، ئەو (مەم و زین)ەی یا مەمی ئالان کە ئەحمەدی خانی( ١٦٥٠_١٧٠٧ )لە سەدەی حەڤدەهەم شاکارێکی لێ درووست کردووە، (داستانێکی خۆشەویستی هاوشێوەی ئەم داستانەی مەم و زین ی ئەحمەدی خانی_کە نازناوی خانی ناوی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

دێیەکەیانە_لەو سەردەمەدا لە ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردیدا بە ناوی مەمی ئالان بەربڵاو بووە، ڕەنگە ئەحمەدی خانی بۆ نووسینی مەم و زینەکەی سودی لێوەرگرتبێ، .......تا ئێستا دەستنوسێکی ئەم چیرۆکی مەمی ئالانە نەدۆزراوەتەوە، کە لە مەم و زینی خانی کۆنتر بێ، لە ڕاستیشدا ئەحمەدی خانی لە دوو نیوەدێری داستانەکەیدا شوێنپێی ئەوە دەستنیشان دەکا کە چیرۆکی مەم و زینی سەر لە نوێ دارشتۆتەوە و بووژاندویەتیەوە)(فازیل، ٢٠٢٢: ١١)کاتێک دەڵێ:

شەرحا غەمێ دڵ بکم فەسانە

زینێ و مەمێ بکم بەهانە

ئەمەش بەڵگەیە کە گێڕانەوە فۆلکلۆرییەکە پێشی خانی هەبووە، لەمبارەیەوە و بۆ پاڵپشتی ئەمە (محەمەدئەمین زەکی بەگ )یش دەڵێ: غەزەلیات و قەسائیدی تەرمۆکی و مەم و زینی ئەحمەدی خانی و داستانە بە باوەکانی بەعزێ شاعیرانی کوردیش، هەر لەسەر ئەم فیکرە نوسراوە و هەڵبەستراوە، لام وایە لەسەر پێگەیشتوانی ئیمڕۆی قەومەکەش فەڕزە کە ئەم شوێنە کوێر نەکەنەوە، خەواریقی ئاسار و ئەعمالی پێشینانیان لە نەسلی حازر بگەیەنن(سالح، ٢٠٠٥: ٩٣_٩٤)، کە مەبەستی زیندووکردنەوەی پێشینیان و گەیاندنیەتی.

مەم سەر بە عەشیرەتی ئالانی بووە، یەکێکە لە ناوچەکانی کوردستان کە مەغۆلەکان لەسەرەتای سەردەمەکەیاندا نوێیان کردەوە و بریتییە لە قەڵایەک و ناحیەیەکی سەر بە ویلایەتی درتنک(حەلوانی کۆن)و موڵکداریێتی میرەکانی درتنک بووە، ئالانی یەکێکیشە لە هۆزەکانی لوڕستانی بچوک(توفیق، ٢٠٠٧: ١٨)، بەسەرهاتی مەم و زین لە جەزیرەی بۆتان بووە، نزیکەی ساڵی ١٣٩٣ز ڕووداوەکە لە کۆشکی میری جەزیرە (میر زەینەدین) سەریهەڵداوە، وڵاتی کوردان لەوکاتەدا و دوای ئەم سەردەمەش تا ناوەڕاستەکانی سەردەمی عوسمانی دابەش ببوە سەر چەندین میرنشین، کارگێڕی هەریەک لەمانە میرێک بەڕێوەی دەبرد، داستانی مەم و زین کە خوێندنەوەیەکی تەواوی کۆمەڵگەی کوردیی جەزیرەی بۆتانە، پایتەختی میرنشینی بۆتان، وەک:پێگەی کەسەکان و بازرگانی و.....هتد، کە هەر خۆی شاری جەزیرە ناوەندێکی گرنگی بازرگانی بووە.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ فەکۆلینێن کوردی

مەم و زین تەنیا داستانێک نییە، بەڵکو لایەنی ئەفسانەیشی تێدایە، چونکە(هەر خۆی لەدایکبوونی مەم، لە دایکبوونێکی ئاسایی نییە و لە سێوی بەهەشت درووست بووە,خودا ناوی ناوە)(حەبیبی، ٢٠١٢: ٧٧).

ئەگەر بەکر مەرگەوەڕ نەبوایە کە نەیهێشتووە میر زەینەدین خوشکی خۆی زین بداتە مەم، ئەوا بۆ یەکدەبوون، تەنانەت کار گەیشتۆتە ئەوەی کە زەینەدین میر مەم بخاتە زیندان لە بورجی بەلەک، بۆیە ئەو بەشە پێی دەوترێت(زیندانی مەم و زین)، بورجا بەلەک بۆ کورد بەهایەکی سیاسی، مێژویی، ڕۆشنبیری هەبووە، لە سەردەمی میر بەدرخان دا ناوەندی بەڕێوەبەریی میرایەتی کورد بووە لە بۆتان، بە هۆی بیناسازییەتایبەتیەکەی و تێکەڵکردنی ڕەنگی ڕەش و سپی دیمەنێکی سەرنج ڕاکێشی دروستکردووە، بڕیارگە و ناوەندی دەسەڵات، مزگەوت، زیندان و شوێنی وانەووتنەوەیشی تێدابووە، دوای شەڕی نێوان ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و میرایەتی بۆتاندا، بورجا بەلەک بۆ ماوەی ١٦٣ ساڵ کراوەتە بارەگای سەربازی، ئەحمەدی خانی لە مەم و زینەکەی وەسفێکی ووردی کۆشکی بورجا بەلەکی کردووە(بڕوانە:بۆتانی، ١٩٨٨: ١٣٢)، ئەسعەد عەدۆ چیرۆکی بورجا بەلەکی لە کتێبەکەی(لیرەیەک لە گەنجینەی نەتەوەی کورد)بڵاوکردۆتەوە، کە کاتێک ئەحمەد پاشا دەستی کردووە بە سەرپەرشتکردنی بۆتان و دروستکردنی قوتابخانەو جبەخانە و نەخۆشخانە، هەروەها کۆشکێکی جوان و بڵندی بۆ ڕەمزیە خان لەناو رووباری جزیرە لە شێوەی سێگۆشەیی لە مەترسی شەپۆلی ئاو دروست کرد و بە ناوی بورجی بەلەک دەنگی دایەوە، گوایا دوای کوشتنی ئەحمەد پاشا ڕەمزیە خان لەسەر بورجەکە خۆی هاوێشتۆتە ناو ڕووبارەکە و ئەو قسانەشی کردووە:لە پاش بەژن و بالای ئەحمەد پاشای بۆتان دونیایێ ڕوونم لێ حەرام بێ(بڕوانە:بۆتانی:١٣٦_١٣٧)، بە بۆچونی د.عەبدولفەتاح عەلی یەحیا بۆتانی چیرۆکی بورجا بەلەک ڤەدگەرە ڕۆژێن بلند و روهنی د ژیانا میرنشینی یا بۆتان دە، چێ دبە کو ڤەگەرە چاخ و دەمێ هەردوو شاعرێ مەزن جزیری و خانی ئو دیرۆکڤانێ ڤەدرگران شەرەفخانێ بدلیسی، ژ بەر کو د چاخ و دەمێ وان دە میرنشینیا بۆتان ب پێشکەتن و مەزناهیا خوەڤە شەوق ڤەددا(سەرچاوەی پێشوو:١٣٨)،



Zakho Centre for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکولینێن کوردی

ناوی بورجا بەلەک لە نێو گەلێک ســـتران و چیرۆک و داســـتاناندا ڕەنگی داوەتەوە، وەک:

وەختێ ئەساسێ بورجا بەلەک هەر ددانی
هۆستا کاران بەر دبڕی شاگردا بەر دبرن بانی
میر شەمدین ب سێ بانگ دکر هۆستاکاران
مالا وە ب خانی خودێ بی
هنگ سەری و ڕو ئەساسی بورجا بەلەک
قازان و قازان باشیا دانێنە ڕا سەری وی شەتیانی
ئەڤجا مالا وە بە خانی خودێ بی سەرێ بورجا بەلەک
قازان و قازان باشیا دانن سەقلانێ
مەما هەی سەرێ وی شەتیانی........(بۆتانی، کاروان، ژمارە ٢٩)
لە شوێنێکی دیکەدا هاتووە:
جزیرا سەد مجارا ل من جزیرە
د سەردا بورجا بەلەکە
د بن دا ڕەزکۆکێ میرە
حەیفا من لەوێ حەیفێ تێ
ئولداش بەگێ دەستێ میر محەمەد گرێ دا
هاڤێتێ شەتیانی پیرا.................(بۆتانی، ١٩٨٥: ١٤٢)

تاوەکو ئێستاش ناوی بورجا بەلەک دەدرەوشێتەوە و زیندوو و چالاکە

یک داکەت ب بورجا بەلەک
حۆری پەری چاڤ بەلەک
ب کەزیێ ڕەش پۆرێ خەلەک
مەە ژ مە کار کر گەلەک
گەلۆ بێژە کا ئەو کی بوو
نەبە یەکە بۆتی بوو
یان یەکە ئامەدی بوو
یان ژی ئەو سەرهەدی بوو
ناوەڵلا  باتمانی بوو



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

بابەتێکی تر کە لە نێوان مێژوو و فۆلکلۆردا ئەمسەر و ئەوسەر دەکات، (مەمۆ)یە کە دەیگەڕێننەوە بۆ ١٦٣٩، مێژویەکی دێرینی بەتایبەتی لە جەزیرەی ڕۆژئاوا و بۆتاندا هەیە، مەمۆ کوڕی قەپلان ئاغا بووە، سێ مانگ بوو هاوسەرگیری کردبوو، باوکی مردبوو، دایکی کە ناوی عایشە بوو بنەوانی بوو، لەو کاتەدا پیاوەکانیان دەبرد بۆ سوپای ئینکشاری عوسمانی، کە چونیان هەبوو، گەڕانەوەیا سەخت بوو، مەمۆی زاوای سێ مانگیشیان برد بۆ سوپای ئینکشاری، مەمۆ ڕۆیی و حەوت ساڵ دیار نەما، دوای ئەمەمۆڵەتێکی بۆ ڕێکدەکەوێت بگەڕێتەوە ماڵێ، ئێوارە دەبێت کە دەگاتەوە وڵاتی بۆتان و ژنەکەی دەبینێت کە خەریکی نانکردنە، گفتوگۆیەک لە نێوانیاندا دروست دەبێت، و دواتر خۆی ئاشکرا دەکات، ژنەکەی دەڵێ با هەواڵ بدەمە دایکت کە تۆ گەڕایتەوە، بەڵام مەمۆ ڕەتیدەکاتەوە و دەڵێ:دایکم دوای ئەو هەموو ماوەیە بەرگەی ئەمە ناگرێ، بەیانی هەواڵی پێدەدەین، کاتێک دایکی هەڵدەستێت، دەبینی ئەسپێک لە حەوشە بەستراوەتەوە و تەماشا دەکا بوکەکەیشی لەگەڵ پیاوێک نوستووە، ئیتر خەنجەرێک دەهێنێ و مەمۆ دەکوژێت بێ ئەوەی بزانێت ئەمە کوڕەکەی خۆیەتی، بە هۆی جلەکانی سەربازی نەیناسیوەتەوە، ئینجا دەست دەکا بە لاواندنەوەی و دەڵێ:

هەی هەی مەمۆ

عەباسی خۆش عەباسی

هەی هەی مەمۆ

کورتەک ل سەر کراسی

دایک کۆر بوو نەناسی

هەی هەی مەمۆ

مەمانی خۆش مەمانی

هەی هەی مەمۆ

مەمی نەسلی قەبلانی

گەلێک بیروڕا لە بارەی عەباسی هەیە کە پێیان وایە ئەمە عەباسی گوندی تەلۆ نییە و هەروەها عەشیرەتی عەباسی ناوچەی ئالیان یش نییە، بەڵکو کورد دەڵێ:حەوت ساڵی عەباسی دەرباز کرد، واتە بە زەلیلی و هەژاری.

قەڵای دمدم یەکێکی دیکەی ئەو بابەتانەیە کە مێژوو و فۆلکلۆر و تەنانەت ئەدەبی میللی و نوسراویش بەیەکەوە دەبەستێتەوە، ئەو قەڵایەی هەمیشە دژی داگیرکاران جەنگاوە، دەکەوێتە خوارووی ئورمیە نزیک ڕووباری براندوز، شا عەباسی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکولینێن کوردی

ســـەفەوی بە هۆی ناپاکی کەســـانێک لە کورد توانی قەڵاکە داگیر بکات، (دمدم قەڵایەکی ســەرۆکی عەشــیرەتی برادۆســت بووە، ئەم عەشــیرەتە لە ناوچەکانی ورمێ و تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ و هەندێ شوێنی تر نیشتەجێ بوون )(هوشیار، ٢٠١٥ ١٠٤)گەلێک لە ڕۆژهەڵاتناســان لەوانە مینۆرســکی ئاماژەی بە واقیعیەتی ڕووداوەکان داوە، ئەم ڕووداوە بۆتە مایەی مانەوەی ئازایەتی و نەبەردیی کوردەکان لەم قەڵایەدا لە نێو داستان و لاوک و گۆرانی داستانیدا بە زیندوویی ماونەتەوە، یەکێک لەو داستانانەی ئۆسکارمان Oscar mann (١٨٦٧-١٩١٧ )تۆماری کردوون قەڵای دمدمە، تێیدا هاتووە:

خانم لێ چوونە سەر بورجی دمدمی، خۆیان هەڵدەدێرن بەرامبەر بەردی شمشێرخانێ

دڵی خانی بە برینە چەند بە برین برینە، زەینی خۆم دا چیمەنی هۆزانێ

چەند شین و نازەنینە چۆمی باراندێزی دێنە خوارێ، چەند زوڵاڵ و شیرینە

دیواندڕێ، بازاڕ بەتاڵ کەرێ بۆ کەس نەماوە، بۆ مەش نامینێ

خانی برادۆستان گوتیان بە خان ئاڵدەڵی موکری یە:

(بڵا بۆت بم بە برایەکی دایک و بابییە

دەستت بۆ باوێمە سەر باڵچۆغەی شیران، کێلانانت بۆ بەجێ بێڵم

لە بنەبانێی دمدمییە............(ئۆسکارمان، ١٩٧٥، ب١: ٢٠٢).

ئینجا دێتە سەر باسکردنی شا عەباس و دەڵێ:

شا عەبباس دەڵێ:حەسەن خانە

بڵا بکەین تەگبیر و ڕایانە

.........................................

زووکە شوغلم بۆ پێک بینە

دمدمم لە بۆ بستینە

ئەوساڵ حەوت ساڵە لە من یاغینە.......(سەرچاوەی پێشوو:٢٠٣_٢٠٤)

بە زمانێکی ڕەوانی موکری لە لایەن هێمنی موکریانی هێنراوەتە سەر ڕێنوسی کوردی، گێڕانەوەکان بەڵگەی سەلیقەداری و تۆکمەیی بیرەکانی ئەو کەسانەن کە لە بنچینەدا دایانڕشتوون، گەلێک شاعیر لەو سەردەمانەدا ژیاون و توانیویانە ڕووداوەکان بخەنە قالبی شـــیعر، یەکێک لەوانە، (فەقێی تەیران کە چریکەی (خانی لەپزێڕین و

دمدم)ی زۆر بە جوانی بە شـــیعر هۆنیوەتەوە، جەنگی خانی لەپزێڕین لە قەڵا و کەلها دمدم لەگەڵ سوپای شا عەباسی سەفەوی دا لە ساڵی ١٥١٧ ی مانگی وڕێکەوتی ١٦٥٨ز دا قەوماوە، فەقێ خۆیشـــی لە ڕۆژگاری جەنگی قەڵای دمدم ژیاوە)(محەمەدی، ١٣٦٤: ٣٠٠_٣٠٥).

ئەحمەد خان کە قەڵای دمدمی لە زەمانی شـــا عەباســـی دروســـت کردوەو لە دێیەک لە دێهاتی ورمێی خاوەن خێل بووە، بەڵام ئەوەیان تۆمار نەکردووە کە ناوی خێلەکەی چیبووە(بڕوانە:ئۆســـکارمان، ب١: ١٧٩)، بەڵام قەڵای دمدم بۆتە ڕەمزێکی نەتەوەیی، هەم وەکو قەڵا، هەم وەکولاپەڕەیەکی پڕشـــنگداری مێژووی کورد لە خۆڕاگریی و بەرگریکردن لە خودی قەڵا و خەڵکەکەی.

لە نێو هەم مێژو و هەم بابەتە فۆلکلۆرییەکان جگە لە قەڵای دمدم و بورجا بەلەک ناوی گەلێک قەڵای دیکە هاتووە، نمونەی:قەڵای ئەختەمار، قەڵای کەواشـــی، هەر خۆی کورد خاوەن ژمارەیەکی زۆری قەڵایە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بە درێژایی مێژوو پەلامار دراوە، بۆ بەرگریکردن لە خۆی و مانەوەی و زاڵبوونی بەســـەر دوژمناندا ناچاربووە قەڵا دروست بکات، بۆ ئەوەی ببێتە شوێنێکی ئاسایش و پشت و پەناگەی بێت لە کاتە دژوارەکاندا.

لاوک و حەیران کە ئەدەبێکی فۆلکلۆری باڵان، بەهۆی جۆری ئەو بابەتانەی لە خۆیان گرتووە، لاوک بە ئاراســـتەی ســـوارچاکی و شـــەڕوشـــۆڕ دەڕوات و حەیران بەسەرهاتی گەرموگوڕی عاشقە ناکامەکان بە ڕیتمێکی غەمگین دەڵێتەوە.

(لاوکی میرۆ)کە لاپەڕەیەکە لە مێژووی پڕ کارەســـاتی میللەتی کورد بە دەســـت عوســـمانییەکان، میرۆ ســـەرکردەیەکی کوردە لە ناوچەی جەزیرە و بۆتان و لە تورکەکان یاخی دەبێت، تورکەکان بە سەرکردەی عەلی عوسمان پاشا لەشکرێکی گەورەی دێننەســـەر میرۆ، لە شـــەڕەکەدا نەجیم برا بچکۆڵەی میرۆ دەکوژرێ و میرۆ خۆیشی دەگیرێ، خەلەف ئاغا ناوێک هەبووە لە گەورەکانی ئەو ناوچەیە دەسەودامێنی عەلی عوســـمان پاشـــا دەبێ کە دەســـتی میرۆ کەلەپچە نەکا، بەڵام میرۆ هەر دەکوژرێ(ڕەسول، ٢٠٠٨: ١١٥)، هەموو مەبەستەکەیان لەنابردنی فەرمانڕەوای سەربەخۆی میر بەدرخان بووە، لە لاوکەکەدا هاتووە:

لێ لێ میرۆ لێ لێ میرۆ لێ لێ میرۆ  لێ لێ میرۆ لێ میرۆ
ملێ خانی خۆش ملێ خانێ
بەژنا بەدرخان بەگ زراڤا مینا بنا تلا بنا ڕیحانێ

شەمۆیێ دێرشەوی کرا گازی:

وەسمان پاشا کوچک باب

دەستێ بابێ تیلێ میرێ بۆتا شێرێ کوردا

بتە نایەتە گرێدانێ

دەلۆ لۆ..... لۆ لۆ

لەمە تێ دەنگێ تۆپان و جبەخان لە پەیمە تێ

حەیفە بۆ مخابنا مە د مینێ

کوچکێ کۆشتەرێ رۆمیا

کەتنە شارێ جزیری بۆتا

هەیلۆ بابۆ ل من خراب دکن جێ یێ ئاغان و عەشیرەتێ......

(یحیی، کاروان٢٩: ١٥٦)

گەلێک لەوانەی خەریکی ووتنەوەی بابەتە فۆلکلۆرییەکان بوون و بەهایەکی زیاتریشیان پێ بەخشیوە نموونەی:سەعید ئاغا، عەزیز ئاغا، مریەم خان، کاوێز ئاغا، ئایشەشان، عیسێ بەرواری، محەمەد عارفی جزیری، ........هتد(بڕوانە:یحیی، :١٥٤).

لەکاتی بەیەکنەگەیشتنی دوو دڵدار و ئاکامەکەیان کراوەتە لاوک و زارەوزار گێڕدراوەتەوە، هەندێ جار شەڕی عەشیرەتەکانی لێ کەوتۆتەوە، وەک:جەمبەلی کوڕی میری هەکاری و بەنەفشا نارین کە دوای ئەوەی ناهێلن بۆ یەک بن، ڕا دەکەن، بەمەش شەڕێکی لە نێوان عەشیرەتی جەمبەلی و عەشیرەتی دەرویش ئاغا دروست دەبێت( celilوordixan، ١٩٧٨: ١٧٧تا١٨٩)

(زەنبیل فرۆش )کە یەکێکە لە بەسەرهاتە گرنگەکانی دەماودەم گێڕدراوەتەوە، د.مارف خەزنەدار ئاماژەی پێداوە و دەڵێ:زەنبیل فرۆش وەکو بەرهەمێکی فۆلکلۆری ناسرابوو، تێکستی یەکجار زۆری کەوتبووە ناوەوە بە درێژایی ڕۆژگار، بە یەکەم بەرهەمی شار_شارستانی پێچەوانەی گوند و دێهات و کۆمەڵی کشتوکاڵی_لە کوردیدا خۆی دەنوێنێ(خەزنەدار، ٢٠٠١: ٣٥)، قەڵای زەنبیل فرۆش دەکەوێتە تاخی _فەرەیدون_لە ڕۆژهەڵاتی باکوری فارقینێ، فارقین ناوێکی کۆنەو ئێستا (سلیڤان)ە، پایتەختی میرنشینی دۆستەکی بووە، زەنبیل فرۆش کە مرادخانی بایەزیدی بە شێوەیەکی سەرنج ڕاکێش لە ساڵی ١١٩٠ک گێڕاویەتیەوە (غەمبار، ٢٠٠٢) .

سەد و نەوەت ساڵ بورییە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

پاش هزارا هیجریه

مرادخا دبیت بەسەرهاتیە

ب شیعر ب گوتنەکا خوش

تاقە داســـتانە کە ناچیتە نێو نە داســـتانی قارەمانی و نە داســـتانی دڵداری، چونکە بایەخ بە زوهد و ئایین پەروەری دەدات، کەســـــایەتی زەنبیل فرۆش لە خواترس و ڕاست و ئایین پەروەر بەرپەرچی هەموو کارێکی نەشیاو دەداتەوە،

کوردە خوێندەوارەکان بایەخیان بە فۆلکلۆر نەداوە، هۆکارەکەیشـــی بابەتە فۆلکلۆرییەکان بە زمانی ڕەسـەن و پاراوی کوردی بوون لە لایەک و مۆدێلی نوسـین و خوێندنەوەی ئەو سـەردەمانە بە زمانەکانی عەرەبی و فارسـی و تورکی بوون لە لایەکی ترەوە، هەرچەندە هەندێک بابەتی نوسراو بەدیدەکرێت وەک ئەوە وایە سودیان لە شێوازی فۆلکلۆر وەرگرتبێت، وەک ئەم چەند دێرەی ئیبن ئادەمی باڵەکی، کە تێیدا هاتووە:

هەوران کـــردە گـــۆڵەگـــۆڵ — مـــیـــکـــائـــیـــلا ئەتـــۆش دەی

توتن و مـــاشـــــان بڕشـــێنە — دەبـــا نـــۆش بـــێـــتە ســـــەر دەی

ڕۆمـــی ئەوا پەیـــا بـــوون — کـــوتـــێـــبـــخـــانـــان دەکەن تەی

مـــیـــری ســــۆران و بـــۆتـــان — لەنـــاوچـــوون بە دەســــــیـــســــەی

کوردســـــتـــانمـــان چی لێ هـــات — کـــوردان بـــۆ مـــاتـــن؟ تـــاکەی؟......

(بێخاڵی و جامباز، ٢٠٠٦: ٥٧)

کاتێک میر عەلی بەگ دەکوژرێت، خانزادی پوری دەســەڵات دەگرێتە دەســت، بەڵام نازانرێت چەندی خایاندووە، بەو پێیەی کە ئافرەتێکی زیرەک و چالاک و لێهاتوو بوو، چەندین قەڵای دروســـــت کردووە، لەوانە قەڵای باڵەک لە ڕۆژهەڵاتی ڕایات و قەڵا سەختەکەی لە نزیک هاوینەهەواری سەلاحەدین، کە تاکو ئێستاش ماوەتەوە(محەمەد، ٢٠١٨: ١٩٩ )بۆیە بۆتە ڕەمزێکی بەهاداری نێو ژیانی کۆمەڵایەتی لە لایەک و ڕەمزێکی نێو مێژوی کورد لە لایەکی ترەوە، لە ڕێگەی ئەم ڕۆڵگێڕانەی لەم دوو بوارەدا، چۆتە نێو ئەدەبیات و چەندین سـەربوردەو هەڵوێسـت و بابەتی داسـتانی لە بارەوە داڕێژراوە، کە هەندێکیان لە سنوری واقیعە مێژوییەکە دووردەکەونەوە و دەبیەنە نێو سنوری ئەفسانە و حیکایەت.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

یەکێکی تریش چەشـــنی(خانزادی ســـۆران)ە، کە ئەویش فەقێ ئەحمەدی دارەشـــمانە یە، گوندی دارەشـــمانە لە ناوچەی پشـــدەر، کوڕی بابا میر بووە، لە لایەن کاکە شـــێخی براکەیەوە تیرۆر کراوە، فەقێ ئەحمەد لە ژێر دەســـتی دایکی پەروەردە کراوە و پێگەیشـــتووە(بابان، ١٩٩٣: ٣٥) فەقێ ئەحمەدی دارەشـمانە سـێیەمین بنەماڵەی حوکمڕانی بابانەکانی دامەزراند، کە یەکێک بوو لە دەرەبەگەکانی ناوچەی پشـدەر، بەمەش (بەردی بناغەی میرنشـــینی کۆتایی داناوە و لە نەژادی میرەکانی ســـۆران و عەشیرەتی (نورەدینی)یە، یەکێ لە هۆزە ڕەسەنەکانی پشدەرە) (زکی، ١٩٤٨: ٤١٧)چەندین چیرۆک و داستان لەسەر ڕەوشی ژیان و سەربوردەی نەوە دوای نەوە گێڕدراوەتەوە و تەنانەت وەکو ئەفسانەیەک داستانی لەسەر نوسراوەتەوە(فیدا، ١٩٨٧ : ٥ تا ٨٧).

چەنـدین ڕووداوی تریش هەن کە لە نێوان مێژوو و فۆلکلۆردا هـاوبەشـــن، نمونەی: دوانزە سوارەی مەریوان، کاکە شێخ و کاکە میر، ....هتد.

بابەتە فۆلکلۆری و مێژوییەکان پێویســـتیان بە بەراوورد و بەرامبەریکردن و هاوتاکردن هەیە، چونکە گواسـتنەوەی بابەتە مێژوییەکان بۆ نێو ئەدەب بە گشـتی و ئەدەبی فۆلکلۆری بە تـایبەتی بە نـاوەنـدی خەیـاڵ تێپەڕ دەبێت، بۆ دیـاریکردنی هێڵە مێژویی و هێڵە ئەدەبیەکان دەبێت پێوانەی خەیاڵی کۆیی میللی بکرێت، چونکە ئەم خەیاڵە کۆییە بەشداریەکی چالاکی لە گۆڕانکارییەکان کردووە.

## ٤_ئەنجامەکان

- عەشـــیرەت لە مێژووی نەتەوەی کورددا هەموو شـــتێـک بووە، بڕبڕەی پشـــتی میرنشـــینەکانیش بوون، بەهێزیی عەشـــیرەتەکان بۆتە مایەی بەهێزیی دەوڵەت و حوکمڕانییان، هەر خۆی لەناو هەر هۆزێکدا دەوڵەتێک و لە ناو هەر دەوڵەتێکیشـــدا هۆز و دەسەڵاتی عەشیرەتەکان بەدیکراوە.

- ناوی عەشـــیرەتە کوردییەکان لە پەیوەســـتبوونیان بە خاک و ئەو ڕووبەرە زەوییەی لەســـەری ژیاون، ســـەرچاوەیان گرتووە، نەک نەژاد و ڕەچەڵەک، ئەمەش بەڵگەی بەســـتنەوەی پتەوی کەســـی کوردە بە خـاکەکەی، کە هەمیشـــە بـاجی ئەم پەیوەســـتبوونەی داوە، ئەمە و جگە لەوەی نـاوی هەنـدێک عەشـــیرەتی دیکە لە ســـەرۆکهۆزەوە وەرگیراوە، جـاری واش بووە نـاوی بنەمـاڵەکە بۆتە نـاوێک بۆ ئەو شـــوێنەی ڕوویان تێ کردووە، بە تایبەتی ڕەوەندەکان لە کاتی نیشـــتەجێبوونیان لە شوێنێکی دیاریکراو.

_ مێژوو و ئەدەبی فۆلکلۆری دوو جەمسەری یەک ئامانجن، توانیویانە بۆشاییەکانی یەکتر پڕبکەنەوە و بەشداری لە ڕۆحی نەتەوەیی کورد بکە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خەیاڵ لە نێوانیاندا دەبێتە بەربەست، چونکە مێژوو واقیعی حاڵە و فۆلکلۆر واقیعی خەیاڵ، بۆیە بابەتەکان زیاتر پێویستیان بە بەیەکگرتن و بەرامبەری کردن هەیە، بۆ ئەوەی لە دواجاردا هاوتا بکرێن و هاوکێشەکان بە لاسەنگی نەمێننەوە.

_ ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی بە گشتی و داستان بە تایبەتی بە ناوەڕۆکە مرۆڤایەتیەکانی و شێوە و ڕوخسارە پڕ لە هونەرییەکەی توانیویەتی زارەوزار و نەوە دوای نەوە پارێزگاری لە مانەوەی بکات و کۆمەڵێک شاکاری نموونەی:مەم و زین، زەنبیل فرۆش، قەڵای دمدم، خانزادی سۆران، خەج و سیامەند , فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە......هتد، و چەندین ستران و بابەتی دیکە بە زیندویی بهێڵنەوە، چونکە ئەم بەرهەمانە هەمیشە پێیەکیان لە نێو مێژوو و پێیەکەی تریان لە نێو ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدایە .

_ بەیتە کوردییەکان ئاوێنەی ڕابردوی شکۆداری نەتەوەی کوردن، شێوازی بیرکردنەوەو هەڵس و کەوت و داب و نەریت و لایەنەکانی ئایینی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و .....هتد دەخەنەڕوو، لە پاڵ مامەڵەکردن لەگەڵ ڕووداوە مێژوییەکاندا و دیراسەکردنی پەیوەندییەکان ئینجا چ پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان بێت، چ پەیوەندی نێوان هاووڵاتیان و دەسەڵاتی میرنشینەکان یا سەرۆک عەشیرەت و خێڵەکان، ئەمە و جگە لە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ دوژمن و ئەو دەستەو تاقمانەی بەربەستیان بۆ نەتەوەی کورد دروستکردووە.

_ ناوی عەشیرەت مەرج نییە ڕاستەوخۆ هاتبێت، بەڵکو لە میانەی باسکردنی کەسایەتیەک یا ڕووداوێک کە لە چوارچێوە مێژوییەکەی دەردەکەوێت پەیوەست بە چ عەشیرەتێک بووە، جاری دیکەش هەبووە کە ناوی میرنشین و عەشیرەتەکە یەک بێت نموونەی:میرنشینی داسنی کە عەشیرەکەش هەر داسنی بووە.ئەمە و لە کاتێکدا لە ژێر سایەی هەر میرنشینێکدا چەند ڕووداوێکی پەڕیوەتەوە نێو فۆلکلۆر بە پێی کاریگەری ڕووداوەکە، کە لە هەمان کاتیشدا پەیوەست بووە بە عەشیرەتێکی دیاریکراو.

_ ناوی هیچ عەشیرەتێک بە ناوی ژن نەکراوە، ئەمە پیاوسالاریی کۆمەڵگەی کوردی دەنوێنێ، بەڵام لە داستانی لاس و خەزاڵ ئاماژە بەوە کراوە کە خەزاڵ دەورێکی چالاکی هەبووە و سەرۆکی عێل و عەشیرەت بووە و ئەمر و فەرمانی بەدەست بووە، هەروەها خانزادی سۆران، مەستورەی ئەردەلانی کە دوو ڕەمزی ئافرەتی بە توانا و زیرەکن، دەرکەوتنی ئەمانە و ڕۆڵگێڕانیان بۆ بنەماڵە ڕۆشنبیرەکەیان دەگەڕێتەوە، کە وایکردووە تەنانەت مەستورە مێژوی ئەردەلانیەکان تۆمار بکات، لە کاتێکدا ئەم کارە لە گۆمەڵگە ڕۆژهەلاتیەکاندا ناوازە و تاقانە کار بووە.

## ٥_سەرچاوەکان

### ٥_١ بە زمانی کوردی


- ئەسکەندەر، د.شەمسی محەمەد(١٩٩٨)، مێژوی کورد لە سەدەی شازدەهەمدا، وەرگێڕانی لە ئازەربایجانییەوە:شوکور مستەفا، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.
- بایراقدار، محەمەد(٢٠٠٩)، ئیدریسی بدلیسی، وەرگێڕانی:شوکور مستەفا، چ٢، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
- بدلیسی، شەرەفخان(١٩٧٣ )، شەرەفنامە، وەرگێڕانی:هەژاری موکریانی، چاپخانەی نعمان، نەجەفی پیرۆز.
- برونەسن، ماتین.فان(٢٠٠٣)، ئاغا و شێخ و دەوڵەت، وەرگێڕانی لە ئەڵمانیەوە:د.کوردۆ عەلی، بەرگی دووهەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- بۆتانی، عبدالفتاح علی یحیی(١٩٨٨)، بورجا بەلەک د جزیرا بوتان دا، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە ١١٧.
- بێخاڵی و جامباز، مەولود و تاریق(٢٠٠٦)، ڕەواندز_شارەکەی پاشای گەورە، چ١، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.
- بەحرکەیی، مەلا تاهیر(٢٠١٩)، محەمەد پاشای ڕواندزی و ئەو فەتوایەی دراوەتە قاڵ مەلای خەتێ، وەرگێڕانی:عەتا مەلا تاهیر بەحرکەیی، چ١، چاپخانەی جەنگەل، هەولێر.
- چەلەبی، ئەولیا(١٩٧٩)، کورد لە مێژوی دراوسێکانی دا سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی، وەرگێڕانی:سەعید ناکام، چاپخانەی کۆڕ، بەغدا.
- حەبیبی، هادی(٢٠١٢)، ئوستورە لە خوێندنەوەی بەیتی مەم و زین دا، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ١٨٣، ساڵی حەڤدە، هەولێر.




Zakho Centre for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

- حەسەن، محەمەد فەریق(٢٠٠٨)، مێنتەلێتیی خێڵ، چ١، چاپخانەی ئاراس، هەولێر_کوردستان.
- حەسەن، وەسفی(٢٠٠٠)، سەرهاتیا زەمبیل فرۆش، گۆڤارا دهۆک، ژمارە ٩.
- حەمەکەریم، حەسەن مەحمود(٢٠٠٦)، فەتواکەی مەلای خەتێ_ئەفسانەی مێژونوسێک، چ١، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
- خانی، ئەحمەد(٢٠٢٢)، ئامادەکار و شیکار:فەریاد فازیل عومەر، چاپی دووەم، ئینستیووتی خوێندنی کوردی بەرلین، سلێمانی.
- ڕەسول، د.شوکریە(٢٠٠٨)، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.
- زەکی بەگ، محەمەد ئەمین(٢٠٠٦)، تاریخی سلێمانی و وڵاتی، سەرجەمی بەرهەمەکانی، ئامادەکردنی:ڕەفیق سالح، سێیەم بەرگ، سلێمانی.
- سالح، سدیق(2005)، سەرجەمی بەرهەمی محەمەدئەمین زەکی بەگ، یەکەم بەرگ، بنکەی ژین، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.
- سۆن، مێجەر ئی.بی(٢٠٠٧)، چەند سەرنجێک دەربارەی هۆزەکانی کوردستانی خواروو، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:نەجاتی عەبدوڵلا، بنکەی ژین، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.
- عەبدولواحید، ئازاد(٢٠٠٥)، گەشتێک بەناو مێژوو، بەڵگەنامە، شوێنەوار، هەڤپەیڤینێکی فراوان لەگەڵ عەبدولڕەقیب یوسف، چاپخانەی پەروەردە، هەولێر.
- فیدا، محەمەد(١٩٨٧)، فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە، بەغدا.
- ڤاسیلیەڤا، ی.ئی(٢٠٠٩)، کوردستانی خوارووی ڕۆژهەڵات_لە سەدەی حەڤدەوە تا سەرەتای سەدەی نۆزدە، وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە:د.ڕەشاد میران، چ٢، چاپخانەی ئاراس، هەولێر_کوردستان.
- قەفتان، د.کاوس( 1985)، چەند لێکۆڵینەوەیەک لە مێژوی بابان، سۆران، بۆتان، بەغدا.
- محەمەد، پ.د.ئاکۆ بورهان( ٢٠١٨)، مێژوی میرنشینە کوردییەکان لە چاخی نوێدا، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر.
- محەمەدی(شەپۆڵ)، محەمەد صالح ئیبراهیمی(١٣٦٤)، ژیناوەری زانایانی کورد لە جیهانی ئیسلامەتی یا گەنجینەی فەرهەنگ و زانست، چاپخانەء مهارت، تهران.
- مستەفا ڕەسول، عیزەدین(١٩٧٣)، عەلی بەردەشانی_ژیان و بەرهەمی، گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیات، ژمارە ١٦، بەغدا.

- مەلا حەســـەن، هیوا(٢٠١٩)، مێژووی چەنــد هۆزێکی کورد، چ١، چــاپخــانەی چوارچرا، سلێمانی.
- نورەدین، بوار(٢٠٠٧)، میر عەبدال خانی بدلیس ١٦٠٥_١٧٠١، بلیمەتێکی فەرامۆشــکراو لە مێژوی کورددا، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی.
- نەبەز، جەمــال(٢٠١٩)، میری کــورد_میر محەمەدی ڕوانــدزی نــاســـراو بە میری کۆرە، وەرگێڕانی:سەردار محەمەد عەلی ڕواندزی، چ١، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.
- هوشـــیــار، جەودەت(٢٠١٥)، گەنجینەکــانی کەلەپووری کوردی لە خەزێنەکــانی پترسبورگدا، وەرگێڕانی:پ.د.شوکریە ڕەسووڵ، چ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- ئۆســکارمان(١٩٧٥)، تحفەء مظفریە، پێشـەکی و ســاخکردنەوە و هێنانەوەسـەر ڕێنوسـی کوردی:هێمن موکریانی، بەشی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.
- ئەســکەندەر، د.ســەعد بەشــیر(٢٠١٦)، ســەرهەڵدان و ڕووخانی ســیســتەمی میرنشــینی لە کوردستان، وەرگێڕانی:جەوهەر کرمانج، چاپخانەی دەزگای کاروباری ڕۆشنبیری گشتی، بەغدا.

### ٥_٢ بە زمانی عەرەبی

- أبوبكر، د.أحمد عثمان(٢٠٠١)، عشــائر كردســـتان، رابطة كاوا للثقافة الكردية، أربيل.
- أقطاش و بينارق، نجاتي و عصمت(١٩٨٦)، الأرشيف العثماني، ترجمة:صالح سعداوي، مركز الأبحاث للتاريخ و الفنون و الثقافة الاسلامية، أسطنبول.
- الداقوقي، ابراهيم(٢٠٠٣)، أكراد تركيا، دار المدى، دمشق.
- الزفنكي، أحمد بن الملا محمد(١٩٥٩)، العقد الجوهري في شـــرح ديوان الشـــيخ الجزري، ج٢، مطبعة رافدين، قامشلو.
- العباسي، محفوظ(١٩٦٩)، امارة بهدينان العباسية، مطبعة الجمهورية، الموصل.
- النجار، مصــطفى احمد (٢٠٠٧)، شـــرفخان البدليســـي و نهجه التاريخي من خلال كتابه شرفنامه، مطبعة حاجي هاشم، أربيل.
- بابان، جمال(١٩٩٣)، بابان في التاريخ و مشاهير البابانيين، بغداد.
- توفيق، د.زرار صديق(٢٠٠٧)، القبائل و الزعامات القبلية الكردية في العصر الوسيط، ط١، مطبعة آراس، أربيل.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

- _ زكي، محمدأمين(١٩٤٨)، تاريخ الدول و الامارات الكردية في العهد الاســلامي، تعريب المجلد الثاني من خلاصـة تاريخ الكرد و كردســتان، عربه و راجعه:محمد علي عوني، مطبعة السعادة، مصر.
- ســايكس، مارك(٢٠٠٧)، القبائل الكردية في الامبراطورية العثمانية، ترجمة:د.خليل علي مراد، دار الزمان للطباعة و النشر و التوزيع، ط١، دمشق، سوريا.
- علي، د.عثمان(٢٠١٠)، الكرد في الوثائق العثمانية، مؤســســة موكرياني للبحوث و النشر، ط١، مطبعة خاني، دهوك.
- غمبار، كمال(٢٠٠٢)، بائع الســلال_زمبيل فروش_حكاية فولكلورية كوردية، جريدة خبات، أربيل.
- لطفي، أحمد(١٩٩٢)، الأمير بدرخان، ترجمة :علي ســيدو الكوراني، مراجعة:روشــن بدرخان، دمشق.
- مراد و حســن، خليل علي و نزار ايوب(٢٠١٧)، امارة هكاري الكردية في عهد عمادالدين(١٦٣٤_١٦٣٩م)، مجلة المنارة، المجلد ٢٣، العدد٤.
- ميجرسون و آخرون(١٩٧٩)، العشائر الكردية، ترجمه و علق عليه:فؤاد حمه خورشيد، مطبعة الحوادث، بغداد.
- هروتي، د.سعدي عثمان(٢٠٠٠)، امارة بابان في النصف الأول من القرن الثامن عشر، مؤسسة موكرياني للطباعة و النشر، أربيل.
- هروري، صلاح(٢٠٠٠)، امارة بوتان_في عهد الأمير بدرخان١٨٢١_١٨٤٧ _دراسة تاريخية سياسية، مطبعة خبات، دهوك.
- يحيى، عبدالفتاح علي( ١٩٨٥)، بوتان و البوتانيون و الاغنية الكردية التاريخية، مجلة كاروان، العدد ٢٨، ٢٩، كانون الثاني، شباط، أربيل.
- ئيگلتون، ويليام(٢٠٠٦)، القبائل الكردية، ترجمة:احمد محمود خليل، من منشورات موكريان/مطبعة وزارة التربية، أربيل.

### ٥_٣ به ئەلف و بێی لاتینی

- Ordixan u Celile Celil(1978),Zargotina Kurda,cild1,bes 1 u 2,capa yekem,nesirxana nauka,Moskova
- Ramazan Pertew(2015),Edebiyata Kurdi ya geleri,capa yekem,Avesta,Istanbul

# علامات هوية العشيرة في مرآة التأريخ وموضوعات التراث الشعبي

**الملخص:**

كانت العشائر الكردية تمثل مركز القوة والسلطة؛ لذلك كان لها دور بارز في المجتمع الكردي على مر التأريخ، وهذا ما أدى إلى أن تكون مصدر الخوف والقلق للدولة العثمانية التي كانت تحاول أن تعتمد على هذه العشائر في كثير من شؤون البلاد، من حماية الحدود والطرق التجارية، ومن طرف آخر كانت تهدف إلى إضعاف سلطة هذه العشائر التي كانت تشكل جزءا كبيرا من خريطة الدولة العثمانية؛ لذا كانت تعمل على تفريقها وتشتيتها ولاسيما العشائر المتمردة؛ بغية فرض سلطتها على جميعهم، وهذا ما أصبح المحور الرئيس في إطار الدراسات التأريخية وموضع اهتمام المؤرخين والمثقفين الكرد.

فأصبحت هذه الأحداث والخلافات والخصومات التأريخية كسرديات علمية وفنية مصدرا خصبا لموضوعات التراث الشعبي (الفلكلور) الذي يمثل نتاجا قوميا وكنزا شعبيا ذا قيمة أدبية وجمالية، وأفضل مرتكز لمعرفة عقلية المجتمعات وتفكيرهم في مراحل متباينة، فضلا عن قدرته على تحديد خصائص الشعوب وقراءة أفكارهم وفلسفة رؤية طبقات المجتمع للحياة، وتمثيل المنزلة الاجتماعية وطبيعة علاقات أفراد المجتمع؛ لذلك يحتل التراث الشعبي زاوية مهمة في الثقافة الكردية.

تتعلق الموضوعات الشعبية (الفلكلورية) عموما والملحمة خصوصا بدور العشائر ومكانتها، كونها تتمحور على سرد الحكايات والأمثال الشعبية والسير والملامح البطولية - بشكل مباشر أو غير مباشر- التي تعرض دور العشائر الكردية المسيطرة، وعلاقتها مع بعضها أو مع القوات الخارجية.

ولبيان هذه المقاصد خصصنا بحثنا لدراسة (علامات هوية العشيرة في مرآة التأريخ وموضوعات التراث الشعبي)، الذي يحاول أن يجيب عن تساؤلات مهمة من نحو: مدى علاقة الأدب الشعبي بالتأريخ؟ وإلى أي مدى استفاد الأدب الشعبي من التأريخ؟ وهل حقق الأدب الشعبي توازنا مع الموضوعات التأريخية في نقل الأحداث وروايتها وتبيان دور العشائر؟ وما الموضوع الشعبي الذي يعكس ذكر العشائر أكثر؟ إلى جانب توضيح



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بو ڤەکولینێن کوردی

إجابات لأسئلة مهمة أخرى تناولها هذا البحث؛ لأن الموضوعات الشعبية مخزون تجارب الشعب الكردي وخبراتهم على الصعيد الاجتماعي والسياسي والاقتصادي والأدبي... إلخ.

وطبيعة موضوع البحث استدعت الاعتماد على المنهج الوصفي التحليلي النقدي، ويتألف البحث من محورين تسبقهما مقدمة وتمهيد، وفي نهاية المطاف تمخضت طائفة من النتائج عن رحلة شيقة بين طيات التاريخ والإرث الشعبي الكردي، مع عرض ملخص باللغتين العربية والإنكليزية.

**الكلمات الدالة**: *التأريخ، العشائر الكردية، الأدب الشعبي، فن السرد، الشخصية التأريخية.*

## Features of the tribes identity in the mirror of history and folklore topic

**Abstract:**

The Kurdish tribes represented the center of power and authority. Therefore, it had a prominent role in Kurdish society throughout history, and this led to it being a source of fear and anxiety for the Ottoman Empire, which was trying to rely on these tribes in many of the country's affairs, including, protecting the borders and trade routes, and on the other hand, it aimed to weaken The authority of these tribes, which constituted a large part of the map of the Ottoman Empire; Therefore, it worked to divide and disperse them, especially the rebellious tribes. In order to impose its authority on all of them, this has become the main focus within the framework of historical studies and the subject of interest of Kurdish historians and intellectuals.

These historical events, disputes, and antagonisms, as scientific and artistic narratives, have become a fertile source for topics of popular heritage (folklore), which represents a national product and a popular treasure with literary and aesthetic value, and the best basis for knowing the mentality of societies and their thinking at different stages, as well as its ability to determine the characteristics of peoples, read their thoughts, and the

philosophy of seeing classes. Society for life, and the representation of social status and the nature of the relationships of members of society ;Therefore, popular heritage occupies an important corner in Kurdish culture.

Popular topics (folklore) in general, and the epic in particular, relate to the role and status of the tribes, as they are centered on narrating folk tales, proverbs, biographies, and heroic features - directly or indirectly - that display the role of the dominant Kurdish tribes, and their relationship with each other or with external forces.

To demonstrate these purposes, we devoted our research to studying (Signs of tribe identity in the mirror of history and topics of popular heritage), which attempts to answer important questions such as: The extent of popular literature's relationship to history? To what extent has popular literature benefited from history? Has popular literature achieved a balance with historical topics in conveying and narrating events and demonstrating the role of tribes? Which popular topic reflects the mention of tribes the most? In addition to clarifying answers to other important questions addressed in this research; Because popular topics are a repository of the Kurdish people's experiences and expertise in the social, political, economic, literary, etc. levels.

The nature of the research topic necessitated reliance on the descriptive, analytical, and critical approach. The research consists of two fields preceded by an introduction and a preface. Ultimately, a range of results resulted in an interesting journey between the Kurdish folks history and popular heritage, with a summary presented in Arabic and English.

**Keywords:** *History, Kurdish tribes, popular literature, narrative art, historical personality.*









Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی





Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکولینێن کوردی

# هۆزی هەمەوەند لەنێوان شیعری کوردی و فارسیدا
# شیعری کلاسیکی کوردی و (مەسعوودنامە) وەک نموونە

ڕزگار تەیب محەمەد (ڕزگار جەباری)

بەشی میکانیک- کۆلێژی ئەندازیاری- هەرێمی کوردستان/ عێراق

**پۆختە:**

مێژووی هۆزەکان بەشێکن لە مێژووی گەلان. ئەمە بۆ مێژووی گەلی کورد زیاتر ڕاستە، چونکە ئێستاشی لەگەڵدا بێت، گەلی کورد لە ژمارەیەکی زۆر هۆز پێکهاتووە و هەوڵی مانەوەی هەژموونی خۆیان دەدەن. بەشێکیان لە مێژووی کوردستان و تەنانەت دەرەوەی جوگرافیای کوردستانیشدا ڕۆڵی گەورەیان گێڕاوە. وەکوو هۆزی هەزەبانی بە سەرکردایەتی سەلاحەدینی ئەیوبی. هۆزی هەمەوەند لەو هۆزە کوردانەیە کە بەتایبەتی لە سەدەی ١٩ی زایینیدا بەشێوەیەکی بەرچاو دەرکەوتن و بەهۆی چالاکییەکانیانەوە کاریگەرییەکی زۆریان لە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستاندا هەبووە. تا ئاستێک بەشێوەیەکی بەرچاو لە تۆمارەکاندا ڕەنگی داوەتەوە. وەکوو: بەڵگەنامەکان، کتێبە مێژووییەکان، گەشتنامە، ڕۆژنامە و ساڵنامەکان. هەروەها یەکێک لەو سەرچاوانەش بریتییە لە شیعر.

کتێبی (مسعودنامە) کە بە شیعر و بە زمانی فارسی هۆنراوەتەوە، یەکێکە لەو سەرچاوانەی بەگشتی باسی بەشێکی مێژووی هەمەوەند دەگێڕێتەوە. گێڕانەوەکە لە ڕوانگەی ئەویتری نەیارەوە نووسراوەتەوە، بۆیە گێڕانەوەیەکی بێلایەنانە نییە. وێڕای ئەم کتێبە، لەم توێژینەوەیەکدا باسی هۆزی هەمەوەند لە سەرچاوە شیعرییە کوردییەکانیشدا بە هەردوو لایەنی ڕووانینی ئەرێنی و نەرێنیی شاعیارنی کورد بۆ ئەم هۆزە، دەخەینە ڕوو.

**پەیڤێن سەرەکی:** *هۆزی هەمەوەند، جوامێر ئاغا، شیعری کوردی، مەسعوودنامە*

**پێشەکی:**

بەدرێژایی نووســـینەوەی مێژوو، لەوانەش مێژووی گەلانی ڕۆژهەڵاتی نـاوین هاتووەتە ئاراوە، بە مێژووی گەلی کوردیشەوە؛ هەمیشە دوولایەنە نووسراوەتەوە. بەشێکی ئەو مێژووە لەلایەن خودی نەتەوەکە نووســـراوەتەوە و بەشـــی دووەمی لەلایەن گەلانی دیکەوە نووســـراوەتەوە، بەتایبەتی گەلانی داگیرکەر و ســـەردەســـتە. ئەڵبەتە ئەمە بۆ گەلی کورد زیـاتر بەوجۆرە بووە. چونکە بەدرێژایی مێژووی دوو (٢٥٠٠) ســـاڵ، هەم داگیرکراو و ژێردەستە بووە هەمیش تا سەرەتای سەدەی ٢٠ز جگە لە چەند هەوڵێک نەبێـت، مێژووی خۆی نەنووســـیوەتەوە، بەڵکوو گەلانی داگیرکەر مێژووەکەیـان نووســـیوەتەوە. بێگومـان ئەم مێژووە نووســـراوە، خـاڵی نییە لە دیـدی لایەنگرانە و سـایکۆلۆژیای سـەردەسـتانە، کە زۆربەی جار ئاوێزانە بە ڕق و سـووکبینین ئەوی دیکە. دەرهاوێشـتەی ئەم لایەنگیرییە سـەپاندنی کۆمەڵێک وەسـفی ناپەسـند بووە لە پێناو ناشیرینکردن و ڕووخاندنی مەعنەوییی گەلی ژێردەستە. لە دوتوێی ئەو مێژووەی گەلانی دیکە بۆ کورد نووســـیویانەتەوە وێنەی کوردیان دوور لە ڕاســـتیی کێشـاوە و ڕوانینی ئەوتۆیان تێ خزاندووە کە جگە لە خورافە هیچ بنـامـەیەکی زانسـتی و لۆژیکیان نییە. بۆ نموونە بانگەشـەی (جن)بوونی کورد، کە ڕیشـەیەکی دێرینی هەیە و لە نووسـینی عەرەبیدا ئاخنراوەتە ناو باوەڕی ئاینییەوە. یان بەهۆی تێپەڕبوونی گەڕاڵ و گەڕیدەکانەوە بە ناو کۆمەڵەیەکی بچووکی ڕێگر لە کوردستاندا، نالۆژیکانە وەسفی (ڕێگری)یان داوەتە پاڵ هەموو نەتەوەکە، کە ئەمە بڕیارێکی نالۆژیکی بووە.

هەمەوەنـد کە هۆزێکی کوردی بەنـاوبـانـگ بە ئـازایەتی و جەنگـاوەری و کۆمەڵێک ئەدگاری تایبەت بوونە، لە سەدەی ١٩ و سەرەتای سەدەی ٢٠ی زایینی بە هۆی چالاکییەکانیانەوە لە دژی بۆ هەردوو دەســـەڵاتی قاجاری و عوســـمـانی و دواتریش ئینگلیز، تەنـانەت جەنگی هۆزە کوردییەکـان و نێوخۆییش، زۆرترین هەواڵیـان لە ســـەرچاوە و بەڵگەنامەکانی ئەم دەوڵەتانەدا هاتووە. لەبەر ئەوەی ئەم هۆزە ملکەچی هەموو خواســـت و داواکانی ئەم دەســـەڵاتی بێگانە نەبوونە و لە بەرەنگاربوونەیاندا لەبەرانبەردا، بەزۆری تێکشـــکاون، بۆیە لە تۆمارەکانیاندا پەنایان بردووەتە بەر وەســـفی ناپەســـند و کۆمەڵێک ئەدگار و ســـیفەتی ناشـــیرینیان داونەتە پاڵ. ئەمە لە ســـەرچاوە شـیعرییەکانیشـدا وەکوو شـیعری کلاسـیکی کوردی و فارسـیشـدا ڕەنگی داوەتەوە. شـــیعری کلاســـیکی کوردی وێڕای ئاماژەی نەرێنی، ئاماژەی ئەرێنیش لەخۆدەگرێت. نموونەی بەرهەمی ئەدەبیی فارسـی پەنای بردووەتە بەر زمانی داشـۆرین و ناشـیرینکردن. کتێبی مەنزوومەی (مەسـعوودنامە)یە کە باسـی قۆناغێکی مێژوویی ئەم هۆزە دەکات.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ئەویش بریتییە لە سـەرھەڵدانی جوامێر ئاغای ھەمەوەند تا لەناوبردنی. ئەم بەرھەمە لەم توێژینەوەیەدا دێتە ناسـاندن و پوختەی باسـی ڕووداوەکان دەخەینە ڕوو. نووسـەر کە لایەنگری دەسـەڵاتی قاجارییە، خۆی بەدوور نەگرتووە لە ناشـیرین پیشـاندانی ئەم کەسایەتی و ئەم ھۆزە کوردە. سەرنجمان خستووەتە سەر ئەو *دێڕانەی سەلمێنەری* ئەو ڕاستییەن کە نووسەر خەریکی دروستکردنی وێنەی ناشیرینە.

**سنووری توێژینەوە:**

سنووری ئەم توێژینەوەیە کە بریتییە لە باسی ڕەنگدانەوەی ھۆزی ھەمەوەند لە سـەرچاوە شـیعرییەکاندا، شـیعری کوردی و فارسـی دەگرێتەوە، لە ماوەی سـەرھەڵدانی ھۆزی ھەمەوەند وەکوو کارەکتەرێکی بەھێز لە کوردسـتان ھەردوو دیوی ڕۆژھەڵات و باشووردا، واتە سەرەتای سەدەی ١٩ز تا چارەگی یەکەمی سەدەی ٢٠ز.

**شێوازی توێژینەوە:**

لەم توێژینەوەیەدا وێڕای خسـتنەڕووی نموونە شـیعرییەکان بە شـێوەیەکی کرۆنۆلۆژی، بۆ خوێندنەوە و ڕاڤەی نموونە شـیعرییەکان، میتۆدی وەسـفی – شـیکاری بەکارھێنراوە. کە ئامانج پۆلێنکردنیانە بۆ دوو جۆری ڕووانینی ئەرێنی و نەرێنی لەبارەی ھۆزی ھەمەوەندەوە لە تێکستەکاندا. لە شـیکارییەکەشـدا سـوود لە زانیاریی مێژوویی وەرگیراوە.

**بەشی یەکەم: ناسینێکی خێرای ھۆزی ھەمەوەند:**

**١- نشیمەنی ھۆزی ھەمەوەند:**

لە سەدەی ١٨ی زایینییەوە نشیمەنی ھەمەوەند دەوروبەری کرماشان بووە. دواجار دەگەنە دەڤەری بـازیـان و چەمچەمـاڵ. ھەروەھـا بەھۆی چـالاکییەکـانیـان و پەلھاوێشتنەکانیانەوە دەگەنە کەرکووک، سلێمانی، شارەزوور، بەشێکی گەرمیان و خانەقی، مەندەلی، قەسرشـیرین و سـەرپێڵ زەھاو. تەنانەت گەیشـتوونەتە تەیسـەفوون و سـامەڕا. موقەددەم عەبدولواحد کە نووسـەرێکی پاکسـتانییە لە کتێبەکەی بە ناوی (کورد و نیشتمانەکەی)دا دەڵێت: ھەمەوەندەکان بۆ کڕین و فرۆشتن دەگەنە مەھاباد و ورمێ. سـنوورەکەیان درێژ دەبێتەوە تا شـارۆچکەی (خنیت) لەسـەر سـنووری عێراق و ئێران. (کەریم بەگ، ٢٠١١: ٤). ھەروەھا بەھۆی ئاوارەبوون و ڕاگواسـتنیانیشـەوە دەگەن بە: موسـڵ و بەغداد لە عێراق، شـیراز و قەزوین لە ئیران، ئەنادۆڵ لە ویلایەتی ئەنقەرە و ڕۆژاوای ئەدرنە لە تورکیای ئێسـتادا، تەرابلوس و قەزای درنەی بنغازی لە لیبیا، شـاری (طاریا) لە لوبنان.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

له ئێستادا له ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان، ژمارەیەک تیرەی جیاواز هەن که خۆیان سەربە هەمەوەند دەزانن. ئەم تیره جیاوازانه له لوڕستان و لەکستان و کرماشان و گەرمیان و سلێمانی و سنه هەن و به سێ زاراوەی جیاوازیی کوردی: سۆرانی، لەکی و لوڕی دەدوێن. پێڕەوی له سێ ئایین و مەزهەبی جیاوازی سوننی و شیعه و کاکەیی دەکەن. سنووریشیان دەڤەری گەرمیاندا: لەلای سەرووەوە شوانی بازیانه، لەلای خوارووەوە ئاوی داقووقه، لەلای ڕۆژهەڵاتییەوە بەرزایی و چیاکانی تاسلوجەیه. لەلای ڕۆژاواوە قەرەحەسەن و شوانی خاسەیه.

## ٢- ڕەچەڵەکی هۆزی هەمەوەند:

سەبارەت به ڕەچەڵەکی ئەم هۆزە، چەند بۆچوونی جیاواز هەیه. یەکەم: یەکێکه له هۆزە هەرەدێرینەکانی کوردستان و تەنانەت بۆ پێش (ماد)یش دەگەڕێنەوە. له سەدەی ١٢ی زایینیدا بەرەنگاری هاتنی شەپۆلی هۆزە تورکەکانیان کردووە. (کەریم بەگ، ٢٠١١: ٥) بەڵام ئەوە نەخراوەتە ڕوو که لەو سەردەمەدا له ژێر چی ناوێدا بوونه. بنەماڵەی (ئال حیمة) که له سەدەی ١٢ و دواتر له سەدەی ١٦ز باسیان هاتووە، به تیرەیەکی هەمەوەند دانراون. (کەریم بەگ، ٢٠١١: ٦) دووەم: بەپێی هەندێک گێڕانەوە، دەگەڕێننەوە سەر کەسایەتییەک به ناوی (وان). بۆیه دەڵێن ناوی هەمەوەند، له (حەمە) و (وان)ـەوە هاتووە. (کەریم بەگ، ٢٠١١: ٦). له ڕێگەی ئەم شەجەرەیەوە ڕەچەڵەکی هۆزەکه دەگەڕێننەوە بۆ دەڤەری نێوان وان و ئامەد. سێیەم: دەرکەوتنی ئەم هۆزە تازەیه و له یەکگرتنی هۆزی ئەحمەدوەند و بهتوئی پێکهاتووە. (وەند) به زاراوەی کوردیی لەکی به واتای ڕەچەڵەک دێت. بەڵام مێجەر سۆن دەڵێت: هەمەوەند هیچ پێوەندییەکیان به ئەحمەدوەندی ئێرانەوە نییه. (سۆن، ٢٠٠٧: ٥٢). سۆن بابەتێکی دیکه که دەگێڕێتەوە: "هەمەوەند، بابان، شوان و جاف بنەچەی سەرکردەکانیان دەبەنەوە سەر عەرەب. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ئەمڕۆ زۆر شانازی به کوردبوونی خۆیانەوە دەکەن." (سۆن، ٢٠١٨: ١٨٧).

ناوی هۆزەکه به شێوەکانی: ئەحمەدوەند، هەمیوەند (هەمیوەن)، هەماوەند، هەمەوەند، هەمەوەن و وەن، بێژەکراون. میرزا خەلیلی منەووەر له شیعرێکدا ئاماژەی پێ داوە:

عەرەب چەنی تورک، کورد و (وەن) زبان
موشەبەع چە ڕزق میوەی سفره و خوان



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ساغکەرەوەی دیوانەکەی لە پەراوێزدا نووسیویەتی مەبەست لە (وەن)، هەمەوەندە. (منەوەر، ٢٠٠٦: ٤٥٤) هەروەها بۆچوون هەیە کە هەمەوەند لە (همی: هما)ەوە هاتووە و لە شانامەی فیردەوسیشدا باسی جەنگێک هاتووە بە ناوی جەنگی (هماوند).

ئەوەی سەرچاوەکان جەختی لەسەر دەکەنەوە، لە دەروبەری سالانی (١٧٠٠)ەکاندا، (خودادە شەل) لە دەوروبەری شاری کرماشانەوە، ناوبانگی شێخ ڕەزای هەنگەژاڵە دەبیستێت و دەچێتە و دەبێت بە دەروێشی. شێخ ژنی بۆ دێنێت و لەم ژنە چوار کوڕی دەبێت بە ناوەکانی: یادگار، ڕەمەزان، ڕەشید و سەفەر. (خۆشناو، ٢٠٢١: ١٩) پاشان لە گوندی هەنگەژاڵەوە بار دەکەن و دەچن بۆ دەڤەری بازیان و چەمچەماڵ. لەم چوار کوڕە، چوار تیرەی هەمەوەند دروست دەبن کە بەمجۆرەن: تیرەی چەلەبی لە یادگار، تیرەی ڕەمەوەند لە ڕەمەزان، تیرەی ڕەشەوەند لە ڕەشید و تیرەی سەرفەرووەندیش لە نەوەی سەفەرن. (خۆشناو، ٢٠٢١: ١٩) مێجەر سۆن تیرەکانی هەمەوەندی بەمجۆرە پۆلێن کردووە:

یەکەم- رەسەن کە بریتین لە: بەگزادە (چەلەبی)، ڕەشەوەند، سەفەرووەند، سیتەباسار.
دووەم- جووتیارەکان کە بریتین لە: کافرۆشی، بیریایی، سۆفیوەند، چنگنی. (سۆن، ٢٠٠٧: ٥١ و ٥٢)

بەڵگەنامەکانی عوسمانی باسی شەش هۆزی هەمەوەند دەکەن و لۆیمەر لە گشتنامەکەیدا باسی دە سەرۆک هۆزی هەمەوەند دەکات. کە هەر یەکەیان سەرۆک هۆزی تیرەیەکە و ناکۆکی لە نێوانیشیاندا هەیە. (لۆیمەر، ٢٠٢٠: ٧٢)

**٣- پوختەی مێژووی هۆزی هەمەوەند:**

هۆزی هەمەوەند لە سەدەی ١٩ز یەکێک بووە لە هۆزە هەرە بەهێزەکانی کورد، لە ئازایەتی و جوامێری و جەنگاوەریدا. "بەناوبانگترین جەنگاوەری کوردستانن و ژنەکانیشیان بەشداری جەنگ دەکەن تەواو چەکدار و ئەسپسوارن." (سۆن، ٢٠٠٧: ٥٢) لە دەسەڵاتی بێگانە یاخی بوون و ملکەچی هەموو داخوازییەکیان نەبوونە. لە دوای پەیدابوونی تیرەکانی هەمەوەند لە دەڤەری بازیان و بەشداریکردنیان لە ڕووداوەکانی دەڤەرەکە، ناویان کەوتە ناوانەوە. سەرەتای ناکۆکیی نێوان هەمەوەندەکان و عوسمانییەکان بۆ سالی ١٧٨٠ز دەگەڕێتەوە. لە هەموو جەنگەکانی بابان دژی والییەکانی بەغداد و عوسمانی، هەمەوەند هاوپەیمانیان بوونە. لە جەنگی ١٨٣٦ز کە عەزیز بەگی بابان تێکدەشکێت، هەمەوەندەکان دەچنە زەهاو. (مودەڕیس و فاتیح



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی

عەبدولکەریم، ٢٠٢١: ٧٦) لەدوای نەمانی میرنشـــینی بابان، هەمەوەندەکان ویســـتیان شوێنەکە پڕ بکەنەوە، عوسمانییەکان دژی ئەم ویستە وەستانەوە. ساڵی ١٨٦٧ز نێوانیان لەگەڵ والیی بەغداد تێکدەچێتەوە و دوای هەرایەکی زۆر دەچنەوە بۆ زەهاو. لە سەردەمی (مدحەت پاشا) والیی بەغداد، دوژمنایەتیی تازە بووەوە والی تێکشکا. دوای ئەوە (ڕەئوف پاشـــا) لەگەڵیان ڕێککەوتەوە و هەمەوەند گەڕانەوە بازیان. ســـاڵی ١٨٧٨ز جەنگی هەردوو هۆزی هەمەوەند و زەنگەنە هەڵگیرســـا و عوســـمانی و چەند هۆزێکی کورد، پەلاماری هەمەوەندیان. هەمەوەندەکان سەرکەوتن و توانیان بچنەوە بۆ زەهاو. (مودەڕیس و فاتیح عەبدولکەریم، ٢٠٢١: ٧٦) لە ســـاڵی ١٨٨٠ز جوامێر ئاغا ســـەری هەڵدا. لەگەڵ عوســـمانییەکان ناکۆک بوو و لەگەڵ قاجارییەکانیش جارجار دۆســـت و جارجار جەنگیان بوو. دواجار هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و قاجاری پێکەوە بڕیاری لەناوبرنیان دا و پیلانیان بۆ داڕشت. (مودەڕیس و فاتیح عەبدولکەریم، ٢٠٢١: ٧٧) ڕووداوەکانی سەردەمی جوامێر ناوەڕۆکی کتێبی (مســـعودنامە)یە. کوژرانی جوامێر ئاغا و دوورخســـتنەوەی هەمەوەندەکان، کۆتایی ئەم هۆزە نەهێنا و هەر زوو گەڕانەوە نیشـــتمان و بە شـــێوەی جیاواز بەردەوام بوون. بۆیە ڕقی دەسەڵاتی عوسمانیش ئەستوورتر دەبوو و تا ئاستێک شۆڕ بووەوە بۆ ناخی دەســـتوپێوەندەکانی.  موتەســـەڕیفی کەرکووک بە لۆیمەر ئەفســـەری بەریتانی دەڵێت: چارەســـەری ئەم هۆزە ئەوەیە هەموویان لەناوببەیت. (لۆیمەر، ٢٠٢٠: ٢٥) ئەڵبەتە کەسانێکیش لەنیو دەستوپێوەندی دەسەڵاتی عوسمانیدا هەبوونە کە دۆستی هەمەوەند بن.  جراڕد لە گەشـــتانەمەکەیدا باس لە ئەفســـەرێک بە پلەی ســـەرهەنگ دەکات کە ژنی لە هەنەوەندەکان هێناوە و چەک و تەقەمەنییەکی زۆریشـــی بە هەمەوەند بەخشیوە. (جراڕد، ٢٠٢١: ٥٩).

بەشـــێک لە ڕووداوەکانی مێژووی هەمەوەند، جەنگی هۆزە کوردییەکان بووە. لەوانەش: جەنگەکانی هۆزی هەمەوەند و جاف، جەباری، کاکەیی، زەنگەنە، شـــێخان، زەند، پاڵانی، باجەڵان لایەنێکی جەنگ بوونە دژی هەمەوەند، جەنگی مەلیک نیازخانی کرندی دژی هۆزی جوامێر ئاغای هەمەوەند کە دەروێش قولی کرندی بە شـــیعر دایڕشـــتووەتەوە. لەم بەرهەمەدا جوامێر ئاغای بە شـێخ عوبەیدوڵڵا چوواندووە. هەروەها ئەو جەنگانەی لە کتێبی مەسعوودنامەدا هاتوون کە زۆربەیان هەردوولا لە سەربازانی هۆزە کوردییەکان بوون:

لە ساڵی ١٨٨٠ز شاترییەکانی جاف، پەلاماریی پەلی سەرەکیی جافەکانیان دا و مەحەمەد پاشایان کوشت. پەنایان بردە بەر فەقێ قادر وەرینەگرتن. پاشان پەنایان بردە بەر جوامێر. جوامێر دەڵێت: لەناو عومومی هەمەوەند عەشایرەکانی خاریجی جاف، خۆم



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

به جانفیدای محەمەد پاشا زانیوە. دیارە جوامێر زانیوەیەتی توشی کێشەی دەکەنەوە، بەڵام هەر بڕیار دەدات پەنایان بدات و بەرگرییان لێ بکات. (جاف، ٢٠١٢: ١٥٨) بەو بۆنەوە جەنگ لەنێوان هەردوو هۆز ڕووی داو جافەکان تێکشان. (سۆن، ٢٠٠٧: ٥٧). لە ناو جافەکاندا ئەم جەنگە بە جەنگی (داڵاهۆ) بەناوبانگە . شێخ ڕەزای تاڵەبانی بەبۆنەی ئەو تێکشکانەوە دەڵێت:

جەنگ گاهی جوکل و مەحموود بەگ شێروانە بوو

ئافەرین مەحموود بەگ لەم جەنگەدا شێر وا نەبوو

وەقتێ قاسید هات و لێم پرسی چلۆن بوو ئەم شەڕە

وردە وردە بۆی باسکردم کەچی شێڕ وانەبوو

(تاڵەبانی، ٢٠١٠: ١٥٥)

کەریم بەگ باسی جەنگێکی دیکەی جاف و هەمەوەند دەکات کە لە نێوان مەحموود پاشای جاف و خزر ئاغای سەفەروەندی هەمەوەنددا ڕووی داوە. (جاف، ٢٠١٢: ١٥٩)

میرزا غەفوور لە شیعرێکدا بەبۆنەی سەرکەوتنی بەگزادەی عێلی موڕادی بەسەر شۆڕشی ڕەسووڵ ئاغای کۆیەوە، ئاماژە بە جەنگێکی عێلی موردای و هەمەوەند دەکات. لە پەسنی بەگزادەی عێلی مورادیدا دەڵێت:

گەهێ تەعقیبی ئاغاوات و بەگزادەی (هەمەوەند)ە

گەهێ تەسخیری قەلعەی لێوژە کرد کۆنە تەندوورە (غەفوور، ١٩٩١: ٦٩)

**بەشی دووەم: هۆزی هەمەوەند لە شیعری کوردی و فارسیدا:**

**١-باسی هەمەوەند لە شیعری کلاسیکی کوردیدا:**

یەکێک لە سەرچاوە خۆماڵییەکان کە باسی هۆزی هەمەوەندی تێدا ڕەنگیداوەتەوە، بریتییە لە شیعر. بەشێک لە ئاڕاستەی کاری شیعریی ئەوەیە هەمیشە دەبێت بە ئاوێنەی سەردەمی خۆی بۆ وێنەدانەوەی بەشێک لە دیاردە و ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە. لە سەردەمی چالاکییەکانی ئەم هۆزەدا، بەشێک شاعیرانی کورد لە ئاستی جووڵەکانی ئەم هۆزەدا چی کۆک بووبن یان ناکۆک، لە بەرهەمی خۆیاندا بە ئەرێنی یان بە نەرێنی ئاماژەیان پێ داوە. جێگای باسە جگە لەم نموونانەی لێرە دەیانخەینە ڕوو، یەکێک لە قارەمانەکانی بەیتی داستانی دوانزە سوارەی مەریوان کە لەنێوان ساڵانی ١٧٢٠ – ١٧٣٠ز ڕووی داوە: میران بەگی وەڵەدبەگی چەلەبی قەدیمی هەمەوەند بووە.



Zakho Centre for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی

هەروەها بەیتی میللیی (حەمەشـــەریف چەلەبی) باســـی قارەمانێتی ســـەرکردەیەکی هەمەوەندە دژی تورکانی عوسمانی. ئەم کەسایەتییە لە دوای ڕووخانی میرنشینی بابان، ویســـتوویەتی ئەو بۆشـــاییە پڕبکاتەوە. هەروەها جەنگی هۆزی هەمەوەند و شـــێخانی لەلایەن مەلا چاوڕەشی سێوسێنانەوە کراوە بە هۆنراوە.

## ١-١-ڕوانینی ئەرێنی:

### حاجی قادری کۆیی (١٨١٦ – ١٨٩٧ز):

دوو جار ئاماژەی بە هەمەوەند کردووە. هەردووجار ڕوانینی ئەرێنیی هەیە. ئەمەش دەگەڕێوە بۆ ئەو هەســـت و هزرە نەتەوەیی و نیشـــتمانییەی پاش گیرســـانەوەی لە ئیستانبووڵ و ئاشنابوونی بە بنەماڵەی بەدرخانییەکان لەلای شاعیر سەری هەڵدا.

یەکەم: حاجی لە شیعری (حاکم و میرەکانی کوردستان)دا، زەمی شێخەکان دەکات کە لە دوای نەمانی دەســەڵاتە خۆجێیە کوردییەکانی وەکوو بابان و هەمەوەند. حاجی بەشێوەیەک لە شێوەکان دڵگرانیی خۆی بۆ نەمانی میرانی کورد دەردەبرێت و دڵگرانە بە هاتنی دەســەڵاتی بێگانە و دەرکەوتنی دەســەڵاتی شــێخانی ڕیاکار کە لە ســایەی دەسەڵاتی بێگانە بوونەتە جێگرەوەی دەسەڵاتە خۆجێیەکان:

حـاکم و میرەکـانی کوردســـتـان     هەر لە بـــۆتـــانەوە هەتـــا بـــابـــان
یەک بە یەک حافیزی شـەریعەت بوون     ســـەییـدی قەوم و شـــێخی میللەت بوون
سـەیید و شـێخەکان لە ترسـی ئەوان     مـونـزەوی بـوون و زاکـیـری ڕەحـمـان
هەر کە فەوتـان ڕیای ئەوان دەرکەوت     ســـەیری چۆن بوونە پووش و ئـاگر و نەوت
یەکێ لەم لاوە ڕوو دەکـاتە عەجەم     دوو لە ئەو لاوە دەبـنـە دوژمـنـی هەم
دوو هەزار ژن فەســـاد کـرا لەم لا     بـوونە قـاتـیـل ئەوانـی تـر لەو لا
یەک بە یەک بوونە نائیبی (هەمەوەند)     ســـاحـیـبی مـارتـیـن و مـاری گەزەنـد

(کۆیی، ١٣٩٠: ٢١٢)

دووەم: حاجی لە چامەی (شـــاســـواری بەلاغەتی کوردان)دا، جارێکی دیکە ئاماژە بە هەمەوەند دەکات و ڕۆڵیان لە شیعری کوردیدا دەنرخێنێ. لە هەمانکاتدا وەکوو (خزمی خۆمان) ئاماژەیان بۆ دەکات. ڕەنگە ئەمەیان لەوەوە ســـەرچاوەی گرتبێت کە حاجی ئاگاداری ئەوە بووبێت کە بنەوانی بنەماڵەی خۆیان و هەمەوەندیش لە کرماشـــانە و ئەمە بە خزمایەتی دەزانێت.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی

(هەمەوەند)یش کە خزمی خۆمانن شاعیری زۆرە پاکی دەیزانن
چونکە تیژی زوبانیان یەکسەر کەوتە نووکی ڕم و دەمی خەنجەر
بێ کتێبن، ئەمە لە وان دوورە مەردی ئازا لە ناقیسان دوورە

(کۆیی، ١٣٩٠: ٢٢٢)

## شێخ ڕەزای تاڵەبانی (١٨٣١ – ١٩١٠ز):

لە پەسنی ئازایەتیی هەمەوەنددا کە جەنگی دژی هەردوو دەسەڵاتی عوسمانی و قاجاریی کردووە و زۆربەی جاریش تەنگی پێ هەڵچنیون و بە سەرکەوتوویی دەربازیان بووە، دەڵێت:

(هەمەوەند) لەشکری ڕۆم و عەجەمی داوە بە گان
بەری حەملەی دەگرێ لەشکری گاوان و شوان؟

(تاڵەبانی، ٢٠١٠: ١٨٩)

## حاجی تۆفیقی پیرەمێرد (١٨٦٧ – ١٩٥٠ز):

لە شاعیرانی مونەوەری کورد بووە و دەرچووی قوتابخانەی ئیستەنبوڵیە. شاعیرێکی نەتەوەپەروەر و نیشتمانپەروەر بووە. بۆیە هەست و هزری نەتەوایەتی لە شیعرەکانی مانیفێست کرووە. پیرەمێرد بە هەست و هزری نەتەوایەتییەوە دەڕوانێتە ڕووداوەکان. پیرەمێرد لە بەرهەمەکانیدا چەندجارێک ئاماژە بە هەمەوەندەکان دەکات. بە چاوی ڕێزەوە تەماشای کەسایەتییەکی وەکوو جوامێر ئاغای هەمەوەند دەکات و وەکوو هێمای جوامێری و ئازایەتی پەسنی دەکات. وێڕای ئاماژە بەو ڕاستییە مێژووییە کە ژنانی هەمەوەند شانبەشانی پیاوانیان جەنگاوەری ئازا بوونە:

(کوێخا جوامێری هەمەوەند) دەیگوت: های جوامێر ڕۆم و عەجەم وا لە دووت
سەرێ کە شاهان بە تەمای نەبن بۆ ئەوە دەشێ هەڵکەنرێ لە بن
ئەوسا کە جوامێر دەنگی دلێر بوو تیپی (هەمەوەند) ژنیشیان شێر بوو

(پیرەمێرد، ٢٠٠٧: ٦٦)

پیرەمێرد هەر لە پەندەکانی و لە شیعرێکی دیکەدا کە باسی ئەوە دەکات هەر گروپەو بە ئەدگارێک دەناسرێتەوە، ئاماژە بەوە دەکات کە هەمەوەند بۆ جەنگ تایبەتمەندن. لە سەرەتای شیعرەکەدا دەڵێت:


Zakho Centre for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی

جـالـيـنـوس ئەڵێ: تـاقـیـم کـردەوە          هەر قەومێ نـاســرا بەپێی کردەوە

لە دێڕێکی دیکەدا دەڵێت:

عــارەبــی بەرێ و مـیـوانـپەروەری          کورد و ئـازایی بە مـاڵ و ســەری

پاش چەند دێڕێکی دیکە دەڵێت:

جاف بۆ زیبانی، (هەمەوەند) بۆ شەڕ          شێخ و تەفرەقە، زەنگەنە بۆ گەڕ

(پیرەمێرد، ٢٠٠٧: ٤٩)

## محەمەد کابولی قانع (١٨٩٨ – ١٩٦٥ز):

قـانع کە قۆنـاغی دوای پیرەمێردە، لە بـاســی هۆزەکـانـدا تەواو دابڕابوو لە ئـامـاژەدان بە لایەنە نەرێنییەکـانی هۆزەکـان و هەموویـانی وەکوو نموونەی ئـازایەتی و جوامێریی کورد و کوردســـتان دەبینی. ئەڵبەتە لە ســـەردەمی قانعدا دۆزی کورد لە قۆناغێکی دیکەدا بوو و کۆمەڵگەی کوردەواری کە کۆمەڵگەیەکە هێشـتا خێڵ و بەها خێڵەکییەکان ماون، پێویســـتیی بە دروســـتکردنی گیانی یەکگرتوویی نێوان هۆزەکان هەبووە. قانع لە شـــیعری (کوڕگەل کوردســـتان هەر ئەو باخەیە)دا باســـی بەشێکی زۆر لە هۆزە کوردییەکان دەکات و پەسنی ئازایەتییان دەکات:

ئـاغـای دزەیی، میری شـــەقلاوە

جاف و (هەمەوەند) خانی شێراوە

(قانع، ٢٠١٤: ٤٤٥)

قانع لە شـیعری (سـەلام لە کوردسـتان)دا یادی سـەرکردە مەزن و نەمرەکانی کورد دەکاتەوە و ئاخ بۆ نەمانیان هەڵدەکێشـێت و پرسـیار لەوە دەکات کە ئێسـتا ئەم سـەرکردە مەزنانە لەکوێن؟ دوای ئاماژەدان بە ناوی سـلاحەددینی ئەیوبی و جەمشـید و ڕۆستەمی زاڵ و کەریم خانی زەند، پرسیاری شەریف چەلەبی دەکات، کە یەکێک بووە لە ســـەرکردە مەزنەکانی کورد لە هەمەوەند. جێگای ئاماژەیە کە بەیتێکی میللی لەبارەی ئازایەتی و جوامێریی ئەم کەسایەتییەوە هەیە:

کوانێ شـێخ قادر و (شــەریف چەلەبی)؟

کوانێ چەچەی سەف شکێنی مەیدانت؟

(قانع، ٢٠١٤: ٨٥)

**٢-١- ڕوانینی نەرێنی:**

ئاماژەی ڕوانینی نەرێنی بۆ هەمەوەندەکان زیاترە لە ڕوانینی ئەرێنی، هۆکاری ئەمەش بۆ ناکۆکیی نێوان هۆزە کوردییەکان دەگەڕێنەوە. لەو سەردەمەدا کە هێشتا هەستی نەتەوایەتیی و نیشتمانیی یەکگرتوو نەبووبوو بە پاشخانی مەعریفی شاعیران، بۆیە شاعیران لە پرسانەدا تا ئاستێک زمانحاڵی هۆزەکەی خۆیان بوونە. وێڕای هۆکاری دیکەش.

**فەقێ قادری هەمەوەند (١٨٣٠ – ١٨٩٠ز):**

پێش هەموو شاعیرانی دیکە، فەقێ قادر کە خۆی هەم سەرۆکی تیرەیەکی هەمەوەند بووە، هۆکاری هەندێ پرس و پێشهات، دەگەڕێنێتەوە بۆ هەڵسوکەوتی خودی هۆزەکە و سەرکردەکانی. بۆیە ل شیعرێکدا ڕوانینی نەرێنی خۆی دەردەبڕێت بەتایبەتی لەبارەی جوامێر ئاغا و خزمانی کە جوامێر لەخۆبایی بووە براکانی پرس و ڕاوێژ ناکەن و گوێ ناگرن. خەڵکەکەش ڕێگریی دەکەن. ئەڵبەتە فەقێ بۆ ئەمەیان پاساو دەهێنێتەوە کە ساڵ گرانی و نەبوونی بووە. ئەبەش بەهۆی سیاسەتی عوسمانی و قاجارییەوە کە بارێکی سەختیان لەسەر خەڵکەکە دروست کردبوو:

ئەر (جوامێر) مەغروور ئەر برا بێڕا ... ئەر کاک (عەبدوڵڵا عەزیز) ناتەبا
ئەر حاکم نە پرس ئەر قەوم نەشنەوا ... ئەر ڕەعیە ڕەهزەن نە قەحت و غەلا
بێ تەوفیق حەق بێ یەد بەیزا ... پێش مەیۆ جە دەست یەک فەرد تەنها
یونس وا جە قەوم وێم کەردم فیرار ... بیم بە قووت حووت تورک دەریابار
فەرار بیم جە قەوم چون بەرە جە گورگ ... نەزانام جە گورگ بەدتەر مەبۆ تورک

(مودەڕیس و فاتیح عەبدولکەریم، ٢٠٢١: ٥٩)

فەقێ قادر لە شیعرەکانیدا چوار جار ئاماژەی بە هەمەوەندبوونی خۆی کردووە، کە هەر جارەو بەبۆنەیەکەوە بووە:

سێ جار ئاماژە دیلی و بەندی و زەلیلی دەکات کە لە گرتووخانەکانی عوسمانیدا بووە:

نە دوود دەوران دڵ نە گەزەندم
ئەسڵم هەماوەند ئەسیر بەندم

هەروەها:



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینێن کوردی

ئەسڵم هەماوەند جاگەم چەمچەماڵ
نە شەهر کەرکووک مەحبووسم ئەلحال

هەروەها:

ئەسڵم هەماوەند زەلیل و خوارم
مونتەزیر بە لوتف حەیی دادارم

لە دێڕەشیعرێکی دیکەدا ئاماژە بە فیرقەی خۆی دەکات لە ناو هۆزی هەمەوەندا:

ئەسڵم هەماوەند فیرقەی چەلەبی
داروون جە ڕەسووڵ جوامێر نەسەبی

(مودەڕیس و فاتیح عەبدولکەریم، ٢٠٢١: ٥٠)

ئەم ئاماژانە بە ناوی هۆزەکەی، جۆرێکە لە شانازیکردن، کە لە ڕاستیدا ڕووانینێکی ئەرێنییانەیە.

## مەلا محەمەدی مەحوی (١٨٣٦ – ١٩٠٦ز):

شێخێ (هەمەوەندێک)ی دەدا پەند و نەسیحەت
ئەو قوڕبەسەرەی دابووە بەر فەحش و فەزیحەت
خۆش هاتە جواب و وتی: تۆ حەقتە، فەقەت من
قوتتاعی تەریقم، نەکوو قوتتاعی تەریقەت

(مەحوی، ١٣٩٠: ٤١٩)

ئەگەرچی باسی هەمەوەند لەم شیعرەی مەحویدا مەبەستی سەرەکی نییە، بەڵکوو هاوشێوەی شیعرەکەی حاجی قادری کۆیی، زەمی شێخانی خراپەکار چەقی مەبەستی مەحوییە. بەڵام بەهۆی بەدناوبوونی هەمەوەند بە (ڕێگری)، بۆیە مەحوی وەکوو ئیدیۆمێک بەکاری هێناوە. لەم شیعرەدا مەحوی قسەی زەینی خۆی لە دژی شێخانی خراپەکار، دەخاتە سەر زاری کەسێکی هەمەوەندی.

## ئەحمەد بەگی حەمدی (١٨٧٦ – ١٩٣٦ز):

ئەم شاعیرە یەکێکە لە شاعیرە نیشتمانپەروەرەکان و دڵسۆزی شێخ مەحموودی حەفید و بزاڤەکەی بووە. بۆیە لە دوای نەمانی شێخ دڵگرانی خۆی لەبارەی

ئەو ڕەوشەوە دەردەبڕێت کە لە دوای نەمانی دەسەڵاتی شێخ لە سلێمانی هاتووەتە ئاراوە و باسی خراپەی هەندێ لە هۆزەکان دەکات، کە هەمەوەندیش یەکێکە لەو هۆزانە:

لەوســــاوە حکوومەت نییە بەربوونەتە میللەت
جاف و (هەمەوەند) بانەیی و مەنگووڕ و پشدەر
تاڵان و بڕۆ و کوشـــتن و ڤەبســـە لە هەموو لا
ســاحێب عەلەم و تەپڵە ئەڵێی دێوە ســتەمگەر

(حەمدی، ٢٠١٣: ٣٠)

## حاجی تۆفیقی پیرەمێرد (١٨٦٧ – ١٩٥٠ز):

ئەگەرچی باســی ڕوانینی ئەرێنیی ئەم شــاعیرەمان کرد، لەگەڵ ئەوەشــدا دوو ئاماژەی دیکەی هەیە، ئەگەرچی ڕاستەوخۆ ڕوانینی نەرێنیانەی ناخاتەڕوو، بەڵام جۆرێک لە تانەی تێدایە:

گەورە ئاوی ڕشت بچووک پێی لێ خست
بە بیانوو پەتیان بۆ بچووک هەڵخســـت
دەســـتەی (هەمەوەند) ئەچوون بۆ تـاڵان
شـــوێنیـان ئەکەوتن خوێڕی و منـداڵان

(پیرەمێرد، ٢٠٠٧: ٤٤٧)

لە شـیعرێکی دیکەدا لە دیوانەکەی، باسـی ڕەوشـی ڕێگای کاروانەکانی ئەو دەڤەرە دەکات کە ڕەوشێکی باش نەبووە بەهۆی هەڵسوکەوتی هۆزەکانەوە:

بـاج و پیتەکـانی زەنگەنە، گیروگرفتی جـاف
هەرچیش کە هاتە ڕێی (هەمەوەند) بردی ساف لە ساف

(پیرەمێرد، ٢٠٠٧: ٢٣٥)

## شێخ نەجمەدینی سابیری (١٨٨١ – ١٩٤٤ز):

ئەم شـــاعیرە خۆی خەڵکی دەڤەری گەرمیانە و ئـاگاداری لە ڕووداوەکانی سەردەمی خۆی بووە لە دەڤەرەکەدا. وا دیارە لەو ناکۆکی و ململانێیانەی لە دەڤەرەکەدا هەبووە، بە تایبەتی لە نێوان عوسـمانی و هەمەوەند، کەسـانێک بە ناوی شـێخ و مەلاوە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

هەوڵی چارەســەریان داوە. ســابیری بەنائومێدییەوە دەڵێت پەند و ئامۆژگاری لای ئەم دوو لایەنە یاساغە:

هەرچەندە قسەی شێخ و مەلا حیکمەت و پەندە

یاسـاغە لەکن تورک زوبان و (هەمەوەند)ـــە

(صابری، ٢٠١٧: ١٦٣)

**٢- هۆزی هەمەوەند لە شیعری فارسیدا:**

لە ئەدەبی فارسیدا ئەوەندەی لە سنووری توێژینەوەکەماندایە و ئەوەندەی دەستمان پێ ڕاگەیشــتووە، وێڕای مەنزوومەی مەســعوودنامە کە ســەرپاکی باســی هۆزی هەمەوەندە، تەنها ئاماژە بە هەمەوەند، لە شــیعرێکی فارســیی (ئەدیب ئەلمەمالیک)یشــدا هاتووە. شــاعیر لە داشــۆرینی (حوســێن قولی خانی مافی)دا کە بەرەگەز لە کوردەکانی لای ســــابڵاغ بوونە. گوایە کۆمەڵێک کەس و هۆزی خراپی نـاو کوردانی لوڕ و لەکی داوەتەبەر خۆی و کاری خراپە دەکات و ئاماژە بە هۆزی (ئەحمەدوەند)یش دەکات. ئەم ئاماژەیەش وەکوو لە مەبەستی شیعرەکە دەردەکەوێت، ئاماژەیەکی نەرێنییە:

| | |
|---|---|
| بینم اندر کوه و دشت این خواجه را | در رکابش ســوخته زار و جاجه را |
| شـەنبە دەشــتی کەریم دەشــتەکی | صــالەح ســەرلەک موراد چولەکی |
| باوە خون ئاغە خدر کاکا صــەفەر | حـاجی بـازونی کوڕ خـاڵو نەظەر |
| قاســم کاشــی حەبیب جوندەقی | قـائـد ئەحمەد خون کورد ئەئی تەقی |
| مەمـو کـاک ئەڵڵا بـرار ئەلاداد | عەودل مەنـکـور کـوڕ ئەلامـوراد |
| ئـان نەریمـان لوڕ و دلـدار کورد | گشــتە حاضــر از برای دســتبرد |
| بـا ســوار زەرگەر و بیرانەوەنـد | چگنی و دلفون و (ئەحمەدووند) و زند |
| مـافی و کـاکـاوەن و نـانیگەلی | میزنـد هم بـا عمر هم بـا علی |

(فراهانی، ١٣١٢: ٦١٩ و ٦٢٠)

**١-٢- هووزی هەمەوەند لە کتێبی (مسعودنامە)دا:**

دەســتنووســی مەســعوودنامە بە ژمارە (IR10-29556) لە کتێبخانەی (مجلس شورای اسلامی ایران) پارێزراوە. یەکێکە لەو سەرچاوانەی باسی جەنگەکانی جوامێر ئاغای هەمەوەند لە دەڤەرەکانی قەسرشیرین و زەهاو لە دژی هەردوو دەسەڵاتی قاجاری و عوســمانی و جەنگی ناوخۆیی هۆزی هەمەوەند دەکات و پیلانەکانی هەردوو دەوڵەت و



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

لەشـکرکێشـییەکانیان بۆ سـەر ئەم هۆزە کە بەشـی هەرە زۆری لەشـکرەکانیان هەر چەکدارانی هۆزە کوردییەکـان بوون. دانەری کتێبەکە ئەگەرچی خۆی لە کوردانی کرماشـان بووە، بەڵام سـەربە دەسەڵاتی قاجاری بووە و ڕووداوەکانی لە دید و لایەنگیری دەســـەڵاتەوە گێڕاوەتەوە. بۆیە بەدڵنیاییەوە ناکرێت چاوەڕوانی ڕوانینی ئەرێنی لە دانەر بکەین. لەم بەشەدا بەپوختی گێڕانەوەی ڕووداوەکان لە زاری دانەوەرەوە بەسەر دەکەینەوە و زیاتر جەخت لەسەر ڕوانینی دانەر دەکەین لەبارەی هەمەوەندەوە.

وەکوو دانەر خۆی بانگەشـــەی کردووە، شـــێوازی کۆنی وەکوو شـــانامەی فیردەوسـی (٩٤٠ – ١٠٢٠ز) بۆ هۆنینەوەی بەرهەمەکەی بەکارهێناوە کە لەسـەر کێشـی بەحری (متقارب)ە:

یکی نـامه ســـازم از این داســـتـان
به آیین گوینــدهء بـاســـتـان

(دێڕ: ١٦٦)

دانەر لە بەشی (ساقی نامە)دا ئاماژە بە ناوی بەرهەمەکەی دەکات و دەڵێت:

به پیوندم از نغز گفتار خویش — مر این نامهء فتح کامد به پیش
ایـا نـامور طبع هوشـــیـار من — ســـخن گو زبـان درر بـار من
کنون در ز گنج سخن باز کن — ز (مسـعودنامه) سـخن سـاز کن

(دێڕ: ٢٠٠ – ٢٠٢)

کۆی لاپەڕەکانی ئەم بەرهەمە (١١٤) لاپەڕەیە و لە (١٥٦٥) دێڕەهۆنراوە پێکهاتووە.

**٢-٢- دانەر:**

میرزا ئەحمەد ئیلهامی (١٢٦٤ – ١٣٢٥ک.م) یەکێکە لە شاعیرانی فارسینووسی کرماشـــان. جگە لەم کتێبە، دوو بەرهەمی دیکەی هەیە بە ناوەکانی، یەکەم: (باغ فردوس) (٢٠،٠٠٠) دێڕەشیعرە. دووەم: (مثنوی حسن منظر) کە بریتییە لە دیوانی چامە و غەزەل و جووتسەروا. (عبدالباقیی، ١٣٩٤: ١)



Zakho Centre for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

### ٣-٢- جوانمێر ئاغای هەمەوەند (١٨١٥ – ١٨٨٧ز):

یەکێکیە لە سەرکردە کەموێنەکانی ئازایەتیی لە مێژووی کورددا، کە هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و قاجاری بە هاوپەیمانیی یەکتر لەناویان برد. لە تەمەنی (١٨) ساڵی سەرلەشکری سوپا بووە دژی هێرشەکانی عوسمانی لە بەرگریی میرنشینی باباندا. لە ماوەی سەرۆکایەتیدا ڕێبەریی (٢٧) جەنگی کردووە کە لە هەموویاندا سەرکەوتوو بووە. سوپای ئەدهەم پاشای والیی بەغدای بە لەشکرێکی (٧) تابوورییە تێکشکاند و خودی پاشای بەدیل گرت کە دواتر ئازادی کرد. هاوکات لەشکری قاجار بە هێزێکی (١٥) هەزار سەربازییەوە لەگەڵ کۆمەڵێک هۆزی دیکەی لە تێکشکاند. قاجارییەکان بە بەڵێنی درۆ توانیان دەستبەسەری بکەن و خۆی سێ هاوەڵی شەهید بکەن. لە کوردستان نزیکەی (١٥) قەڵا و سەنگەر و ئەشکەوت بە ناوی ئەوەوە ناونراون.

لەدوای کوژرانی جوامێر ئاغا، هۆزی هەمەوەند نیوەی هێزی خۆی لەدەست دەدات و دەگەڕێنەوە بۆ بازیان و چەمچەماڵ بۆ دیوی سنووری دەسەڵاتی عوسمانی. لەدوای گەڕانەوە دەسەڵاتی عوسمانی لە ساڵی ١٨٨٦ و ١٨٨٧ز هەمەوەندەکان دەگرن و بڕیاری دوورخستنەوەیان بە ماڵ و منداڵەوە دەدەن بۆ دەرەوەی سنووری کوردستان و لەوەش دوورتر بۆ ئەنادۆڵ و باکووری ئەفریقا. (کەریم بەگ، ٢٠١١: ٩ و ١٠) (وێنەی-٢) بەڵگەنامەی قاجارییە کە لەسەر داوای دەوڵەتی عوسمانی بڕیاری لەناوبردنی جوامێر بدرێت. (واحد نشر، ١٣٦٩: ٦٩٧)

### ٤-٢-پوختەی ناوەرۆک:

ناوەرۆکی ئەم داستانە بریتییە لە چالاکییەکانی جوامێر ئاغای هەمەوەند (١٨٨٠ز) و یاخیبوونی لە دەسەڵاتدارانی ئەوکات لە قاجاری و عوسمانی، کە زیاتر لەسەر سنووری هەردوو دەوڵەت بووە. هەروەها جەنگی (حسام الملک) دژی تیرەی جوامێر و ئەحمەدوەندی چەلەبی. پاشای عوسمانی نامەی بۆ والیی ئەوکاتی کرماشان مەحموود خان (ناصر الملک) نارد تاکوو ئەم تیرەیە سەرکووت بکات. جوامێر و پێڕەوانی کە لە دەڤەری کەرکووکەوە بەرەو سەرپێڵ و دۆڵی ڕێژاو چوون و لەوێ نیشتەجێ بوون. ناصر الملک کە ئاگاداری ئەم هاتنە دەبێتەوە، سوپایەک ئامادە دەکات بە مەبەستی جەنگ دژی ئەم تیرەیە. دانەر هەر لە دوای پێشەکییەوە لە سەرەتاوە بە باسی خراپەی هەمەوەند دەچێتە ناو گێڕانەوەی ڕووداوەکان:



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکولینێن کوردی

نخستین بگو آن گروه شریر
که شد جانشان طعمهء تیغ و تیر
که بودند چون بود هنجارشان
که این جا رسید ستم کارشان
گورهی ز کردان صحرانشین
که بودند از اهل ایران زمین
به کوهی بد از قرمسین جایشان
همه سیه خیه ماوایشان
هماوند بد نام آن قوم زشت
همانند با دیو اندر سرشت

(ل: ٢٨)

ئەم دێڕانە بیرهێنەرەوەی ئەو قسانەی مامۆستاکەیەتی (فیردەوسی) کە لە باسی زوحاکدا کە کورد بە ڕزگاربووانی دەستی چێشتلێنەرەکانی مارەکانی سەرشانی زوحاک دەزانێت، لەبارەی کوردەوە دەڵێت:

خورشگر بدیشان بزی چند و میش
سپردی و صحرا نهادند پیش
کنون کرد از آن تخمه دارد نژاد
که ز آباد ناید به دل برش یاد

(فردوسی، ١٣٩١: ٣٧)

دانەر دیسانەوە پاش ئەوەی کۆمەڵێک سیفەتی ناشیرین دەداتە پاڵ هەمەوەندەکان، بە پوختی ئاماژە بە ڕابردوویان دەکات کە بە هۆی ناکۆکییەوە بوونەتە دوو بەرە:

به تاراج و به دزدی برآورد نام
نجسته بجز رهزنی هیچ گام
نبد کارشان غیر خون ریختن
به همسایگان اندر آویختن
به صد سال از این پیش با
به بدکاره کوشش نهادند سر
چو کشتند از هم بسی آن
بشد نیمی از نیم دیگر ستوه
از آن نیم شد سست پای قرار
گرفتند در پیش راه فرار
گریزان برفتند تا مرز روم
که بودند نزدیک آن مرز و بوم
در آنجا که خوانی ورا شهرزور
نشستند با فکر و دستان و زرو
گرفتند نیز اندر آنجا به
همان پیشهء زشت و کردار
که دشوار از مردم بد سرشت
نگردد جدا خوی و هنجار زشت
به هرجا که کردند جای
به مال کسان برگشادند دست

(ل: ٢٩)

جوامێر زانی ناتوانێت بەرەنگاری ببێتەوە، بۆیە بیری لە چارەسەرێک کردەوە. بۆ ئەم مەبەستە خۆی گەیاندە لای ناصر الملک و داوای لێخۆشبوونی لێ کرد و داوای



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوە کوردی

لی کرد مۆڵەت بدات لە کرماشـــان نیشـــتەجێ بێت. ئەویش داوای پەســـند کرد بەو مەرجەی بچێت بۆ لای (ظل السـطان) کوڕی (ناصـرالدین) شـای قاجاری، فەرمانڕەوای، کوردسـتان (سـنە)، لوڕسـتان، خوزسـاتن، کرماشـان و هەمەدان بوو، بەڵکوو ئەو مۆڵەت بدات و لاریی نەبێت لە نیشـتەجێبوونی جوامێر لە کرماشـان. جوامێریش چوو بۆ لای و داوای لێخۆشبوونی کرد لە کارە ناپەسندەکانی لە ڕابردوو و داوای نیشتەجێبوونی کرد. ظل السلطان، پۆزشەکەی پەسند کرد و وتی لە قەسرشیرین نیشتەجێ ببێت و هەروەها ساڵانە شەش هەزار زێڕی ناسریی بۆ بڕییەوە بۆ ڕاییکردنی بژێو و کاری کشتوکاڵی بۆ خۆی و پێڕەوانی. هەروەها بڕێک زەویی کشتوکاڵیی خستە بەردەستیان تاکوو خەریکی کاری خۆیان بن، بەڵام لە ئەگەری سەرپێچیکردن سزا دەدرێن.

بە فەرمانی ناسرەدین شا، ناصرالملک ڕەوانەی شاری ڕەی کرا و لەجیاتی ئەو، حسام الملک میرتومان کرا بە فەرمانڕەوای کرماشـان. حسـام الملک جوامێری بانگ کرد بۆ لای خۆی و ئامۆژگاریی کرد کە واز لە کـاری خراپە بهێنێت و ئیتر کـاری باش بکات. جوامێر بە ڕوواڵەت خۆی بە گوێڕایەڵی ئەو پیشـان دا، بەڵام دەسـتی کردەوە بە کاری خراپە و تاڵانیی خەڵک و ڕووتاندنەوەی کاروانی حاجییەکان و زیارەتکاران و کارە ناپەسـندەکانی خۆی دەخسـتە ئەسـتۆی خێڵەکانی دیکەوە و بە سـوێندی درۆیینە کارە خراپەکانی دەشـاردەوە. جوامێر دەیگوت لەبەر ئەوەی عوسـمانییەکان دوژمنیانن، ئەو کارانە دەکەن تاکوو ئابڕووی ئێمە ببەن. چونکە تیرەی هەمەوەندەکان لە ئەودیوی سـنووری عوسـمانییەکان بوون و دەسـتەیەکیان سـتەمکار و تاڵانچی بوون. جوامێر وای پیشـــان دەدا کە ئەم تاڵانییە کاری ئەو پێڕەوانی نییە. بەڵکوو تیرەی دیکە هەن کە کـاری خراپە دەکەن و دەیخەنە ئەســـتۆی جوامێر و پێڕەوانی. ئەمانەی دەگوت تاکوو پاشا لەو تیرانەی دی تووڕە ببێت و سەرکووتیان بکات.

پاش ماوەیەک حسـام الملک، ظل السـلطانی لە کارە خراپەکانی جوامێر ئاگادار کردەوە و نامەی بۆ نووســی و داوای ڕاوێژی لێ کرد کە  چی لەگەڵ جوامێر بکات؟ ظل السلطان فەرمانی سـەرکووتکردنی جوامێری دەرکرد و ئەمە لەکاتێکدا بوو کە لەو ماوەیەدا جوامێر (٤٠٠) کەسی لە پێڕەوانی خۆی لە دیوی سنووری عوسمانی لە دەوری خۆی کۆکردبووەوە:

| | |
|---|---|
| به هرجا یکی مرد بـد بـدنهـاد | بیـاورید و نزدیـک خود جـای داد |
| به هرجا یکی مرد بـد بـدنهـاد | بیـاورید و نزدیـک خود جـای داد |
| ز خیـل همـاونـد دزدان شـــوم | کـه بودند پرکنده در مرز و بوم |


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکولینێن کوردی

یکایک به ایران نهادند روی ببستند خود را بدان زشتخوی
به اندک زمان چار صد زشت نهانی به اطراف خود گردد کرد

(ل: ٥٨)

فەقێ قادر و پێڕەوانی کە دەستەیەکی دیکە بوون لە تیرەی هەمەوەندەکان، لە دەسەڵاتی عوسمانی یاخی بوون و ڕوویان کردە دیوی دەسەڵاتی قاجاری و لەگەڵ جوامێر یەکیان گرت. سوڵتانی عوسمانی نامەی بۆ شای قاجاری نارد و باسی سەرکێشیی هەمەوەندەکانی لە دیوی دەسەڵاتی عوسمانیدا کرد. داوای لە ناسرەدین شا کرد سەرکووتیان بکات. ناسرەدین لە وەڵامدا وتی: زاتی خراپەی ئەمانە ڕوو ناکاتە چاکە. کاتێک جوامێر چووبوو بۆ دەرگای شا و داوای لێخۆشبوونی لێ کردبوو. ظل السلطانیش داوای لە باوکی کرد لێیان خۆش بێت و شاش لەبەر دڵی کوڕەی، لێیان خۆش بووبوو. بەڵام لەبەر ئەوەی ئێستا لە بەڵێنی خۆی سەرپێچی کردووە، دەبێت سەرکووت بکرێن و سزا بدرێن.

به هرجا یکی مرد بد بدنهاد بیاورید و نزدیک خود جای داد
جوانمیر بد گوهر نابکار همان گوهر بد نمود آشکار
به ما بود روشن همی از که آن دیو را نیست پیمان دوست
ولیکن چو فرزند از ما که هر خواهشش در بر ما رواست
بدادیم او را بدان ملک و راه زر و خلعت و پایه و دستگاه

(ل: ٦٦)

دانەر لە هەر شوێنێک بیەوێت باسی جوامێر و هۆزی هەمەوەند بکات، سەرەتا سیفەتێکی ناشیرینیان دەداتە پاڵ ئینجا باسەکەی دەکەت:

جوانمیر زشت اختر بد نهاد بدیشان در جهانی گشاد

(ل: ٦٣)

لەلایەن ظل السلطانەوە نامەیەک بۆ حسام الملک ڕەوانەکرا بۆ لەناوبردنی هەمەوەندەکان. لەسەر ئەو بنەمایەی کە فەرمانڕەوای کرماشان بە هزری خۆی لەناوبردنی جوامێر چارەسەر بکات و ڕێگای هەڵاتنی لی بگرێت. حسام الملک کە لەلایەن ظل السلطانەوە ڕاسپێردرابوو تا جوامێر و چەکدارەکانی لەناوببات، بڕیاری دا بەجۆرێک بجووڵێتەوە کە جوامێر ئاگاداری نیازی ئەو نەبێت. بەوجۆرە نامەی بۆ جوامێر



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوە کوردییەکان

نـارد کـە دێن بۆ جەنگی ئەو کوردانەی لە کەرکووکەوە هـاتوون و داوای لێ کرد دەبێت هاوکارییان بکات. بەوجۆرە فریویان بدات و سەرکووتیان بکات.

سەرەتا خانعەلی خا یاوەری فەوخی شەشەم لەلایەن حسام الملکەوە لە پێشەوەی سـوپاوە دارا لە زسـتانێکی سـەختدا بەرەو زەهاو بەڕێکەوتن. دوای گەیشـتنی حسـام الملک بۆ زەهاو، جوامێر لە مانەوەی ئەم سـوپایە لە زەهاو ئاگادار بووەوە بۆ دۆزینەوەی چارەسـەرێک ڕاوێژی لەگەڵ پێرەوانی خۆی کرد و بڕیاری دا لە ڕێگای خەزوورییەوە (میهرعەلی خان)، نامەیەک بۆ حسـام الملک بنووسـێت و ویسـتی خۆی دەربخات و ئامادەیی خۆی بۆ خزمەتی فەرمانڕەوا دەرببڕێت، بەڵکوو وڵامی باش بداتەوە و بچێت بۆ لای. بەڵام ئەگەر وا نەبوو، ئەوا دەبێت ئامادەی جەنگ بن. بەوجۆرە بوو کە حسـام الملک وڵامی دانەوە و وتی با بێن، بەڵام ئەگەر سەرپێچی بکەن ئەوا سزا دەدرێن.

جوامێر بە شـۆڕزەییەکی زۆرەوە لەگەڵ (٢٠٠) کەس لە پیاوەکانی بەرەو ئوردووی حسـام الملک کەوتنەڕێ. پیاوەکانی کەمیان دانا و ئەویش بە تەنیا چوو بۆ لای حسام الملک. ئەگەر جوامێر فریو بدات، بە ئاماژەیەکی ئەم، هێرشیان بکەنە سەر. بەڵام وا نەبوو و فەرمانڕەوا ئەوی پەسند کرد و ڕایسپارد جەنگی کوردانی کەرکووک بکەن کە خزمی خۆیان بوون:

| | |
|---|---|
| به هرجا یکی مرد بد بدنهاد | بیاورید و نزدیک خود جای داد |
| بگویم ترا راز خود بیش و کم | به من رفته فرمان ز شاه عجم |
| که از مرز کرکوک مردی | دلیر سرفراز کرد سترگ |
| فقیه است و دانشور و رهنمون | سرواش فراوان و خیلش فزون |

(ل: ١٠٧)

دانەر لێرەدا نەیتوانیوە خۆی لە پەسـنی چاکەی فەقێ قادر بدزێتەوە. ئەمە ئەو ڕاسـتییە دەردەخات کە لەناو ئەم هۆزەدا بەها و کەسایەتیی بەرز و باش هەبووە.

حسام الملک بەرەو قەسرشیرین بەڕێ کەوت و ئینجا داوای لە جوامێر کرد و وتی دەبێت جەنگی ئەو کوردانە کە لە خزمانی خۆتن، بکەیت و لە سنووری دەسەڵاتی قاجاری دەریان بکەیت و ڕادەستی دەسەڵاتی عوسمانییەکانیان بکەیتەوە. داوای لی کرد لێ کرد واز لە هەست و سۆزی خزمایەتییان بهێنێت:

| | |
|---|---|
| تو خویشی به همراه آن مردمان | که هستی به گوهر از آن دودمان |
| دل از مهر و پیوند ایشان بشوی | به فرمان شه راه کوشش بپوی |

(ل: ١١٢)

جوامێر ئەمەی پەسند کرد، بەڵام لەگەڵ پیرەوانی خۆی دانیشت و بڕیاری دا بە ڕوواڵەت لەگەڵ کوردانی خزمی خۆی دەجەنگن، بەڵام لەژێرەوە ڕێکدەکەون و تەنها ڕاویان دەنێن. حسام الملک داوای لە جوامێر کرد (حەسەن کوڕی ڕەحیم) لە تیرەی هەمەوەند دەستگیر بکات. جوامێریش ئیسماعیل خانی برای و عەزیز بەگی شەرەفبەیانیی ڕاسپارد ئەو ئەرکە ئەنجام بدەن. ئیسماعیل کەسێکی ڕاسپارد کە حەسەن ئاگادار بکاتەوە و خۆی دەرباز بکات، چونکە سوپای ئێمە بۆ جەنگی ئێوە دێت. حەسەن هەڵات و سوارەکانی حسام الملک هەواڵی هەڵاتنەکەی حەسەنیان پێ گەیاند. ئەمیش بە فێڵەکەی ئیسماعیلی زانی و زیندانیی کرد:

| | |
|---|---|
| سپهبد شد آگاه از کارشان | وزان حیلت و زشت هنجارشان |
| اسماعیل را گفت ای نابەکار | حرامت شود نعمت شهریار |
| برآنی نیم آنگه از بند تو | ببرم کنون بند از بند تو |

(ل: ١١٦)

شامورادخانی ئەحمەدوەند لەلایەن حسام الملکەوە ڕاسپێردرا بۆ جەنگ دژی حەسەن. حەسەن بە دەستی ئەو کوژرا و سەریان بردەوە بۆ حسام الملک. شامرادخان گەڕایەوە بۆ لای ئەمیر. ئەمیر ئافەرینی لێ کرد بۆ ئازایەتییەکەی و سەری حەسەنی دا بە جوامێر تاکوو بینێژێت. جوامێر بەم ڕووداوە زۆر دڵگران و پەرێشان بوو.

| | |
|---|---|
| به نزدیکی باره زشتخو | نگه داشتند سر کینەجو |
| جوانمیر زان کار شد روی زرد | به نزد سپهبد بسی لابه کرد |
| ستاند آن سر و در نهفتش به خاک | جهان گشت از آن مرد ناپاک پاک |

(ل: ١٢٤)

حسام الملک جوامێری ڕاسپارد تا لەگەڵ بەشێک لە فەوجی گۆران بڕۆن بۆ جەنگ دژی سوارەکانی فەقێ قادر. جوامێر کەوتە جووڵە و تێکشکاندن و سەرکردانیانی ڕادەستی عوسمانی کرد. جوامێر لەگەڵ پیاوەکانی بڕیاریان دا شەو هێرش بکەنە سەر ئوردوی حسام الملک و هەموویان بکوژن و ئاگریان تێ بەردەن:

| | |
|---|---|
| چنین گفت دژزیم حیلت سگال | که ای پهلوانان با برز و یال |
| چو از شب زمانه شود قیرگون | درآید یکسر به زین هیون |
| به اردوی دشمن شبیخون کنید | زمین را ز خون چون طبر خون کنید |



Zakho Centre for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

(ل: ١٣٥)

یەکێک لە خۆیان هەواڵی دا بە حسام الملک. ئەمان کەوتنە خۆیان و گەمارۆیان دان:

| | |
|---|---|
| گروهی پیاده گروهی سوار | برفتند زی صفدر نامدار |
| جوانمیر آن بد نژاد پلید | چو میر مهین را به سنگر بدید |
| به همراه یاران بد روزگار | همه غرق در آلت کارزار |
| برون آمد از باره چون پیل مست | بیامد بر میر یزدان پرست |
| به همراه یاران بد روزگار | همه غرق در آلت کارزار |
| برون آمد از باره چون پیل مست | بیامد بر میر یزدان پرست |

حسام الملک دوای ئەوە هێرش سەکاتە سەر قەڵای جوامێر و داگیری دەکات. ژن و پیاوەکان بەدیلل دەگرن و قەڵاکە تاڵان دەکەن. ژن و کچەکان ڕادەستی کوێخای قەسرشیرین دەدەن.

حسام الملک، مەحموودخانی سەنجاوی ڕادەسپێرێت بۆ گرتنی براکەی جوامێر لە سەرپێڵ زەهاو، مەحموودخان بەو ئەرکە هەڵدەستێت و سەری ئەو دێنێتەوە. لەکاتێکدا سوپای هەمەوەند هەموو هەڵاتبوون و لەنێوچووبوون.

کەلبعەلی خان کشیکچی باشی سەرتیپی خێڵی زەنگەنە لەلایەن حسام الملکەوە ڕادەسپێردرێت بۆ جەنگ دژی جافەکانی موردای، ئەویش تێکیاندەشکێنێت و سەرانیان بەدیل هێنران بۆ حسام الملک. لەلایەن ناسرەدین شاوە تێلگراف بۆ حسام الملک کرا تا جوامێر و پیاوەکانی بکوژن و سەریان ڕەوانەی دەربار بکەن:

جوانمیر و یاران او را به تیغ
ببر سر ز کشتن مفرما دریغ

(ل: ١٥٩)

حسام الملک لە دوای تێلگرافەکەی شا، بڕێک لە دیلەکانی هەمەوەندی ڕادەستی عوسمانییەکان کرد و بڕێکیشیانی لەگەڵ خۆی برد بۆ کرماشان و ژنان و دیلەکانی دیکەی ڕادەستی کوێخای قەسرشیرین کرد. هەروەها سەری دژبەرەکانی لەگەڵ خۆی بردەوە بۆ کرماشان کە بووە هۆی خۆشحاڵی خەڵکی شار. دیلەکانی هەمەوەند بە فەرمانی حسام الملک کوژران و سەریانیان نارد بۆ ظل السلطان بۆ ئیسفەهان.

دانەر لەدوای گێڕانەوەی ڕووداوەکان، ئاماژە بە ساڵی نووسینەوەی بەرهەمەکەی دەکات و کۆتایی بە کتێبەکەی دێنێت.



Zakho Centre for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینێن کوردی

**ئەنجام:**

١. هۆزی هەمەوەنـد کە هـۆزێـکـی کـوردن، لە سـەرەتـای سـەدەی ١٩ز بەهـۆی چالاکییەکانیانەوە لە یاخیبوون لە دەسـەڵاتی عوسـمانی و قاجاری، و ململانێیەکانیان لەگەڵ هۆزەکانی دیکە، دەرکەوتن و ناوبانگیان بڵاوبووەوە.

٢. دەرکەوتنی هۆزی هەمەوەند لە ڕووداوەکانی گۆڕەپانی کوردسـتاندا، بەشـێوەیەکی فراوان ڕەنگی داوەتەوە لە بەڵگەنامەکان و کتێبە مێژووییەکان و گەشـتنامەی بیانییەکان و لەوانەش سەرچاوە شیعرییەکان.

٣. ڕەنگدانەوە و وێنەدانەوەی مێژوو و چالاکییەکانی هۆزی هەمەوەند، بەزۆری بە ڕووانینی نەرێنییانەوە بووە بۆ ئەم هۆزە، واتە بە زۆری باسی خراپەی ئەم هۆزە دەکرێت و وێنەیەکی ناشیرینی پێ دراوە. تەنانەت لە سەرچاوە خۆماڵییەکانیشدا.

٤. بەڵام سـەرچاوە شـیعرییە کوردییەکان لە باسـی هۆزی هەمەوەندا، دوو دەسـتەن، دەستەیەک بە ڕووانینی نەرێنییەوە باسیان دەکەن و دەستەیەک بە ڕووانینی ئەرێنییەوە. دەستەی یەکەم تا ئاستێک شاعیری زمانحاڵی هۆزی خۆیەتی و دەستەی دووەم شاعیرانی نەتەوەیین.

٥. وێڕای ئەو هەمووە هەوڵە بۆ ناشـیرینکردنی ئەم هۆزە، بەڵام هەم لە نێوخۆ و هەمیش بێگانە نەیانتوانیوە خۆیان لە پەسنی چاکەیان ببوێرن.

٦. کتێبی دەستنووسی (مەسعوودنامە) یەکێکە لەو سەرچاوە مێژووییانەی کە بە شێوازی شـیعر و بە زمانی فارسـی، ڕووداوەکانی سـەردەمی دەرکەوتنی جوامێر ئاغای هەمەوەند دەگێڕێتەوە تا لەناوبردنی. چونکە لە دیدی نەیارەوە نووسـراوەتە، زۆرترین ئەدگاری ناشیرینی داوەتە پاڵ سەرکردە و هۆزی هەمەوەند.

٧. لەبەر ئەوەی دانەر بە شـێوازی فیردەوسـی بەرهەمەکەی هۆنیوەتەوە، بۆیە هەموو ئەو ئەدگارە ناشیرنانەی فیردەوسی بەکاریهێناوە بۆ وەسفی دوژمانی ئێران و دێوەکان، لە مەسعوودنامەدا دژی جوامێر ئاغا و هۆزی هەمەوەند و تەنانەت کوردیش بەکارهێنراون.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

## ئەلبوومی بەڵگەنامەکان:



وێنەی-١: نموونەی لاپەڕەیەک لە دەستنووسی (مسعودنامە) باسی دۆخی هۆزی سەرکێشی هەمەوەند چەلەبی.



وێنەی-٢: بەڵگەنامەی بڕیاری لەناوبردنی جوامێر ئاغا و دوورخستنەوەی هۆزی هەمەوەند لە ئەرشیفی قاجاریدا.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی



دولیه‌نك نه‌دن عبارت اوله‌جغی سؤال یولنده اوستریه حكومتی طرفندن روسیه‌یه نوطه كوندرلمش . فقط هنوز بونك جوابی آلنه‌مامشدر .

## ولایات

حكومت سنیه جانب عالیسندن بلغارستان هیئت حاضره‌سنه خطاباً واقع اولان تبلیغات اخیره بلغارستان ارباب اموریی بیوك تردد ایچنده براقمشدر . برطاقی رد ایله جواب ویرلمسنی تكلیف وتوصیه ایتدكلری حالده بوكبی حركتك نتایج وخیمه‌سندن خوف ایدن اكثریت نه‌یاپه‌جغنی شاشیروب قرار قطعی ویرمكدن عاجز قالمشدر . فقط هرحالده شرائط درمیان اولنمقسزین پرنس فردیناند فدا ایدلیه‌جكی اقوای احتمالاتدندر .

— بلغارستان امارتی باب عالی طرفندن شرقی روم ایلی حدودنده كمرك قوردونلرینك تشكیلنی امر ایدنجه كندوسی قوردونلری قالدیرمشدر . بلغارلرك بونمایشلری جدی ایسه شمدی‌یه قدر بوتدبیره مراجعت اولنمدیغنه بحق تأسف اولنور .

— بلغارستان هیئت حاضره‌سنك كله‌جك بش سنه‌نك ویركوسنی بردن وپشیناً اخذ ایتمك تشبثنده

— موصل ایله شهرزور اره‌لرنده‌كی قطعهٔ جسیمه‌نك همه‌وند عشیرتنك تجاوزات جنایتكارانه‌لرینه هدف اولدیغی ایشدلمكده‌در . یارم ایش كورمك ایله هیچ كورمامك بیننده بیوجك فرق اولمدیغی بونكله‌دخی ثابت اولدیغندن مأموریت مخصوصه ایله تكرار اوطرفه كیده‌جك اولان دولتلو اسماعیل حقی پاشا حضرتلرینك قاعدهٔ مذكوره‌یه لازم كلانلره بودفعه تطبیق حركت ایتدیره‌جكی قویاً مأمولدر .

— همه‌وند عشیرتنك تجاوزات جدیدهٔ طاقت فرساسی حقنده كركوكدن الدیغمز ورقهٔ مخصوصه‌ده صوك بر بچق آی ظرفنده صلاحیه قضاسی داخلنده درت پاره قریه یاقیلوب یقلدیغی واون قدر كاربان اورلدیغی ویوزه قریب آدم تلف ایدلدیكی خبر ویریلیور . بروقتدن برو موصل ایله سلیمانیه بیننده‌كی یولدن آدم كچه‌میور ایمش .

— انطالیه‌ده ظهور ایدن صغر وقیون خسته‌لكی حكومت سنیه‌نك نظر دقتنی جلب ایتمش اولدیغندن تدابیر مقتضیه‌نك همان اتخاذی مجزومدر .

— استانكوی جزیره‌سنده مدنیت عتیقهٔ یونانیه‌یه متعلق بعض آثار عتیقه‌نك كشف اولندیغی بیان اولنیور .

وێنەی-٣: باسی هۆزی هەمەوەند لە ڕۆژنامەیەکی تورکیی سەردەمی عوسمانیدا.




وێنەی-٤: دەڤەری نشیمەنی هۆزی هەمەوەند لە سەرچاوەیەکی بەریتانیدا.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی



SIMLA RECORDS.

1887

FOREIGN DEPARTMENT.

EXTERNAL A.

Pros. June 1887, Nos. 17–19.

Proceedings of the Turks against the Hamawand Kurds on the Perso-Turkish frontier.

ARCHIVES OF INDIA

وێنەی-٥: لاپەڕەی یەکەمی ڕاپۆڕتێکی ئینگلیزەکان لەبارەی هۆزی هەمەوەندەوە کە مێژووی ساڵی ١٨٨٧ی زایینی لە سەرە.



وێنەی-٦: فۆتۆی جوامێر ئاغا و ژمارەیەک لە هاوەڵانی.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی



وێنەی-٧: بەڵگەنامەیەکی عوسمانی بە زمانی تورکی لەبارەی هۆزی هەمەوەندەوە.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینێن کوردی

## سەرچاوەکان:

### کوردی:


١. پیرەمێرد، حاجی تۆفیق. (٢٠٠٧). دیوانی پیرەمێردی نەمر، کۆکردنەوە و پەراوێزنووسینی: محمد رسول (هاوار). سلێمانی: چاپخانەی شڤان – ژ: ٢٥.

٢. پیرەمێرد، حاجی تۆفیق. (٢٠٠٧). سەرجەم پەندەکانی پیرەمێرد، ب(١-٢-٣) کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی: فائق هوشیار، مستەفا ساڵح کەریم، مەحموود ئەحمەد محەمەد، محەمەد نووری تۆفیق، ئەحمەد زرنگ. سلێمانی: چاپخانەی شڤان.

٣. تاڵەبانی، شێخ ڕەزا. (٢٠١٠). دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، ساغکردنەوە شەرحی، شوکر مستەفا. هەولێر: بڵاوکراوەی ئاراس- ژ: ٩٩٩.

٤. حەمدی، ئەحمەد بەگ. (٢٠١٣). دیوانی حەمدی، ئامادەکردنی عەبدوڵڵا خدر مەولوود. چ٥. هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

٥. خۆشناو، هێمن عومەر. (٢٠٢١). فەقێ قادری هەمەوەند لە بەڵگەنامەی عوسمانی و قاجاریدا. سلێمانی: دەستنووسخانەی زانکۆی سۆران – ژ: ٣٢.

٦. جرارد، ماتیگۆ گیلبێرت. (٢٠٢١). سەفەرێک بە نێو کوردستاندا زستانی ١٨٨١ – ١٨٨٢. وەرگێڕانی کەمال حەسەنپوور. سنە: وەشانخانەی مادیار.

٧. ڕێتۆری، ژاک. (٢٠٠٨). گەشتنامەی مسیۆنێرێک بۆ ناوچەکانی کەرکووک و سلێمانی ساڵی ١٨٧٨، وەرگێڕانی نەجاتی عەبدوڵڵا. سلێمانی: بنکەی ژین-ژ: ٩٨.

٨. سۆن، مێجەر ئی. بی. (٢٠٠٧). چەند سەرنجێک دەربارەی هۆزەکانی کوردستانی خواروو. وەرگێڕانی نەجاتی عەبوڵڵا. سلێمانی: بنکەی ژین – ژ: ٦٩.

٩. سۆن، مەیجەر ئی. بی. (٢٠١٨). گەشتێک بۆ میسۆپۆتامیا و کوردستان لە بەرگی نادیاردا لەگەڵ تێبینییەکان لەبارەی تیرە و خێڵەکانی کورد و کلدانەکانی کوردستانەوە. وەرگێڕانی مینە. سلێمانی: بڵاوکراوەی کتێبخانەی یادگار.

١٠. صابری، شێخ نەجمەدین. (٢٠١٧). دیوانی صابری ١٨٨١ – ١٩٤٤ز. محمد طیب. چ٤. سلێمانی: کتێبخانەی الحفید.

١١. قەرەداغی، محەمەد عەلی (٢٠١١). بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە، ب٦، هەولێر: بڵاوکاراوەی ئاراس-ژ: ١١٧٤.

١٢. قانع، محەمەد کابولی. (٢٠١٤). دیوانی قانع شاعیری چەوساوەکانی کوردستان، کۆکردەنەوەی بورهان قانع. سنە: پەخشانگای پانیزە.

١٣. عبدالبقایی، نفیسه السادات. (١٣٩٤). نسخهء خطی فتح نامه حسام الملک اثر احمد کرمانشاهی (بررسی حوادث تاریخی)، مجموعهء مقالههای دهمین همایش بین المللی ترویج زبان و ادب فارسی. اردبیل: دانشگاه محقق اردبیلی.

١٤. غەفوور، میرزا. (١٩٩١). دیوانی میرزا غەفوور ١٨٧٠ – ١٩٣٨ز، ئامادەکردنی عەبدوڵڵا ئاگرین. بەغداد.

١٥. کاکەیی، میرزا خەلیلی منەوەر. (٢٠٠٦). دیوانی میرزا خەلیلی منەووەری کاکەیی ١٨٧٨ – ١٩٢٣ز، کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی هەردەوێڵ کاکەیی. هەولێر: بڵاوەکراوەی ئاراس – ژ: ٤٤١.

١٦. کەریم بەگ، دارا. (٢٠١١). هۆزی هەمەوەند لە ژیانی ئاوارەییدا. سلێمانی: چاپخانەی شڤان.

١٧. کۆیی، حاجی قادر. (١٣٩٠). دیوانی حاجی قادری کۆیی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی: سەردار حەمید میران و کەریم مستەفا شارەزا. سنە: بڵاوکراوەی کوردستان.

١٨. لۆیمەر، جۆن گۆردن. (٢٠٢٠). سەفەرنامەی جۆن گۆردن لۆیمەر بۆ باشووری کوردستان نیسان و مایسی ١٩١٠. وەرگێڕانی ڕەوەند سەباح. سۆران: دەستنووسخانەی زانکۆی سۆران – ژ: ٢٥.

١٩. مەلا موحەمەد، مەحوی. (١٣٩٠). دیوانی مەحوی، مەلا موحەمەدی مەلا عوسمانی باڵخی، لێکۆڵینەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و موحەمەدی مەلا کەریم. تهران: نشر: آنا.

٢٠. مودەڕیس، مەلا عەبدولکەریم و فاتیح عەبدولکەریم. (٢٠٢١). کۆمەڵە شیعری فەقێ قادری هەمەوەند. ئامادەکردن و ڕێکخستنەوەی: کاروان عوسمان خەیات. هەولێر: دەستنووسخانەی زانکۆی سۆران و نووسینگەی تەفسیر. زنجیرەی گەنجینەی ئەدەبیاتی کوردی کۆن و نوێ (٦).

**فارسی:**

٢١. الهامی، میرزا احمد. (قرن ١٣هـ . ق). کتاب خطی (مسعودنامه). تهران: کتابخانه مجلس شورای اسلامی ایران.

٢٢. قطب، شێخ محمود. (سەدەی ١٩ز). دەستنووسی کتێبی (الاشرافیه) یان (بحر الانساب). بەغداد: دار المخطوطات العراقیه، ژمارە دەستنووس: ٣٨٦١٦.

٢٣. واحد نشر (١٣٦٩). گزیده اسناد سیاسی ایران و عثمانی ١٢٧١ – ١٣١٣ دوره‌ء قاجاریه، ج٢. تهران: دفتر مطالعات سیاسی و بین المللی.

٢٤. جاف، کریم بیگ فتاح بیگ. (٢٠١٢). تاریخ جاف. ترجمه و حواشی و تعلیقات: علی سلطانی. اربیل: انتشارات آراس.

٢٥. فراهانی، میرزا صادقخان امیری ادیب الممالک. (١٣١٢). دیوان کامل. به تدوین و تصحیح و حواشی وحید دستگردی. تهران: مطبعه ارمغان.

٢٦. فردوسی، ابوالقاسم. (١٣٩١). شاهنامه. پژمان پورحسن. تهران: ١٣٩١.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ فەکولینێن کوردی

## قبيلة هموند بين الشعر الكردي والفارسي

## الشعر الكردي الكلاسيكي ومسعودنامه على سبيل المثال


**الملخص:**

تاريخ القبائل جزء من تاريخ الأمم. وينطبق هذا بشكل خاص على تاريخ الشعب الكردي، لأنه حتى الآن يتكون الشعب الكردي من عدد كبير من القبائل، التي لعب بعضها دورا رئيسيا في تاريخ كردستان وحتى خارج جغرافية كردستان. مثل قبيلة الهذاباني بقيادة صلاح الدين الأيوبي. قبيلة هموند هي إحدى القبائل الكردية التي ظهرت بشكل ملحوظ في القرن التاسع عشر وكان لها تأثير كبير في شرق وجنوب كردستان بسبب نشاطها. إلى حد ما، ينعكس ذلك في السجلات. مثل: الوثائق والكتب التاريخية و الرحلات والصحف والتقويمات. وهكذا الشعر أحد من المصادر.

ويعد كتاب مسعودنامه المكتوب بالشعر وباللغة الفارسية أحد المصادر التي تحكي بشكل عام عن جزء من تاريخ هموند. تتم إعادة كتابة السرد من وجهة نظر الآخر الخصم، لذا فهو ليس سردا محايدا. وبالإضافة إلى هذا الكتاب، سيناقش هذا البحث أيضا قبيلة هموند في المصادر الشعرية الكردية والجوانب الإيجابية والسلبية لآراء الشعراء الكرد حول هذه القبيلة.



**الكلمات الدالة:** *قبيلة هموند، جوامر آغا، الشعر الكردي، مسعودنامة.*

## Hamwand tribe between Kurdish and Persian poetry

## Classical Kurdish poetry and Mas'udnameh, as example

**Abstract:**

The history of tribes is part of the history of nations. This applies in particular to the history of the Kurdish people, because until now the Kurdish people consist of a large number of tribes, some of which have played a major role in the history of Kurdistan and even outside the geography of Kurdistan. Such as the Hazabani tribe, led by Saladin Al-Ayyubi. The Hamawand tribe is one of the Kurdish tribes that appeared significantly in the 19th century and had a great influence in eastern and southern Kurdistan due to its activity. To some extent, this is reflected in the records. Such as: documents, historical books, travel stories, newspapers, and calendars. One of these sources is poetry.

The Mas'udnameh, written in poetry and in the Persian language, is one of the sources that generally tells part of the history of Hamawand. The narrative is rewritten from the point of view of the opposing other, so it is not a neutral narrative. In addition to this book, this research will also discuss the Hamawand tribe in Kurdish poetic sources and the positive and negative aspects of Kurdish poets' opinions about this tribe.

**Keywords:** *Hamawand tribe, Jiwamer Agha, Kurdish poetry, Mas'udnameh*

Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

# كاریگەرییا هزرێن عەشیرەتگەری دناڤ دیاردێن جڤاكیدا و ڕەنگڤەدانا وان د فۆلكلۆریدا
## (حەیرانۆك وەك نموونە)

جەمیل محەمەد ئەنوەر (جەمیل شێلازی)
دهۆك- هەرێما كوردستانێ/ عێراق

**پوختە:**

فۆلكلۆر ئەو گەنجینەیە یا هەتا نهۆ ب دروستی نەهاتییە هەلشكافتن و ڤەدیتن، كا چ دناڤا وێ گەنجینێدا هەیە، سەرەرایی كو پڕانییا فۆلكلۆرێ مە قۆناغا كومكرنێ و چاپكرن و بەلاڤكرنێ دەربازكرییە، لەو ئەڤرۆ قۆناغا ڤەكۆلین ل سەر وێ گەنجینا هە زۆر یاگرنگە، كو كەسێن شارەزا و ئەكادیمی دەست ب ڤەكۆلین و خواندنێن ڕەخنەیی بۆ وان بەرهەمان بهێتە كرن د هەمی بیاڤەكیدا و لایەنێ ئەرێنی و نەرێنی بهێتە خۆیاكرن و د تەرازیا ڕەخنێدا بهێتە هەلسەنگاندن و پیڤان، دا سەنگ و گرنگییا وێ گەنجینێ بهێتە زانین بۆ ڕەخنەگر و بەرەبابێن مە یێن پاشەڕۆژێ.

ئەڤ ڤەكۆلینە ب ناڤێ (**كاریگەرییا هزرێن عەشیرەتگەری دناڤ دیاردێن جڤاكیدا و ڕەنگڤەدانا وان د فۆلكلۆریدا (حەیرانۆك وەك نموونە)**)، هاتییە بەرهەڤكرن، ئەڤ ڤەكۆلینە گرنگییێ ب لایەنێ كاریگەرییا هزرا عەشیرەتگەری دناڤ دیاردێن جڤاكیدا و ڕەنگڤەدانا وان دناڤ فۆلكلۆریدا ددەت، كا چاوان هزرا عەشیرەتگەری ل سەر مێشكێ تاكێ كورد زالبوویە و بوویە سەدەمێ چوونا وێ بۆ ناڤا جەرگێ دیاردێن جڤاكی و پاشی ڕەنگڤەدانا وێ كاریگەرییا هە دناڤ فۆلكلۆرێ كوردیدا، نەخاسمە ئەڤ هزرێن هە دوو لایەنینە (ئەرێنی و نەرێنی)، ڕەنگە پڕانییا وان لایەنێ نەرێنی وەرگرتینە. پشتی كو پشكا ئێكێ زاراڤێ عەشیرەت و هۆز و جڤاك ژ لایێ پێناسە و تایبەتمەندی و جوداهی و جۆر سەخلەت و...هتد ل دویڤ ژێدەران هاتینە بەحسكرن. پشكا دوویێ كو پراكتیزەكرنا ڕەنگڤەدانا دیاردێن جڤاكی د فۆلكلۆریدا (تایبەت ژ فۆلكلۆری تایێ سترانێ و ژ تایێ سترانێ ژی چەڤێ حەیرانۆكان) هاتییە وەرگرتن، كا چاوا هزرا عەشیرەتگەری یا زاڵە دناڤ هزرا جڤاكا كوردەواریدا؟

چەند کارتێکرن ل سەر ژیانا تاکێ کورد کرییە؟ ئەرێ ئەڤرۆ ئەڤ هزرێن نەرێنی یێن کاریگەر ل سەر ژیانا جڤاکێ کوردی کێمبووینە یان هێشتا مانە؟

**پەیڤێن سەرەکی:** *عەشیرەتگەری، هۆز، جڤاك، ڕەنگڤەدان، فۆلکلۆر، حەیرانۆك.*

---

**پێشگۆتن:**

فۆلکلۆر ئەو گەنجینەیا تژی ژ دڕ و مراریان، لەو هەر بابەتەکێ هەلبژێری دکاری دەهان ڤەکۆلینان ل سەر بکەیی و چو دەرگەه نینن دفۆلکلۆریدا نەهاتبتە قوتان و نەهاتبنە بەحسکرن، لەو ئەڤرۆ گەلەك فەرە ڤەکۆلینێن زانستییانە ل سەر هەمی بابەتان بهێنە ئەنجامدان، دا سەنگ و بهایێ فۆلکلۆرێ خۆ بزانین، بابەتێن هزرا عەشیرەتگەری و جڤاکی دناڤ فۆلکلۆریدا هند د بەرفرەهەنە ب سەدان ڤەکۆلین دێ ل سەر هێنە ئەنجامدان و خلاس ژێ نابن.

ئەڤ ڤەکۆلینە ل ژێر ناڤێ (**کاریگەرییا هزرێن عەشیرەتگەری دناڤ دیاردێن جڤاکیدا و ڕەنگڤەدانا وان د فۆلکلۆریدا (حەیرانۆك وەك نموونە)**) هاتییە بەرهەڤکرن.

ژ بەر گرنگییا بابەتێ (کاریگەرییا هزرێن عەشیرەتگەری و دناڤ دیاردێن جڤاکیدا و ڕەنگڤەدانا وان د فۆلکلۆریدا)، کو هەتا نهۆ گەلەك بابەت ل سەر نەهاتینە نڤیسین و ڤەکۆلین ل سەر نەهاتینە ئەنجامدان، لەو ب فەر هاتە دیتن کو ڤەکۆلین ل سەر بهێتە کرن، کانێ هزرا عەشیرەتگەری چەند کارتێکرن ل سەر دیاردێن جڤاکی کرییە؟ ئەڤ چەندا هە چاوا دناڤ فۆلکلۆریدا ڕەنگڤەدایە؟

بەر بەرفرەهیا بابەتی و دا کو گەلەك درێژ نەبیت، ژ تایێن فۆلکلۆری تنێ تایێ سترانێ هاتە هەلبژارتن، ژ وی تایی ژی چەقێ حەیرانۆکێ، چونکی چو تا و چەقێن فۆلکلۆری هندی حەیرانۆکێ بابەتێن دیاردێن جڤاکی تێدا ڕەنگڤەنەداینە، لەو هاتە سنۆرداکرن و تنێ (حەیرانۆك وەك نموونە) هاتە وەرگرتن.

ڤەکۆلینەکا (ئەدەبی وەسفی شرۆڤەکارییە)، کو ل دویف بنەمایێن هندەك ڕەخنێن دەرەکی و لایەنێ دیرۆکی کار ل سەر ڤێ ڤەکۆلینێ هاتییە ئەنجامدان.

ئەو ژێدەرێن بۆ ڤێ ڤەکۆلینێ مفا ژێ هاتینە وەرگرتن، سێ جۆرێن سەرەکی یێن ژێدەران بخۆڤە گرتینە، ژێدەرێن جڤاکی، ژێدەرێن دیرۆکی، ژێدەرێن ئەدەبی یێن فۆلکلۆری (تایبەت حەیرانۆکان یێن دەڤەرا بەهدینان).

ڤەکۆلین دوو پشکێن سەرەکی بخۆڤەدگریت، ئەوژی: پشکا ئێکێ/ دوو مژارا بخۆڤەدگریت، مژارا ئێکێ: پەیڤا عەشیرەت ژ لایێ زاراڤ و پێناسە جۆر و تایبەتمەندی و جوداهی، هاتینە بەحسکرن. و مژارا دوویێ: دیسان جڤاک وەك زاراڤ و پێناسە و جۆر و تایبەتمەندی و سەخلەت، هاتینە بەحسکرن. و پشکا دوویێ/ دیسان ل سەر دوو مژاران هاتییە پارڤەکرن، مژارا ئێکێ: ڕەنگڤەدانا هندەك دیاردێن جڤاکی وەك: ڕەڤاندن، هزرا تەخایەتی، نەخت، دەولەمەندی و هەژاری، و...هتد دناڤ تێکستێن حەیرانۆکاندا، بۆ هەر بابەتەکی چەند نموونە هاتینە وەرگرتن. و مژارا دوویێ: دیاردێن جڤاکی دناڤ کەلەپوور و کەلتووریدا، کو مەبەست پێ کا چاوان هندەك کەرەستێن تایبەت ب عەشیرەت یان هۆزەکێڤە هاتینە بەحسکرن دناڤ حەیرانۆکاندا، یان هندەك دیاردە دناڤ کەلتووریدا وەك: شەرم، مەردینی و مێهڤانداری دناڤ تێکستێن حەیرانۆکاندا ڕەنگڤەداینە. و ل دویماهیێ ژی ب ئەنجام و لیستا ژێدەران ب دویماهیك دهێت.

## پشکا ئێکێ

### مژارا ئێکێ/ پەیدابوونا عەشیرەتگەری وەك پێناسە و تایبەتمەندی:

١. ١. عەشیرەت وەك زاراڤ:

کومەکا مرۆڤانە مرۆڤانی و نێزیکبوونا نفشی وان دگەهینیتە ئێك، و هەکەر خۆ هویرکارییێن نفشی د ئاشکەرا ژی نەبن، و دبیت ئەندامێن عەشیرەتێ ل دوور ئەندامەك یان دامەزرێنەرێ خڕڤەکەتن. و دبیت ئەو پێکڤەگرێدانێن ل سەر بنەمایێ مرۆڤکانێ هێمایی ژی بیت، کو عەشیرەت هەمی ل دوور کەسەکی خڕڤەببن ئەوێ بوویە هێمایێ عەشیرەتێ. یان ئەو کومەڵەکا لاوەکییە ژ هۆزێ، و پەیڤا عەشیرەت د زمانێ ئنگلیزیدا (clan)ئەو ژ پەیڤا ئنگلیزی (clann)ئەوا ب ڕامانا خێزان دهێت د زمانێ ئیرلەندی و ئسکتلەندیدا، و عەشرەتگەریێ گەلەك شێوازێن ڕێکخستنێ ژ بۆ جڤاك و حکومەتێ دانایە.(حسوني و عودة، ٢٠١٩: ١٠٥). دەما کو خێزانەك بەرفرەهدبیت و ژ سنۆرێن مرۆڤایەتییا مالبچویکی دەردکەڤیتن و بەرفرەهتر لێ دهێت، هەلبەت وێ گاڤێ دێ بەرەڤ عەشیرەتێڤە چیت. هندیکە هەست و سۆزێن دناڤبەرا خێزانێدا موکوم دکەن، دگەل بەرفرەهبوونا ڕووبەرێ خێزانێ ئەو هەست و سۆز لاوازدبن، ل شوینا وان هەڤبەندیێن هەڤپشکێن ڕێزوسەروبەر و بەرژەوەندییان موکوم دبن. و هۆسان خێزانەکا بەرفرەه پێکدهێتن و ل بن ناڤێ عەشیرەتێ کومڤەدبن. (نیکیتین، ٢٠٠٨: ١٨٥).


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

٢. ١. جوداهی دناڤبەرا عەشیرەت و هۆز (قەبیلة)ییّدا:

هندیکە هۆزێن کوردینە د ژێدەرێن عەرەبیدا بـــــــ(قبیلة، قبیل، جیل، طائفة، صـنف، بطن) هاتینە سالۆخەتدان. و عومەری هەر هەمان گۆتن ڤەگێرایە سـەرەرایی وێ چەندێ وی ئاگاهیێن باش ل سەر کوردان هەبووینە، دبێژیت: (دبێژنە کوردێن موسلمان و نەسارییا کورج) و هندیکە هۆزێن مەزنن بوونە (بطون وأفخاذ) و پاشی هەر (بطن)ەك بوو هۆز (قبیلة)کا سـەربەخۆ.(توفیق، ٢٠١٦: ١٨ و ١٩). و هۆزا کوردی یەکەیەکا جڤاکی سیاسییە، هەروەسا بشێوەکێ گشتی دەڤەرییە (و ل دویماهیێ ئابۆرییە)، یا ئاڤاکرییە ل سـەر بنەمایێ زنجیرە و مرۆڤکانێ، ئەڤجار چ راسـتی بیت یان خۆ پێڤە نویساندن بیت، وێ بنەمایەکێ ناڤخۆیێ باش هەیە. و سرۆشتییە کو ئەو یا دابەشکری بیت بۆ چەندین هۆزێن چەقی، هەر ئێك ژ وان دابەشـــکرییە بۆ یەکەیێن بچویك: عەشیرەت، ئویجاخ...هتد.(بروینسن، ٢٠٠٧: ١/ ١١٨).

٣. ١. جۆرێن هۆزا:

هۆز یەکەیەکا جڤاکی یا بەرفرەهە، و جڤاکێ کوردی د دیرۆکا خوە یا نویدا ژ کومەکا هۆزان پێکدهات، ئەڤ هۆزە ژی ل سەر سێ جۆران پارڤە دبوون:

١. جۆرێ ئاکنجی و ژیانەکا پێشکەفتی.
٢. جۆرێ گەڕۆك.
٣. جۆرێ نیمچە گەڕۆك.

وەسا دیارە کو ئەڤ پارڤەکرنە ل سەر بنیاتێ ئابووری هاتییە دەستنیشانکرن، چونکە هۆزێن ئاکنجی چاندن و خودانکرنا تەرش و تەوالی دکر، و ل گوندان د ئاکنجی بوون، هۆزێن گەڕۆك ژی ل دوور مێرگێن چەروانی د گەڕیان، و ژبەر ڤێ چەندێ چاندن نەدکر، چونکە چاندن پێدڤی ب ئاکنجی بوونێیە. (محمود، ٢٠١٣: ٨١).

٤. ١. سیستەمێ جڤاکی یێ هۆزا کوردی:

رۆژهەلاتناسـێ ب ناڤ و دەنگ (باسـیل نیکتین) د وێ هزرێ دایە، کو دەستنیشانکرنا نەخشەسازییەکا گشتی بۆ هەمی هۆزێن کوردی، کارەکێ گەلەك ب زەحمەتە، چونکە دوو فاکتەرێن سـەرەکی کارتێکرنێ ل سـەر پاشـەرۆژا ڤان هۆزان دکەن:

١. گەشـــەپێدان و تێکەلبوون، و ئەڤ هەردوو کریارە هۆزێن کوردی ل دوور ئێك سەرکردێ چەلەنگ کومڤەدکەت.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکولینێن کوردی

٢. تێكدان و بەربەلاڤبوون، كو ژ بەر چەند ئەگەرێن نەباش (دەستدانا سەركردەیی، نەساخیەكا بەربەلاڤ...هتد) هۆزێ بەرەف حەلكرنێ دبەت. (محمود، ٢٠١٣: ٨١ ـ ٨٢).

